شەریعەتی ئیسلام

بەپێی پەیرەوی ئیمامی شافیعی

خوای لێ رازی بێ

دانراوی

مەلاعبدالکریمی مدرس

ماموستای خویندنگای ئاییني‌ی
شیخ عبدالقادری گەیلاني

وە

پیش‌نویژو خوتبەخوینی
مزگەوتی ئەحمەدی لە بەغدا

بەرگی دووهەم

چاپی یەکەم

لەسەر ئەرکی (حاجی عبدالقادری حاجی عبداللەی جبار) لەچاپ‌دراوە

مافی لەچاپدانەوەی هەموو بەرگەکانی بو دانەرە

لە چاپخانەی (سلمان الاعظمي) لە بەغدا لەچاپ‌دراوە
١٣٩٠ی هیجری - ١٩٧٠ی میلادی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين

والصلوة والسلام على سيدنا محمد

وآله وصحبه أجمعين

باسی وەصیەت

وەصیەت لەشەرعدا بریتی‌یە لەوە کەسێك حەقێکی خوی بدا بە کەسێکی‌تر لەپاش مردنی خویەوە • وەصیەت سونەتێکی مؤکدەیە ، وایش‌ئەبی واجب ئەبی ، واتە ئەگەر نەکردنەکەی ببی بەهوی فەوتانی حەقی کەسێك بەسەریەوە ، یا حەقی خوی بەسەر کەسێکەوە ، یا فەوتانی منالێك یا چەند منالێك لەوانە کە وان بەدەستی ئەم‌کەسەوە پەروەردەیان ئەکا • وەصیەت کەراهەتی هەیە ئەگەر زیاتر لە سێیەکی مالی وەصیەت‌کەرەکە بگریتەوە ، بەوشەرتە کە مەبەستی بی‌بەش‌کردنی میرات‌گر نەبووبی ، ئەگینا حەرامە • وایش‌ئەبی وەصیەت مەباح ئەبی وەك وەصیەت بە کردنەوەی خانێك کە ریبواری (أهلی ذمّة) تیا دابەزن •

ئەرکانی وەصیەت چوارە : (موصی) یەعنی ئەوکەسە کە وەصیەتەکە ئەکا • (موصی لە) یەعنی ئەوکەسە کە وەصیەتەکەی بو ئەکری • (موصی بە) یەعنی ئەوشتە کە وەصیەتی پی‌کراوە • (صیغە) یەعنی ئەو لەفظە کە وەصیەتەکەی پی‌ئەکری •

شەرتی ئەوکەسە کە وەصیەتەکە ئەکا ئەوەیە تەکلیفی لەسەر بی‌و ئازاد بی ، هەرچەند کافریش بی یا حیجری خرابیتەسەر بەهوی سەفاهەتەوە • لەبەرئەوە ئەگەر ئەم‌کەسە ئیقرار بە شتێکی وەك تەلاق بکا لی‌ی قەبوول ئەکری • کەواتە وەصیەتی منال‌و شێت‌و بیهوش دروست نی‌یە •

ئەوەش کە وەصیەتەکەی بو کراوە ئەگەر (لایەك) بی شەرتی ئەوەیە حەرام‌و مەکرووە نەبی ، جا خوای خێرو چاکە بی وەك

دروست‌کردنی مزگه‌وت‌و قوتابخانه‌و نه‌خوش‌خانه ، یا مه‌باح بی وه‌ك کردنه‌وه‌ی خانیك بو (أهلى ذمّه) • که‌واته دروست نی‌یه وه‌صیه‌ت به حه‌رام وه‌ك ئاوه‌دان کردنه‌وه‌ی که‌نیسه‌یه‌ك ، یا وه‌صیه‌ت به مه‌کرووه وه‌ك کردنه‌وه‌ی خانوویه‌ك بو رابواردنی‌وا که ئینسان دوور بخاته‌وه له خواپه‌رستی •••

وه ئه‌گه‌ر وه‌صیه‌ت بو که‌سیك بوو ، ئه‌وه له‌گه‌ل ئه‌وه‌شدا که ئه‌بی وه‌صیه‌ت به کرداری حه‌رام‌و مه‌کرووه نه‌بی وه‌ك کرینی عه‌ره‌ق بو عه‌ره‌ق‌خور ، ئه‌بی وه‌صیه‌ت بوکراوه‌که جوره زانراوی‌یه‌کی تیا هه‌بی وه‌ك وه‌صیه‌ت‌کردن بو سکی ژنیکی دووگیان ، وه ئه‌بی قابیلی ئه‌وه‌یش بی ببی به خاوه‌ن‌مولك ، که‌واته وه‌صیه‌ت دانامه‌زری بو سکیك که له‌مه‌ولا په‌یدا ئه‌بی ، وه بو حه‌یوان به‌نیازی حه‌یوانه‌که خوی • به‌لی ئه‌گه‌ر وتی ئه‌م شته وه‌صیه‌ت بی بو ئه‌و حه‌یوانه بوی بدری به ئالف‌و خوارده‌مه‌نی ، ئه‌وه دروسته وه له‌مه‌عنادا وه‌صیه‌ته بو خاوه‌نه‌که‌ی • بویه ئه‌گه‌ر له‌پاش ئه‌م وه‌صیه‌ته حه‌یوانه‌که مرد ئه‌وماله ئه‌دری به خاوه‌ن حه‌یوانه‌که •

هه‌روه‌ها دروست نی‌یه وه‌صیه‌ت بو مردوو به نیازی خوی • به‌لی ئه‌گه‌ر نیازی وه‌صیه‌ت بی بو ئه‌وکه‌سانه که قورئانی له‌سه‌ر ئه‌خوینن یا ئه‌رون بو زیاره‌تی ، ئه‌وه دروسته • وه دروست نی‌یه وه‌صیه‌ت بو (معدوم) یه‌عنی شتی که له‌وه‌ختی وه‌صیه‌ته‌که‌دا نه‌بی وه‌ك وه‌صیه‌ت بو سکیك که له‌مه‌ولا په‌یدا ئه‌بی ، یا مزگه‌وتیك که له‌مه‌ولا ئه‌کریته‌وه • به‌لی ئه‌گه‌ر ئه‌م شته نه‌بوه ناوی له‌پاش شتیکی بووه‌وه هینرا ئه‌وه دروسته، وه‌ك ئه‌وه که بلی ئه‌م‌ماله‌م وه‌صیه‌ت پی‌کرد بو کوره‌کانم ، وه بو ئه‌و کوره‌زایانه‌یشم که له‌مه‌ولا له‌دایك ئه‌بن • هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر بلی ئه‌م ماله

وەصیەت بی بو ئەو مزگەوتە کە ئیستا هەیە لە گەرەکەکەمانا ، وە بو ئەو مزگەوتانەش کە لەمەولا ئەکرینەوە تیایدا •

هەروەها دروستە وەصیەت بو سکیك کە لەوەختی وەصـــیەتەکەدا بێ ، بەمرەنگە کە لە کەمتر لە شەش مانگ لەکاتی وەصیەت کردنەکەوە لەدایك جیا ببیتەوە ، خواه ژنەکە لەگەل میرددا بی یا نە ، یاخود جیـــا ببیتەوە لە ئەوەلی شەش مانگەوە تا چوار سال لەووەختەوە ، وە ژنەکەیش لەگەل میرددا نەبی • بەلام ئەگەر لەمماوەیەدا هاتە دنیاوەو ژنەکە لەگەل میرددا بوو ، وە یا لە زیاتر لە چوار ســـال لە وەختی وەصـــیەتەکەوە پەیدابوو ئەوە ئەو مالە نادری بە منالەکە ، چونکە ئاشکرایـــە منالـــەکە لەمصوورەتەدا لە وەختی وەصیەت کردنەکەدا نەبوە ، چونکە بە (استقراء) دەرکەوتووە کە سك لە چوار سال زیـــاتر بەئافرەتـــەوە نابی ، خـــواە لەمصورەتەدا ژنەکە لەگەل میرددا بی یا نە •

دروستە وەصیەت بو ئاوەدان کردنەوەی مزگەوت ، وە وەصیەت بە تیکرا بو هەرچی کە مەسلەحەتی مزگەوتی تیابی کە ئاوەدان کردنـــەوەو کرینی حەسیرو فەرش‌و بەرمال‌و چراو نەوت‌و کارەباو ئاوو سووتەمەنی‌و کری‌ی مجیورو مەسرەفی بانگدەریش ئەگریتەوە • هەروەهـــا کری‌ی پیش‌نویژیش وەك ئیمامی غەزالی فەرموویەتی • وە ئەگەر وتی وەصیەت بی بو مزگەوت ئەویش حوکمی وەصـــیەتی هەیە بو مەســـلەحەتی مزگەوت • تازە کردنەوەی حەوزی ئاوو ئەدەبخانەیش بەپی‌ی عـــورف حوکمی مەسلەحەتی مزگەوتی هەیە •

جا ئەگەر مزگەوتەکە سەرپەرشتی‌کەری هەبوو ، واجبە ئەو مالـــە بدریتە دەستی سەرپەرشتی‌کەری مالی کابرای وەصـــیەت‌کەر ، وە ئـــەبی ئەویش بەئاگاداری‌و ریگادانی سەرپەرشتی‌کەری مالی مزگەوتەکـــە لی‌ی

صەرف بکا ، یاخود بیداتە دەستی خوی ، یا کەسیك کە لەجیگەی ئەودا بی ، بو ئەوە کە لی‌ی صەرف بکا •

دروستە وەصـــیەت بو ئاوەدان کردنـــەوەی حوجرەی فەقی‌و بو مەسلەحەتی ئەو حوجرەیە • وە ئەم مەســـــلەحەتی حوجرەیە ئاوەدان کردنەوەی‌و کرینی فەرش‌و حەسیرو چراو ســـــووتەمەنی‌و هـــەر پیویستی‌یەکی‌تری حوجرەکە ئەگریتەوە • هەروەها مەعاشی ماموســـتاو فەقی‌یش ئەگریتەوە •

هەروەها دروستە وەصیەت بو حەرەمی مەککە ، وە بو مـەرقەدی پیروزی حەزرەتی پیغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) لە شاری مەدینە ، وە صەرف ئەکری بو ئاوەدان کردنەوەو هەر پیویستی‌یەکی‌تری ئەو شوینـە پیروزانە ، وە بو ئەوانە کە خزمەتی ئەو شوینانە ئەکەن • هــــەروەهـــا دروستە وەصیەت کردن بو قەبرستانی زانایان‌و ئەولیاو پیـاوچاکـان ، وە ئەو مالە صەرف ئەکری لە هەرچی‌یەکدا کە مەسلەحەتی شـەرعی‌ی ئەو قەبرستانانەی تیابی ، وە بو ئەوانە کە قورئانیـــان لەســـــەر ئەخوینن‌و خزمەتیان ئەکەن •

ئەگەر وەصیەت کەرەکە هەندی مەسرەفی تایبەتی‌ی دیاری کرد ، ئەوە لەسەر قسەکەی ئەو موعامەلە ئەکری • وە ئەگـەر باسی نەکـرد ، وە لەوشوینەدا عورفیکی تایبەتی هەبوو ، ئەوە ئەو عورفە ئەکری بـــە پەیرەو بو صەرف‌کردنی مالە وەصیەت پی‌کراوەکە •

دروستە وەصـــــیەت بو (اهلی ذمـّــة) بەجوریك کە نەبی بەهوی سووکی بو ئایینی ئیسلام • هەروەها دروستە وەصیەت بو کافر کە لـــە ولاتی کافرانا بژی ، بەوشەرتە وەصیەت بە چەك (سلاح) نەبی یـا بـــە هەر شتیکی‌تر کە ببی بەهوی بەهیزبوونی ئەو کافرانە ، مەسەلا دروستە

بلیت وەصیەت بی بۆ فلانە شتم صەرف بکری بۆ نانو ئاوپیدانی ئەو کافرە جەنگی‌یانە کە بە دیل ئەگیرین • وە دروستە وەصیەت کردن بۆ پاشگەز بووەوە (مرتد) وە بۆ پیاوکوژ • مەسەلا کەسیك یەکیك بریندار ئەکا ، وە هیشتا کابرای بریندارکراو نەمردووە وەصیەت ئەکا بۆ ئەوکەسە کە برینداری کردوەو لەپاشا ئەمری • مەبەس لەمانە ئەمەیە کە لە ئایینی ئیسلاما ئەوپەر دەرەجەی رەحمو میهرەبانیو بەزەیی هەیە لەگەل هەمووکەسدا هەر بەوشەرتە نەبی بەهوی سووکی بۆ ئیسلامەتی ، وە نەبی بەهوی یارمەتی‌دانی کەس لەسەر گوناەکردن بەنیازی یارمەتی‌دانی لەسەر گوناە •

هەروەها دروستە وەصیەت بۆ میراتبەر بەوشەرتە میراتبەرەکانی‌تر لەپاش مردنی کابرا ریگا بدەن • بەلام وەصیەت بۆ میراتبەر بە ئەندازەی بەشەکەی خوی بەتالە ئەگەر لەجیاتی‌ی ئەوبەشە عەینیك جیا نەکرابیتەوە • وە ئەگەر جیا کرابیتەوە ئەوە دروستە بەشەرتی کە میراتبەرەکانی‌تر ریگا بدەن ، چونکە مەبەستی ئینسان لە عەینی شتدا ئەگوری •

(تبرعاتی منجّزه) واتە خیراتی دەس‌بەجی بۆ هەندی لە میراتبەران وەك (هبه) بەخشینو وەقفو ئازادکردن لە قەرز لە نەخوشی‌ی مردنا ، هەموو حوکمی وەصیەتیان هەیەو پیویستیان بە ریگادانی میراتبەرەکانی‌تر هەیە ، وە بە ریگادانی ئەوان نەبی دانامەزری بەوشەرتە کە ئەندازەی مالەکە کە دراوە بە وەصیەت بوکراوەکە دیاری بی لەلایانو هەموو میراتبەرەکانیش تەصەروفیان دروست بی • کەواتە ئەگەر هەندیك لەوانە حیجریان لەسەر بوو ، ئەوە لە بەشی ئەوانەدا ئەو تەبەروعە بەتالە ، یەعنی رائەگیری تا حیجرەکەیان لەسەر لائەچی، وە ئەگەر لەپاش ریگادانەکەیان هەندیکیان یا هەموویان ئیدیعایان کرد کە ئەندازەی ئەو مالە نازانن کە دراوە بە

وەصیەت بو کراوەکە ، ئەوە بە ســـــــــویند باوەریـــان پی‌ئەکری‌و ریگادانەکەیان بەتال ئەبیتەوە ، مادەم بە شاهید ئیسباتی ئەوە نەکریت کـە ئەزانن ئەندازەکە چەندە ••

ئەگەر کەسیك وتی ئەم‌مالەم وەصیەت‌بی بو سکی ئەو ژنە ، وە کە مندالی بوو بەکەرەتیك دوو منالی بوو ، ئەوە مالەکە ئەدری بـە هـــەردو منالەکە • وە ئەگەر یەکیکیان بە مردوویی بوو ، وە ئەویان زیندوو بوو ئەوە هەموو مالەکە ئەدری بە زیندوەکە • وە ئەگەر وتی ئەگەر سکەکەت نیرینە بوو ، ئەو مالە وەصیەت بی بوی ، وە ژنەکـــە بە سکی کوریك‌و کچیکی لی‌بوو ، ئەوە وەصیەتەکە بەتالە لەبەرئەوە کە سکەکەی نە بەتەنیا کور بووەو نە بەتەنیا کچ بووە • وە ئەگەر وتی ئەگەر کور لەســـکیا بوو ئەو مالە وەصیەت‌بی بوی ، کەچی ژنەکە کورو کچی بوو ، ئـەوە مالەکە گشتی ئەدری بە کورەکە • هەروەها ئەگـــەر وتی ئەگـــەر کچ لەسکیا بوو ئەومالە وەصیەت بی بوی ، وە ژنەکە کورو کچی بوو ئـەوە هەموو مالەکە ئەدری بە کچەکە چونکە مەبەستی کابرای وەصیەت‌کەر لە صوورەتی یەکەما ئەوە بووە کوری ببی ، وە لە صوورەتی دووهەما ئەوە بووە کچی ببی ، ئیتر با منالی‌تریشیان لەگەلدا پەیدا ببی • وە ئەگەر لـــە صوورەتی یەکەمدا ژنەکە دوو کوری ببی ، وە لە صوورەتی دووهـــەما دوو کچی ببی ئەوە وەصیەتەکە دروستە ، وە کابرای سەرپەرشتی‌کەری مالی کابرای وەصیەت‌کەرەکە بە ئارەزووی خویەتی مالەکە بە هـــەرکام لەو دوو کورە یا ئەو دوو کچە بدا دروستە •

ئەگەر کەسیك وەصیەتی کرد بو دراوسی ، وە بەیـانی ژمـــارەو صیفەتی دراوسی‌کانی نەکرد ، ئەوە ئەو مالە وەصـــــــیەت پی‌کراوە ئەگەیەنری بە چل خانوو لە چوار لای مالی کابرای وەصـیەت‌کەرەوە ، یەعنی بە صەدو شەصت خانوو ، خواه دەولەمەند بن یا فـەقـیر • بـەلی

ئەگەر عورفی ولاتەکە مەعنای دراوسی‌ی بە ژمارەو صـــیفەتیکی تایبەتی لی‌ئەدایەوە ، یاخود کابرای وەصیەت‌کەر خوی بەیانی کردبوو ئەوە هەر بەوانەدا ئەگەیەنری کە عورفەکە ئەیانگریتەوە یا کابرا بەیانی کردوون•
وە ئەگەر کەسیك وتی ئەم‌مالەم وەصیەت بی بو زانایان ، ئـەوە ئـەدری بەوکەسانە کە زانای شەریعەتن کە تەفسیرو حەدیث‌و فقە ئەگریتەوە ، وە نادری بەوکەسانە کە قورئان ئەزانن‌و دەرسی چونیەتی‌ی قورئان خویندن ئەلینەوە • هەروەها نادری بە ئەدیب‌و بەوانەی تەعبیری خەو لی‌ئەدەنەوە ، وە بە دوکتورو زانایانی عیلمی کەلام بەپی‌ی قسـەی زورتری زانـایـانی شەرع • بەلام ئەگەر عورفی ولاتیك بە غەیری ئەم جورە بوو ، واتــە وشەی (زانا) هەر جورە زانایەکی ئەگرتەوە ، ئەوە بەپی‌ی ئەو عورفە رەفتار ئەکری •

ئیســــتا لەم کوردەواری‌یەی ئیمەدا کە وترا (مەلا) یا (عالم) مەبەست کەسیکە کە شارەزای عولوومی دین بی کـــە لـــە حوجـرەو مزگەوتا ئەخوینرین چ لە (مقاصـــد) وە چ لە (مبادیء) واتــە چ ئـەو عیلمانەی کە راست‌و رەوان باسی دینن وە چ ئەو عیلمانەی کە ریگان بو زانینی عولوومی دین • کەواتە (مەلا) وەك زانایانی شەرع‌و تەفسـیرو حەدیث ئەگریتەوە ، زانایانی نەحوو صەرف‌و بەلاغەو مەنطیق‌و ئـاداب‌و کەلام‌و ئوصوولی فیقەو ریاضیاتیش ئەگریتەوە ، خواە پایەیـەکی بەرزی هەبی لەو زانستەدا یا نە ، وە خەریکی دەرس وتنەوە بی یا خـــەریکی پیش‌نویژی‌و خوتبە خویندنەوە بی •

هەروەها فەقی‌یش بەوکەسانە ئەلین کە خەریکی خوینــدنی ئـەو عیلمانەن کە پەیوەندی‌یان بە دینەوە هەیە خواە لە (مهمات)ی دین بی یا لە (مقدمات)و ئەسبابی زانینی مهماتەکان ، وە خواە فەقیـــکە زوری خویندبی یا هیشتا هەر لە سەرەتادا بی •

ئەگەر کەسیك وەصیەتی کرد بو فەقیرو هەژار ، ئەوە مالەکەی ئەدری بەوکەسانە کە بەشی ژیانی عادەتی‌ی خویانیان نی‌یە • جا هەرکاتی کەسیك وەصیەتی کرد بو ئەم جورەکەسانەو ناوی کەسیکی تایبەتی‌ی نەبرد ، وە سەرپەرشتی‌کەری مالەکەیشی فەقیر بوو ، ئەوە بە قەطعی دروست نی‌یە لەو مالە صەرف بکا بوخوی یا بو میراتبەریکی فەقیری ئەو کابرا کە وەصیەتەکەی کردووە • بەلکو ئەدری بە غەیری ئەوان • وە دروست نی‌یە سەرپەرشتی‌کەری مالی کابرای وەصیەتکەر ، ئەو مالە بداتە لای کەسیکی‌تر بە ئەمانەت • هەروەها دروست نی‌یە لای خوی رای‌بگری • بەلکو ئەبی دەس‌بەجی بیگەیینی بەوکەسانەو بەولایانەدا کەوا وەصیەتیان بو کراوە •

ئەگەر کەسیك وتی مالەکەم وەصیەت بی بو عولەماو بو فەقی‌یان ، ئەبی بە شەریکی بدری بە هەردولایان بە نیوەیی • جا ئەگەر دیاری‌ی نەکردبوو لەکوی دابەش بکری ، یاخود شوینیکی تایبەتی‌ی دیاری کرد، بەلام ژمارەی وەصیەت بوکراوەکان لەوشوینەدا لە ژمارە نەئەهات ، ئەوە پیویستە لای کەمی بدری بە سیەکەس لە هەر تاقمیکیان ، وە دروستە بو سەرپەرشتی‌کەری مالی کابرای وەصیەتکەر لەم سیەکەسەدا بەشی یەکیکیان لە یەکیکی‌تریان زیاتر بدا • وە ئەگەر ژمارەی وەصیەت بوکراوەکان کەم بوونو لەبەرچاو بوون ئەبی بدری بە هەموویان چون‌یەك • وە ئەگەر وتی ئەومالەم وەصیەت بی بو فلانکەس‌و بو هەژاران ، ئەوە ئەو کەسەیش وەکو یەکی لە هەژارەکان بەشی ئەدری ، وە هەر ئەوەندەیە نابی بی‌بەش بکری •

ئەگەر کەسیك وەصیەتی کرد بو کومەلیکی دیاری‌و لەژمارە نەهاتوو وەکو ئەولادی پیغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) ئەوە دروستە ئەومالە بدری بە سیە کەسیان • وە ئەگەر وەصیەتی کرد بو خزمانی

فلان‌که‌س ئه‌وه ئه‌دری به هه‌موو خزمیکی چ له‌لای‌باوك‌و چ له‌لای دایکه‌وه ، با زور دووریش بی • به‌لام نادری به باوك‌و دایك‌و منال‌و مناله‌زای ئه‌وکه‌سه • وه ئه‌گه‌ر وه‌صیه‌ت بکا بوئه‌وه که بدری به که‌سیك که له هه‌مووکه‌س نزیکتر بی به فلان‌که‌س ، ئه‌وه له‌م‌کاته‌دا ئه‌دری به باوك‌و دایك‌و منالی ، به‌لام کور پیش باوکی ئه‌که‌وی‌و برا پیش باپیره ئه‌که‌وی ، وه لیره‌دا نیرینه ته‌رجیح نادری به‌سه‌ر می‌ینه‌دا ، وه ئه‌وه‌ی به‌شه میراتی زورتر بکه‌وی ته‌رجیح نادری به‌سه‌ر ئه‌وه‌دا که که‌متری بکه‌وی ، به‌لکو باوك‌و دایك‌و کورو کچ وه‌کو یه‌کن ، وه کوری کچ با میرات‌به‌ریش نه‌بی پیش‌ئه‌که‌وی له کوری کوری کور چونکه پایه‌ی ئه‌و دوورتره•وه ئه‌گه‌ر که‌سیك وه‌صیه‌تی کرد بو خزمانی خوی ، میرات‌به‌ری به‌رناکه‌وی •

شه‌رتی وه‌صیه‌ت پی‌کراو (موصی به)یه‌که‌یش ئه‌وه‌یه قابیلی گویزانه‌وه بی به ئاره‌زووی کابرای وه‌صیه‌ت‌که‌ر • که‌واته دروست نی‌یه که‌سیك که (حدی قذف)ی هه‌یه وه‌صیه‌ت بکا ئه‌وحه‌ده بو که‌سیکی‌تر بی • به‌لام دروسته قه‌ذف‌کراوه‌که وه‌صیه‌ت بو ئه‌وکه‌سه بکا که قه‌ذفه‌که‌ی کردووه ، واته له نه‌خوشی‌ی مردنیا عه‌فوی بکا • هه‌روه‌ها دروست نی‌یه وه‌صیه‌ت به‌و حه‌قی شوفعه‌یه که هه‌یه‌تی بو غه‌یری که‌سیک که حه‌قی شوفعه‌که‌ی هه‌یه ، واته له‌جیاتی‌ی ئه‌م ماله‌که به شوفعه وه‌ربگری ، به‌لام دروسته بو ئه‌وکه‌سه که شوفعه‌که‌ی له‌سه‌ره ، به‌م‌ره‌نگه که کابرای به شوفعه وه‌رگر له نه‌خوشی‌ی مردنیا ئه‌و کابرا عه‌فو بکا له حه‌قی خوی بو به شوفعه وه‌رگرتنی ماله کړراوه‌که •

به‌شه‌رت گیراوه له مالی وه‌صیه‌ت پی‌کراودا که که‌لك لی‌وه‌رگرتنی به‌شه‌رع حه‌لال بی • دروسته وه‌صیه‌ت کردن به شتی که ئیستا ببی یا نه‌بی ، وه به عه‌ین‌و به مه‌نفه‌عه‌ت ، وه به زانراوو نه‌زانراو • که‌واته

دروسته وەصیەت‌کردن بە شتی کە لەمەولا پەیدا ئەبی وەك میوەی باغیك بو سالی داهاتووی ، یا سکی حەیوانیك کە لەمەولا بەران بگری ••

ئەگەر کەسیك حەیوانیکی وەصیەت‌کرد بو کەسیك ، ئەوە سکەکەی‌و مووەکەی‌و خوری‌یەکەی‌و شیرەکەی‌و هەر قازانجیکی‌تر ئەگریتەوە کە لەوانەبی لەو حەیوانە پەیدا ببی • وە ئەگەر وەصیەتی کرد بە درەختیك ، ئەوە هەموو ئەوشتانە ئەگریتەوە کە لە فروشتنی درەختەکەدا بەربکەون وەك لقە وردەو ریشەی درەختەکەو میوەیەکی کە هیشتا دەرنەکەوتبی • وە دروستە وەصیەت‌کردن بە یەکیک لە دوو حەیوان ، جا پاشان میرات‌بەر یا سەرپەرشتی‌کەری مالی کابرای وەصیەت‌کەر بە ئارەزووی خوی حەیوانەکە دیاری ئەکا • هەروەها دروستە وەصیەت بە شتیکی پیسی‌وا کە قازانجیکی هەبی وەك زبل‌و پشقل‌و تەپالەو سەگی راوو سەگی پاس ، وە بە شەرابیك کە حورمەتی هەبی‌و نەریژری بەورەنگە کە ئاوی تری‌کە بەنیازی سرکە یا بە بی‌نیاز گوشرابی •

جا ئەگەر کەسیك وەصیەتی کرد بە سەگیك لە سەگەکانی ، ئەوە ئەگەر سەگی نەبوو وەصیەتەکەی بەتالە • وە ئەگەر هەیبوو دروستەو میرات‌بەر یا سەرپەرشتی‌کەری مالی کابرای وەصیەت‌کەرەکە دیاری‌ی ئەکا کامیان ئەدا • وە ئەگەر کابرا مالیکی کەمی هەبوو ، وە سەگیکی زوری هەبوو ، وە وەصیەتی کرد بە هەموو سەگەکانی ئەوە دروستە لە هەموویانا هەرچەند لە سیەیەکیش زیاد بی • بەلی ئەگەر سیەیەکی مالی وەصیەت کرد بو کەسیك ، ئەوە لە سەگەکانیشا هەر سی‌یەکیان دروستە• وە ئەگەر وەصیەتی‌کرد بو کەسیك بە تەپل،وە تەپلی رابواردن‌و تەپلی حەج یا تەپلی جەنگی‌یشی هەبوو ، ئەوە تەپلەکە بە تەپلە حەلالەکەیان مەعنای

لیئەدریتەوە • وە ئەگەر بەتایبەتی وەصیەتی کرد بە تەپلە حەرامەکە ئەوە بەتالە مەگەر پارچەکانی کەلکی شتیکیان پیوەبی •

ئەگەر کەسیك وەصیەتی کرد بە مەریك یا بزنیك ئەوە گەورەو بچووك ئەگریتەوە ، وە بیعەیبو عەیبدارو نیرو می ئەگریتەوە ، چونکە لەفظی (بزن)و (مەر) ناون بو جورەکە • بەلی لە مەردا فەرق هەیە لەبەینی بەرانو میو کاورو بەرخدا • وە لە بزندا فەرق هەیە لە بەینی سابرینو خرتو چتیرو گیسكو کارژەلەدا ، وە ئەمانە هیچیان جوریکیتریان ناگرنەوە • ئەگەر کەسیك وتی لە رانەکەم مەریك بدەن بە فلانکەس ، وە رانی نەبوو ، ئەوە وەصیەتەکەی بەتالە • بەلام ئەگەر وتی لە مالی من مەریك بدەن بە فلانکەس ، ئەوە پیویستە بە مالی ئەو مەریك بکرن بو ئەوکەسە •

وەك دروستە وەصیەتکردن بە عەین ، دروستیشە وەصیەت کردن بە مەنفەعەت ، وەك مەنفەعەتی پارچە زەوییەك یا جوگە ئاویك یا باغیك مەسەلا • جا ئەگەر لەفظەکەی هەر وەصیەت بە مەنفەعەتی شتەکە بوو ، ئەوە مەعنای هەمیشە ئەگەیەنی وەك ئەوە کە بلی وەصیەت بی مەنفەعەتی ئەو زەوییەم بو ئەو مزگەوتە بی • وە ئەگەر ناوی زەمانیکی تایبەتیی برد ، ئەوە تەنها بو ئەو ماوەیە ئەدری بە وەصیەت بوکراوەکە •

ئەگەر کەسیك وەصیەتی کرد بە مەنفەعەتی دە سەر مەر بو ئەو کەسانە کە دینە مالەکەی ، ئەوە سەری حەیوانەکانو هەر بەچکەیەکیان لیبی بو میراتبەرەکەیەتی ، بەلام مەنفەعەتیان وەك خوریو شیرو دوو رونو هەرچییەکیتر بو ئەوکەسانەیە کە دینە مالەکەی ، تا هەموو دە سەرە حەیوانەکە ئەمرن ئیتر وەصیەتەکە ئەبریتەوە • وە ئەگەر وتی مەنفەعەتی ئەو دە سەرە مەرەو هەر بەچکەییکی میچکەیشیان لی پەیدا ببی

وەصیەت بی بو فلان کەس ، ئەوەیش دروستە • وە لەم صوورەتەدا میراتبەر ئەتوانی هەر بەچکەیەکی نیریان ببی بو خوی تەصەروفی تیا بکا ، بەلام ناتوانی تەصەروف لە بەچکە میچکەکانا بکا ، وە هەرچی مەسرەفیشیانە لەسەریەتی چونکە خاوەنی سەرەکانیانە !

وە ئەگەر کەسیك وەصیەت بکا بە سیەیەکی مالی خوی بو ئەوموسولمانانە کە دینە مالیەوە ، ئەوە دروستە ، وە واجب نییە لەسەر میراتبەر ئەو سیەیەکە لە مالەکە جیا بکاتەوە چونکە مەبەستی خاوەنمالەکە ئەوەیە خیری لە مالەکەیدا نەبریتەوە • وە ئەگەر ئەو سیەیەکە جیا بکریتەوە نایەتەناو ، وە قابیل نییە بەعادەت کەسیك بەجیا سیەیەکی حەیوانەکان بدوشیو سییەکی گەنمەکە بهاری بو خەلك ، وە ئەگەر لەفەرضیکا جیایشی بکاتەوە لە ماوەیەکی کەمدا ئەفەوتیو ئەمە پیچەوانەی مەبەستی کابرای وەصیەتکەرە ، هەروەك چون دروستە برای گەورە مالی برای نابالغ تیکەلی مالەکەی خوی بکاو میوانداریشی لەسەر بکا ، بەلام بەوشەرتە بەپیی عادەت زیان نەگەیەنی بە بەشی برا بچووکەکەی •

ئەگەر کابرای وەصیەتکەر ویستی منالەکانی خوی لە خواردنی ئەو سیەیەکەدا گوناهبار نەبن با لەفظي وەصیەتەکەی بەمجورە بی : سیەیەکی مالم وەصیەت بی بو ئوممەتی پیغەمبەر ، ئەوانەیان لەم خانووی منەدا دائەنیشن ، ئیتر لە هەر تاقمیك بنو لە ئەولادی هەرکەسی بن ، یا ئەوانەی دینو ئەرون بەم مالەدا ، وە هەرکەسی هەن •• وە ئەگەر بەتایبەتی لەو سیەیەکەدا باسی خانوو فەرشو پیخەفو قاپو قاچاغ بکری چاکترە •••

دروستە وەصیەت بە کردنی حەجی سوننەت • وە ئەم وەصیەتە

لەمەعنادا وەصیەتە بەوپارەیە کە صەرف ئەکری لە کری ی ئەوکەسەدا کە ئەروا بو حەجەکە • جا لەمصوورەتەدا ئەگەر لە وەصیەتەکەدا ناوی شوینی ئیحرامی نەبرد ، ئەوە لە میقاتی عادەتی یەوە ئیحرام بو ئەو حەجە دائەبەسری • وە ئەگەر شوینیکی تایبەتی ی دیاری کرد هەرچەند دوورتر بی لە میقات ، وە هەتاوەکو ئەگەر ناوی ولاتەکەی خوی ببا بو ئیحرام بەستن ، پیویستە بەوجورە حەجەکەی بو بکری • وە لەم حەجی سوننەتەدا نە بیگانەو نە میراتبەر دروست نی یە بە بی وەصیەت حەجیان بو بکری • وە پارەی ئەم حەجەیش لە سیەیەکی مال دەرئەچی •

بەلام ئەگەر قەرزاری حەجی فەرض بوو ، ئەوە با وەصیەتیش نەکا واجبە بوی بکری • جا بو پارەکەی ، ئەگەر بریاری دابوو لە سەرمایە یا لە سیەیەك دەربکری ئەوە دیارە • ئەگینا هەر لە ئەصلی میراتەکە دەرئەکری ، وە لە میقاتی عادەتی یەوە ئیحرامی بو دائەبەسری ، وە لەپاش عەقدی بەکری گرتنی ئەوکەسە کە حەجەکەی لەجیاتی ئەکا ، دروست نی یە بە عوزریکی شەرعی وەك پەككەوتنی کابرای بەکری گیراو یا پەیدابوونی نیشانەی خەیانەت کردنی ، ئەو عەقدە هەل بوەشینریتەوە • وە دروستە بو خزمو بیگانە حەجی فەرز بکەن لەجیاتی مردوو ، هەرچەند خویشی وەصیەتی نەکردبی ، وەك چون دروستە بە بی ئیذنی قەرزار قەرزەکەی لەجیاتی بدریتەوە •

لەبارەی ئەندازەی وەصیەتەوە

لایق نی یە ئینسان وەصیەت بکا بە زیاتر لە سیەیەکی مالی خوی • وە ئەگەر بە زیاتر لە سیەیەك وەصیەتی کرد ، وە میراتبەرەکان رازی نەبوون بەوە ، ئەوە وەصیەتەکەی بە زیاتر لە سیەیەك بەتالە • وە ئەگەر ریگایان دا جی بەجی ئەکری • بو دیاری کردنی ئەندازەی مالی کابرای

مردوویش تەماشای رۆژی مردنەکە ئەکری ، هەروا بو رازیبوونو رازی نەبوونی میراتبەرەکانیش هەر تەماشای ئەو رۆژە ئەکری • هەروەها هەر تەبەروعێك کە بە تەنجیز لە نەخوشیی مردنا بیکا ئەوە حوکمی وەصیەتی هەیە ، خوای بەخشین بی یا وەقفکردن بی یا گەردن ئازایی بی یا شتیتر ••

جا ئەگەر چەند تەبەروعێك کەوتەیەك ، وە سێیەکی مالی بەشی هەمووی نەئەکرد ، تەماشا ئەکەین ئەگەر ئەو تەبەروعانە بە تەنجیزو بەرودوا بوون بەتەرتیب تەماشایان ئەکری تا هەرچەند سێیەکە بەشی بکا ، وە هەرچەندی لەو سێیەکە زیاتر بی بەتالە • وە ئەگەر بەیەکەوە بوون بەمرەنگە لە یەکاتا کابرا خوی‌و چەند وەکیلیکی تەبەروعەکانیان کردبوو مەسەلا ، ئەوە ئەو سێیەکە بەش ئەکریتەوە بەسەریانا ، لەسەر حیسابی قیمەتی تەبەروعەکان ، وە هەرکام چەندی پی‌ئەبری ئەوەندەی دائەمەزری‌و زیادەکەی بەتالە • وە ئەگەر تەبەروعەکان وەعدەیان بو دانرابوو ، وەك ئەوە کە بلی‌پاش مردنم ، سێیەکەکە بەش ئەکری بەسەریانا هەرکام هەرچی بەرکەوت ئەوەندەی دروستەو باقیەکەی بەتالە • مەسەلا کابرا وەصیەتی کرد بو فلانکەس بە ئەسپێك کە دوازدە دینار قیمەتی بوو ، وە بو کەسیکیتر بە مەریک کە شەش دینار قیمەتی بوو ، وە بو یەکیکیتر بە بزنیك کە سێ دینار قیمەتی بوو ، وە سێیەکی مالەکەیشی چواردە دینار بوو ، ئەوە هەشت دیناری ئەدری بە یەکەمیان ، وە چوار دیناری ئەدری بە دووهەمیان ، وە دوو دیناری ئەدری بە سیهەمیان •

(بزانن) وەصیەت لە عەینێکدا کە وەصیەت کرابی بە قازانجەکەی بو هەمیشە ، یا بو وەختێکی دیاریکراو ، وادائەنری کە وەصیەتە بە ئەندازەی جیاوازی لە قیمەتەکەیا بە قازانجەکەیەوەو بە بی‌قازانجەکەی •

مەسەلا خانوویەك بە بێقازانجی هەمیشەیی دە دینار ئەژێ وە بەقازانجەوە صەد دینار ئەژێ ، وەك ئەوە وایە وەصیەتی تیا کرابێ بە نەوەد دینار .

ئەگەر کەسێك وەصیەتی بە حەجی سوننەت کردبوو ، تەماشای کرێی کابرای بەکرێگیراو ئەکرێ : ئەگەر سێیەکی ماڵەکەی بەشی ئەکرد ئەوا باشە ، ئەگینا هەرچەندی زیاد بێ بە بێڕێگادانی میراتبەرەکان دروست نیێە .

ئەگەر کەسێك وەصیەتی کرد بە عەینێکی حازر لە ماڵەکەی کە بە سێیەکی دەرئەچوو ، وە ئەوی تری لە بەردەستا نەبوو ، ئەوە دروست نیێە هەموو ئەم عەینە حازرە بدەین بەو کابرایە کە وەصیەتەکەی بوو کراوە ، بەڵکو سێیەکی ئەم عەینەی ئەدەینێ تا ماڵە نادیارەکەی پەیدا ئەبێتەوە . وە لەگەڵ ئەوەشا کە سێیەکی عەینەکەی ئەدەینێ ماوەی نادەین کە تەصەروفی تیا بکا تا میراتبەرەکان دەس ئەگرن بەسەر ئەو دووسێیەکی ماڵەکەداو تەصەروفی تیا ئەکەن .

هەروەکو وەصیەت لە سێیەکی ماڵدا دائەمەزرێ ، هەر تەبەروعێکیش لە نەخۆشییەکا بکرێ کە مەترسیی مردنی لێبکرێ ، ئەویش هەر لە سێیەکدا دائەمەزرێ . جا ئەگەر لە نەخۆشییەکی وەهادا تەبەروعی بە زیاتر لە سێیەکی ماڵی لەبەردەستابووی خۆی کرد، ئەوە هەر لە سێیەکیا دائەمەزرێ ، وە بۆ زیادەکەی لێی ڕائەوەستین . ئەگەر لەو نەخۆشییە ڕزگاری بوو دەرئەکەوێ ئەویش دروست بووە . وە ئەگەر مرد دەرئەکەوێ بەتاڵ بووە ، چونکە نەخۆش مەنعی تەصەروفی لێکراوە لە زیاتر لە سێیەکی ماڵدا .

ئەگەر کەسێك تەبەروعێکی کرد لە نەخۆشییەکدا کە ترسی مردنی پێوە نەبوو ، کەچی کابرا مرد ، ئەوە ئەگەر مردنەکەی بە مردنی

کوتووپر دابنری بەهوی ئەوەوە کە نەخوشی‌یەکـەی نەخوشی‌یەکی‌وا نەبووبی ئینسانی پی‌بمری وەك چاوئیشان ، ئەوە تەبەروعەکەی جی‌بەجی ئەکری • وە ئەگەر مردنەکەی بە مردنی کوتووپر دانەنری وەك ئـەوە کە ژانەسکیکی لی پەیدا بی‌و بمری ، ئەوە دەرئەکەوی نەخوشی‌یەکەی ترسی مردنی پیوە بووە ، وە وەصیەتەکەی لە زیـاد لە سـیە یەکـدا دانامەزری •

ئەگەر گومانمان هەبوو لەوەدا کە ئاخو ئەو نەخوشی‌یـە مەترسی‌ی پیوەیە یا نە ، ئەوە بومان دەرناکەوی بە قسەی دوو دوکتوری موسولمانی ئازادی بەداد نەبی • ئەگەر ئەوان شەهادەتیـان‌دا لەسـەر ئەوە کـە نەخوشی‌یەکە ترسی پیوەیە ، ئەوە بە مەترسی‌دار دائەنری ، ئەگینا هیچ • وە بە هیچ‌جوری ترسی مردن لی‌کراوی‌و ترسی مردن لی‌نەکراوی‌ی هیچ نەخوشی‌یەك ئیسبات نابی بە شەهادەتی یەك دوکتوری پیاو یا یەك دوکتوری پیاوو دوو دوکتوری ژن ••• وە هەروەها بە شەهادەتی تەنها دوکتوری ژن ، مەگەر لەو نەخوشی‌یانەدا کە تایبەتین بە ژنـانـەوە ، ئـەوە بـە شەهادەتی چوار دوکتوری ژن ئیسبات ئەبی !

ئەگەر میرات‌بەر بوو بە هەرای لەگەل کابرای وەصیەت بوکـراودا ئەم ئـەیوت نەخوشی‌یەکـە مەترسی لی‌کراو بووەو ئەو ئەیوت مـەترسی لی‌کراو نەبوە ، ئەوە باوەر بە سویندی وەصیەت بوکراوەکە ئەکـری ، مەگەر لەحالیکا کە میرات‌بەرەکە دوو شـاهیدی هەبی کـە دوکتوری موسولمان‌و ئازادو بەداد بن شەهادەت بدەن کەوا نەخوشی‌یەکە مـەترسی لی‌کراو بووە • وە ئەگەر بوو بەهەرایان لەسەر ئەسلی نەخوشی‌یەکـە ، مەسەلا کابرای میرات‌بەر ئەیوت گرانەتا بووەو وەصیەت بوکراوەکـە ئەیوت دان‌ئیشە بووە ، ئەوە بە غەیری دوکتوریش ئیسبات ئەکری کـە چ نەخوشی‌یەك بووە •

له نەخوشی‌ی مەترسی‌داره (کولنج)و (ذات الجنب)و بەربوونی خوینی لووت تاماوەیەك کە بەعادەت ئینسان بی‌خوین بکاو بیکوژی • وه (اسهال) یەعنی رەوانی بەوشەرتە کە دریژە بکیشی ، وه (باریکە) کە نەخوشی‌ی دلە • بەلام (سیل) کە بریتی‌یە لەوه سی بریندار ببی ، ئەوه بە نەخوشی‌ی مەترسی‌دار ناژمیرری چونکە زور دریژه ئەکیشی‌و وائەبی ده ـ پازده سال ئەمینیتەوه • بەلام ئەگەر گەیشتە دەوری دوایی ، بە شەهادەتی دوو دوکتوری موسولمانی ئازادو بەداد ، ئەوه بە مەترسی‌دار دائەنری • هەروەها ئیفلیج بوونیك کە لە سەرەتایدا بی ئەوەش بە نەخوشی‌ی مەترسی‌دار دائەنری ، واتە کە ئینسان لایەکی ئیفلیج ئەبی ئەوه تا حەوت روز بە نەخوشی‌ی مەترسی‌دار دائەنری‌و ، لەوەپاش بە نەخوشی‌ی مەترسی‌دار دانانری • هەروەها لە نەخوشی‌ی مەترسی‌داره دەرچوونی خواردەمەنی لە ئینسانەوه بە ساغی بە بی‌ئیش‌و هیزکردن•• وه زەحیری کە ئەوەیە پیسایی لەگەل خوینا دابنی ، وه گرانەتا کە تایەکی بەدەوامی شەوو روژە ، مەگەر سەر لە بەیانیان کەمیك نەخوشەکە بەربدا • هەروەها بە نەخوشی‌ی مەترسی‌دار دائەنری هەر جورە تایەکی‌تر کە بە نوبە ئینسان بگری ، مەگەر (سیەبەرو) کە روژی دیت‌و دوو روژ نایەت • وه لە نەخوشی‌ی مەترسی‌داره برینیك کە کونی کردبیتە سك ، وه ئاوسان‌و ، رشانەوەی بەردەوام •

بەپی‌ی پەیرەوی ئیمامی شافیعی خوی ، حوکمی نەخوشی‌ی مەترسی‌داری هەیە بەدیل رویشتنی موسولمانیك بە دەستی کافر یا بە دەستی دوژمن ئەگەر عادەتیان وابی دیل بکوژن • وه تیك‌رژانی سوپا لە هەردولاوه بەوشەرتە کە ئەوەندەی یەك بن ، ئەگینا حوکمی نەخوشی‌ی مەترسی لی‌نەکراوی هەیە بو ئەفرادی ئەولایە کە بەهیزترن لەویان ، وه بو بی‌هیزترەکەیان حوکمی نەخوشی‌ی مەترسی لی‌کراوی هەیە •

هەروەها بردنی کەسێك بۆ لێسەندنەوەی تۆڵەی پیاوکوشتن (قصاص) ، یا بۆ سەنگەسار کردن (رجم) ، وە هێرشی شەپۆلی دەریا بەسەر ئەوانەدا کە لەناو کەشتیدا بن ، وە ژانەسکی ژن لەپێش منداڵ بوونیا ، هەروەها پاش منداڵبوونەکەیش تا مناڵ دانەکەی لێ جوی ئەبێتەوە ، ئەوە هەموو حوکمی نەخۆشیی مەترسی لێکراوی هەیە •

داکەوتنی تاعوونی وەك چاوەقووڵەو رشانەوە لە وڵاتیکا حوکمی نەخۆشیی مەترسی لێکراوی هەیە بۆ هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە ، بەوشەرتە کە زوربەی خەڵکەکەی گرتبێتەوە • لە حاڵیوادا تەبەروعی هەرکەس لە ئەهلی ئەو وڵاتە لە سێیەك بەولاوەیماڵیا دانامەزری ، وە بۆ زیاد لەو ئەندازەیە تەماشا ئەکەین ئەگەر تا پاش لاچوونی تاعوونەکە کابرا نەمرد بە تاعوون ئەوە هەمووی دائەمەزری ، ئەگینا هەرچەندی لە سێیەك زیاد بێ بە بەتاڵ دائەنرێ •

صیغەی وەصیەت

صیغەی وەصیەت لەفظێکە مەعنای بە موڵك‌کردنی شتێك بگەیەنی بۆ کەسێك لەپاش مردنی کابرای وەصیەت‌کەر • وەصیەتی بێ‌پێچ‌وپەنا وەکو ئەوە کە بڵێت وەصیەتم کرد بۆ فلان‌کەس بە فلانە شت ، یا ئەوەندەی لە ماڵم بدەنی لەپاش مردنم ، یا ئەوشتەم داناوە بۆ فلان‌کەس ، یا بڕیارم‌داوە بۆی ، یا ئەوشتەی بدەنی لەپاش مردنم • ئەگەر وتی ئەوشتە ماڵی فلان‌کەسە ئەوە بە پێ‌لێنان دائەنرێ • هەروەها لە صیغەی وەصیەتە ئەوە کە بڵێ ئەوشتەم بەخشی بە فلان‌کەس لەپاش مردنم ، یا کردم بە موڵکی لەپاش مردنم ، یا بە صەدەقە پێمدا لەپاش مردنم ، یا کە مردم ئەوشتە بدەن بە فلان‌کەس ، یا کە مردم ئەوشتە بۆ ئەو مزگەوتە بێ یا بۆ فلان‌کەس بێ •

ئیشارەت کردنیش بە وەصیەتی صەریحو بێپیچوپەنا دائەنری ئەگەر هەمووکەس لێی تێبگا ، ئەگینا کینایەیە • نووسینیش کینایەیەو لەگەل نیەتدا ئیعتیباری پێئەکری ، بەلام ئەبێ بە دەم پێلێبنێ کە ئەو نیەتەی بووە ، یاخود میراتبەرەکەی لەپاش مردنی خوی پێلێبنێ کە مەبەست لەو نووسینە نیازی وەصیەت کردن بووە • جا ئەگەر وەصیەتی بو کومەلیکی لەژمارە نەهاتوو کردبوو وەك فەقیرو هەژار ، ئەوە بە بێقەبوولی کەس هەر بە مردنی کابرای وەصیەتکەر واجب ئەبێو قەبوولی ناوێ • هەروەها ئەگەر بو جیهەتیکی گشتی وەصیەتی کردبێ وەك گرتنی سنووری ولاتی موسولمانان • وە ئەگەر وەصیەتی بو کەسیکی تایبەتی کردبێ یا بو کومەلیکی لەژمارە هاتوو وەك ئەهلی مالیك، ئەوە واجبە خویان قەبوولی بکەن بەوشەرتە کە تەصەروفیان دروست بێ• وە ئەگەر حیجریان لەسەر دانرابوو ، ئەبێ سەرپەرشتیکەری کاروبار (ولی أمر)یان قەبوولی بکا بویان •

ئەگەر باوکی منال بە عەناد قەبوولی وەصیەتەکەی نەکرد حەقی سەرپەرشتیکردنی کاروباری منالەکەیی نامینێ • جا ئەگەر ئەو منالە باپیری هەبوو ئەو ئەبێ بە سەرپەرشتیکەری کاروباری ، ئەگینا قاضیی ولات ئەبێ بە سەرپەرشتیکەری • وە ئەگەر لەبەر عوزریکی شەرعی قەبوولی نەکرد مەسەلا وتی ئەو مالە وەصیەت پێکراوە بە مالی کابرای وەصیەتکەر نازانم ، بویە قەبوولی ناکەم ، ئەوە پیویستە قاضی لەجیاتیی ئەو قەبوولی بکا • وە ئەگەر وەصیەتەکە بو مزگەوت بوو ئەبێ سەرپەرشتیکەری کاروباری مزگەوتەکە قەبوولی بکا •

قەبوول کردن یا دانەدواوەی وەصیەت هیچ قیمەتیکی نییە تا کابرای وەصیەتکەر مابێ لەدنیادا ، هەروەها لەکاتی گیان دەرچوونیا • بەلکو پیویستە لەسەر وەصیەت بوکراوەکە لەپاش مردنی وەریبگری یا

بیداتەدواوە • بەلی وەرگرتن لەپاش دانەدواوە هیچ سوودیکی نی‌یە ، وەك چون دانەدواوەی پاش قوبوول‌کردن بی‌کەلکە ئیتر خوای مالەکەی وەرگرتبی یا نە •

دانەدواوەی صەریح وەك ئەوەیە کابرای وەصیەت بوکراو بلیت : من ئیحتیاجم بەو مالە نی‌یە ، یا پیویستم پی نی‌یە ، یا بو من ناشی ، یا لایقی من نی‌یە • وە شەرت نی‌یە لەپاش مردنی کابرای وەصیەت‌کەر دەس‌بەجی قەبوولی بکا ، مەگەر لەحالیکا کە لەباتی کەسی حیجر لەسەر دانراوی خوی وەری‌بگری •

ئەگەر کابرای وەصیەت بوکراو بەر لە کابرای وەصیەت‌کەر مرد ، وەصیەتەکە بەتال ئەبیتەوە • بەلام ئەگەر لەپاش مردنی ئەو مرد ، میرات‌بەرەکەی دائەنیشی لەجیگەیدا بو وەرگرتن یا دانەدواوەی مالە وەصیەت پی‌کراوەکە • فەرموودەی راستتر ئەوەیە مولکی وەصیەت پی‌کراو رائەگیری تا کابرای وەصیەت بوکراو رای‌خوی دەرئەبری • ئەوکاتە دەرئەکەوی ئاخو بووە بە مولکی ئەو یا هەر هی میرات‌بەرەکانی کابرای وەصیەت‌کەرە • وە کە وەری‌گرت وادائەنری کە لەکاتی مردنی کابرای وەصیەت‌کەرەوە هی ئەم بووە بە خوی‌و هەموو بەرو قازانجیکیەوە کە لەکاتی مردنی وەصیەت‌کەرەکەوە پەیدا بوون ، مەسرەفیشی لەکاتی مردنی کابراوە ئەکەویتە سەر ئەم وەصیەت بوکراوە •

ئەگەر کەسیك وەصیەتی کرد بە باغیك بو کەسیك ، ئەوە هەر میوەیەکی پیوەبووبی لەکاتی مردنی کابرای وەصیەت‌کەردا ، هی میرات‌بەرەکانە خوای ئەو میوەیە لەکاتی مردنی کابرادا باش دەرکەوتبی یا نە • وە هەر میوەیەك کە پاش مردنی کابرای وەصیەت‌کەر پەیدا ببی بو

وەصیەت بوکراوەکەیە • وە ئەگەر میوەی ئەم دوو بەشە تیکەل بوونو جیا نەئەکرانەوە ، پیویستە میرات‌بەرو وەصیەت بوکراو لە بەینی خویانا صولح بکەن •

(بزانن) صیغەی وەصیەت بو ئەوە ئەشی تەعلیق بکری بە وەعدەیەکەوە ، یا شەرتی بو دابنری ، خوای ئەوشەرتە لەکاتی ژیانی وەصیەتکەرەکەدا بی یا لەپاش مردنی • کەواتە دروستە بلیت ئەگەر بەم نەخوشی‌یە مردم ئەم خانووەم وەصیەت بی بو فلان‌کەس ، یا ئەگەر فلان‌کەس هات بو ئیرە ئەو خانووەم وەصیەت بی بوی ، یاخود بلی باخەکەم وەصیەت بی بو فلان‌کەس ئەگەر خەریکی خویندن بوو • وە لەوحالەدا کە ئەم شەرتانە بریار بدا ئەگەر شەرتەکان نەهاتنەدی وەصیەتەکە بە بی‌سوود دەرئەچی • هەروا دروستە بلی ئەو باخەم وەصیەت بی بو فلان‌کەس ئەگەر لەپاش مردنم روژی جوزئیك قورئان لەسەر قەبرەکەم بخوینی ، یاخود بەوشەرتە لە بەرهەمی باخەکە سالی فەرشیك بکری بو مزگەوتی دی‌کەمان • جا ئەگەر کابرای وەصیەت بوکراو ئەم شەرتانەی نەهینایەدی ، ئەوە دەرئەکەوی کە وەصیەتەکە نەهاتوەتەدی‌و باخەکە مولکی وەصیەت بوکراوەکە نی‌یەو هەر هی میرات‌بەرەکانە •

باسی پەشیمان‌بوونەوە لە وەصیەت

هەر تەبەروعیك کە دەس‌بەجی (منجز) بی کابرا حەقی پەشیمان بوونەوەی نی‌یە لی‌ی ، وە هەر تەبەروعیك کە بەسرابی بە شتیك یا بە وەعدەیەکەوە (معلق) ئەتوانی پەشیمان بیتەوە لە هەمووی یا لە هەندیکی ، وە ئەو پەشیمان بوونەوەیە بە قسە دیتەجی وەك ئەوە کە بلی ئەو وەصیەتەم بەتال‌کردەوە یا پەشیمان بومەوە لی‌ی ، یا

هەلمووەشاندەوە ، یا ئەم مالە مالی میراتبەرەکانمە • وە بە کردەوە وەکو ئەوە کە مالەکە بفروشی یا بیکا بە مارەیی ژن ، یا بیبەخشی یا بیخاتە رەهنەوە ، خوای وەری بگرن یا نە ، یا وەصیەت بکا کە لەپاش مردنی ئەومالە جورە تەصەروفیکیوای تیا بکری کە لەگەل وەصیەتە پیشووەکەیدا نەگونجی ، یاخود وەکیل بگری بو فروشتنی یا بەدەستی خوی بیبا بو شوینی فروشتن •

ئەگەر کەسیك وەصیەتی کرد بە دەغلیکی تایبەتی بوکەسیك ، کەچی لەپاشا تیکەلی دەغلیکیتری کرد ، ئەوەیش بە پەشیمان بوونەوە دائەنری لە وەصیەتەکەی • هەروا ئەگەر وەصیەتی کرد تەغاریك گەنم لە خەرمانیکی دیاری بدری بە کەسیك ، کەچی ئەو خەرمانەی تیکەلی خەرمانیکی باشتر کرد ، ئەوەش پەشیمان بوونەوەیە • بەلی ئەگەر تیکەلی خەرمانیکی وەك خوی یا خراپتری کرد ، ئەوە بە پەشیمان بوونەوە دانانری •

ئەگەر وەصیەتی کرد بە گەنمیك ، کەچی خوی وەشاندی یا بردی بو ئاشو هاری ، یا وەصیەتی کرد بە ئەندازەیەکی ئارد کەچی شیلایو کردی بە هەویر ، یا وەصیەتی کرد بە ئەندازەیەك خوری ، کەچی ریسای ، یا وەصیەتی کرد بە ریسمانیك کەچی پاشان بردیە لای جولاو کردی بە شال ، یا وەصیەتی کرد بە پارچە قوماشیك کەچی بری بە کراس یا بە کەوا ، یا وەصیەتی کرد بە پارچە زەوییەك کەچی بینای تیا کردەوە یا درەختی تیا ناشتو کردی بە باخ ، ئەوە هەموو ئەم تەصەروفانە بە پەشیمان بوونەوە دائەنرین لە وەصیەتەکەی • بەلی ئەگەر بیناکەی لە سووچیکی زەوییەکەدا کردەوە ، یا درەختەکەی لە لایەکیەوە ناشت ، ئەوە وادائەنری کە تەنها لەو سووچە پەشیمان بووەتەوە • بەلام

ئەگەر وەصیەتی کرد بە گوشتێکی کاڵو لەپاشا برژاندی ، ئـەوە بـە پەشیمان بوونەوە دانانرێ • هەروەها ئەگەر تووی داکرد لە زەوی‌یەکەدا ئەوەش نابی بە پەشیمان بوونەوە لە وەصیەت بەو زەوی‌یە •

ئەم تەفصیلاتە لەسەر ئەساسی ئەوەبوو کە ئەو ماڵە وەصیەت پی‌کراوە دیاری بی • ئەگینا ئەگەر سیەیەکی ماڵی وەصیەت کرد بو ئەوانەی دینە ماڵی ، لەپاشا هەرچی هەبوو فروشتی ، ئەوە نابی بە پەشـــــــیمانی لە وەصیەتەکە لەبەرئەوە کە ئیعتیبار بە سیەیەکی ماڵیەتی لەکاتی مردنیا ، وە قابیلە لەوەپاشیش ماڵ بنی بەیەکەوە •

(بزانن) زانایانی شەرع هەموو هاودەنگن لەوەدا کە صـــەدەقە کردن بە نیازی ئەوە کە خیرو حەسەناتەکەی بروا بو مردوویەك ، قازانج ئەگەیەنی بەو مردووە • هەروەها وەقف‌کردنی قورئان‌و کتیبی شـەرع‌و حەدیث‌و خویندنی ئاینی کەوا هەرکەس تیایاندا بخوینی خیرەکەی بـو ئەو مردووە بی • یاخود هەڵکەندنی بیرو کاریز لیدان‌و دار ناشـتن چ بو میوەو چ بو سیبەرو چ بوئەوە کە پاش پی‌گەیشتنی ببرری‌و لە بینایەکی خیری‌دا بەکار بهینری ، یاخود جومعانەو هەر خیریکی‌تر • هـەروەهـا زانایانی شەرع هاودەنگن لەوەدا کە دوعاکردن بو داوای ئەوە کە خـوا خوش ببی لەکەسیك ، سوودی هەیە بو ئەوکەسە ، لەگەل ئەوەدا کـە دوعاکەرەکە خویشی خیری ئەگا ، وە بوخویشی ئەنووسری بە مایـــەی ئەواب‌و حەسەنات • مەبەستیش لەو ئایەتە کە خوا ئەفەرمویت (وان لیس للانسان الا ما سعی) واتە ئینسان لە پاداشی ئەو چاکەیە زیاتری نی‌یە کە خوی کردوویەتی ، ئەوەیە موستەحەقی جەزاو پاداش نی‌یە مەگەر لەسەر کاریك کە خوی کردبیتی ، وە ئەمەی کە وتمان لەسەر ئەساسی ئەوە نی‌یە کە موستەحەقی ئەو پاداشەیە ، بەلکو لەسەر ئەو ئەساسەیە کە خوا بـە لوطفی خوی ئەیداتی • هەرچەند هەرچی جەزای خیرە هەر لوطفی خوا

خویەتی ، بەلام هەندیکی بە بیعەلاقەی هەولدانی ئینسان خویەوەیەتیو هەندیکی لەسەر عەلاقەی تیکوشانی ئینسانە ، وە لە هەردو حالدا هەر بە لوطفی خوا خویەتی •

خیرو حەسەناتی نەبراوەی ئینسان خویشی وەك بیریك کـــە وەقفی کردبی ، یا جەزای دەرسیکی خیر کە بە یەکیکی وتبی ، یا دوعای منالی باش ، ئەمانە لەسەر فەرموودەی پیغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) هەر بە کردەوەی خوی ئەژمیررین •

هەروەها قازانجی هەیە بو مردوو دانەوەی قەرزیك کە لەســەری بی ، وە دانی ئەو ئەندازە زەکاتە کــە وەختی خوی نـــەیـــداوە ، وە بەجیهینانی قەرز لەجیاتیی ئەو ، وە گیرانەوەی روژووی فەرز کـــــە بەسەریەوە بی • بەلام لە گیرانەوەی نویژی فەرزدا ئیختیلاف هەیە لەناو زانایانی شەرعدا ، وە هەندیکیان ئەلین قازانجی هەیە • یەکیك لەمانـــە ئیمامی (سبکی)یە کە فتوای بەمە داوەو تەنها خوی لەجیاتیی هەندی لە کەسوکاری نویژی فەرزی گیراوەتەوە • تەقلید کردنی ئەم ذاتە بو ئیمە دروستەو هەرکەس ئەتوانی بوخوی عەمەلی پیبکا • هەروها بوی هەیــە لە مالی خوی کەفارەتی بو بدا لە کەفارەتی (مرتبة)و (مخيرة)دا [1] •

هەروەها قازانجی هەیە ئینسان لە ثـەوابی کردەوەی خویـــا وەك طاعەتو خیرو حەسەناتو صەلەواتدانو دەرس وتنەوەو قوربانیکردن خەلك بکا بە شەریکیخیری خوی،وە بەتایبەتی بو حەزرەتی پیغەمبەر(صلی

---

(١) کەفارەتی (مرتبة) ئەوەتە چەند شتیك دانرابی بو کەفارەت، وە تا یەکەمیان مومکین بی ، دروست نەبی دووهەمیان بکا • وە هەر بەم تەرتیبە • کەفارەتی (مخيرة)یش ئەوەیە کـــابرا بە ئارەزووی خوی بی یەکەم یا دووهەم یا سیهەمیان هەلبژیریو بیکا • لە شوینی خویدا میسالی ئەم کەفارەتانە ئەهینینەوە •

اللهعلیەوسلم) هەرچەند ئەگەر ئینسان نیازی شەریك كردنی ئەویشی نەبی، ئەو لەخویەوە هاوبەشی خیری هەموو موسولمانیکە ، چونکە هەموو موسولمانی بەهوی شەریعەتی ئەوەوە کەوتووەتە سەر ریگای ئیسلامەتی •

هەروەها قازانجی هەیە قورئان خویندن لای ئینسانی زیندوودا کە گوێی بداتیو گوێی لیوەبی ، بەتایبەتی ئەگەر قورئان خوینەکە ئینسانیکی لەخواترس و پیاوچاك بی ، نەخوازەلا ئەو کویرانەی کە قورئانیان لەبەرکردووە • وە ئەگەر لەسەر قورئان خویندنەکەیان پارەیان وەرئەگرت یا بەکری گیرابوون لەلایەن گوێ گرەکەوە ، ئەوە بوی ئەبی بە دوو خیر • هەروەها قورئان خویندن قازانجی هەیە بو مردوو چ لەسەر قەبرەکەی بیو چ لەدوورەوە بی بەوشەرتە لە سەرەتای قورئان خویندنەکەوە بەنیازی ئەوابی ئەو مردووە بیو ، لەپاش تەواو بوونیشی دوعای بو بکریو وینەی حەسەناتەکەی بو رەوانە بکری • دیسان خیری هەیەو دروستە وەصیەت کردن بە خەتمی تەهلیلە لەسەر قەبری مردوو ، یا لەشوینیکیترا بەو دوو شەرتە کە بەیانمان کردن • بە (صلەی رحم) دائەنری لەگەل خزمان ، وە بە چاکە لەگەل باوكو دایك کە پاش مردنیان تا لەتوانادا هەبی سەعیو کوشش لەم خیرو حەسەناتانەدا بکری بویان • (واللە یختص برحمتە من یشاء ، واللە ذو الفضل العظیم) •

باسی (وصایة) یەعنی (وصي) گرتن

سوننەتە بو ئینسانیك کە ئازاد بیو تەکلیفی لەسەر بی ، وەصیەك بگری بو دانەوەی قەرزیکی کە لەسەریەتی چ حەقی خوا بی وەك زەکات ، وە چ حەقی ئادەمیزاد بی وەك دەسقەرز ، وە بو دانەوەی هەرچی کە بە ناحەق لەژیر دەستیا بی وەك مالی زەوتکراو ، وە بو دانەوەی مالی خواستەمەنیو بە ئەمانەت دانراو • بەلی ئەگەر ترسی ئەوەی

هەبوو کە میرات‌بەرەکانی ئەو ماڵە نەدەنەوە بە خاوەنی واجبە لەسەر خوی تا وا لەدنیادا بیداتەوە ، یاخود وەصی بگری‌و شتەکە ئاشکرا بکا لە خەڵك بوئەوە لەپاشانا حەقی هیچ خاوەن حەقیك نەفەوتی • وە ئەگەر بە وەصی‌یەکەی وت ئەو ماڵەم بدە بە موستەحەق چون خوت ئارەزوو ئەکەی ، دروست نی‌یە صەرفی بکا بوخوی ، هەرچەند موستەحەقیش بی• وە دروستیش نی‌یە بیدا بە کەسیك کە نەفەقەی واجب بی لەسەر ئەم وەصی‌یە •

شەرتی وەصی ئەوەیە موسوڵمان‌و باڵغ‌و عاقڵ‌و بەداد بی ، وە بتوانی ئەو ئیشانە جی‌بەجی بکا کە پی‌ی‌سپیرراون • ئیتر شەرت نی‌یە نیرینە بی ، بەڵکو دایکی منال ئەگەر خاوەنی ئەو صیفەتانە بوو لە هەرکەسی‌تر باشترە •

دروست نی‌یە بو وەصی خوی ئیشەکان نەکاو بیداتە دەستی کەسیکی‌تر ، مەگەر کابرای وەصیەت‌کەر خوی ریگای دابی ، یاخود ئەوجورە ئیشە بو ئەو لایق نەبی ، یاخود ئیشەکان زور بن‌و بەتەنها خوی جی‌بەجی نەکرین بوی • وە تا باوکی مابی نابی کەسی‌تر بکا بە وەصی لەسەر منالەکانی ، بەوشەرتە کە شەرتەکانی ویصایەتی تیابی • هەروەها دروست نی‌یە وەصی بگری بو ژن مارەبرین لە کوری بچووکی، هەروەکو دروست نی‌یە وەصی بگری بو مارە کردنی کچی نابالغی •

صیغەی ویصایەت لەفظیکە سپاردنی ئەمجورە تەصەروفانە بگەیەنی کە بەیانمان کردن بە کەسیکی‌تر کە ئەو صیفەتانەی تیا بی کە ناومان هینان• وەك ئەوە کە بڵی وا توم کرد بە وەصی لەسەر منالەکانم ، یا لەسەر دانەوەی قەرزم ، یا لەسەر دانەوەی ئەو ماڵی خواستەمەنی یا ئەمانەتانەی کە دانراون لام •• وە بەمجورە • بەشەرتیش گیراوە بەیانی ئەو شتانە

بکا کە وەصی‌یان بو ئەگری • کەواتە ئەگەر وتی وا تۆم کرد بە وەصی ، وە باسی نەکرد لەسەرچی کردوویە بە وەصی ، ئەوە بەتالە • هەروەها شەرتە وەصی‌یەکەیش قەبوولی بکا تا کابرای وەصیەتکەر لە دنیادایە ، وە لەوەپاش قەبوول کردنو دانە دواوە کەلکی هیچی نی‌یە •

ئەگەر کەسێك دووکەسی کرد بە وەصی ئەوە دروستە ، وە ئەبی هەردوکیان پیکەوە ری‌بکەون لەسەرئەوە کە بە یەکەیەکە یا بەیەکەوە ئیشەکە بکەن • وە هەرئیشێك کە یەکیکیان سەربەخۆ بیکا بەتالە • دروستە بو وەصیەتکەر وەصی‌یەکە عەزل بکا ، هەروەها دروستە وەصی‌یەکەیش خوی عەزل بکا • بەلی ئەگەر ترسی فەوتانی مالو مناڵەکانی بوو کە کراوە بە وەصی لەسەریان ، دروست نی‌یە خوی عەزل بکا ، وە ئەگەر خوی عەزل کرد قیمەتی نی‌یەو عەزل نابی ، ئەوەندە هەیە لەمکاتەوە ئەتوانی کری بوخوی وەربگری لەسەر ئەو مالە •

وە ئەگەر وەصی‌یەکە فاسقی‌ی بەسەرا هات عەزل ئەبی ، وەك چون ئەگەر قاضی فاسقی‌ی بەسەرا هات ئەویش عەزل ئەبی • بەلام خەلیفەی موسولمانان بەوە عەزل نابی کە فاسقی‌ی بەسەرا بیت • هەروەها باوكو باپیریش بەهوی فاسق بوونەوە عەزل ئەبن • بەلام لەپاش تەوبە کردن حەقی سەرپەرشتی کردنەکەیان بو ئەگەریتەوە •

دروستە ویصایەت بەسری بە مەرجیکەوە یا بە وەختیکەوە • مەسەلا بلی ئەگەر لەم نەخوشی‌یەدا مردم ئەوە تو وەصی بە لەسەر مناڵەکانم تا برا گەورەکەیان لە فلان شوین دیتەوە •

وە ئەگەر مناڵی وەصی بو دانراو پاش بالغ بوونی کەوتە هەرا کردن لەگەل وەصی‌یەکە لە ئەصلی مەسرەف کردنا وە وتی حاشا تو هیچت صەرف نەکردووە لەمندا ، یاخود بوو بە هەرایان لە ئەندازەی ئەومالەدا

کە بوی صەرف کراوە ، ئەم وتی ئەوەندەیەو ئەو وتی ئەوەندەیە ، ئەوە لەمحالانەدا باوەر بە سویندی وەصی یەکە ئەکری ، چونکە کاتیك کـــە کراوە بە وەصی ئەمین‌و بەداد بووە ، وە ئەصلیش وایە ئەو صـیفەتانەی تیا نەفەوتاوە ، وە زەحمەتیشە بتوانی ئیسباتی ئەو مەسرەفانـــە بکا بـــە شاهید کەوا کردوونی بو منالەکە • کەواتە ئەگەر قەناعەت نەکری بـــە سویندی وەصی کەس رازی نابی ببی بە وەصی لە هیچ مەســـــەلەیەکدا چونکە لەپاشانا لەوانەیە تووشی هەزار گیرەو کیشە ببی ، ئەوەش ئـەبی بەهوی بەرەللابوونی مال‌و منالی موسولمانان •

وە ئەگەر وەصی‌و وەصی لەسەر دانراوەکە بوو بە هەرایان لـــە دانەوەی ئەومالەدا کە دراوەتە دەستی وەصی‌یەکە ، مەسەلا منالەکـــە لەپاش بالغ‌بوونی وتی ئەو مالەی باوکم دابوویە دەستت نەتداوەتەوە پیم ، ئەویش وتی داومەتەوە پیت ، ئەوە ئەگەر وەصی‌یەکە شاهیدی هەبوو باشە، ئەگینا باوەر بە سوینی کورەکە ئەکری • جا ئەگەر سویندی نەخوارد ، وەصی‌یەکە سویند ئەخوا لەسەر دانەوەی مالەکەو رزگار ئەبی •

هەروەها باوەر بە سویندی وەصی ئەکری لە مەسەلەی خەیانەت‌کردنا لەومالەدا ، وە لە ئیدیعای فەوتانیا بەهوی دزی یا زەوت کردنەوە ، نەك لەوەدا کە بلی لەبەر موحتاجی‌ی منالەکە یا لەبەر مەسلەحەتی مالـەکـــە فروشتوومە ، لەمحالەتانەدا ئەبی بە شاهید ئیسباتی ئیدیعاکەی خوی بکا• بەلی باوك‌و باپیرە باوەر بە سویندیان ئەکری لەمحالانەدا ئەگەر منـالەکە لەپاش بالغ‌بوونی کەوتە هەرا لەگەلیان لەمبارەیەوە •

باسی دابەش کردنی میرات (الفرائض)
لەبەینی میرات بەرەکانا

(میرات) بریتی‌یە لەوەی کە مردوو لەپاش خوی بەجی‌ی ئەهیلی خوای (حقوق) بی وەك حەقی هەلبژاردن (خیار) لە موعامەلەدا یا حەقی حەددی بوختان پیوەکردن (حد القذف) ، یا (اختصاصات) بی وەك زبل‌و شەرابیك كە لەوانەبی ببیتەوە بە سرکە ، وە وەك سەگی پاس‌و سەگی راو ، یاخود (مال) بی وەك ئەو شەرابە كە لەپاش مردنی کابرا بووبیتەوە بە سرکە ، وە وەك خوینیك كە وەرئەگیری لەو کەسەی کە کوشتوویەتی ، یەعنی ئەگەر کەسیك کەسیکی کوشت ، ئەوە هەرچەند لەپاش مردنی ئەو کابرا کوژراوە (دیە) خوینەکەی ئەدری ، بەلام لە حوکمی ئەوەدایە کە لەپیش مردنەکەیدا وەری‌گرتبی‌و بووە بە مولکی‌و لەپاش مردنەکەی بووە بە میرات •

جا ، میرات هەر جوری بی ، لەپاش مردنی کابرا قابیلە پینج حەق پەیوەند (تعلق)ی پیوە پەیدا بکا • تەرتیبی جی‌بەجی کردنی ئەم حەقانە بەم‌جورەیە : (یەکەم) ئەو حەقانە كە بەسراون بەعەینی میراتەکەوە بە بی‌واسیطەی حیجر دانان لەلایەن قاضی‌یەوە • (دووەم) حەقی بەری‌خستنی مردووەکە خوی‌و ئەو مردووانەی کە نەفەقەیان لەسەر ئەو بووەو لەپیش گیان دەرچوونی ئەمدا گیانیان دەرچووە • (سیهەم) ئەو قەرزانەی کە بەسەر ئەو شەخسەوەن کە مردووە ، خوای قەرزی خوایی بن یا قەرزی ئادەمیزاد • (چوارەم) وەصیەتی کابرای مردوو خویەتی • (پینجەم) حەقی میرات‌گرەکان لە وەرگرتنی میراتدا •

هەرکەس کە مردو میراتیکی لەپاش بەجی‌ما ، ئەوە بەر لە هەرچی دەس‌ئەکری بە جی‌بەجی کردنی ئەوحەقانە کە بەسراون بە میراتەکەیەوە،

بە بیٛ‌واسیطەی حیجری قاضی • ئەم حەقانە زورن ، بەلام بو نموونە باسی هەندیکیان ئەکەین •

(یەکەم) حەقی سوکنای ئەو ژنەی کە عیددەی وەفاتی لەسەرە • ئەوە کریٛی جیگای دانیشتنی ئەخریتە پیش بەڕیٚکردنی مردووەکە خویٛو ئەوکەسانەی کە نەفەقەیان لەسەریەتیٛو بەر لەو مردوون •

(دووەم) حەقی خاوەن‌قەرز لە مالی قەرزکراودا • یەعنی کەسیك مالیك قەرز بکاو پاشان بمریٛو تەنها ئەو مالە قەرزکراوەی لیٛ بەجیٛ‌بمینیٛ ، ئەوە ئەو مالە ئەدریتەوە بە خاوەن مالەکە ، وە صەرف ناکریٛ لە بەریٛ‌کردنی مردووەکەدا •

(سیهەم) حەقی عاملی قازانج بەشەراکەت • مەسەلا ئەگەر خاوەن مالیك پارەیٛ‌دا بە کەسیك کاسبیٛی پیوەبکا بە قازانج بەشەراکەت ، وە پاشان هەموو سەرمایەکەو قازانجەکەی وەرگرت‌و مرد ، وە تەنها ئەوەی بە میرات لیٛ‌بەجیٛ‌ما ، ئەوە پیویستە لەپیشا بەشە قازانجی عاملەکەی لیٛ‌بدریٛ ئەوسا لیٛی خەرج ئەکریٛ بو بەریٛ‌کردنی خاوەن‌مالە مردووەکە•

(چوارەم) حەقی کریارە لەو قیمەتەدا کە داویەتی بە فروشیار • مەسەلا کەسیك مالیکی کریٛو پارەکەیٛ‌دا بە فروشیارەکە ، وە ئەومالە بە عەیب‌دار دەرچوو ، کابرای کریار بردیەوە بو سەر فروشیارەکەو فروشیارەکە مردبوو ، وە تەنها ئەو پارەیەی لەپاش بەجیٛ‌مابوو کە کریارەکە تەسلیمی کردووە ، ئەوە ئەو پارەیە ئەدریٛ بە کریارەکەو صەرف ناکریٛ بو بەریٛ‌کردنی کابرای مردوو •

(پینجەم) حەقی میردە لە عەینی مارەیی ژنەکەیدا • مەسەلا کابرایەك عەینیك بدا لە مارەیی ژنیکا ، وە لەپیش ئەوەدا کە بیگویزیتەوە تەلاقی بدا ، ئەوجا ژنەکە بمریٛو هەر تەنها ئەو عەینی مارەیی‌یەی لیٛ

بەجی‌بمینی ، ئەوە واجبە لەپێشا نیوەی ئەو عەینە بدرێتەوە بە کابرای کونە مێرد ، ئەوسا لە نیوەکەی‌تری ژنەکە بەری‌بکری •

(شەشەم) حەقی زەوت‌کەر لە عەینی مالی زەوت‌کراودا • مەسەلا کەسێك عەینێکی زەوت‌کرد لە کەسێك ، پاشان کابرای مال زەوت‌کراو دەستی گەیشتەوە بە مالە زەوت کراوەکەی ، وە قیمەتەکەی لە کابرای زەوت‌کەر وەرگرت تا ئەو ئەسلی مالەکەی ئەداتەوە • وە بەرلەوە کە کابرای زەوت‌کەر مالە زەوت‌کراوەکەی بداتەوە ، ئەو مردو قیمەتەکەیشی خواردبوو ، ئەوە ئەبی لە مالە زەوت‌کراوەکە پێشان پارەی کابرای زەوت‌کەر بدرێتەوە ، ئەوسا ئەگەر شتێکی لی‌مایەوە بدری بە میرات‌بەرانی کابرای مال زەوت‌کراو بو بەری‌کردنی •

(حەوتەم) حەقی شەریکە مولکە لەو بەشە مولکەدا کە بە شوفعە وەری‌گرتووە • یەعنی ئەگەر ئەو کابرا کە مالەکەی بە شوفعە لی‌وەرگیراوە بمری ، وە تەنها ئەو بەشە مالەی لەلا مابی کە بە شوفعە وەرگیراوە ، ئەوە ئەبی بدری بە کابرای خاوەنی حەقی شوفعە ، وە صەرف نەکری لە بەری‌کردنی مردووەکەدا ، وە نەدری بە هیچ خاوەن قەرزێکی‌تریش بەوشەرتە ئەم کابرای خاوەن حەقی شوفعەیە پارەی ئەو بەشەی دابی بە شەریکەکەی یا بە میرات‌بەرەکانی •

(هەشتەم) حەقی ئەوکەسەیە کە مالێکی لی نەذر کراوە لە عەینی مالە نەذر کراوەکەدا • یەعنی ئەگەر کەسێك مالێکی نەذر کرد لە کەسێك ، جا کابرای نەذرکەر مرد ، ئەوە پێویستە ئەومالە نەذرکراوە بدری بەوکەسە کە لی‌ی نەذر کراوە ، وە صەرف نەکری لە بەری‌کردنی مردووەکەدا •

(نوهەم) حەقی خاوەن‌ماله له مالی دوزراوەدا • یەعنی کەسیك مالیکی دوزی‌یەوە ، وه لەپاش سالیك کردی به مولکی خوی ، ئەوجا خاوەن مالەکە پەیدا بوو ، ئەوە مادەم ئەو ماله ماوەتەوە ، ئەم کابرا پیش‌ئەخری بو وەرگرتنەوەی مالەکەی ، وه مالەکە صەرف ناکری له (تجهیز) بەری‌خستنی مردووەکەدا که مالەکەی دوزیبوەوە •

(دەهەم) حەقی فروشیاره لەومالەیدا که فروشتوویەتی • یەعنی کاتیك که فروشیارو کریار بوو به هەرایان له قیمەتی مالەکەدا ، وه هەردوکیان سویندیان خوارد ، وه کریار لەپیش هەلوەشاندنەوەی عەقدەکەدا مرد ، ئەوە فروشیار موعامەلەکە هەل‌ئەوەشینیتەوەو عەینی مالەکەی خوی وەرئەگریتەوەو ، ئەو ماله خەرج ناکری له بەری‌کردنی کریارەکەدا که مردووە •

(یازدەهەم) حەقی بژاردنەوەی ناتەواوی‌یەکە له مالی فروشراوا پەیدا بووبی • یەعنی کەسیك مالیکی کری‌و پارەکەی داو ، پاش‌ئەوە دەرکەوت مالەکە عەیبدارەو مالەکەی لەگەل ئەوعەیبەشدا پەسەند کردو گەرایەوە بوسەر فروشیارەکە بو داوای تولەی ئەو عەیبە ، وه فروشیارەکە مردبوو ، ئەوە هەتا تولەی ئەم عەیبە نەدری به کریارەکە ، دروست نی‌یه فروشیارەکە له پارەی فروشتنی ماله عەیبدارەکە بەری‌بخری •

(دوانزەهەم) حەقی سەلەم دادەره لەوپارەیەدا که تەسلیمی کردووە•یەعنی کەسیك ئەندازەیەك پارەی دابوو به کەسیکی‌تر به عەقدی سەلەم ، وه هیشتا بەهوی شتیکەوە پارەکە مابوو ، وه خەرج نەکرابوو سەلەمەکە فەسخ کرایەوە ، وه کابرایش مرد ، ئەوە حەقی کابرای مال بەسەلەم‌دەر (مسلم) لەوپارەدا که تەسلیمی کردووە پیش‌ئەکەوی لەسەر حەقی بەری خستنی کابرای مال بەسەلەم پی‌دراو (مسلم الیه) •

(سیانزەهەم) حەقی زەکاتە • یەعنی کەسیك بمریو مالیکی لەپاش بەجیبمینی کە زەکاتی تیابی ، ئەوە تا زەکاتەکەی لی دەرنەکری ، ئـەو مالە صەرف ناکری لە بەری خستنی مردووەکەدا •

(چواردەهەم) حەقی مال بە رەهن وەرگرە لە مالی خراوە رەهندا• مەسەلا کەسیك مالیك بخاتە رەهنی قەرزیکەوە لەلای کەسـیك ، وە کابرای مال لە رەهن دانەر بمریو تەنها ئەومالە رەهن کراوەی لەپـاش بەجیبمینی ، ئەوە دانەوەی حەقی مال بەرەهن وەرگرەکە ئەخریتە پیش بەریخستنی مال رەهنکەرەکەوە •

بەلام هەر حەقیك کە بەسرابی بە عەینی میراتەکەوە بەهوی ئەوەوە کە قاضی حیجری لەسەر ئەو مالە دانابی لەبەر مەسلەحەتی بژاردنەوەی قەرزی خاوەن قەرز ، ئەوە ئەکەویتە پاش بەریکردنی مردوەکـەوە • ئەوەندە هەیە پیویستە بزانین کە دانەوەی ئەوحەقانەی کە بەسراون بـە عەینی میراتەکەوە ، بەوشەرتە ئەخریتە پیش بـەریکردنی مردوەکـەوە کە ترسی گورانی مردوەکەو بوگەن کردنیمان نەبی ، ئەگینا پیویسـتە لەپیشا لاشەی مردوەکە بەریبکریو بشاردریتەوە ، ئەوجا حەقـەکـان بدرینەوە •

جا ئەگەر ئەمجورە حەقانە نەبوون ، یا بوونو جیبـەجی کران ، ئەمجار نوبەی دانەوەو جیبەجی کردنی حەقی دووهەمە کە بریتییە لە بەریخستنو شاردنەوەی مردوەکەو هەر مردوویەکیتریش کە لەپیش ئەوا یا لەگەل ئەوا مردبیو نەفەقەی لـەسـەر ئەوبی ، وەك کریی هەلگرتنی مردوەکە بو جیگای شـوردنو کفن کردنو ، دەرمـانی بونخوشیپیوەکردنیو بردنی بوگورستانەوە حەقیگور بو هەلکەندنو هەر مەسرەفیکیتر کە پیوەندی بە شاردنەوەیەوە ببی • وە ئەبی ئەم حەقە بە

جوریکیوا جیبەجی بکری کە لایقی شانی مردوەکە بی لەبارەی دەولەمەندیو فەقیریو پایەی کومەلایەتییەوە ، هەرچەند خویشی لە حالی ژیانیا بەوجورە نەژیابی •

جا کە ئەمحەقە جیبەجیکرا ، ئەمجارە نوبەی حەقی سیهەمە کە بریتییە لە دانەوەی ئەو قەرزانەی وان بەسەر مردووەکەوە • بەلام ئەوەی قەرزی خودا بی وەك زەکاتیك کە قەرز بی لەئەستوی کابرای مردوودا بەهوی فەوتانی مالەکەیەوە ، وە حەقی زەکاتی سەر (زکاة الفطر) ، وە کەفارەتی پیاوکوشتن ، وە کەفارەتی نیسبەتدانی ژن لە پشتی خوی (ظهار) ، وە کەفارەتی چوونە لای ژن لە روژی رەمەزانا ، وە کەفارەتی سویندی درو ، وە تولەی نەچیریك کە لە حەرەمی مەککەدا راوی کردبی ، وە بەدەلی حەجی فەرز ، ئەمانە هەموو پیشئەخرین لەسەر قەرزی خەلك کە بەسەریەوە بی ، وە میراتبەر یا وەصی ئارەزووی خویەتی لە پیشخستنی هەرکام لەم قەرزە خواییيانەدا لەسەر ئەویتریان •

پاش ئەم قەرزانەش دەسئەکری بە دانەوەی قەرزی خەلك کە بەسەریەوەیەتی ، وە ئەو قەرزی ئادەمییە کەم بی یا زور بی بەسراوە بە میراتەکەوە ، وەك پەیوەندی ئەوکەسەی کە رەهنی وەرگرتووە بەومالەوە کە بەرەهن دانراوە لەلای ، یەعنی تا ئاخر بەشی قەرزەکە نەدریتەوە ، ئەو میراتە بەرەللا ناکریو بە قەطعی دروست نییە میراتبەر تەصەروفی تیا بکا بە فروشتن یا بەخشین یا هەر تەصەروفیکیتر ، هەرچەند خاوەن قەرزەکەیش ریگای ئەو تەصەروفەی بدات ، چونکە مادەم خاوەنقەرز ئەوەندە پیاوە ، دەبا بفەرمویت مردوەکە ئازاد بکا لەو قەرزەی کە لەسەریەتی ! وە مادەم ئازادی ناکا واجبە لەبەر مەسلەحەتی

رزگاربوونی مردوەکە لە حەقی خەلك ئەو قەرزانەی لەسەرینی ، بدرینەوە •

خیلاف نی‌یە لەبەینی زانایانی شەرعدا کەوا میراتبەر ئەتوانی لە مالی خوی قەرزی مردووەکە بداتەوەو مالەکە لەجیاتی‌ی قەرزەکە هەل‌بگری بوخوی بەگویرەی ئەندازەی قەرزەکە • وە فەرموودەی راستتر ئەوەیە پەیوەندی قەرز بە مالی میراتی‌یەوە ریگای ئەوە ناگری میراتگرەکان ببن بە خاوەنی میراتەکە • کەواتە هەر زیادەیەك لەسەر عەینی میراتەکە پەیدا ببی چئەوانەی لکاون بە میراتەکەوە ، وە چئەوانەی جیان لی‌ی ، هەموو ئەبن بە هی میراتبەرەکان ، وە قەرزی کابرای مردوو نابەسری بەم زیادانەوە ، بەلکو تەنها ئەبەسری بە عەینی ئەصلی میراتەکەوە • مەسەلا ئەو میراتبەرانە ئەتوانن تەصەروف لە موو وە لە خوری‌و دوو رون‌و شیرو بەچکەی حەیوانی میراتی‌دا بکەن یا لە میوەی باخی میراتیدا ، هەرچەند کابرایش بە قەرزاری مردبی • وە واجب نی‌یە قەرز لەمانەیش بدریتەوە هەرچەند ئەصلی مالە میراتی‌یەکەیش کە ئەم زیادانەیان پیوە پەیدا بووە بەشی قەرزەکەی نەکا •

ئەگەر هیچ قەرزیك لە ئەستوی کابرای مردوودا دیار نەبوو ، وە میراتبەرەکان تەصەروفیان کرد لە مالەکەیدا کە لەپاشی بەجی‌ماوە ، ئەوجا قەرزیکی کون هاتەروو ، یاخود قەرزیکی تازە پەیدابوو بەهوی گیرانەوەی مالیکی فروشراوەوە لەبەر عەیبداری ، ئەوە ئەگەر میراتبەرەکان ئەو قەرزەیان دایەوە ، دیارە هەر تەصەروفیکیان لە مالەکەدا کردووە دروست بووە ، ئەگینا هەمووی بەتالەو ئەبی لەپیشا قەرزەکەی بدریتەوە •

کە ئەم حەقی سیهەمەیش جی‌بەجی کرا ئەمجار نوبەی حەقی چوارەمە کە بریتی‌یە لە جی‌بەجی کردنی هەر وەصیەتیك کە کابرا

کردبیتی ، وه هەرچی کە بەسراوە بەو وەصـــیەتەوە وەك تـەبـەروعی دەس‌بەجی (منجز) کە لـــە نەخوشی‌ی مردنیـــا کردبیتی ، وه ئـــەو وەصیەتانە لە سیەیەکی میراتەکەدا جی‌بەجی ئەکرین بەوجورە کـــــە لەپیشەوە باسمان‌کرد • وه پـــاش جی‌بەجی‌کردنی ئـــەم حـەقـــەیش دەس‌ئەکری بە جی‌بەجی‌کردنی حەقی پینجەم کە دابەش‌کردنی میراتــە لەبەینی میرات‌بەرەکاندا •

* * *

بو میرات وەرگرتن سەبەب‌و شەرت‌و مانیع هەیە • ســەبەبی میرات وەرگرتن لەم‌چەرخا بریتی‌یە لـــە خزمایەتی (قرابـــة) ، ژن‌و میردی (نکاح) ، موسولمانەتی • کەواتە ئەگەر یەکیك مردو کەســـیکی‌وای لەپاش بەجی‌نەما کە بەهوی یەکی لەم ئەسبابانەوە میراتی لی وەربگری ، میراتەکەی ئەخریتە خەزینە (بیت المال)ی موسولمانانەوە • یەکیکی‌تر لە ئەسبابی میرات‌وەرگرتن بریتی‌یە لە (ولاء) یەعنی ئەوحەقەی کە بەهوی ئازادکردنی بەندەوە پەیدا ئەبی بو خاوەنـەکـەی کە ئازادی کردووە • لەبەرئەوە کە ئەمرو ئەم‌هویە نەماوە ، تەنها دریژە بە باسی سیە سەبەبەکەی پیشوو ئەدەین •

شەرتی میرات وەرگرتن ئەمانەیە : (یەکەم) مردنی خاوەن میراتەکە مەعلووم بی یا لە حوکمی مەعلوومدا بی وەك حوکمی قاضی بـەمـردنی کەسیك کە دەمی سال بی ون‌بووبی • (دووەم) بوونی میرات‌بەرەکــە لەکاتی مردنی خاوەن میراتەکەدا هەرچەند گیانیشی نەکرابی بەبــەرا وەك ئەو توم (نطفه)یە کەوا لـــە ســکی ژنی کـابـرای مردوودا‌و لـەپـاشی بەجی‌ئەمینی • (سیهەم) ژیانی میرات‌بەرەکەیە لەپاش مردنی خـــاوەن میراتەکە • (چوارەم) ئەوەیە نیسبەت‌و پەیوەندی میرات‌بەرەکـە بـــە خاوەن میراتەکەوە ئاشکراو دیاری بی •

ئەوشتانەش کە مانیعی میرات وەرگرتنن ئەمانەن : (یەکەم) ئەوەیە میراتبەرەکە خاوەن میراتەکەی کوشتبێ بە حەق یا بە ناحەق ٠ (دووەم) ئەوەیە ئایینیان جیاواز بێ بە ئیسلامەتی‌و کافری ٠ (سیهەم) جیاوازی‌یانە لە یەك بە ئازادی‌و بەندەیی ٠ ئەمرو ئەم حالەتە نەماوە لە ولاتی ئیمەدا ، لەبەرئەوە قسە لەم‌بابەتە ناکەین ٠

(بزانن) دابەش‌کردنی میرات پێویستی بە زانینی عیلمی (فتوی)و (نسب)و (حساب) هەیە ٠ یەعنی ئەوکەسەی مال دابەش ئەکا لەبەینی میراتبەراندا ، ئەبێ ئاگای لەو حوکمە شەرعی‌یانە هەبێ کە پەیوەندیان هەیە بە دابەش‌کردنی میراتەوە وەك ئەوە کە بزانێ خاوەن بەشی دیاری کێ‌یە ، وە کێ کە خاوەن بەشی دیاری نەبێ میراتی بەرئەکەوێ ، وە ئەبێ ئاگای هەبێ لە پەیوەندی میرات بەر بە خاوەن‌میراتەوە ، وە ئەبێ حیساب بزانێ ، وە بەتایبەتی دابەش‌کردن ٠

★ ★ ★

ئەوکەسانە کە بەئیجماع میرات وەرئەگرن ، لە پیاوانا ، بەتەفصیل پازدە کەسن : کور ٠ کورەزا هەرچەندیش بەرەوخوار بروا ٠ باوك ٠ باوکی باوك هەرچەند بەرەوژوورتریش بروا ٠ برای باوك‌و دایکی ٠ برای باوکی ٠ برای دایکی ٠ کوری برای باوکی‌و دایکی ٠ کوری برای باوکی ٠ مامی باوکی‌و دایکی ٠ مامی باوکی ٠ کوری مامی باوکی‌و دایکی ٠ کوری مامی باوکی ٠ میردی ژن ٠ خاوەنی پیشووی بەندەی ئازادکراو ٠ ئەمەیان ئیمرو نەماوە ٠

ئەوکەسانەش کە بە ئیجماع میرات ئەبەن ، لە ژنانا ، بەتەفصیل دەکەسن : کچ ٠ کچی کور با بەرەوخواریش بیتەوە ٠ دایك ٠ دایکی دایك ٠ دایکی باوك ٠ خوشکی باوکی‌و دایکی ٠ خوشکی باوکی ٠

خوشکی دایکی • ژن • خاوەنی پیشووی بەندەی ئازاد کراو کـــــە خاوەنەکە ژن بی •

جا ئەگەر ئەم میراتبەرانە هیچیـان نەبوون ، یاخود هـەنـدیـك خاوەنبەشی دیاری (ذوی الفروض) هەبوون ، بەلام شتێ زیـاد لـە بەشەکەیان ئەمایەوە ، ئەوە ئەو میراتە ئەدری بە (بیت المال) خەزینـەی موسولمانان ، مادەم بەپێی شەرع ببری بەریوە • ئەگینا لەوصوورەتەدا کە خاوەن بەشی دیاری هەبی ئەو زیادەیە ئەگەریتـەوە بویـان بـەپێی بەشەکانیان ، وە ئەگەر ئەمانەیش نەبوون ئەدری بە (ذوی الارحام) کە بەکورتی یازدە بەشن •

(یەکەم) ئەو باپیرو نەنکانە کە میراتبەری هەمیشەیی نین ، یەعنی باپیریك کە لەریزی نیرینەی خالیصدا نەبی • وە بە عیبارەتیکیتر عەلاقەی ژن هەبی لەگەیشتنیدا بە مردووەکە • وە نەنکیك کە بەهوی پیـاویکەوە لەبەینی دوو ژنا گەیشتبی بە مردووەکە • وەکو باوکی باوکی دایـك • وە باوکی دایکی باوك • وە باوکی دایکی • وە دایـکی بـاوکی دایـکی مردووەکە •

(دووهەم) ئـــەولادی کچی مردووەکـــە چ کور بن‌و چ کچ • (سیهەم) کچی برا خوای برای باوکی‌و دایکی بی یاخود برای بـاوکی بی یـا بـرای دایـــکی بی • (چـــوارەم) کـوری برای دایـــکی • (پینجەم) ئەولادی خوشك چ کور بن‌و چ کچ • (شەشەم) مامی دایکی• (حەوتەم) کچی مام هەر مامەیەك بی • (هەشتەم) خوشـکی بـاوك • (نوهەم) خوشکی دایك • (دەهـــەم) برای دایك • (یازدەهـــەم) ئەوکەسانە کە ئەگەن بە مردووەکە بەهوی یەکیك لەمبەشانەوە ، تەنهـا جوری یەکەمیان نەبی ، لەبەرئەوە کە هەندی لەوانەی بەهوی ئەوبەشەوە

ئـەگـەن بە مردووەکە میراتبـەری هەمیشـــەیین وەك دایـــك ، وە هەندیکیشیان ناویان هینراوە وەك برای دایكو خوشکی دایك •

(عەصەبە)و خاوەن بەشی دیاریکراو

میراتبەر دوو بەشن • (یەکەم) ئەوانە کە لە قورئانو حـەدیثدا بەشیان بو دیاری نەکراوە • ئەمانە ناویان (عەصەبە)یە • دووهەم ئەوانە کە بەشیان بو دیاری کراوە • ئەمانە ناویـان خاوەن بەشی دیـاریکراوە (ذووا الفروض) •

ئەوبەشانەش کە لە قورئانی پیروزدا باسیان کراوە شەشن : (نیوە ، چواریەك ، هەشتیەك ، دوو سییەك ، سییەك ، شەشیەك) •

یەکەم کە (نیوە)یە بەشی پینج تاقمە • (یەکەم) میردیك کـــە ژنەکەی ئەولادو ئەولادی ئەولادی خاوەن میراتی نەبی چ لەو میردەو چ لە غەیری ئەو میردە • (دووهەم) تاقە کچە ، یەعنی ئەوەی خوشـكو برای خوی لەگەلدا نەبی • (سیهەم) تاقە کچیکی کور کە نە خوشكو براو نە ئەولادی مردووەکەی لەگەلدا نەبی • (چوارەم) تاقە خوشکی باوکیو دایکی کە برای لەگەلدا نەبی • (پینجەم) تاقە خوشکی باوکی کە نە براو نە کورو کچی مردووەکەی لەگەلدا نەبی •

دووەمیش کە (چواریەك)ە بەشی دوو تاقمە • (یەکەم) میردیك کە ژنەکەی ئەولاد یا ئەولادەزای میراتبەری نەبی • (دووەم) ژنیك یـا زیاتر لە ژنیك تا چوارژن کـــە میردەکـــەیان ئەولاد یا ئـــەولادەزای میراتبەری نەبی •

سیهەمیش کە (هەشتیەك)ە بەشی ژنیکە یا زیاتر لە یەك ژن کـە میردەکەیان ئەولاد یا ئەولادەزای میراتبەری هەبی •

چوارەمیش کــــە (دووسی‌یەك)ە ، یەعنی دوو بەش لە سی بەشی مال ، ئەمیش بەشی چوار تاقمە • (یەکەم) دوو کچ یا زیـــاتر لــە دوو بەوشەرتە کە برایان لەگەل نەبی • (دووەم) دوو کچی کور یا زیاتــر بەوشەرتە نە لەگەل برای خویانو نە لەگەل چینیکی لای ســـــەرووی خویانا نەبن لە ئەولادو ئەولادەزای مردووەکە • (سیهەم) دوو خوشکی باوکی‌و دایکی یا زیاتر لە دوو خوشك ، بەوشەرتە نــە لــەگــەل برای خویانا وە نە لەگەل ئەولادی مردووەکـــــەدا نەبن • (چوارەم) دوو خوشکی باوکی یا زیاتر بەوشەرتە نە لەگەل برای خویانا وە نە لەگــەل خوشکی باوکی‌و دایکی یا برای باوکی‌و دایکی‌دا ، وە نە لەگەل ئەولادی مردووەکەدا نەبن •

پینجەمیش کە (سی‌یەك)ە بەشی دوو تاقمە • (یەکــەم) دایــکی مردووەکە بەوشەرتە کە مردووەکە ئەولادی نەبی و کورەزایشی نەبی ، وە ژمارەیەکیشی لە براو خوشك نەبی • (دووەم) ژمارەیــەك لــە براو خوشکی دایکی • هەندی‌جاریش ئەدری بە باپیرە کە لەگەل براو خوشکی مردووەکەدا کوببیتەوە •

شەشەمیش کە (شەش‌یەك)ە بەشی حەوت تاقمە • (یەکەم) باوکی مردووەکە • (دووەم) باپیری مردووەکە بەوشەرتە مردووەکە ئــەولاد یاخود کورەزای ببی • (سیهەم) دایکی مردووەکە بەوشەرتە مردووەکە کور یا کورەزای ببی • یاخود ژمارەیەکی لە براو خوشـــــــك ببی • (چوارەم) بو نەنکیکە یا زیاتر لە نەنکیك بەوشەرتە کە نەگاتەوە بـــە مردووەکە بەهوی پیاویکەوە لەبەینی دوو ژندا ، خوای بەهوی تەنهـــا پیاوەوە یا بەهوی تەنها ژنەوە یا بەهوی هەردولایانەوە بگا بە مردووەکە • (پینجەم) کچی کورە یەکیك بی یا زیاتر بەوشەرتە لــەگــەل کچی

مردووەکەدا یا لەگەل کچی کوریکی لەخـــوی بەرەوژوورتردا نەبی‌و برایشی لەگەلدا نەبی • (شەشەم) بو خوشکی باوکی‌یــە یەکیــك بی یا زیاتر ، بەوشەرتە لەگەل خوشکیکی باوکی‌و دایکیـــدا بی‌و بــرایشی لەگەل نەبی • (حەوتەم) بو تەنها برا یا تەنها خوشکی دایکی‌یە •

هەرچی میراتبەریکی‌تری غەیری ئەمانە کە لە قورئان‌و حــەدیثدا ناویان هاتبی ، هەموویان عەصەبەن ، هەرچەند هەندی لەمانە کە خاوەن بەشی دیاری کراون ، جاروبار بە عەصەبەیش میرات ئەبەن ، وەك باوك‌و باپیرەو کچی مردووەکەو کچی کوری مردووەکەو خوشـــــکی باوکی‌و خوشکی باوکی‌و دایکی وەکو لەمەولا خوا یار بی باسیان ئەکەین •

(بزانن) ریگای زورکردنی نەنك چەند جوری هەیە • یەکیـــك لەوانە ئەوەیە کە لەبەینی نەنك‌و مردووەکەدا چوار باوك بی مەسەلا • ئەمجار لەپال نەنکەکەدا یەکیکیان بگورری بە دایك ، ئەمجار دوانیـــان ، ئەمجار سیانیان ، ئەمجار هەر چواریان وەکـــو دایـــکی بـــاوکی باوکی باوکی مردووەکە ، یا دایکی دایکی باوکی باوکی ، یا دایکی دایکی دایکی باوکی ، یا دایکی دایـــکی دایـــکی دایـــکی مردووەکە •

باسی تەرتیبی عەصەبەکان

ئەو میراتبــەرانە کــە بەشـــیان دیـــاری نـــەکراوەو پی‌یان‌ئەوتری (عەصەبە) ، ریزیکی تایبەتی‌یان هەیە لەسەر ئەو ریـــزە ئەبن بـــە میراتبەر ، یەعنی تا یەکەمیان وەستابی دووهەمیان میرات نابـــا ، وە تـــا دووهەمیان وەستابی سیهەمیان میراتی نی‌یە •• وە بەم‌جورە • ئـــەمـــانـــە یەکەمیان (کور)و دووهەمیان (کوری کور)ە هەرچەند بەرەو خواریش بروا • وە سیهەمیان (باوك)و چوارەمیان (باوکی باوك)ە هـــەرچەنـــد

بەرەوژووریش بروا بەریز • پینجـەمیـــان (برای باوکی‌و دایـکی)و شەشەمیان (برای باوکی)یە • بەلی ئەگەر باپیرە لەگەل براو خوشـکی باوکی‌و دایکی یا باوکی‌دا گرد بیتەوە ئەوە حوکمیکی تایبەتی‌یان هەیە •

حەوتەم (کوری برای باوکو دایکی) • هەشتەم (کوری بـرای باوکی) هەتا بەرەوخواریش برون بەتەرتیب • بەلی نزیکی لای بی‌هیـز پیش ئەکەوی لە دووری لای بەهیز ، کەواتە کوری برای بـاوکی پیش ئەکەوی لە کورەزای برای باوکو دایکی ، وە هەروەهـا لەسـەر ئـەم قیاسە • نوهەم (مامی باوکو دایکی) • دەهـــەم (مـامی بـاوکی) • یازدەهەم (کوری مامی باوکو دایکی)• دوازدەهەم (کوری مامی باوکی) ، وە دەستوورە پیشووەکە لیرەیشدا هەیە • کەواتە کوری مامی بـــاوکی پیش‌ئەکەوی لە کورەزای مامی باوکی‌و دایکی •

سیازدەهەم (مامی باوکی مردووەکە) لەلایەنی باوکو دایکەوە • چواردەهەم (مامی باوکی مردووەکە) لەلایەنی باوکەوە • پانزەهـــەم (کوری مامی باوک) لەلایەنی باوکو دایکەوە • شانزەهەم (کوری مامی باوك) لەلایەنی باوکەوە لەسەر ئوسوولی پیشوو ، ئەمجـــار مامی باپیری مردووەکە بەوجورە کە باس‌کرا ، یەعنی لەلایەنی باوکو دایکەوە ، یـا لەلایەنی باوکەوە • جا ئەگەر عەصەبەی نەسەب نەبوو ، ئەوجـار میرات ئەدری بە (معتق) یەعنی ئەو خاوەنە کە بەندەکـــەی ئازاد کردووە ، ئەگەر مردووەکە کونە بەندە بوو •

باسی (مخارج الفروض)
یەعنی ئەو ژمارانەی کە بەشە دیاریکراوەکانیان بەساغی لیدەرئەچی

ئەو ژمارانە کە بەشە دیاری کراوەکانیان بەساغی لیدەرئـەچی ، بەمجورەن کە باسیان ئەکەین : (نیوە) لە (دوو) دەرئـەچی ، یەعنی ئەگەر بمانەوی نیوەی میرات بدەین بە خاوەنفەرز ، ئەبی ئەو میراتـە بکەین بە دووبەشەوە ، ئەوجا بەشیکیان بدەین بە خاوەن فەرزەکـە • (چواریەك)یش لە (چوار) دەرئەچی • (هەشتیەك)یش لە (هەشت) دەرئەچی • (سییەك)یش لە (سی) دەرئەچی ، هەروەها (دوو سییەك)• (شەشیەك)یش لە (شەش) دەرئەچی • وە ئەگەر کەسریکی ئیضافە کراو هەبوو وەك (نیوەی چواریەك) ئەوە ئەبی ضەربی ئیضافە کراوەکە بکەین لە ئیضافە بولاکراوەکە ، کـەواتـە (نیوەی چواریەك) لە هەشت دەرئەچی ، وە (سییەکی نیوە) لە شەش دەرئەچی ، وە (سییـەکی چواریەك) لە دوازدە دەرئەچی ، وە (سییەکی شەشیەك) لە هـەژدە دەرئەچی •

مەخرەجی چەند کەسریکی عەطفکراو یەعنی چەند کەسریك کە بەیەکەوە تەماشا بکرین ، عەددیکە کە ئەو کەسرانـەی بەسـاغی لیدەربچی • کەواتە (سییەكو چواریەك) لە (دوازدە) دەرئەچن ، وە بەئوسوولی ضەرب مەخرەجی کەسری یەکەم ضەرب ئـەکری لـە کەسری دووهەم •

ئەصلی مەسئەلە

ئەصلی مەسئەلە بەو ژمارەیە ئەلین کە ئەوبەشـانەی کـە لـە مەسئەلەکەدا مەتلەبن لەو ژمارەیە دەربچن • جا ئەگەر میراتبەرەکـان

عەصەبە بوون ، ئەوە ئەصلی مەسئەلە ژمارەی سەری میراتبەرەکانە • جا ئەگەر نیرینەو مێینە کوبوونەوە ، ئەوە لەویادا نیرینە سەری بە دوو سەر ئەژمێرری ، هەروەك لە بەشا دووقاتی پیئەدری • وە ئەگەر خاوەن فەرزی تیا بوو ، ئەوە ئەصلی مەسئەلە لەسەر مەخرەجی فەرزەکـــە دائەنری • کەواتە ئەصلی مەسئەلەیەك کە ژنێك‌و کوریکی تیابی هەشتە کە مەخرەجی فەرزی ژنەکەیە ، یەك بو ژنەکەو حەوت بو کورەکە • وە ئەصـــــلی مەسئەلەیەك کە براو ژنی کابرای مردووی تیابی ، چوارە کە مەخرەجی فەرزی ژنەکەیە ، یەکیکی بو ژنەکەو سیی بو براکە •

وە ئەصلی مەسئەلەیەك کە دوو کچ‌و برای مردووەکەی تیابی سیانە کە مەخرەجی دووسی‌یەکەکەی کچەکانە ، دوو بو کچەکان‌و یەکیك بو براکە • وە ئەصلی مەسئەلەیەك کە دایك‌و باوکی مردووەکەی تیابی هەم سی‌یە کە مەخرەجی فەرزی دایکەکەیە کە سی‌یەکە، یەکیکی بو دایکەکەو دوانی بو باوکەکە • وە ئەصلی مەسئەلەیەك کـــە میردی مردووەکـــەو برایەکی تیابی دووە کە مەخرەجی فەرزی میردەکەیە کە نیوەیە،یەکیك بو ئەوو یەکیك بو براکەی • وە ئەصلی مەسئەلەیەك کە دایکی مردووەکەی تیابی لەگەل کوریکا شەشە کە مەخرەجی فەرزی دایکەکـەیـە کـــــە شەش‌یەکە ، یەکیکی بو دایکەکەو پینج بو کورەکە •

باسی نیسەت لەبەینی مەخرەجی چەند فەرزیکدا کە بکەونە یەك

هەروەختیك چەند فەرزیك لەیەكمەسئەلەدا کەوتنەیـەك ، ئــەوە مەخرەجی ئەم فەرزانە یا (تماثل)یان لەبەیندایە یا (تداخل) یا (توافق) یا (تباین) • ئەگەر دوو مەخرەجەکە یەك بوون وەکو دوو (نیوە) لە مەسئەلەی میردیك‌و خوشکیکی باوکی‌دا ئەوە تەماثولیان لەبەیندایە • وە

ئەصلی مەسئەلە مەخرەجی فەرزەکەیە وەکو (دوو) ، لەمصوورەتەدا • ئەگینا ئەگەر زورەکەیان بە کەمەکە ئەفەوتا بە دووجار یا زیاتر ئەوە تەداخولیان لەبەینداییەو ژمارە زورەکەیان دائەنری بە ئەصلی مەسئەلە وەکو (دووسی‌یەك)و (شەش‌یەك) لە مەسئەلەیەکدا کە میراتبەر دایك بی لەگەل دوو کچدا ، ئیستە ئەصلی مەسئەلە شەشە ، چوار بو دوو کچەکەو یەکیك بو دایکەکە ، وە یەکەکەی‌تری کە ئەمینیتەوە ئەدریتە دواوە بوسەریان بە ئوسوولی بەشەکان ، وە لەئەنجامدا مەسئەلەکە لە پینج‌دا تەواو ئەبی •

وە ئەگەر زورەکە بە کەمەکە نەئەفەوتا بە دووجار یا زیاتر لەبەرئەوە کە یا کەم ئەبوو یا زیاد ئەبوو ، وە هەردووکیان ئەفەوتان بە ژمارەیەکی جیا لەخویان ، ئەوە تەوافوقیان لەبەینداییە وەك (شەش‌یەك)و (هەشت‌یەك) لە مەسئەلەی ژنو دایكو کوریکا • جا ئەگەر ئەو ژمارەیە کە ئەمانەی ئەفەوتاند دوو بوو کە مەخرەجی (نیوە)یە ، ئەوە ئەو دوو ژمارەیە مەشهوورن بە (متوافق بالنصف) ، وە ئەصلی مەسئەلەکە حاصلی ضەربی نیوەی یەکیکیانە لە تەواوی ئەویانا • ئیستە لەم مەسئەلەیەدا سی ضەرب ئەکەین لە هەشتدا ئەبی بە بیست‌و چوار ، بو ژنەکە سی‌و بو دایکەکە چوارو ئەویشی بو کورەکە ••

وە ئەگەر ئەو ژمارەیە کە ئەم دوانەی ئەفەوتاند سی بوو وەکوو شەش‌و نو ، ئەوە مەشهوورن بە (متوافق بالثلث) •• وە بەم‌جورە ••

ئەگەر وەها ریکەوت ئەو دوو ژمارەیە بە چەند ژمارەیەك ئەفەوتان کە مەخرەج بوون بو (نیوە)و بو (چواریەك)و بو (هەشت‌یەك) ئەوە (وفق)ە وردەکەیان ئەگیری کە بریتی‌یە لەویانە کە بە ژمارە زورە ، بەلام بەئەندازە لەوان کەمترە وەك (هەشت‌یەك) لەم‌شوینەدا کە باسمان کرد•لەبەرئەوە هەتا

کەسرەکە وردتر بێ حاصلی ضەربەکە کەمترە ، وە بە ئاسانتر حیسابەکە ئەبریتەوە • ئەمە لای ژمارەکەران (محاسب) زۆر مەتلەبە •

وە ئەگەر ئەو دوو ژمارەیە نەئەفەوتان بە یەك نەبیو یەکیش بە ژمارە دانانری ، ئەوە ئەو دوو ژمارەیە تەبایونیان لەبەینداییەو ئەصلی مەسئەلەکە حاصل ضەربی یەکیکیان ئەبی لەویاندا ، وەك (سییەك)و (چواریەك) لە مەسئەلەی دایكو ژنو برادا • لیرەدا ئەصلی مەسئەلەکە دوازدەیە ، سی بو ژنەکەو چوار بو دایکەکەو ئەوی‌تری کە پینجە بو براکەیە •

جا لەسەر ئەم تەفصیلاتە کە باسمان کرد ، ئوصوولی مەسئەلە حەوتن (دوو ، سی ، چوار ، شەش ، هەشت ، دوازدە ، بیستو چوار) ، لەبەرئەوە کە ئەگەر فەرز یەکیك بی یا دوو فەرزی موتەمائیل ئەوە دەرناچی لە مەخرەجی ئەو فەرزانە کە ناویان براوە • (مع العلم) سی‌یەكو دووسی‌یەك هەردوکیان یەك مەخرەجیان هەیە • هەروەها ئەگەر جیاجیاو موتەداخیل بوون وەك سی‌و شەش • وە ئەگەر موتەوافیق بوون وەك چواریەكو شەش‌یەك ، یا موتەباین بوون وەك سی‌یەكو چواریەك ، ئەوە بە ضەربی کەسری یەکیکیان لە تەواوی ئەوی‌تریانا یاخود بە ضەربی تەواوی یەکیکیان لە تەواوی ئەویاندا،ئەگەر لە ژمارەی مەخاریجی شەش فەرزە مەشهوورەکە دەربچن ، لە مەسئەلەی دوازدەو بیستو چوار دەرناچن •

بەلی عالمە متأخرەکانی مەذهەبی شافیعي دوو ئەسلی‌تریان بریار داوە • یەکەم (هەژدە) لە مەسئەلەی باپیرەو چەند برایەکدا لەوشوینانەدا کە سی‌یەکی پاشماوە لەپاش فەرز باشتر بی بو باپیرە • دووهەم (سی‌و شەش) وەك لەمەولا باسی ئەکەین ، خوا یار بی •

باسی (حجب)
یەعنی مەنعکردنی میراتبەر لە میراتبردن

(حجب) لەشەرعدا بریتی‌یە لە مەنعکردنی کەسێك کە سەبەبی میرات بردنی هەبێ لە وەرگرتنی هەموو بەشە میراتەکەی یا لە هەندیکی • جا ئەگەر مەنعکرا لە وەرگرتنی هەموو بەشە میراتەکەی ئەوە پێی‌ئەلێن (حجب الحرمان) • وە ئەگەر مەنعکرا لە وەرگرتنی هەندیکی‌و بەشەکەی کەمکرایەوە ، وەك لە باسی (فروضی مقدرە)دا باسمانکرد کە بەهۆی منداڵەوە بەشی مێرد لە نیوەوە دیتە خوارو ئەبێ بە چواریەك ، وە بەشی ژن لە چواریەکەوە دیتە خوارو ئەبێ بە هەشتیەك ، ئەوە پێی‌ئەلێن (حجب النقصان) • جا ئەم بەتەواوی بێ‌بەشکردنە یا لەبەر وەصفە یا لەبەر (شەخصە) یا لەبەر (استغراق)و داگرتنی هەموو بەشەکانە لەلایەن خاوەن بەشەکانەوە •

بێ‌بەشکردنی تەواو لەبەر وەصف ئەوەیە بەهۆی یەکێ لە مانیعەکانی میرات وەرگرتنەوە میرات وەرگرەکە بێ‌بەش بکرێ لە میرات وەرگرتن • یەکێك لەو مانیعانە جیاوازیی ئایینی میراتبەرو مردووەکەیە وەك ئیسلامەتی‌و کوفر • کەواتە کافر لە موسوڵمان‌و موسوڵمان لە کافر میرات وەرناگرن • بەڵێ کافر میرات لە کافر وەرئەگری هەرچەند ئایینیشیان جیا بێ ، ئەوەندە هەیە کافری کە لە وڵاتی موسوڵمانان یا وڵاتی ژێردەستەی موسوڵمانانا دانیشتبێ میرات وەرناگرێ لە کافرێ کە لە وڵاتێکا بێ کە لەحاڵی جەنگدا بێ لەگەڵ موسوڵمانان ، وە بە پێچەوانەشەوە • هەروەها کافری پاشگەز بووەوە (مرتد) میرات لە کەس وەرناگرێ‌و کەسیش میرات لەو وەرناگرێ ، وە هەر میراتێکی لێ بەجێ‌بمێنێ بە (فیئ) دائەنرێ‌و ئەخرێتە

گەنجینەی موسولمانانەوە • هەروەها (زندیق)یش کە هیچ ئایینیکی نەبی ، نە میرات لە کەس وەرئەگری‌و نە کەس میراتی لی‌وەرئەگری •

یەکیکی‌تر لەو مانیعانەی کـــە ریگـای میرات وەرگرتن ئـــەگرن بەندەیی‌یە (رق) • بەندە نە میرات لە کەس وەرئەگری‌و نە کەس میراتی لی‌وەرئەگری • مانیعیکی‌تریش کوشتنە (قتل) • هەرکەس کەسیك بکوژی بە حەق یا بە ناحـــەق ، وە بە دەســـەنقەست یا بە هەلە ، ئـەوە میرات لە کوژراوەکە وەرناگری •

هویەکی‌تری میرات وەرنەگرتن (دەوری حوکمی)یە کە بریتی‌یـــە لەوە میراتدان بە کەسیك ببی بەهوی میرات پی‌نەدانی • مەسەلا ئەگەر برای مردوویەك ئیقراری کرد مامی فلان کەس کوری برا مردووەکەمە ، ئەوە نەسەبی ثابت ئەبی ، بەلام نابی میراتی وەربگری لەبەر ئەوە کـــە ئەگەر میرات لە باوکی وەربگری ئـــەبی مامی میرات نەبا ، وە مادەم مامی میرات نەبا نەسەبی ئەم کورەیش ثابت نابی چونکە شەرتی تەئثیری ئیقرار بە نەسەب ئەوەیە میراتبەر بیکا ، وە مادەم نەســـەبی ثابت نەبوو میرات نابا • ئەنجامیش ئەوەیـــە مادەم ئـــەم کورە میرات ببا ، ئەبی میرات نەبا • ئەوەیش مەحالە • بەلی پیغەمبەرایـــەتی (نبوّت) مانیعی ئەوەیـــە میراتی لی‌وەربگیری • ئەم حوکمەیش هەر بەکاری زەمانی حەزرەتی عیسا دیت (علی نبینا وعلیه الصلوة والسلام) •

جوریکی‌تری بی‌بەش‌کردن بەتەواوی بەهوی شەخصەوەیە • جـــا لیرەدا ئەبی بزانین باوكو دایكو ژنو میردو کورو کچ هـــەرگیز بەهوی ئەمجورە بی‌بەش‌کردنەوە بی‌بەش‌نابن • بەلام کوری کور بی‌بەش ئـــەبی بە کوری مردوو یا بە کوری کوری کـــە لەخوی نزیکتر بی ، وە باپیرە

بی‌بەش ئەبی بەپیاوی کە لەبەینی ئەوو مردووەکەدا بی ، وە برای باوکیو دایکی بی‌بەش ئەبی بە باوكو کورو کوری کور ، وە برای باوکی بی‌بەش ئەبی بەم کومەلەو بە برای باوکیو دایکی‌یش ، هەروەها بـــە خوشکیکی باوکیو دایکی‌یش کە لەگەل کچی مردووەکە یا لەگەل کچی کوریا بی • وە براو خوشکی دایکی بی‌بەش ئـەبن بە باوكو باپیرەو بـــە ئـــەولادی مردووەکە ، وە بە ئەولادی کوری هەرچەند بەرەوخواریش بووبیتەوە • بەلی ئەگەر باپیرە لەگەل براو خوشکی باوکیو دایکی یا براو خوشـــکی باوکی‌دا کوبووەوە ، ئەوە حوکمیکی تایبەتی‌ی هەیەو لەمەولا خوا یار بی باسی ئەکەین •

کوری برای باوکیو دایکی بی‌بەش ئەبی لە میرات بە باوكو باپیرە ، وە بە کورو کوری کوری مردووەکە ، وە بە برای باوکیو دایکی ، وە بە برای باوکی • وە کوری برای باوکی بی‌بەش ئەبی لە میرات بەمانـەو بە کوری برای باوکیو دایکی‌یش • بەلی کوری برای باوکی کوری کوری برای باوکیو دایکی بی‌بەش ئەکا لە میرات چونکە ئـەم نزیکترە ، وە ئەم ئوسوولە ئیش ئەکا نـــە هـــەموو بی‌هیزیکی نزیکا کە کوببیتەوە لەگـەل بەهیزیکی دووردا •

مامی باوکیو دایکی بی‌بەش ئەبی لە میرات بەوانەی باسمان‌کردنو بە کوری برای باوکی • وە مامی باوکی بی‌بەش ئەبی بەمانەو بە مامـــی باوکیو دایکی • وە کوری مامی باوکیو دایکی بی‌بەش ئەبی بەوانەو بە مامی باوکی وە کوری مامی باوکی بی‌بەش ئەبی بەوانەو بە کوری مامـــی باوکیو دایکی ، وە هەر بەم‌پی‌یە لەلایەنی مامی باپیرەیشەوە • وە نـــەو خاوەن بەندەیە کە بەندەی ئازاد کردووە بی‌بەش ئەبی بەهوی عەصەبەی نەسەبی ئازاد کراوەکـــەوە • وە کچی کور بی‌بـــەش ئەبی بـــە کوری

مردووەکەو بە دوو کچیشی یا زیاتر لە دوو کچ ئەگەر کەس نەبی ئــەم کچی کورە بکا بە عەصەبە وەکــو برای یا برازای خوی وەکو لەمەولا باسی ئەکەین •

نەنکی تەرەفی دایك کەس بی‌بەشی ناکا دایك خوی نەبی • بەلام نەنکی تەرەفی باوك بە باوکیش‌و بە دایکیش بی‌بەش ئەبی • وە نەنکی دوور لە هەر تەرەفیکەوە بی بی‌بەش ئەبی بە نەنکی نزیك لەوتەرەفەوە • کەواتە دایکی دایکی دایك بی‌بەش ئەبی بە دایکی دایك ، وە دایکی باوکی باوك بی‌بەش ئەبی بە دایکی باوکـ • بەلی ئەگەر نەنکە دوورەکە لە تەرەفیکی‌تریشەوە بگا بە مردووەکە ئەوە بی‌بەش نابی بەو نزیکە • مەسەلا ژنی ببی کچی کچی ئەو شوو بکا بە کوری کوری کوری ، جــا ئەو کچە شوو کردووە بمری‌و دوو نەنکی لی بەجی‌بمینی : دایکی دایکی‌و دایکی دایکی دایکی ، لەم‌صوورەتەدا نەنکە دوورەکە بی‌بەش نابی بە نەنکە نزیکەکە ، لەبەرئەوە کە هەروەکو لە تەرەفی دایکەوە نەنکی مردووەکەیە ، لە تەرەفی باوکیشەوە هەر نەنکیەتی ، وە لەواقیعدا دایکی باوکی باوکی باوکی ئەم مردووەیشە •• کەواتە شەش‌یەکەکە هەر بە هاوسانی لەبەینی خویانا بەش ئەکەن ••

دایکی باوکی باوك بی‌بەش ئەبی بە دایکی باوك ، ئەگەر ئەو نەنکە لەلایەنی دایکیشەوە نەگا بە مردووەکە وەکو وینــەی میســالی پیشوو • هەروەها نەنکی دوور لە تەرەفی باوکەوە بی‌بەش ئەبی بە نەنکی نزیــك لەتەرەفی دایکەوە • کەواتە دایکی باوکی باوك بی‌بەش ئەبی بە دایکــی دایك ، بەلام پیچەوانەی ئەمە نی‌یە • کەواتە دایکی دایکی دایك بی‌بەش نابی بە دایکی باوك بەلکو هەردوکیان لە شەش‌یەکەدا بەشدارن •

خوشکی باوکی‌و دایکی یا باوکی وه‌کو برا وایه ، برا به کی بی‌به‌ش ببی ئه‌میش به‌و که‌سه بی‌به‌ش ئه‌بی • که‌واته خوشکی باوکی‌و دایکی بی‌به‌ش ئه‌بی به باوك‌و بـه کورو بـه کوری کور ، وه به دوو کچی مردووه‌که‌و به دوو کچی کوریشی ئه‌گه‌ر له‌گه‌ل ئه‌م خوشکه‌دا که‌سیکی وه‌ها نه‌بی بیکا به عه‌صه‌به ، وه خوشـکی باوکی به‌مـانه بی‌بـه‌ش ئه‌بی ، هه‌روه‌هـا به برای باوکـی‌و دایکی‌یش ، وه به دوو خوشکی باوکی‌و دایکی‌یش به‌وشه‌رته برای باوکی له‌گه‌ل ئه‌م خوشکه‌دا نه‌بی • هه‌روه‌ها بی‌به‌ش ئه‌بی به خوشـکیکی باوکی‌و دایکی‌یش ئه‌گـه‌ر له‌گـه‌ل کچی مردووه‌که یا له‌گه‌ل کچی کوریا بی •

عه‌صه‌به‌ی غه‌یری کورو غه‌یری ئه‌و عه‌صـه‌بانه‌ی کـه به فه‌رزیش به‌ش ئه‌به‌ن وه‌کو باوك‌و باپیره‌و برای بـاوکی‌و دایـکی لـه مه‌سئه‌لـه‌ی (مشرکه)دا ، وه خوشکی باوکی‌و دایکی یا باوکی لــه مه‌سئه‌لـــه‌ی (اکدریة)دا ، بی‌به‌ش ئه‌بن به کومه‌لیك له خاوه‌ن‌فه‌رز که هه‌موو میراته‌که دابگرن ، مه‌سه‌لا وه‌کو مه‌سئه‌له‌ی میردیك‌و برایه‌ك یا خوشکیکی دایکی‌و دایکیك‌و مامه‌یه‌ك ، ئه‌م مه‌سئه‌له‌یه له شه‌شه ، وه زیاد ئه‌کری بو حه‌وت • میرده‌که سی به‌ش‌و دایکه‌که دوو به‌ش‌و برا دایکی‌یه‌که به‌شیك ئه‌به‌ن ، وه له‌به‌رئه‌وه که هیچی لی‌نامینیته‌وه مامه‌که بی‌به‌ش ئه‌بی •

(بزانن) شه‌رتی ئه‌وه که که‌سیك میرات‌به‌ریك بی‌به‌ش بکا له میرات ئه‌وه‌یه ئه‌م‌که‌سه بی‌به‌ش‌که‌ره خوی میرات ببا • که‌واته ئه‌گـه‌ر که‌سیك خوی بی‌به‌ش بی له میرات ناتوانی که‌س بی‌به‌ش بکا له میرات • بـه‌لی عالمه‌کانی شه‌رع نو صووره‌تیان جیا کردووه‌ته‌وه • لـه‌و نو صووره‌ته‌دا میرات‌نه‌به‌ر ئه‌بی به‌هوی بی‌به‌ش‌کردنی میرات‌به‌ر • (یه‌که‌م) مه‌سئه‌له‌ی باوك‌و دایك‌و ژماره‌یه‌ك له براو خوشك • ئیسته ئه‌م خوشك‌و برایانــه

دایکەکە لە سی‌یەکەوە دائەپەرینن بو شەش‌یەك ، کەچی خویشیان لەبەر باوکەکە میرات نابەن • ئەم مەسئەلەیە لە شەشە کە مەخرەجی (شەش‌یەك)ی دایکەکەیە • یەکیکی بو دایکەکەو ئەوی‌تری بو باوکەکەیە •

(دووەم) مەسئەلەی دایك‌و دوو برای دایکی‌و باپیرەیە • لەم‌مەسئەلەیەدا براکان دایکەکە لە سی‌یەکەوە دائەپەرینن بو شەش‌یەك ، لەگەل ئەوەشدا کە خویشیان بی‌بەش کراون لە میرات بەهوی باپیرەکەوە • ئەم مەسئەلەیە لە شەشە کە مەخرەجی شەش‌یەکی دایکەکەیە ، یەکیکی بو ئەوو ئەوی‌تری بو باپیرەکە •

(سیهەم) مەسئەلەی دایك‌و باپیرەو برایەکی دایکی‌و برایەکی باوکی‌یە • ئەم‌دووبرایە دایکەکە لە سی‌یەکەوە دائەپەرینن بو شەش‌یەك ، لەگەل ئەوەشدا کە برا دایکی‌یەکە بی‌بەش کراوە بەهوی باپیرەکەوە • ئەم مەسئەلەیەیش لە شەشە کە مەخرەجی شەش‌یەکی دایکەکەیە•یەکیکی بو ئەوو پینجی بو باپیرەکەو برا باوکی‌یەکە • جا لەبەرئەوە کە ئەم پینجە بەش ناکری بەسەر ئەم‌دوانەدا ، ضەربی‌دوو ئەکەین لە شەش ئەبی بە دوانزە : دووی بو دایکەکەو ، براو باپیرەکەیش یەکی پینجی وەرئەگرن ، چونکە لەم‌جورەشوینەدا براو باپیرە برابەشن •

(چوارەم) مەسئەلەی باپیرو برایەکی باوکی‌و دایکی‌و برایەکی باوکی‌یە • لەم مەسئەلەیەدا ئەم دوو برایە ئەبن بەهوی ئەوە باپیرەکە لە نیوەی میراتەکەوە داپەرینن بو سی‌یەك ، چونکە لەصوورەتدا سی بران ، لەگەل ئەوەشدا کە برا باوکی‌و دایکی‌یەکە برا باوکی‌یەکە بی‌بەش ئەکاو بەشەکەی ئەویش وەرئەگری • کەواتە ئەو میراتە کە سی بەش بووە دوو بەشی بو برا باوکی‌و دایکی‌یەکەو بەشیکی بو باپیرەکەیە • وە ئەگەر

برا باوكی‌یەكە نەبوایە ئەكرا بە دوو بەشەوە ، بەشێكی بۆ باپیرەكەو ئەوبەشەكەی بۆ برا باوكی‌و دایكی‌یەكە •

(پێنجەم) مەسئەلەی دایك‌و برایەكی باوكی‌و دایكی‌و برایەكی باوكی‌یە • لەم‌مەسئەلەیەدا ئەم دوو برایە دایكەكە لە سێ‌یەكەوە دائەپەرێنن بۆ شەش‌یەك ، لەگەل ئەوەشدا كە برا باوكی‌یەكە بێ‌بەش كراوە بەهۆی برا باوكی‌و دایكی‌یەكەوە • ئەم مەسئەلەیە لە شەشە كە مەخرەجی شەش‌یەكی دایكەكەیە ، یەكێكی بۆ ئەوو ئەوی‌تری بۆ براكە •

(شەشەم) مەسئەلەی مێردو دایك‌و خوشكێكی باوكی‌و دایكی‌و برایەكی باوكی‌یە • لەم‌مەسئەلەیەدا خوشك‌و براكە دایكەكە لە سێ‌یەكەوە دائەپەرێنن بۆ شەش‌یەك ، لەگەل ئەوەشدا كە برا باوكی‌یەكەیش بێ‌بەش كراوە لە میرات بەهۆی ئەوەوە كە خاوەن فەرزەكان هەموو میراتەكەیان داگرتووەتەوە • ئەم مەسئەلەیە لە شەشە كە مەخرەجی شەش‌یەكی دایكەكەیە ، وە زیاد ئەكری بۆ حەوت • سێ بەشی بۆ مێردەكەو ، سێ بەشی بۆ خوشكە باوكی‌و دایكی‌یەكەو ، بەشێكی بۆ دایكەكەیە •

(حەوتەم) مەسئەلەی مێردو خوشكێكی باوكی‌و دایكی‌و براو خوشكێكی باوكی‌یە • مەسئەلەكە لە دووە كە مەخرەجی فەرزی مێردەكە یا فەرزی خوشكەكەیە كە نیوەیە • یەكێك بۆ مێردەكەو یەكێك بۆ خوشكەكەیە • وە برا باوكی‌یەكە ئەبێ بەهۆی بێ‌بەش بوونی خوشكە باوكی‌یەكە چونكە كردوویەتی بە عەصەبە • وە ئەگەر ئەو نەبوایە خوشكە باوكی‌یەكە شەش‌یەكی مالی ئەبردو مەسئەلەكە لە شەش ئەبوو ، وە ئەچوو بۆ حەوت • بەلام مادەم ئەویش بوو بە عەصەبە وەكو براكە ، هەردوكیان بێ‌بەش بوون بە داگرتنی میراتەكە لەلایەن خاوەن فەرزەكانەوە•

(هەشتەم) مەسئەلەی دایك‌و دوو برای دایكی‌و خوشكێكی باوكی‌و

دایکی‌و براو خوشکیکی باوکی‌یە • ئەم مەسئەلەیە لە شەشە کە مەخرەجی فەرزی دایکە کە شەش‌یەکە • یەکیك بو دایکەکـــەو دوو بو دوو برا دایکی‌یەکەو سی بو خوشـــکە باوکی‌و دایکی‌یەکە ، وە براو خوشکـــە باوکی‌یەکە بی‌بەشن بـــەهوی ئـــەوەوە کە خاوەن فـــەرزەکان هەموو میراتەکەیان داگرتووە • ئیستە ئەگەر براکە خوشکەکەی نەکردایە بـــە عەصەبە ، شەش‌یەکیکی بو دائەنراو مەسئەلەکـــە زیاد ئەکرا بو حەوت • بەلام مادەم کردی بە عەصەبە بی‌بەشی کرد لە فەرزەکەی لەگەل ئەوەشدا کە خویشی بی‌بەشە بەهوی ئەوەوە کە خاوەن فەرزەکان هەموو میراتەکەیان داگرتووە •

(نوهەم) مەسئەلەی میردو باوك‌و دایك‌و کچیك‌و کوری کورو کچی کورە • میردەکە چواریەك‌و باوکەکە شەش‌یـــەك‌و دایکەکە شەش‌یەك‌و کچەکە نیوەی مالەکە ئەبەن • مەسئەلەکە لە دوازدەیە بەهوی ضەرب کردنی چوارەوە لە سی ، وە زیاد ئەکری بو سیازدە بەش • کچەکە شەش بەش‌و میردەکە سی بەش‌و باوك‌و دایکەکەیش یەکی دوو بەش ئەبەن ، وە کوری کورەکە خوشکەکەی ئەکا بە عەصەبـــە • جا هـــەردوکیان بی‌بەش ئەبن بەهوی ئەوەوە کە خاوەن فەرزەکان مالەکەیـــان هەموو داگرتووە ، وە ئەگەر ئەو کورە خوشکەکەی نەکردایـــە بە عەصـــەبە شەش‌یەکیکی بو دائەنرا وە ژمارەی مەسئەلەکە زیاد ئەکرا بو پازدە • وا دەرکەوت کـــە کورەکە خوی بی‌بەشەو بوویش بەهوی بی‌بەش‌بوونی خوشکەکەی •

باسی میراتی ئەولادو ئەولادی ئەولاد

کەسیك بمری‌و هەر کـــوری ببی یـــەك یا زیاتر ، یا کورو کچی ببی ، ئەوە هەموو مالەکەی ئەبـــەن‌و لە بەش‌کردنا کور دوو ئەوەنـــدەی کچی ئەدریتی • وە ئەگەر هەر کچی هەبوو ، ئەوە تاقە کچیك نیوەی مال

ئەباو دوو کچو زیاتر لە دوو کچ دووسی‌یەك ئـەبـەن • یەعنی مالـەکە ئەکری بە سی بەشەوەو دوو بەش لەو سی بەشە ئەبەن • ئەولادی کوریش ئەگەر هەرخویان بن ، وەك ئەولادی مردووەکەن • وە ئەگەر ئەولادی خویو ئەولادی ئەولاد کەوتنەیەك ، ئەوە بو هەر تاقمیك چوار صوورەت هەیە ، چونکی یا هەر کورن یـا کورو کچن یا تاقە کچیکــە یا چەنــد کچیکە • ضەربی چوار لە چوار ئەکاتە شازدە •

جا ئەگەر ئەولادی مردووەکە هــەر کور بوو ، یاخود کورو کچ بوو ، ئەوە ئەولادی ئەولاد بە هەر چوار صوورەتیانەوە ئەکەونو هیچیان بەرناکەوی • ئەمە هەشت صوورەت • وە ئەگەر مردووەکە تاقە کچیکی بوو نیوەی مالەکە ئەبا • جا لەم‌وەختەدا ئەگەر ئەولادی ئەولاد هەر کور بوون ، یاخود کورو کچ بوون باقی مالەکــە ئەبـەن ، وە بەئوســوولی عەصەبات لەبەینی خویانا بەشی ئەکەن • وە ئەگــەر هــەر کچی هەبوو یەکیك یا زیاتر ، ئەوە ئەوانیش شەش‌یەکی مالەکە ئەبەن ، وە لەگــەل بەشی کچی مردووەکەدا ئەگات بە دوو سی‌یەكو سی‌یەکەکەی‌تری ئەدری بە (بیت المال) یاخود دابەش ئەکریتەوە بەسەر هــەردوو تاقمەکەدا وەك لەمەوپاش باسی ئەکەین • وا لیرەیشــدا چوار صوورەت تــەواو بوو • ئەمە دوانزە •

وە ئەگەر ئەولادی مردووەکە دوو کچ بوون یا زیاتر ، ئەوە ئەمانــە دووسی‌یەکی مالەکە ئەبەن • ئەمجار ئەگەر ئەولادی ئەولاد هــەر کور بوون یا کورو کچ بوون ، باقی مالەکە کە سی‌یەکە بە تەعصیب وەرئەگرن• وە ئەگەر هەر کچ بوون کەم یازیاد ئەوە بەقەطعی هیچیان دەس‌ناکەوی مەگەر لەخواریانەوە کوریك یا زیاتر ببی کە ئەبی بە کوری کوری کوری مردووەکە ، ئەوە ئەم کورە کچی کورەکــە کە لەژوور خویەوەیەتی ـ ئەکا بە عەصەبە ، وە بەئوسوولی عەصــەبات ئەو ئــەندازە مالە لەبەینی

خویانا دابەش ئەکەن • لیرەشدا وا چوار صوورەت تەواو بوو • ئەمە هەر شازدە صوورەتەکە •

ئەم ئوسوولە کە لەبەینی ئەولادی مردووەکەو ئەولادی ئەولادیا باسمانکرد ، جاری ئەبی لەبەینی هەموو دووچینیکی بەرەوژوور یا بەرەوخواردا لە ئەولادی ئەولاد ، وە ژووروەکە وەکو ئەولادی مردووەکە ، وە خواروەکە وەکو ئەولادی ئەولاد وەهایە • وە هەموو صوورەتە پیشووەکانیان تیا تیئەپەری • ئەبی ئەوەش بزانین کە نیرینەی ئەولاد هاوپایەی خوی ئەکا بە عەصەبە ، هەروەها ژنیکیش کە لەژووریەوە بی ئەگەر لە فەرز بەشدار نەبی ، بەمرەنگە کە لەژووریەوە دوو کچ یا زیاتر هەبی •

باسی میراتی باوكو دایكو باپیرە

ئەگەر باوکی مردووەکە کەسی لەگەلدا نەبوو لە ئەولادو ئەولادی ئەولاد ، ئەوە هەر بە تەعصیب مال ئەبا ، هەمووی یا چیمایەوە لە بەشدار وەرئەگری • وە ئەگەر ئەولاد یا ئەولادی نیرینەی لەگەلدا بوو هەر بە فەرز بەش ئەبا • وە ئەگەر هەر کچی لەگەلدا بوو یا کچی کور ئەوە بە فەرزیشو بە تەعصیبیش بەش ئەبا ، یەعنی شەشیەکی مالەکە ئەبا بە فەرز ، وە لەپاش بەشی کچەکەیش هەرچی مایەوە بە تەعصیب ئەیبا • کەواتە لە مەسئەلەی باوكو کچیکا ئەصلی مەسئەلە لە شەشە ، وە باوکەکە بەشیكو کچەکە سی بەش ئەبەن • دوو بەش ئەمینیتەوە ئەویش هەر باوکەکە ئەیبا بە تەعصیب •

دایکی مردوویش یا سییەکی میراتەکە ئەبا یا شەشیەکی وەکو باسمانکرد • بەلام ئەگەر لەگەل باوکی مردووەکەو میردیا ، یاخود

لەگەل باوکی‌و ژنیا کەوتە یەك ئەوە بوئەوە کە باوکەکـــە دوو ئەوەندەی ئەوی دەس‌بکەوی ، ئەم دایکە سی‌یەکی ئـــەوە ئەبا کـــە لەپاش فەرزی میردەکە لە مەسئەلەی یەکەمدا ، وە لەپاش فەرزی ژنەکە لە مەسئەلـــەی دووهەما ئەمینیتەوە •

کەواتە مەسئەلەی یەکەم لە شەشە چونکی بەشی میردەکە نیوەیـــەو بەشی دایکەکەیش سی‌یەکی نیوەیەو ، مەخرەجی سی‌یەکی نیوە شەشـــەو بەشی میردەکەی لەناوایە • وە لـــەو شەشە میردی مردووەکە سی بـــەش ئەباو دایکەکەی بەشیك ، چونکە سی‌یەکی نیوەکە کە ماوەتەوە یەکە ، وە باوکەکەیش دوو بەش ئەبا •

مەسئەلەی دووهەمیش لە دوانزەیە چونکە بەشی ژنەکە چواریەکەر بەشی دایکەکە سی‌یەکی چواریەکـــە باقی‌یەکانە • مەخرەجی سی‌یـــەکی چواریەکەکان دوازدەیەو چوار لەناو دوازدەدایە • سی بەشی کە چواریەکی مالەکەیە بو ژنەکەو ، سی بەشی کە سی‌یەکی نو بەشـــە باقی‌یەکـــەیە بو دایکەکەیەو ، شەش بەشیش بو باوکەکەیە •

ئەم مەسئەلانە پی‌یان‌ئەلین (عمریتین)و (منبریتین)و (غراوین) چونکە حەزرەتی عومـــەر خوای لی رازی بی حوکمی تیـــا داون‌و حوکمەکەشی لەسەر مینبەرەوە داوەو زوریش مەشهوور بووە لەدنیادا • فەلسەفەکەشی هەر ئەوەیە کە باوکەکە دوو ئەوەندی دایکەکـــە ببا ، وە ناوبردنی بەشی دایکەکە بە سی‌یەکی ئەوی ئەمینیتەوە ، هەر لەبەر ئەدەب‌و ریعایەت کردنی لەفظی قورئانی پیروزە • ئەگینا بەشەکەی لە یەکـــەمدا شەش‌یەك‌و لـــە دووهەمدا چواریەکە •

باپیرەیش وەکو باوك وایە لە هەر سی حالە پیشووەکەدا ، تەنها لەوەدا نەبی کە باوك براو خوشکی باوکی‌و دایکی یا باوکی بی‌بـــەش ئـــەکا •

بەلام باپیرە بی‌بەشیان ناکاو مالەکەیان لەگەلدا بەش ئەکا ، وە باوکی مردووەکە لە مەسئەلەی (غراوین)دا دایك لە سی‌یەکی مالەوە ئەگیریتەوە بو سی‌یەکی باقی لە فەرزی ژن یا میرددا ، بەلام باپیرە ئەو هیزەی نی‌یەو دایکی مردووەکە لەو دوو مەسئەلەیەدا سی‌یەکی مالەکە ئەبا •

باسی میراتی دەوروپشت (حواشي)

براو خوشکی باوکی‌و دایکی ئەگەر هەر خویان بن ئەوە حوکمیان وەکو ئەولادی مردووەکە وایە • هەروەها ئەگەر براو خوشکی باوکی‌یش بن ئەوانەیش وەکو ئەولادی مردووەکەن ، وە لەحوکمدا وەکو براو خوشکی دایکی‌و باوکی وان مەگەر لە مەسئەلەی (مشركة)دا کە وەك وتمان بریتی‌یە لە میردیك‌و دایك‌و دوو برای دایکی‌و برایەکی باوکی‌و دایکی • لەم‌مەسئەلەیەدا میردەکە نیوەو دایك شەش‌یەك ئەبا ، وە دوو برا دایکی‌یەکە سی‌یەك ئەبەن • ئەم مەسئەلەیە لە شەشە : نیوەی بو میردەکەیەو شەش‌یەکی بو دایکەکەیەو سی‌یەکی کە دوو بەشە بو دوو برا دایکی‌یەکەیە، وە برا باوکی‌و دایکی‌یەکە بی‌بەش ئەبی بەهوی ئەوەوە کە ئەوانی‌تر هەموو میراتەکەیان گرتووەتەوە • جا ئەم برای باوکی‌و دایکی‌یە ئەلی بە دوو برا دایکی‌یەکەی وابزانن باوکی من بەردیکەو فری دراوەتە بنی ئاوەوە ، خو من هیچ نەبی بە دایك براتانم‌و لەگەلتانم‌و ئەبی لەو سی‌یەکەدا بەشدار بم لەگەلتان• ئەوانیش بەشداری ئەکەن•جا لەبەرئەوە کە ئەو دوو بەشە بەش ناکرین بەسەر سی کەسدا ضەربی سی ئەکەین لە شەش ئەبی بە هەژدە ، بو میردەکە نو بەش ، وە بودایکەکە سی بەش ، وە بو هەرکام لە سی براکەیش دوو بەش • ئەم مەسئەلەیە بە موناسەبەی میسالەکەوە کە هینامانەوە پی‌ی‌ئەلین (يمية) یا (حجرية) •

وه ئەگەر ئەم دوو تاقمه کەوتنەیەك ، ئەوکاتە براو خوشکە باوکیو دایکی‌یەکان وەکو ئەولادی مردووەکە ، وه براو خوشکە باوکی‌یەکـــان وەکو ئەولادی ئەولاد تەماشایان ئەکری، وه شازده صوورەتە پیشووەکەیان تیا جاری ئەبی ، وەکو لە ئەولادو ئەولادی ئەولادا باسمان کرد • جـــا ئەگەر باوکیو دایکی‌یەکان نیرینەیان تیا هەبوو ئەوه باوکی‌یەکان هـەموو بی‌بەش ئەبن • وه ئەگەر باوکیو دایکی‌یەکان یەك ژن بوون نیوەی مالەکە ئەباو ئەوی‌تری ئەدری بە باوکی‌یەکان ئەگـــەر نیرینـــەیان تیا هەبی • ئەگینا ئەمانیش شەش‌یەك وەرئـــەگرن‌و باقی‌ی میراتەکـــە یا ئەدری بـــە (بیت المال) یا ئەگیرریتەوه بو ســەر هەردوو چین بـــەپی‌ی بەشەکـــەیان • وه ئەگەر باوکیو دایکی‌یەکـــان دوو ژن یا زیاتر بوون دوو سی‌یـــەکی میراتەکە ئەبەن • جا باوکی‌یەکان ئەگەر نیرینـــــەیان تیا هەبوو ، باقی‌ی میراتەکە ئەبەن ، ئەگینا بی‌بەش ئەبن لە میراتەکەو باقی‌یەکەی ئەدری بـــە (بیت المال) یا ئەگیرریتە دواوه بو سەر خوشکە باوکیو دایکی‌یەکـــان • وه ئەگەر ئەم خوشکە باوکی‌یانە برازایان هەبوو ئەو برازایە ئەوان ناکـــا بە عەصەبە ، بەلکو خوی ئەوەی لە دوو خوشکە باوکیو دایکی‌یەکـــان ئەمینیتەوه ئەیبا بوخوی • بەلام لە زنجیرەی ئەولادی ئـــەولادی ئەولادا کوری کوری کور وەکو خوشکی خوی ئەکا بە عەصەبە ، لای ژووررووی خویشی وەکو پووری خوی بەقەطعی ئەیکا بە عەصەبە لەکاتیکدا کـــــە بەشی نەبی لە دووسی‌یەکدا وەکو لەپیشەوه باسمان کرد •

ئەولادی دایك یەکەیەکە شەش‌یەك ئەبەن • وه دوو یازیاتر لـــــە دوو سی‌یەکی مال ئەبەن • وه براو خوشك لیرەدا وەکو یەك بەش ئـــەبەن بە بی‌زیادو کەم • وه خوشکی باوکیو دایکی یا خوشکی باوکی ئـــەبن بە عەصەبە لەگەل کچی مردووەکەدا یا لەگەل کچی کوریا • کـــــەواتە

خوشکی باوکی‌و دایکی لەگەل کچا یا لەگەل کچی کورا براو خوشکی باوکی بی‌بەش ئەکەن لە میرات •

کورانی برای باوکی‌و دایکی یا برای باوکی وەکو باوکیان وان بە تاقم تاقم ، وە لەکاتی کوبوونەوەی تاقمیك لەگەل تاقمیکی‌تریشا • بەلام ئەوەندەیان فەرق هەیە لەگەل باوکیان ئەمان دایکی مردووەکە لە سی‌یەکەوە داناپەرینن بو شەش‌یەك ، وە لەگەل باپیرا میرات وەرناگرن•وە لە مەسئەلەی (مشرکة)دا هەرچەند کوری برای باوکی‌و دایکی‌یش بن بەش نابەن ، وە خوشکی خویشیان ناکەن بە عەصەبە چونکە کچی برا لە (ذوات الارحام)ە •

هەروەها مامی باوکی‌و دایکی وەکو برای باوکی‌و دایکی ، وە مامی باوکی وەکو برای باوکی وایە ، چ بەتەنها بن‌و چ هەردوو تاقمەکە بکەونەیەك • هەروەها ئاموزای نیرینەو مامی باپیرەو بەرەوژوورتریش هەروەکو لەمەوپیش وتمان •

(عەصەبە) بە شەخصیك ئەلین لەوانە کە بە ئیجماع میرات وەرئەگرن‌و ئەندازەی بەشیان مەعلووم نەکراوە • ئەمانە ئەگەر خاوەن فەرزیان لەگەلدا نەبوو هەموو میراتەکە ئەبەن • ئەگینا هەرچی لەوان مایەوە وەری‌ئەگرن ••

باسی میراتی باپیرە لەگەل براو خوشکدا

هەرکاتی باپیرە لەگەل براو خوشکی باوکی‌و دایکی‌دا یا لەگەل براو خوشکی باوکیدا کەوتنە یەك ، ئەوە ئەگەر خاوەن فەرزیان لەگەل‌دا نەبوو کام بەشی زورترە لە سی‌یەکی هەموو میراتەکە یا لە برابەشی لەگەلیانا ، ئەیبا • ئەوەش بزانین کە برایەك بە دوو خوشك ئەژمیرری ••

جا ئەگەر ژمارەیان کەمتر بوو لە دووقاتی باپیرەکە ، ئەوە برابەشی قازانجی زورترە • ئەمەیش پینج صوورەت ئەگریتەوە : (یەکەم) باپیرە لەگەل یەك خوشکدا • لیرەدا مەسئەلە لە سی‌یە ، دوو بەش بو باپیرەکەو بەشیك بو خوشکەکە•(دووەم) باپیرە لەگەل دوو خوشکدا•لیرەدا مەسئەلە لە چوارە ، دوو بو باپیرەکەو دوو بو خوشکەکان • (سیهەم) باپیرەلەگەل برایەکدا ، لیرەدا مەسئەلە لە دووە ، بو هەرکامیان یەکیك • (چوارەم) باپیرە لەگەل براو خوشکیکدا • لیرەدا مەسئەلە لە پینجە ، دوو بو باپیرەکەو دوو بو براکەو یەکیك بو خوشکەکە • (پینجەم) باپیرە لەگەل سی خوشکدا • لیرەدا مەسئەلە لە پینجە ، دوو بو باپیرەو سی بو خوشکەکان •

وە ئەگەر ژمارەیان دووقاتی باپیرە بوو ، ئەوە سی‌یەكو برابەشی وەکو یەکن • ئەمەیش سی صوورەت ئەگریتەوە : (یەکەم) باپیرە لەگەل دوو برادا • لیرەدا مەسئەلە لە سی‌یە ، بو هەرکامیان یەکیك • (دووەم) باپیرە لەگەل برایەكو دوو خوشکدا • لیرەدا مەسئەلە بەئیعتیباری برابەشی لە شەشە : دوو بو باپیرەو دوو بو براکەو دوو بو دوو خوشکەکە ، وە بەئیعتیباری سی‌یەك لە سی‌یە یەکیك بو باپیرەو یەکیك بو براکەو یەکیك بو دوو خوشکەکە • ئەمیەکەیش دابەش ناکری ، لەبەرئەوە ضەربی دوو کە ژمارەی سەریانە ئەیکەین لە ئەصلی مەسئەلە ، ئەبی بە شەش ، وە دابەشی ئەکەینەوە وەکو وتمان •

(سیهەم) باپیرە لەگەل چوار خوشکا • ئەمە بەئیعتیباری برابەشی مەسئەلە لە شەشە ، وە بە ئیعتیباری سی‌یەك لە سی‌یە ، یەکیك بو باپیرەو دوو بو خوشکەکە کە بەش ناکری ، وە بەش‌و خاوەن‌بەش موتەوافیقن • نیوەی ژمارەی سەریان کەدووە ضەربی ئەکەین لە ئەصلی مەسئەلە کە سی‌یە ئەبی بە شەش ، ئەمجار وەكوتمان دابەشی ئەکەین بەسەریانا •

وە ئەگەر ژمارەیان لە دوو قات زیاتر بوو ، کە صوورەتی ئەمەیش نازمیرری ، سی‌یەك بو باپیرە باشترە وەك ئەوە کە باپیرە کوببیتەوە لەگەل سی برادا • لیرەدا مەسئەلە لە سی‌یە • یەکیك بو باپیرەکەو دوو بو سی براکە کە بەش ناکری بەسەریانا • ضەربی سی ئەکەین لە سی ئەبی بە نو ، سی بو باپیرەو شەش بو سی براکە یەکی دووبەش •

دەلیلی وەرگرتنی باپیرە بو سی‌یەك ئەمەیە کە لەگەل دایکی مردووەکەدا دووقاتی ئەو وەرئەگری • جا مادەم براو خوشکەکان دایك لە شەش‌یەك داناپەرینن ، پیویستە باپیریش لە دوو قاتی ئەو دانەپەرینن • وە دەلیلی برابەشی‌یش ئەوەیە کە ئەم باپیرە وەکو براکانە لەوەدا کە هەردولایان بەهوی باوکەوە ئەگەن بە مردووەکە • دەلیلی وەرگرتنی بەشە باشەکە لە سی‌یەك‌و برابەشی ئەوەیە کە باپیرە خاوەنی جیهەتی فەرزو تەعصیبە ، وە کەسیك دوو جیهەتی هەبی کامیانی بو قازانج‌تر بی بەویانە بەش ئەبا •

وە ئەگەر خاوەن فەرزیان لەگەلا هەبوو ، ئەوە لە شەش‌یەکی هەموو میراتەکەو ، لە سی‌یەکی ئەوەی لە خاوەن فەرزەکان ئەمینیتەوەو ، لە برابەشی لەمەدا کە ماوەتەوە ، کامیان قازانجی زورتر بی ئەویانە ئەبا • دەلیلی شەش‌یەك بردنەکەی ئەوەیە ئەولادی مردوەکە باپیرە بی‌بەش ناکەن لە شەش‌یەك ، کەواتە براو خوشکەکانیش ناتوانن دای‌پەرینن لە شەش‌یەك • دەلیلی بردنی سی‌یەکی ئەوەش کە لە فەرزەکە ئەمینیتەوە ئەوەتە ئەگەر خاوەن فەرز لە ئارادا نەبی باپیرە حەقی سی‌یەکی هەیە • ئیستایش پاش ئەوە کە خاوەن فەرز بەشی خوی برد مەسئەلەکە وەکو ئەوەی لی‌دیت کە خاوەن فەرزی تیا نەبووبی • دەلیلی بردنی برابەشی‌یش لەپیشانا رابوورد •• ئەوەش بزانین کە خاوەن‌بەش لیرەدا کچەو کچی کورو ، دایك‌و نەنك‌و ، ژن‌و میرد ••

دەستووری ئەوەیش کە بزانین کام لەمبەشانە قازانجیـــان زورترە ئەوەیە ئەگەر فەرزەکە نیوەی مال بوو ، یاخود لە نیوەی مال کەمتر بوو وەکو چواریەك یا سێیەك یا شەشیەك ، ئەوە ئەگەر ژمـــارەی براو خوشکەکان کەمتر بوو لە دوو قاتی باپیرە، ئەوە برابەشی قازانجی زورترە • وە ئەگەر لە دووقات زیاتر بوو ، ئەوە سێیەکی ئەوەی کە لەپاش فـەرز ئەمینیتەوە قازانجی زورترە • وە ئەگەر دووقاتی باپیرە بوو ، هـەردوولا وەکو یەکن وەکو بەیانی ئەکەین •

میسالی بەشی یەکەم : باپیرە لەگەل کچیك‌و برایەك • کچەکە نیـوە ئەبا • مەسئەلەکە لە دووە • یەکی بو کچەکەو یەکیك ئەمینیتەوە ، دابەش ناکری بەسەر دووکەسدا • ضەربی دوو ئەکەین لە ئەصلی مەسئەلەکـە ئەبی بە چوار • دوو بو کچەکەو دووی بو باپیرەو براکە هەریەکی یەك • ئەگەر ویستمان بزانین بوچی لیرەدا برابەشی بە قازانجە ، ئەم مەسئەلەیـە بەئیعتیباری سێیەکی باقی‌و شەشیەکیش دروست ئەکەین ، جا تێ‌ئەگەین • مەسەلا لیرەدا مەخرەجی سێیەکی نیوە شەشە ، هەروەك مەخـــــرەجی شەشیەکیش شەشە • جا ئەگەر باپیرە شەشیەك ببا یا سێیەکی نیوە ببـا لە شەشدا یەکیك ئەبا • وە ئەگەر لەپاش فەرزەکە موقاســـەمەو برابەشی بکا یەك‌و نیویك ئەبا • کە ئەم ئیشەمان بو صـــورەتەکـــانی‌تریش کــــرد وەزعەکەمان بەتەواوی بو روون ئەبیتەوە •

میسالی بەشی دووەم : باپیرە لەگەل سێ براو کچیك • لەم مەسئەلەیەدا نیوە هەیەو سێیەکی نیوەی باقی • مەخرەجی نیوە دووە ، داخلە لـــە مەخرەجی سێیەکی نیوەدا کە شەشە • کەواتە ئەصلی مەسئەلەکە شەشە • سێ بو کچەکەو یەکیك بو باپیرەو دوو بو سێ براکە کە بەش ناکـــری بەسەریانا • ضەربی سێ ئەکەین لە شەش ئەبی بـە هــەژدە • نوی بو کچەکەو سێی بو باپیرەو شەشەکەشی بو سێ براکە هەریەکی دوو بەش•

میسالیکی‌تر : باپیره‌و سی برا له‌گه‌ل دایکدا • له‌م مه‌سه‌ئه‌له‌یه‌دا
شه‌ش‌یه‌ك هه‌یه‌و سی‌یه‌کی شه‌ش‌یه‌که‌کانی‌تر هه‌یه که ماونه‌ته‌وه •
مه‌خره‌جی شه‌ش‌یه‌ك که شه‌شه داخله له مه‌خره‌جی سی‌یه‌کی
شه‌ش‌یه‌که‌کانا که هه‌ژده‌یه • که‌واته ئه‌صلی مه‌سئه‌له هه‌ژده‌یه ، سی بو
دایکه‌که‌و ، پینج بو باپیره‌که • ده‌ی ئه‌مینیته‌وه بو سی براکه ، که دابه‌ش
ناکری به‌سه‌ریانا • ضه‌ربی سی ئه‌که‌ین له هه‌ژده ئه‌بی به په‌نجاو چوار •
نو بو دایکه‌که‌و یازده بو باپیره‌که‌و سی بو سی براکه هه‌ریه‌کی ده به‌ش •

میسالیکی‌تر : باپیره له‌گه‌ل سی براو ژنیك • له‌م‌مه‌سئه‌له‌یه‌دا
چواریه‌ك هه‌یه بو ژنه‌که‌و سی‌یه‌کی چواریه‌که باقی‌یه‌کان هه‌یه •
مه‌خره‌جی چواریه‌ك داخله له مه‌خره‌جی سی‌یه‌کی چواریه‌که‌کانا که
دوازده‌یه • واته ئه‌صلی مه‌سئه‌له‌که دوازده‌یه • سی بو ژنه‌که‌و سی بو
باپیره‌که‌و شه‌ش بو سی براکه هه‌ریه‌کی دوو به‌ش •

میسالیکی‌تر : باپیره‌و سی براو دایك‌و ژنیك • له‌م‌مه‌سئه‌له‌یه‌دا
چواریه‌ك هه‌یه بو ژنه‌که‌و شه‌ش‌یه‌ك هه‌یه بو دایکه‌که • چواریه‌ك‌و
شه‌ش‌یه‌ك (متوافق بالنصف)ن • ضه‌ربی دوو ئه‌که‌ین له شه‌ش ئه‌بی به
دوانزه•جا ئه‌لین پاش فه‌رزی دایك‌و ژنه‌که باپیره‌که سی‌یه‌کی حه‌وت به‌شه
باقی‌یه‌که ئه‌با له‌دوانزه•ضه‌ربی سی ئه‌که‌ین له دوانزه ئه‌بی به سی‌وشه‌ش•
شه‌ش بو دایکه‌که ، نو بو ژنه‌که ، بیست‌ویه‌کی ئه‌مینیته‌وه حه‌وتی بو
باپیره‌که • چوارده‌ی ئه‌مینیته‌وه دابه‌ش ناکری به‌سه‌ر سی براکه‌دا •
ضه‌ربی سی ئه‌که‌ین له سی‌وشه‌ش ئه‌بی به صه‌دو هه‌شت • هه‌ژده بو
دایکه‌که ، بیست‌وحه‌وت بو ژنه‌که • شه‌صت‌وسی‌ی ئه‌مینیته‌وه ، بو باپیره‌که
بیست‌ویه‌ك ، وه بو براکان هه‌ریه‌کی چوارده به‌ش •

میسالی به‌شی سیهه‌م : باپیره‌و دوو براو کچیك • له‌م‌مه‌سئه‌له‌یه‌دا نیوه

هەیەو سێ یەکی نیوه • مەخرەجی نیوه که دووه داخله له مەخـرەجی سێ یەکی نیوەدا که شەشه • سێ بو کچەکەو یەکێك بو باپیرەکەو دوو بو براکان هەریەکێ یەك •

میسالیکی تر : باپیرەو دوو براو دایك • لەممەسئەلەیەدا شەش یەك هەیه که مەخرەجەکەی شـەشـه داخـله لـه مەخرەجی سێ یـەکی شەش یەکەکاندا که بو باپیرەکەیه که مەخرەجەکەی هەژدەیه • سێ بـو دایکەکەو پێنج بو باپیرەکەو ده بو دوو براکه یەکی پێنج •

میسالیکی تر : باپیرەو دوو براو ژنێك • چواریەکی ژنـەکـه داخله له مەخرەجی سێ یەکی چوار یەکەکانی باپیرەدا که دوازدەیه • سێ بـو باپیرەکەو شەش بو دوو براکه ، هەریەکێ سێ وه سێ بو ژنەکه •

میسالیکی تر : بـاپیرەو دوو براو دایـكو ژن • لەممـەسـئەلەیەدا شەش یەکی دایکەکەو چوار یەکی ژنەکه (متوافق بالنصف)ن • ضەربی دوو ئەکەین له شەش دا ئەبی به دوازده • ئەم دوازدەیه داخـلە لـه مەخرەجی بەشی باپیرەکەدا که بریتییه له سێ یەکی دوازده بەشه باقی یەکە، که مەخرەجەکەی سیو شەشه • شەشی بو دایکەکەو نوی بو ژنـەکـەو حەوتی بو باپیرەکەو ئەو چواردەکەی بو براکان ، هەریەکێ حـەوت • جاربەجاریش لەمکاتەدا شەش یەکی هەموو میراتەکەو سێ یەکی باقی یەکه وەکو یەك ئەبن وەکو له میسالی یەکەمدا •

وه ئەگەر فەرزی خاوەن فەرز (دوو سێ یەك) بوو ئەوه ئەگـەر یەك خوشك لەگەل باپیرەدا بی ، برابەشی قازانجتره بوی • ئەگینا هـەر شەش یەکی میراتەکه قازانجی زوره •

میسالی یەکەم : باپیرەو خوشکێكو دوو کچ • ئەم مەسئەلەیه لـه سییه که مەخرەجی دوو سێ یەکه ، دووی بو کچەکـانو یـەکیکی بـو

باپیرەو خوشکەکە کە دابەش ناکری بەسەریانا چونکە ئەبی بکری بەسی بەشەوە • ضەربی سی‌مان کرد لە سی بوو بە نو • شەشی بو دوو کچەکەو دووی بو باپیرەکەو یەکیکی بو خوشکەکە •

میسالی دووەم : کە ژمارەی نی‌یە وەکو باپیرەو برایەکو دوو کچ • لەم مەسئەلەیەدا دوو سی‌یەکو شەش‌یەك هەیە • کەواتە مەسئەلەکە لە شەشە چواری بو دوو کچەکەو یەکیکی بو باپیرەکەو یەکیکی بو براکە •

وە ئەگەر فەرزی خاوەن‌فەرز لە بەینی نیوەو دوو سی‌یەکدا بوو • ئەوە ئەگەر ژمارەی براو خوشکەکان ئەوەندەی شەخصی باپیرەکە بو یا کەمتر بوو ، ئەوە برابەشی قازانجی زورترە • وە ئەگەر لەو زیاتر بوو • ئەوە شەش‌یەك قازانجی زیاترە •

میسالی بەشی یەکەم : باپیرەو خوشکیکو کچیکو ژنیك • کچەکە نیوە ئەباو ژنەکە هەشت‌یەك ئەبا • مەسئەلە لە هەشتە • چوار بو کچەکەو یەکیك بو ژنەکە • سی ئەمینیتەوە ، دووی بو باپیرەو یەکیکی بو خوشکەکە •

میسالیکی‌تر : برایەکو کچیکو ژنیك • مەسئەلەکە لە هەشتە • چواری بو کچەکەو یەکیکی بو ژنەکەو سی‌ی ئەمینیتەوە کە دابەش ناکری بەسەر باپیرەو براکەدا • ضەربی دوو ئەکەین لە هەشتدا ئەبی بە شازدە • کچەکە هەشتو ، ژنەکە دوو ، باپیرەکە سی‌و ، براکە سی بەش ئەبا •

میسالی بەشی دووەم : باپیرەو برایەکو خوشکیکو کچیکو ژنیك • لەم‌مەسئەلەیەدا باپیرە شەش‌یەکو کچەکە نیوەو ژنەکە هەشت‌یەك ئەبا • شەش‌یەکو هەشت‌یەك (متوافق بالنصف)ن • ضەربی سی‌مان کرد لە

هەشت بوو بە بیستو چوار • بو کچەکە دوازدەو ، بو ژنەکە سیو بو باپیرە چوار • پینج بەش ئەمینیتەوە بو براو خوشکەکە دابەش ناکریتەوە بەسەریانا • ضەربی سیمان کرد لە بیستو چوار بوو بە حەفتاو دوو • بو کچەکە سیو شەش ، بو ژنەکە نو ، بو باپیرەکە دوازدە ، بو براکە دە ، بو خوشکەکەیش پینج بەش • ئینسانی بەرچاو روون ئەممیسالانە ئەکا بە سەرمەشق بو خوی بو زانینی چونیەتیی دابەش کردن لەمجورە حالانەدا •

(بزانن) ئەمەی تائیستا وتمان کە باپیرە کامبەش لەو سی بەشە قازانجی زورتر بی بوی ، ئەویانە ئەبا ، بو کاتیکە خاوەنفەرز بەشی خوی بباو مەجالی زیاتر لە شەشیەك ببی بو باپیرەکە • بەلام لەشوینیکا کە هەر شەشیەك بمینیتەوە یا کەمتر لە شەشیەك یاخود هیچ نەمینیتەوە ئەوە باپیرەکە شەشیەك ئەبا خواە بە بی زیادکردن لە ژمارەی مەسئەلەکە (عەول) یا بە زیاد کردنی کەمتر لە شەشیەك یا بە زیادکردنی تەواوی ئەندازەی شەشیەك •

میسالی یەکەم : باپیرەو برایەكو دوو کچو دایك • لیرەدا کچەکان دوو سییەك ئەبەنو دایکەکە شەشیەكو مەسئەلەکە لە شەشە • چواری بو کچەکانو یەك بو دایکەکەو یەك بو باپیرە ، وە براکە بیبەش ئەبی بەهوی ئەوەوە کە (ذوی الفروض) هەموو بەشەکانیان داگرتووە •

میسالی دووەم : باپیرەو برایەكو دوو کچو میردیك • دوو کچەکە دوو سییەكو ، میردەکە چواریەك ئەبا • جا لەبەرئەوە کە سیو چوار (متباین)ن ضەربی سی ئەکەین لە چوار ئەبی بە دوانزە • هەشتی بو کچەکانو سی بو میردەکە • یەکیکی ئەمینیتەوە ، شەشیەك تەواو ناکا • ژمارەی مەسئەلەکە ئەگەیەنینە سیازدەو دوو بەشەکە ئەدەین بە باپیرەکەوە

براکە بی‌بەش ئەبی بەهوی ئەوەوە کە خاوەن فەرزەکان هەموو میراتەکە دائەگرن •

میسالی سیهەم : باپیرەو دوو کچو دایكو میردو برایەك • ئـەم مەسئەلەیە لە دوانزەیە • زیادی ئەکەین بو سیانزە بو تەواوکردنی بەشی دایکەکە ، وە بو پازدەیش بو پەیدا کردنی شەش‌یەکی بـاپیرەکە • وە لەم‌ژمارەیەدا هەشت بو دوو کچەکەو سی بو میردەکەو دوو بو دایکەکەو دوو بو باپیرەکەیەو ، براکە بی‌بەشە بەهوی ئەوەوە کە خاوەن فەرزەکان هەموو میراتەکەیان داگرتووە • وە ئەیش‌توانری لەم‌صوورەتانەدا کـە بەیانمان کردن شەش‌یەکی باپیرەیش لەناو فەرزەکـانـا لە عەمەلیـاتی دروست‌کردنی مەسئەلەکانا حیساب بکری •

هەروەها حوکمە پیشووەکان جاري ئەبن ئەگەر باپیرەکـە لـەگـەل هەردوو تاقمەکەدا بی ، یەعنی براو خوشکی باوکی‌و دایکی‌و براو خوشکی باوکی • وە لەکاتی بەراوردی بەشی بەسوودا لە برابەشی‌و شەش‌یەکی میرات‌و سی‌یەکی ئەوەی ئەمینیتەوە • براو خوشکە باوکی‌و دایکی‌یەکان هەموو براو خوشکە باوکی‌یەکان لەسەر باپیرەکە ئەژمیرن • جا پاش‌ئەوە کە باپیرە بەشی خوی برد ، خوای بە یاسای برابەشی بیبا ، یاخود لەسەر ئەساسی شەش‌یەکی مال ، یا سی‌یەکی باقی • ئەگـەر ئەولادە بـاوکی‌و دایکی‌یەکان هەر برا بوون یا براو خوشك بوون چ یەکی بن‌و چ زیاتر ، یاخود خوشك بوو لەگەل کچی مردووەکە یـا لەگـەل کچی کوریـا ، هەرچی مایەوە لەمیراتەکە هەمووی وەرئەگرن ، وە ئەولادە باوکی‌یەکان بی‌بەش ئەکەن • وە ئەگەر بە وەزعی پیشوو نەبوون ئەمجار ئەگـــەر ئەولادە باوکی‌و دایکی‌یەکان هەر ژن بوون ، ئەوە ئەگەر یەك‌کەس بوون جارجار نیوەی مالی دەس‌ئەکەوی‌و هەندی جار کەمتر لەنیوە • وە ئەگەر دوان بوون یا زیاتر لـە دوو هـەندی‌جـار دوو سی‌یەك وەرئـەگـرن‌و

هەندی جار کەمتر لە دوو سی یەك • وە ئەمە بەکورتی چواربەشە کە وا باسیان ئەکەین •

بەشی یەکەم : باپیرەو خوشکیکی باوکی و دایکی و خوشکیکی باوکی • لەم مەسئەلەیەدا برابەشی قازانجی زورترەو مەسئەلەکە لە چوارە • دوو بو باپیرەکەو دوو بو خوشکەکان • بەلام خوشکە باوکی و دایکی یەکە بەشی خوشکە باوکی یەکەیش وەرئەگریتەوە بوخوی ، وە نیوەی مالەکەی دەست ئەکەوی •

میسالیکی تر : باپیرەو خوشکیکی باوکی و دایکی و برایەکی باوکی • لەم میسالەیشدا برابەشی بەقازانج ترە • مەسئەلەکە لە پینجە ، دووی بو باپیرەکەو یەکیك بو خوشکەکەو دوو بو براکە • بەلام خوشکەکە بو تەواوکردنی نیوەی میراتەکە بەش و نیویك لە براکە ئەسینیتەوەو نیوبەش بەجی ئەهیلی بو ئەو • کەواتە لەم مەسئەلەیەدا یەك بەش ئەشکیتەوە بەسەر دووکەسدا[1]• جا بەناچاری دوو ضەرب ئەکەین لە پینج ئەبی بە دە ، چواری بو باپیرەکەو پینجی بو خوشکەکەو یەکیکی بو براکە •

میسالیکی تر: باپیرەو خوشکیکی باوکی و دایکی و دوو خوشکی باوکی• لەم میسالەیشدا برابەشی قازانجی زورترە • کەواتە مەسئەلەکە لە پینجە دووی بو باپیرەکەو یەکیکی بو خوشکە باوکی و دایکی یەکەو دووی بو دوو خوشکە باوکی یەکە • بەلام خوشکە باوکی و دایکی یەکە بەش و نیویکیان لی ئەسینیتەوە بو وەرگرتنی نیوەی میراتەکە ، وە نیوبەش ئەهیلیتەوە بو ئەو دوو خوشکە باوکی یە • جا لەبەرئەوە کە نیوەی بەشی دووەم لەم دووبەشە بەتەنها بو خوشکە باوکی و دایکی یەکەیەو نیوەیشی بو هەردوو خوشکە باوکی یەکەیە ، ئەم خوشکە باوکی و دایکی یە

---

(١) واتە بەشی پینجەم کە یەکیکە نیوەی ئەگەریتەوە بو خوشکەکەو نیوەی حەقی براکەیە •

بەنیسبەت ئەوانەوە وەکو برای لی‌هات • کەواتە ئەلیین بەشیك شکاوەتەوە بەسەر چوارکەسداو ضەربی چوارمان کرد لە پینج بوو بە بیست • هەشتی بو باپیرەکەو دەی بو خوشکە باوکی‌و دایکی‌یەکەو دووی بو خوشکە باوکی‌یەکان هەریەکی یەکێ •

میسالیکی‌تر : باپیرەو خوشکیکی باوکی‌و دایکی‌و برایەك‌و دوو خوشکی باوکی • لەم‌مەسئەلەیەدا سی‌یەك بو باپیرە بەقازانجترە ، وە لەبەرئەوە خوشکە باوکی‌و دایکی‌یەکە تا ئەگا بە نیوەی مال دای‌ئەنیین بە خاوەن‌فەرز ، ضەربی سی ئەکەین لە دووئەبی بە شەش • دوو بو باپیرەو سی بو خوشکەکەو یەکیکی ئەمینی کە دابەش ناکری بەسەر براوخوشکەکانا • ضەربی چوار ئەکەین لە شەش ئەبی بە بیست‌و چوار • هەشتی بو باپیرەکەو دوانزەی بو خوشکە باوکی‌و دایکی‌یەکەو دووی بو برا باوکی‌یەکەو دووی بو دوو خوشکەکە هەریەکی یەکێ •

میسالیکی‌تر : باپیرەو خوشکیکی باوکی‌و دایکی‌و برایەك‌و خوشکیکی باوکی • لەم‌میسالەدا سی‌یەك بەقازانجترە بو باپیرەکە • تەماشای سی‌یەکەکە ئەکەین لەگەل نیوەدا کە بەتەقدیر بو خوشکەکە دائەنری • مەسئەلەکە لە شەشە ، دووی بو باپیرەو سی‌ی بو خوشکەکەو یەکیکی بو خوشك‌و براکە کە بەش ناکری بەسەریانا • ضەربی سی ئەکەین لە شەش ئەبی بە هەژدە • شەشی بو باپیرەکەو نوی بو خوشکەکەو دووی بو براکەو یەکیکی بو خوشکەکەی •

میسالیکی‌تر : باپیرەو خوشکیکی باوکی‌و دایکی‌و برایەك‌و خوشکیکی باوکی لەگەل دایکدا • لەم‌میسالەدا برابەشی‌و سی‌یەکی ئەوەی لەپاش فەرزی دایکەکە ئەمینیتەوە هەردوکیان وەکو یەکن • لەم‌مەسئەلەیەدا نیوە تەقدیری‌یەکەی خوشکەکە داخلە لە شەش‌یەکی دایکەکەدا ، وە ئەم شەش‌یەکە داخلە لە مەخرەجی سی‌یەکی شەش‌یەکەکانی باپیرەکەدا

که هەژدەیە • سی بو دایكو نو بو خوشکەکەو پینج بو باپیرەکەو یەکیك بو براو خوشکەکان که دابەش ناکری بەسەریانا • ضەربی سی ئەکەین لە هەژدە ئەبی بە پەنجاو چوار ، نوی بو دایکەکەو پازدە بو باپیرەکەو بیستو حەوت بو خوشکە باوکیو دایکی‌یەکەو دوو بو براکەو یەکیك بو خوشکەکەی •

میسالیکی‌تر : باپیرەو دایكو خوشکیکی باوکیو دایکیو دوو براو خوشکیکی باوکی • لەم میسالەدا سی‌یەکی باقی باشترە بو باپیرەکە چونکە فەرز لە نیوە کەمترەو ژمارەی براو خوشکەکان لە دووقاتی باپیرە زیاترە• لەم‌مەسئەلەیەدا شەش‌یەكو نیوە تەقدیری‌یەکەی خوشکەکەو سی‌یەکی شەش‌یەکە باقی‌یەکانی باپیرەیش هەیە • کەواتە مەسئەلە لە هەژدەیە • سی بو دایکەکەو پینج بو باپیرەکەو نو بو خوشکە باوکیو دایکی‌یەکە • یەکیك ئەمینیتەوە کە دابەش ناکری بەسەر پینج‌کەسدا • ضەربی پینج ئەکەین لە هەژدە ئەبی بە نەوەد • پازدەی بو دایکەکەو بیستو پینجی بو باپیرەکەو چلو پینجی بو خوشکە باوکیو دایکی‌یەکەو چواری بو دوو براکەو یەکیکی بو خوشکەکە •

بەشی دووهەم : وەك باپیرەو ژنیكو خوشکیکی باوکیو دایکیو خوشکیکی باوکی • ئەم مەسئەلەیە لە چوارە کە مەخرەجی فەرزی ژنەکەیە • یەکیکی بو ژنەکەو دووی بو باپیرەکەو دووی بو خوشکە باوکیو دایکی‌یەکەو ، خوشکە باوکی‌یەکە بی‌بەشە •

بەشی سیهەم : وەك باپیرەو دوو خوشکی باوکیو دایکیو برایەکی باوکی • لەم‌صوورەتەدا برابەشی بەقازانجترەو لەگەل سی‌یەکیشدا موساوی‌یە • جا بەئیعتیباری برابەشی مەسئەلەکە لە شەشە • دووی بو باپیرەکەو چواری بو دوو خوشکە باوکیو دایکی‌یەکە کە ئەکاتە دوو

سی‌یه‌کی میراته‌که • وه به‌ئیعتیباری سی‌یه‌ك مه‌سئه‌له‌که له سی‌یه • یه‌کیکی بو باپیره‌که‌و دووی بو خوشکه باوکی‌و دایکی‌یه‌کان‌و برا باوکی‌یه‌که بی‌به‌شه •

به‌شی چواره‌م : وه‌ك باپیره‌و دوو خوشکی باوکی‌و دایکی‌و خوشکیکی باوکی • مه‌سئه‌له‌که له پینجه ، دووی بو باپیره‌و سی‌ی بو خوشکه باوکی‌و دایکی‌یه‌کان که که‌متریشه له دووسی‌یه‌ك ، وه خوشکه باوکی‌یه‌که بی‌به‌شه •

(بزانن) هه‌رگیز هیچ له دووسی‌یه‌ك زیاد نامینیته‌وه بو ئه‌ولاده باوکی‌یه‌کان • له‌به‌رئه‌وه ئه‌گه‌ر برابه‌شی زیاتر بی له سی‌یه‌ك ئه‌وه دیاره که‌متر له دوو سی‌یه‌ك ئه‌مینیته‌وه • وه ئه‌گه‌ر سی‌یه‌ك قازانج بی بوی ئه‌وه هه‌ر دووسی‌یه‌ك ئه‌مینیته‌وه • به‌لی وائه‌بی شتی له نیوه‌ی مال زیاد ئه‌بی‌و ئه‌مینیته‌وه له خوشکه باوکی‌و دایکی‌یه‌که ، ئه‌وه ئه‌دری به ئه‌ولاده باوکی‌یه‌کان وه‌کو له‌مه‌وپیش له هه‌ندی میثالدا باس‌کرا •

(بزانن) خوشکی مردوو له‌گه‌ل باپیره‌دا فه‌رزی بو دانانری • ئه‌گینا لازم ئه‌بی له باپیره زیاتر به‌ری ، وه له‌واقیعیشدا ئه‌م باپیرو خوشك‌و برایانه وه‌کو کومه‌لیك براو خوشك وانه که که‌وتبنه‌یه‌ك ، وه ئه‌و نیوه‌ی ماله یا ئه‌و دوو سی‌یه‌که که له‌هه‌ندی شوینا پی‌یان‌ئه‌درا ، له‌سه‌ر ئه‌ساسی خاوه‌ن فه‌رزی‌و فه‌رز وه‌رگرتن نه‌بوو • ئه‌گینا هه‌رگیز له‌وبه‌شه نه‌ئه‌هاتنه خواره‌وه • به‌لکو له‌سه‌ر ئه‌و ئه‌ساسه بوو ماده‌م باپیره به‌شی راستی خوی وه‌رگرت‌و ئه‌ولادی باوکیش بی‌به‌ش ئه‌کری له‌گه‌لیانا ، چاك‌وایه که به‌شه‌که‌ی ئه‌وان وه‌ربگرن بوخویان ، به‌تایبه‌تی که به‌هوی ئه‌وه‌وه وه‌ختی خوی ئه‌مانه خاوه‌ن فه‌رز بوون‌و به‌شیان دراوه •

به‌لی مه‌سئه‌له‌یه‌ك هه‌یه له‌ومه‌سئه‌له‌یه‌دا خوشك فه‌رزی بو دائه‌نری ،

ئەگینا یا ئەبی باپیرە لە فەرزی خوی داپەری ، یا شەخصیکی خاوەنفەرز بیبەش بکری بە بیدەلیل • وە ئەو مەسئەلەیە بریتییە لە باپیرەو دایكو میردو خوشکیکی باوکیو دایکی یا هەر باوکی • لەممەسئەلەیەدا شەشیەك دائەنری بو باپیرە لەبەرئەوە کە ئەگەر بە عەصەبەی دابنیین خوشکەکەیش لەگەل خویدا ئەکا بە عەصەبە و بەشی باپیرە لە شەشیەك کەمتر ئەبیتەوە ، وە ئەمەیش پیچەوانەی نەصصی ئایەتە • جا کە ئەومان بە خاوەنفەرز دانا فەرز بو خوشکەکەیش دائەنیین چونکە لەئایەتدا خاوەنفەرزە ، وە قابیل نییە بەهوی (استغراق) گرتنەوەی میراتەوە بیبەش بکریو هیچ بەشیکی بو دانەنریٚ •

جا لەممەسئەلەیەدا ، باپیرە شەشیەكو دایك سییەكو میردەکە نیوەو هەروەها خوشکە دایکیو باوکییەکەیش نیوە ئەبا • کەواتە ئەصلی مەسئەلە لە شەشە ، وە بە (عول) زیادکردن زیاد ئەکری بو نو • لەمژمارەیە سیی بو میردەکەو دووی بو دایکەکەو یەکیکی بو باپیرەکەو سیی بو خوشکە باوکیو دایکییەکەیە • ئەمجا لەبەرئەوە کە باپیرە لەگەل ئەو خوشکەدا وەك براو خوشك وایە ، ئەبی بە ئوسوولی کوبوونەوەی عەصەبات ئەو یەك بەشەی باپیرەکە لەگەل سی بەشەکەی خوشکەکە دابەش بکری بەسەریانا ، وە لەبەرئەوە کە چوار ئەشکیتەوە بەسەر سی کەسدا ضەربی سی ئەکەین لە نو ئەبی بە بیستوحەوت • نوی بو میردەکەو شەشی بو دایکەکەو دوازدەی ئەمینیتەوە هەشتی بو باپیرەو چواری بو خوشکەکە •

بەکورتی لەپیشەوە تەماشای فەرزمان بوکردن چونکە ئەگەر تەماشای تەعصیبمان بکردایە باپیرەکە لە شەشیەکی خوی کەمتری بو ئەمایەوە • وە لەپاش فەرزیش تەماشای تەعصیبمان کرد بوئەوە کە باپیرە دووقاتی خوشکەکە ببا •

ئەگەر لەممەسئەلەیەدا لەجیاتیی خوشکەکە برایەك بوایە ، ئـەوە بەهوی داگرتنی میراتەکەوە لەلایەن خاوەن فەرزەکانەوە بی‌بەش ئەبوو ، وە هیچی دەس نەئەکەوت •

وا مەشهوورە ئەوکەسەی پرسیاری لەم مەسئەلەیە کردووە نـاوی (اکدر) بووە ، بویە مەسەلەکە ناونراوە (اکدریة) • هەندیکیش ئەلین لەبەرئەوە کە ئەم جورە میرات پی‌گەیاندنە تاریکەو بووە بەهوی ئـەوە کە ئوسوول‌و دەستووری (زیدی کوری ثابت)خوای لی رازی بی لە علمی (فرائض)دا لیل‌و تاریك ببی لەبەرچاوی ، ئەم ناوەی بەسەردا براوە •

باسی کوبوونەوەی جیهەتی فەرض‌و تەعصیب ، وە دوو جیهــەتی فەرض ، وە دوو عەصەبە کە یەکیکیان جیهەتی فەرضیشی ببی

ئەگەر کەسیك جیهەتی فەرض‌و جیهەتی عەصەبەیی تیابوو ، ئەوە بە هەردوو جیهەتەکە میرات ئەبا ، وەکو میردیك کە ئاموزای ژنەکـــەی بی ، ئەوە نیوەی میراتەکــە بــە فــەرض وە نیوەکەی‌تری بــە جیهــەتی عەصەبەیی وەرئەگری • بەلام کەسیك کە تەنیا جیهەتیکی تیــا بی ، وە هەندی‌جار بە فەرض‌و هەندی‌جار بە تەعصیب میراتی پی‌وەربگری ، ئەوە هەموو کاتیك بە هەردولایان میرات وەرناگری ، وەکو باوك کە بەجیهەتی باوکیەتی جاروبار بە فەرض‌و جاروبار بە تەعصیب میرات ئەبا ، ئەگەرچی لەگەل تەنیا کچدا بە هەردوو جیهەتەکە مال وەرئەگری •

هەروەها ئەگەر جیهەتی تەعصیبەکە ذاتی نەبی ، ئەوە هەر بـــە فەرض میرات ئەبا ، وەکو کچی کە خوشکی باوکی بی ، مەسەلا یەکیك بەشوبهە بروات لای کچی خوی‌و کچیکی لی‌ببی ، جا کچە گەورەکـــە

بمری ، ئەوە کچە بچووکەکە هەرچەند لەجی کچە گەورەکەیە ، خوشکی باوکی‌یشیەتی • وە خوشك لەگەل کچا ئەبی بە عەصەبە ، بەلام تەعصیبی ذاتی نی‌یە ، بەلکو تەعصیبی (مع الغیر)ە • لەم بارەیە لەم مەسئەلەیەدا کچە بچووکەکە هەر بە فەرض‌و بە جیهەتی کچیەتی میرات لە کچە گەورەکە وەرئەگری ، وە بەجیهەتی تەعصیبی (مع الغیر) باقی‌ی میراتەکە ئابا •

وە ئەگەر کەسیك دوو جیهەتی فەرضی تیا هەبی ئەوە کامیـــــان بەهیزتربی بەویانە میرات ئەبا • هیزیش بریتی‌یە لەوە کە یەکیکیـــان ئەوی‌تریان بی‌بەش بکا لە میرات بەتەواوی یا بەشە میراتی کەم بکاتەوە ، یاخود جیهەتیکیان هەرگیز بی‌بەش یا کەم‌بەش نەکری ، بەلام ئەویـــان جارجار بی‌بەش یا کەم‌بەش بکری ، یاخود هەردوکیان بی‌بەش بکرین بەتەواوی بەلام یەکیکیان کەمتر بی‌بەش بکری •

میسالی دووەم لە بەشی یەکەم وەکو ئەوە کە یەکیك بەشوبهە بروانە بی ، مەسەلا یەکیك بەشوبهە بروانە لای دایکی‌و کچیکی لی‌ببی ئەوجا بمری • ئەوە کچەکە بەجیهەتی کچیەتی میراتی لی‌وەرئەگری نەك بەجیهەتی ئەمە کە خوشکی دایکی‌یشیەتی چونکە ئەولادی مردوو براو خوشکی دایکی بی‌بەش ئەکەن •

میسالی دووەم لە بەشی یەکەم وەکو یەکیك بەشوبهە بروانە لای لای کچی خوی و کچیکی لی‌ببی ، وە کابرا بمری ، وە ئەم دووکچە بەجی‌بهیلی ، ئەوە هەردوو کچەکە بەجیهەتی کچیەتی دووسی‌یەکی میراتەکەی ئەبەن • ئیتر تەماشای ئەوە ناکری کچە گەورەکە ژنیشی بووە، چونکە جیهەتی کچیەتی بەهیزترە ، بەهوی ئەوەوە کە ئەولاد ژن کەم‌بەش ئەکەن‌و لە چواریەکەوە دای‌ئەپەرینن بو هەشت‌یەك •

میسالی بەشی دووەم وەکو ئەوە کە یەکیك بەشوبهە بروانە جی‌کچی خوی‌و

کچیکی ببی لی ی • ئەمجار کچەکەی بمری و دایکی بمینیتەوە • ئەوە هەرچەند دایکیشەو خوشکی باوکی یشە ، بەلام بەجیهەتی دایکیەتی میرات ئەبا نەك بەجیهەتی ئەوە کە خوشکی باوکی یە ، لەبەرئەوە کە دایك هەرگیز بی بەش ناکری لە میرات بەلام خوشك گەلیجار بی بەش ئەکری •

میسالی بەشی سیهەم وەکو ئەوە کە ئەم کابرایە برواتە لای کچە بچووکەکەیشی و کچیکی لی ببی • جا ئەم کچە دوایی یە بمری ، وە نەنکەکەی بمینیتەوە کە وەکو نەنکیەتی خوشکی باوکی یشیەتی • ئیستە ئەوە بە نەنکایەتی میرات ئەبا نەك بەجیهەتی خوشکایەتی لەلای باوکەوە ، لەبەرئەوە هەرچەند ئەمدوانە هەردوکیان بی بەش ئەکرین ، بەلام نەنك هەر بەتەنها دایك بی بەش ئەکری ، وە خوشکی باوك بە گەلی کەس بی بەش ئەکری •

بەلی لەمبەشەدا ئەگەر جیهەتە خاوەنهیزەکە وەها ریکەوت بی بەش کرا ، وەك ئەوە کە لەمیسالەدا دایکی مابی و نەنکی بی بەش بکا ، ئەوە ئەوکاتە بەجیهەتە بی هیزەکە وەکو خوشکیتی باوکی بی ، میرات ئەبا • جا نەنکەکە نیوەی مال ئەباو دایکەکەی سی یەك و مەسئەلەکە لە شەش ئەبی وە ئەوبەشەی کە ئەمینیتەوە یا ئەدری بە (بیت المال) یا بەنیسبەت ئەگیرریتەوە بو دایك و خوشکەکە • وە لەمیسالەدایە کە بەشیوەی لەغەزو مەتەلە ئەلین « نەنکی مردووەکە نیوەی مال ئەباو دایکی سی یەك » •

وە ئەگەر دوو عەصەبەی موساوی بوون وە یەکیکیان جیهەتی فەرضیشی ببی ، وەکو دوو ئاموزا کە یەکیکیان برای دایکی یش بی ، ئەوە بەجیهەتی فەرضەکە بەشی خوی ئەبا • جا باقی ی مالەکە بەموساوات لەگەل رەفیقەکەیدا بەش ئەکا • ئیتر ئەو جیهەتە نابی بەهوی بی بەش بوونی ئەو رەفیقەی ، یەعنی ئەو ئاموزایە کە برای دایکی ی مردووەکە نی یە •

میرات وەرگرتن لە ونبوو (مفقود)

وە میرات وەرگرتنی ئەو

ئەگەر کەسێك بەدیل گیرا یاخود ونبوو ، وە باس‌و خواسی نەما ، ئەوە ماڵەکەی بەمیرات نابرێ تا بە دوو شاهید ئیسباتی مردنی ئەکرێ ، یاخود ماوەیەکی‌وا رانەبووری کە باوەڕی ئینسان بێتە سەر ئەوە کــــە لەوە زیاتر ناژی • ئەوسا قاضی ئیجتیهاد ئەکاو حوکم ئەدا بە مردنی • جا ئەگەر لە حوکمەکەیا ناوی وەختی مردنی کابرای نەبرد ، ئەوە هەرکەس لەپیش ئەو حوکمەدا مردبێ میراتی لێ‌وەرناگرێ • وە ئەگــــەر نـــاوی وەختێکی تایبــەتی‌ی برد ، ئــەوە هەرکــەس لە پیش ئەووەختەدا مردبێ میراتی لی نابا ، وە هەرکەسی پاش ئەووەختە مردبێ میراتی لێ‌وەرئەگرێ•

وە ئەگەر لەپیش حوکم‌کردن بەمردنیا کەسێکی‌وا مرد کە کابرای ونبوو میراتی لی‌با خوای هەموو میراتەکەی ببا یا هەندێکی ببــا ئــەوە بەشی ئەو شەخصە ونبووە هەڵئەگیرێ • وە هەرکەسی حازر بێ بـــە وەزعێکی چرووك موعامەلەی لەگەڵ ئەکرێ ، یەعنی هەرکەسی بەهوی ژیانی ونبووەکەوە بی‌بەش ببی بەشی نادەین تا وەزع روشن ئەبیتەوە • وە هەرکەس بەهوی ژیانی ئەوەوە بەشی کەم بیتەوە وادائەنێین مردووە• وە هەرکەس بەهوی مردن‌و ژیانیەوە بەشی نەگوری ئەوە حەقی خــوی ئەدریتی •

جا لەکاتیکا کە مردنی بو هەندی کــەس زەرەر بی‌و ژیـــانی بـو هەندیکی‌تر ، پیویستە دوو مەسئەلە دروست بکەین لەســــەر ئەم دوو تەقدیرە • جا ئەگەر ژمارەی مەسئەلەکان (متداخل) بوون زورەکەیان وەرئەگرین • وە ئەگەر (متوافق) بوون ضەربی هاوجـــور (وفق) ی

یەکێکیان ئەکەین لە تەواوی ئەویانا • وە ئەگەر (متباین) بوون ضەربی تەواوی یەکێ لەوان ئەکەین لە تەواوی ئەوی تریانا بۆئەوەی بۆمـــان دەرکەوی ئەندازەی ئیستیحقاق‌و ئەندازەی راگیراو چەندە •

مەسەلا ئەگەر کەســـێك مرد ، باپیرەو برایەکی باوکی‌و دایکی‌و برایەکی ون‌بووی لی‌بەجی‌ما ، ئەوە دەرحەق بە باپیرەکە قەراری ژیـــان ئەدەین • وە لەم‌کاتەدا سی‌یەك بۆ باپیرەکە باشە ، وە مەسئەلە لە سی‌یە • وە دەرحەق بە برا باوکی‌و دایکی‌یەکە قەراری مردن ئـــەدەیـــن ، وە مەسئەلەکە لەدووە لەبەر سەری خوی‌و باپیرەکە • جا ضـــەربی دوو ئەکەین لە سی ئەبی بە شەش • سی‌ی بۆ براکەو دووی بۆ باپیرەکـــەو بەشێکی رائەگرین ، ئەگەر ون‌بووەکە مردبوو ئەیدەین بە باپیرەکە • وە ئەگەر مابوو ئەیدەین بە برا باوکی‌و دایکی‌یەکە •

وە ئەگەر ژنێك مرد ، کوڕێکی ون‌بوو میردو کچێکی بەجی‌هێشت، مادەم بەهوی کچەکەوە میردەکەی چواریەك ئەبا مەسئەلەکە لە چوارە • یەکێکی بۆ میردەکەی‌و یەکێکی بۆ کچەکەی‌و دووبەشی هـەڵئەگرین ، ئەگەر کوڕە ون‌بووەکە مابوو ئەدری بەو ، وە ئەگەر مردبوو بەشێکی‌تر ئەدەین بە کچەکە بۆ تەواوکردنی نیوەکەی ، وە بەشەکەی‌تر ئـەدری بە (بیت المال) یاخود ئەگیرریتەوە بۆ کچەکە ••

وە ئەگەر ژنێك مرد میردێکی ون‌بوو دوو خوشکی باوکی‌و دایکی‌و مامێکی هەبوو ، ئەوە ئەگەر میردەکەی مردبی مەسئەلەکە لە سی‌یە ، کـە مەخرەجی دووسی‌یەکی خوشکەکانە • وە ئەگەر زیندوو بی مەسئەلەکە لە شەشە بە ضەربی مەخرەجی نیوە کە بەشی میردەکەیە لە سی کـــە مەخرەجی دووسی‌یەکی خوشکەکانە ، وە بە زیادکردن (عول)ەوە ئەگا بە حەوت ، وە بە دەستووری (تعدّد)ی مەسئەلە ضەربی سی ئـەکـەین لە حەوت ئەبی بە بیست‌ویەك • جا دوازدە بەش ئەدەین بە خوشکەکان ،

وه نو بەشی هەڵئەگرین ئەگەر میردەکەی مابوو ئەیدەین بە ئــەو ، وه مامەکەی بە (استغراق) بی‌بەش ئەبی • وه ئەگەر مردبوو دووبەشــی‌تر ئەدەین بە خوشــــکەکان بو تەواوکردنی دووسی‌یەك ، وه حەوت بەشی ئەدەین بە مامەکەی •

باسی میراتی (حمل) سکی ژن

ئەگەر کەسیك مردو سکیکی بەجی‌هیشــــت کە بە هەموجوری میراتی ئەبرد وەکو ئەولادی خوی ، یاخود لە هەندی‌کاتا میراتی ئەبـرد وەکو سکی برازنیکی کە ئەگەر کور بی میرات ئەباو ئەگەر کچ بی میرات نابا چونکی کچی برا لە (ذوات الارحام) ە ، یاخود وەکو ژنــی بمـری میردو خوشکیکی باوکی‌و دایکی‌و باوەژنیکی سك‌پر بەجی‌بهیلی کــــە ئەگــەر ســـــکەکە کــور بی بەشی نی‌یە چونکی برای باوکی‌یــەو لەمەسئەلەیەدا بە (استغراق)ی خاوەن فەرزەکـــان بی‌بەش بووە ، وه ئەگەر کچ بی بەشی هەیە چونکە لەگەل خوشکەکەدا دوو سی‌یەك ئەبەن‌و مەسئەلەکە لە شەشەو زیاد ئەکری بو حــەوت ـ ئــەوە لــە هـــەموو ئەم‌صوورەتانەدا دەرحەق بە سکەکە ئەوەی (احتیاط) بی بەکار ئەهینری • جا ئەگەر میرات‌بەر هەر سکەکە بوو بەم‌رەنگە کابرای مردوو ژنیــکی طەلاق دراوی (بائنە)ی دووگیانی بەجی‌هیشت ، یاخود لەومـــەیدانەدا میرات‌گریك هەبوو کە بەهوی سکەکەوە بی‌بەش ئەبوو وەکـــو بـــراو خوشکی دایکی ، یاخود لە هەندی تەقدیرا بی‌بەش ئەکرا وەکو برایەك یا خوشکیکی باوکی ، ئەوە ئەگەر سکەکە کور بی ئەوانە بی‌بەش ئەکا ، وه ئەگەر کچ بی بی‌بەشیان ناکا ، یاخود بەهــــوی سکەکــــەوە بی‌بەش نەئەبوو لە میرات بەلام خویشی بەشی دیاری نەبوو وەکو کور ـ ئــەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا هەموو میراتەکە ماتل ئەکری تا سکەکە لەدایـك

ئەبی ، چونکە نازانین نیرینەیە یا مێینە ، وە یەك منداڵە لەسکەکەدا یا زیاترە ، وە لای ژووررووی سکیش دیاری نەکراوە ، چونکە ری کەوتووە ئافرەت بە سکیك چوار یا حەوت یا دوانزە منالی بووە ، بەلکو ئەگیرنەوە کە ئافرەتیك لە بەغدا بە سکی چل منالی داناوە وەکو پەنجەی دەس وە ژیاویشن •

وە ئەگەر کەسیك بەشی تەقدیرکراوی بوو ، ئەوە ئەیدریتی خواە زیادکردن (عول)ی نەوی وەکو پیاویك بمری ژنیکی سكپرو باوك بەجی‌بیلی • ئەمە بەئیعتیباری ضەربی سی لە هەشت مەسئەلە لە بیستو چوارە ، سی بو ژنەکەو چوار بو باوکەکەو شازدەی ئەمینیتەوە ، جا ئەگەر سکەکە دوو کچ بوو یا زیاتر ئەوە حەقی خویانە وەری‌بگرن ، وە ئەگەر تاقە کچیك بوو دوانزەی حەقی خویەتی‌و چواری وەرئەگرینەوە ، وە لەمچوارە باقیاتی هەشت‌یەکی ژنەکەو شەش‌یەکی باوكو دایکەکە تەواو ئەکەین ، وە هەرچی مایەوە بە تەعصیب ئەیدەین بە باوکەکە ، چونکە ئەوبەشانەی بردوویانە ئەندازەی بەشەکانیان ناتەواوە لەبەر لی‌زیادکردن (عول) وەکو لەمەولا باسی ئەکەین •

وە ئەگەر سکەکە کور بوو بەتەنها یا لەگەل کچا ، ئەوە دیسان مەسئەلەکە لە بیستوچوارە ، وە لەو شازدە بەشە هەشت‌یەکی ژنەکەو شەش‌یەکی باوكو دایکەکە تەواو ئەکەین ، وە ئەوی‌تری ئەدەین بە ئەولادەکان بە تەعصیب • دریژەدان بەمشوینە بەمجورەیە : مەسئەلەکە لەگەل لی‌زیادکردن (عول)دا لە بیستو حەوتە ، ئەگەر سکەکە کچی (متعدد) بن ، وە یا هەر لە بیستو چوارە • جا بە قانوونی (تعدد)ی مەسئەلە لەبەرئەوە کە مەسئەلەکان (توافق)یان لەبەینایە بە سی‌یەك ، ضەربی هەشت ئەکەین لە بیستو حەوت ئەبی بە دووصەدو شازدە ، وە

ضەربی بەشی هەرکام لەم خاوەن فەرزانە لە هەر مەسئەلەیەکدا ئەکەین لە سێیەکی ئەو مەسئەلەیە • بەمحیسابە ژنەکە لە مەسئەلەی یەکەمدا سێ بەشی هەبوو ، ضەربمان کرد لە نۆ بوو بە بیستو حەوت ، وە دایکەکە چواربەشی هەبوو ضەربمان کرد لە نۆ بوو بە سیوشەش • هەروەها باوکەکەیش •

وە لە مەسئەلەی دووهەمیشدا ژنەکە سێ بەشی هەبوو ، ضەربمان کرد لە هەشت ، بوو بە بیستو چوار • وە دایکەکە چوار بەشی هەبوو ، ضەربمان کرد لە هەشت بوو بە سیودوو • هەروەها باوکەکەیش • جا لای کەمی ئەمبەشانە کە بیستو چوارە بۆ ژنەکە ، وە سیودووە بۆ دایکەکە ، وە سیودووە بۆ باوکەکە، ئەدریتە دەستی خویان• وە ئەندازەی فەرقی بەینی بەشەکان کە سێ بەشە بۆ ژنەکەو چوارە بۆ باوكو چوارە بۆ دایك ، هەلئەگرین کە ئەکاتە یازدە بەش •

جا ئەگەر سکەکە کور بێ بەتەنیا یا لەگەل کچدا ، ئەوە بۆ تەواوکردنی هەشتیەکی ژنەکەو شەشیەکی باوكو دایك ، یازدە بەشەکەیشیان پێئەدەین لەگەل بەشە پیشووەکەیانا کە تیکرا ئەکاتە نەوەدو نۆ بەش ، وە باقیی میراتەکە کە صەدو حەفدە بەشە ئەیدەین بە ئەولادەکان بەتەعصیب •

وە ئەگەر یەك کچ بوو نیوەی هەموو میراتەکە کە بریتییە لە صەدو هەشت بەش ئەیدەینی وە عەینی نەوەدونو سەهمەکەیش بەشیوەی پیشوو ئەدەین بە ژنو دایكو باوکەکە ، وە نۆ سەهم لە میراتەکە ئەمینیتەوە بە تەعصیب ئەیدەین بە باوکەکە •

وە ئەگەر دوو کچ یا زیاتر لە دوو کچ بن ئەوە لەبەرئەوە کە ئەبن بەهوی زیادکردن (عول) لە مەسئەلەکەدا ، خاوەن فەرزەکان

ئەگیرنەوە بو سەر بەشە کەمەکەیان کە بریتی‌یە لە هەشتاو هەشت سەهم • یەعنی بو ژنەکە بیست‌و چوار ، وە بو هەریەکی لە دایك‌و باوکەکەیش سی‌و دوو بەش ، وە باقی‌ی میراتەکە کە صەدو بیست‌و هەشت بەشە بـو تەواوکردنی دووسی‌یەکی مەسئەلەکە وەری‌ئەگرن بو خویان ، چونـکی وەختی خوی لە بیست‌و حەوت سەهمدا شازدە سەهمیان ئەبرد کـــە دووسی‌یەکی بیست‌و چوار بوو • ئیستەیش کە هەشت ضەرب بکەین لـە شازدە ئەگا بە ژمارەی صەدو بیست‌و هەشت •

(بیداربن) میرات‌بردنی سك بە دوو شەرتە (یەکەم) ئەوەیە کـــە بە زیندوویی جیا ببیتەوە لە دایکی بەجوریك کە نیشانەی ژیانی بەهیزی تیادا ببی وەکو هاوار یا گریان یا کردنەوەو قوونجاندنی دەســــت • (دووەم) ئەوەیە کە بزانین لە وەختی مردنی خاوەن‌میراتەکـــەدا بووە بەوجورە کە جیا ببیتەوە لە دایکەکەی لەماوەی شەش مانگەوە تـا چوار سال ، وە دایکەکەی لەم‌ماوەیەدا رەفیقی میرد نەبووبی ، یا خـود لـــە کەمتر لە شەش مانگ لە مردنی خاوەن میراتەکەوە خـواه دایکەکـــەی رەفیقی میرد بووبی یا نە ، یاخود جیا بووبیتەوە لە زیاتر لە شەش مانگ‌و کەمتر لە مافەوقی چوارسالدا ، وە دایکەکەی رەفیقی میرد بووبی ، بەلام میرات‌بەرەکان پی‌بنین بـــە بوونی ئـەو سـکەدا لەکاتی مردنی خـــاوەن میراتەکەدا •

میراتی نیرو می (خنثی)

نیرو می دووجورە : (یەکەم) ئەوەیە کونیکی ببی وەکو پەلەوەر نە لە عەورەتی پیاو بچی وە نە لە عەورەتی ژن • ئـەمـــە پی‌ی ئـــەلین نیرو می‌ی سەر لی‌دەرنەچوو (مشکل) وە چاوەروانی ئەکەین تـا بالـغ ئەبی • جا پاش بالغ‌بوون ئەگەر حەیزی پیاهات یا سکی بوو ئەوە ژنە ،

ئەگینا ئەگەر ئەیگوت حەز لە پیاو ئەکەم ئەوەیش هەر بە ژن دائەنری • وە ئەگەر ئەیگوت حەز لە ژن ئەکەم ئەوە بە پیاو دائەنری • وە ئەگەر حەزی لە کەسیان نەبوو ئەوە هەر بە موشکیلی ئەمینیتەوە •

(دووەم) ئەوەیە ئالەتی پیاوو ژنی هەبی • جا ئەگەر لەم ئالەتە پیاوانەیەوە میزی ئەکردو مەنی ئەهاتە خوارەوە ئەوە پیاوە • وە ئەگەر سکی ئەکردو حەیزی پیا ئەهات وە میزو مەنیی لە ئالەتی ژنانەیەوە بوو ئەوە ژنە • وە ئەگەر لە هەردوو ئالەتەکەیەوە میزی ئەکرد بەلام لە ئالەتە پیاوانەکەیەوە زورتر دەرئەچوو ئەوە هەر پیاوە • وە ئەگەر لە ئالەتە ژنانەکەوە زورتر دەرئەچوو ئەوە ژنە • وە ئەگەر لە هەردو ئالەتەکەیەوە وەك یەك دەرئەچوو ، بەلام حەزی لە ژن ئەکرد ئەوە پیاوە • وە ئەگەر حەزی لە پیاو ئەکرد ئەوە ژنە • وە ئەگەر حەزی لە هیچکامیان نەئەکرد یاخود حەزی لە هەردوکیان ئەکرد ئەوەیش هەر موشکیلە •

خونثا تا بە موشکیلی مابیتەوە قابیل نی‌یە ببی بە باوكو باپیرە ، یا بە دایكو نەنك ، یا بە ژنو میرد • وە ئەگەر ئاشکرا بوو ژنە یا پیاوە وەکو لە هەندی لەمحالانەدا کە بەیانمان کرد ئەوە حوکمی دیارە • وە ئەگەر موشکیل بوو تەماشا ئەکەین ئەگەر بە هیچ باریکا میراتی نەئەگورا وەکو ئەولادی دایکی ، ئەوە بەشی خوی بەتەواوی پی‌ئەدری • وە ئەگەر ئەگورا ، ئەوە ئەو ئەندازەیە کە یەقینە بەشیەتی ، پی‌ی‌ئەدری‌و باقی‌یەکەی رائەگیری تا وەزعیەتی دەرئەکەوی • وە ئەگەر میرات بەری تریشی لەگەلا بوو ئەویش ئەوەی یەقینە پی‌ی‌ئەدری • کەوابوو

ئەگەر کەسێك بمرێو برایەکی باوکیو ئەولادێکی دایکیی خوشکی هەبێ ، ئەوە ئەو مەسئەلەیە لە شەشە : شەش یەکی بۆ خوشکەیە ، چونکە بە هەموو تەقدیرێك شەش یەك ئەبا وە ئەوی تری بۆ براکەیە •

وە ئەگەر ئەولادێکی خوشکاو برایەکی باوکیی هەبوو ، ئەوە فەرزی منالە خوشکاکە ئەکەین بە کچ ، وە لەبەرئەوە کە کچ نیوە ئەبا مەسئەلەکە لە دووە • یەکێکی ئەدەین بە منالە خوشکەکەو یەکێکی رائەگرین • ئەگەر خوشکەکە بە کور دەرچوو ئەویشی ئەدەینێ ، وە ئەگەر بە کچ دەرچوو ئەیدەین بە براکە•وە ئەگەر کەسێك بمرێ کچێكو منالێکی خوشکاو مامێکی هەبێ ، ئەوە خوشکاکە دائەنێین بە کچ • جا مادام دوو کچ ئەکەونەیەك ، مەسئەلەکە لە سێیە • دوانی بۆ ئەم دوو منالەو یەکێکی هەڵئەگرین • ئەگەر خوشکاکە بە کور دەرچوو ئەوە بۆ ئەوە • ئەگینا ئەیدەین بە مامەکە • وە ئەگەر ژنێك بمرێ باوكو مێردو منالێکی خوشکای هەبێ ، ئەوە لەبەرئەوە کە باوك شەش یەك ئەباو مێردەکە چواریەك ئەبا مەسئەلەکە لە دوازدەیە • سێی بۆ مێردەکەو دووی بۆ باوکەکەو شەش بەش ئەدەین بە خوشکاکە لەسەر تەقدیری ئەوە کە کچە ، وە بەشێك ئەمێنێتەوە • جا ئەگەر خوشکاکە بە کور دەرچوو حەقی ئەوە ، وە ئەگەر بە کچ دەرچوو حەقی باوکەکەیە بە تەعصیب •

میرات وەرنەگرتن لەبەر نەبوونی شەرتی میرات

ئەگەر دووکەس یا چەند کەسێك لەوانە کە میرات ئەبەن لە یەکتر، مردن بەجورێکیوا کە ئاشکرا نەبێ کامیان لەپێش ئەویانا گیانی دەرچووە وەکو کۆمەڵێك کە لە پاپوڕیکا بخنکێن یا ئاو بێیان با ، یابسووتێن ، یا خانوو بەسەریانا برووخێ ، یا لە غەریبیدا بمرن ، یا لە کوڕی شەرو ئاشووبا لەناوبچن ، یا بەجورێکیتریوا بمرن ، ئەوە هیچکام لەوانە

میرات لە یەکتر نابەن ، وە مالی هەرکامیان ئـەگـەریتەوە بو مـیرات بەرەکانی تری خوی ئەگەر میراتگری هەبی •

بەلی ئەگەر زانرابوو کامیان لەپیشا گیانی دەرچووە ، بەلام لـەبـیر چووبودوە ، ئەوە میراتەکەی رائەگیری تا پیشووەکەیان دەرئەکـەوی ، یاخود لەناو خویانا ری‌ئەکەون • دەلیلی میرات نەبردنی ئەمانە ئـەوەیـە شەرتی میراتبردن ئەوەیە میراتبەرەکە لەکاتی مردنی خاوەن میراتەکەدا زیندوو بی بە حەقیقەت یا بە حوکم •

منالی زولیش میرات وەرناگری مەگەر لە دایکی ، وە لە براو خوشکی دایکی • ئیتر میرات لە باوکی وەرناگری • هەروەها منالیکیش کە باوکی بەهوی لەعنەت (لعان)ەوە لە منالی خویی خستبی ، ئەوەیش میرات لە باوکەکەی وەرناگری چونکە مەرجی میرات وەرگرتن ئەوەیە کە نەسەب دیاری بی • هەروەها کومەلیك کە لە یەك هوز بن ، بـەلام جیهـەتی خزمایەتی‌یان لەگەل یەك دیاری نەبی ، ئەوانەیش میرات لـــە یەکتر وەرناگرن •

باسی (عول) یەعنی زیادکردنی ژمارەی مەسئەلە

هەر مەسئەلەیەك خاوەن‌فەرزی تیا بوو ، ئەوە ئەجزای فەرزەکان یا بوەك یەکن لەگەل ئەصلی مەسئەلەکەدا ، ئەوە لەمحـالەدا لـە عـەینی مەسئەلەکە خوی بەشەکان تەواو ئەبن ، وەکو ئەوە کەسیك بمری دوو کچو دایك‌و باپیرەی لی بەجی‌بمینی • مەسئەلەکە لە شەشە ، وە ئەجزای فەرزەکانیش شەشن ، چوار بو دوو کچەکەو یەکیك بو دایکەکەو یەکیك بو باپیرەکە • هەروەها ئەگەر ئەجزای فەرزەکان کەمتر بن لە ئەصـلی مەسئەلەکەو عەصەبەیان لەگەلدا بی ، ئەوەیش وەکو پیویستی بە (عول)

لی زیادکردن نی‌یه پیویستی به (رد) گیرانه‌وه‌یش نی‌یه ، وه‌کو ئه‌وه‌ که‌یه‌کیك بمری ، کچیك‌و دایك‌و باوکی هه‌بی • ئه‌م مه‌سئه‌له‌یه‌یش هه‌ر له شه‌شه ، سی بو کچه‌که‌و یه‌کیك بو دایکه‌که‌و ئه‌وی‌تری بو باوکه‌که • وه ئه‌گه‌ر عه‌صه‌به‌یان له‌گه‌لا نه‌بوو ، ئه‌وه (رد) گیرانه‌وه‌ی تیا هه‌یه‌ وه‌کو له‌مه‌وپاش به‌یانی ئه‌که‌ین •

یاخود ئه‌جزای فه‌رزه‌کان زیاترن له ئه‌صلی مه‌سئه‌له • له‌م‌حاله‌دا ناچارین به (عول) زیادکردنی ژماره‌ی به‌شه‌کان‌و که‌م کردنه‌وه‌ی ئه‌ندازه‌ی میراته‌که‌یان • مه‌سه‌لا ئه‌گه‌ر که‌سیك بمری دوو خوشکی باوکی‌و میردیکی لی به‌جی‌بمینی ، ئه‌مه له‌م‌حاله‌دا مه‌سئه‌له‌که له شه‌شه ، به‌لام چونکه ئه‌جزای فه‌رزه‌کان حه‌وتن خوشکه‌کان چوارو میرده‌که سی وه‌رئه‌گرن ، ناچارین به (عول) ، یه‌عنی له هه‌ر به‌شی له‌و شه‌ش به‌شه حه‌وت‌یه‌کیکی ئه‌گیرینه‌وه بوئه‌وه به‌شیکی‌تر په‌یدا ببی‌و بگا به حه‌وت • وا ده‌رکه‌وت که ژماره زور بوو ، وه ئه‌ندازه‌ی حه‌وت‌یه‌کیك له هه‌ر سه‌همیك که‌م بووه‌وه • جا له‌سه‌ر ئه‌م ئه‌ساسه ئه‌بی له‌و مه‌سئه‌لانه‌دا (عول) بکری[1] •

---

(۱) بو روون‌کردنه‌وه‌ی ئه‌م شوینه پیویسته بزانین ژماره سی جوره • یه‌که‌م : (مساوی) که بریتی‌یه له‌وژماره‌یه که که‌سره‌کانی به‌قه‌ده‌ر خوی بن وه‌کو (شه‌ش) که نیوه‌و سی‌یه‌ك‌و شه‌ش‌یه‌کی هه‌یه‌و هه‌موو ئه‌مانه ئه‌گه‌ن به شه‌ش • دووهه‌م : (زائد) که ئه‌و ژماره‌یه‌یه که‌سره‌کانی له خوی زیاتر بن وه‌کو (دوانزه) که نیوه‌و سی‌یه‌ك‌و چواریه‌ك‌و شه‌ش‌یه‌کی هه‌یه‌و تیکرایان ئه‌گاته پازده • ئه‌م دووبه‌شه ناو ئه‌برین به ژماره‌ی ته‌واو (عدد تام) • سیهه‌م : (ناقص) که به‌و ژماره‌یه ئه‌لین که‌سره‌کانی له خوی که‌متر بن وه‌کو (چوار) که نیوه‌و چواریه‌کی هه‌یه‌و تیکراکه‌ی ئه‌کاته سی •

جا هه‌ر ئه‌صلی مه‌سئه‌له‌یه‌ك که ته‌واو بی وه‌کو شه‌ش‌و دوازده‌و بیست‌و چوار ، ری‌ئه‌که‌وی فه‌رضه‌کانی له خوی تیپه‌ر بکاو پیویستی ئه‌بی ←

ئەو ئەصلانەی کە عەولیان تیا ئەکری سی ئەصلن (شەش)و (دوانزە)و (بیست‌وچوار) • یەکەمیان کە شەشە چوارجار عەولی تیا ئەکری بە تاق‌و بە جووت • عەول بو حەوت وەکو ئەو مەسئەلەیە کە ئیستا باسمان‌کرد ، وە عەول بو هەشت وەکو هەمان مەسئەلەی کومەلە پیشووەکە لەگەل دایکا کە دیارە دایکیش شەش‌یەك ئەباو سەهمیکی ئەوی ، کەواتە ئەبی ژمارەی مەسئەلەکە بگا بە هەشت • وە عەول بو نو وەکو عەینی ئەم کومەلە لەگەل برایەکی دایکی‌دا کە دیارە ئەویش شەش‌یەکی ئەوی ، وە پیویستە ژمارەی مەسئەلەکە بکەین بە نو • وە عەول بو دە وەکو ئەم کومەلە لەگەل برایەکی‌تری دایکی‌دا ، لەبەرئەوە

بە عەول واتە لی زیادکردن • وە هەر ئەصلی مەسئەلەیەك کە ناتەواو بی هەرگیز پیویستی بە عەول نابی چونکە بەشەکانی فەرضەکانی لە خوی کەمترن •

مەسەلا بو وینە مەسئەلەی میردو دوو خوشکی باوکی‌و دایك لە شەشە • میردەکە نیوە ئەبا کە سی‌یە • خوشکەکان دوو سی‌یەك ئەبەن کە چوارە • دایکەکەیش شەش‌یەك ئەبا کە یەکە • تیکرای ئەمە ئەکاتە حەوت‌و ئەصلی مەسئەلەکە دەری ناکا • کەواتە پیویستە شەش بەرز بکەینەوە بو حەوت تا تەقسیمەکە دەری‌بینی •

(بزانن) بوئەوەی تی‌بگەین ئەندازە زیادکراوەکە چەندیکە ، نیسبەتی ئەدەین لە ئەصلی مەسئەلەکە • مەسەلا ئەلیین شەش ئەوەندەی شەش‌یەکی لی زیاد کراوە کە ئەکاتە یەك • وە بوئەوە کە تی‌بگەین ئەوبەشانە لە ئەصلی مەسئەلەکەدا چەندیکیان لی‌ئەگەریتەوە تا بەشی خاوەن‌بەش تەواو بی ، نیسبەتی ئەو زیادەیە ئەدری بو ژمارە لی زیادکراوەکە • مەسەلا لە میسالی پیشوودا ئەلیین هەر سەهمیك حەوت‌یەکیکی لی گەراوەتەوەو لە مەجموعەکەیان بەشی تەواو بووە • بونموونە ئەگەر ئەو شەش سەهمی ئەصلی مەسئەلەیە هەریەکی حەوت فلس بی لە هەریەکی فلسیك ئەگیرینەوە کە ئەکاتە شەش فلس ، جا بەشیکی شەش فلسی پەیدا ئەبی وەك چون ئەو سەهمانە هەریەکی ئەبن بە شەش فلس ، یەعنی لە هەر سەهمیك حەوت‌یەکی لاچوو ، وە سەهمیکی شەش بەشی لە حەوت بەش پەیدا بوو •

كه دوو براى دايكى سى‌يه‌كيان ئه‌وى ، ئه‌بى به‌شيكى‌تر زياد بكه‌ين‌و ژماره‌كه بگا به ده •

ئه‌صلى دووهه‌ميش كه دوازده‌يه ، سى عه‌ولى تيا ئه‌كرى به تاق بو سيانزدو پانزه‌و حه‌قده • يه‌كه‌م وه‌كو ئه‌وه كه يه‌كيك بمرى دايك‌و ژن‌و دوو خوشكى باوكى‌ى لى به‌جى‌بمينى • مه‌سئه‌له‌كه له دوازده‌يه به ضه‌ربى سى له چوار • هه‌شتى بو دوو خوشكه‌كه‌و سى‌ى بو ژنه‌كه • دووى‌ترمان ئه‌وى بو شه‌ش‌يه‌كى دايكه‌كه هه‌رچه‌ند كه يه‌ك سه‌هم ماوه • كه‌واته ناچارين به زيادكردنى مه‌سئه‌له‌كه بو سيانزه •

دووه‌م : وه‌كو ئه‌م كومه‌له له‌گه‌ل برايه‌كى دايكى • دياره برا دايكى‌يه‌كه‌يش شه‌ش‌يه‌كى ئه‌وى • كه‌واته ئه‌بى ژماره‌ى مه‌سئه‌له‌كه بگاته پانزه • سى‌هه‌م وه‌كو ئه‌م كومه‌له له‌گه‌ل برايه‌كى‌ترى دايكى كه له‌گه‌ل براكه‌ى‌تردا سى‌يه‌ك ئه‌به‌ن كه چوار سه‌همه • كه‌واته ئه‌بى مه‌سئه‌له‌كه بگه‌يه‌نريته حه‌قده •

ئه‌صلى سيهه‌ميش وه‌كو بيست‌و چوار ، يه‌ك عه‌ولى تيا ئه‌كرى بو بيست‌و حه‌وت • وه‌كو ئه‌وه پياويك بمرى دوو كچ‌و ژنيك‌و دايك‌و باوكى له‌پاش به‌جى‌بمينى • كچه‌كان شانزه‌و باوك‌و دايكه‌كه يه‌كى چوارو ژنه‌كه سى به‌ش ئه‌با •

ره‌دكردنه‌وه بوسه‌ر خاوه‌ن فه‌رض

هه‌ركاتيك جوزئه‌كانى فه‌رضه‌كه كه‌متر بن له ژماره‌ى مه‌سئه‌له ، وه عه‌صه‌به‌يش له ئارادا نه‌بى ، له‌مصووره‌ته‌دا ژماره‌ى به‌شه‌كان كه‌م ئه‌كريته‌وه به‌جوريك كه ببى به ئه‌وه‌نده‌ى جوزئه‌كانى فه‌رضه‌كه ، وه ئه‌ندازه‌ى به‌شه‌كان زياد ئه‌كرى به‌پيچه‌وانه‌ى عه‌وله‌وه وه‌كو باسمان‌كرده

ئەم دابەش کردنەوەی زیادەیە بەسەر خاوەن فەرضەکانا لە حالەتیکا ئەبی کە (بیت المال)ی موسولمانان ئوسوولیکی ریکوپیکی نەبی بەگویرەی شەرع • ئەگینا ئەبی بدری بە (بیت المال) •

دروست کردنی مەسئەلەکانی رەدکردنەوە بە دوو جور ئەبی یەکەم بە تەفصیل کە بریتییە لەوە لەسەر دەستووری فەرزەکان مەسئەلەکە دروست بکری ، وە هەرکەسی بەشی خوی پی بدری ، جا هەرچی مایەوە لە ژمارەی مەسئەلەکە رەد بکریتەوە بویان بەگویرەی ئەندازەی فەرضەکەیان ، تەنها ژنو میرد نەبی کە هیچیان بو رەد ناکریتەوە • یەعنی پیویستە تەماشا بکری نیسبەتی یەکەیەکەی بەشەکان بو تیکرای بەشەکان چون بووە ، هەروەها ئەم ئەندازە رەدکراوەیش بکری بە ئەوەندە بەشەوە کە نیسبەتی سەهمی هەر خاوەن فەرزیك بو تیکرای سەهمەکان لەم بەشە رەدکراوانەدا وەکو نیسبەتی پیشوو بی • کەواتە لەوەدا کە زوو دراوە بە خاوەن فەرزەکان یەکەیەکەی بەشەکان (منسوب)ن ، وە تیکرای بەشەکان (منسوب الیه)ین • لەم ئەندازەیەیشدا کە رەد ئەکریتەوە بەشی هەرکەسیك (منسوب)ەو تیکرای ئەندازەی بەشە رەدکراوەکان (منسوب الیه)یە ، وە هەردو نیسبەتەکە یەکن •

مەسەلا ئەگەر کەسیك بمری کچیكو دایکیکی لی بەجیبمینی ، مەسئەلەکە لە شەشە • سی بو کچەکەو یەکیك بو دایکەکە • تیکرای بەشەکەیان چوار سەهمە • بەشی دایکەکە چواریەکەو ، بەشی کچەکە سی چواریەکی هەموو سەهمەکانە • ئەو دوو سەهمەیش کە ئەمینیتەوە ئەکرین بە چوار نیوە سەهم ، یەکیکی بو دایکەکەو سی بەشی بو کچەکە • جا ئەلین دوو دابەش ناکری بەسەر چواردا ، چوار ضەرب ئەکەین لە شەش ئەبی بە بیستو چوار ، هەژدەی بو کچەکە کە سی چواریەکە ، وە شەش یەکی بو دایکەکە کە یەك چواریەکە •

وه له مه‌سئه‌له‌ی کچو دایکو میردا مه‌سئه‌له‌که له بیستو چواره•
شه‌شی بو میرده‌که‌و دوازده‌ی بو کچه‌که‌و چواری بو دایکه‌که • دوو
سه‌هم ئه‌مینیته‌وه • نیسبه‌تی به‌شی کچه‌که‌و دایکه‌که بولای تیکرای
به‌شه‌کان به چه‌ند چواریه‌ك بووه • دوویش دابه‌ش ناکری به‌سه‌ر
چواردا ، که‌واته چوار ضه‌رب ئه‌که‌ین له بیستو چوار ئه‌بی به نه‌وه‌دو
شه‌ش ، میرده‌که بیستو چوار ئه‌با • حه‌فتو دوو سه‌هم ئه‌مینیته‌وه
چواریه‌کیکی که هه‌ژده‌یه بو دایکه‌که‌و سی چواریه‌کی که په‌نجاو چوار
به‌شه بو کچه‌که‌یه • جا ئیتر قیاس بکه له‌سه‌ر ئه‌م دوو میثاله •

به‌لام چونکه ئه‌م وه‌زعه ناره‌حه‌تی‌ی زوری تیایه‌و ئه‌نجامیش هه‌ر
به‌ش‌کردنه‌که‌یه ، زانایانی شه‌رع ریگایان داوه مه‌سئه‌له‌کان کورت
بکرینه‌وه • جا له‌سه‌ر ئه‌و ده‌ستووره ئه‌روینو ئه‌لین مه‌سئه‌له‌ی
ره‌دکردنه‌وه به کورت کردنه‌وه چوار به‌شه ، چونکه ژن یا میرد که
به‌شیان وه‌رگرتو شتیك مایه‌وه ئه‌وه ره‌د ناکریته‌وه بوسه‌ر ئه‌وان ، به‌لکو
هه‌ر بو خاوه‌ن فه‌رزه‌کانی‌تر ره‌د ئه‌کریته‌وه • جا یا له‌و مه‌سئه‌له‌ی
ره‌دکردنه‌وه‌یه‌دا یه‌کیك له ژنو میرد هه‌یه یا نی‌یه ، وه له هه‌ردو
حاله‌که‌دا ئه‌هلی ره‌د یا صینفیکه یا زیاتره له یه‌ك صینف • ئه‌مه بوو به
چوار به‌ش • به‌شی یه‌که‌م نه ژنو نه میردی تیا نی‌یه ، وه ئه‌هلی ره‌د بو
کردنه‌وه‌یش یه‌ك صینفن ، لیره‌دا ژماره‌ی سه‌ریان به ئه‌صلی مه‌سئه‌له
دائه‌نری ، وه‌کو ئه‌وه که یه‌کیك بمری یه‌ك خوشکی له‌پاش به‌جی‌بمینی
یا کچیك یا دوو کچ یا دوو خوشك یا دوو برای دایکی یا دوو خوشکی
دایکی یا دوو نه‌نك ، ئه‌وه له دوو صووره‌تی پیشوودا مه‌سئه‌له له یه‌که ،
وه له پینج صووره‌ته دوایی‌یه‌که‌دا له دووه • به‌شی دووهه‌م که یه‌ك له
ژنو میردی تیا هه‌یه‌و ئه‌هلی ره‌د بو کردنه‌وه‌یش له صینفیك زیاترن ،
ئه‌وه ئه‌صلی مه‌سئه‌له به‌قه‌ده‌ر ژماره‌ی سه‌همه‌که‌یانه ئه‌گه‌ر ته‌ماشای ره‌د

ئەكرێ وەكو ئەوە كە یەكێك بمرێ نەنكو خوشـــكی لێ بەجێبمێنێ ، ئەمە لەبەرئەوە كە لە ئەصلی مەسئەلەكەدا كە شـــەشـــە نەنك یـــەك سەهمی ئەبێو خوشكەكە سێ سەهمی ئەبا ، ئەصلی مەسئەلەكە لە چوارە • وە ئەگەر دوو كچو دایكی بەجێهێشـــت مەسئەلەكە لـــە پێنجەو ئیتر بەمجورە •

بەشی سیهەمیش كە ئەوەیە یەك لە ژنو مێردی تیا هەبێو ئەهلی رەد بو كردنەوەیش یەك صینفن ، ئەوە ئەصلی مەسئەلە لە مەخرەجی فەرضی مێردەكە یا ژنەكە دروست ئەكرێو بەشەكەی ئەو جیـــا ئەكرێتـــەوە • ئەمجار ئەگەر باقیەكەی قابیلی دابەش كردن بێ بەســـەر ئـــەهلی بـــو رەدكردنەوەدا ، ئەوە هەر ئەومەخرەجە ئەصلی مەسئەلەیە وەكو ژنیـــك لەگەل حەوت كچدا • لێرەدا ئەصلی مەسئەلەكە هەشتە ، یەكێك بو ژنەكەو حەوتەكەی كە ئەمێنێتەوە بو حەوت كچەكەیە • یاوەكو مێردیك لەگـــەل سێ كچدا ، لێرەدا ئەصلی مەسئەلەكە چوارە ، یەكێك بو مێردەكەو سێ بو كچەكان • وە ئەگەر باقیەكە قابیلی دابەش كردن نەبوو ، ئەوجا ئەگـــەر لەگەل ژمارەی سەری ئەهلی رەد بو كردنەوەكـــەدا تەوافوق هـــەبوو ، ضەربی وەفقی سەرەكەیان ئەكەین لە مەخرەجی فەرضی مێرد یا ژنەكەدا ، وەكو مێردیك لەگەل شەش كچدا • لێرەدا مەسئەلەكە لە چوارە ، یەكێك بو مێردەكە ، سێی ئەمێنێتەوە كە دابەش ناكرێ بەسەر شەش كچەكەدا ، تەوافوقیش هەیە لەبەینیانا بە سێیەك • ضەربی سێیەكی ژمارەی كچەكان ئەكەین كە دووە لە چواردا ئەبێ بە هەشت • دووی بـــو مێردەكـــــەو شەشی بو كچەكان هەریەكێ یەك •

وە ئەگەر تەبایون هەبوو لەبەینیانا ضەربی تەواوی ژمارەی سەریان ئەكەین لە مەخرەجەكەدا ، وەكو مێردیك لەگەل پێنج كچـدا • لـێرەدا مەسئەلەكە لە چوارە ، یەكێك بو مێردەكە ، سێی ئەمێنێتەوە ، تەبایونی

هەیە لەگەل پینج ، ضەربی پینج ئەکەین لە چواردا ئەبی بە بیست ، پینج بو میردەکەو پازدە بو کچەکان هەریەکی سی سەهم •

بەشی چوارەمیش کە یەك لە ژنو میردی تیا هەیەو ، ئەهلی رەد بو کردنەوەیش لە یەك صینف زیاترن ، ئەوە لەویشدا مەسئەلەکە لە مەخرەجی فەرضی مەسئەلەکە دروست ئەکریو بەشیان ئەدری • ئەمجار ئەگەر باقییەکەی بەش ئەکرایەوە بەسەر عەدەدی سەهمەکانی ئەهلی رەد بو کردنەوەکەدا کە بریتییە لەو سەهمانەی ئەکرین بە ئەصلی مەسئەلە ئەگەر میرد یا ژنیان لەگەلا نەبی ، ئەوە ئەصلی مەسئەلەکە لەو مەخرەجەیە ، وەکو چوار نەنكو ژنیكو شەش خوشکی دایکی • لیرەدا مەسئەلەکە لە چوارە ، یەکی بو ژنەکەو یەکیك بو نەنکەکان کە لە شەشدا یەکیك ئەبەن ، وە دوو بو شەش خوشکە دایکییەکە کە لە شەشدا دوو ئەبەن •

وە ئەگەر باقییەکەی مەخرەجەکە بەش نەئەکرایەوە بەسەر ئەو سەهمانەدا ، ئەوە ژمارەی ئەو سەهمانە ضەرب ئەکری لە مەخرەجەکە ، وەکو ئەمە کە یەکیك بمری نو کچو شەش نەنكو چوار ژنی لەپاش بەجی بمینی • لەمحالەدا مەسئەلە لە هەشتە ، یەکیك بو ژنەکان • حەوت ئەمینیتەوە ، بەش ناکری بەسەر سەهمی کچەکانو نەنکەکاندا چونکە سەهمی کچەکان لە شەشدا چوارە ، وە سەهمی نەنکەکان لە شەشدا یەکە • کەواتە ضەربی پینج ئەکەین لە هەشت ئەبی بە چل •

جا ئەگەر ویستت بزانی هەر صینفیك چەندی ئەکەوی لەو حاصلی ضەربە ، ئەوە سەهمی میردەکە یا ژنەکە ، کە لەم میسالی ئیمەدا یەکە ، ضەربی بکە لەوە کە ضەرب کراوە لە مەخرەجی فەرضەکەدا کە لەم میسالەدا پینجە ، وە عەدەدی سەهمی هەر صینفیك لەوانە کە ئەهلی رەد

له مه‌خره‌جه‌که وه‌کو حه‌وت بی له‌م میساله‌دا •

که‌واته له‌م میساله‌دا که مه‌سئه‌له‌که گه‌یشتووه به چل ، یه‌ك ضه‌رب ئه‌که‌ین له پینج که حاصل ضه‌ربه‌که‌ی هه‌ر پینجه بو ژنه‌کان ، وه چوار که به‌شی کچه‌کان بوو ضه‌ربی ئه‌که‌ین له حه‌وت ئه‌بی به بیست‌و هه‌شت بو کچه‌کان ، وه یه‌ك که به‌شی نه‌نکه‌کانه ضه‌ربی ئه‌که‌ین له حه‌وت که هه‌ر حه‌وتی لی‌ده‌رئه‌چی ، ئه‌مه چل سه‌همه‌که •

جا پاش ئه‌وه که به‌شی هه‌ر صینفیکمان دا به خاوه‌نی ، ئه‌گه‌ر به‌سه‌ر ژماره‌ی سه‌ری صینفه‌که‌دا دابه‌ش نه‌ئه‌کرایه‌وه ، ئه‌وه به ده‌ستووری ته‌صحیحی مه‌سائیل موعامه‌له‌ی له‌گه‌ل ئه‌کری که له‌مه‌ولا باسی ئه‌که‌ین • مه‌سه‌لا له‌م‌میساله‌دا که به‌شی هیچ صینفیك به‌ش ناکریته‌وه ، وه له به‌ینی به‌ش‌و صینفه‌کانیشا ته‌بایون هه‌یه ، عه‌دده‌دی سه‌ره‌که‌یان ئه‌هیلینه‌وه ، ئه‌مجار ته‌ماشای عه‌دده‌دی سه‌ری صینفه‌کان ئه‌که‌ین له‌به‌رئه‌وه که ته‌وافوقیان له‌به‌ینایه • دوو که نیوه‌ی عه‌دده‌دی ژنه‌کانه ضه‌ربی ئه‌که‌ین له عه‌دده‌دی سه‌ری نه‌نکه‌کان که شه‌شه ، ئه‌بی به دوانزه • وه ئه‌م حاصله ضه‌رب ئه‌که‌ین له سی‌یه‌کی عه‌دده‌دی کچه‌کان که سی‌یه ، ئه‌بی به سی‌و شه‌ش • وه ضه‌ربی ئه‌م حاصله ئه‌که‌ین له چل ، ئه‌بی به هه‌زارو چوارصه‌دو چل • جا ژنه‌کان که پینجیان ئه‌برد ضه‌ربی پینجه‌که‌یان ئه‌که‌ین له سی‌وشه‌ش ، ئه‌بی به صه‌دو هه‌شتا ، بو هه‌ر یه‌کیکیان چل‌و پینج • وه کچه‌کان که بیست‌و هه‌شتیان ئه‌برد بویان ضه‌رب ئه‌که‌ین له سی‌وشه‌ش ، ئه‌بی به هه‌زارو هه‌شت ، وه هه‌ر یه‌کیکیان صه‌دو دوازده ئه‌به‌ن • چوار نه‌نکه‌که‌یش که حه‌وت سه‌همیان هه‌بوو بویان ضه‌رب ئه‌که‌ین له سی‌و شه‌ش ئه‌بی به دووصه‌دو په‌نجاو دوو ، یه‌کی هه‌شتاو سی به‌ش ئه‌به‌ن •

میراتی (ذوی الارحام)

کاتێك کە نە خاوەن فەرض‌و نە عەصەبە هیچیان نەبوون ، یا خاوەن فەرضێکی‌وا نەبوو کــــە رەددی بو بکرێتـــەوە ، وە (بیت المـــال)ی موسولمانانیش لەسەر ئوسوولی شەرع نەئەروییی ، وە صینفێك یا زیـاتـر لەو صینفانەی (ذوی الارحام) هەبوو کە پێشـان باسمان کردن ، ئـەوە ئەو میراتە هەمووی یا ئەوەی کە لەو خاوەن فەرضە ئەمێنێتەوە کـە رەددی بو ناکرێتەوە ـ وەك ژن‌و مێرد ـ ئەدرێ بەو تەنها صینفە یا ئەو چەنـــد صینفانەی ذوی الارحام •

جا ئەگەر تەنها یەك کەس لە (ذوی الارحام) هەبوو ، ئەوە هەموو میراتەکە ئەبا • کەواتە ئەگەر کەسێك مرد وە تەنها کچی کچێکی هەبوو ، ئەوە هەموو میراتەکە بو ئەو کچی کچـــەیە • وە ئەگـــەر ژنێك‌و کچی کچێکی هەبوو ژنەکە چواریەك ئەباو ئەوی‌تری ئەدرێ بە کچی کچەکە• وە ئەگەر مێردێك‌و کچی کچێکی هەبوو ئەوە مێردەکە نیوەی میراتەکـە ئەباو ئەوی‌تری ئەدرێ بە کچی کچەکە • لەم‌بەیانەوە دەرکەوت کـەوا (ذوی الارحام) مەنعی میرات‌بردنی خاوەن فەرضی ئەصلی‌یان پێ‌ناکـری وەکو ژن یا مێرد ، وە لە بەشی تەواو دای‌ناپەرینن بو بەشی ناتەواو چونکە ئەوان بە (نص)ی قورئان خاوەن بەشن •

وە ئەگەر لە یەك‌کەس زیاتر هەبوو بەلام لە یەك صـینف بوون ، وەك کچی کچ‌و کوری کچ ، ئەوە لەم‌صوورەتەیشدا هەموو میراتەکە یا ئەوەی لە یەکێك لە ژن یا مێرد ئەمێنێتەوە ، ئەیبەن بەپێی ئوسوولی دوو بەش بو کورو یەك بەش بو کچ • بەلام لەناو ئەولادی براو خوشـــکی دایکیدا ئەوە هەر هاوسانی تەماشا ئەکری •

وە ئەگەر صینفەکان زور بوون ئەوە سێ مەذهـەب گێڕراوەتەوە لـە

زانایانی شەرع لە میرات بردنیانا • یەکەم مەذهەبی جومهوور کـــــە مەشهوورە بە مەذهەبی ئەهلی رەحم ، وە ئەوەیش بریتی‌یە لەوە کـــــە میراتەکە بدری بە هەموویان وەکو یەك ، بە بی‌جیاوازی لـــە بەینی نیرو می‌دا ، یا لەبەینی دوورو نزیکدا لە مردوو ، یا دوورو نزیك لە میراتبەر ، لەبەرئەوە کە هەموویان لە ئەصلی رەحمدا وەکو یەکن •

دووهەم مەذهەبی ئەهلی قەرابەتە کە بریتی‌یە لە تەماشـــاکردنی دووری‌و نزیکی لە مردووەوە ، بەپی‌ی ئەم مەذهەبە کام لـــە (ذوی الارحام)ەکان نزیکتر بی لە مردووەکە ئەوە میراتەکە ئەبا • وە ئەگـەر چەندکەس وەکو یەك وا بن لە نزیکی لە مردووەکەوە ، تەماشای ئەوەیان تیائەکری کامیان نزیکترە لە میراتبەرەوە • وە ئەگەر لەم صیفەتەیشـــدا وەکو یەك وابن ، ئەوکاتە میراتەکە ئەدری بە هەموویان ، بەلام لە غەیری ئەولادی براو خوشکی دایکی‌دا فەرقی نیرو می ئەکری •

سیهەم مەذهەبی ئەهلی تەنزیلە • ئەم مەذهـــەبە بەهیزترینی سی مەذهەبەکەیە ئەمەیش بریتی‌یە لەوە هەرکام لەم (ذوی الارحام) انـــە دابنری لەشوینی ئەو ئەصلە یا ئەو فەرعـــە یا ئەو (حاشیە)یـەدا کـــە بەهوی ئەوەوە ئەگا بە مردووەکە ، یەعنی لە ئەندازەی میرات‌و لە فەرض‌و تەعصیبدا ، وە لەوەدا کە مەنعی میرات بردنی غەیر بکا یاخـــود مەنعی میرات بردنی لی‌بکری •

مەسەلا باپیرەو نەنکیك کە خاوەن فەرض نین ، لە شـــوینی ئـەو ئەولادەیان دائەنرین کە بەهوی ئەوەوە ئەگەن بە مردووەکە وەکو باوکی بی یاخود دایکی • کەواتە باوکی دایك‌و ، باوکی دایکی دایك‌و ، باوکی باوکی دایك لەشوینی دایکدان • وە باوکی دایکی باوك لە شوینی باوکـدا دائەنری • وە ئەولادی کچ لەشوینی کچدا ، وە ئەولادی خوشـــــك

لەشوینی خوشكدا ، وە كچی برا لە شوینی برادا ، وە كچی مام لەشوینی مامدا دائەنری • بەلام مامی دایكیو پووریك كە خوشكی باوك بی ، وە ئەولادی ئەمانە لە شوینی باوكدا ، وە خالو پووری كە خوشكی دایــك بن ، وە ئەولادی ئەمانە لە شوینی دایكا دائەنرین •

جا پاش ئەوەی كە زانیمان هەركام لەشوینی كام میراتبەردایـــە ، تەماشای ژمارەی پلە ئەكەین لەبەینی ئەوانو ئەو میراتبەرانەدا كـــە پی‌ی‌ئەگەن ، خواە بەرەوخوار بیتەوە لە باوكو باپیرەو دایكو نەنكدا ، یا بەرەوژوور بیتەوە لە منالو منالەزادا ، یا لـــە تەنشـــتەوە بیت لـــە (حاشیە)كاندا • جا ئەگەر جیاوازی‌یەكمان دی لەبەینا ، مەســـــەلا كەسیك بە یەك پلە ئەگەیشت بە میراتبەر ، وە یەكیك بـــە دوو پـــلە پی‌ی‌ئەگەیشت ، ئەوە میراتبەر یەكەمەكەیانە • وە ئەگەر كەســـیك بە دوو پلەو كەسیك بە سی پلە ئەگەیشت ئەوە دوو پلەیی‌یەكە میراتبەرە، یەعنی تا لەتوانادا هەبی ئەهلی تەنزیل تەماشای نزیكی لە میراتبـەرەوە ئەكەن • كەواتە ئەگەر كەسیك مرد ، كچیكی كچو كچیكی كچی كچی هەبوو ، ئەوە هەریەكەمیان میرات ئەباو هەموو مالەكە بوئەوە • هەروەهـا ئەگەر كچیكی كچی كور وە كچیكی كوری كچی هەبوو هەر یەكەمیان میرات ئەبا لەبەرئەوە كە ئەو لكاوە بە میراتبەرەكەوە ، بەلام دووهـــەم واسیطەی لەدواوەیە •

وە ئەگەر كەسیك مردو دایكی باوكی دایكی هەبوو ، وە باوكـــی دایكی دایكیشی هەبوو ، ئەوە دووهەمیان پیش ئەخری • وە ئەگەر باوكی باوكی دایكی هەبوو لەگەل دایكی باوكی دایكو باوكی دایكی دایك ، ئەوە سیهەمیان میرات ئەبا • وە ئەگەر باوكی باوكی دایكی باوكو ، دایكی باوكی دایكی باوكی هەبوو لەگەل باوكی باوكی باوكی دایكو دایكـــی

باوکی باوکی دایکدا ، ئەوە یەکەمو دووهەم پیش ئەخرین و شەش یەکەکە لەبەینی خویانا وەکو یەك دابەش ئەکەن •

وە ئەگەر کوری کوری خالو ، کوری پووری هەبوو ، کوری پوورەکە پیش ئەخری • وە ئەگەر کوری پووری هەبوو ، وە کوری کوری مامیشی هەبوو ، هەر کوری پوورەکە پیش ئەخری •

وە ئەگەر کومەلیکمان دی کە لە نزیکی بە میراتبەردا وەکو یەك وابوون ، ئەوە وایان دائەنیین کە لەپاش مردوەکە بەجی ماون و هەموویان میراتبەری ئەصلین و لە (ذوی الارحام) نین • کەواتە هەر میراتیك بگا بەوانە لەحالیکا کە میراتبەری راستەقینە بن ، ئەگا بەمانەیش کە بەهوی ئەوانەوە ئەگەنەوە بە مردووەکە لەسەر ئوسوولی میراتی ئەوان بە فەرض یا بە تەعصیب •

کەواتە ئەگەر کەسیك مردو باوکی باوکی دایك و کچی کچی کچ و کچی کچی برای باوکیی بەجی هیشت ، ئەوە وابزانە کە مردووەکە دایك و کچ و برایەکی باوکیی بەجی هیشتووە • لەم مەسئەلەیەدا دایك شەش یەك بەردو کچەکە نیوە ئەباو براکە عەصەبەیە • کەواتە مەسئەلەکە لە شەشە ، یەکیك بو دایکەکەو سی بو کچەکەو دوو بو براکە • هەر بەوجورە لەم صوورەتەی خویشمانا مەسئەلەکە لە شەشە، سی بو کچی کچی کچەکەو یەکیك بو باوکی باوکی دایکەکەو دوو بو کچی کچی براکەیە ، ئەوان بە فەرض و ئەمیان بە تەعصیب •

وە ئەگەر هەندیك لەوانە لەسەر تەقدیری ئەوە کە میراتبەری راستەقینە بن هەندیکیان بی بەش ئەکرد لە میرات ، ئەوە لیرەیشدا ئەوە بی بەش کردنە دیتە کایەوە • کەواتە ئەگەر کەسیك مرد کوری خوشکیکی دایکیی و کوری خوشکیکی باوکیی و کوری خوشکیکی باوکیی و دایکیی

بەجیهیشت ، ئەوە کوری خوشکە باوکی‌یەکە بی‌بەش ئەکری بەهوی کوری خوشکە باوکی‌و دایکی‌یەکەوە • هەروەك چون برای باوکی‌و دایکی برای باوکی بی‌بەش ئەکا • کەواتە ئەو مالە ئەکری بە شەشەوە لەبەر مەخرەجی فەرضی خوشکە دایکی‌یەکە • سەهمیکی بو ئەوو ئەوی‌تری بو کوری خوشکە باوکی‌و دایکی‌یەکە بە تەعصیب •

وە ئەگەر چەند ئەولادیکی خالو پووری لی‌بەجی‌ما ، ئەوە دوو بەشی مالەکە ئەدری بە ئەولادی خالەکەو بەشیکی ئەدری بە ئەولادی پوورەکە • وە لەناو ئەولادی خالەکەیشا تەماشای ئوسوولی دوو بەش بو نیرینەو بەشیك بو می‌یینە ئەکری • هەروەها لەناو ئەولادی پوورەکەیشا بەو ئوسوولە میراتەکە دابەش ئەکری • ئەمە تەحقیقیکە کە زانایانی شەرع بەیانیان کردوە ، وە (شیروانی) ئەیگیریتەوەو قسەی (تحفة)و (نهایة)و (مغنی)ی بە سەهو داناوە کە بەپیچەوانەی ئەمەوەیە • بەلی لە ئەولادی براو خوشکی دایکی‌یا بەقەطعی فەرقی نیرو می ناکری ، وە هەرچی میراتیکیان دەسگیر ببی وەکو یەك دابەشی ئەکەن لەبەینی خویانا ••

باسی دروست کردنی مەسئەلەکان

ئەگەر بەشی میراتبەرەکان لە ئەصلی مەسئەلەدا دابەش ئەکرا بەسەریانا ئەوە ئاسانە وەکو میردیك لەگەل سی کورِدا • لیرەدا مەسئەلەکە لە چوارە کە مەخرەجی چواریەکی میردەکەیە ، یەکیکی بو ئەوو سی‌ی بو سی کورەکە • ئەگینا ئەگەر بەشی تاقە صینفیك ئەشکایەوە بەسەر ئەفرادی صینفەکەدا ، واتە لەبەینی ژمارەی بەشەکەو ژمارەی سەری بەشدارەکانا یا (تباین) هەبوو یا (توافق) یا (تداخل) ، بەلام ژمارەی سەری

بەشدارەکان زورتر بوو لە ژمارەی ئەصلی مەسئەلەکە[١]، ئەوە لەصوورەتی (توافق)دا ضەربی وەفقی عەدەدی سەری بەشدارەکان ئەکەین لە ئەصلی مەسئەلەکەدا • وە ئەگەر مەسئەلەکە عەولی تیا بوو عەولی بو ئەکەین‌و تەقسیمەکە لە حاصلی ضەربەکە تەواو ئەبی •

میسالی بی‌عەول وەکو ئەوە کەسیك بمری دایکیك‌و چوار مامی لی بەجی‌بمینی • مەسئەلەکە لە سی‌یە کە مەخرەجی فەرضی دایکەکەیە • یەکیکی بو ئەو ، دووی ئەمینیتەوە دابەش ناکری بەسەر چوار مامەکەداو (توافق)یشیان لەبەیندا هەیە • ضەربی نیوەی ژمارەی سەری مامەکان ئەکەین لە سی ئەبی بە شەش • دووی بو دایکەکەو چواری بو مامەکان هەریەکی یەك •

میسالی لەگەل عەولیشدا وەکو ئەوە کەسیك بمری شەش کچ‌و باوك‌و دایك‌و میردی لەپاش بەجی‌بمینی • ئەصلی مەسئەلەکە لە دوازدەیە بە ضەربی سی لە چوار یا ضەربی دوو لە شەش • عەولی تیا ئەکری لە سیانزەوە بو پانزە • هەشتی بو شەش کچەکەو چواری بو باوك‌و دایکەکەو سی‌ی بو میردەکە • جا لەبەرئەوە کە هەشت دابەش ناکری بەسەر شەشدا ، وە (توافق)یشیان لەبەیندا هەیە ضەربی سی ئەکەین لە پانزە ئەبی بە چل‌و پینج • بیست‌وچواری بو کچەکان هەریەکی چوار • وە شەشی بو باوکەکە ، وە شەشی بو دایکەکەو نوی بو میردەکە •

وە ئەگەر بەشەکان ئەشکانەوە بەسەر دوو صینفدا ، پیویستە بەراوردی بەشی هەر صینفیك بکەین لەگەل صینفەکەدا • جا ئەگەر ، ژمارەی بەشەکە لەگەل ژمارەی خاوەن‌بەشەکانا (توافق)یان هەبوو ، ئەبی

---

(١) راستەکەی ئەمجورە (تداخل)ەیش هەر بە (توافق) دائەنری، بەلام بە مەعنای عام •

ژمارەی صینفەکە بینینە خوارەوە بو وەفقی خوی • وە ئەگەر (تباين)یان هەبوو ، ئەبی ژمارەی صینفەکە بە حاڵی خۆی رابگرین • جا لەپاش ئەم موعامەلەیە تەماشای عەددەدی صینفەکان ئەکەین ، ئەگەر (تماثل)یان هەبوو یەکیکیان ضەرب ئەکەین لە ئەصلی مەسئەلەکەدا بە عەولەوە ئەگەر عەولی تیا هەبوو ، وە لەو حاصلی ضەربەدا مەسئەلەکە بەش ئەکریتەوە بەسەریانا •

میسالی بە بیعەول وەکو شەش خوشکی دایکی ، وە نو مامی باوکیو نەنکیك • مەسئەلەکە لە شەشە یەکیك بو نەنکەکە ، وە دوو بو شەش خوشکەکە وە سی بو نو مامەکە • دوو بەسەر شەشا دابەش ناکرێو (توافق)یشیان لەبەیندا هەیە بە نیوەیی ، ژمارەی خوشکەکان دینینە سەر سی • هەروەها سی بەش ناکریتەوە بەسەر نو مامەکەدا ، وە (توافق)یشیان لەبەیندا هەیە بە سییەك ، ژمارەی مامەکان دینینە سەر سییەك کە سییە • ئەمجار لەبەرئەوە کە ژمارەی هەردوو صینفەکە وەکو یەك دەرچوون ، ضەربی سی ئەکەین لە ئەصلی مەسئەلەکە کە شەشە ئەبی بە هەژدە ، سیی بو نەنکەکەو شەشی بو شەش خوشکەکەو نوبش بو مامەکان •

وە ئەگەر (تداخل)یان لەبەیندا بوو ، ژمارە زورەکەیان ضەرب ئەکەین لە ئەصلی مەسئەلەکە بە عەولەوە ئەگەر عەولی تیا هەبوو ، وە تەقسیمەکە لە حاصلی ضەربەکەدا تەواو ئەبی • میسالی بە بیعەول وەکو نەنکیكو دوازدە خوشکی دایکیو نو مام • مەسئەلەکە لە شەشە یەکیکی بو نەنکەکەو دووی بو دوازدە خوشکەکەو سیی بو نو مامەکە • دوو لەگەل دوازدەدا (متوافق بالنصف)ن ، کەواتە دوازدەمان هینایەسەر شەش ، وە سی لەگەل نودا (متوافق بالثلث)ن ، نومان هینایە سەر سی ، وە لەبەرئەوە کە سی داخلە لە شەشدا ، شەشمان ضەرب کرد لە

ئەصلی مەسئەلەکە کە شەشە بوو بە سی‌وشەش ، شەشی بو نەنکەکـــەو دوازدەی بو دوازدە خوشکەکەو هەژدەی بو نو مامەکە •

وە ئەگەر (توافق)یان هەبوو ، وەفقی عەدەدی صینفیك ضـــەرب بکە لە تەواوی عەدەدی صینفەکەی‌تردا ، وە حاصلی ضەربەکە ضەرب بکە لە ئەصلی مەسئەلەکەدا بەعەولەوە ئـەگـەر عەول کرابوو لەو حاصـــل ضەربەدا ، تەقسیم بەسەر ئەفرادی صینفەکانا تەواو ئەبی •

میسالی بە بی‌عەول وەکو نەنکیك‌و هەشت ئەولادی دایکی‌و هەژدە مامی باوکی • مەسئەلەکە لە شەشە • یەکیکی بو نەنـکەکەو دووی بـــو هەشت ئەولادەکەو سی‌ی بو هەژدە مامەکە • دوو لەگەل هەشتدا (متوافق بالنصف)ن ، هەشت دینینە سەر چوار • وە سی لەگەل هەژدەدا (متوافق بالثلث)ن ، هەژدە دینینە سەر شـــەش ، ئەمجار لەبەرئـــەوە کـــە چوارو شەش (متوافق) بوون دوومان ضەرب‌کرد لە شەشدا بوو بـــە دوازدە ، وە دوازدەکەمان ضەرب کرد لە شەشدا بوو بە حەفتاو دوو ، دوازدە بو نەنکەکەو ، بیست‌و چوار بو هەشـــت ئەولادە دایکی‌یەکەو ، سی‌و شەش بو هەژدە مامەکە •

وە ئەگەر (تباین)یان لەبەیندا هەبوو ، تەواوی ژمارەی ئەفرادی صینفیکیان ضەرب بکە لە تەواوی ئەویانا ، وە حاصلی ضەربەکە ضـــەرب بکە لە ئەصلی مەسئەلەکەدا بەعەولەوە ئەگەر عەول کرابوو لەو حاصلەدا ، تەقسیمەکە تەواو ئەکری •

میسالی بە بی‌عەول وەکو ژنیك‌و شەش نەنك‌و هەشـــت ئـەولادی دایکی‌و برابەکی باوکی • مەسئەلەکە لە دوازدەیە ، دوو بو نەنکەکان ، سی بو ژنەکەو چوار بو هەشت ئەولادەکانو ، سی بو برا باوکی‌یەکـان • دوو لەگەل شەشدا (متوافق بالنصف)ن ، عەدەدی شەش نەنکەکەمـــان

هینایه سەر سی ، هەروەها چواریش لەگەل هەشتدا ، ئەوانیشمان هینایەسەر چوار • جا لەبەرئەوە کە سیو چوار (متباین)ن ضەربی سیمان کرد لە چوار بوو بە دوازدە ، وە دوازدەمان ضەرب کرد لە دوازدە کە ئەصلی مەسئەلەکەیە بوو بە صەدو چلو چوار ، بیستو چوار بو شەش نەنکەکە یەکی چوار ، وە سیوشەش بو ژنەکەو ، چلو هەشت بو هەشت ئەولادەکان یەکی شەش ، وە سیو شەش بو برا باوکییەکە •

هەروەهایە قیاسی دروستکردنی مەسئەلە لەکاتی شکاندنەوە بەسەر سی صینف یا بەسەر چوار صینفدا • ئیتر قەت مەسئەلە بەسەر زیاتر لە چوار صینفدا ناشکیتەوە مەگەر لە میرات بەهوی ئازادکردنو سیادەتدا • میسالی شکاندنەوە بەسەر سی صینفدا وەکو دوو نەنکو سی برای دایکیو دوو مامی باوکیو دایکی یا باوکی • مەسئەلەکە لە شەشە ، یەکی بو دوو نەنکەکەو ، دوو بو سی براکەو ، سی بو دوو مامەکە • لە هەر سی صینفەکەدا (تباین) هەیە لەبەینی بەشو خاوەن بەشا • جا ضەربی دوومان کرد لە سی بوو بە شەش ، ضەربی شەشیشمان کرد لە شەش بوو بە سیو شەش • شەش بو دوو نەنکەکەو ، دوازدە بو دوو براکەو هەژدە بو سی مامەکە •

میسالی شکاندنەوەیش بەسەر چوار صینفدا وەکو دوو ژنو چوار نەنکو سی برای دایکیو سی مامی باوکی یا باوکو دایکی • مەسئەلەکە لە دوازدەیە ، سی بو ژنەکانو دوو بو نەنکەکانو چوار بو براکانو سی بو مامەکان • بەشی نەنکەکان لەگەلیانا تەوافوقی هەیە ، ژمارەکە دینینە سەر دوو ، وە بەشی باقییەکان تەبایونی هەیە لەگەلیانا ، هەرودکو خوی رایئەگرین • جا لەبەرئەوە کە ژمارەی ژنەکانو وەفقی ژمارەی نەنکەکان هەر دووە ، دوو ضەرب ئەکەین لە سی کە ژمارەی براکانە ئەبی بە شەش ، وە شەشیش ضەرب ئەکەین لە دوازدە

ئەبی بە حەفتاو دوو ، دوازدەی بو نەنکەکان هەر یەکی سی ، وە هەژدەی بو ژنەکان هەریەکی نو ، وە بیستو چواری بو براکان هەریەکی شەش ، وە هەژدەی بو مامەکان هەریەکی شەش •

قانونی زانینی بەشی هەر صینفیك لە حاصلی ضەربەکەدا ئەوەیە ئەوەی هەر صینفیك دەسی کەوتووە ضەربی بکە لەو عەدەدا کە پاش موعامەلەی صینفەکان ضەرب ئەکری لە ئەصلی مەسئەلەکەدا • ئیستا لە میسالەکەی پیشوودا ئەصلی مەسئەلە دوازدە بوو ، وە بەشی نەنکەکان لەویا دوو بوو ، وە ئەوەیش کە لەئەنجامی عەمەلیاتەکەدا ضەربمان کرد لە ئەصلی مەسئەلەکە شەش بوو ، جا دوو ضەرب بکە لە شەش ، ئەوە بەشی ئەوانە • باقی صینفەکانیش هەر بەمجورە •

باسی (مناسخات)
واتە مردنی هەندی لە میراتبەرەکان بەر لە دابەش‌کردنی میراتەکە

ئەگەر کەسیك مردو هەندی میراتبەری لەپاش بەجیما ، وە هیشتا مالەکە دابەش نەکرابوو یەکیکیان لیمرد ، ئەمە ئەگەر میراتبەر هەر ئەوانە بوون کە زوو لەگەلیا بوون ، وە میراتیان لەم مردووە وەکو میراتیان لە مردووە پیشووەکە بوو ، ئەوە لەم صوورەتەدا وا بریار ئەدەین ئەم مردووە دووهەمە نەبووە و میراتەکە لەبەینی میراتبەرە پیشووەکانا دابەش ئەکەینەوە ، وەکو چەند براو خوشکیك کە یەکیکیان لیبمری لەپیش دابەش‌کردنی میراتەکەداو هەر ئەو براو خوشکانەی لی بەجیبمینی •

وە ئەگەر میراتبەری تری غەیری ئەو میراتبەرانەی لی بەجیبمینی وەك ژنو منالی خوی ، یاخود هەر میراتبەرە پیشووەکانی لیبەجیما ،

بەلام میراتیان لەم مردووە وەك میراتیان لە مردووی پێشوو نەبوو ، وەکو دایکی ئەم مردووە ، کە لە مەسئەلەی پێشوودا بە صیفەتی ژنیەتیی کابرای مردوو ، وە لەم مەسئەلەیەدا بە صیفەتی دایکیەتیی مردووی دووهەم میرات ئەبا ، ئەوە پێویستە هەردوو مەسئەلەکە دروست بکەین • جا ئەگەر بەشی مردووی دووهەم لە مەسئەلەی یەکەمدا دابەش ئەکرا بەسەر مەسئەلەکەی خۆیدا ئەوە ئاسانە ، لەبەرئەوە لە عەینی بەشەکەی خۆی بە بێ زەحمەت وەرئەگیریو بەش ئەکرێتەوە بەسەر میراتبەرەکانی حویا • میسالی وەکو ئەمە ژنێك بمری مێردێكو دوو خوشکی لەپاش بەجێ بمێنی،وە یەکێك لەم دوو خوشکە بمریو خوشکەکەیو کچێکی لەپاش بەجێ بمێنی ، ئەمە مەسئەلەی پێشوو لە شەش بووەو عەولی تیا کراوە بۆ حەوت ، سێی بۆ مێردەکەیو چواری بۆ دوو خوشکەکەی هەریەکی دوو سەهم • مەسئەلەی دواییش کە بریتییە لە کچێكو خوشکێك لە دووە ، یەکێك بۆ کچەکەو یەکێك بۆ خوشکەکەی • کەواتە عەینی دوو سەهمەکەی خۆی بەش ئەکرێتەوە بەسەر ئەم خوشكو کچەدا هەریەکی بەشێك •

وە ئەگەر بەشەکەی لە مەسئەلەی یەکەمدا بەش نەئەکرایەوە بەسەر مەسئەلەکەی خۆیدا ، ئەوە یا (توافق)یان لەبەینا هەیە یا (تباين)• ئەگەر (توافق)یان لەبەینا بوو ، وەفقی مەسئەلەی دووهەم ضەرب بکە لە تەواوی مەسئەلەی یەکەم • وە ئەگەر (تباين)یان لەبەینا بوو تەواوی مەسئەلەی دووهەم ضەرب بکە لە تەواوی مەسئەلەی یەکەم ، تا لە حاصلی ضەربەکەدا تەقسیمی هەردوو مەسئەلەکە بکرێت • جا هەرکەس لە مەسئەلەی یەکەمدا شتێکی هەبوو ، ئەوە ضەرب ئەکری لەو ژمارەیە کە ضەرب کراوە لە مەسئەلەی یەکەمدا ، چ وەفقی

مەسئەلەی دووهەم بیو چ هەموو عەدەدەکەی بی ، وە حاصلی ضـەربەکە بەشی خویەتی ، وە هەرکەسی شتیکی هەبوو لە مەسئەلەی دووەما ئـەو لەکاتی (توافق)دا ضەرب ئەکری لە وەفقی بەشی مردووی دووهەم لـەـ مەسئەلەی یەکەمدا •

میسالی (توافق) وەکو ئەوە یـەکیك بمری سی خوشـــکی لی بەجی‌بمینی ، یەکیکی باوکی‌و دایکی‌و یەکیکی باوکی‌و یەکیکی دایکی لەگەل دوو نەنکدا دایکیکی دایك‌و دایکیکی باوك • ئەمجا خوشـــکە دایکی‌یەکەیش بمری ، وە نەنکەکەی کە دایکی دایکیەتی‌و ، خوشـکیکی دایکی کە بریتی‌یە لە خوشکە دایك‌و باوکی‌یەکەی مەسئەلەی یەکەم‌و ، دوو خوشکی باوکی کە عەلاقەیان نی‌یە بە مەســئەلەی یـەکـەمـەوە ، بەجی‌بمینن لی‌ی •

مەسئەلەی یەکەم لە شەشە یەکیـکی بو دوو نەنکەکـەو سی‌ی بـو خوشکە باوکی‌و دایکی‌یەکەو یەکیکی بو خوشکە باوکی‌یەکە • وە لەبەر شکانەوەی بەشی نەنکەکان بەسەریانا ، ضەربی دوو ئەکەین لە شـەش ئەبی بە دوازدە • دووی بو نەنکەکان‌و شەشی بو خوشـــکە باوکی‌و دایکی‌یەکەو دووی بو خوشـــکە باوکی‌یـەکـەو دووی بو خوشـــکە دایکی‌یەکە •

مەسئەلەی دووهەمیش هەر لە شەشە • چواری بو دوو خوشـــکە باوکی‌و دایکی‌یەکەو یەکیکی بو نەنکەکـــەو یەکیـکی بو خوشـــکە دایکی‌یەکە • جا لەبەرئەوە کە بەشی مردووی دووهەم لە مەســئەلەی یەکەمدا دوو بوو ، وە (متوافق بالنصف) بوو لەگەل ئەم مەسئەلەیەدا ، نیوەی ئەم مەسئەلەیە کە سی‌یە ضەربمان کرد لە مەسئەلەی یەکـەم کـــە دوازدەیە بوو بە سی‌وشەش • جا دوو نەنکەکە لە مەسئەلەی یەکـــەمدا دوانیان ئەبرد ضەربی دوو ئەکەین لە سی ئەبی بە شەش ، وە خوشـکە باوکی‌و دایکی‌یەکە شەشی ئەبرد ضەربی شەش ئەکەین لە سی ئەبی بـە

هەژدە ، وە خوشکە باوکی‌یەکە دووی ئەبرد ضەربی دوو ئەکەین لە سی ئەبی بە شەش ، وە نەنکەکەیش کە دایکی دایکە لە مەسئەلەی دووهەمدا یەکیکی ئەبرد ضەربی یەك ئەکەین لەیەك هەر ئەبی بە یەك ، وە خوشکە دایکی‌یەکە یەکیکی ئەبرد ضەربی یەك ئەکەین لە یەك ، وە دوو خوشکە باوکی‌یەکان چواریان ئەبرد ضەربی یەك ئەکەین لە چوار ، هەمووی ئەکاتە سی‌وشەش •

میسالی (تباین)یش وەکو ئەوە یەکیك بمری ژنیك‌و سی کورو کچیکی لی بەجی‌بمینی • ئەوجا کچەکەیش بمری‌و ئەو کومەلەی پیشووی لەپاش بەجی‌بمینی • مەسئەلەی یەکەم لە هەشتە ، یەکیك بو ژنەکەو حەوت بو سی کورو کچەکە • مەسئەلەی دووهەمیش لە شەشە یەکیکی بو دایکەکە • پینجی ئەمینیتەوە ، بەش ناکری بەسەر سی براکەدا، سی ضەرب ئەکەین لە شەش ئەبی بە هەژدە ، سی بو دایکەکەو پازدە بو براکان هەریەکی پینج • جا لەبەرئەوە کە بەشی کچەکە لە مەسئەلەی یەکەمدا (تباین)ی هەیە لەگەل ئەم مەسئەلەی خویەدا هەژدە ضەرب ئەکەین لە هەشت ئەبی بە صەدو چل‌وچوار • ژنەکە لە مەسئەلەی یەکەمدا یەکیکی ئەبرد ضەربی یەکەکە ئەکەین لە هەژدە هەر ئەبی بە هەژدە • کورەکانیش شەشیان ئەبرد ضەربی ئەکەین لە هەژدە ئەبی بە صەدو هەشت • دایکەکەیش لە مەسئەلەی دووهەما سی‌ی ئەبرد ضەربی سی ئەکەین لە یەك هەر ئەبی بە سی • براکانیش لە مەسئەلەی دووهەما پازدەیان ئەبرد ضەربی ئەکەین لە یەك هەر ئەبی بە پازدەو هەمووی ئەکاتە صەدو چل‌و چوار •

جا پاش ئەمدوانە ئەگەر کەسیکی سیهەم مرد ، ئەوە ژمارەی ئەم دوو مەسئەلەیە دائەنری بە یەك مەسئەلە ، وە مەسئەلەی مردووی سیهەم دائەنری بە مەسئەلەی مردووی دووهەم ، وە ئەو موعامەلانەی کە زوو ئەکران لەمکاتەیشدا جی‌بەجی ئەکرین •

باسی ژن مارەکردن (نکاح)

(نکاح) لەشـــەرعدا بریتی‌یە لـە عەقدیك کـە بێ بەهوی حەلال کردنی چوونەلای ژن بەو لەفظانە کـــە خوا لە قورئانا فەرموونی وەکـو (انکاح) و (تزویج) یا وەرگیرانی ئەو لەفظانە بوسەر زمانیکـی‌تر • بەهوی ئەم عەقدەوە میرد ئەتوانی لەگـەل ژنەکـــەیدا رابویری‌و لەزەتی لی‌وەربگری •

جا ئینسان یا ئارەزووی ژنهینانی هەیە یا نی‌یەتی • وە لە هەردوو حالەکەدا یا دەستی ئەروا بەسەر نەفەقەی شەوو روژی گویزانـــەوەی ژنەکەو پوشاکی ئەو وەرزەی‌و مارەیی ئـــەو ژنەدا یا نی‌یەتی • ئەگـــەر ئارەزووی ژنهینانی هەبوو ، وە دەستیشی ئەرویی ئەوە سوننەتە ژن بینی • وە ئەگەر ئارەزووەکەی بەجوریك بوو ئەگەر ژنی نەهینایە بێ گومـــان تووشی (زنا) ئەبوو ئەوە واجبە ژن بینی ، هەروەك ژنیك کە ترســـی دەس‌دریژی کردنە سەری هەبێ لە ئینسانی سەرسەری‌یەوە ، وە بـــە غەیری شووکردن چارەیەکی نەبێ بو رزگاربوون لەو سەرسەری‌یانـە ، واجبە لەسەری شوو بکا •

وە ئەگەر ئارەزووی هەبوو ، بەلام دەستی نەئەرویشت ، ئـــەوە سـونەت ئەوەتە ژن نەهینی‌و بـــە روژووگرتن ئارەزووەکەی خـــوی بشکینی • وە لەم‌کاتەدا کەراهەتی هەیە دەرمان بخوا بو شکاندنی ئارەزووی خوی ، بەلکو ئەگەر ترسی برانەوەی تووی خوی هەبوو ئەوە حەرامـــەو گوناهیکی گەورەیە دەرمان بخوا • هەروەها حەرامە لەسەر ژنو لەسەر پیاو کاریکی‌وا بکەن ئەوەی لـە منـالدانی ژنەکەدایە بکەویتە خوارەوە ، هەتاوەکو ئەگەر هیشتا پارچە خوینیکیش بێ • بەلی حەرام نی‌یە ئینسان لە

وەختی ئاو هاتنەوەیدا خوی بکیشیتەوە بوئەوە ئاوەکەی نەگاتە جیی حوی‌و منالی لی پەیدا نەبی ، بەتایبەتی ئەگەر لە ولاتی کافراندا بی •

وە ئەگەر ئارەزووی نەبوو ، وە دەستیشی نەئەرویی ، یاخود دەستی ئەرویی ، بەلام نەخوشی‌یەکی بەدەوامی هەبوو ، یا پیرو لی کەوتوو بوو ، ئەوە کەراهەتی هەیە ژن بینی ، مەگەر مەبەستی لە ژن‌هینانەکە هاوری‌یەتی‌و ئولفەت‌و یارمەتی‌دانی بی بو خوا پەرستی ، ئەوە ئەگەر ژن قەناعەتـــی پی کرد سوننەتــە ژن بینی • بەلی ئینســانی بی ئارەزووی بی‌دەســەلات ئەگەر عەقلیشی نەبوو (سفیه) ، ئەوە حەرامە ژن‌بینی‌و نیکاحەکەشـــی دانامەزری •

وە ئەگەر ئارەزووی ژن هینانی نەبوو ، بەلام دەستی ئەرویی ، وە نەخوش‌و پیریش نەبوو ، ئەوە ئەگەر خەریکی خواپەرستی ئەبوو چاك ئەوەیە ژن نەهینی‌و خوی یەكلایی بکاتەوە بو عیبادەت • وە ئەگەر خەریکی عیبـادەت نەئەبوو ، ئـەوە چاكوایە ژن بینی ، تا بەهوی بەتالی‌یەوە نووشی ئیشی گوناەو نابار نەبی •

ئەحوالی ئەو ژنەی کە مارە ئەکری

سوننەتە ئینسان ژنیك بینی کە بەدیانەت‌و ئەخلاق بی ، وە کچ بی ، مەگەر بو کەسیك کە نەتوانی بچیتە لای کچ یاخود منالی وردی هەبـی کە پیویستیان بە ژنیك بی سەرپەرشتی‌یان بکا • وە سوننەتە کچەکە بالغ بوو بی‌و پیگەیشتبی • وە ئەصل‌و نەسەب باش‌و ناسراو بی • کەراهەتی هەیە هینانی ئافرەتی کە باوکی فاسق بی یا زیناکەر بی ، وە کچی کـــە دوزرابیتەوە • وە سوننەتە ئینسان خزمی خوی بهینی بەوشەرتە کە لە یەکەم دەرەجەی ئاموزاو پوورزادا نەبی • وە سوننەتە خاوەن عەقل‌و خوشەویستی‌و ئولفەت بی ، وە بە طەبیعەتی کابرا جوان بی ، وە لەرو لاوازو سووریکی

زور سوور نەبی ، وە بەهوی دایكو خوشكەوە بزانری كە سكو زا ئەكا • وە ئەگەر بیوەژن بوو سوننەتە منالی لە خەلك نەبی مەگەر منالیكیی‌وا كە لە نەسەبی كابرا بی وەك برازاو ئاموزا ، یا خود منالیكیی‌وا بی كە بی‌یەوی لەبەر رەزامەندی‌ی خوا بیژیینی • وە ئەگەر تەلاقدراو بی ژنیكیی‌وا نەبی دلی لای میردە پیشووەكەی بی یا ئەو دلی لای ئەم بی • وە سوننەتە ماره‌یی‌یەكەی سووك بی ، هەروەها سوننەتە لە ئەوەلی روژەوە ، وە لە مانگی شەشەلان (شوال) دا مارەی بكا لەناو مزگەوتا وە لەنیوان كومەلیك پیاوی باشدا ، وە هەر لەو مانگەیشدا بیگویزیتەوە •

هەروەك چون سوننەتە پیاو بەدوای ئافرەتیكیی‌وادا بگەری كە ئەم صیفەتە باشانەی تیابی ، سوننەتە ژنەكەو حەقداری ژنەكەیش بەشوین پیاویكی باشا بگەرین بەپی‌ی ئوسوولی شەرعو ئوسوولی ئەهلی مەعریفەت ، وە هەموو ئەو صیفەتانەی تیابی كە ئەبن بەهوی ئولفەتو خوشەویستی تیایدا بوی •

سوننەتە ئینسان كاتیك كە ویستی داوای ژنیك بكا ، وە گومانی لەوەدا هەبوو كە ئەیدەنی ، بروانی بو ئەو ژنە لەپیش خوازبینی كردنیا ، هەرچەند ژنەكەو حەقداری ژنەكەیش رازی نەبن • وە چاك وایە ژنەكە نەزانی بەوە كە بو ئەونیازە تەماشای ئەكا بوئەوە كە وەك خوی بمیننەوەو سەرو رووی خوی بە دەرمان جوان نەكا • وە دروستە تا چەندجار تەماشای بكا بو ئەوە باش لە وەزعی تی‌بگا • بەلام دروست نی‌یە بروانی بو غەیری روخسارو هەردوو دەستی تا مووچەكانی ، چونكە جوانیو دلگیری لە روخسارا دەرئەكەوی‌و نەرمو ناسكی‌یش لە دەستەكانیا دیاری ئەدا •

هەروەها سوننەتە ژنەكەیش باش بروانی بو كابرا ، وە ئەوەندەی پیویست‌بی تەماشا كردنەكەی دووبارە بكاتەوە • وە سوننەتە بو دەركەوتنی ئەخلاقو رەوشتی پیاو پرسیار لە كەسیكی ئاگاداری ئەمین بكا ، وە واجبە

ئەویش هەر عەیبێك لە كابراكەدا هەبوو بەراستی باسی بكا • وە ئەگەر پرسیاركەر بە وەرامێكی كەم قەناعەت پەیدا بكا ، ئیتر حەرامە كابرای پرسیار لی كراو لەسەر دەرخستنی عەیبی ئەو كەسە بروا •

تەماشاكردنی ژنو پیاو بو یەكتر

حەرامە لەسەر ئینسانی نێرینەی بالغ تەماشای بەشێك لە لەشی ژنێكی نامەحرەمی گەورەیوا بكا كە گەیشتبێتە رادەی ئارەزووی نەفس بەپێی تەبیعەتی عادەتی ، خوای دەستو دەمو چاوو روخساری یا غەیری ئەو شوێنانەی ، وە خوای ئەمین بی لەوە كە ئارەزووی هەڵناسی یا نە ، وە ژنەكە جوان بی یا ناشیرین وە گەنج بی یا پیر بی ، وە بیپەردە تەماشای بكا یا لەسەر پەردەیەكەوە لە رێگای دووربینەوە یا لەسەر سەطحی ئاوەوە كە ژنەكە لەبنی ئاوەكەدا بی ••

بەڵی گوناه نی یە تەماشای وێنە (رسم)ی لە ئاوێنە یا لەناو ئـــاوا چونكە عەكسی ذاتەكەیە • هەروەكو حەرام نی یە تەماشای كچێكیوا كـە نەگەیشتبێتە رادەی ئارەزووی نەفس ، تەنهـا فەرجی نەبی ئەوە دروست نی یە • هەروەها حەرامە لەسەر باوكی كوری نابالغ بەوشەرتە كە نزیـك بی لە بالغ بوونەوە مەجالی كورەكەی بدا تەماشای ئافرەتی نامەحرەم یـا كچی نابالغیوا بكا كە گەیشتبێتە رادەی حەز لی كردن •

بەڵی حەرام نی یە گوی راگرتن لە دەنگی ژن هەرچەند دەنگەكەشی زور خوش بی ، بەوشەرتە بەنیازی خراپ نەبی ، وە ترسی فیتنەی نەفسی خوی نەبی ، بەوەرەنگە وا كاری تیبكا كە بكەوێتە تەقەلای دەس گەیانـدن بە ئافرەتەكە یاخود دانیشتن لەگەڵیا بەجورێك كە خیلافی شەرع بی •

هەروەها حەرامە لەسەر ژن تەماشای ئەندامێکی نێرینەیەك بکا کە بالغ بووبی یا بالغ نەبووبی ، بەلام بەتەبیعەت گەیشتبیتە رادەی ئارەزوو کردن • بەلی ئەگەر نەگەیشتبینە رادەی ئارەزوو کردن ئەوە تەماشا کردنی زەکەریشی دروستە •

هەر شوینێکی ئینسان کە تەماشاکردنی بو پیاو یا بو ژن حەرام بی ، دەس لیدانیشی حەرامە چ بە رووتیو چ لەسەر جلەوە ، وە خوای ئەمین بی لەفیتنەی نەفس یا ئەمین نەبی ، وە بە ئارەزووەوە بی یا بە بی ئارەزوو • هەروەها حەرامە تەماشاکردنی نیرینەی گەورە بو نیرینەیەک کە لەوانەبی حەزی لی بکریو جوان بیو هیشتا مووی لی نەروابی ، خوای بە ئارەزووی نەفسەوە بی یا بە بیئارەزوو • هەروەها ئەگەر ناشیرینیش بی تەماشاکردنی بە ئارەزووەوە هەر حەرامە •

هەر پارچەیەك لە کەسیك کە تەماشا کردنی حەرام بی ، ئەگەر جیایش بکرینەوە لیی هیشتا تەماشا کردنی هەر حەرامە هەتاوەکو مووی سەرو بەرو زولفو بەلکەو نینوكو ئەو پارچانەیتری کە داپوشینیان پیویستە •

حەرامە بەتەنها دانیشتنی پیاو لەگەل ژندا لە شوینێکی خەلوەتیوادا کە کەسیان تیا نەیەت بەسەرا • وە سەفەرکردنیش لەگەلیا حەرامە • هەروەها بەتەنها دانیشتن یا سەفەرکردنی دوو پیاو لەگەل ژنیکدا • بەلی قەیدی نییە بە تەنها دانیشتن یا سەفەرکردنی یەك پیاو لەگەل دوو ژنی باوەرپیکراوا • هەروەها حەرامە بەتەنها دانیشتن لەگەل کوریکا کە تووکی لی نەهابتی •

ئەوەی کە باسمان کرد لەم تەماشاکراوە حەرامانە ، لەبەر ناچاری تەماشا کردنیان دروستە بو دوکتور یا خوینگر یا کەلەشاخگر بەوشەرتە

که ئەو ئیشە بە ژن نەکری بەنیسبەت ژنەوە یا پیاوی بو دەس‌نەکـــەوی بەنیسبەت پیاوەوە • وە تا موسولمان دەس‌بکەوی دروست نی‌یە ئـــەو تەداوی‌یە لای کافر بکری • وە لەکاتیکا کە تەداوی‌ی پیاو لای ژن یـــا تەداوی‌ی ژن لای پیاو بکری ئەبی مەحرەمیکی لەگەلدا بی،یا کومەلە ژنیکی باوەر پی‌کراوی لەگەلدابی بەنیسبەت ژنە تەداوی کراوەکەوە •

هەروەها دروستە تەماشا کردنی پیاو بو ژن‌و ژن بو پیاو لەبەر کرین‌و فروشتن‌و موعامەلەی‌تر ، وە ئاگاداربوون لە شتی کە پاشان شەهادەتـــی لەسەر بدری ، یا بو شەهادەت‌دان ، وە بو فیرکردنی شتی کە خویندنـــی قازانجی هەبی بو کابرا خوی‌و بو کومەلی موسولمانان ، هەرچەند واجیبش نـــەبـــی •

دروستە ژن‌و پیاوی مەحرەم تەماشای یەکتر بکەن تەنها ناوبەینـــی ناوک‌و ئەژنویان نەبی • هەروەها تەماشاکردنی ژن بو ژن‌و پیاو بو پیاویش دروستە تەنها بو ئەو ئەندازەیە نەبی • بەلی حـــەرامـــە ژنە کافر تەماشای زیاتر لە دەم‌و چاوو دەست‌و پی‌ی ژنە موسولمان بکا ، ئەوەندەی کە لـــە ئیش کردنا دەرئەکەوی • هەروەها حەرامە لەسەر ژنە موسولمان خـــوی دەربخا بو ژنە کافر • وە بەشیوەیەکی گشتی هەر شوینێ کە تەماشـــا کردنی دروست بی تەماشا کردنی بە ئارەزووەوە حەرامە • وە بە هـــەموو جورێ دروستە ژن‌و میرد تەماشای هەر شوینیکی یەکتری بکـــەن • وە حەرامە دوو پیاو یا دوو ژنی رووت لەژیر یەك نویندا رابکشین • وە کـــە مندال بوو بە دە سالان ئەبی نیرینە لە خوشك‌و دایکی‌و می‌ینە لە باوك‌و برای جیا بکریتەوە ، واتە نەهیلری پیکەوە بخەون • بەلی هەندی لـــە زانایانی شەرع فەرموویانە واجب نی‌یە جیا بکرینەوە لە باوك‌و دایکیان •

سوننەتە لەکاتی بەیەك گەیشتنی دوو پیاو یا دوو ژندا ، پیـــاو دەس

بنیته ناو دەستی پیاوو ژن دەس بنیته ناو دەستی ژن ، هەروەها پیاوو ژنی مەحرەم دەس بنینه ناو دەستی یەك • بەلی كەراهەتی هەیه دەس كردنه مل مەگەر بو كەسیك كه له سەفەریكی دوور هاتبیتەوە ، یا بو دووكەس كه ماوەیەكی زور بی له یەك برا بن • وه دروسته ماچ كردنی منالی بچووك كه نەگەیشتبیته رادەی حەز لی كردن ••

سوننەته ماچ كردنی دەستی پیاوی خاوەن علمو دیانەتو شەرافەت ، وه هەستان لەبەری • وه ئەم دەس ماچ كردنو هەستانەوەیە كەراهەتی هەیه بو پیاوی دنیایی بكری ، مەگەر لەحالیكا كه ئەگەر هەل نەسیتەوە یا دەستی ماچ نەكا تووشی زیانیك ببی • بەلام كورنووش بردن بو هەركەس وه لەبەر هەر هویەك بی حەرامه • هەروەها دەس خستنه ناو دەستی كولو بەلەكو دەردەداری نابار كەراهەتی هەیه • وه ماچ كردنی ناوچاوی مردوو لەبەر خوشەویستی دروسته •

(بزانن) فەرمانی خوداپوشین (آية الحجاب) لەناو موسولمانانا تەنها بو حەرەمەكانی حەزرەتی پیغەمبەر هاتووەو هەر لەسەر ئەوان پیویست بووە خویان بەتەواوی داپوشن • وه لەوان بەولاوە هیچ ئافرەتیكی موسولمان واجب نی یه لەسەری خوی داپوشی • تەنها ئەوەندە هەیه واجبه پیاو تەماشای ژنو ژن تەماشای پیاوی نامەحرەم نەكا تەنها لەو حالانەدا نەبی كه جیا كراونەتەوە وەك دەرمان كردنو دەرس پی وتنو موعامەلەكردن وەكو بەیانمان كرد •

بەلی دروسته بو فەرمانداری موسولمانان لەبەر قازانجی گشتی مەنعی ژنان بكا لەوە كه به بی سەرپوش بچنه دەرەوەو فەرمان بدا به خوداپوشین • هەروەكو ئەگەر ژنیك ئەیزانی پیاوی نامەحرەم تەماشای ئەكا واجبه لەسەری خوی داپوشی • هەروەها ئەگەر پیاویك ئەیزانی كه ژنیكی نامەحرەم تەماشای ئەكا ئەبی ئەوەندەی پی ی بكری خوی لی دوور بگری •

پێویستە کە ئینسان ویستی بڕواتە ماڵیکەوە ، بدا لە دەرگاو داوای ڕێگادان بکا لە ئەهلی ئەو ماڵە • جا ئەگەر ڕێگایان‌دا بچێتــە ژوورەوە ، ئەگینا بگەڕێتە دواوە ، بەتایبەتی ئەگەر وەختەکە وەختی حەسانەوە بوو • حەرامە ئینسان لە پەنجەرەدو سەربان‌و دەرگاو دەلاقەو شتی‌واوە سەیری ناومــاڵ‌و حەوشی خێزانی نامــەحــرەم بکا ، هــەتــاوەکو ئەگەر جارێك دەریان‌کردو دەس‌بەردار نەبوو ، دروســـتە بێــدەنەبەر بەردو ڕێی لێ‌بگرن ••

خوازبێنی

سوننەتە بۆ کەسێك کە ئارەزووی داواکردنی ژنێکی هەبێ ، خۆی یا وەکیلی خوازبێنی بکا لە ژنەکە خۆی یا لە وەلی‌ئەمرەکەی بە قســـەی بێ‌پێچ‌وپەنا یا بە مەعنا ، بەوشەرتە ئەوژنە لە نیکاحی کەسێکی‌ترا نەبــێ‌و لە (عدّە) دا نەبێ • وە بە هیچ جۆر دروست نی‌یە خوازبێنی کــردنی ژنێك کە لە نیکاحی کەسێکی‌ترا بێ یا لە (عدّە) ی تەلاقی (رجعی) دا بێ ، یاخود لەپێشــا یەکێــکی‌تر خوازبێنی‌ی کــردبێ‌و بە بێ‌پێچ‌وپــەنــا خوازبێنی‌یەکەی قەبوول کرابێ ، مەگەر ژنەکە خۆی واز لە خوازبێنی‌کەرە پێشووەکەی بێنێ یا ڕێگای خوازبێنی‌کەرە تازەکە بدا • وە ژنێك کە لە (عدّە) ی وەفات یا لە (عدّە) ی تەلاقی (بائنە) دا بێ ، دروستە بەمەعناوە خوازبێنی‌ی لێ‌بکرێ ، بەڵام بەئاشکرا دروست نی‌یە •

خوازبێنی‌ی بێ‌پێچ‌وپەنا (صریح) بە لەفظێك ئەڵێن بە قەطعی ئەوە بگەیەنێت کە ئەوکەسە ئارەزووی لە خواستنی ئەوژنەیە وەکو ئەوە کە بڵێ ئارەزووم هەیەکە ماردت بکەم • وە خوازبێنی بەمەعنا (تعریض) لەفظێکە ئەوەیش هەڵ‌بگرێ‌و مەعنای‌تریش بگەیەنێ ، وەکو ئەوە کە بڵێ هەرکاتێ کە

(عدّە) ت تـــەواو بوو پیم‌بلی ، یاخود بلی کی هاوری‌ی وەکو تـــوی دەس ئەکەوی •

سوننەتە بو خوازبینی‌کەر لەپیش خوازبینی‌کردنەکەیدا خوطبەیەك بخوینیتەوە وەکو (الحمد لله ، والصلاة علی رسول الله • أوصیکم بتقوی الله • جئتکم راغبـــاً في فتاتکـــم ••) هەروەها ســـوننەتە وەلی ئەمری ئافرەتەکەیش بە خوطبەیەك وەرامی بداتەوە •

(بزانن) ســـوننەتە بـــو وەلی ئـــەمری ئافرەتیش بگـــەری بەدوای ئینسانی باشا بوئەوە کە بیکا بە خزمی خوی ، وە ئەگەر کەســـیکی باشی دەس کەوت ، وەك خوازبینی پی‌ی‌بلی ئارەزووم هەیە کچی خومت بدەمی ، یا ئارەزووم هەیە لەنزیکی‌ی تو •

ئەرکانی نیکاح

ئەوەی لە عەقدی نیکاحدا پیویستە پینج شتە : میرد (زوج) ، ژن (زوجة) ، بەشوودەری ژنەکە (ولي أمر) ، شاهید ، لەفظی مارەبریـــن (صیغه) •

شەرتی میرد چەند شتە • یەکەم ئەوەیە دیاری بی ، کەواتە ئەگـــەر کەسیك وتی بەدووکەس وا کچەکەم مارە کرد لە یەکیکتان ئەوە بەتالە ، هەرچەند نیازی یەکیکی تایبەتی بی‌و ، ئەوکەسەیش کە قوبوولی ئەکـــا نیازی خوی هەبی • دووەم ئەوەیە مەحرەمی ژنەکە نەبی بە نەسەب یا بـــە شیر خواردن یا بەهوی ژنو ژنخوازەوە وەك دایك یا کچی ژنەکە کـــە مارە ئەکری ••

سیهەم ئەوەیە مەحرەمیکی ژنەکە لە نیکاحیا نەبی یا لە (عدّە) ی تەلاقی (رجعیة)یدا نەبی • کەواتە ئەگەر کەسیك مەحرەمیکی بەســـەر

مەحرەمیکا مارە کرد ئەوە عەقدی ئەمەی دووهەم بەتالە • وە ئەگـــــەر هەردوکیانی بە یەك عەقد وەرگرت وەك ئەوە کە خوی لەگەل وەکیلیدا بەجاریك قوبوولی عەقدی ژنیكو خوشکی ئەوژنەیان کرد ئەوە هەردو عەقدەکە بەتالە •

چوارەم ئەوەیە کە غەیری ئەم ژنەی ئیستە ئەیەوی مارەی بکا چوار ژنی تری لەژیر نیکاحدا نەبی هەرچەند یەکیکیشیان لە (عدة)ی تەلاقی (رجعیة)دا بی • کەواتە هەرعەقدیك بەسەر زیاتر لـە چوار ژندا بروا بەتالە • وە ئەگەر بەجاری هەلکەوت قەبوولی نیکاحی پینج ژنی کرد ئەوە عەقدی هەموویان بەتالە • پینجەم ئەوەیە کابرا لە ئیحرامدا نەبی ، کەواتە ئەگەر ئەوکەسەی کەوا لە ئیحراما خوی یا وەکیلی قەبوولی نیکاحی ژنیکی کرد ئەوە بەتالە •

شەشەم ئەوەیە (مختار) بی یەعنی بە مەیلو ئارەزووی خوی ژنەکە مارە بکا • وە ئەگەر بە زوری یەکیك مارەی بکا بەتالە مەگەر ژنیـك کە تەلاقی (بائن) درابی بە بی‌تەسلیم کردنی حەقی قەسمی خوی ، واتە حەقی شەو لە لا نووستنی ، ئەوە قاضی ئەتوانی زور بکا لەو کابرایە ژنەکەی مارە بکاتەوەو حەقی قەسمی بو جی‌بەجی بکا •

حەوتەم ئەوەیە هاوکووفی ژنەکە بی ، یەعنی لە چـوار شتدا لـــە صیفاتی کەفائەت وەکو یــەك بن یا ئــەم لەو زیاتر بی وەك ئایینو ئازادیو نەسەبو پیشە ، وە لە صیفەتی پینجەمدا کەوا سەلامەتی‌یە لە عەیبەکانـی نیکاح (وەك شلەپەتکەیی‌و ئالەت براوی) ئـەبی بەری بی لەو عەیبـــە هەرچەند ژنەکەیش ئــەو عەیبـــەی تیابی ، ئەگینا بە بی‌ئیذنی ژنەکەو حەق‌دارەکەی ئەو نیکاحە بەتالە •

هەشتەم ئەوەیە ئەوەندەی (مهر المثل)ی ژنەکەی هەبی ئـەگـەر

ژنەکەی بە بێ ئیذنی خۆی لێ مارەکرابێ ، واتە باوکی لەخۆیەوە مارەی بڕیبێ • نوهەم ئەوەیە ژنەکە بەتەواوی نەناسراو نەبێ لای •

شەرتی ژن (زوجة)یش چەند شتە • یەکەم ئەوەیە نیکاحی کەسی تری بەسەرەوە نەبێو لە (عدّة)ی کەسێکی تردا نەبێ • کەواتە ئەگەر ژنێك وتی نیکاحو (عدّة)ی کەسی بەسەرەوە نی یەو داوای کرد مارە ببڕێ لە کەسێك ئەوە دروستە بۆ قضیو بۆ غەیری قاضی مارەی ببڕن • هەروەها ئەگەر وتی میردەکەی مردووە یا تەلاقی داوەو (عدە)یشی بەسەرچووە ئەوە دروستە قاضیو غەیری قاضی مارەی ببڕن بەوشەرتە کە میردەکەی دیاری نەبێو خویشی ناوی نەبا • یەعنی دروستە بۆ قاضی مارەی بکا لەوکەسەی کە ئەیەوی بیهێنی ، وە دروستە بۆ (ولي أمر)ی ژنەکەیش مارەی بکا لەوکەسەی کە ئەیەوی بیهێنی بەوشەرتە کە باوەڕیان بە قسەکەی ببێ ، هەرچەند لەمحالەیشدا وا باشترە ڕاوەستن تا ئیسباتی مردنی میردەکەی یا تەلاق درانی خۆی ئەکا • بەلام ئەگەر ناوی میردەکەی برد ئەوە دروست نی یە بۆ قاضی مارەی ببڕێ تا ئیسباتی مردنی میردەکەی یا تەلاقدرانی خۆی ئەکا •

ئەم تەفصیلاتە بۆ کاتێکە میردە پێشووەکەی ئینکاری ئەوە نەکا کە تەلاقی داوە • ئەگینا هەروەکو بۆ قاضی دروست نی یە مارەی ببڕێ ، بۆ (ولي أمر)یشی دروست نی یە تا ئیسباتی تەلاقدانەکەی ئەکرێ • هەروەها بۆ هیچ مەلایەکیش دروست نی یە عەقدی نیکاحەکەی بکا بەر لە ئیسبات بوونی تەلاق درانەکەی •

بەلی ئەگەر ژنێك شووی کرد بە کابرایەك ، وە لەپاش عەقدەکە پیاوێکی تر هاتو وتی ئەم ژنە ژنی منەو تەلاقم نەداوە ، وە ژنەکەیش وتی تەلاقت دوام بەلام بۆی ئیسبات نەکرا کە تەلاقی داوە ، ئەوە ئەگەر

به شاهید یا به پێی‌ڵ‌نانی ژنه‌كه له‌پێش ئه‌م عه‌قدی دووهه‌مه‌دا ثابت بوو كه زوو ژنی ئه‌و كابرا بووه ، واجبه جیا بكرێته‌وه له‌م مێرده دووهه‌مه‌ی ، وه له‌پاش ته‌واو كردنی (عدّه)ی شوبهه ئه‌درێته‌وه ده‌ستی كابرای كونه مێردی • وه ئه‌گه‌ر مه‌علووم نه‌بوو ئاخو وه‌ختی خوی ژنی ئه‌و كابرایه بووه یا نه ، ئه‌وه ئه‌گه‌ر ژنه‌كه ئیذنی دابوو بو ماره‌برینی خوی له مێردی دووهه‌م یاخود مه‌جالی ئه‌وه‌ی دابوو كه مێردی دووهه‌م بچێته لای ، ئه‌وه هه‌ر لای ئه‌م مێردی دووهه‌مه ئه‌مێنێته‌وه • وه ئه‌گه‌ر نه ئیذنی دابوو بو نیكاحه‌كه (وه‌كو ئه‌وه كه باوكی ماره‌ی بڕیبی) وه نه مه‌جالی ئه‌وه‌یشی دابوو بچێته لای ، مێردی یه‌كه‌م سوێند ئه‌خوا له‌سه‌ر ئیدیعاكه‌ی خوی‌و ژنه‌كه‌ی ئه‌باته‌وه •

شه‌رتی دووهه‌م ئه‌وه‌یه (مختاره) بی وه به ئیذنو مه‌یلی خوی شوو بكا مه‌گه‌ر كاتێك كه (ولی) یه‌كه‌ی (ولی مجبر) بی‌و شه‌رتی عه‌قدی ئیجباریش بێته‌جی • شه‌رتی سێهه‌م ئه‌وه‌یه له ئیحراما نه‌بی • شه‌رتی چواره‌م ئه‌وه‌یه كه ژنه‌كه دیاری بی • به‌لی ئه‌گه‌ر وه‌لی ئه‌مر وتی به داواكه‌ری ژن وا یه‌كێك له كچه‌كانم لی ماره كردی‌و كابرایش قوبوولی كرد ، وه هه‌ردوكیان نیازی كچێكی تایبه‌تی‌یان هه‌بوو ، ئه‌وه نیكاحه‌كه دائه‌مه‌زری به‌پێچه‌وانه‌ی مه‌سئه‌له‌ی مێرده‌وه وه‌كو باسمان كرد • به‌لی ئه‌گه‌ر مێرده‌كه‌و وه‌لی ئه‌مری كچه‌كه نیازیان جیا بوو له‌یه‌ك ئه‌وه به‌تاله • وه ئه‌گه‌ر له‌پاش مردنی وه‌لی‌ئه‌مری كچه‌كه مێرده‌كه داوای یه‌كێك له كچه‌كانی كابرای مردووی كردو وتی وه‌ختی خوی منیش‌و وه‌لی ئه‌مره‌كه‌یش ئه‌م كچه‌مان مه‌به‌ست بووه ، به‌لام كچه‌كه وتی من مه‌به‌ست نه‌بووم ، ئه‌وه باوه‌ر به سوێندی كچه‌كه ئه‌كری هه‌رچه‌ند شاهید شاهیدي بده‌ن له‌سه‌ر راستی‌ی قسه‌ی كابرای مێرد چونكه شاهید ئاگای له نیازی دل نی‌یه •

ئەگەر کەسێك کچێکی هەبوو ناوی گولچین بوو مەسەلا ، وە وتی بەکەسێك وا گولچینم لی مارە کردیت وە نەیوت گولچینی کچم ئەوە ئەو عەقدە بەتالە • مەگەر لەحالێکا کە وەلی ئەمرو مێرد هەردوکیان مەبەستیان ئەو گولچین ناوە بێ • وە ئەگەر نەباتیی گولچین وتی وا زیرینی کچم لی مارە بریت ئەوە دروستە لەبەرئەوە مادام وتوویە (کچم) ئەم صیفەتە نـە ناوەکەی دامەزراوترە چونکە ئەم صیفەتە ناگوری بەلام ناو لەوانەیـــە بگوری •

هەروەها دروستە ئەگەر ئیشارەت بکا بو گولچینو بلی ئەم زیریـن ناوەی کچم لی مارە کردی لەبەرئەوە ئەو دیاری کردنە کە لە ئیشارەتەکەوە پەیدا بووە گەلی لە دیاری کردنی ناوەکە بەهیزترە • بەلام ئەگەر بــە بی ئیشارەت وە بە بی ئەوە کە بلی کچەکەم هەروتی وا زیرینی کچم لـــی مارە کردیو کچەکەیشی ناوی زیرین نەبوو ئــەوە ئــەو عەقدە بەتالــە • وە ئەگەر وتی گولچینی کچە گەورەم لی مارە کردیو کچە گەورەکەیشی ناوی گولچین نەبوو ئەوە نیکاحەکە دائەمەزری چونکە ئیعتیباری صیفەتەکە زورترە لە ناوەکەی • هەروەها پیچەوانەی ئەمەیش مەسەلا بلی زیرینــی کچە بچووکم لی مارە کردی کەچی کچە بچووکەکەی ناوی زیریـــــن ئەبی ، ئەوەش هەر دروستە •

شەرتی پینجەم ئەوەیە کچەکە مەحرەمی خوازبینی کەرەکەی نەبـی نە بە نەسەبو نە بە شیر حواردن (رضاع) وە نە بەهوی ژنو ژنخواز (مصاهرە) وە وەك کچی ژنی خوی • شەرتی شەشەم ئەوەیە موسولـمان یاخود (کتابیە)یەکی ساغ بی کە بریتی‌یە لە گاورو جوولەکە • کەواتـــە ژنهینان لە بتپەرستو ئاگرپەرستو شتیوا دروست نی‌یە تـا موسولمان ئەبی • جا ئەگەر ژنە کیتابی‌یەکە (اسرائیلیة) بوو یەعنی لـە ئــەولادی

حەزرەتی (یعقوب) بوو سەلامی خوای لی بی ئەوە بەشەرت گیراوە نەزانری باپیرە گەورەی وەختێ بووە بە جوولەکە کە حەزرەتی عیسا سەلامی خوای لی بی بووە بە پیغەمبەر ، هەرچەند بزانری لەپاش دەس تیوەردانی تەورات و ئاینیی حەزرەتی (موسی) بووە بە جوولەکە • بوو ئەگەر (اسرائیلیة) نەبی ئەوە مارەکردنی زەحمەتترە چونکە بەشەرت گیراوە بزانری باپیرە گەورەی لەکاتیکا هاتووەتە ئەو دینەوە کە هیشتا شەریعەتیکی تر نەهاتبی شەریعەتەکەی ئەوان هەلوەشینیتەوە ، هەرچەند لەپاش دەس تیوەردانی ئەو شەریعەتە چووبنە ناوی ، بەوشەرتە کە خویان لەو ئەندازە دەس تیوەردراوە لادابی • زانینی ئەمەیش یا بەهوی (تواتر)ەوە ئەبی لە کافرەوە یا لە موسولمانەوە ، یاخود بەهوی ئەوە کە دوو شاهیدی نیرینە لە خویان بین شاهیدی بدەن ، وە ئەمەیش شتیکی گەلیك گرانە ، لەبەرئەوە زانایانی شەرع بریاریان وایە مارەکردنی جوولەکەو گاور دروست نییە بەر لە موسولمان بوونیان ••

شەرتی وەلی ئەمریش هەشت شتە • (یەکەم) ئەوەیە نیرینە بی • کەوانە ژن نابی بە وەلی ئەمری نیکاح ، وە ناتوانی خوی مارە ببری یا ژنیکی تر مارە ببری نە بە ویلایەت و نە بە وەکالەت ، وەکو ناتوانی قوبوولی نیکاحیش بکا بە وەکالەتی شەخصی • (دووەم) ئەوەیە ئازاد بی ، کەواتە بەندە ویلایەتی نیکاحی بو نییە • (سیهەم) ئەوەیە موختار بی یەعنی بەئارەزووی خوی ژنەکە مارە ببری وە بە زوری کەس نەبی • (چوارەم) ئەوەیە لە ئیحراما نەبی چ ئیحرامی حەج و چ ئیحرامی عەمرە • کەواتە ناتوانی لەماوەی ئیحراما کچی خوی بە ویلایەت یا کچی کەسیکی تر بە وەکالەت مارە ببری • هەروەها ناتوانی یەکیکیوا بکا بە وەکیل کە لە ئیحراما نەبی ، بو مارەبرینی کچەکەی •

(پێنجەم) ئەوەیە بیری تێکنەچووبێ بەهوی نەخوشی یا پیری یـا بیهوشی یا شیتی‌یەوە • بەلی ئەگەر شیتی‌یەکەی پچر - پچر بـــوو ، وە ماوەکەی کەم بوو رائەوەستین تا چاك ئەبیتەوە ، ئەوکاتە ئەتوانی ژن مارە ببری •(شەشەم) ئەوەیە ئایینی جیا نەبی لە ئایینی ئەو ئافرەتەی کە ئەیدا بە شوو • کەواتە ئەگەر کچە جوولەکەیەك موسولمان بوو ، باوکی ناتوانی مارەی ببری ، بەلکو ئەدریتە دەستی قاضی • (حەوتەم) ئەوەیە روشدی هەبی یەعنی بەهوی سەفاهەتەوە حیجری لەسەر دانەنرابی • (هەشتەم) ئەوەیە عـادل بی • مەبەست لەم عەدالەتە ئەوەیە فاسق نەبی ، نەك ئەوە کە خاوەنـــی نەفسیکی‌وا بی مەنعی بکا لە گوناهی گەورەو بەردەوامبوون لەسەر گوناهی بچووك • کەواتە ئەگەر مندالیك بالغ بوو بە بی‌ئەوەی مانیعیکی ویلایەتی پیوەبی ، وە گورج خوشکەکەی خوی مارە بری لە کەسیك ئەوە دروستە• وە ئەگەر فاسق توبەی کردو گورج کچەکەی مارە بری ئەوە دروستە • بەلی شەرت نی‌یە بو وەلی ئەمری گشتی واتە گەورەی موسولمانان وە بو جی‌نشینەکانی وەك ئەو قاضی‌یانەی کە لە ناوچەکاندان عـــەدالەتیان ببی • کەواتە دروستە بە ویلایـــەتی گشتی کچی خوی‌و موســـولمانانی‌تریش مارە ببری ••

(بزانن) بەهوی ضدی ئەو صیفەتانەوە کە بەیانمان کردن وەکـــو مندالی‌و شیتی‌و فاسقی‌و تیکچوونی عەقل‌و حیجر لەسەر دانان ، ویلایەت نەقل ئەبی لە وەلی ئەمری نزیکەوە بو وەلی ئەمری پاش خوی ، یەعنی لـــە باوکەوە بو باپیرە وە لە براوە بو برازا ، وە هـــەر بەم‌تەرتیبە • وە لـــەم حالانەدا مادەم وەلی ئەمری دوور ببی ویلایەت ناروا بو قاضی • بەلی لـــە چەند ماددەیەکدا ویلایەت نەقل ئەبی بو قاضی وەکو کاتی کە وەلی ئـــەمری بە نەسەب هەر نەبی یا بی‌سەروشوین رویشتبی یاخود مەسافەی دوو مەنزل

ری دووز بی ، یاخود حازز بی بەلام خوی شاردبێتـــەوە ، یا هەر لـەبەر خو بە گەورە گرتن نەیەت ئافرەتەکە مارە بیری‌و وەکیلیش نەکری ، یاخود حەپس کرابی‌و مـەجالیش نەبی وەکیـــل بگری ، یاخود لە ئیحراما بی ، یاخود یەك دوو جار ریگـــای کچی خوی نەدابی شوو بکا بە کـــەسیکی هاوکووف (کفوء) •

شاهیدیش چەند شـــەرتیکی هەیە ، واتە ئەبی ئازادو نیرنیەو بالغو عاقل‌و عادل‌و خاوەن چوو گوی‌و زمان بی ، وە دیاری‌یش نەبی بو ویلایەت وانە خوی ژن بە شوو دەر نەبی • کەواتە شەهادەتی بەندەو ژن‌و مندال‌و شیت‌و فسق‌و کویرو کەرو لال دروست نی‌یە • هەروەها ئەگەر شـاهید چاوساغ بی بەلام مارە برینەکە لە شوینیکی‌وادا بی کە شاهیدەکە چـــاوی نەبی لە وەلی ئەمرو میردو ژنەوە ، ئەوە ئەو عەقدە بەتالە •

وە ئەگەر باوکی کچ کەسیکی کرد بە وەکیلی خوی بو مارەبرینـــی کچەکەی ، وە خوی لەگەل کەسیکی‌ترا بوون بــە شـــاهید ئەوە بەتالە • هەروەها برای تاقانەیش • بەلی ئەگەر برایەك لە سی برا ژنەکـــەی مارە بری تەنهـا لەلایەنی خویـــەوە بە بی‌وەکالەتی براکانی‌تری بەورەنگە کە داواکەری ژنەکە هاوکووفی بی‌و ژنەکەیش هەر ئیذنی ئەم برایەی‌دابی بو عەقدی نیکاحەکەی ، وە ئەو دوو براکە بوون بە شـــاهید ئەوە دروستە • بەلام ئەگـــەر کابرا کـــە داوای کچەکـــەی کردووە هاوکووفی نەبی‌و ریگادانی براکانی کچەکەی پیویست بی ، وە ئەو دوو براکە ئەم برایـــە بکەن بە وەکیل ، یاخود ژنەکە ئیذنی ئەوانی دابوو بو عەقدی نیکاحەکـەو ئەوان ئەمیان کردبوو بە وەکیل ، ئەوە لەمصوورەتانەدا دروست نی‌یە ئـەو دوو برایە ببن بە شاهیدی عەقدی نیکاحەکە •

بەشەرت‌گیراوە شاهیدەکان لەکاتی مارە برینەکەدا مەعنای قســـەی

وەلی ئەمرو میرد حالی بن ، ئەگینا ئەگەر لەوکاتـــەدا لی ی حالی ەبوونو لەپشا بویان وەرگیران ئەوە عەقدەکە بەتالە • وە دروســـتە شاهیدی نیکاح دوو کوری میردەکە یا ژنەکە یا کوریکی ئەمو کوریکی ئەو بی ، یا دوو دوژمنی میردەکە یا ژنەکە یا دوژمنیکی ئەمو دوژمنیکی ئەو بی ، چونکـــە تیکرا شەهادەتدانی ئەمانە دروستە •

(بزانن) واجبە شاهیدەکان ژنەکە بناسن بەشیوەیەکی شەخصی یـــا بە ناوو نەسەب بەجوریك کە شوبهە نەمینی لەوەدا کە ئەو ئافرەتە کی یـــە وەك ئەوە کە بزانن فلانی کچی فلانە ، یاخود سەروچاوی ببینن بەجوری کە بیناسنەوەو جیای بکەنەوە لـــە کەسیکی تر ، خوای ئـــەم ناسینە یـــا ئەم چاو پی کەوتنە لەپیش عەقدەکەدا بی یا لەپاش عەقدەکە • کەواتە ئەگـــەر ئەو شاهیدانە لەکاتی مارە برینەکەدا ژنەکەیان نەئەناسی بەلام لەپاشان خوی دەرخست بویان یا ناوو نیشانی خوی بو هەلدان ئەوە ئەو عەقدە دروســـتە وەکو لە (تحفە)دا بەیانی فەرمووە •

(بزانن) عەدالەتی شاهید بریتییە لەوە کە حالـــەتیکی نەفسیی وای نابی مەنعی بکا لە گوناهی گەورەو دەوامکردن لەســـەر گوناهی وردە • کەواتە ئەگەر فاسقیك ئیستە تەوبە بکا ئەوە دەس بەجی ناکری بە شـــاهید تا ماوەی پاکەوە بوونی بەسەرا نەروا بە بی گوناە کە بریتییە لە سالیك • بەلام بە ظاهیری شەرع دروستە عەقدی نیکاح بە دوو پیاوی وا کە بەئاشکرا دادپەروەر بنو تەحقیقی ئەحوالیان نەکرابی کە ئاخو لەراستییشدا وان یا نە • ئەم جورە کەسانە پی یان ئەوتری (مستور العدالة) • بەلام نیکاح کردن بە شەهادەتی ئینسانی (مستور الاسلام) دروست نی یە کە بە ظاهیر موسولمان بنو حەقیقەتی ئەحوالیان نەزانری ئاخو بەراستی موسولمانن یا نە • بەلی ئەگـــەر عەقـــدەکە کراو پاشان دەرکەوت کە موسولمانی راستەقینەن ئەوە عەقدەکە بە دروست دائەنری •

(بیداری) ئەوەی کە باسمان کرد لەبارەی عەدالـەتی وەلی ئەمرو شـاهیدەوە ، فەرموودەی بەهیزی ئیمـامی شافیعی‌یە خوای لی رازی بی •
بەلام ئیمام فەرموودەیکی تریشی هەیە کە موسولمانان دەمیك زەمانە بەپی‌ی ئەو فەرموودەیە ئەجوولینەوەو ، چینی دووهەمی زانایانی مەذهەبی شافیعی (العلماء المتأخرون) فتوایان پی‌داوەو ، ئیمامی غەزالی‌و (ابن عبدالسلام) بە راستیان زانیوە ، هەروەهـا ئیمـامی (نووی)و (ابن الصلاح)و (سبکی)و گەلیك لە زانایانی یەمەن پەسەندیان کردووە ، ئەوەش بریتی‌یە لەمـە کە عەقدی نیکاح دروستە بە ویلایەتی وەلی ئەمری فاسق‌و بە شـەهادەتی شاهیدی فاسق لەزەمانیکا کە فاسقی بلاو بوویتەوەو بەشی زوری خـەلك فاسق بن • بو ئیمرو چارەیەکی‌ترمان نی‌یە جگە لە رەفتار کـردن بـەم فەرموودەیە • کەوانە پیویستە لەسەر وەلی ئەمرو میردو ژن‌و شاهیدەکـان تەقلیدی ئەم فەرموودەیە بکەن‌و رازی بن پی‌ی •

تەقلیدکردنی شاهیدەکان هەر بوئەوەیە کە لە حازربوون‌و هەلگرتنی شەهادەتەکەدا گوناهبار نەبن ، ئەگینا ئەگەر تەقلیدیش نەکـەن زیان بـە نیکاحەکە ناگات • بـەلام تـەقلیـد کـردنی وەلی ئـەمرو ژن‌و میرد بو دروست‌بوونی عەقدەکەیشە ، یەعنی ئەگەر تەقلید نەکەن عەقدی نیکاحەکە دانامەزری‌و خویشیان تاوان‌بار ئەبن ، بویە لە کتیبە گەورەکانی شـەرعدا وەکو (تحفه) ئەفەرمویت هەر کردارێکی ئایینی کە جیگەی خیلاف بـی لەبەینی پیشەوایانی شەرعدا دروست نی‌یە بکری بە بی‌تەقلید کردنی ئـەو ئیمامە کە فتوای پی‌داوەو دایش‌نامەزری بە حوکمی حاکمی شەرع نەبی • وە ئەگەر نە تەقلیدی تیا کراو نە حاکمی شـەرع حوکمی تیا دا ئـەوە ئیعتیباری پی‌ناکری‌و شەرع بە بەتال‌و بی‌قیمەتی دائەنی •

هەروەها ئەگەر تاقە ئیمامیکی (مجتهد) دوو فەرموودەی ببی یەکیکی

بەهێزو یەکێکی بێ‌هێز ، وە کابرا بێ‌یەوێ بە فەرمووددە بێ‌هێزەکە ڕەفتار بکا بو نەفسی خوی ، هەر ئەوەندە پیویستە کە تەقلیدی ئەو ئیمامە یا ئەوکەسانە بکا کە ئەو فەرمووددەیەیان پەسەند کردووە • بەلی ئەم مەسئەلە کە فتوایەکی بێ‌هێزی تیا دراوە نابێ ببری بولای قاضی ، چونکە قاضی ناچارە حوکم بە فەرمووددە بەهێزەکە بداو بێ‌هێزەکە هەلوەشێنیتەوە •

ئەو قسەیەش کە مەشهوورە ئەلین پیویست نی‌یە ژنەکە تەقلید بکاو تەقلیدی وەلی ئەمرەکەی بەسە ، ئەوە بو عەقدیکە کە وەلی ئەمر تیایدا حەقی زورکردنی ببی یەعنی (ولی مجبر) بی ، واتە بەشوودراوەکە کچ بیو داواکەرەکەیشی هاوکووفی بیو ئەوەندەی هەبی کە بتوانی (مهر المثل)ی کچەکە بداو ، دوژمنایەتی لە بەینی باوکو کچەکەدا نەبی ، ئەوە لەمصوورەتەدا پیویست نی‌یە کچەکە بە عەقدەکەیش بزانی چجای ئەوە کە ئیذنی بەشوودانی خوی بدا یا تەقلید بکا • ئەگینا ئەگەر مارەکراو بیوەژن بی یا خود کچ بیو وەلی ئەمرەکەی براو مامو ئاموزا بی ، یا هەر باوکو باپیرە بی بەلام شەرتەکانی عەقدی بە زور (اجباری) نەهاتبنەجی ، ئەوە بە بێ‌ئیذنی ئافرەتەکەو تەقلیدکردنی عەقدەکە بەتالەو دانامەرزی •

وە ئەگەر لەمصوورەتانەدا لەپاش عەقدەکە ژنەکە ئیدیعای کرد کەوا ئیذنم نەداوە یا کچەکە وتی لەکاتی عەقدەکەدا بچووك بووم ، یا بالغ بووم بەلام ئیذنم نەداوە یا تەقلیدم نەکردووە ، ئەوە مادەم لەلایەنی میردەکەوە بە شاهید ئیسباتی پیچەوانەی قسەی ئافرەتەکە نەکری ، باوەر بە قسەی ئافرەتەکە ئەکری بە سویندو نیکاحەکە بە بەتال دائەنری •

بو تەقلید ئەوەندە پیویستە ئەم شەخصە بزانی ئەم ڕەفتارە کە ئەیکا لەسەر فەرمووددەی هەندیکە لە پیشەوایان ، وە بە دل پیی ڕازی بی ، ئیتر شەرت نی‌یە ناوی ئیمامەکە یا ئەحوالی بزانی •

شەرتی صیغەی عەقدیش چەند شتیکە • (یەکەم) ئیجابە لەلایـەنی وەلی‌یەکەوە بە لەفظی (انکاح) یا (تزویج) یا تەرجـــەمەی ئەمانە کــە مارەکردنو بەشوودانە • (دووەم) قەبوولە لەلایەنی‌میردەوە بە عەینی ئەو دوولەفظە یا تەرجەمەیان بەجوری کــە (متصل) لکـابی بە ئیجابەکـــەوە ، وە شتیکی‌وای لەگەلا بی ئەوە بگەیەنی کە ئەو ژنە مارەکراوە ، مەسەلا وەلی‌یەکە بلی وا فاطمەی کچم لی مارە کردی ، وە میردەکەیش بلیت وا قەبوولی مارە برینی فاطمەم کرد بو خوم • کەواتە نیکاح دانامەزری بــە غەیری ئەو لەفظانە یا بە تەرجەمەیان مەسەلا بە نووسین یا بە راســپیری وەکو ئەوە بلیت بە کەسیك برو بلی بە فلانکەس فاطمەی کچم لی مـارە کردووە با قەبوولی بکا ئەویش کــە ئەم قســەیەی بیست قەبوولی بکا ئـــەوە بەتالە •

هەروەها بە لەفظی فروشتن‌و نەذرو بەخشین‌و بەکری‌دان‌و بـــو حەلال کردن نیکاح دانامەزری • کەواتە عەقدی نیکاح دانامەزری بەوە کە بلی ئەم کچەم لی نەدزکردی یا پیم‌بەخشیت یا پارچەی ئەوم پی‌فروشتی یا پیم‌دای بە کری هەموو ئەمانە بی‌سوودو پووچن • هەروەها ئەگــەر للایەنی میردەکەوە لەفظیکی‌وا نەبی دەلالەت بکا لەسەر ژنەکە ، مەسەلا وەلی ئەمر بلیت وا فاطمەی کچم لی مارە کردی ئەویش بلی وا قوبوولــم کرد ، ئەوە بەتالــە ، بەلکو پیویســتە بلیت قەبوولی مارە برینی فاطمــەم کرد •

دیسان عەقدی نیکاح دانامەزری ئەگــەر ماوەیەکی زور بکەویتــە بەینی ئیجاب‌و قوبوولەوە • (قفال) کە یەکیکە لە زانا گەورەکان وتوویەتی مەبەس لە ماوە کەوتنە بەینی ئیجاب و قەبوول کە ئەبی بەهوی دانەمەزرانی عەقدی نیکاح ئەوەیە هەردولا ئەوەندە بی‌دەنگ ببن کە جوابی کابرای

ئۆز مارەکەر لەوە بکەوی کە جوابی وەلی‌یەکە بی • ئەمەیش دیتەوە سەر فەصلی عورفی ، وە لە قسەی زاناکانی شەرعەوە دەرئەکـەوی تا ماوەی شەش کەلیمەی عورفی زیانی نی‌یەو لەوە زیاتر زیانی هەیە • بەلی لەلایەنی ئەوکەسەوە کە جواب دانەوەی پیویستە واتە میرد ، ئەگەر قسەیەکـی بیگانە بکەویتە بەینەوە زیانی هەیەو عەقدەکە بەتال ئەکاتەوە هەرچەنـد قسەکەیش کەم بی • هەروەها ئەگەر بی‌دەنگی‌ی زوریش بکەویتە بەینەوە هەر زیانی هەیە • بەلام بەین‌کـەوتن لەلایەن ئەوکەسەیانەوە کە قسـەی خوی تەواو کردووە ، وەلی ئەمر بی یان میرد ، زیانی نی‌یە مەگەر دریژ بی ، چونکە ئەو قسەی خوی دوایی هینلوە • وە بەقەطعی زیانی نی‌یـە ئەگەر وەلی ئەمر یا مەلا بلیت بە میردەکە کەوا بلی وا قەبوولی نیکاحەکەم کـرد •

شـەرتیکی تری صیغەی عەقـدی نیکاح جواب دانەوەیە لەلایەن ئەوکەسەوە کە قسەکەی لەگەلدا ئەکری • کەواتە ئەگەر وەلی ئەمـری ئافرەتەکە قسەی لەگەل میردەکەدا کردو وەکیلی میردەکە جوابی دایەوە ئەوە بەتالە • هەروەها بەشەرت‌گیراوە قوبوولەکە لەگەل ئیجابەکەدا موافق بی ، ئەگینا ئەگەر کابرا بلی وا فاطمەم لی مارە کردی ئەویش بـلی وا قەبوولی نیکاحی عائشەم کرد ئەوە بەتالە • بەلی موخالەفە لە مارەییدا نابی بەهوی بەتال‌بوونەوەی نیکاحەکـە ، بەلکـو نیکاحەکـە دائەمـەزری‌و مارەیی‌یەکە ئەرواتە سەر (مهر المثل) •

شەرتە دەنگی هەردولایان ئەوەندە بەرز بی هەرکەس لەنزیکیانەوە بی بیبیسی • وە شەرتە هەرکامیان لەپیشانا قسە ئەکا پەشیمان نەبیتەوە تـا بەرابەرەکـەی جوابی ئەداتـەوە • هەروەها تا ئاخری عەقدەکە ئەهلیەتی ئەوەی یەکەمیان بمینیتەوە ، یەعنی نەمری‌و شیت نەبی ، وە مانیعی‌تـری

بەسەرا نەیەت • بەڵکو واجبە ئەو ژنەیش کە ئیذنی داوە مارەی ببڕن تا ئاخری عەقدەکە ئەهلیەتی بمێنێتەوە • کەواتە ئەگەر وەلی ئەمر صیغەی ئیجابەکەی بەدەما هاتو مرد ، وە پاش مردنی ئەو مێردەکە عەقدەکەی قەبوول کرد ئەوە بەتاڵە ••

هەروەها بەشەرت گیراوە صیغەی عەقدەکە ئاشکراو بێ‌پێچ‌وپەنا بێ • کەواتە کینایە لە صیغەی عەقـدا ئەبێ بەهۆی بەتاڵ‌بوونەوەی عـەقدەکـە وەکو ئەوە کە بڵێ ئەوکچەم بۆ حــەلال کردی • بەلام کینایە لە عەقــد لەسەرکراوەکـەدا دروستە بەوشــەرتە کــە هەردوکیان نیازی یەکیکی تایبەتی‌یان ببێ وەك ئەوە کە وەلی ئەمرەکە بڵێ یەکێك لەو دووکچەم لێ مارە کردی‌و مێردەکەیش قوبوولی بکاو هەردوکیشیان مەبەسیتان یەکیکــــــی دیاری‌یان بێ •

بەشەرت گیراوە صیغەی عەقد تەعلیقی تیا نەبێ • کەواتە ئەگــەر وتی هەرکاتێك جەژنی رەمەزان هات ئەو کچەم لێ مارە کردی‌و کابرایش قەبوولی کرد هەر بەتاڵە ، بەلام ئەگەر کەسێك وتی بە کەسیکی‌تر ژنەکەت منداڵێکی بوو ، ئەویش وتی ئەگەر کچ بوو وا مارەم‌کرد لە تو وە ئەمیش قەبوولی کرد هەر بەتاڵە ، بەلام ئەگەر کەسێك وتی بە کەسیکی‌تر ژنەکەت کچێکی بوو ، وە ئەویش باوەری پێ‌کرد ، وە وتی ئەگەر کچ بوو لێــم مارە کردی ، ئەویش قوبوولی کرد ئەوە دروستە چونکە ئەم لەفظە بـە ظاهیر تەعلیقەو لە حەقیقەتدا تەنجیزو دەس‌بەجێ‌یی‌یە ، وە لە حوکمــی ئەوەدایە کــە باوکی کچەکــە وتبێتی ما دام ژنی من کچی بووە وا ئەو کچەم لێ مارە کردی •

بەڵێ بەشەرت گرتنی عەقد لە عەقدەکەدا زیانی نی‌یە وەکو ئەوە کە بڵێ وا کچەکەمم لێ مارەکردی بەوشەرتە کچەکەی خوتم لێ مارە بکەی ،

ئەویش بلی وا عەقدی نیکاحی کچەکەتم قوبوول کردو کچەکەی خوم لی مارە بریت ، ئەوە دروستەو شیوەیەکە لەشیوەکانی ژن بەژن •

(بزانن) ژن بەژن هەرچەند بە شەرع دروستە ، بەلام لەم زەمانەدا ئەبی بەهوی روودانی چەند شتیکی گوناەو ناشەرعی وەکو ئەوە ئەگەر یەکیك لەو دووکەسە کە ژن بەژنیان کردووە ژنەکەی خـــوی تەلاقدا پیویست ئەبی ئەویشیان ژنەکەی خوی تەلاق بدا ، وە ئەگەر ژنی یەکیکیان لای میردەکەی دانەنیشت ئەبی ئەویشیان ژنەکەی بتوری • ئەم کردارە ناشەرعی یانە ئەبن بەهوی ئەوە کەوا ژن بەژن حەرام بی چونکە هـــەر رەفتاریك لە ذاتی خویدا حەلال بی و ببی بە مایەی حەرام ئەویش بەقەطعی حەرام ئەبی • کەواتە فەزرە لەسەر خەلك یا ئەم رەوشتە ناشەرعی یە واز لی بینن یاخود دەس بەرداری ژن بەژن ببن •

شەرتیکی تری صیغەی عەقدی نیکاح ئەوەیە بو ماوەیەکی تایبەتـــی نەبی • کەواتە ئەگەر وتی ئەم کچەم لی مارە کردی بووادەی شەش مانگ یا سالیك یا هەرچەند ، ئەوە بەتالە • بەلی قەیدی نی یە ژن بەشوودان بـــو ماوەیەك کە لەحوکمی هەمیشەدا بی وەکو ئەوە کە بلی ئەم کچم لی مارە بریت تا ماویت یا تا ئەو ماوە •

(بزانن) دروستە پیشکەوتنی لەفظی میرد لە لەفظی وەلی ئەمـــری ئافرەتەکە • مەسەلا بەوەلی ئەمرەکە بلی کچەکەتم لی مارە بکە لەسەر پەنجا دینار ، ئەویش بلی وا کچەکەمم لی مارە کردی لەسەر پەنجا دینار ، یـــا بلی وا کچەکەتم قوبوول کرد بە مارە براوی خوم ، ئەویش بلیت وا مارەم بری لیت •• ئەمانە هەموو دروستن ••

دەرکەوتنی ئەوشتانە کە مانیعی دامەزرانی نیکاحن

(بزانن) نیکاح بەتال ئەبێتەوە بە ثابتبوونی مانیعێك لە مانیعەکانی نیکاح بە شەهادەتی دوو شاهید ، یا خود بەوە کە ژنو مێردەکە ڕێکبکەون لەسەر بوونی ئەو مانیعە ، بەلام نیسبەت بە حەقی خویان • کەواتە ئەگەر یەکێك ژنێکی مارەکردو چووە لای ، لەپاشا ، ژنەکە وتی لەو وەختەدا کە مارەیان کردووم (عدّە)م بەسەر نەچووبوو ، وە کابرایش قەناعەتی پێ کرد ، ئەوە ئەو نیکاحە بە بەتال دائەنرێ ، وە بەهوی ئەوەوە کە کابرا چووەتە لای ژنەکە (مهر المثل) ی لەسەر دائەنرێ کە ئەبێ بیدا بە ژنەکە نەك ئـــەو مارەیی‌یە کە لە وەختی مارە برینەکەدا بڕیاریان لەسەرداوە •

وە ئەگەر تەنها ژنەکە ئیدیعای بوونی مانیعی دامەزرانی نیکاحی کردو کابرا ئینکاری کرد ، ئەوە باوەر بە سوێندی مێردەکــە ئەکرێ چونکــە ئەصل مانەوەی پەیوەندی ژنو مێردی‌یە کە پێی‌ئەلێن (بقاء العصمة) • وە ئەگەر کابرا ئیدیعای کرد کە مانیعی دامەزرانی نیکاحەکە هەیـــەو ژنەکە ئینکاری ئەکرد ، ئەوە لەسەر قسەی کابرا لە یەك جیا ئەکرێنەوە ، بەلام نیسبەت بە مارەیی‌یەکە هەر لەسەر ئەساسی دامەزرانی عەقـــدەکە ئەڕوێن • کەواتە ئەبێ کابرا تەواوی مارەیی‌یە ناوبراوەکە بدا بە ژنەکەو ناگەرێنەوە بو سەر (مهر المثل) •

بەلام بە قەطعی دروست نی‌یە ژنو پیاوەکە ڕێکبکەون لەسەرئەوە کە شتێکی‌وا هەیە نایەلێ عەقدەکە دامەزرابێ‌و شتەکەیش پەیوەندی بـــە حەقی خواوە هەیە • کەواتە ئەگەر لەپاش سێ تەلاقە هەردوکیان وتیـــان شاهیدەکانی نیکاح فاسق بوون یا وەلی ئـــەمر فاسـق بووەو تەقلیدیشیان نەکردووە ، بو ئەوە ئەو عــەقدە بە هیـــچ دانێن ، وە بەبـــێ (تحليل) جاش کردنەوە کابرا ژنەکە بباتەوە ، ئەوە بـــە قەطعی ئەو قســـەیەیان لێ قوبوول ناکرێ چونکە ڕوودانی تەلاق لەبەینیانا پێی‌لێ‌نانە بە دامەزرانـــی

نیکاحەکە ، وە ئەمانەیش شوبهەی ئەوەیان لی ئەکری کە مەبەستیان لەم ئیددیعایە نەکردنی مارە بەجاش بی •

بەلکو ئەگەر دوو شاهیدیش راست بکەنەوە لەسەر ئەم ئیددیعایەیان هەر قوبوول ناکری لی‌یان لەبەرئەوە کە ئەمان راستیان کردوونەتەوە • بەلی ئەگەر دووکەس لەخۆیانەوە لەبەر رەزای خوا وە بە بی‌عەلاقەی ئەمان شاهیدی‌یان دا لای قاضی کەوا مانیعیکی دامەزرانی نیکاحەکەیان هەیە ئەوە قوبوول ئەکری • هەروەها ئەگەر خۆیشیان لە بەینی خۆیان و خوادا بزانن بە مانیعی دامەزرانی نیکاحەکە ، وە بەپێی ئەو زانینەی خۆیان بجوولینەوە هەر دروستە ، بەلام کە قاضی پێی‌زانین ئەتوانی بەلکو واجبە لەسەری جیایان بکاتەوە لە یەک •

هەروەها ئەگەر کەسیك لەپاش سی تەلاقە ئیددیعای کرد کەوا لەپیشانا ژنەکەی بە تەلاقی (بائن) تەلاق‌داوە بوئەوەی کە تەلاقی‌تری نەکەوی ، ئەم ئیددیعایەی لی نابیسری ، بەلکو هەتاوەکو ئەگەر شاهیدیش راست کانەوە سوودی نی‌یە چونکە دیارە مەبەستی نەکردنی مارەبەجاشە• ئەگینا بوچی لەپیش سی تەلاقەکەدا لەگەل ژنەکەیدا بووەو لی جیا نەبوەتەوە• بەلی ئیعتیبار نی‌یە بەقسەی شاهیدانی‌نیکاح کە بلین ئیمە لەوەختی عەقدەکەدا فاسق بووین ، وە بەقەطعی ئەو نیکاحە بە قسەی ئەمانە بەتال نابیتەوە •

(بیداربن) وا ری‌ئەکەوی کەسیك بە تەقلیدی (متأخرین) لەسەر ئەساسی فاسقی‌ی وەلی ئەمرو شاهیدەکان ژنیك مارە ئەکا ، وە لەپاشا سی تەلاقەی ئەکەوی ، جا بوئەوە بە بی‌مارەبەجاش مارەی بکاتەوە فیری ئەکەن کەوا عەقدە پیشووەکە بە تەقلیدی (متأخرین) بووەو وا ئیستە پەشیمان ئەبێتەوەو ئەیەوی لای مەلایەك سەرلەنوی مارەی ببریتەوەو مەلاکە

بکا بە حەکەمو دوو شاهیدی (مستور العدالة) پەیدا بکا بو شـــاهیدی لەسەر ئەم نیکاحە تازەیە • گوایە ئەم عەقدە تازەیە لەسەر ئەصلی مەذهەبی ئیمامی شافیعی‌یەو دروستەو ئەوەی پیشوو بە هیچ دەرئەچی •

موعامەلەی‌وا ، بەتایبەتی لەمزەمانەدا بە هیچ‌جوری دروست نی‌یـەو حیلافی شەرعەو ئەبی بەهوی تاوانباری‌و شەرمەزاری لەبەر چەند شت • یەکەم : ڕەشە خەلك هەرچەند واجب نەبی لەسەریان هەمیشە تەقلیـدی یەك (مجتهد) بکەن ، بەلام کاتیك لە عەقدیکدا تەقلیدی ئیمامیکیان کـــرد واجبە تا ئاثاری ئەو عەقدە مابی ئەو مەذهەبە بەرنەدەن ، وە یەکیك لـــە ئاثاری تەقلیدە پیشووەکە ئەوەیە کە لەپاش سی تەلاقە ناتوانی بە بی‌مـارە بەجاش مارەی بکاتەوە ••

دووەم : شەرتی لادان لە تەقلیدی یەکەم بو تەقلیدی دووەم ئەوەیە کە (تلفیق) بە مەعنا مەشـــهوورەکـــەی پەیدا نەبی کـــە بریتی‌یە لـــە دروست‌بوونی یەك ڕەفتارو یەك حەقیقەت لە فەرموودەی دوو ئیمام کـــە کەسیان بەو ڕەفتارە رازی نەبن • هەروەها تەلفیقی بە مەعنای غـەیرە مەشهووریش نەیەتەجی کە بریتی‌یە لـــە ڕەفتـــار کردنی ئینسان بـــە فەرموودەی ئیمامیك لە مەسئەلەیەکدا وە بە ضدی ئەو فەرموودەیە لـــە هەمان مەسئەلەدا • ئیستا ئەم پەشیمان بوونەوەیە لە تەقلید ئەگەر نـــەبی بە تەلفیق بەمەعنا مەشهوورەکەی بی‌گومان تەلفیقی بـــە مەعنـــای غەیرە مەشهووری تیا هەیە ، چونکە لـــە تەقلیدی یەکەما رازی بووە بە فاسقی‌ی وەلی ئەمرو شاهیدەکانو ئەوەی لە ئەستوی خوی گرتووە ، وە ئەبی کە سی تەلاقەی کەوت بە مارە بەجاش ژنەکەی بباتەوە ، کەچی لە تەقلیدی دوایی‌دا بە ضدی ئەوە ڕەفتار ئەکا ••

سیهەم لەگەل بوونی قاضی‌دا هەرچـــەند قاضی‌ی ناچـاری‌یش بی

تەحكیم دروست نی‌یە • وە ئەگەر كەسێك بلێت قاضی بە بێ‌پارە تەماشای ئەم مەسئەلەیە ناكا ، ئەلێین ئەم حەكەمەیش بە بێ‌پارەی زیاتر لـــە پارەی قاضی ئەم عەقدە جێ‌بەجێ ناكا •

چوارەم : فتوادان بە تەحكیمی كەسێك كە (مجتهد) نەبێ لەگـەل بوونی قاضی‌ی ناچاریدا ، فتوایەكە نیسبەت دراوەتـــە هەندێ لـــە زانـا (متأخر)ەكان وەكو (بلقینی) ، وە ئەم زانایانە هەموو راضین بە عەقـدە پێشـــووەكە •

پێنجەم : ئەم شاهیدانە كە ئەبن بە شاهیدی عەقدی دووهەم (مستور العدالة) نین ، چونكە (مستور) بەوە ئەلێن كـــە ظاهیری حالیان وابێ‌ئەیەی عەدالەتیان هەیەو حەقیقەتی وەزعیان دیار نەبێ • بەلام ئەمانە لەبەرچاوی ئێمەدا دیارن‌و كردەوەو رەوشتیان ئاشكرایە كـــە خیـلافی عەدالەتـە • كەواتە فەرقی شاهیدی ئەم عەقدەو شاهیدی عەقدی پێشوو نی‌یە ، بەلكو ئێمە ئاگامان لە ئەحوالی ئەوانەی پێشوو نی‌یە •

شەشەم : ئەو عەقدە كە چەند ساڵ لەمەوپێش كراوە ، چون قەناعەت بكەین كەوا وەلی ئەمرەكە كـــە جێ‌بـــەجێ‌ی كردووە فاسق بووە یا شاهیدەكانی فاسق بوون ، لەصوورەتێكا كە ئەگەر وەلی ئەمری فاســـق توبە بكا ئەتوانی بە ئەصلی مەذهەب عەقدی نیكـــاح بكا • یاخود بـە چ بەلگەیەك بزانین ئەو شاهیدانە فاســق بوون ، وە قســـەی ئەم مێردە ژن تەلاق دەرە كە متهمە بەوە نیازی هەلگرتنی مارە بەجاشی هـــەیە ، چون جێگای باوەرو متمانەمان بێ ؟ كەواتە ئەوكەسەی كـــە بێ‌یەوێ ئایینی خوی بپارێزی واجبە تەریز بكا لەمجورە موعامەلانە •

باسی صیفەتەکانی هاوکووفی (کفاءة)

ئەو صیفەتای کـە لـە هاوکووفی‌یا پێویسـتن پێنجن • ئەم صیفەتانە ئیعتیبار ئەکرین لەژندا بوئەوەی کە لە میردەکەیشا ئیعتیبار بکرین ، ئەگینا پێویست نی‌یە لەژندا بینەجی ، وە دروسـتـە پیاوی موسـولمانی خاوەن حەسەب‌و نەسەب ئافرەتیکی فاسـقی دوزراوەی بی‌حەسـەب مارە بکا • بەلی لەسەر مەذهـەبی ئیمام دروست نی‌یە وەلی ئەمری مەجبوورکـەر ژنیکی‌وا مارە بکا لە کوری خوی کە ئەو عەیبانەی تیابی کە ئەبن بەهوی دروست‌بوونی هەلوەشاندنەوەی نیکاح • هەروەها دروست نی‌یە ژنیکی کویر یا پیر یا ئەندام براوی لی مارە بکا ، وەکو گیراوەتەوە لە گەلیك لە ئیمامەکانەوە •

(بزانن) صیفاتی کەفائەت پێویستن بو کاتی عەقدی نیکاحەکە ، واتە ئەگەر تەنها لەوکاتەدا بووبن ئەوە بەسە با لەوەپیشیش نەبووبن • مەسەلا پیاویکی‌وا کە لەپیش عەقدەکەدا عەیبدار بووبی ، وە لەکاتی عەقدەکـەدا ئەو عەیبەی نەمابی ئەوە بە هاوکووف ئەزانری بو ژنیك کە پاك‌بووبی‌و پاك بی لەوعەیبانە • بەلی کاسبی‌و پیشەی سووك کە لەپیش عەقدەکـەدا بووبی ئەوە مانیعی هاوکووفی‌یە هەرچەند لە کاتی عەقدەکەدا نەمابی ، تا ماوەیەکی‌وا تی‌نەپەری کە نیسبەت دانی ئـەو پیشە عـەیبدارە لە کابرا بیتەوە • هەروەها فاسقیك کـە توبەی کردبی نابی بـە هاوکـووفی ئافرەتیـکی بەداد تا ماوەی سـالیك بە پاکی بەسەر توبەکەیدا تی‌نەپەری‌و ئەمین نەبین لەوە کەوا رەوشتی خراپی نەماوە •

یەکەم لە صیفەتەکانی هاوکووفی سەلامەتی‌یە لەو عەیبانە کـە ئەبن بەهوی دروست بوونی هەلوەشاندنەوەی عەقدی نیکاح وەکو گولی‌و بەلەکی‌و شیتی • کەواتە کەسیك یەکیك لەمانـەی تیابی هاوکووف نی‌یە

بو ژنێك كه ئەم عەیبانەی تیا نی‌یە • هەروەها بو ژنیکیش كه ئەم عەیبانەی تیابی هەرچەند عەیبی ژنەكە خراپتر بی ، لەبەرئەوە كه ئینسان بو عەیبی خوی چاوپوشی‌ی پی‌ئەكری با زوریش بی ، بەلام بو عەیبی خەلكی خوی پی راناگیری هەرچەند كەمیش بی •

پیاوی شلەپەتكەو عەورەت براو هاوكووف نین بو ئافرەتی كـــه عەیبی تیا نەبی یا بو ئافرەتیك كه پارچه گوشت یا پارچه ئیسك گیرابیتـــه عەورەتی •• بەلی لەم عەیبانەدا وەلی‌ئەمر حەقی رەخنەگرتنی نی‌یە مادەم ژنەكە خوی رازی بی • مەسەلا ئەگەر یەكیك له دوو برا خوشكی خوی مارە بری له كابرایەكی شلەپەتكه یا عەورەت‌براو بە رەزامەندی‌ی ژنەكە ، وە كابرای میرد له صیفەتەكـــانی‌ترا هاوكووفی ئافرەتەكـــه بوو ئەوە براكەی‌تریان حەقی بەتال‌كردنەوەی ئەو نیكاحەی نی‌یە •

بەلام بەشەرت نەگیراوە بو هاوكووفی ســەلامەت بوون لەو عەیبانـه كه نابن بەهوی دروست‌بوونی پەشـیمان بوونەوه لـه نیكاحا وەك كەری‌و كویری‌و دەس‌براوی‌و یــەك چاوی‌و ناشیرینی ، هەرچەند هەندی لــه ئیمامەكانی پیشین وەكو (قاضی حسین) وتوویانــه ســەلامەت بوون لـــەم عەیبانەیش مەبەسته • بەلكو قاضی حسین فەرموویـــەتی له كەفائـــەتدا تەماشای هەر عەیبیكی‌وا ئەكری كـــه ببی بەهوی كزكـردنی ئارەزووی ئینسان •• شیخی (ابن حجر)یش هەرچەنـد رازی نی‌یـــه بەم قسـەیەی قاضی حسین ، بەلام فەرموویەتی پیویسته وەلی ئەمر تەماشای ســەلامەتی لەم عەیبـــانه بكا •• لەواقیعدا ژن‌و پیاو كه كەوتنـــه یەك ئەبن بـەهوی دامەزرانی خیزانیكی تازەو پیویستیان بە یارمەتی‌دانی یەكه بو یەك ، وە یارمەتی پیویستی بە خوشەویستی هەیە لەسـەر ئەسـاسی ئارەزووی دل‌و ئولفەت گرتن بە هاوری‌وە • كـەواته زور پیویســـته باوك‌و براو وەلی

ئەمرەکانی‌تری ئافرەت تەماشای ئەو شتانە بکەن کە ئەبن بەهوی زیادە ئولفەت لەبەینی ژنو پیاوەکەدا ئەگینا گوناهبار ئەبن ..

دووەم : ئازادی‌یە . کەواتە بەندە هاوکووف نی‌یە بو ئازاد ، وە ئازادکراو هاوکووف نی‌یە بو ئافرەتیك کە لەبنچینەدا ئازاد بووبی . سیهەم : نەسەبە . کەواتە پیاوی غەیرە عەرەب هاوکووف نی‌یە بو ئافرەتی عەرەب ! وە پیاوی غەیرە قورەیشی هاوکووف نی‌یە بو ئافرەتی قورەیشی ، وە پیاوی غەیرە هاشمی‌و مطلبی هاوکووف نی‌یە بو ئافرەتی هاشمی‌و مطلبی ، وە پیاوی ئەولادی غەیری فاطمة الزهراء هاوکووف نی‌یە بو ئافرەتیك کە لە ئەولادی ئەو بی !! هەروا نەسەب لەناو غەیری عەرەبیشا ئیعتیبار ئەکری لەسەر ئەساسی حیساب‌کردنی شەرەف‌و پایەبەرزی لەناویانا . بەلی گوی نادری بە گەورەیی‌یەك بەهوی دەسەلات‌و زولم‌و زورکردنەوە پەیدا بووبی چونکە هەر پایەیەك لەسەر ئەساسی تاوان بی لە ترازووی شەرەف‌و پایەبەرزیدا قیمەتی نی‌یە ..

چوارەم : پاکی‌یە لە فیسق‌و تاوانباری لە خوی‌و باوك‌و باپیرەیدا . کەواتە پیاوی کە بەهوی تەرکی نویژ یا روژووەوە فاسق بووبی هاوکووف نی‌یە بو ژنی پاك‌و بی‌گوناه بەتایبەتی بو کچی مندالی بی‌گوناه . وە بی‌گوناهی کوری فاسق هاوکووف نی‌یە بو ئافرەتی بی‌گوناهی کچی پیاوی بی‌گوناه وەك لە (تحفه)وە دەرئەکەوی ! بەلی پیاوی فاسق هاوکووفە بو ئافرەتی فاسق .. بەلام شیخی (ابن حجر) فەرموویەتی بەوشەرتە کە جوری فیسقەکەیان یەك بی‌و ئەندازەکەشی نەوەندی یەك بی . کەواتە ئافرەتیك کە بەهوی تەرکی نویژەوە فاسق بووبی هاوکووف نی‌یە بو پیاویك کە بەهوی غەش کردنەوە لە موعامەلەدا فاسق بووبی یا بەهوی دزی‌کردنەوە . وە لەسەر ئەم ئەساسە کەفائەت لە بەینی پیاوو

ژنی فاسقدا زور نایابه ، بەلكو ئینسان ئەتوانی بلی بەخەیال نەبی نی‌یە •
(خطیب)یش لای وایە پیاوی فاسق هەرچون بی هاوكووفە بو ئافرەتی
فاسق • ئەم فەرموودەیە ئاسانترە بو ئەمرو ، وە ئینسان ئەتوانی بو
نەفسی خوی رەفتاری پی‌بكا یاخود رەفتار بە فەرموودەكەی (ابن حجر)
بكا ، وە لە قاضی بەولاوە كەس ناتوانی رەخنەی لی‌بگری ، ئەویش
بەوشەرتە كە بوی ساغ بووبیتەوە قسەكەی (ابن حجر) مەسەلا
بەهیزترە لە مەذهەبی شافیعیدا لە قسەكەی خەطیب ••

ئەهلی بیدعەتیش ئیتر بیدعەتەكەی هەرجوریك بی هاوكووف نی‌یە
بو ئافرەتیك كە لەسەر ئادابی ئەهلی سوننەتو جەماعەت بروا بەریوە •

پینجەم : كەسبو سنعاتە لە خوی‌و باوك‌و باپیرەیدا • كەواتە
پیاویك كە كاسبی‌یەكی پەستی هەبی هاوكووف نی‌یە بو ژنیك كە خوی
یا باوكی كاسبی‌یەكی بەرزی خاوەن ئیعتیباری ببی • یا پیاویك كە
كاسبی‌یەكی بەرزی ببی بەلام باوكی كاسبی‌یەكی پەستی بووبی‌و ئیسنە
ئەم بەو كاسبی‌یەی باوكی‌یەوە ناسرابی ، هاوكووف نی‌یە بو ژنیك كە
خوی‌و باوكی كاسبی‌یەكی بەرزیان ببی • هەروەكو كاسبی‌ی پەستو
بەرز فەرقیان هەیە ، لەناو كاسبی‌یە پەستەكان‌و كاسبی‌یە بەرزەكان
خویشیانا فەرق هەیە • مەسەلا لەناو كاسبی‌یە پەستەكانا ئەوانەیان كە
بە تیكەلی لەگەل پیسایی‌دا بكرین پەستترن لەوانەی كە دوورین لە
پیسایی ، وە لەناو كاسبی‌یە بەرزەكانا ئەوانەیان كە پەیوەندیان بە
زانستو زانیاری‌یەوە هەبی بەرزترن لەوانی‌تریان • وە بو دیاری كردنی
بەرزی‌و پەستی‌ی هەر كاسبی‌یەك ئەگەرینەوە سەر عورف‌و عادەتی
ولات • فەرموودەی راست ئەوەیە دەولەمەندی‌و هەژاری ئیعتیباری نی‌یە
لە دیاری كردنی هاوكووفی‌دا • كەواتە كورە زانایەكی هەژار

هاوکووفە بو کچە زانایەکی دەولەمەند • هەروەها فەرموودەی راست ئەودیە صیفاتی پەست لەناو ئەمصیفەتانەدا بەرابەرکی‌یان پی‌ناکری بە صیفاتی بەرز ، واتە پینە ناکرین بە صیفاتی بەرز لە عەینی ئەوکەسەدا کە صیفەتە پەستەکەشی هەیە • کەواتە کورە هاشمی‌یەکی فاسق نابی بە هاوکووف بو کچە عەجەمی‌یەکی بی‌گوناه ، وە ناتوانین بلیین فاسقیەتی‌ی کورە هاشمی‌یەکە بەوە پینە ئەکەین کە هاشمی‌یە •• کەواتە ئەگەر باوك کچی خوی بە بی‌ئیذنی کچەکە لە صوورەتیکی‌وادا مارە ببری ئەوە نیکاحەکە دانامەزری •

ئەو ئافرەتانەی کە مارەیان نایەت

ئەو ژنانەی کە مارە کردنیان حەرامەو مارەیان نایەت سی جورن • جوریکیان ئەوانەن کە بەهوی نەسەبەوە مارەیان نایەت • ئەمانەش حەوت تاقمن • یەکەم : دایك واتە ئەو ئافرەتەی کە خوتی لی پەیدا بووبیت یا ئەو پیاوو ژنەی لی پەیدا بووبی کە تو پەیدا بوویت لی‌یان • دووهەم : کچ واتە هەر ئافرەتیك کە لە پشتی تو پەیدا بووبیت یا لە پشتی کەسیك کە لە پشتی تو بووە راستەوخو یا بەواسیطەوە ، بەلام کچیك کە بەهوی (زنا)وە لە تو پەیدا بووبیت ئەوە مارەبرینی دروستە چونکە ری‌ی تی‌ئەچی لە تووی کەسیکی‌تر پەیدا بوونی • بەلام ئەگەر مندالی زنا کور بوو دروست نی‌یە دایکی خوی مارە بکا چونکە ئاشکرایە کە لەو دایکە داکەوتووە • هەروەها منالی (زنا) کور بی یا کچ بی نیکاح دانامەزری لە بەینی ئەوو براو خوشکە دایکی‌یەکانیا ، وە لە بەینی ئەوانو هاونەسەبی دایکەکەیانا وەك براو خوشكو مامو خالی دایکیان •

سیهەم : خوشکە • چوارەم : کچی خوشکە • پینجەم : کچی برایە هەرچەند ئەمانە زوریش دوور کەوتبنەوە • شەشەم پووری خوشکی

باوکە • حەوتەم پووری خوشکی دایکە • راستەوخو بی یان بەهوی یەکیکی ترەوە • ئەتوانین بلیین هەر ئافرەتیك خوشکی نیرینەیەك بی کە تو لەپشتی ئەو هەلکەترابی لە نزیك و دوور ئەوە بە پوور (خوشکی باوك)ت دائەنری ، هەروەها هەر ئافرەتیك کە خوشکی ژنیك بی کە توی لی بوو بیت نزیك بی یا دوور ئەوە پوور (خوشکی دایك)تە • وە تیکرا ئەتوانین بلیین هەر ئافرەتیك لەنەسەبدا خزمت بی ئەوە حەرامە لەسەرت تەنها ئەولادی مام و خال و پوور ئەبی •

جوری دووهەمیش ئەوژنانەن کە بەهوی شیر خواردن (رضاع)ەوە حەرامن • جا بزانە هەر ئافرەتیك لە نەسەبدا حەرام بی بە شیر خواردنیش حەرامە وەکو دایکی شیری • هەر ئافرەتی شیری دابی بە تو ، یا بە کەسیك کە ئەو شیری دابی بە تو ، یا بە کەسیك کە تو لەو کەسە بوو بیت ، یا دایەنەکەی توی لی بوو بی ، یا ئەو پیاوەی لی بوو بی کە شیری دایەنەکەت لەوەوە پەیدا بووە ئەوە دایکی شیریتە •

هەروەها کچی شیری • هەر ئافرەتی شیری توی خواردبی ، یا شیری ئەولادی توی خواردبی لە کورو کچی تو بە نەسەب یا بە شیر خواردن ، وە کچی ئەوژنەیش بە نەسەب یا بە شیر خواردن هەرچەند بەرەوخوار بوو بیتەوە ئەوە کچی شیری یە •

هەروەها خوشکی شیری • هەر ئافرەتیك شیری باوکی تو یا دایکی توی خواردبی بە نەسەب یا بە شیر خواردن ، وە ئەولادی باوك و دایکی شیری ی تو خوشکی شیری ی تویە •

هەروەها برازاو خوشکەزای شیری • هەر ئافرەتیك کچی ئەولادی ئەو ژنە بی کە شیری بە تو داوە ، یا ئەولادی پیاوە خاوەن شیرەکە بی هەرچەند بەرەوخوار بروا ، وە هەر ئافرەتیك شیری برا یا خوشکی بە

نەسەب یا بە شیر خواردنی توی خواردبی ، وە کچی ئەو ئافرەتە بە نەسەب یا بە شیر خواردن با بەرەوخواریش بروا ، وە کچی ئەوانەی کە دایکت شیری پیداون ، یاخود شیری باوکی بە نەسەب یا بە شیر خواردنی توی خواردبی هەرچەند بەرەوخواریش بروا ، ئەوە کچی برای شیری یا کچی خوشکی شیریتە •

هەروەها پووری شیری • هەر ئافرەتیك خوشكی پیاوە خاوەن شیرەكە بی ، یا خوشكی دایەنەكەت بی ، وە خوشكی باوكو دایكی ئەوان بی بە نەسەب یا بە شیر خواردن ، وە هەر ئافرەتیك شیری باوكو دایكی بە نەسەب یا بە شیر خواردنی توی خواردبی ، ئەوە پووری شیریتە وە لەجیی خوشكی باوك یا خوشكی دایكتایە •

بەلی ، هەندیكەس هەن لە نەسەبدا حەرامن نەك لە شیردانا • یەكەم : ئافرەتیك كە شیری دابی بە برات یا بە خوشكت ئەوە لە شیر پیدانا حەرام نییە لیت چونكە بیگانەیە پیت بەلام لە نەسەبدا حەرامە چونكە یا دایكتە یا باوەژنتە • دووهەم : ژنی كە شیری دابی بە كورەزات یا بە كچەزات • ئەمە لە شیر پیدانا حەرام نییە كەچی لە نەسەبدا حەرامە چونكە یا كچی خوتە یا بووكتە یەعنی ژنی كورتە • سیهەم : دایكی ژنیك كە شیری دابی بە ئەولادی تو • ئەمە لە شیر پیدانا حەلالەو لە نەسەبا حەرامە چونكە خەسووتە یاخود دایكی شیریی ژنتە •

چوارەم : كچی ژنیك كە شیری دابی بە منالی تو • ئەمە لە شیر پیدانا حەلالەو لە نەسەبدا حەرامە لەبەرئەوە كە كچی خوتە یا كچی ژنتە • پینجەم : ژنی كە شیری دابی بە مامت • شەشەم ژنی كە شیری دابی بە خالت • حەوتەم : ژنی كە شیری دابی بە پوورت خوشكی باوكت یا خوشكی دایكت • هەشتەم : دایكی نەسەبیی برای شیریت • مەسەلا

کوریك شیری دایکی توی خواردووە ، وە ئەو کورە دایکی هەیە ، ئەتوانی دایکەکەی مارە بکەی • ئەگەر ئەم برایە برای نەسەب بوایە نەت‌ئەتوانی دایکەکەی مارە بکەی چونکە یا دایکی خویشتە یا باوەژنتە • جیاکردنەوەی ئەم صووورەتانە لەراستیدا شتیکی ظاهیری‌یە ، چونکە ئەمانە ئەو هویانەیان تیا نی‌یە کە ئەبن بەهوی حەرام بوون تا جیا بکرینەوە •

(بیداربن) چوار ئافرەت هەن کە حەرام نابن لیت کەچی بەدیمەن لە حەرام ئەچن • یەکەم : خوشکی نەسەبی‌ی برای نەسەبیت کە خوشکی نەسەبی‌ی خوت نەبی • مەسەلا برایەکی باوکیت هەیە ، ئەویش خوشکیکی دایکی‌ی هەیە ، ئەتوانی ئەو خوشکەی مارە بکەی • یاخود برایەکی دایکیت هەیە ، ئەویش خوشکیکی باوکی‌ی هەیە ، ئەتوانی ئەو خوشکەی مارە بکەی • دووهەم : خوشکی شیری‌ی برای نەسەبیت • مەسەلا برایەکی باوکیت هەیە خوشکیکی دایکی‌ی هەیە بە شیر خواردن ، یاخود برایەکی دایکیت هەیە خوشکیکی باوکی‌ی هەیە بە شیر خواردن ، ئەتوانی ئەو خوشکەی مارە بکەی •

سیهەم : خوشکی نەسەبی‌ی برای شیریت • مەسەلا برایەکی دایکی شیریت هەیە ، کە ئەویش خوشکیکی نەسەبی‌ی هەیە لە باوکەوە یا لە دایکەوە یا لە باوك‌و دایکەوە • تو ئەتوانی ئەو خوشکەی مارە بکەی • چوارەم : خوشکی شیری‌ی برای شیریت • مەسەلا کوریك شیری دایکی توی خواردووەو شیری ژنی‌تریشی هەر خواردووە ، وە ئەو ژنە شیردەرە کچیکی هەیە تو ئەتوانی مارەی بکەیت •

باسی شیر دان (رضاع)

شیر دان له شەرعدا بریتی‌یە لەوە شیری ژنێکی زینـــدوو یــا خواردەمەنی‌یەك کە لەو شیرە دروست بکری بڕواتە ناو بوشایی لـەشی منالیکەوە کە عومری لە دوو سال زیاتر نەبی •

ئەرکانی شیر دان سی شتە : شیرەخور (رضیع) ، شـــیر (لبن) ، شیردەر (مرضعة) • شەرتی شیرەخورەکە ئـەوەیـە زینـــدوو بی بـە زیندوویەتی‌یەکی دامەزراو ، وە لە سەرەتای جـــاری پینجەمی شـــیر خواردنەکەوە عومری لە دوو سال کەمتر بی ، وە پینج جاریش شیرەکەی خواردبی •

ضەبطی ئەم پینج جارە بە عورفە ، چونکە شەرع لەم جورە شتانەدا تەماشای عورف ئەکا • کەواتە ئەگەر منالەکە دەمی لە مەمکی ژنـەکـــە هەلگرت لەبەرئەوە کە حەزی لە شیر نەبوو ، ئەوجا دووبارە گرتیـەوە ، یاخود ئەگەر ژنەکە مەمکی خوی لە دەمی منالەکە دەرهینا لەبەرئـەوە کە منالەکە حەزی لە شیر نەبوو ، کەچی دووبارە گرتیەوە ، ئەوە لە هەردوو صوورەتەکەدا بە دووجار شیر پی‌دان ئەژمیرری هەرچەند هەر جاریکیش تنوکێ شیری خواردبی • بەلام ئەگەر لەبەر هەنـاســـەدان یا لـەبـــەر فووت‌دانی ئەو شیرەی لەدەمیایە ، یا لەبەر گالتە دەمی لە مەمکەکە بەرداو پاشان گورج گرتیەوە ، یا شیردەرەکە لەبەر سووکە ئیشیك مەمکەکەی لە دەمی دەرهیناو منالەکە گورج گرتیەوە ، یا شـــیردەرەکە لە مەمکیکیەوە گواستیەوە بو ئەو مەمکەکەی ، یاخود منالەکە وەنەوزیکی‌داو مەمکەکەی بەردا ، یا هەر لە دەمیا بوو گورج دەستی کردەوە بە شیرمژین ، ئەوە لـە هەموو ئەم صوورەتانەدا هەر بە یەك‌جار حیساب ئەکری •

وە ئەگەر منالەکە زور نووست ، یا غافل بوو لە شـــیرمژین لـــە

ماوەیەکی زوردا ، وە مەمکەکەی لەوماوەیەدا هەر بەدەمەوە بوو ئـەوە بە یەك‌جار حیساب ئەکری • وە ئەگەر بەری‌داو لەدوایـیـدا مـەمـکـەکـەی گرتەوە ئەوە بە دووجار حیساب ئەکری • وە ئەگەر بەجاریك یەك پیالـە شیر لە مەمکی ژنەکە دادوشرا ، وە بە تـاقـە جـاریـك کرا بـە قورگی منالەکەدا ، یا بە پینج‌جار شیرەکەی لی دادوشراو بە یـەك‌جـار کرا بـە قورگی منالەکەدا ، یا بەپیچەوانەی ئەمەوە ، ئەوە هـەر بـە یەك‌جـار ئەژمیرری ، چونکە تەئثیری شیری رووت بەوشەرتەیە کە بە پینج جـار دابدوشری‌و بە پینج جار بخوری[١] •

ئەگەر پیاویك چوار ژنی هەبوو ، وە منالیك لە سی ژنیان هەریەکـە جاریك شیری خوارد ، وە لە ژنی چوارەمیش دوو جاری خوارد ، ئەوە ئەو منالە ئەبی بە منالی شیری‌ی کابرا ، بەلام نابی بـە منـالی شـیری‌ی هیچ‌کام لە ژنەکانی ، هەرچەند ئەگەر کور بی لی‌ی حەرام ئەبن چونـکە بوون بە باوەژنی •

وە ئەگەر کەوتینە شکەوە لەوەدا کە ئاخو یەك‌جار شیری خواردووە یا پینج جار ، یا لە تەمەنی دوو سالی‌یا بووە کە شیرەکەی خواردووە یـا کەمتر بووە لە دوو سال ، ئەوە ئەو شکە نابی بەهـــوی حـــەرام بوونی منالەکە لە شیردەرەکە ، بەلام خوپاراستن لەم جورە شتانەدا باشترە •

شەرتی شیرەکەیش کە منالەکە ئەیخوا ئەوەیە شیری ژنی زیندوو بی • کەواتە شیری مەمکی پیاوو شیری ئینسانی نیرو می‌و شیری ژنی کە لە گیانەلادا بی یا شیری ژنی مردوو تەئثیری نی‌یە • هەروەهـا شـــیری حەیوانیش ئەگەر کورو کچیك بەیەکەوە بیخون نابن بە هاوشـــیرە • فەرق نی‌یە لەوەدا ئەو شیرە بە شیری مابیتەوە یا کرابی بە پەنیر یاخـود ئاردی پی‌کرابی بە هەویرو مندالەکە بیخوا • هەروەها ئەگـەر تیـــکەلی

(١) اعانة الطالبین • بەرگی (٣) لاپەرە (٢٨٧) •

شتیکی‌تر کرابی خوای شیرەکە زورتر بی لەوشتە یا کەمتر بی‌و منالەکە هەموو تیکەل کراوەکە بخوا • بەلام لەم شیرە تیکەلەدا شیخی (ابن حجر) فەرموویەتی ئەگەر بە تاقە جاریکیش ئەو شیرە دوشرابی جا تیکەلی شتیکی‌تر کرابی کافی‌یە بو تەئثیر کردن لە حەرام بوونی منالەکەدا بەوشەرتە بە پینج‌جار بیخوات • شیخی (نهایە)و (قاضی زکریا)و (خطیبی شربینی)و (زیادی)یش ئەلین هەروەکو پیویستە بە پینج جار بیخواتەوە ئەبی بە پینج جاریش دادوشرابی •

هەروەها تەئثیری هەیە ئەگەر بکری بە قورگی منالەکەدا بە بی‌مژینی خوی ، یا وەکو برنووتی بکریتە دەماغیەوە • بەلام سوودی نی‌یە ئەگەر شیرەکە بکری بە شاف‌و منالەکە هەلی بگری ، یاخود لەپیشیەوە پی‌ی هەل‌بگیری یا بکریتە ناو گویچکەیەوە ، مەگەر ئەوەندە زور بی لەگوی‌یەوە بچیتە ناودەماغی یا ئەو شیرەی لەپیشیەوە پی‌ی هەل‌گیراوە بگاتە ناو مەعدەی منالەکە •

شەرتی شیردەریش ئەوەیە ژن بی‌و زیندوو بی بە زیندوویەتی‌یەکی بەهیز ، وە عومری لە نو سال کەمتر نەبی • وە ئەگەر دوو ژن یەکی پینج‌جار شیری خویان دادوشی‌و تیکەلیان کردو بە پینج جار دایان بە مندالیك هەردوکیان ئەبن بە دایکی منالەکە ، خوای شیری هەردوکیان ئەوەندەی یەك بی یاخود زیادو کەم بن • جا ئەو ژنە خاوەن شیرە ئەگەر بە بی‌میرد شیر لە مەمکیا پەیدا بوو ئەوە هەر نیسبەت لە خوی ئەدری‌و منالەکەی پی مەحرەم ئەبی • وە ئەگەر بەهوی پیاویکەوە پەیدا بووبوو ئەوە نیسبەت لەو پیاوە ئەدری ، خوای ئاوی پیاوەکە لەریگای خویەوە چووبیتە ئافرەتەکەوە ، یا لە نیکاحیکی دروستا تی‌ی‌کرابی ، یا پیاوەکە بەشوبهە چووبیتە لای ئافرەتەکەو بە یەکیك لەمهویانە شیر زابیتە مەمکی ئافرەتەکە •• بەلام شیریك کە بەهوی پەیوەندی (زنا)وە

پەیدا بووبێ لە مەمکی ئافرەتا ئەوە تەئثیری نی‌یەو نابێ بەهوی حەرام بوونی منالی شیرخور لە ئافرەتە شیردەرەکە •

ئەگەر کەسێك ژنێکی خاوەن شیری تەلاقدا ، وە ژنەکە لەپاش بەسەرچوونی (عدّە) شووی‌کردو لای میردە تازەکەی شیری دا بە منالێك ، ئەوە ئەو منالە ئەبێ بە منالی میردی پێشووی نەك ئەم میردەی ئیستای • وە ئەگەر کەسێك بە شوبهە چووە لای ژنێکی بێ‌میردو ژنەکە منالێکی بوو ، ئەوە شیری ئەم ژنە نیسبەت ئەدرێ بو ئەو پیاوەیان کە منالەکە ئەکرێ بە هی ئەو خوای بەهوی قیافەت شوناسەوە بکرێ بە هی ئەو ، یا لەبەر دەلیلێکی‌تر وەکو ئەوە کە منالەکە لەکاتی چوونەلای یەکێ لەوانەوە کە باسمان‌کردن شەش مانگی تێ‌نەپەراندبێ ، بەلام لە چوونەلای ئەوی‌تریانەوە تەواوی کردبێ • ئەم شیرە نیسبەت بە هەرکەس درا ، بەهوی مردنیەوە یا بەهوی تەلاقدانی ژنەکەوە نیسبەتەکە نابرێ هەرچەند ماوەیەکی زوریشی بەسەرا بروا ، یاخود شیرەکە وشك بکات‌و پاش ماوەیەك پەیدا ببیتەوە • جا ئەگەر شووی کرد بە کەسێکی‌تر ئەوە شیرەکەی هەر نیسبەت لە کابرای پیشوو ئەدرێ تا مندالی ئەبێ لەم میردە دوایی‌یە •

کاتێ کە شیر دان هاتەجێ ئەم منالە ئەبێ بە ئەولادی ئەو ژن‌و پیاوەکە شیرەکەیانی خواردووەو ئەبن بە مەحرەمی یەکتر • ئەو حەرامی‌یەی کە بەهوی شیردانەوە پەیدا ئەبێ لە ژن‌و پیاوەکەوە ئەروا بو باوك‌و باپیرو نەنك (اصول)و منال‌و منالەزا (فروع)و دەوروپشت واتە براو خوشك (حواشي)یان • وە لە شیرخورەکەوە هەر بو لای منال‌و منالەزای ئەروا •

شیرپێ‌دان ئیسبات ئەبێ بە شەهادەتی دوو پیاوو ، پیاوێك‌و دوو ژن‌و ، چوار ژن • بەلام شاهیدی لەسەر پێ‌لێ‌نان بە شیر پێ‌دان ئیسبات

نابی بە دوو پیاو نەبی • وە لە پی‌لی‌نان‌و لە شەهادەت لەسەر پی‌لی‌نانا دریژە پیدان شەرت نی‌یە • فەرموودەی راستتر ئەوەیە کە شەهادەتی ئەو ژنەیش کە شیری داوە بە منالەکە قوبوول ئەکری ئەگەر وەختی خوی داوای کری‌ی نەکردبی بەرابەر بە شیردانەکە ، خوای لە شەهادەتەکەیدا باسی کردەوەو شیر پی‌دانەکەی خوی بکا یا نە • هەروەها شەهادەتی دایکی ژنە شیردەرەکەیش دروستە •

فەرموودەی راستتر ئەوەیە بەس نی‌یە بو ئەو شەهادەنە تەنها ئەوە کە شاهیدەکان بلین (شیر خواردنیکی منال حەرامکەریان لەبەینایە) بەلکو واجبە باسی وەخت‌و ژمارەی شیر پیدانەکەو گەیشتنی شیرەکە بە بوشایی ناولەشی منالەکە بکەن ، بەم‌رەنگە کە شاهیدەکە بلیت : شەهادەت ئەدەم ئەو ئافرەتە لە ژوور نو سالی‌یەوە پینج جار شیری داوە بەو منالە لەتەمەنیکا کە عومری کەمتر بوو لە دوو سال •

گەیشتنی شیرەکە بە بوشایی لەشی منالەکە ئەزانری بەهوی ئەوەوە کە چاوت لی بی لە دادوشینی شیری ژنەکەو کردنی بە قورگی منالەکەدا ، وە لەگەل ئەوەیشا چاوت لی بی قوم‌قوم بیخواتەوە • هەروا ئەزانری بەهوی قەرینەیشەوە وەکو ئەوە مەمکی ژنەکە لە دەمی منالەکەدا بی‌و بیمژی ، وە قورگی منالەکەیش بجوولیتەوە لە قووت‌دانی شیرەکەدا ، پاش ئەوە کە بزانی بەوە ئەو ژنە خاوەن شیرەو وشك نی‌یە • بەلی ئەگەر شاهیدەکە شەرع‌زانیکی‌وا بوو هاومەزهەب بوو لەگەل قاضی‌داو باوەر پی‌کراو بوو ئەوەندە بەسە کە بلی شەهادەت ئەدەم لە بەینی ئەو کورو کچەدا شیرپیدانیکی حەرامکەر هەیە • ئیتر پیویست نی‌یە بە تەفصیل پی‌دانی شەهادەتەکەی •

باسی پێ‌لێ‌نان له‌ شیرپێ‌دان

ئه‌گه‌ر ژنێك یا پیاوێك یه‌كه‌یه‌كه‌ یا هه‌ردوكیان وتیان شـــیرپێ‌دان هه‌یه‌ له‌ به‌ینی ئیمه‌دا ، ئه‌وه‌ ئه‌بێ به‌هوی ئه‌وه‌ كه‌ به‌قه‌طعی نیكاح له‌به‌ینیانا حه‌رام ببێ به‌ ظاهیرو باطینی شه‌رع ئه‌گه‌ر راست بكه‌ن ، وه‌ به‌ ظاهـیری شه‌رع ئه‌گه‌ر درو بكه‌ن •

وه‌ ئه‌گه‌ر له‌پاش عه‌قدیش هه‌ردوكیان ریكه‌وتن‌و پێ‌یـان لێ‌نا بـه‌ شیرپێ‌دان ، یا پیاوه‌كه‌ به‌ته‌نیا پێ‌ی‌لێ‌بنی‌و ژنـه‌كـه‌ ئینكاری بكا ، ئه‌وه‌یش ئه‌بێ به‌هوی جیایی خسته‌ به‌ینیان • جا ئه‌گه‌ر كابرا چووبوه‌ لای ژنه‌كـه‌ ئه‌وه‌ له‌ صووره‌تی یه‌كه‌ما واجبه‌ (مهر المثل) بدا به‌ ژنه‌كه‌ • به‌وشه‌رتـه‌ ژنه‌كه‌ وه‌ختی خوی ئاگای له‌ شیر پێ‌دانـه‌كـه‌ نه‌بووبێ یا كابرا به‌ زور چووبیته‌ لای ، ئه‌گینا هیچی ناكه‌وی • وه‌ له‌ صووره‌تی دووهه‌ما واجبـه‌ عه‌ینی ماره‌یی‌یه‌ ناوبراوه‌كه‌ی ته‌سلیم بكا • وه‌ ئه‌گه‌ر ژنه‌كـه‌ پێ‌ی‌لێ‌نـاو كابرا ئینكاری كرد ، ئه‌وه‌ ئه‌گـه‌ر وه‌ختی خـوی ژنه‌كـه‌ لـه‌ ئیـذنی ماره‌برینا كابرای دیاری كردبوو ، وه‌ له‌پاش گویزانه‌وه‌یش به‌ ئاره‌زووی خوی مه‌جالی میرده‌كه‌ی دابوو بیته‌ لای ئه‌وه‌ قسـه‌كه‌ی بێ‌ســـــوودو ئیعتیباری نی‌یه‌ • وه‌ ئه‌گه‌ر هه‌ر ئیذنی نه‌دابوو به‌وره‌نـگه‌ (ولی مجبر) ماره‌ی كردبوو یا له‌ ئیذنا كابرای دیاری نه‌كردبوو یا ریگای كـابـرای نه‌دابوو بچیته‌ لای ، یا ریگای دابوو به‌لام ئاگای له‌ شیردانه‌كه‌ نه‌بووبوو ، یا ئاگادار بووبوو به‌لام كابرا به‌زور رویشتبوه‌ لای ، ئـه‌وه‌ لـه‌ هه‌موو ئه‌م صووره‌تانه‌دا باوه‌ر به‌ سویندی ژنه‌كه‌ ئه‌كری‌و جیا ئه‌كریته‌وه‌ له‌ كابرا •

جا ئه‌گه‌ر كابرا چووبوه‌لای واجبه‌ (مهر المثل)ی پێ‌بدا ئه‌گـــه‌ر ژنه‌كه‌ له‌ووه‌خته‌دا بێ‌ئاگا بووبێ له‌ شـیرخواردنه‌كه‌ ، یـا ئاگادار بووبێ به‌لام كابرا به‌ زور داگیری كردبێ ، ئه‌گینا هیچی ناكه‌وی • وه‌ ئـه‌گـه‌ر

نەرویشتبیتە لایو ژنەکەیش مارەیی وەرنەگرتبی ناتوانی داوای هیچ بکا • وە ئەگەر وەری گرتبی واجبە بیداتەوە بە کابرا چونکە نەچوەتەلایو ژنەکەیش خوی بووە بەهوی ئەم جیابوونەوەیە •

(بزانن) ئەم ئیقرارکردنە بە شیر تەئثیری نی‌یە بو غەیری ئەوکەسە کە ئیقرارەکە ئەکا چ لەپیش عەقدابیو چ لەپاش عەقد ، مەگەر ئیقراریك کە پیاو لەپیش عەقدا بیکاەوە بەشیوەی پیوە لکاندن(استلحاق)یش بیت مەسەلا بلیت فلانە کچ کچی منەو بو کورەکەم ناشی،یا فلانەکور کوری منەو کچەکەمی بو ناشی ، ئەوە تەئثیر ئەکاتە سەرو خوارو دەوروبەر • بەلام ئیقراریك کە لەپاش عەقدەکەدا بیو ئەولادەکەی خوی باوەری پی‌نەکا ، یاخود لەپیش عەقدەکەدا بی بە غەیری شیوەی پیوەلکاندن وەکو ئەوە کە بلی کچەکەم شیری فلانە ئافرەتی بیگانەی خواردووە ، وە بو کوری ئەو ناشی ، یا بلیت کورەکەم شیری فلانە ژنی خواردووەو کچی ئەوی بو ناشی ، ئەوە سوودی نی‌یەو لای شەرع ئیعتیباری نی‌یە مادەم ئەندازە (نصاب)ی شەهادەت تەواو نەبی •

لە هەرلایەکدا کە ئیقرار کردن بە شیردان تەئثیری ببی ، ئەوە هەر بو حەرامیەتی نیکاحە ، ئەگینا بو مەحرەمیەتیی ئافرەتەکەو پیاوەکە بە یەك سوودی نی‌یە • کەواتە بەتەنها دانیشتنی ئەو پیاوو ئافرەتە یا تەماشای یەکتر کردنیان حەرامەو دەس‌کەوتنیان لە یەك دەس‌نویژیان ئەشکینی •

باسی ئەوە کە باوكو دایك کورو کچەکە به مەحرەم دابنێن

ئەگەر باوكو دایکی کورەکە یا کچەکە لەپێش عەقدا بەیانی شیریان کرد لەبەینی کورو کچەکەدا ، ئەوە ئەگەر نیسبەتیان دان لە غەیرو وتیان ئەم کورو کچە بەیەکەوە شیری فلانە ژنی بێگانەیان خواردووەو بو یەك ناشێن ، ئەوە ئەگەر ژمارەی شەهادەت دەرەکان تەواو بوو هەرچەند باوكو دایکەکە خویشیان لەوان بن ، یا ژمارەیان تەواو نەبوو بەلام کورو کچەکە باوەریان بە قسەی باوكو دایکەکە بوو ، ئەوە نیکاح لەبەینیانا حەرام ئەبێ بو هەمیشە • وە ئەگەر ئەندازەی شەهادەتدەرەکان تەواو نەبوو ، وە کوروکچەکەیش باوەریان پێ نەئەکردن ، ئەوە بە قسەی رووتی ئەوان ئەم دووکەسە لە یەکتر حەرام نابن • وە لەمصوورەتەدا ئەگەر کورەکە هاوکووفی کچەکە بوو ، وە هاوکووفیکیتر داوای کچەکەی نەکردبوو ، قاضی ئەم کچە مارە ئەکا لەو کورە چونکە باوکەکە حوکمی باوکیکی هەیە کە ریگای کچی خوی نەدا شوو بکا وەکو (ابن حجر) فەرموویەتی لە (فتاوی)و لە (تحفە)دا لە باسی ریگانەدانی شووکردنی کچدا •

هەروەها ئەگەر ئەم قسەیە لەپاش عەقدەکەدا بکەنو شاهید تەواو نەبێو منالەکانیش باوەر نەکەن ، هەر لە یەك حەرام نابن •

وە ئەگەر نیسبەتی شیردانەکەیان ئەدا لە خویان ، ئەوە ئەگەر ژنەکە ئەم نیسبەتەی ئەداو ئەیوت فلانە کچ کچی منەو بو کورم ناشێ ، یا فلانە کور کوری منەو کچی منی بو ناشێ ، تەماشا ئەکەین ئەگەر شاهید بێ لەسەر قسەی ئەم ژنە ، یاخود ئەگەر کورو کچەکە باوەر بکەن ئەوە لە یەك حەرام ئەبن ، ئەگینا حەرام نابن لە یەك • بەلی ئیقرار کردنی ئەم

ژنە تەنها بۆ حەرامیی نیکاحی خۆی لەو کورەی کە کردوویەتی بە کوری خۆی تەئثیری هەیە ، وە بۆ بەرەوژووروو بەرەوخوارو دەوروبەری ناروا ، چونکە ئەم قسەیە ئەگەر بە شەهادەتی دابنێین ئەوە ژمارەی شاهید تەواو نی‌یە • وە ئەگەر بەشیوەی پیوەلکاندن (استلحاق)ی دابنێین شەرتی پیوە لکاندن ئەوەیە پیاو بیکا نەك ژن • کەواتە هەر تەنها بە ئیقرار دائەنری‌و ئیقرارەکەیش هەر بۆخۆی بەکاردیت وەکو (ابن حجر) لە (فتاوی)دا فەرموویەتی‌و لە قسەی (شهاب الرملي)یەوە دەرئەکەوی‌و (علي الشبراملسي) روونی کردووەتەوە •

وە ئەگەر پیاو ئەم نیسبەتە بداتو بلیت فلانە کچ کچی منەو بۆ کورەکەم ناشی یا فلانە کور کوری منەو کچی منی بۆ ناشی ، ئەمە ئەگەر لەپیش عەقدا بی بە قەطعی نیکاحیان حەرام ئەبی شاهید ببی یا نەبی ، وە منداڵەکان باوەر بکەن یا نەیکەن ، چونکە ئەم نیسبەتدانە پیوەلکاندنە بەشیوەی شیردان ، وە وەك بەنەسەبەوە لکاندن وایەو تەئثیر ئەکاتە سەر بەرەوژووروو بەرەوخوارو دەوروبەری ئەو کابرایە لەبەرئەوە کە مادەم ئەم کورە یا ئەم کچە بوو بە منالی کابرا ، ئەیشبی بە کورەزای باوكو دایکی کابرا ، وە بە برا یا خوشکی منالەکانی‌تری وە بە برازای خوشكو برای کابرایش •

وە ئەگەر لەپاش عەقد ئەم نیسبەتەی دا ، ئەوە ئەگەر کورو کچەکە کە نیستە ژنو میردن باوەریان پی‌کرد یاخود شاهیدی تەواو هەبوو لەسەر راستیی نیسبەتەکە ، ئەبی ئەو ژنو میردە جیا بکرینەوە لە یەك • وە ئەگەر باوەریان نەکردو شاهیدیش نەبوو ، ئەوە ئەو نیسبەتدانە قیمەتی نی‌یەو نابی بەهوی لیك جوی کردنەوەیان ، وە ئەو عەقدو عیصمەتەی دامەزراوە ، بەم نیسبەتدانە تیك‌ناچی • بەلی ئەگەر تەلاقی بائینیان کەوتە بەین جاریکی‌تر مارە ناکرینەوە لە یەك •

(بزانن) له هەرلایەکدا شوبهەی شیردان پەیدا بوو ، هەرچەند ئەو شوبهەیە بە شەرع ثابت نەبێ ، باشتر ئەوەیە ئینسان خوی لەونیکاحە دوور بگری • وە لە هەرشوینیکدا سویند بخوری لەسەر نەبوونی شیر پیدان ، ئەبێ ئەو سویندە لەسەر نەزانین بەو شیردانە بخوری • وە لە هەر شوینیکدا سویند لەسەر بوونی بخوری ، ئەبێ سویندەکە بە رووداتی ئەو شیر خواردنە بیو سویندخورەکە بلی شیر خواردنمان لەبەینا بووە •

باسی هاتنی شیر بەسەر نیکاحدا

ئەگەر کەسیک مارە براوێکی هەبوو کە هیشتا مندالی شیرەخورە بوو ، وە دایکی ئەوکەسە یا خوشکی یا ژنیکیتری پینج جار شیری دایە ، ئەوە نیکاحەکەی هەلئەوەشیتەوە ، چونکە بەو شیرپیدانە بوو بە مەحرەمی کابرا • هەروەها نیکاحی ژنە گەورەکەیشی هەلئەوەشیتەوە کە شیری پیداوە ، چونکە ئەمیش ئەبێ بە خەسووی کابرا ، وە بو هەمیشە حەرام ئەبن لیی • جا لەمحالەدا مارەبراوە شیرەخورەکە نیوەی مارەیی ئەکەویتە سەر کابرا ، چونکە هیشتا نەگویزراوەتەوە ، ئەمیش نیوەی (مهر المثل) ئەبژیری بە دایکی یا خوشکی یا ژنەگەورەکەی کە شیرەکەی داوە بە مارەبراوە شیرەخورەکە ، چونکە ئەو بوو ئەو زەرەرەی لیدا •

وە ئەگەر مارەبراوە شیرەخورەکە لەکاتی نووستنی ژنە گەورەکەدا دەمی نا بە مەمکیەوەو پینج جار شیری لیخوارد ، ئەوە دیسان نیکاحی هەردوکیان هەلئەوەشیتەوە وەکو وتمان ، بەلام شیرەخورەکە نیوە مارەیی ناکەوی چونکە خوی بووە بەهوی هەلوەشانەوەی نیکاحەکەی ، وە پیویستە تەواوی (مهر المثل)ی ژنە گەورەکە کە ئەم دەمی ناوە بە مەمکیەوە لە مالی مارە براوە شیرەخورەکە بدری بە ژنە گەورەکە ئەگەر میردەکەی چووبوە لای ، یا نیوەی (مهر المثل)ی ئەگەر میردەکەی

نەچووبوە لای ، چونکە ئەو مارە براوە شیرەخورەیە بووە بەهۆی هەڵوەشانەوەی نیکاحی ژنەگەورەکە لە میردەکەی • وە لەمصوورەتەدا کابرا هیچی ناکەویتە سەر ژنەگەورەکەی چونکە لەکاتیکا کە مارە براوە شیرەخورەکە دەمی ناوە بە مەمکیەوە ، ئەو نووستوو بووەو ئاگای لە خۆی نەبوەو منالەکە خوی چووە دەمی ناوە بە مەمکیەوە •

ئەگەر کەسیك ژنیکی گەورەو مارە براویکی شیرەخورەی هەبوو ، وە دایکی ژنە گەورەکە شیری دا بە مارە براوە بچووکەکە ، ئەوە نیکاحی هەردوو ژنەکەی هەڵئەوەشیتەوە چونکە بوون بە خوشك لەژیر نیکاحی یەككەسدا • بەلام کابرا بویهەیە ئارەزووی لە کامیان هەبی مارەی بکاتەوە • جا ئەگەر پیشان نەچووبوە لای ژنە گەورەکەی ، ئەوە پیویستە کابرا نیوەی مارەیی هەردوکیان بدا پییانو بیبژیریتەوە بەوژنە کە شیرەکەی داوە • وە ئەگەر چووبوە لای ، ئەوە گەورەکەیان عەینی مارەییەکەی خوی ئەکەوی ئەگەر مارەبرینەکەی دروستو دامەزراو بووبی ، وە (مهر المثل)ی ئەکەوی ئەگەر دروستو دامەزراو نەبووبی • وە لە هەردو صوورەتەکەدا تەواوی (مهر المثل)ی ئەم ژنە ئەبژیری بە دایکەکەی کە بووە بەهوی هەڵوەشانەوەی نیکاحەکە •

ئەگەر کچی ژنە گەورەی کابرا شیریدا بە مارە براوە شیرەخورەکەی ، ئەوە هەردوکیان بو هەمیشە حەرام ئەبن ، چونکە ژنە گەورەکە ئەبی بە نەنکی مارە براوە شیرەخورەکەو ئەمیش بووە بە کچەزای ئەو •

ئەگەر کەسیك مارە براویکی بچووکی کەمتر لە دوو سالانی تەلاقدا ، وە ژنیك شیری پیدا ، ئەوە ئەو ژنە بو هەمیشە حەرام ئەبی لەم کابرا چونکە بووە بە خەسووی • هەروەها ئەگەر ژنیکی تەلاقدراو مارە برا لە منالیکی بچووكو شیری دا بەو منالە ، ئەوە بو هەمیشە حەرام

ئەبی لەوپیاوە کە تەلاقی داوە چونکە بووە بە بووکی ، وە حەرامیش ئەبی لەو منالە کە لی‌ی مارە براوە ، واتە لە میردە بچکولەکەی ، چونکە پیشان ژنی باوکی بووە ، هەم لەبەرئەوە کە بوویشە بە دایکی چونکە شـــیری داوەتی •

ئەگەر کەسیك ژنیکی گەورەو سی مارە براوی شیرەخورەی لەژیر نیکاحدا بوو ، وە ژنە گەورەکە شیری دا بە مارە براوە بچووکـەکـان ، ئەوە نیکاحی هەر چواریان هەڵئەوەشیتەوەو بو هەمیشەیش لی‌ی حەرام ئەبن ئەگەر شیری میردەکەی پی‌دابن • هەروەها ئەگەر شـــیری میردی پیشووی پیدابن ، بەلام میردەکەی ئیستای چووبیتە لای ، لەبەرئەوە کـە ژنە گەورەکە ئەبی بە خەسوویو ژنە بچووکەکانیش یا ئەبـن بە کچی خوی یا بە کچی ژن (ربیبە)ی[1] • وە ئەگەر شـــیری میردیکی تر بی‌و ئەم میردەی ئیستاشی هیشتا نەچووبیتەلای ، ئەوە ئەگەر دوایی شیرپی‌دانی پینجەم بو هەر سیانیان لەیەك‌کاتا بوو[2] ئەوە نیکاحی هەر ســـــیانیـان هەڵئەوەشیتەوە لەبەرئەوە کە ئەبن بە سی خوشك لە نیکاحی یەك‌کەسدا • بەلام لەوەپاش کابرای میردیان مەیلی لە هەرکامیان هەبوو ئەتوانی مـارەی بکاتەوە • وە ئەگەر بەرودوا شیری پیدان ، ئەوە نیـکاحی یەکەمیـــان هەڵئەوەشیتەوە لەگەل ژنەکەیدا کە نەچوەتە لای ، لەبەرئەوە کە بوون بە دایك‌و کچیك لە نیکاحی یەك‌کەسدا ، وە نیکاحی دووهەمیشـــــیان هەڵئەوەشیتەوە لەوکاتەدا کە ژمارەی شیرپی‌دانی سیهەمەکەیان ئەبی بـە پینج‌جار چونکە ئەبن بە دوو خوشك لە نیکاحی یەك‌کـەســـدا • وە

(١) ئەگەر ژنەکە شیری ئەم کابرایەی پیدابن ، ئەبن بە کچی کابرا خوی • وە ئەگەر شیری کابرای پیشووی پیدابن ئەبن بە کـولـــەوەس (ربیبە)ی •

(٢) وەکو ئەوە کە شیرەکە دادوشرابیتە قاپیك‌و بە کەوچکەچا لـە یەك‌کاتا بیکەن بە دەمی هەر سی منالەکەوە !

هەڵناوەشێتەوە بە شیرخواردنی خوی لەبەرئەوە کە مارەبراوە بچووکە یەکەمەکەیان لە نیکاحی کابرادا نەماوە تا بڵێین دوو خوشکن لە نیکاحی کەسێکدا • کە شیر پێدانی مارە براوی سێهەمیش بوو بە پێنج جار ، نیکاحی ئەمیش هەڵئەوەشێتەوە لەبەرئەوە کە لەگەڵ مارە براوە شیرەخورە دووهەمەکەدا دوو خوشکن لە نیکاحی پیاوێکدا •

بەشی سێهەم : ئەو ژنانەیە کە بەهوی ژن و ژنخوازی (مصاهره)وە حەرام بوون • ئەمانەش چەند تاقمن • یەکەم : مارە براوی باوکو باپیرەو بەرەوژووورترە بە مارە برینێکی دروستو دامەزراو ، جا باوکو باپیری نەسەب بن یا هی شیری بن ، وە ، چووبنە لای مارە براوەکەیان یا نەچووبنە لای • دووهەم : مارەبراوی کورو کورەزاو بەرەوخوارترە بە مارە برینێکی دروستو دامەزراو جا کورو کورەزای نەسەب بن یا هی شیری بن ، وە چووبنە لای مارە براوەکەیان یا نە •

سێهەم : دایکو دایکی دایکو بەرەوژوورتری مارە براوەکەیە بە مارەبرینێکی دروستو دامەزراو ، خوای دایکی نەسەب بێ یا دایکی شیر ، وە کابرا چووبێتە لای مارە براوەکەی یا نە • چوارەم کچو کچی کچو کچی کورو بەرەوخوارتری مارە براوەکەیە بە نیکاحێکی دروستو دامەزراو ، جا کچی نەسەبی بێ یا کچی شیری ، بەوشەرتە کە چووبێتە لای لەپێشەوە یا لەپاشەوە ، یاخود ئاوی بەحورمەتی تووی هەڵگرتبێ لەبەرەوە یا لەدواوە ، بەوشەرتە کە باوەری وابووبێ حەلالە • ئەگینا بە تەنیا مارەکردنەکە کچی مارە براوەکەی لێ حەرام نابێ ، وە ئەتوانێ بەر لە چوونە لای مارە براوەکە تەلاقی بداو کچەکەی مارە بکا •

بەشی چوارەم : ژنێکە کە چووبنە لای بەهوی نیکاحەوە یا بە شوبهە یا بەهوی مولکیەتەوە • ئەم ژنە حەرام ئەبێ لە هەندێ کەس بەپێی ئەو تەفصیلەی لەمەولا دێت :

هەرکەس بڕواتە لای ژنیکی زیندوو بەهوی نیکاحیکی دامەزراو یا دانەمەزراوەوە ، یا بەهوی مولکیەتەوە ، وە لەبەرەوە یا لەدواوە ، ئەوە ئەو ژنە بو هەمیشە حەرام ئەبی لەسەر باوكو باپیری کابرا هەرچەند بەرەوژوور بڕوا ، وە لەسەر کوڕو کوڕەزای هەرچەند بەرەوخوار بڕوا •• دایكو نەنكو کچو کچەزای ئەو ژنەو کچی کوڕیشی حەرام ئەبن لەو کابرا خواە لەوکاتەدا بن یا لەوەپاش پەیدا بن • مەسەلا بەمجورە کە ئەوژنە شوو بکا بە کەسیکیترو کچیکی لی ببی یاخود کوڕیکی لەمکابرا ببی کە تازە شووی پیکردووەو ئەمکوڕەش کچیکی ببی ، ئەمانە هەموو حەرام ئەبن لە میردە پیشووەکەی ، هەرچەند لەموەختەدا لە عورفا بە کچی ئەم ژنە لە میردە دواییەکەی نالین (ربیبة)ی میردە پیشووەکەیەتی ، بەلام هەر بەهوی ئەوەوە کە میردە پیشووەکەی چووەتەلای ، نەتەوەی ئەم ژنەی لی حەرام ئەبی •

لەم مەسئەلانەدا هەروەکو حەرامیەتیی نیکاح ثابت ئەبی مەحرەمیەتیش ثابت ئەبی • کەواتە ئەوژنە دەس‌نویژی باوكو باپیرو کوڕو کوڕەزای کابرا ناشکینیو تەماشا کردنو خەلوەتکردن لەنیوانیانا حەلالە • هەروەها کچی ژنەکە دەس‌نویژی کابرا ناشکینیو تەماشاکردنو بەتەنیا لەگەل دانیشتن لەناویانا دروستە وەکو لەگەل کچی خویا •

ئەگەر کەسیك بە شوبهە چووە لای ئافرەتیك ، یەعنی شوبهەکە لای کابراوە بی ، خواەژنەکەیش شوبهەی ببی یا نە ، ئەوە دایكو نەنکی ئەوژنە تا بەرەوژوور بڕوا ، وە کچو کچەزای تا بەرەوخوار بڕوا ، حەرام ئەبن لەسەر ئەم کابرایە • وە ئەو ژنە حەرام ئەبی لە باوكو باپیری ئەو کابرا هەرچەند بەرەوژوور بڕون ، وە لە کوڕو کوڕەزای هەرچەند بەرەوخوار بڕون • بەلام ئەوەندە هەیە لەممەسئەلەیەدا تەنها حەرامیەتی نیکاح ثابت ئەبی ، ئیتر مەحرەمیەت ثابت نابی • کەواتە بە تەنها دانیشتنو

تەماشاکردن لەنیوانیانا حەرامەو دەس‌نویژی یەکتر ئەشکینن •

(بزانن) هەروەکو چوونەلای ئافرەتیك بە شوبهە لە ئەساسا ئەبی بەهوی حەرام‌بوونی نیکاحی ژنی بیگانە ، هەروەها ئەگەر ئەو چوونەلایە بەسەر نیکاحیشا بێت نیکاحەکە بەتال ئەکاتەوەو ژنەکە حەرام ئەبیت لەوکابرایە بو هەمیشە بەپێی ئەم تەفصیلەی خوارەوە •

مەسەلا ئەگەر کەسیك بەشوبهە چووە لای ژنی کوری خوی ، ئەوە ئەو ژنە حەرام ئەبی لە کورەکە خواه وەختی خوی ئەوژنە نامەحرەم بووبی بو ئەم کابرایە یاخود مەحرەمی بووبی مەسەلا خوشکەزای یا برازای خوی بووبی‌و مارەی کردبی بو کورەکەی •

وە ئەگەر کوریك بڕواتە لای ژنی باوکی خوی ، ئەوە ئەو ژنە حەرام ئەبی لەسەر باوکی ، خواه ژنەکە دایکی کورەکە بووبی یاخود باوەژنی بووبی • وە ئەگەر بڕواتە لای خەسووی خوی ژنەکەی لی حەرام ئەبی •هەروەها ئەگەر بڕواتە لای‌کچی ژنی،ژنەکەی لی حەرام ئەبی، خواه ئەوکچە لەخوی بی یا کچی ژنەکەی بی لە میردیکی‌تری • هەروەها ئەگەر بچیتە لای کچی کوری ژنەکەی هەر ژنەکەی لی حەرام ئەبی •.

(بزانن) شوبهە سی جورە • شوبهەی ئیشکەر (فاعل) هەیە وەکو ئەوە ئینسان بچیتە لای ژنیکی بیگانە لەحالیکا کە بە ژنی خوی بزانی •• وە شوبهەی ریگا (طریق) کە لەسەر جیاوازیی مەذهەبەکان پەیدا ئەبی وەکو چوونە لای مارەبراویك کە لەسەر فەرموودەی هەندی لە ئیمامەکان مارەبرینەکەی دامەزرابی‌و لەسەر فەرموودەی هەندیکیان دانەمەزرابی وەك مارەبرین بە بی وەلی ئەمر کە بە فەرموودەی ئیمامی اعظم دروستە ، یا بە بی‌شاهید کە بە فەرموودەی ئیمامی مالك دروستە • هەروەها هەر مارەبرینیکی‌تر کە تەنها لەسەر فەرموودەی هەندی لە ئیمامەکان دروست بی • وە شوبهەی جیگا (محلّ) کە ئەوەتە هاوبەشیك

بڕواتە لای جاریەك کە مولکی هەردوو هاوبەشەکە بی ، یاخـود بـاوك بڕواتە لای جاریەی کوڕی خوی • لە هەموو ئەم بەشانەدا حوکمەکـانی چوونەلای بە شوبهە (وطء بالشبهة) جاری ئەبی •

(بیداری) چوونە لای ئافرەتیك بە زینا هیچ ئەثەریکی نیکاحی لی پەیدا نابی • وە (مباشرة) یەعنی خو تیکەلکردن لەگـەل ئافرەت بـە ئارەزووەوە ، مادام چوونەلای لەگەل نەبی نابی بەهوی حەرامبوون یـان پەیدابوونی ئەو ئەثەرانەی لەمەوپیش باسمان کردن ، هەرچەند کـابـرا ئاویشی بیتەوە بەهوی ماچ کردنی ئافرەتەکە یا نووساندنی بەخویدا یـا بەهوی دەست لەملکردنیەوە ، یا بە هەر جوریکیتر •

بەشی پینجەم : ئەو ئافرەتانەن کە بەهوی (لعان) لەعنەتکردنەوە لە میردەکانیان جیا ئەبنەوە • ئەوانە بەقەطعی دروست نییە بو کـونـە میردەکانیان جاریکیتر مارەیان بکەنەوە •

بەشی شەشەم : غەیری جوولەکەو گاورە لەناو ژنانی کافردا ، خوای لەوانەبی کە هاوبەش بو خوا دابنی وەکو ئاگرپەرستو بتپەرست، یا هەر باوەری بە خوا نەبی، یا لە ئەهلی کتیبو ئایینیکون بی وەك ئەوانەی کە ئیددیعای ئەوە ئەکەنکە لەسەر دینیحەزرەتی ابراهیمن، یاوەکو(صابئە)کە خویان ئەدەنە پال (صابیء) کە گوایە مامی حەزرەتی نوح بووە ، نـەك ئەو صابئییانە کە گاوڕن • هەروایە ژنی کە خوی بداتە پال (زبور)و لەسەر دەستووری (زبور) بجوولیتەوە ، یاخود باوکی (کتـابی) بیو دایکی بتپەرست بی یا بەپیچەوانەوە • یاخود لە دینی عیسایی لایدابیو بووبی بە جوولەکە یا بەپیچەوانەوە ، یاخود لە ئایینی ئیسلام پاشـــگەز بووبیتەوە • ئەمانە نیکاحیان بە هیچجوری دروست نییە تـا موســولمان ئـەبن •

بەلی ژنە جوولەکەو ژنە گاور مارەبرینیان دروستە بەوشەرتانـەی لەوەپیش باسمان کردن • هەروەها مارەبرینی ژنە (سامری) دروستە کە بەشیکن لە جوولەکە ئەگەر بە خیلافی دینی جوولەکە رەفتار نەکەن ، وە ژنە (صابئی) ئەگەر بەخیلافی دینی مەسیحی رەفتار نەکەن • ئـەگینـا مارەکردنی ئەمانیش وەکو کافرەکانی‌تر حەرامە •

ئەگەر ژنیکی موسولمان پاشگەز بوەوە ، ئەوە ئەگەر بەر لەوە بـوو کە میردەکەی بچیتەلای ، دەس‌بەجی نیکاحەکەی بەتـال ئەبیتەوە • وە ئەگەر پاش چوونەلای بوو رائەوەستین‌و تەماشا ئەکەین ، ئەگەر لە ماوەی (عدّة) کەیدا هاتەوە بو سەر ئایینی ئیسلام ئەوە دەرئـەکـەوی کـە نیکاحەکەی ماوە ، ئەگینا دەرئەکەوی کە هەر لەکاتی پاشگەز بوونەوەیەوە نیکاحەکەی هەلوەشاوەتەوە •

هەروەها ئەگەر موسولمانیك ژنە جوولەکەیەکی هینا کە ئەویش لای دابوو لە دینی عیسا ، یاخود ژنە گاوریکی مارە کرد کە لای‌دابوو لـە دینی جوولەکە ، ئەوەش حوکمی ژنە موسولمانیکی هەیە کە پاشـــگەز بوویبیتەوە لە ئایینی ئیسلام • یەعنی ئەگەر بەر لە چوونەلای لای‌دا لـە دینی پیشووی ئەوە دەس‌بەجی نیکاحەکەی بەتال ئەبیتەوە ، ئەگینا ئەگەر لە ماوەی (عدّة)دا موسولمان بوو ئەوە باشە ، ئەگینا لەوکاتەوە کە لـە دینی خوی لای‌داوە نیکاحەکەی هەلوەشاوەتەوە ، وە بەقەطعی دروست نی‌یە بو ئەم ژنە کە بگەریتەوە سەر ئایینە پیشووەکەی ، بەلکو ئـەگـەر بی‌یەوی نیکاحەکەی هەل‌نەوەشیتەوە ئەبی موسولمان ببی •

جا ئەگەر کەسیك ژنیکی جوولـەکـە یا گـاوری مارە کـردو شەرتەکانی تیا هاتەدی ، ئەوە ئەو ژنە کیتابی‌یە وەك موسولمان وایـە لـە نەفەقەو لە دابەش‌کردنی شەوەکانا بەسەر ئەم ژنەو ژنەکانی‌تریا ، وە لـە تەلاقدا لەبارەی (سنّی)و (بدعی)یەوە • بەلام میرات نابا لە میردەکەی‌و

میردەکەیشی میرات نابا لەم • هەروەها میردەکەی ئەتوانی زوری لی بکا بوئەوەی لەپاش لەش پیس‌بوون خوی بشوا هەرچەند کە کافر نی‌یەت هینانی بو نی‌یە ، وە لەکاتی پاکەوە بووندا لە حەیزو لە زەیستانی • هەروەها ئەتوانی زوری لی‌بکا بو شورینی هەر شوینیکی یا هەر جلیکی کە پیس بووبی ، وە لەسەر شوردنی قاپو قاچاخی ، وە ئەتوانی بە زور دەسی پی‌هەل‌بگری لە خواردنی گوشتی بەرازو خواردنەوەی شەراپو عەرەق ، وە لە هەر شتیکی‌تری حەرام ، بوئەوەی بەتەواوی لەزەتی لی‌وەربگری •

بەشی حەوتەم : ژنیکە بەهوی تیکەلی‌یەوە لەگەل مەحرەمدا حەرام ئەبی • مەسەلا کەسیك خوشکی یا دایکی یا مەحرەمیکی‌تری تیکەل بپی بە کومەلە ژنیکی ژمیراوەوەو مەحرەمەکەی خوی نەناسیتەوە ، ئەوە بەقەطعی حەرامە هیچ‌کام لەو کومەلە ژنە مارە بکا ، وە ئەگەر مارەی کرد دانامەزری • بەلام ئەگەر تیکەلی کومەلە ژنیکی لە ژمارە نەهاتوو بووبوو وەك ئەهلی شاریك ئەوە دروستە لەو ژنانە مارە بکا •

بەلی چەند بەشە ئافرەتیکی‌تر هەن مارەکردنیان حەرامە ، بەلام حەرامی‌یەکە بو ماوەیەکی تایبەتی‌یە • یەکەم : ئەو ژنانە کە پیاو بی‌یەوی لەگەل مەحرەمی خویاناکویان بکاتەوە لە نیکاحدا وەکو دوو خوشك ، وە ژنو پووری • قاعیدەی زانینی ئەم جورە حەرامی‌یە ئەوەتە هەردوو ئافرەتیك کە خزمایەتی‌یەکی‌وایان لەبەینابی بە نەسەب یا بە شیر کە ئەگەر فەرز بکەین یەکیکیان پیاوە ، نیکاح حەرام ببی لەنیوانیانا ، ئەوە کوکردنەوەیان پیکەوە حەرامە لە نیکاحی یەك‌کەسدا • جا ئەگەر لە عەقدیکا دوو ئافرەتی‌وای کوکردەوە ، ئەوە نیکاحی هەردووکیان بەتالە • وە ئەگەر بەرودوا هاوردینی ئەوە نیکاحی پیشووەکەیان دامەزراوەو هی دووهەمیان بەتالە • هەروەها ئەگەر

پیشووەکەیان تەلاقی کەوت بە تەلاقی (رجعي) کــە ئـەتـوانی بە بی مارەکردنەوە بیگیریتەوە بوژیر نیکاحی خوی ، چونکە ژنیك کە تـەلاقی (رجعي)ی کەوتبی لە حوکمی ژندایە بو میردەکەی • بەلی ئەگەر تەلاقی بەشیوەی (بائنە) کەوتبوو یاخود فەســـخی نیکاحی کرابووەوە ، ئـەوە دروستە دووهەمەکەی بەسەرا بهینری ، هەرچەند هیشتا (عدە)ی ژنـە تەلاق‌دراوە (بائنە)کە یا ژنە نیکاح هەلوەشینراوەکە تەواو نەبووبی •

جا بەوقسەیە کە وتمان « بە نەسەب یا بە شیر » ئەوە دەرچوو کە ئافرەت کو بکریتەوە لەگەل کونە خەسوویا یەعنی لەگەل دایکی میردی پیشوویدا ، یا لەگەل کونە بووکیا یەعنی لەگەل ژنی پیشووی کوریـا ، یا کوبکریتەوە لەگەل رەبیبەی ئەو پیاوەدا کە لە غەیری دایکی کچەکەی بی ، یا کوبکریتەوە لەگەل رەبیبەی میردەکەیا لە ژنیکی‌تری ، یا خوشکی دایکی‌ی کەسیك کوبکریتەوە لەگەل خوشکی باوکی‌ی ئەوکەسەدا •

وە بەوقسەیە کە وتمان ئەگەر یەکیکیان فەرز بکەین بە پیاو نیکاح حەرام بی لەنیوانیانا ، ئەوە دەرچوو کە ئافرەتیك کوبکریتەوە لـەگـــەل کچی پووریا خوای پوورەکەی خوشکی باوکی بی یا خوشکی دایکی • ئەمانە کوکردنەوەیان دروستە •

دووەم : مارەکردنی ئافرەتیك کە زیاد بی لەسەر ئەو ژمارەیە کـە بەپی‌ی شەرع مارە کردنی دروستە • پیاوی ئازاد حەقی هەیە چوار ژنی لە یەك‌کاتدا هەبی ، کە کردی بە پینج ئەوە نیکاحی پینجەمیان دانامەزری• جا ئەگەر بە یەك عەقد پینج ژنی هینا ئەوە نیکاحی هەموویان بەتالە • وە ئەگەر بەرودوا بوون ئەوە نیکاحی پینجەمو زیاتر لە پینجەمیان بەتالە • وە هەتا ئەو چوار ژنە لە نیکاحی ئەو کابرایەدا بن دروست نی‌یە ژنی‌تر مارە بکا ، هـەروەهـا ئـەگـەر تەلاقیشـــــیان بدا بـە تەلاقی (رجعي) • بەلام ئەگەر تەلاقی دان بە تەلاقی (بائن) یاخود نیکاحی هەلوەشـایەوە

یا بەهوی لەعنەت کردن (لعان)ەوە ژنەکان لە نیکاحی دەرچوون دروستە هی‌تر مارە بکا هەرچەند (عدّە)ی ئەو ژنە پیشـــووانەشی بەســـەر نەچووبی •

چوارەم : ژنیکە کە لە ئیحرامی حەج یا عەمرەدا بی ، ئەمە نیکاحی دروست نی‌یە تا لی‌ئەبیتەوە •

پینجەم : ژنیکە لە (عدّە)ی کەسیکی‌ترا بی غەیری ئەوکەسـەی کە ئەیەوی مارەی بکا ، خـوای (عـدّە)ی تـەلاق یـا (عـدّە)ی هەلوەشاندنەوەی نیکاح • ئەوە تا (عدّە)کەی تـەواو ئـەبی نیـکاحی دروست نی‌یە • شەشەم : ژنیکە کابرای میردی هەر سی تەلاقەی دابی • ئەمە نیکاح ناکریتەوە لەو میردەی تا جاش (تحلیل) نەکریتەوە ، یەعنی تا شوونەکا بە میردیکی‌تر و ئەویش جیا ببیتەوە لی‌ی بەهـوی تـەلاق یـا هەلوەشاندنەوەی نیکاح یا مردنیەوە •

لەم تەحلیل‌کردنەدا چەند مەرجیك پیویستە • یـەکەم : ئـەوەیـە نیکاحەکە دروست‌و راست بی ، ئەگینا نیکاحی دانەمەزراو ژنی پی حەلال نابی ، هەرچەندیش کابرا بچیتەلای • دووەم : ئەوەیە میردەکە لـــە تەمەنیکا بی کە بەتەبیعەت ئارەزووی ژن بکا • سیهەم : ئەوەیە ئەو میردە برواتە لای ژنەکەو ئیشی لەگەل‌دا بکا • چوارەم : ئەوەیە کە لەم‌میردە جیا ببیتەوە بە مردن یا بە تەلاق یا بە هەلوەشاندنەوەی نیکاح • پینجەم : ئەوەیە (عدّە)ی ئەو جیابوونەوەیش بەسەربچی • جا ئەگـەر ئـەم مـەرجانە هاتنەجی دروستە میردە پیشووەکەی مارەی بکاتەوە • وە قەیـدی نی‌یـە ئەگەر کابرای میردی دووهەم لە وەختی نووستنی ژنەکەدا برواتە لای یا لە حەیزا یا لە زەیسانی‌یا یا لەکاتی روژوودا یا لە (عدّە)ی شـوبهەدا ، بەم‌رەنگە پاش ئەوە کە مارە کرا لەم کابرایەی دووهەمە کـە پی‌ی‌ئەلین (محلل) کەسیکی‌تر بە شوبهە برواتە لای‌و محللەکەیش لەو (عدّە)ی

شوبهەیەدا بە حەرامی بڕواتە لای ، یاخود کە چووە لای شتێك بپێچێ بە ذەکەریەوە یاخود ئاوی نەیەتەوە ، یاخود ژنەکە (بێ بن) بێ و بەکارەتی لانەچێ !• لە (تحفه)دا فەرموویەتی بە هەموو ئەم وەزعانە تەحلیلەکە تەواو ئەبێ •

جا ئەگەر بە ڕێکەوت ژنەکە شووی کرد بە کەسێك ، وە لەپاش گواستنەوەی کابراکە مرد یاخود تەلاقی‌دا ئەوە باشە • وە ئەگەر کەسێکیان دۆزی‌یەوە بۆی مارە بکەن ، وە لەپاش چوونەلای تەلاقی بدا ، ئەوە ئەگەر بە بێ‌ناوبردنی هیچ‌جۆرە مەرجێك ژنەکەی بۆ مارە کرا ئەوە باشە • وە ئەگەر لەناو عەقدەکەدا شەرتیان کرد هەر کە چووە لای تەلاقی بدا یا تەلاقی بکەوێ یا نیکاحی نەمێنێ یا (بائنه) ببێتەوە ، ئەوە ئەو نیکاحە بەتاڵە ، وە بەم نیکاحە حەلال نابێتەوە بۆ مێردە پێشووەکەی • وە ئەگەر لە عەقدەکەدا شەرتەکە نەکرا بەلام لەپێشا کابرا حالی کرابوو لە ئیشەکە وە لەناو عەقدەکەدا لەدلا هەبوو ، ئەوە بە ظاهیری شەرع دروستە ، بەلام کەراهەتی هەیە •

ئەگەر ئەو ژنە کە سێ تەلاقەی کەوتووە ، لەپاش ماوەیەك کە بەشی ئەوەی ئەکرد شوویەکی تیا بکاو تەلاق بدرێ‌و (عدّە)ی بەسەربچێ ، هاتەوە ، وە ئیدیعای کرد کەوا تەحلیل‌کراوەو مێردە پێشووەکەی باوەڕی پێ کرد ، ئەوە بە بێ‌سوێن قسەکەی قوبوول ئەکرێ• هەتا وەکو ئەگەر ڕاستی‌ی قسەی ژنەکەشی نەئەچوە دلەوە هەر دروستە مارەی بکاتەوە لەبەرئەوە کە لە عەقدا قسەی خاوەنەکەی حیسابە ، وە لەم‌مەسئەلەیەدا ئەو ژنە خاوەنی عەقدەکە بووە • بەلێ لەم‌کاتەدا کەراهەتی هەیە مێردی پێشوو مارەی بکاتەوە تا تەحلیلەکەی بەتەواوی بۆ ساغ نەبێتەوە •

وە ئەگەر کابرای مارەکەر (محلل) وتی تەلاقم نەداوە ئەوە باوەڕ

بە قسەکەی ئەکری مادەم میردی پیشوو نەزانی کە درو ئەکا • ئەگەر کابرای مارەکەر وتی نەچوومەتە لای‌و ژنەکەیش وتی هاتوەتەلام ، ئەوە ئەگەر میردی پیشوو باوەری بە قسەی ژنەکە ئەکرد دروستە مارەی بکاتەوە ، هەرچەند وەلی‌ی ژنەکە بەتەنها یا شاهیدەکانی عەقدەکە بەتەنها لەسەر قسەی کابرای مارەکەر بن • بەلی ئەگەر شاهیدەکان لەگەل وەلی‌ئەمری ژنەکە هەموو لەسەر قسەی کابرای مارەکەر بن ، ئەوە باوەر بە قسەی ژنەکە ناکری •

وە ئەگەر میردە پیشووەکە خوی ژنەکەی بەدرودا خستەوەو وتی حاشا مارە نەکراوی لەکەس ئەوە بوی دروست نی‌یە بوی مارەی بکاتەوە مادەم پەشیمان نەبیتەوە لە بەدرودا خستنەوەکەی • جا ئەگەر پەشیمان بوەوەو وتی لام مەعلووم بوو کە راست ئەکا ئەوە دروستە مارەی بکاتەوە •

وە ئەگەر ژنەکە پی‌ی‌لی‌نا کەوا شووی کردووە بە کابرایەکی تازە ، کەچی لەدواییدا پەشیمان بوەوە ، ئەوە ئەگەر لەپیش مارەکردنەوەدا بی لە میردە پیشووەکەی ، یا لەپاش مارەکردن‌و پیش چوونەلای‌دابی قسەکەی قوبوول ئەکری • وە ئەگەر لەپاش مارەکردن‌و چوونەلای‌دا بی قیمەتی نی‌یە ، چونکە ئەصل لە عەقددا دامەزرانیەتی ، وە پاش ئەوەش کە ژن مارە کرایەوە لە میردی پیشووی عەقدەکە تیک‌ناچی بە قسەی ئەو ژنە •

باسی ئەوانەی کە بەشوودانی ژنیان بەدەستە (ولیّ)

لەناو ئەوانەدا کە حەقی بەشوودان‌و مارەبرینی ئافرەتیان بەدەستە ، باوك لەپیش هەموویانەوەیە ، ئەمجا باپیرە ، ئەمجا برای باوکی‌و دایکی ،

ئەمجا برای باوکی ، ئەمجا کوری برای باوکیو دایکی ، ئەمجا کوری برای باوکی ، هەرچەند دووریش بکەونەوە ، ئەمجا مامی باوکیو دایکی، ئەمجا مامی باوکی ، ئەمجا کوری مامی باوکیو دایکی ، ئەمجا کوری مامی باوکی • هەروەها ئەم حەقە ئەگا بە مامی باوکی ژنەکەو ئەولادی ئەوو مامی باپیرەیو ئەولادی ئەویش •• لەم ریزەوە کە باسمان کرد دەرکەوت برای دایکیو مامی دایکی حەقی بەشوودانو مارەبرینی ئافرەتیان نییە •

بەلی عەلاقەی دایك بە ئافرەتەوە ئەبی بەهوی پیشکەوتنی هەندی کەس لەسەر هەندی کەسیتر • کەواتە ئەگەر ژنیك دوو ئاموزای هەبوو ، وە یەکیکیان برای دایکییشی بوو ئەوە ئەمەیان پیشئەکەوی ، خواه ئەو دوو ئاموزایە وەکو یەك بن یەعنی هەردوکیان کوری مامی باوکیو دایکی یا کوری مامی باوکی بن ، یاخود یەکیکیان بەهیزترو بیهیزەکەیان عەلاقە دایکییەکەی هەبی• کەواتە ئەگەر ئافرەتیك ئاموزایەکی باوکیو دایکیی هەبوو لەگەل ئاموزایەکی باوکیدا ، وە ئاموزا باوکییەکەی لە هەمان کاتا برای دایکییشی بوو ، ئەوە ئەمەیان پیشئەکەوی لەسەر ئەوی پیشوویان، چونکە ئەمیان لەلایەن دایکەوە برایەتیو لەبەرئەوە پەیوەندی زورترە لەگەلی •

بەلام ئەگەر ژنیك دوو ئاموزازای هەبوو ، وە یەکیکیان کوری خوی بوو ، مەسەلا ئەو ژنە شووی کردبوو بە ئاموزای خوی و کوریکی لی بووبوو ، وە ئەویتریان برای دایکیی بوو ، ئەوە ئەو ئاموزازایەیان پیشئەکەوی کە کوری خویەتی لەسەر ئەویان کە برای دایکییەتی ، چونکە کور عەصەبەیە نەوەك برای دایکی •

لەناو ئەم وەلیئەمرانەدا کە باسمان کردن کەسیان حەقی مەجبوورکردنی ژنی نییە بو شووکردن بە کەسیکی تایبەتی تەنها باوكو

باپیره نەبی ، ئەویش بەومەرجە کە شەرتەکانی دروستیی مەجبوور کردن هاتبنەدی ، وە کەسیان ویلایەتی میردو ژنی پیکەوە پی‌ناکری تەنها باپیره نەبی •

هەروەها دەرکەوت لەوتەرتیبەوە کە لەوەپیش باسمان‌کرد ، ئەمە کەوا کوری ژن حەقی ویلایەتی نی‌یە بەوصیفەتە کە کوری ژنەکەیە • بەلی ئەگەر وەکو کوریەتی ئاموزازایشی بی یاخود قاضی بی ، ئەوە ئەتوانی بە صیفەتی ئاموزایەتی یا قاضی‌یەتی دایکی خوی مارە ببری لە کابرایەك •

جا ئەگەر وەلی‌ئەمری ژن بەهوی نزیکی (نسب)ەوە دەس‌نەکەوت، ئەوجار حەقی ئەوانەیە کە ئەهلی ئازادکردنن ، یەعنی ئەگەر ئافرەتەکە بەندەی ئازادکراو بوو ، ئەوە ئازادکەرەکەی حەقی هەیە بیدا بە شوو • ئەوەش بزانین کە ئەم حەقە بە نیسبەت ئازادکەرو ئازادکراوەوە بە میرات ئەروا وەکو لەنەسەبدا • وە ئەگەر ئافرەتەکە بەندەی ئازادکراویش نەبوو ، حەقی بەشوودانی هی حوکمرانی موسولمانانە لەوشوینەدا •

باسی ویلایەتی قاضی بەدریژی

قاضی‌ی شەرع لە چەند شوینیکا ئافرەت ئەدا بە شوو • یەکەم : لەشوینیکا کە ئافرەتەکە کەسیکی نەبی وەلی‌ئەمری بی بە نەسەب • دووهەم : لەشوینیکا کە وەلی ئەمری ببی بە نەسەب ، بەلام شتیك ببی بەهوی ئەوە کە ئەو وەلی‌ئەمرە واجبی خوی پی نەبینری • مەسەلا مندال بی یا شیت بی یا فاسق بی یا نەفام بی ، وە لەویش بەولاوە وەلی‌ئەمریکی‌تری دووری بە نەسەب نەبی • ئەگینا لەصوورەتیکا کە برای ژنەکە مندال بی ، ئەگەر مامی هەبی ئەو عەقدی نیکاحەکە ئەکا نەك قاضی •

سێیهەم : لەکاتێکا کە وەلی‌ئەمری نەسەب بێ‌سەروشوێن رویشتبێ ، ئەوە هەتا ماوەیەکی‌وا تێ‌ئەپەری کە قاضی بتوانی حوکم بکا بە مردنی ، هەر قاضی کچی ئەوکەسە مارە ئەکا . جا پاش ئەوە کە قاضی حوکمی‌کرد بە مردنی ، ئەگەر وەلی‌ئەمری دووری هەبوو ئەوە ئەو مارەی ئەکا ، ئەگینا ویلایەتەکە ئەگەرێتەوە بو قاضی . چوارەم : لەکاتێکا کە وەلی ئەمری نەسەب ئیحرامی دابەستبێ بو حەج یا بو عەمرە، خواه ئیحرامەکەی دروست بێ یا بەتال بێ .

پێنجەم : لەکاتی (عضل)دا یەعنی لەکاتێکا کە کچێکی بالغەی عاقلە داوا بکا لە وەلی ئەمرەکەی کە مارەی بکا لە کەسێکی هاوکووفی خوی ، وە ئەویش بە بێ‌بیانوویەکی شەرعی مارەی نەکا لەوکەسەو هاوکووفیکی‌تری خوی نەبێ بیداتێ ، ئەوە ئەگەر ئەم بەشوونەدانە جارێك یا دوو جار بێ قاضی ئەتوانی کچەکە مارە بکا لەو هاوکووفەی ، چونکە وەلی‌یەکە بەم یەك دووجارە فاسق نابێ‌و لەسەر ویلایەتی خوی ئەمێنیتەوەو قاضی ئەبێ بە جێ‌نشینی . بەلام ئەگەر رێ‌لی‌گرتنەکەی بوو بە سێ جار یا زیاتر ئەوە بەوە فاسق ئەبێ‌و ویلایەتەکەی ئەروا بو وەلی ئەمری دوور . بەلی ئەوەندە پێویستە ئەو رێ‌لی‌گرتنە ئیسبات ببێ لای قاضی ، یەعنی یا خوی ببینی یا بە دوو شاهید ئیسبات ببێ ، ئەگینا ئەم وەلی‌ئەمرە دوورە لەخویەوە ناتوانی کچی کابرا بدا بە شوو .

شەشەم : بەهوی دیار نەبوونی وەلی‌یەوە ، واتە ئەوەندە دوور بێ لەو شوێنەوە کە ئەگەر بوی بروی ، بوت هەبێ لەرێگەدا نوێژ کورت کەیتەوە کە ئەکاتە دوو مەنزل یا زیاتر . ئەگەر دووری‌یەکەی لەم مەسافەیە کەمتر بوو قاضی ناتوانی بە بێ ئیذنی ئەو ژنەکەی مارە ببری . ئەگەر کچێك هاتە لای قاضی‌و وتی باوکم دوو مەنزل رێگا دوورە لێرەوە، دروستە بو قاضی مارەی ببری ، بەلام سوننەتە داوای شاهیدی لێ بکا بو

ئیسباتی کردنی دیار نەبوونی باوکی • جا ئەگەر پاشان باوکی هاتەوەو ئیددیعای کرد کەوا بەر لەوە قاضی کچەکەی بدا بە شوو ، ئەو خوی مارەی بریوە لە کەسیکی‌تر ، ئەوە ئەگەر بە شاهید ئەوەی ئیسبات کرد ، ئەو عەقدەی کە قاضی کردوویەتی هەل‌ئەوەشیتەوە ، ئەگینا بە دروست دائەنری‌و بە قسەی ئەو باوکی کچە تیك‌ناچی •

حەوتەم : کاتیکە کە وەلی‌ئەمری ئافرەتەکە حەپس بی‌و مەیدانی وەکیل گرتنی نەبی • هەشتەم : کاتیکە کە وەلی‌ئەمرەکە لەترسانا خوی شاردبیتەوەو نەویری دەرکەوی • نوهەم : کاتیکە کە وەلی‌ئەمرەکە خوی بە زل بزانی‌و ریگای بەشوودانی ئافرەتەکە نەدا • دەهەم : کاتیکە کە وەلی ئەمری ئافرەتەکە بی‌یەوی مارەی بکا بو خوی یا بو کوریکی مندالی، وە وەلی‌ئەمریکی‌تری هاوپایەی خوی نەبی عەقدی بکا بوی • یانزەهەم : کاتیکە باپیرە بی‌یەوی ئافرەتەکە مارە بکا لە کورەزای خوی ، وە مەجالی زورکردنیشی نەبی لی‌ی تا بەتەنیا خوی (ایجاب)و (قبول)ەکە جی‌بەجی بکا ، لەبەرئەوە کە ئافرەتەکە نابالغو بیوەژن بی ، مەسەلا ، ئەوە لەم‌حالەدا واجبە قاضی ایجابی عەقدەکە بکاو وەلی‌یەکەی قوبوولی بکا •

دوانزەهەم : کاتیکە کە ئافرەتەکە بالغ بووبی‌و شیت بی‌و باوكو باپیرەی نەبی ، ئەوە قاضی ئەتوانی لەبەر پاراستنی مەسلەحەتی ژنەکە مارەی ببری لە کەسیك ، بەلام ئەبی موراجەعەی وەلی نەسەبیشی بکا بوئەوە ئەوانیش ریگا بدەن •

ئەگەر ولاتیك قاضی‌ی تیا نەبوو لەبەرئەوە کە لەژیر دەسەلاتی سولتانی موسولمانانا نەبوو ، واجبە لەسەر دەسەلاتداری ئەو ولاتە قاضی‌یەك دابنی بو بەریوەبردنی کاروباری موسولمانان ، وە ئەو قاضی‌یە هەرچەند سولتانی موسولمانان دای‌نەناوە ئەبی بە کاربەدەستی موسولمانانی ئەو ناوچەیە •

له هەرشوێنێکا کە قاضی ژن مارە ببڕی پێویستە چەند شــــەرتێك بێتەدی • یەکەم : ئەوەیە ئەو ژنە دانیشتووی ئەو شوێنە بێ کە حوکمی قاضی‌یەکەی بەسەرا ئەڕوا ، هەرچەند بە ڕێبواری‌یش ڕێی تێ‌کەوتبێ• دووهەم : ئەوەیە ئەوکەسە کە داوای ژنــەکە ئەکـا هـاوکــووفی بێ • سێهەم : ئەوەیە بەکەمتر لە مارەیی هاوچەشنی خوی مارەی نەکا • جـا ئەگەر ئافرەتێکی بێ‌وەلی داوای کرد لە قاضی کە مارەی بکا لە کەسێك کە هاوکووفی نەبێ دروست نی‌یە مارەی بکا وە ئەگەر کردی بەتالــە • بەلام گەلێك لە زانایانی مەذهەبی شافیعی فەرموویانە دروستە •

وە لە حالێکا کە قاضی لەبەرئەوە ژنەکە مارە ببڕی کە وەلی‌ئەمرەکەی دوور بێ لەوشوێنەوە ، دروست نی‌یە مارەی ببڕی لەکەسێك کە هاوکووفی نەبێ ، بەلام گەلێك لە زانایانی شەرع فەرموویانە ئەگەر فاسـقی بـلاو بووبوەوە بە ولاتا ، وە ئافرەتەکەیش هاوکووفی نەبوو ، وە ئـارەزووی نەفسی هەبوو ، ئەوە دروستە قاضی مارەی ببڕی لەکەسێك کە هاوکووفی نەبێ ، بەتایبەتی ئەگەر ترسی فیتنەو فەسادی حالی ژنەکەی ببێ ، یاخـود ژنەکە موحتاج بێ بە مەسرەف بو ژیانی • ئەوەندە هـەیـە لەمجــورە شوێنانەدا ئەبێ قاضی لەناو خەلکە ناهاوکوفـەکـانـدا مارەی ببڕی لــە بـاشتریان • ئەگینا ئەبێ ژنی بێ‌وەلی هەر ماتــل ببێ بەتایبەتی کــە لـە نەسەبێکی شەریف بێ !•

جا ئەگەر قاضی لە مەذهەبی (أصح) نەهاتە خوارەوەو ژنــەکـەی مارە نەبڕی لە ناهاوکووف ، وە لەوولاتەدا قاضی‌یەکی تری‌وا هەبوو کـە بە مەذهەبی ئەو ئەم نیکاحە دروست بوو ، ژنو پیاوەکە بڕون بولای ئەو قاضی‌یە • ئەگەر ئەویش نەبوو ، وە لەوشوێنەدا پیـاوێـکی دادپـەروەر هەبوو ، بیکەن بە حەکەمو ئەویش ژنەکە مارە ببڕی لە کابرا • وە ئەگەر ئەمیش نەبوو ، ئەمجار پێویسـت ئەبێ لەســەر قـاضی‌یەکـە مـارەی بکا

لەوکابرایە بەناچاری وەکو لە (تحفە)دا لە سەرەتای باسی هاوکووفی‌یەوە ئەلی • وە ئەگەر نە وەلی نەسەب هەبوو وە نە قاضی لەو ولاتەدا ، دروستە ژنەکە پیاویکی دادپەروەر بکا بە وەلی ئەمری خوی بوئەوەی مارەی ببری لەوکەسەی کەداوای کردووە •

باسی بە وەلی ئەمر کردن (تولیە)و بە حەکەم کردن (تحکیم)

(تولیە) ئەوەیە کە ئافرەت پیاویکی دادپەروەر بکا بە وەلی ئەمری خوی و دای بنی لە جیگەی باوکی بوئەوەی مارەی ببری لەوکەسەی کە ئەیەوی بیهینی • شەرتی (تولیە) ئەوەیە ئافرەتەکە وەلی ئەمری بە نەسەبی نەبی و ئەو شوینەیش قاضی تیا نەبی • بەلام نەبوونی وەلی دووجورە • نەبوونی (حسّي) کە ئەوەتە هەر بە یەکجاری نەبی ، وە نەبوونی (شرعي) کە ئەوتە وەلی یەکە ببی بەلام ژنەکە مارە نەکا لەو هاوکووفەی کە هاتوە بو خواستنی ، وە هیچ جورە بیانوویەکی شەرعی یشی نەبی ، وە جاریك یا دووجار مەنعی ژنەکە بکا لە شووکردن • لەم صوورەتەدا ئەگەر قاضی نەبوو ئەو ژنە مارە بکا ئەوە ژنەکە ئەتوانی پیاویکی عادل بکا بە وەلی ئەمری خوی • هەروەها نەبوونی قاضی یش لەسەر دووجورە : نەبوونی (حسی) واتە قاضی لە ولاتەکەدا نەبی ، وە نەبوونی (شرعي) کە ئەوەتە قاضی ببی بەلام بە بی خەرج کردنی پارەیەکی زور ژنەکە مارە نەکا لە کابرا • لیرەدا ژنەکە بوی دروستە پیاویکی عادل بکا بە وەلی ئەمری خوی • جا ئەم پیاوە دادپەروەرە وەك باوك ژنەکە مارە ئەکا لە کابراو کابرا قوبوولی نیکاحەکە ئەکا بوخوی •

(تحکیم)یش ئەوەیە ژنەکەو پیاوەکە هەردوکیان شەخصیك بکەن بە حەکەمی خویان بوئەوە عەقدەکە جاری بکا لەبەینیانا ، وە خوی ئیجاب و

قەبووڵەکە تەواو بکا • مەسەلا لە حوضووری دوو شاهیدا بڵیت وا ئەم ژنەم مارە بری لەم پیاوە لەسەر ئەوەندە مارەیی وە قەبووڵی نیکاحی ئەو ژنەیشم کرد لەبۆ ئەم پیاوە لەسەر ئەو مارەیی یە • جا ئەگەر قاضیی ئیجتیهادکەر لە وڵاتەکەدا هەبوو ئەوە شەرتی ئەم حەکەمە ئەوەیە دادپەروەرو ئیجتیهادکەر بێ • وە ئەگەر قاضیی ئیجتیهادکەر لە وڵاتەکەدا نەبوو ، یەعنی وڵاتەکە قاضیی هەر تیا نەبوو یا قاضیی تیا بوو ، بەڵام تەقلیدکەر (مقلد) بوو ، وە بە بێ‌پارەیەکی زور ئەو عەقدەی نەئەکرد ، ئەوە تەنها ئەوەندە بەسە بو حەکەمەکە کە عەدالەتی هەبێ ، وە شەرت نی‌یە خاوەن ئیجتیهاد بێ • بەڵام ئەگەر قاضیی تەقلیدکەر هەبوو ، وە بە بێ پارەیەکی زور عەقدەکەی بو ئەکردن ، ئەوە دروست نی‌یە ئینسانی غەیرە موجتەهید بکری بە حەکەم •

هەروەها شەرتە بو بە حەکەم‌کردن کە وەلی نەسەب نەبێ • کەواتە حەکەم راگرتن دروست نی‌یە لەکاتیکا کە وەلی‌ئەمرەکە دیار نەبێ‌و دوورکەوتبیتەوە • ئەمە ئادابی حەکەم راگرتنە وەکو لە (تحفە)و (شیروانی)دا باس‌کراوە • بەلی ئیمامی (اذرعی)و (ردّاد) فەرموویانە حەکەم راگرتن دروستە لەکاتیکا کە وەلی نەسەب ببێ بەڵام دیار نەبێ‌و دوور کەوتبیتەوە • هەروەها گەلی لە زانایانی وەك (بلقینی) فەرموویانە لەکاتی فیسقی عوموومی‌دا دروستە ئینسانی فاسق بکری بە حەکەم مادەم قاضیی ئیجتیهادکەر لە وڵاتا نەبێ • وە ئەوکەسەی کە بو نەفسی خوی تەقلیدی فەرموودەی ئەم ئیمامانە ئەکا ئەبێ ئاگای لەوە ببێ کە (تلفیق) نەکا ، واتە تەقلید کردنەکەی نەبێ بەهوی ئەوە کە رەفتار بە دوو فەرموودەی دژی یەك پەیدا ببێ •

(بزانن) دروستە قاضی یەکیك بکا بە جی‌نشینی خوی بو بەجی‌هینانی هەندی لەو عەقدانە کە بەخوی ئەکرین بەوشەرتە لە فەرمانی

دانانیا بە قاضی مەنعی نەکرابی لە جی‌نشین دانان ، ئیتر خواە ئیذنی درابی یا باسی نەکرابی ، وە خویشی ئیشی ئەوەندە زور بی فریـــای هـەمووی نەکەوی • جا ئەگەر هاتو قاضی کەسیکی کرد بە جی‌نشینی خوی ئـەوە ئەبی یا بە وتن رووبەروو بیکا بە جی‌نشین، یا ئەگەر ئەو کابرا لەوشوینەدا نەبوو ئەبی دوو شاهید ئەو قسەیەی قاضی‌یەکە بگەیەنن بە جی‌نشینەکە • ئەگەر قاضی بە نووسین بوی بنووسی ، وە بە لەفظو وتن نەیکا بە جی‌نشین ئەوە هەر عەقدیك ئەم جی‌نشینە بیکا بەتالە • بەلی ئەگـــەر لـــەگـــەل نووسینەکەدا کابرا بە وتنیش کردی بە جی‌نشین ، ئەوە لەپاش گەیشتنی نامەکەی هەر عەقدی بکا دائەمەزری • بەلام کابرای جی‌نشـــــین تـا بەئاشکرا نەزانی کە بە وتن کراوە بە جی‌نشین ، دەس‌بخـــاتـە هـــەر عەقدیکەوە گوناهبار ئەبی •

باسی ئەوانەی حەقی مارە برینیان هەیە (ولی نکاح)

وەکو لەمەوپیش باسمان‌کرد ویلایەتی نیکاح‌کردن یەعنی حەقی ژن مارەبرین بو ژن‌و منداڵو شیت نی‌یە ئەگەر شیتی‌یەکەی هەمیشەیی بی • هەروەها ئەگەر پچر - پچریش بی لە ماوەی شیتی‌یەکەیدا حەقی نی‌یە • بەلی ئەگەر لەسالیکا روژیك شیتی‌ی بەسەرا ئـــەهـات ئـــەوە مـــەنعی ویلایەتەکەی لی ناکری‌و ئەبی چاوەروانی‌ی چاك بوونەوەی بکەین‌و کە چاك بووەود ئەووەختە ژنەکە مارە ئەبری •

هەروەها ویلایەت نی‌یە بو کەسیك کە بیری لی‌تیك‌چووبی ، خواە هەر لە ذاتی خویدا بی‌هوش بی ، یاخـود بـەهـوی پیری‌و نەخوشی‌یەوە سەری لی‌تیك‌چووبی • هەروەها بو کەسیکیش کە هەر بە سەفیهی بالـــغ بووبی ، یاخود بەروشدەوە بالغ بووبی ، بەلام لەدوایدا دەسی کـردبی بە سەفاهەت‌و قاضی‌یش حیجری نابیتە سەرو مەنعی تەصـەروف کردنی

لی‌کردبی له مالی خویا • به‌لی ئه‌گه‌ر قاضی گوی‌ی نه‌دابوویه‌و مه‌نعی ته‌صه‌رروف کردنی لی‌نه‌کردبوو ئه‌وه به سه‌فیهی به‌ره‌للا دائه‌نری‌و هه‌موو ته‌صه‌رروفاتیکی دروسته •

هه‌روه‌ختیك وه‌لی نیکاح یه‌کیك له‌م مانیعانه‌ی پیوه‌بوو ، ئه‌وه حه‌قی ویلایه‌ته‌که ئه‌روا بو که‌سیك که له‌و دوورتر بی‌و مانیعیك نه‌بی ری‌ی ویلایه‌تی نیکاحی لی‌بگری ، مه‌سه‌لا له باوکه‌وه بو باپیره ، وه له براوه بو برازا • وه ئه‌گه‌ر وه‌لی‌نه‌سه‌بی غه‌یری ئه‌وکه‌سه عه‌یبداره‌ی نه‌بوو ویلایه‌ته‌که ئه‌روا بو قاضی • وه ئه‌گه‌ر وه‌لی له هوشی خوی چوو ، ئه‌وه ماوه‌یه‌ك چاوه‌روانی‌ی ئه‌که‌ین ، ئه‌گه‌ر بی‌هوشی‌یه‌که‌ی دریژه‌ی کیشاو چاك نه‌بوه‌وه ، ویلایه‌ته‌که‌ی لی‌ئه‌سه‌نریته‌وه ، وه ئه‌گه‌ر چه‌ند روژیك دریژه‌ی‌کیشا ئه‌وه حه‌قی ویلایه‌ته‌که‌ی ئه‌مینی • جا ئه‌گه‌ر وای لی‌هاتبوو هه‌ر چه‌ند روژیك جاریك له هوشی خوی ئه‌چوو ، وه پاش چه‌ند روژ چاك ئه‌بوه‌وه ئه‌بی چاوه‌روانی بکه‌ین چاك ببیته‌وه‌و ویلایه‌ته‌که‌ی له‌ده‌ست وه‌رناگیری •

به‌پی‌ی فه‌رمووده‌ی مه‌ذهه‌بی ئیمامی شافیعی ، فاسق حه‌قی ویلایه‌تی نی‌یه • به‌لام له‌پیشه‌وه فه‌رمووده‌ی دووهه‌می ئیمامان گیرایه‌وه که زانا گه‌وره‌کانی مه‌زهه‌بی ئیمامی شافیعی ئیختیاریان کردووه که‌وا له‌کاتیکا فاسقی بلاو بووبیته‌وه فاسقیش حه‌قی ویلایه‌تی ئه‌بی • به‌لی کویری مانیعی ویلایه‌ت نی‌یه •

باسی ئه‌و وه‌لی‌یه‌ی که حه‌قی زور کردنی هه‌یه له کورو کچ (ولی مجبر)

وه‌لی یا بنچینه‌یه (أصول) یا ده‌وروپشته (حواشی) • وه به عیباره‌تیکی‌تر وه‌لی یا حه‌قی زورکردنی هه‌یه له کورو کچ یا نی‌یه‌تی •

وەلی لە (أصول)دا حەقی چەند شتێکی هەیە کـە وەلی‌یـەکانی‌تر حەقی ئەوەیان نی‌یە • یەکەم : ئەوەیە ئەتوانی کچی خوی یا کورەزای خوی مندال بی یا بالغە بی ، مادام بیوەژن نەبی ، مارەی بىری بە بی‌ئەوەی کە داوای ئیذنی لی‌بکا • مەذهەبی ئیمامی شافیعی وایە ئەگەر باوکو باپیرە دادپەروەر بن حەقی مەجبوورکردنی کچیان هەیە کە شوو بکا بە کەسیکی تایبەتی چونکە خوشەویستی‌و دادپەروەری‌یەکـەیـان مـەیـدانی ئـەوە ناهیلیتەوە کە میردی خراپ بو کچەکە بدوزنەوە ، وە بەپی‌ی مەسلەحەتی ئەوکچە ئەیدەن بە شوو • بە فەرموودەی زانایانی (متأخرین) ئـەگـەر باوکو باپیرە فاسقیش بن هەرحەقی مەجبوورکردنی کچیان هەیە کـــە شوو بکا بە یەکیکی تایبەتی • بەلام لەگەل ئەوەشدا سوننەتە داوای ئیذنی لی‌بکەن بو دل‌خوش‌کردنی ئەگەر بالغ بووبی ، یـا بالـغ نەبووبی بـەلام چاکو خراپ لەیەك جوی بکاتەوە •

بی‌دەنگ‌بوونی ئافرەت بە ئیذن دائەنری لە ئەصلی عەقدەکەدا بـو ئەو شەخصە ناوبراوە هەرچەند هاوکووفیشی نەبی ، بەوشەرتە لـەگـەلی نارەزایی‌دا نەبی وەکو هاوارکردن‌و لەخوّدان •

بوئەوە کە باوکو باپیرە حەقی ناچارکردنی کچیان هـەبی حـەوت شەرت هەیە چواریان شەرتی دامەزرانی عەقدەکەن • یەکەم : ئـەوەتـە ئەوکەسە کە کچەکەی بو مارە ئەکەن هاوکووفی کچەکە بی لە هەموو صیفەتەکانی هاوکووفی‌دا • دووەم : ئەوەیە دەسـتی بروا بەسـەر (مهر المثل)ی کچەکەدا • سـیهەم : ئـەوەیـە دوژمنـایـەتی نەبی بـە هیچ‌جوری لەبەینی کچەکەو وەلی ئەمرەکـەیدا • چـوارەم : ئەوەیـە دوژمنی‌یەکی ئاشکرا نەبی لەبەینی کچەکەو خوازبینی‌کەرەکەیدا • کەواتە دروست نی‌یە مارەکردنی کچیکی نابالغ لە کوریکی بالغی وەها گونـاهی گەورەی هەبی بەهوی تەرکی نویژ یا روژوو یا شتی‌واوە ، یا بەهـوی

کرداریکی حەرامەوە وەکو عەرەق خواردنەوەو دزی‌کردن‌و فروفیل‌کردن لە موعامەلەدا ، یاخود دەوامی بێ لەسەر وردە گوناەو تاعەت‌کردنی زیاتر نەبێ لە گوناە کردنەکانی •

هەروەها دروست نی‌یە مارەکردنی ئافرەت لە کەسیك کە دەستی نەروا بەسەر (مهر المثل)ی ئافرەتەکەدا ، بالغ بێ یا نابالغ ، وە دروستە شەخصیك بەر لە عەقدەکە بە ئەندازەی (مهر المثل)ی ئافرەتەکەی لێ نەدز بکا لە مالی خوی یا پێی‌بەخشی بوئەوە بتوانی بیدا بە مارەیی ئافرەتەکەدا کە ئەیەوی مارەی ببری •

باوکیك کە بە بێ‌عوزریکی شەرعی لەخویەوە بدا لە کچەکەی یا جنیوی بداتی بەجوریك کە کچەکە کینەدار بووبی لێ‌ی ، دروست نی‌یە ئەوکچەی بە بێ‌ئیذن بدا بە شوو • هەروەها دروست نی‌یە مارە برینی بە بێ‌ئیذن لە پیاویك کە دەرکەوتبی چەندجاریك لەگەل کچەکەیدا شەرە جنیوو شەرە قسەیان بووبی ، یا لە پیاویك کە هەرەشەی لێ‌کردبی بیکوژی یا لێ‌ی‌بداو ناوبەینیان تیك‌چووبی •

پیویستە لەسەر ئەو مەلایەیش کە ئەم عەقدە ئەکا لەکاتی عەقدەکەدا تەماشای ئەم بابەتانە بکا ، چونکە ئیسبات کردنی ئەم جورەشتانە لەپاش عەقدەکە زەحمەتەو کابرا بە ناحەق بەدریژایی سال لەگەل ئەو ئافرەتەدا ئەمینیتەوە •

ئەو سێ شەرتەکەی‌تری حەوت شەرتەکە بو دروست‌بوونی عەقدەکە نین بەلکو بوئەوەن دروست بێ کابرای وەلی‌ئەمر خەریکی عەقدەکە ببی • یەکەم : عەقدەکە لەسەر مارەیی‌یەك بێ کە کەمتر نەبێ لە (مهر المثل) • دووەم : ئەوەیە مارەیی‌یەکە (حالّ) بێ یەعنی حازر بێ • سیهەم : ئەوەیە لەپارەی نەختی ئەو ولاتە بێ • بەلی ئەگەر ئەو مالە عادەتیان وابوو بە نەختی غەیری ئەو ولاتە ژن مارە ببرن ، یاخود

مارەیی یەکێ هەمووی بە مولەتدار (مؤجل) دابنین ، یا هەندیکی بە حازرو هەندیکی بە مولەتدار دابنین ، وەکو لەناو ئیمەدا عادەتە ، ئەوە ئەو شەرتانە پیویست نین •

هەندی لە زانایانی شەرع دوو شەرتی تریشیان داناوە • یەکەم : ئەوەیە ژنەکە بەهوی پیری یا نەخوشی یا ناشیرینیی کابراوە تووشی نارەحەتیو دلپەریشانی نەبی • دووەم : ئەوەیە لەوکاتەدا کە عەقدەکەی بو ئەکری حەجی لەسەر واجب نەبی ، نەوەك بەهوی چوونیەوە بو سەفەری حەج ئافرەتەکە بەتەنها بمینیتەوەو تووشی دلپەریشانی ببی ، ئەگینا ئیذندانی ئافرەتەکە پیویستە • وە ئەگەر بە بی ئیذن دانی ئەو عەقدەکە کرا حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی هەیە• بەلام شیخی (ابن حجر) فەرموویەتی ئەم دووشەرتە لاوازو ضەعیفن ، خەطیبی (شربینی)یش فەرموویەتی ئەم دووشەرتە شەرتی دروست بوونو دامەزرانی عەقدەکە نین ، بەلکو شەرتی دروستبوونی کردنی عەقدەکەن !

جا لەسەر ئەم فەرموودەیە واجبە لەسەر باوکەکە کاریکیوا نەکا پاشان ژیانی کچەکەی تال ببی ، وە ئەبی تەماشا بکا هەروەك چون ئەگەر پیرەژنیك مارە ببرن لەکوریك لەوانەیە رابکاو دنیا بەجیبیلی هەرچەند تەلاقیشی بەدەستە ، هیچ رەوای حەق نییە کچیکی گەنج ببەستری بە پیاویکی پیرەوەو دنیای روشنی لی بکری بە شەوی تاریك •

(بزانن) وەلی ئەمری مەجبوورکەر ، هەروەك ئەتوانی لەگەل ئەمشەرتانەدا بە بی ئیذنی کچەکە عەقدەکەی بکا،هەروەها ئەیشتوانی وەکیل بگری بو مارەبرینی ، خواە میرد دیاری بکا بو بەشوودانی کچەکە یانە • جا ئەگەر میردی بو دیاری کرد ئەوە باشە ، ئەگینا واجبە لەسەر ئەم وەکیلە ئیحتیاط بکا ، وە زیاد لەوە کە واجبە شەرتە پیشووەکانیش

بنیتەجێ ، پێویستە ئەگەر کەسێك ئارەزووی لێبوو بەزیاتر لە ئەندازەی (مهر المثل) کچەکە مارە بکا ، مارەی نەبڕی بەئەندازەی (مهر المثل) بەکەسێك کە زیاتر نەدا •• وە لەمصوورەتەدا کە وەکیلی باوك کچەکە مارە ئەبڕی ، هەروەکو پێویستە دوژمنایەتی لە بەینی باوكو کچەکەدا نەبێ ، ئەبێ دوژمنایەتی لەبەینی کچەکەو ئەم وەکیلەیشدا نەبێ •

لە صوورەتی هاتەجێی شەرتەکانا سونەتە باوکەکە داوای ئیذن لە کچەکەی بکا ئەگەر بالغە بێ یاخود بالغە نەبێ ، بەلام فامو شوعووری هەبێ • وە سونەتە باوك کچی نابالغ نەدابەشوو مەگەر لەبەر مەسلەحەتی کچەکە ، وە سونەتە دایکی کچەکە راسپێریتە لای کچەکەی تا باش لە بیروباوەڕو ئارەزووی تێبگا ، چونکە حەقیقەتی شەرافەتو پیاوەتی لەوەدایە کە ئینسان لەسەر سونەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم رەفتار بکا ، وە خوی نەبەستێتەوە بە عورفو عادەتی پڕوپووچی ناوخەلکەوە •

ئیشی دووهەم لەوئیشانە کە بە وەلیئەمری مەجبوورکەر ئەکرێن بەشوودانی کچی نابالغی شێتی پێشان شوونەکردووە • ئیشی سێیەم بەشوودانی کچی نابالغی شێتی بێوەژنە • ئیشی چوارەم بەشوودانی کچی بالغەی شێتی پێشان شوونەکردووە • ئیشی پێنجەم بەشوودانی کچی بالغەی شێتی بێوەژنە • ئەم پێنج ئیشە بە وەلیئەمری (أصول) نەبێ ناکرێن وەك باوكو باپیرە ، وە دروستە ئەمانە لەبەر مەسلەحەتی کچەکە بیکەن ، وە ئەگەر کچەکە موحتاج بوو بۆ مەصرەف یا ترسی فیتنەی لێ هەبوو ، یا لەبەر هەر هۆیەکیتری لەمبابەتە ، پێویستە بیدەن بە شوو • بەلێ ئەگەر کچە شێتەکە بالغە بوو ، وە باوكو باپیریشی نەبوو ، ئەوە قاضی ئەتوانێ بیدا بەشوو لەبەر هۆیەکی وەك موحتاج بوونی بەگوزەران •

ئیشی شەشەمیان ژنهێنانە بۆ کوری نابالغی عاقل • ئەمە هەر بە باوكو باپیرە ئەکرێ ژنێك یا زیاتری بۆ مارە بکەن لەبەر مەسلەحەتی

باشە ڕوژی منالەکە • ئیشی حەوتەم ژن‌هینانە بو کوری شـیتی بالغ • دروستە بو باوک‌و باپیرە ژنی بو مارە ببرن لەبەرئەوە کە موحتاجە کەسیکی بی بو سەرپەرشتی‌کردنی • هەروا ئەتوانن ژن‌بینن بـو کـوری گیـژو سەرگەردانیشیان • ئەگەر باوک‌و باپیرە نەبوو قاضی ئەتوانی ژن بو کوری‌وا مارە ببری • وە ئەگەر قاضی‌یش نەبوو حەقی هیچ وەلی‌ئەمریکی‌تر نی‌یە ژنی بو مارە ببری •

(بزانن) کچی عاقلی نابالغی بیوەژن بە کەس مارە ناکری تا بالـغ ئەبی ، وە لەپاش بالغ‌بوون لەسەر ڕیگادانی خوی وەلی‌ئەمرەکانی بەپی‌ی ئەو ڕیزەی باسمان‌کرد ئەتوانن مارەی ببرن لەو کـەسـەی کـە خـوی ڕازی‌یە پی‌ی • هەروەها کوری شیتی نابالغیش کەس نـاتوانی ژنی بـو مارە ببری تا بالغ ئەبی ، ئەوسا باوک‌و باپیرەو هەروەها قاضی‌یش لـەپاش ئەوان ئەتوانن ژنی بو مارە ببرن • بەلی لەکاتی نزیکە ــ بالغ‌بوونیشـدا ئەگەر پیویستی بە خزمەت‌کردن هەبوو دروستە باوک‌و باپیرەو قاضی ژنی بو مارە بکەن ، چونکە خزمەتی نیرینەی نزیکە ــ بالغ‌بوون بە ئـافرەتی نامەحرەم ناکری •

هەروەها غەیری باپیرە هیچ وەلی ئەمریکی‌تر ناتوانی هــەردوولای عەقد جی‌بەجی بکا بەلام ئەو ئەتوانی کچیکی کورەزای خوی لە کوریکی کورەزای خوی مارە بکا ، مەسەلا بلیت وا گولچینی کورەزام مارە بری لە بەختیاری کورەزام لەسەر ئەوەندە مارەیی‌و قوبوولی نیکاحی گولچینم کرد بو بەختیار •

باوک‌و باپیرە ناتوانن کچی بیوەژنی خویان لـە کـەس مارەببرن ، هەروەها ناتوانن کچی شووکردوویان مارە ببرن لە کەسیک کە هاوکووفی نەبی یا مەرجەکانی‌تری تیا نەهاتبیتەدی مەگەر بە ئیذنی کچەکە خوی • ئیذنی بیوەژن ئەبی بە وتەیەکی ئاشکرای بی‌پیچ‌وپەنا بی ، بەلام ئیذنی

کچی شووبه‌کردوو به بێ‌ده‌نگی‌یش ئه‌بێ • واته که لێیان‌پرسی شوو ئه‌که‌ی به فلان‌که‌س ، هاوکووفی بێ یا نه ، ئه‌ویش بێ‌ده‌نگ بوو ، ئه‌وه دائه‌نرێ به ره‌زامه‌ندی • به‌لام بو رازی‌بوونی به که‌متر له (مهر المثل) یا به غه‌یری پاره‌ی نه‌ختی ولات ، ئه‌وه ئیذنی ئاشکراو بێ‌پێچو په‌نای ئه‌وی وه ئه‌وه به‌س نی‌یه که بێ‌ده‌نگ بێ • وه ئه‌گه‌ر باوکه‌که داوای ئیذنی لێ نه‌کردبوو به‌س له‌لای خویا داینابوو ، وه ماره‌ی ئه‌بری له‌که‌سیك که هاوکووفی نه‌بێ ئه‌وه پیویستی به‌وه‌یه به زوبان ئیذنی بدا ، وه قه‌ناعه‌ت ناکری به‌ته‌نها بێ‌ده‌نگ بوونی ، له‌به‌رئه‌وه که باوکی پرسی پێ نه‌کردووه •

وه ئه‌گه‌ر له‌کاتی پرس‌پێ‌کردنا کچه‌که به‌تیکرایی ئیذنی باوکی‌دا ، وه وتی رازیم له هه‌رکه‌سم مارة ببری ، ئه‌وه دروسته ماره‌ی ببری له هاوکووف‌و ناهاوکووف • وه ئه‌گه‌ر هه‌ر ناوی هاوکووفی هینا دروست نی‌یه باوکی ماره‌ی ببری له ناهاوکووف • هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر به‌تایبه‌تی ناوی که‌سیکی ناهاوکووفی هینا دروست نی‌یه له غه‌یری ئه‌و ناهاوکووفه‌ی ماره ببری ، چونکه لیره‌دا باسمان له‌وه‌یه که وه‌لی‌ئه‌مر حه‌قی ناچارکردنی ئافره‌تی نه‌بێ • به‌لی له‌م شوینه‌دا وه‌لی ئه‌مر ئه‌توانی به‌گوی‌ی کچه‌که نه‌کاو ماره‌ی نه‌بری له‌وکه‌سه چونکه حه‌قی خوی هه‌یه له دوزینه‌وه‌ی هاوکووفدا •

وه ئه‌گه‌ر له‌کاتی پرس‌پێ‌کردندا ناوی خوازبینی‌که‌ر گوڕا ، مه‌سه‌لا ناوی (احمد) بوو ، وه به (حامد) ناوبرا ، وه ژنه‌که‌یش له‌سه‌ر ئه‌و ناوه ئیذنی دا ، ئه‌مه ئه‌گه‌ر ژنه‌که له‌گه‌ل ناوهینانه‌که‌دا ئیشاره‌تی کرد بو کابرا ، یاخود نی‌یه‌تی هه‌مان کابرای بوو که پیشان خوازبینی‌ی کردووه ، ئه‌وه گوڕانی ناوه‌که قه‌یدی نی‌یه ، ئه‌گینا ئیذن دانه‌که به‌تاله‌و عه‌قده‌که دانامه‌زرێ •

ئەگەر کچەکە لەجیاتیی ئیذن دان باسی وەکیلی کرد ، مەسەلا وتی باوکم وەکیلم بێ مارەم ببڕێ لە فلانکەس ئەوە دروستە ، چونکە مەبەست لەم وەکیل گرتنە ئیذندانە . هەروەها قەناعەت ئەکرێ بەوە کە ئافرەتەکە لەپاش پرس پێکردن و ناوهێنانی داخوازیکەرەکەی بڵێ (بەلی) . مەسەلا یەکێ لێی ئەپرسی باوکت مارەت ببڕێ بو (أحمد) لەسەر دە دینار ؟ ئەویش ئەلی (بەلی) . هەروەها لە تەقلیدیشا . مەسەلا یەکێ لێی ئەپرسی رازیت بە فەرموودەی ئەو ئیمامانە کە فەرموویانە لە وەختی زوربوونی فاسقیدا دروستە وەلیئەمرو شاهیدی نیکاح فاسق بن ، ئەویش بلی (بەلی) ، ئەوە بەسە .

سوننەتە شاهید رابگیری لەسەر ئیذندانی هەر ئافرەتێك کە ئیذندانی پیویست بێ نەوەك لەپاشا ئینکاری ئیذندانەکەی بکا ، چونکە ئەگەر لەپاشا وتی ئیذنم نەداوە مارەم ببڕن لە فلانکەس ، وە شاهید لەناوا نەبوو ، باوەڕ بە سویندی ئەکری .

(بزانن) هەر ئافرەتێك کە ئیذندانی پیویست بێ بو دامەزرانی مارەبڕینی ، ئەبێ تا عەقدەکە تەواو ئەبێ لەسەر ئیذنەکەی خوی بمینێ . بەلی ئەگەر لەپاش عەقدەکە ژنەکە ئیددیعای کرد کە پەشیمان بووەتەوە لە ئیذنەکە ، ئەوە مادەم شاهیدی نەبێ لەسەر ئەوە کە پیش عەقدەکە پەشیمان بووەتەوە قسەکەی قیمەتی نییە . وە ئەگەر وتی بەوشەرتە ئیذنم داوە کە خوازبینی کەرەکەم نویژ بکا ، وە ئیستە بوم دەرکەوتووە نویژ ناکا ، ئەوە مادەم شاهید نەبێ لەسەر ئەوە کە بە بێقەیدو شەرت ئیذنی داوە ، باوەڕ بە سویندی ئەکری و حوکم ئەدری بە بەتاڵیی نیکاحەکەی ، چونکە هەرکەس لە ئەصلی ئیذندا باوەڕی پیبکری لە صیفەتی ئیذنەکەشدا باوەڕی پی ئەکری .

وە ئەگەر ئافرەتەکە وتی عەقدەکە بە بێوەلیئەمر یا بە بێشاهید

کراوە ، وە کابرا بلی بە وەلیو شاهیدەوە کراوە ، ئەوە باوەر بە سویندی ژنەکە ئەکری ، چونکە ئەم جیاوازی‌یەی قسە ئەگەریتەوە سەر جیاوازیو یەک نەکەوتنی قسە لە کردنو نەکردنی عەقدەکەدا • بەلی ئەگەر ئافرەتەکە بلیٰ وەلی‌یەکە یا شاهیدەکە فاسق بووە ، وە کابرا بلی دادپەروەر بووە ، ئەوە باوەر بە سویندی پیاوەکە ئەکری ، چونە ئەصل لە عەقددا دامەزرانیەتی •

وە ئەگەر لەپاش ئەوە کە ئافرەتەکە ئیذنی وەلی‌ئەمرەکەی دا مارەی ببری ، ئەم خوی عەزل کرد لە ویلایەت، ئەوە قیمەتی نی‌یەو عەزل نابی، چونکە ویلایەت شتیکی ناچاری‌یەو بە دەستی ئینسان خوی نی‌یە • تەنها ئەوەندە هەیە ئیذندان پیویستە بو تەصەروفاتی وەلی‌ئەمرەکەو نابی لەخویەوە ئیش بکا •

بیوەژنو کچ

مەبەست لە (بیوەژن) لە عورفی شەرعدا ئەوەیە ژنیك کچیتی‌یەکەی لاچووبی بەهوی ئەوەوە کەسیك لەپیشەوە چووبیتە لای بە چوونەلایەکی حەلال یا حەرام، ، هەرچەند کە حەیوانیکی وەکو مەیمونیش چووبیتە لای • غەیری ئەمە لەشەرعدا بە (کچ) دائەنری هەرچەند کچیتی‌یەکەی هەر لەئەصلا نەبووبی ، یا بە تەئثیری حەیزەوە نەمابی ، یا پەنجەی یە خویا کردبی‌و نەیهیشتبی ، یا یەکیك لەپاشەوە چووبیتە لای‌و بە تەئثیری ئەوە کچیتی‌یەکەی نەمابی ، یا لە سەربانیکەوە کەوتبیتە خوار ، یا کەوتبی بەسەر شتیکدا ، یا هەر هویەکی‌تری لەمچەشنە •

ئافرەتی بالغو عاقل لە ئیدیعای کچیتی‌دا باوەری پی‌ئەکری بە سویند، هەروەها لە ئیدیعای بیوەژنیەتیدا ئەگەر ئیدیعاکەی لەپیش

عەقدەکەدا بووبی • بەلام ئەگەر لەپاش عەقدەکە ئیددیعای کرد کەوا لەپیش عەقدەکەدا بیوەژن بووە ، وە ئیذنیکی بێپیچوپەنای نەدابوو بە وەلیئەمرەکەی بو بەشوودانی ئەوە ئیددیعاکەی قوبوول ناکری چونکە ئەصل دامەزرانی عەقدەو قابیلە کچینییەکەی خوی بە پەنجە لابردبی •
هەروەها ئەگەر لەپیش عەقدەکەدا پیی‌لی‌نا کەوا بالغ بووەو لەپاش عەقدەکە پەشیمان بووەوە ، وە وتی لەکاتی پیی‌لی‌نانەکەدا بالغ نەبووبووم ، ئەوە لیی نابیستری چونکە ناکەویتە یەك لەگەل پیی‌لی‌نانە پیشووەکەیدا •

ئەگەر کەسیك ئافرەتیکی مارە کرد بەشەرتی ئەوە کە کچ بی ، وە لەپاش گویزانەوە کابرا ئیددیعای کرد کەوا کچ نەبوە ، ئەوە ئەگەر ژنەکە خوی وتی کچ بووم ، باوەر بە سویندی ئەو ئەکری ، چونکە ئەصل وایە عەقدەکە بەدروستی رابووردبی‌و ئەصل لە ئافرەتا کچینییە نەك بیوەژنی ، وە هەتاوەکو ئەگەر بیوەژنیش بووبی قابیلە بە پەنجە کچینییەکەی لابردبی •

باسی ژنهینانی کەسیك کە حیجری لەسەر دانرابی بەهوی سەفیهی‌یەوە

هەرکەس حیجری لەسەر دانرابی بەهوی سەفیهی‌یەوە ، بەوەنگە کە هەر بە سەفیهی بالغ بووبی ، کە مەعنای حیجر لیرەدا دەوامی مەنعە لە تەصەروف کردن ، یاخود بەروشدەوە بالغ بووبی‌و ئەوجا سەفاهەتی بەسەردا هاتبی‌و قاضي حیجری نابیتە سەر تەصەروف کردنی‌و مەنعی کردبی لە تەصەروف کردن ، ئەوە ئەم شەخصە ناتوانی سەربەخو ژن مارە بکا ، بەلکو پیویستە بە ئیذنی وەلیئەمرەکەی ژن بینی ، یاخود وەلیئەمرەکەی لەسەر ئیذنی ئەم قوبوولی نیکاحی بو بکا بەوشەرتە کە

موحتاجی ژن هێنان بێ • له صورەتی یەکەمدا باوك ئەمجا باپیرە ئەبن بە وەلیئەمر ، وە لە صوورەتی دووهەمدا قاضی ئەبێ بە وەلیئەمر • بەلی ئەگەر نە خوی وەلیئەمری هەبوو ، وە نە شوینەکەیش قاضیی تیابوو ، ئەوە دروستە بوخوی ژن بینی ••

کەواتە ئەگەر سەفیهی حیجر لەسەر دانراو لەخویەوە بە بیئیذنی وەلیئەمر ژنی هینا ئەوە نیکاحەکەی بەتالە ، وە ئەگەر رویشتبوە لای ژنەکە ، ئەوە ئەگەر ژنەکە خاوەن روشد بوو ، وە بە ئارەزووی خوی شووی کردبوو بەوکەسە ، ئەوە مارەیی ناکەویتە سەری چونکە خوی تەقصیری کردووە ئەحوالی میردەکەی نەپرسیوە کە بنیادەمیکی چونە • هەروەها (حدّی زنا)یش ناکەویتە سەر میردەکەی چونکە شوبهەیەك هەیە لە دامەزرانی نیکاحەکەدا • وە ئەگەر ژنەکە بچووك بوو یا شیت بوو یا بە زور دابوویان بەو سەفیهە یاخود لەکاتی نووستنا کابرا چووبوە لای ، ئەوە لە هەموو ئەم حالانەدا (مهر المثل)ی ئەکەوی ، وە واجبە ئەو (مهر المثل)ە لە مالی کابرای حیجر لەسەر دانراوەکە بدریتە دەستی ئافرەتەکە یا وەلیئەمرەکەی •

وە ئەگەر کابرای حیجر لەسەر دانراو بە ئیذنی وەلیئەمرەکەی ژنی هینا ، ئەوە ئەگەر وەلیئەمرەکە ژنیکی بو دیاری کرد دروست نییە غەیری ئەوە مارە بکاو پیویستە بە (مهر المثل) یا کەمتر لە (مهر المثل) مارەی بکا • وە ئەگەر بە زیاتر لە (مهر المثل) مارەی کرد ئەوە نیکاحەکەی دائمەزری بە ئەندازەی (مهر المثل) لەو مالەی کە دانراوە بو ئەم ژن مارە برینە • وە ئەگەر مارەیی بو دیاری کرد نەك ژن ، ئەوە پیویستە بەو ئەندازە مارەیی‌یە ژن بینی ئەگەر کەمتر بوو لە (مهر المثل) یا ئەوەندەی (مهر المثل) بوو • وە ئەگەر زیاتر بوو لە (مهر المثل) ئەبێ بە ئەوەندەی (مهر المثل) ژن بینی •

وە ئەگەر لە ئیذندانەکەدا نە باسی مارەیی‌و نە باسی ژنی نەکرد ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەو ئیذنە دروستەو کابرای سەفیهی حیجر لەسەر دانراو لەم حالەدا ئەتوانی ئافرەتیکی‌وا مارە بکا کە لایقی شان‌و پایەی خوی بی بە (مهر المثل) • وە ئەگەر ژنیکی مارە کرد کە مارەیی‌یەکەی هەموو مالەکەی ئەگرتەوە ئەوە ئەو عەقدە بەتالە • بەلی ئەگەر مالی ئەم کابرایە هەر ئەوەندەی مارەیی ژنیکی عادەتی بوو کە لایقی شانی بی ئەوە نیکاحەکەی دروستە چونکە مەسرەفیکی بی‌جی‌ی نەکردووە •

وە ئەگەر وەلی‌ئەمرەکەی قوبوولی نیکاحی بو کرد پیویستە بە ئیذنی کورە سەفیهەکە بی • وە واجبە لەسەری قوبوولی نیکاحەکەی بو بکا بە ئەندازەی (مهر المثل) یا بە کەمتر لە (مهر المثل) • وە ئەگەر هاتو بە زیاتر لە (مهر المثل) ژنی بو هینا ئەوە نیکاحەکە دائەمەزری بە ئەندازەی (مهر المثل) ، وە ناوبردنی ئەو ئەندازە مارەیی‌یە شتیکی زیادو بی‌سوودە •

باسی پی‌لی‌نانی ژن یا میرد یا وەلی‌ئەمر بە نیکاح

ئەگەر ئافرەتیکی بالغ‌و عاقل ، هەرچەند سەفیهیش‌و فاسقیش بی ، پیی‌لی‌نا کەوا مارە کراوە بو فلانکەس ، ئەوە ئەو پی‌لی‌نانەی لی قوبوول ئەکری مادام ئەو کابرا کە ئەم ناوی ئەهینی باوەری پی بکا باوەکو هاوکووفیشی نەبی ، وە هەرچەند وەلی‌ئەمرو شاهیدەکانیش بەدرویدا بخەنەوە ، چونکە نیکاح تەنها حەقی ژن‌و میردە • کەواتە ئینکارکردنی کەسیکی‌تر هیچ تەئثیری نی‌یەو پی‌لی‌نانەکەی ئەو بەتال ناکاتەوە •

فەرموودەی (معتمد) وایە شەرتە بو قوبوولی ئەم پی‌لی‌نانە کە

ژنه‌که به‌دریژی باسی پێ‌لێ‌نانه‌که‌ی بکاو بلێ وه‌لی‌ئه‌مره‌که‌م ماره‌ی کردووم له فلان‌که‌س به شاهیدی‌ی دوو شاهید ، وه به ره‌زامه‌ندی‌ی خوم ئه‌گه‌ر ئافره‌ته‌که له‌وانه بوو که بێ‌ئیذنی خوی دروست نه‌بێ بدری به شوو • وه ئه‌گه‌ر میرده‌که ئینکاری کرد ، ئه‌وه پێ‌لێ‌نانی ژنه‌که بێ‌سوود ئه‌بێ • له‌م‌کاته‌دا ژنه‌که‌یش بوی نی‌یه که شوو بکا تا کابرا ته‌لاقی ئه‌دا • جا قاضی حه‌قی وایه بلێ به کابرا مادەم ژنی تو نی‌یه به له‌فظ ته‌لاقی بده با به عه‌قیده‌و باوه‌ری خوی دروست بێ شوو بکا • وه ئه‌گه‌ر کابرا له ئینکاره‌که‌ی خوی په‌شیمان بووه‌وه وتی ژنه‌که راست ئه‌کا ژنی منه ، ئه‌وه تازه لێ‌ی‌نابیسری مه‌گه‌ر ئیددیعای نیکاحیکی تازه بکاو ژنه‌که‌یش بلێ راست ئه‌کا •

هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر پیاویك ئیقراری کرد که‌وا فلانه ژن ماره براوی ئه‌وه‌و ژنه‌که‌یش وتی راست ئه‌کا ، ئه‌وه باوه‌ری پێ‌ئه‌کری‌و قسه‌که‌ی لێ قوبوول ئه‌کری به‌وشه‌رته که ته‌فصیلی ئیقراره‌که‌ی بداو بلێ فلان وه‌لی ئه‌مری ژنه‌که لێ‌ی ماره بریوم به شاهیدی‌ی دوو شاهیدو به ئیذن‌دانی ژنه‌که خوی بو عه‌قدی نیکاحه‌که ، هه‌رچه‌ند که وه‌لی‌ئه‌مره‌که‌و شاهیده‌کانیش باوه‌ری پێ‌نه‌که‌ن • وه ئه‌گه‌ر پیاویك وتی ئه‌م ژنه ژنی منه‌و ژنه‌که بێ‌ده‌نگ بوو ، یا به پیچه‌وانه‌وه ، ئه‌وه ئه‌گه‌ر کابرای ئیقرارکه‌ر مرد ژنه بێ‌ده‌نگ بووه‌که میراتی لێ‌ئه‌با به‌هوی ئیقراره‌که‌یه‌وه• به‌لام ئه‌گه‌ر ژنه بێ‌ده‌نگ بووه‌که مرد کابرای ئیقرارکه‌ر میراتی لێ‌نابا •

هه‌روه‌ها ئیقراری وه‌لی‌ئه‌مر به ماره‌برینی کچه‌که‌ی له که‌سیك قوبوول ئه‌کری به دوو شه‌رت یه‌که‌م ئه‌و وه‌لی‌ئه‌مره له کاتی ئیقراره‌که‌دا حه‌قی ئه‌وه‌ی هه‌بێ سه‌ربه‌خو کچه‌که ماره بکا یه‌عنی باوك یا باپیره بێ‌و مه‌رجه‌کانی زورلێ‌کردنیشی تیا هاتبیته‌جێ • دووهه‌م ئه‌وه که میرده‌که‌یش بلێ راست ئه‌کا وه‌کو شیخی (بجیرمی) به‌یانی کردووه •

کەواتە ئیقراری غەیری (ولی مجبر) بە بەشـــوودانی ئـافـرەت بەقەطعی قیمەتی نی‌یە مادەم بە شاهید ئیسبات نەبی یا ژنەکە نەلی راستە • هەتاوەکو ئەگەر باوك بلی ئەو کچی خومەم بە ئیذنی خوی مارە کردووە لە فلانو کچەکە ئینکاری ئیذن بکا ئەوە کچەکە باوەری پی‌ئەکری چونکە ئەصلن ئیذن نەدانە •

باسی ئەو وەلی‌ئەمرانەی کە حەقی زورکردنیان نی‌یە

هەر وەلی‌یەك کە حەقی زورکردنی نەبی لە ئافرەت وەکو بـاوكو باپیرە لەکاتیکا کە مـەرجـەکانی زورکـردن نـەهـاتبنـەجی ، یاوەکـــو وەلی‌ئەمریك کە لە دەوروپشتی نەسەب بی ، یا وەکو قاضی‌و جی‌نشینی قاضی ، ناتوانن کچی نابالغ مارە ببرن لە هیچ‌کاتیکا • هەروەهـا ناتوانـن ئافرەتی بالغیش مارە ببرن بە بی‌ئیذنیکی راستو دروست ، خـواه ئـەو ئافرەتە بالغ بوە کچ بی یا بیوەژن بی ، مەگەر لەحالەتی ئافرەتی بالغ‌بووی شیتدا وەکو لەپیشەوە باسمان کرد •

جا ئەگەر ئافرەتەکە بیوەژن بوو ئەوە پیویسـتە ئیـذنـەکـەی بـە عیبارەتیکی ئاشکرای بی‌پیچ‌وپەنا بی چ بو شـووکـردنـەکـــەی‌و چ بـو ئەندازەی مارەیی‌یەکەی ئەگەر کەمتر بی لە (مهر المثل) یا لە پـارەی نەختی ئەو ولاتە نەبی • وە ئەگەر ئافرەتەکە کچ بوو ئەوە بو ئەصـــلی شووکردنەکەی بی‌دەنگی بە ئیذن دائەنری ، بەلام بو مارەیی‌یەك کـــە کەمتر بی لە (مهر المثل) یا لە غەیری نەختی ولاتەکە بی ئیذنی ئاشکراو بی‌پیچ‌وپەنا پیویستە ، وە ئەگەر مارەکرا لەسەر کەمتر لە (مهر المثـل) ئەوە نیکاحەکەی لەسەر (مهر المثل) دائەمەزری • جا لەم‌شوینەدا چەند ماددەیەك هەیە ئیمە بەکورتی باسیان ئەکەین •

یەکەم : وەلی‌ئەمرە (غیر مجبر)ەکە تاقە پیاویکە ، ئەمە ئەتوانی بە ئیذنی ژنەکە مارەی بکا لە هاوکووفو ناهاوکووف ، وە ئەگەر ژنەکە ویستی شوو بکا بە غەیری هاوکووف ئەم ئەتوانی مارەی نەکا • وە ئەگەر ئەم ویستی بیدا بە ناهاوکووف بە بی‌ئیذنی ژنەکە خوی ، ناتوانی • وە ئەگەر ئیذنی ژنەکە رووت بوو لە باسی هاوکووفو ناهاوکووف ئەوە پیویستە مارەی بکا لە هاوکووف ئەگینا نیکاحەکەی بەتالە • وە ئەگەر ئیذنەکەی تیکرایی بوو وتی بو هەرکەس خوت ئارەزووت لی‌یە مارەم بکە ، ئەوە دروستە مارەی ببری لە هاوکووفو ناهاوکووف • وە ئەگەر ئیذنەکەی بەست بە یەك کەسەوە ، ئەوە ئەگەر هاوکووف بوو واجبە مارەی بکا بو ئەوکەسە • وە ئەگەر ناهاوکووف بوو وەلی خویشی رازی بوو پی‌ی دروستە مارەی ببری لی‌ی ، ئەگینا ئەتوانی گوی‌ی نەداتی چونکە ئەمیش خوی لە مەسئەلەی کەفائەتدا حەقی هەیە •

وە ئەگەر ئەم تاقە وەلی‌یە ویستی ژنەکە بوخوی مارە بکا ئەوە پیویستە قاضی بوی مارە ببری ، وە دروست نی‌یە وەلی‌ئەمریکی لە خوی دوورتر مارەی ببری چونکە تا ئەم ببی ئەو وەلی‌ئەمرە دوورە حەقی نی‌یە• هەروەها ئەم وەلی‌ئەمرە ناتوانی وەکیلیك بگری بو بەجی‌هینانی صیغەی (ایجاب)ی نیکاحەکەو خویشی (قبول)ی بکا چونکە غەیری باپیرە کەس تەماشای هەردوو سەری عەقدەکەی پی‌ناکری نە بە ئەصالەتو نە بە وەکالەت ، هەتاوەکو بە وەکیلی باپیرەیش ناکری ، بەلکو ئەبی یا دوو وەکیل بگری بو هەردوو سەری عەقدەکە یا خوی ئیشی هەردوو سەرەکە بکا • بەلکو ئەگەر قاضی‌یش ویستی ژنیکی شیتی بالغی بی‌کەس مارە ببری لە شیتیکی بالغی موحتاجی بی‌کەس ، ئەوە بەتەنها خوی عەقدەکە ناکری‌و پیویستە خوی سەریکی‌و جی‌نشینی قاضی یا وەکیلەکەی ئەو سەرەکەی بەجی‌بینن • وە ئەگەر فەرمانرەوای موسولمانان ویستی ژنیکی بی‌وەلی مارە بکا بو خوی ، ئەبی قاضی‌یەك ئیجابی عەقدەکەی بو

بکاو خویشی یا وەکیلەکەی قوبوولی بکا • وە ئەگەر قاضی ویستی ژنیکی بیوەلی مارە بکا بو خوی، پیویستە یا قاضی‌یەك کە هاوکاری خویەتی لەوشوینەدا ، یا لەژووور خویەوەیەتی ، یا یەکیك لە جی‌نشینەکانی خوی بوی مارە ببری •

دووهەم : وەلی‌یەکان زورن‌و هەموویان حازرن‌و خوازبینی‌کەریش هاوکووف نی‌یە • ئەمە پیویستە لەگەل ئیذنی ژنەکەدا هەموویان رازی بن بەو عەقدە • وە ئەگەر هەندیکیان عەقدەکەیان کرد بە بی‌ئیذن‌و رەزای ئەوانی‌تریان ئەوە ئەو نیکاحە بەتالە • بەلی ئەگەر لە وەختی خویا بە رەزامەندی‌ی هەموویان ئەو ژنەیان مارە کردبوو لە پیاویکی غەیرە هاوکووف‌و ئیستە ئەو کابرایە تەلاقی ژنەکەی داوە بە تەلاقیکی (بائن) ئەوە دروستە بو هەندیکیان سەرلەنوی مارەی ببرنەوە بو کابرا لەسەر ئیذنی ژنەکە ، هەرچەند وەلی‌یەکانی‌تر بەم عەقدە نەزانن‌و ریگا نەدەن ، لەبەر قەناعەت بە ئیذنە پیشووەکەیان ، وەکو (نهایە)و (مغنی) پەسەندیان کردووەو (شهاب الرملي)یش فتوای پی‌داوە •

سیهەم : حالەتیکە کە وەلی‌ئەمرەکان زورن ، هەندیکیان حازرن‌و هەندیکیان دیار نین‌و ئەوەندەی مەسافەی دوو مەنزل ریگا یا زیاتر دوورن ، خوازبینی‌کەری ئافرەتەکەیش هاوکووف نی‌یە • لەمصوورەتەیشدا رەزامەندی‌ی هەموویان پیویستەو حازرەکانیان ناتوانن بە سەربەخو ژنەکە مارە ببرن • هەروەها قابیل نی‌یە قاضی‌یش ببی بە جی‌نشینی ئەوانەیان کە دیار نین چونکە قاضی ناتوانی ژن مارە ببری لە ناوهاوکووف • کەواتە چار هەرئەوەیە ژنەکە ئیذنی هەمولایەکیان بدا بو بەشوودانی‌و وەلی‌ئەمرە دوورەکانیش یەکیك لە حازرەکانیان بکەن بە وەکیل تا ئەمشەخصە بە ئەصالەت لەلایەنی خویەوەو بە وەکالەت لەلایەن وەلی‌ئەمرەکانی‌ترەوە ژنەکە مارە ببری •

چوارەم : حالەتیکە کە وەلی‌ئەمر زور بن‌و هیچیان دیار نەبن‌و

خوازبینی کەریش هاوکووف نەبی • لیرەشدا قاضی ناتوانی ئەم ژنە مارە بېری چونکە خوازبینی کەرەکە هاوکووف نی‌یە ، وە چار هەر ئەوەیە ژنەکە ئیذنی وەلی‌ئەمرە نادیارەکانی بدا بو عەقدەکە و ئەنجا یا ئەم‌کەسە بروات لای ئەولن مارەی ببرن لی‌ی ، یاخود ئەوان یەکی بکەن بە وەکیل ژنەکە لیرە مارە ببری • بەلام دروست نی‌یە تا وەکالەتی وەکیلەکە ئیسبات نەبی عەقدەکە بکری • وە ئەگەر مەلای مارەبرو ژنو میردەکە باوەریان بە قسەی ئەوکەسە ئەکرد کە ئەیوت وەلی‌ئەمرەکانی منیان کردووە بە وەکیل ، ئەوە دروستە عەقدەکە تەواوبکەن •

پینجەم : حالەتیکە کە وەلی‌ئەمرەکان زورن‌و هەموویان حازرن‌و خوازبینی کەری ئافرەتەکەیش هاوکووفە • لەم‌حالەدا ئەگەر ژنەکە ئیذنی یەکیکیانی دا ئەوە واجبە هەر ئەو یەك کەسە مارەی ببری ، وە هەرکەس غەیری ئەو مارەی ببری عەقدەکە بەتالە • وە ئەگەر بەتیکرایی ئیذنی دابوو ، هەرکامیان مارەی ببری دروستە • وە ئەگەر ئیذنی وەها دابوو هەموویان مارەی بکەن ئەوە لەم‌حالەدا پیویستە یا هەموویان بەکومەل (ایجاب)ی عەقدەکە بکەن ، یاخود بە هەموویان یەکیك لە خویان یا لە غەیری خویان بکەن بە وەکیل عەقدەکە تەواو بکا •

شوینی شەشەم : حالەتیکە کە وەلی‌ئەمرەکان زورن‌و هەموویان مەسافەی دوو مەنزل یا زیاتر دوورن • لەم‌حالەدا قاضی ئەتوانی بە بی‌ئاگاداری‌ی ئەوان وە ئیذنی ژنەکە خوی مارەی ببری لەوکەسەی کە داوای ئەکا ئەگەر هاوکووف بی •

حەوتەم : حالەتیکە کە وەلی‌ئەمرەکان زور بن‌و هەندیکیان لەو شوینەدا بن‌و هەندیکیان مەسافەی دوو مەنزل یا زیاتر دوور بن ، وە خوازبینی کەرەکەیش هاوکووفە • لەم‌حالەدا ئەگەر ژنەکە ئیذنی یەکی لە وەلی‌ئەمرەکان بدا ئەتوانی مارەی ببری هەرچەند وەلی‌ئەمرەکانی تر

ئاگایان لی نەبی • وە ئەگەر هەر ئیذنی یەکی لە نادیارەکانیان بدا بەمەسەلا ، ئەوە پیویستە هەر ئەو مارەی ببری بە نەفسی خوی یا وەکیل بگری • وە ئەگەر ژنەکە ئیذنی بە گشتی دابوو ، ئەوە هەرکامیان مارەی ببری دروستە •

(بزانن) ئەگەر دریژە بدەین بە باس کردنی ئەم حالەتانە زوریان لی دەرئەچی و کورتەی حالەتەکانیش هەموو دیتەسەر ئەوەی کە باسمان کرد ، لەبەرئەوە پیویست نەبوو لەمە زیاتر لەسەری بروین •

لە حالەتیکا کە هەموو وەلی ئەمرەکان ئیذنیان دابی بو عەقدەکە ، خواە خوازبینی کەرەکە هاوکووف بی یا نە ، وە هەموو وەلی ئەمرەکان رازی بن بەو عەقدە ، سوونەتە ئەویانە کەوا شارەزاترە لە ئەحکامی شەرع ئەوەیان مارەی ببری ، وە پاش ئەو سوونەتە ئەوەیان مارەی ببری کە لە هەموویان زیاتر خوی لە گوناە دوور ئەخاتەوە ، ئەوجا ئەوەیان کە لە هەموویان پیرترە •

وە ئەگەر بوو بەهەرایان لەسەرئەوە کە کامیان مارەی ببری ، ئەبی دەوی لی بکەن لەبەینی خویاناو دەوەکە بەناوی هەرکامیانەوە دەرچوو ئەوەیان مارەی ئەبری • جا ئەگەر غەیری ئەوەیان مارەی بری کە دەوەکە بەناویەوە دەرچووە هەر دروستە ، چونکە لیرەدا قسەمان لەوەیە کە داخوازی کەر هاوکووف بی ، یا هاوکووف نەبی بەلام هەموولایەك رازی بن بە عەقدەکەو ژنەکەیش ریگای هەموویانی دابی • کەواتە سوودی دەوکردنەکە هەر ئەوەیە کە دەفعی هەراو ئاژاوە ئەکاو بو دامەزرانی عەقدەکە نی یە •

ئەگەر یەکی لە وەلی ئەمرەکان ئافرەتەکەی مارە بری لە یەکیك و یەکیکی تریان مارەی بری لە یەکیکی ترو هەردوو مارە لی براوەکەش

هاوكووف بوون ، یاخود هیچیان هاوكووف نەبوون ، بەلام ژنەكە ریگای دابوو لە هەركامیان مارە ببری ، وە وەلیئەمرەكانیش قەناعەتیان كردبوو بەو غەیرە هاوكووفانە ، لەمصوورەتەدا ئەگەر یەكی لەم دوو عەقـــدە پیش كەوتبوو ، وە دیار بوو كامیان پیش كەوتووە ، ئەوە هەر ئـەویانـە دروستە • وە ئەگەر هەردوو عەقدەكە لە یەك كاتا تەواو بووبوون ، یاخود نەمانئەزانی ئاخو پیكەوە یا بەرودوا تەواو بوون ، یا ئەمانزانی یەكیكیان لەپیشانا كراوە ، بەلام عەینی ئەوەیانمان بو مەعلووم نەبوو ، ئەوە هەردوو عەقدەكە بەتالە • وە ئەگەر ئەمانزانی كامیان پیشـــــكەوتووە ، بــەلام لەبیرمان چووبووەوەو لیمان تیكچووبوو ، ئەوە پیویستە ئەم ژنە ماتل ببیو نەدری بە دەستی كەسیانەوە ، وە دروستیش نییە شووبكا بە كەسیكیتر ، تا ئەم دوو پیاوە هەردوكیان ئەمرن یا تەلاقی ئەدەن ، یا یەكیكیان ئەمریو یەكیكیان تەلاقی ئەدا ، وە مەسرەفی لەسەر هەردوو پیاوەكەیە بەنیوەیی ••

بەلی (زەركەشی)و (بلقینی) فەرموویانە ئەگەر ماوەیەكی وەهـا رابوورد كە بە عورفو عــادەت نائومیـــد بوویـن لــە دوزینـــەوەی پیشووەكەیان ، ئەوە ژنەكە ئەتوانی داوای هەلوەشاندنەوەی نیكاحەكەی بكا لای قاضی ، وە دروستە قاضی‌یش بەگوی‌ی بكاو بلی وا حوكممدا بە هەلوەشاندنەوەی ئەو نیكاحە كە لەپیشەوە بووە لەمدوانەدا • وە ئەگــەر هەركام لەو دووكەسە ئیددیعای كرد كە ژنەكە ئەزانی عەقدەكەی ئـەو لەپیشەوە بووە ، ئەوە ئیددیعاكەیان ئەبیستری بەپی‌ی ئەوە كـــە قوبوولی ئیقراری ژن ئەكری بە نیكاح • جا ئەگەر ژنەكە وتی نازانم ئەوە سویندی ئەدری كە نازانی عەقدی كامیان لەپیشترە •

وە ئەگەر پی‌ی لی‌نا بە پیش كەوتنی عەقدی یەكیكیان ، ئـەوە ثابت ئەبی كە عەقدی ئەوەیان دامەزراوە • جا لەمكاتەدا قازانجی بیســـــتنی دەعوای ئەوی‌تریان ئەوەیە بەلكو ژنەكە پەشیمان ببیتەوە لە پی‌لی‌نانەكەیو

پی‌لی‌بنی بو ئه‌می‌تریان ، چونکه ئه‌گه‌ر په‌شیمان بووه‌وه ، ئه‌وه هه‌رچه‌ند تازه عه‌قدی ئه‌میان هه‌ڵناوه‌شیته‌وه ، به‌ڵام پیویسته ئه‌و ژنه (مهر المثل) بېژیری بو ئه‌م‌که‌سه که جاری دوایی پی‌ی‌لی‌ناوه بوی ، وه‌کو یه‌کی پی‌لی‌بنی که‌وا ئه‌م ماله مالی فلان‌که‌سه نه‌خه‌یر هی فلان‌که‌سه ، له‌م‌حاله‌دا ماله‌که ئه‌دری به‌وه‌ی پیشوویانو ئه‌بژیریتیشه‌وه بو ئه‌وی دواییان ، له‌م‌بابه‌ته‌ی ئیمه‌شدا ئیسبات ئه‌بی که ژنه‌که ژنی کابرای پیشووه‌و (مهر المثل)یش ئه‌دری به کابرای دوایی •

ئاشکرایه ئه‌گه‌ر مه‌رجی دامه‌زرانی یه‌کیك له دوو عه‌قده‌که نه‌هاتبوه‌جی ، مه‌سه‌لا کابرا هاوکووف نه‌بوو ، وه ژنه‌که یا وه‌لی‌ئه‌مره‌کانی‌تر پی‌ی رازی نه‌بوون ، یاخود هاوکووف بوو به‌ڵام ژنه‌که ئیذنی نه‌دابوو بو ماره‌برین له‌و ، ئه‌مه له‌م صووره‌ته‌دا ته‌نها نیکاحه‌که‌ی‌تریان دروسته •

(بزانن) وه‌لی‌ئه‌مر یه‌کیك بی یا زیاتر له یه‌کیك ، هه‌رکاتیك ژن داوای لی‌کرد که ماره‌ی ببری له که‌سیکی هاوکووف که داوای بکات ، واجبه له‌سه‌ی ماره‌ی ببری لی‌ی • وه ئه‌گه‌ر به بی‌عوزری شه‌رعی جاریك یا دووجار مه‌نعی ژنه‌که‌یان کرد له‌وه که شوو بکا به‌وکه‌سه ، حه‌قه‌که‌یان ئه‌روا بو قاضی • وه ئه‌گه‌ر مه‌نعه‌که بوو به سی جار ، حه‌قی ویلایه‌ته‌که‌یان ئه‌روا بو وه‌لی‌ئه‌مری له خویان دوورتر • جا ئه‌گه‌ر وه‌لی‌ئه‌مری دوورتر نه‌بوو ئه‌گه‌ریته‌وه بو قاضی • به‌کورتی به‌پی‌ی شه‌رع دروست نی‌یه وه‌لی‌ئه‌مر ته‌نره‌ی به‌شوودانی کچی خوی یا خوشکی خوی بدا ئه‌گه‌ر بی‌یه‌وی شوو بکاو که‌سیکی هاوکووف ببی که بی‌یه‌وی ماره‌ی بکا • به‌ڵی ئه‌گه‌ر دووکه‌سی هاوکووف هه‌بوون هه‌ردوکیان داوایان ئه‌کرد ، باوکی کچه‌که حه‌قی‌هه‌یه بلی ناتده‌م به فلانیانو ئه‌تده‌م به‌وی‌تریان •

باسی وەکیل گرتنی وەلی لەکاتی عەقددا

هەر وەلی‌ئەمریك حەقی مەجبوور کردنی ئافرەتی نەبی ، تا ئافرەتەکە ئیذنی نەدا مارەی ببری،وەك خوی ناتوانی مارەی ببری،ناتوانی وەکیلیش بگری بو مارە برینی • بەلێ قاضی لەپیش ئەوەدا کە ژنەکە ئیذنی بدا ئەتوانی وەکیل بگری • جا لەپاش وەکیل گرتنەکە ئەبی ژنەکە بلی ئیذنم هەیە قاضی ماردم ببری لە فلانکەس • وە ئەگەر یەکیك خەبەری هینا بو وەلی‌ئەمرەکە کەوا خوشکەکەت ئیذنی داوی‌و ئەمیش باوەری کرد بەراستی‌ی قسەی ئەوکەسە ، ئەوە لەم‌کاتەدا وەکو خوی دروستە مارەی ببری ئەیشتوانی وەکیل بگری بو مارەبرینی • هەندی لە زانایان فەرموویانە بو هەر عەقدیك کە خیلافی تیا هەبی لە بەینی زانایانی شەرعدا ، پیویستە لەپیشا وەلی‌ئەمرەکە تەقلید بکا ، ئەوجا ژنەکەش تەقلید بکا ، ئەمجا ئیذنی وەلی‌ئەمرەکەی بدا ، چونکە لەپیش تەقلید کردنەکەدا ویلایەتی وەلی‌ئەمرەکە ثابت نی‌یەو ئیذنی ئافرەتەکەیش قیمەتی نی‌یە •

جا ئەگەر ئافرەتەکە بە وەلی (غیر مجبر)ی وت خوت مارەم مەبردو وەکیل بگرە بو عەقدەکەم ، ئەوە ئەو ئیذن دانە دانامەزری ، وە لەوە ئەچی کە ئیذنی بیگانەیەکی دابی بو بەشوودانی ، مەگەر بەلگەیەك هەبی لەسەرئەوە کە مەبەستی حورمەت‌گرتنی وەلی ئەمرەکەی بووە • وە ئەگەر ئیذنی دابوو بو مارەبرینی ، بەلام مەنعی کرد لە وەکیل‌گرتن ، ئەوە پیویستە خوی مارەی ببری‌و دروست نی‌یە وەکیل بگری • وە ئەگەر هەر ئەوەندەی وت (ئیذنم هەیە مارەم ببری بو فلان) ئەوە ئەتوانی خوی مارەی ببری‌و ئەیشتوانی وەکیل بگری ، چونکە مادام حەقی ویلایەتی بو پەیدا بوو ، تا مانیعیك پەیدا نەبی حەقی وەکیل

گرتنیشی هەیە • کەواتە ئەگەر ئـافرەتیـکی بی وەلی ئیـذنی قاضی‌ی‌دا بوئەوەی مارەی ببری ، ئەوە قاضی هەروەکو خوی ئەتوانی مارەی ببری، ئەیشتوانی وەلی بگری ، وە ئەمە خەلفەدانان (استخلاف) نی‌یە تا یەکی بلی قاضی لەخویەوە حەقی خەلفەدانانی نی‌یە ، بەلکو ئەمە وەکیل گرتـن (توکیل)ە ، وە قاضی وەلی (غیر مجبر)ەو وەلی (غیر مجبر)یش حەقی وەکیل گرتنی هەیە •

وە ئەگەر ژنەکە لە ئیذنەکەیدا پیاویکی دیاری‌کرد بو وەلی‌ئەمرەکەی کە مارەی ببری لەو پیاوە ، ئەوە واجبە لەسەر وەلی‌ئەمرەکە ، ئـەگـەر وەکیلی گرت بو مارەبرینی ژنەکە ، ئەویش عەینی پیاو دیاری بکا بوی • وە مارەبرینی لە غەیری ئەوکەسە دروست نی‌یە • وە ئەگەر وەلی‌ئەمرەکە لە وەکیل‌گرتنەکەیدا ناوی ئەوکەسە نەبا ئەوە بەتالە ، هـەرچـەنـد وەکیلەکەیشی ئافرەتەکە لـە هەمان پیاو مارە بکا ، چونکە ئیذنی موطلەق لەکاتیکا کە مەبەست دیاری نەکرابی بەتالەو دانامەزری • وە ئـەگـەر ژنەکە وتی براکەم مارەم ببری لە فلان‌کەس‌و ئیذنم هەیە وەکیلیش بگری ئەوە لە هەموو لەفظەکان ئاشکراترە •

هەرکاتیك شەخصی ئەو وەلی‌ئەمرە کە وەکیلەکەی گرتووە لـە مەجلیسی عەقدەکەدا حازر نەبوو واجبە لەسەر وەکیلەکەی ئـەوەنـدە نەسەبی بەیان بکا کە بەتەواوی دەربکەوی • ئەمە زیاتر وایە بـە ناوی خوی‌و باوکی دەرئەکەوی ، جارجار پیویست بە ناوی باپیریشی ئەکـا • خو ئەگەر مەشهوور بوو بە صیفەتیك ئەوە باس‌کردنی صیفەتەکە بەسە • هەروەها واجبە ناوی وەکالەتەکەی خویشی بـبا ئـەگـەر میردەکـەو شاهیدەکان نەیان‌ئەزانی بەوە کە وەکیلە • بـەلام ئـەمـانـە مـەرجی دروست‌بوونی دەس‌بردنن بو مەسەلەی عەقدەکە ، وە مەرجی دامەزرانی ئەصلی عەقدەکە نین •

ئەگەر (ولی مجبر) وەکیلی گرت بو عەقدکردنی کچەکە بە بی ئیذنی ئەو ، کەچی کچەکە بەهوی ئەوەوە کە کابرایەك بەشوبهە چووەلای کچینیی نەما ، یاخودکابرای داخوازیکەری فاسقییەکی بەسەراهاتو کەفائەتی نەما ، ئەوە ئەو وەکیلە ناتوانی کچەکە مارەبکا تا بەئاشکراو بی‌پیچ‌وپەنا ئیذنی باوکی نەدا ، وە کە ئیذنی باوکی دا ئیتر تازە کردنەوەی وەکیل گرتنەکە پیویست نی‌یە ، چونکە کابرا هەر وەکیل بووەو مانیعیك پەیدا بووە لە تەصەروف‌کردنی ، وائیستە بەهوی ئیذنی کچەکەوە ئەو مانیعە نەما •

ئەگەر کەسیك کەسیکی کرد بە وەکیلی قوبوولی نیکاح لە باوکی کچەکە ، وە بە ریکەوت باوکەکە وەفاتی کردو ویلایەتەکە گەرایەوە بو برای کچەکە ، ئەوە ئەو وەکیلە ناتوانی قوبوولی نیکاح بکا لەم برایە تا جاریکی‌تر کابرا نەیکاتەوە بە وەکیل چونکە تەرەفی عەقدەکە لەم مەسئەلەیەدا فەوتاوە •

(بزانن) واجب نی‌یە وەلی‌ئەمر باسی مارەیی بکا لەگەل وەکیلەکەدا• جا ئەگەر باسی نەکرد ، ئەوە واجبە لەسەر وەکیلەکە ژنەکە مارە بېری لەسەر (مهر المثل) یا زیاتر لە (مهر المثل) • وە ئەگەر لەسەر کەمتر لە (مهر المثل) مارەی بری ئەوە عەقدەکە لەسەر (مهر المثل) دائەمەزری• کەواتە ئەو واجبی‌یە کە باسمان کرد بو دروست‌بوونی دەس‌بردنە بو ئیشی عەقدەکە • هەروەها ئەگەر وەلی ئەمرەکە وتی بە وەکیلەکە مارەی مەبرە لەسەر کەمتر لەو ئەندازەیە ، ئەویش بەپیچەوانەی قسەکەی ئەو لەسەر کەمتر مارەی بری ، هەر عەقدەکە دروستەو دیتەوە سەر (مهر المثل) • بەلی ئەگەر وەلی‌ئەمرەکە ئەو وەزعەی کرد بە شەرت لە وەکیل‌گرتنەکەیدا ، مەسەلا وتی توم کرد بە وەکیل لە عەقدی نیکاحیا

بەوشەرتە لەسەر صەد مثقال ئالتوون کەمتر مارەی نەبری ، ئەوە پێویستە بۆ دامەزرانی عەقدەکە لەسەر ئەو ئەندازەیە مارەی ببری ، ئەگینا عەقدەکە بەتاڵ ئەبێ ، چونکە بە بێ چاودێریی ئەو شەرتە نابێ بە وەکیل •

واجبە لەسەر وەکیلی موطلەق ، واتە وەکیلێك کە قەیدو شەرتی بۆ دانەنرابێ ، ئیحتیاط بکاو تەماشای ڕەزای وەکیل‌گرەکەو مەسلەحەتی ئافرەتەکە بکا • ئەگینا لە هەندێ ماددەدا عەقدەکە بەتاڵە وەکو لە حاڵی مارە بڕینی ژنەکەدا لە ناهاوکووف ، وە لە هەندێ ماددەدا دائەمەزرێ ، بەڵام وەکیلەکە تاوانبار ئەبێ • هەروەها ئەگەر مێردەکە کەسێکی کرد بە وەکیل بۆ قوبووڵی نیکاحی ئافرەتێك ، ئەویش واجبە لەسەری یا بە (مهر المثل) یا بە کەمتر لە (مهر المثل) قوبووڵی نیکاحەکەی بۆ بکا • وە ئەگەر بە زیاتر لەو ئەندازەیە بۆی قوبووڵ کرد عەقدەکە دروستەو دێتەوە سەر (مهر المثل) مەگەر لەحاڵێکا کە مێردەکە ئەو وەکیل گرتنەی بە شەرتی ناوبردنی ئەندازەیەکی تایبەتی کردبێ ، ئەوە لەکاتێکا کە وەکیلەکە لێی لابدا عەقدەکە بەتاڵ ئەبێتەوە •

ئەگەر ئافرەتێك بە صوورەتی تەعلیق ئیذنی وەلیئەمرەکەیدا ، مەسەلا وتی هەرکاتێ مێردەکەم تەڵاقی دامو (عدّە)م بەسەرچوو تۆ مارەم ببڕە ، ئەوە ئەو ئیذنە دروستەو وەلی ئەمرەکە ئەتوانێ لەسەر بڕیاری ناوبراو مارەی ببڕێ • بەڵام ئەگەر وەلیئەمر بە صوورەتی تەعلیق وەکیل بگرێ مەسەلا بڵێ هەروەختێ کچەکەم تەڵاقدراو (عدّە)ی بەسەرچوو ، تۆ وەکیلی منی لە مارە بڕینیا ئەوە ئەم وەکیل‌گرتنە بەپێی فەرموودەی هەموو زانایانی شەرع بەتاڵە • بەڵام شێخی (ابن حجر) لەسەرئەوەیە هەرچەند وەکیل گرتنەکە بەتاڵەو ئیذنەکەی لە بارەی وەکیل‌گرتنەکەیەوە دانامەزرێ ، بەڵام ئیذنێکی تێکرایی لەمقسەیەوە دەرئەکەوێ ، لەبەرئەوە ئەگەر وەکیلەکە لەسەر ئەو بڕیارە کچەکە مارە

بەری دروستە ، وە ئەم مەبەستەی باس‌کردووە لە (کتاب الوکالة)دا لە کتیبی (تحفة) هەروەها لە (کتاب النکاح)یشدا • (رملی)و (خطیب)و چەند زانایەکی‌تریش لەسەر ئەوەن هەروەکو وەکیل گرتنەکە بەتالە ، تەصەروفی کابرای وەکیلیش بەتالە لەبەرئەوە کە ئەو ئیذنە لە وەکیل گرتنەکەوە وەرئەگیری، وە کە وەکیل‌گرتنەکەیش نەبوو ، ئیذنیش نابی•

هەرچون بی بو ئەصلی دامەزران‌و دانەمەزرانی عەقدەکە هەرکەسی بە ئارەزووی خویەتی بەگویرەی فەرموودەی شـــیخی (ابن حجر)، ئەجوولیتەوە یا بەگویرەی فەرموودەی (رملی) • وە لەمەســئەلەیەدا مەگەر قاضی بتوانی حوکمیکی قەطعی بدا بە لایەکا •

(بزانن) هەروەکو چون لە مەسئەلەی بی‌گوی‌یی کردنی شەرتی وەکالەت‌دا عەقدەکە بەتال ئەبیتەوە ، لە هەرلایەکیشا وەکیلەکە بەئاشکرا لابدا لە شەرتی کابرای وەکیل‌گر عەقدەکە بەتال ئەبیتەوە • مەســەلا کابرای وەلی‌ئەمر بلی بە وەکیلەکە وەکیلم بە لە عەقدی ئەوکچەدا ، بەلام مارەی مەبرە ، هەتاوەکو فلان‌کەس ئەبی بە ضامنی مارەیی‌یەکـەی ، یاخود تا رەهنیك دائەنین لەجیاتی‌ی مارەیی‌یەکەی ، وە وەکیلەکـەیش گوی نەدا بەم‌شەرتانە ، ئەوە تەصەروفی وەکیلەکە بەتالەو عەقدەکـە دانامەزری •

(بیداری) هەروەکو ئیحتیـاط کردن پیویسـتە بو وەکیـل ، پیویستیشە بو ئەو مەلایەی کە عەقدی نیکاحەکە ئەکا ، وە پیویستە کـە هاتنە لای بو کردنی عەقدی نیکاحەکە بپرسی ئاخو ئەو ئافرتـە کچـە یاخود بیوەژنە ، وە ئەگەر کچە ئاخو بچووکە یاخود بـالغ بووە ، وە ئاخو (ولی مجبر) مارەی ئەکا یا یەکیکی‌تر ، وە لەصوورەتیکا کـە (ولی مجبر) مارەی بکاو کچەکە نابالغ بی ، یاخود بالغ بووبی ، بـەلام

بە بێ‌پرس بیدەن بە شوو ، ئاخو مەرجەکانی توانای مەجبوورکردن لەلایەن وەلی‌ئەمرەکەوە ، وەك کەفائەت‌و دەسەڵات شکانی داخوازی‌کەر بەسەر (مهر المثل)دا ، لەم عەقدەدا هاتوونەتەجی یا نە • هەروەها ئەبێ بپرسی ئەگەر ئافرەتەکە بیوەژن بێ ، ئاخو میردی مردووە یاخود تەلاق دراوە ، وە بە هەرحال (عدّە)ی بەسەر چووە یا نە ، بوئەوەی بەرچاوی روشن بێ ، چونکە گەلی جار بە بێ پرسیار عەقدی نیکاح ئەکری‌و لەدوایدا دەرئەکەوی ئەو عەقدە دانەمەزراوەو هەراو ئاژاوەیەکی زوری لی پەیدا ئەبێ •

هەروەها ئەگەر مەلاکە وەلی ئەمرو شاهیدەکان‌و ژن‌و میردەکە نەناسی ، پیویستە بەکورتی هەردوو کەلیمەی شەهادەت‌و مەعنایان‌و ئەرکانی ئیمان‌و ئیسلامیان بو باس بکاو ئەوانیش بین بەشوینیا ، ئەمجا وەلی‌ئەمرەکە فیر بکا کە توبە بکا لە گوناهانی رابوردووی ، هەروەها شاهیدەکانیش • جا لەپیشا وەلی ئەمرەکە تەقلید بکا ئەمجار ئافرەتەکەش ئەگەر (مجبرة) نەبوو ، ئیذنی وەلی‌ئەمرەکەی بدا کە مارەی ببری ، ئەوجا میردەکەو شاهیدەکانیش هەموو تەقلید بکەن • جا وەلی ئەمرەکە دوو سی کەلیمە قسەبکا لەبارەی ئەو ژن بەشوودانەوەو[1] صیغەی (ایجاب)ی عەقدەکە بلی‌و پاش ئەوە بە بی‌فەصل کەوتن میردەکەیش قوبوولی نیکاحەکە بکا •

جا ئەگەر وەلی ئەمرو میردەکە خویان هاتبوون وەلی ئەمر ئەلی وا فلانی کچی خوم (انکاح) کرد لەتو لەسەر ئەوەندە مارەیی‌و میردەکەیش گورج ئەلی وا قەبوولم کرد لە تو (انکاح)ی کچەکەت کە فلانە بوخوم لەسەر ئەوەندە مارەیی • وە ئەگەر وەکیلی وەلی‌ئەمرەکەو میردەکە

---

(١) مەبەس لە حەمدو ثەنای خواو درووده بو گیانی پاکی پیغەمبەرو داوای خوپاراستن لە گوناه •

هاتبوون وەکیلی وەلی‌ئەمرەکە ئەلی وا فلانی کچی (موکل)ەکەی خوم (انکاح) کرد لە فلان‌کەس کە توی کردووە بە وەکیل لەسەر ئەوەنـدە مارەیی‌و ، وەکیلی میردەکەیش گورج ئەلی وا قوبوولم کرد لە تو نیکاحی فلانی کچی فلان کە توی کردووە بە وەکیل بو فلان‌کەس کـــە منی کردووە بە وەکیل لەسەر ئەوەندە مارەیی •

وە ئەگەر وەلی ئەمرەکە خوی هاتبوو میردەکە وەکیلی ناردبـــوو ، وەلی ئەمرەکە بلی وا فلانی کچی خوم (انکاح) کرد لە فلان‌کەس کـە توی کردووە بە وەکیل لەسەر ئەوەندە مارەیی‌و وەکیلەکـەیش گورج بلی وا قوبوولم کرد لە تو (انکاح)ی فلانی کچت بو فلان‌کەس کە منی کردووە بە وەکیل لەسەر ئەوەندە مارەیی • وە ئەگەر وەلی‌ئەمرەکـــە وەکیلی ناردبوو میردەکە خوی هاتبوو ، وەکیلی وەلی‌ئەمرەکە بلی وا فلانی کچی فلان کە منی کردووە بە وەکیل (انکاح)م کرد لە تو لەســـەر ئەوەندە مارەیی‌و ، میردەکەیش گورج بلی وا قوبوولم کـــرد لـــە تـو (انکاح)ی فلانی کچی فلان کە توی کردووە بە وەکیل بو خوم لەسـەر ئەوەندە مارەیی •

باسی نیکاحی کافری کە موسولمان بووبی

ئەگەر کافریك موسولمان بوو ، وە ژنیکی (کتابیّە)ی وای هینابوو کە لەئەساسا نیکاحی دروست بی ، ئەوە نیکاحـەکـەی دەوام ئەکا • وە ئەگەر ژنەکەی (کتابیّە) نەبوو یا (کتابیّە)یەکی‌وا بوو کـە نیکاحی نەدەهات بو موسولمان ، بەلام لەگەل میردەکەیـا موســــــولمان بووبوو ، بەم‌رەنگە دواکەلیمەی شەهادەتیان پیکەوە بەدەما هاتبوو ، ئەمەیش هـەر نیکاحەکەی دەوام ئەکا •

وە ئەگەر دواکەوتبوو لە میردەکەی ، ئەمە تەماشا ئەکەین ئەگـەر

میردەکەی نەچووبووە لای دەس‌بەجێ نیکاحەکەی هەڵئەوەشێتەوە • وە ئەگەر چووبووەلای رائەوەستێن ، ئەگەر لە ماوەی (عدّە)دا موسوڵمان بوو ئەوە نیکاحەکەی دەوام ئەکا ، وە ئەگەر موسوڵمان نەبوو تا (عدّە)کەی تەواو بوو ، ئەوە لەکاتی موسوڵمانبوونی میردەکەیەوە لەیەك جیا بوونەتەوە • وە ئەگەر ژنەکە موسوڵمانبوو میردەکەی دواکەوت ، عەینی ئەم تەفصیلەی تیا جاری ئەبێ •

موسوڵمان بوونی منداڵیش بە موسوڵمان بوونی یەکێك لە باوكو دایکیەوەیەتی‌و وەکو موسوڵمانبوونی سەربەخۆیە • کەواتە ئەگەر کچە کافریکی نابالغ مارە کرا لە کورە کافریکی نابالغ وە باوكو دایکی هەردوکیان موسوڵمان بوون ، ئەوە مادەم بەیەکەوە موسوڵمان بوون نیکاحی منداڵەکان دەوام ئەکا ، وە ئەگەر بەرودوا موسوڵمان بوون ئەوە جیایی لەبەینیانا دیتەجێ •

جا هەرکاتێ بەهۆی موسوڵمان بوونەوە جیایی کەوتە بەینی ژنو پیاوەکە ، ئەوە ئیتر ئەو مانیعەی کە وەختێ خۆی لە عەقدی نیکاحەکەیاندا بووبێ‌و بە فەرموودەی هەموو ئیمامەکان مانیعی دامەزرانی نیکاح بووبێ ، نابێ بە مانیع بو بەردەوامیی نیکاحەکەیان ، مادەم ئیستە نەمابێ‌و ژنەکەیش لەوانەبێ کە ئیستە نیکاحی حەلال بێ بو ئەم کابرایە ، یا شتێکی‌وای لەگەڵدا نەبێ کە مانیعی هەمیشەیی بێ لە عەقدی ژنەکە بو کابرا • (بناء علیە) نیکاحی کافری کە موسوڵمان ببێ ئەبێ بە دوو بەشەوە • یەکەم نیکاحێکە کە دەوام ئەکاو دووهەم نیکاحێکە کە تێك‌ئەچێ • لە میسالی بەشی یەکەمە ئەم چەند حاڵەتە :

یەکەم : نیکاحێك کە نە لە وەختێ خۆیاو نە ئیستە مانیعی دامەزرانی لەگەڵ نەبووبێ • دووهەم : نیکاحێك کە لە وەختێ خۆیدا مانیعێکی لەگەڵدا بووە ، بەڵام بە مەذهەبی یەکێك لە پێشەوایانی دین ئەبێ بە

مانیع نەك بە مەذهەبی هەموویان ، وەك نیكاحی بی وەلی ئەمر كە لای حەنەفی یەكان دائەمەزری ، یا نیكاحی بی شاهید كە لای مالك دائەمەزری ، یا نیكاحی بی وەلیو بی شاهید كە لای (داود الظاهری) دائەمەزری • ئەم نیكاحانە هەموو بەردەوام ئەبن چونكە مانیعەكەیان بە ئیجماعی هەموو زانایانی شەرع مانیع نی یە ، بەلكو تەنها لای هەندیكیان مانیعە ، وە ئەوشتەیش كە ئەبی بەهوی دانەمەزرانی عەقد ئەبی بە هەموو مەذهەبیك عەقد تیك بدا • ئەو كافرەیش كە موسولمان بووە ، دینی ئیسلامی لە ئەستوی خوی گرتووە بە بی ئەوەی بیبەستی بە مەذهەبی ئیمامیكی تایبەتی یەوەو مەذهەبی ئیمامیكی تایبەتیی وەرنەگرتووە • بەلی ئەگەر لەپاش موسولمان بوونەكەی گورج چووەسەر مەذهەبی یەكیك لەو ئیمامانە ئەوە پیویستە بەوجورە بجوولیتەوە ، وەكو موسولمانیكی خویندەوار كە بەهوی خەریك بوونی عیلمەوە پایەی بەرز بیتەوەو بیری بچیتە سەر مەذهەبی ئیمامیك واجبە لەسەری بەگویرەی مەذهەبی ئەو ئیمامە بجوولیتەوە • یاخود لە دلی خویا لە تەقلیدكردنی ئیمامیك پەشیمان بووەوەو بە تیگەیشتنی خوی حالی هاتەسەر ئەوە كە مەذهەبی ئیمامیكی تر پەسەندترە ، ئەوە هەر ژنی كە لەسەر تەقلیدە پیشووەكەی مارەی كردووە حەرام ئەبی لی ی ، وەكو لە عیبارەتی هەندی لەوزانایانەوە دەرئەكەوی كە لەم مەسەلەیە كولیونەتەوە •

سیهەم : نیكاحیك كە لە (عدّە)ی غەیردا كرابیو ئیستە (عدّە)كەی تەواو بووبی • چوارەم : نیكاحی وەختی (موقّت) ئەگەر لە ئایینی خویانا بە هەمیشەیی یان زانیبیو باس كردنی وەختەكەیان بە شتیكی عادەتی دانابی ، یاخود بە وەختی یان زانیبی، بەلام لەكاتی موسولمان بوونیانا وەختەكە بەسەرچووبی • ئەم نیكاحە بەردەوام ئەبی لەبەرئەوە یا بە هەمیشەیی یان داناوە ، یاخود ئیستە وەختەكەی بەسەرچووە • بەلی ئەگەر

لەکاتی موسولمان بوونیانا وەختەکە بەسەرنەچووبی ئەوە جیا ئەکرینەوە لە یەكو سەرلەنوی ئەگەر مەیلیان ببی ژنەکە مارە ئەکریتەوە بو کابرا •

هەندی لە زانایانی شەرع ئەم حالەتەیان بە حالەتی نەبوونی تیکدەری نیکاح داناوە لەبەرئەوەوە کە (ابن عباس) خوایان لی رازی بی فتوای پیداوە ، بەلام فەرموودەی راستتر ئەوەیە بەر حالەتی بوونی تیکدەری نیکاح ئەکەوی چونکە (ابن عباس) پەشیمان بووەتەوە لە فتواکەی ، یاخود ئەگەر لەفەرزیکا کە پەشیمان نەبووبیتەوە ، قسەی تەنها ئەو بەرابەر بە یەك کەوتنی قسەی هەموو ئەصحابەکان کە نیکاحی وەختی‌یان بە حەرام زانیوە - تەئثیری نی‌یە • بیجگە لەمەش مەذهەبی ئەم ذاتە کونەکراوەتەوە ، بەلام (داود الظاهری) مەذهەبی کوکراوەتەوەو ماوەیەکی زور رەفتاری پی‌کراوە لە ولاتانی روژاوای ئیسلامدا ، لەوەپاش کەموکورتی رووی تی‌کردووە یا هەر فەوتاوە •

پینجەم : نیکاحی بیوەژنیکە بە بی‌ئیذنی خوی مارەکرابی • شەشەم : نیکاحی کچیکی نابالغە کە غەیری باوكو باپیرە مارەیان کردبی• حەوتەم : نیکاحی کچیکی بالغە کە غەیری (ولی مجبر) بە بی‌ئیذن مارەی کردبی• هەشتەم : نیکاحی ژنیکە کە وەلی‌یەکەی زوری لی‌کرابی‌و بە زور عەقدەکەی کردبی • ئەمانە هەموو دەوامیان پی‌ئەدری لەبەرئەوە کە پاش نیکاحەکە مانیعەکە نەماوەو ژنو پیاوەکە ری‌کەوتوون • کەواتە ئەمانە ئەگەر لەپاش نیکاحەکە هەر نارەزا بوونو ئیستەش کە موسولمان بوون هەر نارازی بوون لە یەك ئەوە جیائەکرینەوە لە یەك •

نوهەم : نیکاحیکە وەختی خوی مانیعی تیا نەبوە ، بەلام روژیك بەر لە موسولمان‌بوونی پیاوو ژنەکە (عدّە)ی شوبهە ئەکەویتە سەر ئافرەتەکە • ئەم نیکاحەیش هەر دەوام ئەکا لەبەرئەوە کە (عدە)ی شوبهە هەرچەند مانیعی ئەوەیە کابرا بڕواتە لای ژنەکەی ، بەلام نابی بە

مانیعو ری گری هەمیشەی نیکاحەکە • دەهەم : نیکاحی کافریکە بەتەنها خوی موسولمان بووبیو ئیحرامی بەستبی بو حەج ، جا ژنەکەیشی لەکاتی ئیحرامەکەی ئەودا موسولمان بووبی ، ئەوەیش هەر دەوام ئەکا لەبەرئەوە کە ئیحرام هەرچەند مانیعی نیکاحە ، بەلام مانیعیکی وەختی‌یەو مانیعی هەمیشەیی نی‌یە •

لە میسالانی بەشی دووهەمیشە ئەم چەند میسالە • یەکەم : نیکاحی ئافرەتی کە مەحرەمی کابرا بووبی وەکو دایكو خوشكو پوورو کچو کچەزا ، لەبەرئەوە کە وەختی خوی مانیعیکی قەطعی هەبوە بو دامەزرانی ئەو نیکاحەو ئیستایش مانیعەکە بەردەوامە • دووهەم : نیکاحی ژنیکە کە خالی بووبی لە مانیع ، بەلام لەدواییدا بەپیی شەریعەتی ئیسلام مانیعیکی هەمیشەیی بەسەرا هاتبی ، هەرچەند بەپیی ئایینی پیشووی کابرایش مانیع نەبی وەکو ئەوە دایکی کابرا شیری دابی بە ژنەکەی ، یا باوکەکەی یا کورەکەی بەشوبهە چووبنە لای ژنەکەی •

چوارەم : نیکاحی ژنیکە وەختی خوی مانیعی تیدا نەبوەو مارەی کردووە ، بەلام لەپاشا سی تەلاقەی ئەداو بە بی (تحلیل) لای خوی ئەیهیلیتەوە • ئەم نیکاحانە هەموو بە بەتال ئەژمیررین •

باسی ئەوە کە کافر موسولمان ببیو زیاتر لە چوار ژنی ببی

ئەگەر کافریك موسولمان بوو ، وە زیاتر لە چوار ژنی هەبوو کە ئەندازەی شەرعیی ژن راگرتنە ، ئەوە ئەگەر ژنەکان هەموویان لەگەلیا موسولمان بوون ، خوای چووبیتە لایان یا نەچووبیتە لایان ، یاخود لەپاش ئەو موسولمان بوونو چووبووە لای هەموویانو موسولمان بوونەکەیان

لەپیش تەواوبوونی ماوەی (عدّە)ی ئەو جیابوونەوەیە بوو کە بەهوی موسولمان بوونی میردەکەیانەوە پەیدا بووە ، یاخود موســـولمان نەبوون ، بەلام (کتابیّە)یەکیوا بوون کە نیکاحیان بو موسولمان دروست بی لــەم صوورەتانەدا واجبە لەسەری چواریان لی هەلبژیری بو ژنیەتیی خوی ، وە هەر کە ئەو چوارەی هەلبژارد نیکاحی ئەوانیتریان هەلئەوەشیتەوە •

وە ئەگەر نەچووبوە لایانو تەنها چواریان موسولمان بوون لەگەلیا ، یا چووبوە لایانو هەر تەنها چواریان لەگــەلیا یا لە ماوەی (عــدّە)دا موسولمان بوون ، ئەوە هەر نیکاحی ئەم چوارەیان دائەمەزریو نیــکاحی ئەوانیتریان هەلئەوەشیتەوە • وە ئەگەر دایكو کچیك بە جووت ژنی بوونو هەردوکیان (کتابیّە) بوون یا (کتابیّة) نەبوون بەلام موسولمان بوون ئەوە ئەگەر کابرا چووبوە لای هەردوکیان ئەوە هەردوکیان حەرام ئەبن لیی بو هەمیشە • هەروەها ئەگەر تەنها چووبیتە لای دایکەکە • وە ئەگەر نەچووبیتەلای هیچیان یا تەنها چووبیتە لای کچەکە ئەوە هــــەر نیکاحی کچەکە دائەمەزری • صیغەی هەلبژاردنی ئەوژنانەیش کــــە هەلیانئەبژیری ئەوەیە بلی وا ئەو ژنانەم هەلبژارد یا نیکاحیانم دامەزراند یا رام گرتن •

وە ئەگەر هەندیکیانی تەلاقدا ، ئەوە ئەو تــەلاقدانــە ئــەبی بــە هەلبژاردن بویان لەبەرئەوە کە تەلاق بەسەر نیکاحا ئەروا • بەلام ئەگەر (ظهار)یان لەگەلدا بکا ، واتە بلی ئیوە بو من وەك پشــتی دایــکم وان ، یاخود (ایلاء)یان لەگەلدا بکا واتە سویند بخوا کە تا زیاتر لە چـــوار مانگ تینەپەری نایەمە لاتان ئەوە نابی بە هەلبژاردن ، چونکە ئەم لەفظانە تەنها دووری ئەگەیەننو لە راستیدا دوورکەوتنەوە لە ژن ئەوە ئەگەیەنی کە بیگانەیە لیی •

بەستنەوەی هەلبژاردنی هەندی لەو ژنانە یا هەلوەشـــــاندنەوەی

نیکاحیان بەشەرتیکەوە ، هیچ کەلکیکی نی یە وەکو ئەوە کە بلی هەرکاتیك شەوی جەژن هات ئـەو ژنـەم هـەلبژاردوە ، یـا نیـکاحـەکـەیم هەلوەشاندوەتەوە • وە ئەگەر کابرا هات زیاتر لە چواریانی هەلبژارد ، ئەوە نیکاحی ئەوانی تریان هەلئەوەشیتەوە • ئەنجا واجبـە لەسـەری مەسرەفی ئەم هەلبژیرراوانە بدا تا لەناو ئەمانیشا چواریان دیاری ئەکا • وە ئەگەر گوی ی نەدانی ئەخریتە بەندیخانەوە •

وە ئەگەر لەپیش هەلبژاردنی چوارەکەدا مرد ، ئەوە هەر ژنیکیان سکی هەبی (عدّە)ی تەواو ئەبی بە جیابوونەوەی سکەکەی • وە هەر ژنی کە نەچووبیتە لای و هەر ژنی کە (عدّە)ی بە مانگ بی ئەبی چوار مانگ و دە روژ راوەستن • وە هەر ژنی کە لە حەیزدا بی (عـدّە)ی تەواو ئەبی بە رابواردنی ماوەی زورتری بەینی (عدّە)ی حەیزو پـاك بوونەوە یا (عدّە)ی مردن کە چوار مانگ و دە روژە • وە لـە میراتی کابرایش بەشی چوار ژن جیا ئەکریتەوە ، بەلام رائەگیری تا ئەم ژنانـە لەناو خویانا ری ئەکەون ، چونکە ئیمە بە ساغی نازانین کابرا لەناو ئـەم ژنانەدا کامیانی هەلئەبژاردو ئـەی کردن بە ژنی خوی و دەس بەرداری کامیان ئەبوو •

نیکاحی ئەوژنە کافرانەش کە بە کافری ماونەتەوە بە دروسـت ئەزانین و ئاثاری نیکاحی ئیسلامی بەسەرا ئەروا ئەگەر ئەوشەرتانەیان تیا بیتەجی کە بریار دراون بو دامەزرانی نیکاحی ژنی کافر ، هەروەها ئەگەر ئەوشەرتانەیش نەیەنەجی بەگویرەی ئەو فەرموودەیـە کـە پشـتی پی بەستراوە • کەواتە ئەگەر ژنەکەی تەلاقدا بە سی تەلاقەو لـەپاشـا موسولمان بوون ئەوە ژنەکە حەلال نابی بەهوی مارەبەجاش نەبی • هەر ژنی کە پاش موسولمان بوون نیکاحەکـەی جی گیر کرا ، ئـەوە ئـەو مارەیی یەی کە ناوبراوە لە نیکاحەکەیدا بەتەواوی ئـەیکەوی ئـەگـەر

دروست بی وەرگرتنی ئەو مارەیی‌یە ، وە مارەیی‌یەك کە دروست نەبی وەکو شەراب ئەوە ئەگەر وەختی خوی لەپیش موسولمان بوونیا وەری گرتبی ئیستە هیچی ناکەوی ، وە ئەگەر وەری نەگرتبی ئیستە (مهر المثل)ی ئەکەوی • وە ئەگەر هەندیکی وەرگرتبی ئەوە بەشی باقی‌یەکەی ئەکەوی لە (مهر المثل) •

هەر ژنی کە بەهوی موسولمان بوونەوە نیکاحەکەی هەلوەشیتەوە ئەوە ئەگەر وەختی خوی چووبیتە لای و مارەیی‌یەکەی دروست بووبی هەمووی ئەکەوی ، ئەگینا (مهر المثل)ی ئەکەوی • وە ئەگەر نەچووبیتە لای ئەوە تەماشا ئەکەین ئەگەر هەلگیرانی نیکاحەکەی بەهوی موسولمان بوونی ژنەکەوە بووبی هیچی ناکەوی ، وە ئەگەر بەهوی موسولمان بوونی کابراوە بووبی نیوەی مارەیی‌یەکەی ئەکەوی ئەگەر مارەیی‌یەکەی دروست بووبی ، ئەگینا نیوەی (مهر المثل)ی ئەکەوی •

باسی نەفەقەی ئافرەتی کافر لەپاش موسولمان بوون

ئەگەر ژنو پیاویك بەیەکەوە موسولمان بوون ئەوە نەفەقەی ژنەکە دەوام ئەکا • وە ئەگەر کابرا موسولمان بوو ژنەکە بە کافری مایەوە تا (عدّە)ی بەسەرچوو ، یاخود لە ماوەی (عدّە)دا موسولمان بوو ، ئەوە نەفەقەی ماوەی دواکەوتنی ناکەوی خواه هەمووی ماوەی (عدّە) بی یا هەندیکی • وە ئەگەر ژنەکە موسولمان بوو ، وە کابرا بە کافری مایەوە تا (عدّە)ی ژنەکە تەواو بوو ، یاخود لەماوەی (عدّە)کەدا موسولمان بوو ، ئەوە نەفەقەی ژنەکە لە هەردوو حالەتەکەدا دەوام ئەکا لە هەموو ماوەی (عدّە) کەدا • وە ئەگەر ژنیك پاشگەز (مرتد) بووەوە ئەوە ئیتر نەفەقەی ناکەوی • جا ئەگەر لە (عدّە)دا موسولمان بووەوە ئەوە

لەو وەختەوە نەفەقەی ئەکەوی کە موسولمان بووەتەوە ، ئەگینا هیچ ••
وە ئەگەر کابرا پاشگەز بووەوە ، ئەوە ژنەکە نەفەقەی ماوەی (عدّه)ی
ئەکەوی ، ئیتر کابرا موسولمان بیتەوە یا نە •

باسی حەقی پەشیمان بوونەوەی پیاو یا ژن لە نیکاح

ئەگەر پیاوەکە یا ژنەکە عەیبیکی دوزی‌یەوە بەویانەوە ، لەو حەوت عەیبەی لەمەولا باسیان ئەکەین ، ئەوە حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی هەیە • ئەم حەوت عەیبە بو هەرکام لە ژنو پیاو پینجیان دیتەجی • یەکەم : شیتی‌یە کە بریتی‌یە لە نەخوشی‌یەکی‌وا شوعوور لەدلدا ناهیلی ، بەلام هیزو جوولەی ئەندامی لەش نافەوتی ، خواە ئەم شیتی‌یە هەمیشەیی بی یا پچر ـ پچر بی ، وە بەتەواوی جی‌گیربووبی لەوکەسەدا یا نە ، وە وەك شیتی وایە (صرع) واتە پەرکەم یا (فی) ، هەروەها (خبل) واتە دەماغ تیك‌چوون ، هەرچەند بەهوی دەرمان خواردنەوە تووشی ئەم دەردانە بووبی •

دووهەم : گولی کە نەخوشی‌یەکە لەشی ئینسان سوور ئەکاتەوەو رەش ئەبیتەوەو شەق ئەباو پارچە پارچە دائەکەوی • فەرموودەی بەهیز ئەوەیە مادەم دوو دوکتوری باوەر پی‌کراو وتیان ئەم نەخوشی‌یە گولی‌یە ئیتر حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاح پەیدا ئەبی هەرچەند هیشتا نەخوشی‌یەکە لە سەرەتایا بی • سیهەم : بەلەك‌بوون کە نەخوشی‌یەکە پیستی لەشی ئینسان سپی ئەکاتەوەو بەلەك‌بەلەکی ئەکاو خوینی لی‌ئەبری •

چوارەم : (رتق) واتە پەیدابوونی پارچە گوشتیك لەناو عەورەتی ئافرەتدا • لە حالەتی‌وادا کابرا ناتوانی زور بکا لە ژنەکە بەعەمەلیات

ئەو پارچە گوشتە دەربینی • بەلی ئەگەر ژنەکە خوی عەمەلیاتی کـــرد کابرا حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی نامینی • هەروەها ئـەگـــەر عەورەتی ئافرەتەکە ئەوەندە تەسك بوو کابـرا نەیئەتوانی بچیتـە لایو ئەگەر زوری بخستایەتە سەر یەکالای ئەکردەوەو بەرودوای ئەکرد بـە یەك ، ئەوە لەم کاتەشدا کابرا بوی هەیە نیکاحەکە هەلوەشـــــینیتەوە • هەروەها ژنەکەیش حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی هەیـە ئـەگـەر هینەکەی کابرا ئەوەندە گەورە بوو ژنەکە پیی هەلنەئەگیراو لەوانەبوو یەکالای بکاتەوە • پینجەم : (قرن) واتە ئیسقانیك لـەنـــاو عـەورەتی ژنەکەدا بی کە ریگای چوونەلای گرتبی •

شەشەم : (عنّە) واتە شلەپەتکەیی کە ئەوەتە ئالەتی کابرا راست نەبیتەوە • هەروەها ئەگەر کابرا ئیفلیج بوو ، وە بەهوی ئەوەوە ئالەتیشی راست نەبیتەوە • حەوتەم : برانی ئالەتی کابرایە خواە لەبنا برابی یـــا لەسەرەوە بەلام ئەوەندەی نەمابیتەوە کە بتوانی پیی بچیتە لای ژنەکە •

هەرکام لە ژنو میرد ئەگەر یەکی لەم عەیبـانەی بەویـانـەوە دی حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی هەیە بەوشەرتە لەپیش عەقدەکـەدا پیی نەزانیبی ، یاخود پیی زانیبی بەلام بەتـەواوی لیی حالی نەبووبی ، یاخود باش لیی حالی بووبی بەلام ئیستا دەردەکەی خراپتر بووبی یـــا تەشەنەی کردبیو جیگای تریشی گرتبیتەوە ، وە خواە ئەم پیاوە یـا ئەم ژنە کە عەیبەکە بەویانەوە ئەبینی خویشی هەمان عەیبی پیوەبی یا نە ، وە ئەگەر پیوەی بوو ئەوەندەی ئەویـــان بی یا خراپتر بی هـــەر حـەقی هەلوەشاندنەوەی هەیە ، لەبەرئەوە کە ئەو تەریزەی ئینسان ئەیکا لــــە نەخوشیی کەسیکیتر لە نەخوشیی خوی نایکا •

هەروەها ئەگەر لەپاش مارە برینو چوونەلا یەکی لەم عەیبـــانـە پەیدابوو ئەویتریان هەر حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحی هەیە • بـەلی

نەخوشی‌ی شلەپەتکەیی ئەگەر لەپاش چوونەلا پەیدا بووبی نابی بەهوی هەلوەشاندنەوەی نیکاح • هەروەها ئەگەر لەحالیکا کە ژنەکە پارچە گوشت یا ئیسقان لەناو عەورەتیا بوو ، پیاوەکەیش شلەپەتکە بوو یا ئالەتەکەی بڕابوو ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحیان نی‌یە •

وە ئەگەر عەیبەکە لەپیش مارە برین‌دا هەبوو ، وە زیادو کەمی نەکردبوو ، وە عەیبدارەکە ئەیوت کە ئەوی‌تر پی‌ی‌زانیوەو ئەمیش ئینکاری ئەکرد ، ئەوە باوەر بە سویندی ئینکارکەرەکە ئەکری • هەروەها حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاح هەیە بو وەلی‌ئەمری ژنەکەیش بەهوی ئەم عەیبانەوە ، تەنها بەهوی شلەپەتکەیی‌و بڕانی ئالەتەوە نەبی، ئەگەر لەپیش عەقدەکەدا بووبن یا لەگەل عەقدەکەدا پەیدا بووبن ، هەرچەند ژنەکەیش رازی بی بە میردەکەی بەو عەیبانەوە ، چونکە وەلی‌ئەمرەکە حەقی هەیە دەفعی عەیب‌و عار بکا لەخوی • وە ئەگەر نەخوشی‌یەکان لەپاش عەقدەکە پەیدا بووبن حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی نی‌یە • هەروەها ئەگەر وەلی‌ئەمرەکە (غیر مجبر) بوو ، وە ژنەکەیش لەپیش عەقدەکەدا رازی بوو بە عەیبی شیتی‌و گولی‌و بەلەکی ، ئەوە کابرای وەلی‌ئەمر حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی نی‌یە •

بەلام وەلی ئەمری مندالیکی نیرینە کە ژنیکی عەیبداری بو مارەکردبی ئەوە هەر عەقدەکەی دانامەزری تا پیویست بە هەلوەشاندنەوە بکا • وە ئەگەر ئەو عەیبە لەپاش عەقدەکە پەیدا بووبی تەماشا ئەکەین ئەگەر مندالەکە عەقل‌و فامی هەبوو ئەوە مەسەلەکە ئەکەویتە دەستی خوی هەرکاتیك بالغ بوو ئەتوانی نیکاحەکە هەلوەشینیتەوە ، وە ئەگەر شیت بوو ئەوە ظاهیری قەواعیدی شەرع ئەوەیە دروستە بو باوکەکەی بوی هەلوەشینیتەوە ، بوئەوە کە ئەو کورە بەستەزمانە بەهوی مانەوە

لەگەل ئەو ژنەدا تووشی ئەو دەردانە نەبی • بەلام زانایانی شـــەرع بەئاشکرا دانیان بەمەدا نەناوە

(بیداری) حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاح نی یە نە بو پیاوو نـە بو ژن بەهوی غەیری ئەم عەیبانەوە وەکو بونی دەمو بونی بن بالو ئیفلیجی و کەڕیو کویریو خوینی (استحاضه) هەرچـەنـد دریژە بکیشی ، یـا کەچەلیو گەرولیو سەوداو ئالوشو دەردی تر • هەروەهـا بـەهـوی خەسراوی یا بی سەلیقەیی یەوە •

شەرتی هەلوەشاندنەوەی نیکاح ئەوەیە بچنە لای قاضی تا دەردەکـە ئیسبات ببی لای ، جا ئەویش حوکم ئەدا بە هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکە• وە ئەگەر ئەو ولاتە قاضی تیا نەبوو کەسیك ئەکەن بە حەکـــەم • وە ئەگەر حەکەمیان دەس نەکەوت ، دروستە بو کابرا یا بو ژنەکە سەربەخو نیکاحەکەی هەلوەشینیتەوە ، مەسەلا پیاوەکە بلی وا فەسخی نیکاحی ئەم ژنەم لە خوم کردەوە ، یا ژنەکە بلی وا فەسخی نیکاحی ئەم پیاوەم لـــە خوم کردەوە •

(بزانن) ریگای ئیسبات بوونی گولیو بەلەکیو شیتی قسەی دوو دوکتوری خاوەن عەدالەتە ، هەروەها بە بینینیش ئیسبـــات ئـەبن • وە ریگای ئیسبات بوونی پارچە گوشتو پارچە ئیسقان لە عەورەتی ئافرەتدا یا پی لی نانی ژنەکەیە یا شەهادەتی چوارژنە ، وە ریگای ئیسـبات بوونی شلەپەتکەیی و بڕانی ئالەتی پیاوەکە ، لەپاش ئیدیعای ژنەکە یا پی لی نانی کابرایە یا بوونی دوو شاهیدە لەسەر پی لی نانەکەی ، یا سویند خواردنی ژنەکەیە ئەگەر پیاوەکە سویندی نەخوارد •

لەپاش ثابت بوونی شلەپەتکەیی پیاوەکە قاضی لەسەر داوای ژنەکە سالیکی بو دائەنی لەوسالەدا ژنەکە لای پیاوەکە ئەمینیتەوە ، جا ئەگــەر

لەماوەی ئەو سالەدا کابرا توانی بچێتە لای ژنەکە ئەوە باشە ، وە ئەگەر هەر بە شلەپەتکەیی مایەوە ، ژنەکە پیاوەکەی ئەباتەوە لای قاضی ، جا ئەگەر کابرا پێی‌لێ‌نا کە هیچی پێ‌ناکری ئەوە باشە ، وە ئەگەر وتی چوومەتە لای ژنەکەمو ژنەکەیش ئینکاری کرد ، ئەوە لەمصـــورەتەدا ئەگەر ژنەکە بێوەژن بووبوو ، یا کچێکی بێ‌بن (غوراء) بووبوو ، ئەوە کابرا لەسەر ئیدیعاکەی سوێند ئەدری‌و باوەر بە سوێندەکەی ئەکری • وە ئەگەر کچێکی عادەتی بوو ، ئەوە مادەم چوار ژن وتیان هەر کچـــە ئەوە کچەکە سوێند ئەدری کەوا ئەو کابرایە نەچووەتە لای ، ئەمجـــار قاضی نیکاحەکە هەل‌ئەوەشێنێتەوە •

وە ئەگەر لە ماوەی ئەو سالەدا ژنەکە نەرویشتە لای کابـــرا یـــا نەخۆش کەوت یا چوو بۆ سەفەر یاخود مەنع‌کرا لەوە کە لەلایا بێ ،ئەو ساله نازمێرری‌و پێویستە قاضی سالێکی‌تری بۆ دانێ • وە ئەگەر لــــە فەسلێکی تایبەتی‌یا لێی دوورکەوتەوە ، وەکو بەهار مەســـەلا ، ئـەوە پێویستە لەوفەسلەدا لە سالی داهاتوودا بڕواتەوە بولای مێردەکــەی • وە ئەگەر لەوسالەدا کابرا نەرویشتە لای ژنەکە لەسەری حیساب ئەکـری‌و لەپاش سالەکە قاضی نیکاحەکە هەل‌ئەوەشـــێنێتەوە • بەلێ (اذرعی) فەرموویەتی ئەگەر کابرا نەخۆش‌کەوت یا خرایە بەندیخانەوە یا تووشی سەفەرێکی ناچاری بوو ئەوە ئەو ماوەیەی بۆ حیساب ناکری •

ئەگەر کابرا ئیدیعای کرد کە ژنەکە ری‌ی‌نادا بچێتـەلای ئـەوە باوەری پێ‌ئەکری بە سوێند • جا قاضی سالێکی تازەی بۆ دائـەنێ ، وە ئەو ژنو پیاوە لەناو کۆمەلێك لە دەرو دراوسێی باوەر پێ‌کراوا دائەنێ بۆئەوەی ئاگایان لە وەزعیان هەبێ‌و لەسەر قسەی ئەوان موعامەلەیـــان لەگەل ئەکا •

ئەگەر لەپاش تیپەربوونی سالەکە ئەو ژنە رازی بوو بەو شلەپەتکەیی یە بە میردەکەیەوە ئەوە حەقی نامینی داوای هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی بکا ، بەلکو حەقی دواخستنی ئەو داوایەشی نامینی • وە ئەگەر پاش تەواوبوونی سالەکە گورج کابرای بردەوە بولای قاضیو شلەپەتکەیی یەکە ئیسبات بوو ، وە قاضی وتی وا لای من ئیسبات بوو کە ئەو کابرا شلەپەتکەیە ، ئیتر ژنەکە بوی هەیە سەربەخو نیکاحەکە هەلوەشینیتەوەو پیویست ناکا قاضی هەلیوەشینیتەوە •

حەقی پەشیمان بوونەوە لە هەموو ئەو عەیبانەدا کە باسمان کردن ، وە بردنی مەسەلەکە بو لای قاضی یا بو لای حەکەم یا بو لای ئەهلی ئەو شوینە ئەگەر شوینەکە قاضیو حەکەمی تیا نەبوو حەقیکی کوتوپری یەو دواخستن هەلناگری • کەواتە پیویستە لەسەر هەرکام لە ژنو میرد کە هاوریکەی عەیبدار ئەکا موراجەعە بکا • هەروەها لەپاش ثابت بوونی عەیبەکەیش حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکە کوتوپری یەو ئەگەر تەفرەی بدا حەقی نامینی • بەلی ئەگەر ئیددیعای کرد کە نەی زانیوە حەقی پەشیمان بوونەوەی هەیە یا نەی زانیوە کە حەقەکەی کوتوپری یە ئەوە لی ی قوبوول ئەکری ئەگەر لەوانە بی باوەری پی بکری ، مەسەلا کابرایەك بی لەگەل زانایانی شەرعدا هەلسانو دانیشتنی نەبی •

هەرکاتیك نیکاح هەلوەشینرایەوە ، بەهوی عەیبیکەوە لە ئافرەتەکەدا ئەگەر ئەو هەلوەشاندنەوەیە پیش ئەوە بی کابرا بچیتە لای ژنەکە ، ئەوە ژنەکە حەقی داوای مارەیی نابی • وە ئەگەر پاش چوونەلای بی ، ئەوە ئەگەر هەلوەشاندنەوەکە بەهوی عەیبیکەوە بووبی کە لەکاتی عەقدەکەدا بووبی خواە لەوەپیشیش بووبی یا هەر لەوکاتەدا پەیدا بووبی ، یاخود لەپاش عەقدەکەو پیش چوونەلای ژنەکەدا پەیدا بووبی ، یاخود لەکاتی چوونەلای ژنەکەدا پەیدا بووبی ، وە کابرایش لە هەموو ئەم

صوورەتانەدا بە عەیبەکەی نەزانیبی ، ئەوە ژنەکە (مهـر المثـل)ی ئەکەوی . وە ئەگەر بە عەیبەکەی زانیبی‌و لەگەل ئەوەشدا چووبیتە لای ، ئەوە حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی نامینی چونکە رازی بووە بەو عەیبەوە بچیتە لای ئافرەتەکە . وە ئەگەر بەهوی عەیبیکەوە نیکاحەکەی هەلوەشاندبیتەوە کـە پـاش چوونەلای پەیدا بووبی ، ئـەوە مـادەم مارەیی‌یەکە دروست بووبی مارەی لەسەر ببرن ، ژنەکە ئـەو مارەیی‌یەی ئـەکـەوی .

(بیداری) لە مەسەلەی شلەپـەتکەیی‌دا وتمان ئـەگـەر کابـرا ئیدیعای کرد کەوا چووەتە لای ژنەکەو ژنەکەیش ئینکاری کرد ئەوە کابرا باوەری پی‌ئەکری لەگەل ئەوەشدا کە مەشهوورە لەکاتیکا کـە ژن‌و پیاو قسەیان یەکنەکەوی لە مەسئەلەی چوونەلادا ، باوەر بەوەیـان ئەکری کە ئینکاری چوونەلا ئەکا . ئەمە لەبەرئەوەیە کە ئەم حـالـەتـە یەکیکە لـەو حەوت حالەتە کە باوەریان بە قسەی ئەوکەسە تیا ئەکری کە ئیدیعای چوونەلا ئەکا .

یەکیك لەو حەوت حالـەتـە ئـەوەبـوو کـە وتمان . حالـەتی دووهەمیشیان ئەوەتە کابرا لە مەسئەلەی (ایلاء [1])دا ئیدیعا بکا کەوا چووەتەلای ژنەکەی . حالەتی سیهەمیشیان ئەوەتە ژنەکە بلی میردەکـەم نەهاتووەتەلام‌و ئەوەندەش دەسەلاتی نی‌یە کە مـارەیی‌یـەکـەم بداتی ، لەبەرئەوە داوای هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەم ئەکەم ، وە کابرایش بـلی نەخەیر چوومەتەلای .

حالەتی چوارەم ئەوەتە پیاوو ژنەکە قسەیان یەکنەکـەوی لـەوەدا

---

(١) ایلاء : ئەوەیە کابرا سویند بخوا کەوا تا ماوەی زیـاتر لـە چوار مانگ ناچیتەلای ژنەکەی .

که ئاخو بەر لە چوونەلای تەلاقی داوە یا پاش چوونەلای • کابرا بلێت بەرلەوەی بیمەلات تەلاقم داوی‌و ژنەکە بلێ پاش‌ئەوەی کە هاتیتـەلام تەلاقت دام • ئەمە لەم حالەتەدا باوەر بە سوێندی ژنەکە ئەکری کە سوێند بخوا کە کابرا بەرلەوەی تەلاقی بدا چووەتەلای ، وە تەواوی مارەیی‌یەکەی ئەکەوی ، بەلام بەوشەرتە باوەری پی‌ئەکری کە ژنەکە منالیکی ببی قابیل‌بی بکری بە منالی ئەوکابرا بوئەوەی بە بی باوك دانەنری •

حالەتی پینجەم ئەوەتە ژن‌و پیاوەکە قسەیان یەك‌نەکەوی لەوەدا کە ئاخو لەپاش تەلاقی (سنّي) چووەتە لای یا نەچووەتەلای • مەسەلا کابرا بە ژنەکەی وت تەلاقت کەوتبی‌و تەلاقدانەکەی لە جوری تەلاق دانی (سنّي[١]) بی ، وە ئیدیعا بکا کە لە پاکی‌ی پیش تەلاقدانەکەیا چووەتەلای‌و تەلاقەکەی (سنّي) نەبوەو ناکەوی • ژنەکەیش بلێ نەهاتوویتە لام‌و تەلاقەکەم (سنی)یەو کەوتووە • ئەمە لەم‌حالەدا باوەر بە سوێندی کابرا ئەکری چونکە ئەصل تیك‌نەچوونی پەیوەندی بەینی ژن‌و پیاوە •

حالەتی شەشەم ئەوەتە کابرایەك ئافرەتیك مارە بکا بە شەرتی کچیتی‌و لەپاشا ئیدیعا بکا کە بیوەژن بووەو ژنەکەیش بلێ خوی هاتوەتەلام • ئەوە لەم‌حالەدا باوەر بە سوێندی ژنەکە ئەکری لەسەرئەوە کە کابرا چووەتەلای بوئەوەی نیکاحەکە هەل‌نەوەشیتەوە • باوەر بە سوێندی کابرایش ئەکری کەوا نەچوەتەلای بوئەوەی هەموو مارەیی‌یەکەی لەسەر نەبی بە مال‌و تەنها نیوەی بدا •

---

(١) تەلاق دوو جورە (سنی)و (بدعي) وە لەمەولا باسیان ئەکەین •

حاڵەتی حەوتەم یەکنەکەوتنی قسەی ئافرەت‌و میردی مارە بەجاش (محلل)ە ، واتە ئافرەتەکە بلی هاتووەتەلام‌و میردەکە بلی نەچوومەتەلای ، ئەمە لەم‌حاڵەتەدا باوەڕ بە سویندی ئافرەتەکە ئەکری •

باسی بەشەرت‌گرتنی هەندی صیفەت لە عەقدا لەگەل هەڵوەشاندنەوەی نیکاح لە هەندی حاڵەتیا

ئەگەر لەناو صیغەی عەقدی نیکاحدا شتیك بەشەرت گیرا ، ئەوە ئەگەر ئەو شتە شەرت بوو بو دامەزرانی نیکاحەکە وەکو باوکیك کچی شوو نەکردووی خوی بە بی‌ئیذنی کچەکە مارە ببری لە یەکیك بەوشەرتە کە ئەو یەکە هاوکووفی کچەکەی بی ، ئەوە ئەگەر شەرتەکە هاتەجی باشە ، ئەگینا نیکاحەکە بەتالە • وە ئەگەر شتەکە شەرت نەبوو بو دروست‌بوونی نیکاحەکە ، ئەوە یا بەشەرت گرتنی صیفەتیکە لە میردەکەدا یا لە ژنەکەدا یا لە مارەیی‌یەکەدا یا لە غەیری ئەمانەدا • جا ئەگەر بەشەرت‌گرتنی صیفەتیك بوو لە میردەکەدا یا لە ژنەکەدا وەکو نەسەب یا زانایی یاپیاوچاکی‌و خواپەرستی ، ئەوە ئەگەر شەرتەکە هاتەجی باشە ، ئەگینا نیکاحەکە هەر دروستە • جا ئەگەر میردەکە یا ژنەکە باشتر بوو لەوەی کە بەشەرت گیراوە ، ئەوە حەقی پەشیمانی لەم نیکاحەدا نی‌یە • وە ئەگەر کەمتر بوو لەوەی بەشەرت‌گیراوە ، دەس‌بەجی حەقی پەشیمان بوونەوە هەیەو پیویستیش بە قاضی ناکا وەکو لە (تحفە)دا وتراوە • حوکمی مارەییشی وەکو ئەوە وایە لە باسی (خیار العیب)دا باسمان‌کرد •

وە ئەگەر ژنەکە رازی بوو بەوپیاوە کە شەرتەکەی تیا نەهاتوەتەجی‌و وەلی‌ئەمرەکانی رازی نەبوون ، ئەوە حەقی هەڵوەشاندنەوەی نیکاحەکەیان

هەیە ئەگەر صیفەتە بەشەرت گیراوەکە هاوکووفی بێ لە نەسەبدا • وە ئەگەر بەشەرت گرتنی صیفەتێك بوو لە مارەیی‌یەکەدا وەکو بەشەرت گرتنی حەقی پەشیمان بوونەوە لە مارەیی‌یەکەدا ، مەسەلا کابرا بلێ وا ئەوژنەم لێ مارە کردی لەسەر چل دینار بەوشەرتە حەقی پەشیمان بوونەوەت بێ ، ئەگەر رازی بووی بەو مارەیی‌یە ئەوە باشە • ئەگینا مارەیی‌یەکە هەلوەشێتەوەو ژنەکە (مهر المثل) وەربگری ، ئەوە نیکاحەکە دروستە ، بەلام مارەیی‌یەکە ئەرواتە سەر (مهر المثل) •

وە ئەگەر غەیری ئەمانە بەشەرت گیرا لە نیکاحەکەدا ، ئەوە ئەگەر شەرتی پەشیمان بوونەوە بوو لە نیکاحەکەدا ، ئەوە ئەو نیکاحە بەتالە • هەروەها ئەگەر شەرتێکی‌تری وا بەشەرت گیرابوو کە پێچەوانەی مەبەستی نیکاحەکە بوو زیانیشی بەو مەبەستە ئەگەیاند وەکو بەشەرت گرتنی ئەوە کە کابرا نەچێتەلای ئافرەتەکە یا تەلاقی بدا • غەیری ئەم شەرتانەیش ئەگەر پێچەوانەی مەبەستی نیکاحەکە بوو ، بەلام زیانی نەئەگەیاند بەو مەبەستە وەکو بەشەرت گرتنی ئەوە کە کابرا ژن بەسەر ئەوژنەدا نەهێنێ یا مەسرەفی بۆ نەکا ، ئەوە نیکاحەکە دروستەو شەرتەکە بێ‌کەلکە • هەروەها مارەیی‌یەکەیش بەهۆی ئەوشەرتەوە تێك ئەچێ‌و ئەرواتە سەر (مهر المثل) •

وە ئەگەر شەرتەکە شەرتێکی‌وا بوو لەگەل مەبەستی نیکاحەکە یەك‌ئەکەوت وەکو ئەوە کە شەوەکان بە عەدالەت دابەش بکا لە بەینی ئەم ژنەو ژنی‌تریا ، یاخود هیچ مەبەستێکی پێوە نەبەسرابوو ، وەکو ئەوە فلانەجور خواردنی دەرخوارد بدا ، ئەوە ئەوشەرتە پووچەو نیکاحەکەش دامەزراوە •

(بیداری) ئەگەر ژنەکە یا مێردەکە صیفەتەکەیان بەشەرت نەگرت

لەناو عەقدەکەدا ، بەلکو هەر بەهوی بیستنەوە لـــە خەلك یا بەهـــوی بایی‌بوونەوە بە قسەی کەسێك قەناعەتیان کرد ، مەسەلا کابرایەك ژنێکی مارەکرد بە خەیالی ئەوە کە ئەو ژنە موسولمانە یا ئازادە ، کەچی دەرچوو (کتابیە)یەکی وایە کە نیکاح‌کردنی دروست بی ، یا دەرکەوت کـــە کەنیزەك (جاریە)یەو نیکاحیشی بو ئەم کابرایە دروســـت بوو ، ئـەوە حەقی پەشیمان بوونەوەو هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی نی‌یە •

هەروەها ئەگەر ژنێك ئیذنی دا مارە ببڕێ بو پیاوێك کە وای‌ئەزانی هاوکووفیەتی کەچی هاوکووفی نەبوو ، ئەوە حەقی پەشیمان بوونـەوەو هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی نی‌یە چونکە چ ئەمیش‌و چ پیاوەکەیش لە مسالی پێشوودا کەمتەرخەمی‌یان کردووە کە ورد نەبوونەتەوەو لـەنـاو عەقدەکەشدا بەشەرتیان نەگرتووە • بەلی ئەگەر کابرا بە بەندە یـا بـە عەیبدار دەرچوو ، وە ژنەکەیش گومانی وابوو کە ئازادە یاخود عەیبدار نی‌یە ، ئەوە ئەو ژنە حەقی پەشیمان بوونەوەی هەیەو ئەتوانی نیکاحەکەی خوی هەلوەشێنێتەوە •

وە ئەگەر کەسێك کابرای هەل‌خەلەتاند بەوە کە ئەو ئافرەتـــە کچە ، کەچی بێوەژن بوو ، وە کابرایش مارەیی‌یەکەی دابوویە ، ئەوە بوی نی‌یە مارەیی‌یەکە بێژێری بەوکەسە کە هەلی‌خەلەتاندووە چونـکە خوی کەمتەرخەمی‌ی کردووە لەوەدا کەوا لە مەسئەلەکە نەکولیوەتـەوە تـا باش لە ژنەکە ئاگادار ببی •

هەلوەشاندنەوەی نیکاح بەهوی دەس نەرویشتنی کابراوە بەسەر مارەییدا

دروستە بو ژن نیکاحی خوی هەلوەشێنێتەوە بەهوی ئەوەوە کـــە مێردەکەی لاتِ بی‌و نەتوانی مارەیی‌یەکەی بدا ، بـە سێ شـــــەرت •

یەکەم : مارەیی‌یەکەی حازری بێ • کەواتە هەڵوەشاندنەوەی نیکاح دروست نی‌یە لەبەر بێ‌دەسەڵاتی‌ی کابرا بەسەر مارەیی‌یەکدا کە وەختی خوی وادەی بو دانراوە بائیستەیش لەم کاتی لاتی‌یەی کابرادا وادەکەی هاتبی ، چونکە ژنەکە وەختی خوی رازی بووە بەوە کە ئەو مارەیی‌یە حازری نەبی‌و لەئەستوی کابرادا بی •

دووهەم : ئەوەیە هیچی لەو مارەیی‌یە حازری‌یە وەرنەگرتبی • ئەگەر هەندیکی لی وەرگرتبوو ئیتر ناتوانی بەهوی بی‌دەسەلاتی‌ی کابراوە کە ناتوانی پاشماوەکەی بدا نیکاحەکەی هەڵوەشینیتەوە •

سیهەم : ئەوەیە ئەم هەڵوەشاندنەوەی نیکاحە لەبەر دەسەلات نەشکانی میردەکە بی بەسەر مارەیی‌یەکەدا پیش چوونەلای ژنەکە • ئەگینا مادەم ژنەکە ریگای کابرای دا بچیتە لای‌و کابرایش چووەلای ، ئەوە حەقی هەڵوەشاندنەوەی نیکاحی نامینی لەبەرئەوە کە ژنەکە رازی بووە خوی بدا بەدەستەوە بەر لە وەرگرتنی مارەیی •• بەلی ئەگەر وەلی‌ئەمریك کچیکی نابالغی مارە کرد لە کەسیك ، وە بە بی تەماشا کردنی مەسلەحەتی کچەکە دای بەدەستەوەو کابرایش چووە لای ، ئەوە کاتیك کە بالغ بوو ئەتوانی خوی نەدا بەدەستەوە ، تا مارەیی‌یە حازری‌یەکەی ئەداتی ، وە ئەیشتوانی نیکاحەکەی هەڵوەشینیتەوە لەپاش ثابت‌بوونی لاتی‌و بی‌دەسەلاتی‌ی میردەکەی لای قاضی •

باسی هەڵوەشاندنەوەی نیکاح بەهۆی بێدەسەڵاتیی میردەوە لەسەر نەفەقەدانی ژنەکە

دروستە بۆ ژن فەسخی نیکاحی خۆی بکاتەوە بەهۆی ئەوەوە کە میردەکەی دەسەلاتی نەبێ ئەو ئەندازە نەفەقەیە پێبدا کە واجبە لەسەر پیاوی لات بۆ ژنی خۆی ، خوای ئەو نەفەقەیە جلوبەرگ بێ یا نوێن بێ یا جێگای تیا دانیشتن بێ یا خواردەمەنیی پێویست بێ بۆ ژیان • هەروەها ئەگەر کابرا خۆی لەوێ بوو ، وە ماڵەکەی دوو مەنزل ریگا یازیاتر دوور بوو ، وە ژنەکەیش خۆی رانەئەگرت تا ماڵەکەی کابرا ئەگەیشتە بەرەوەو کابرایش نەفەقەی بۆ ژنەکەی قەرز نەئەکرد ، ژنەکە بۆی هەیە نیکاحەکە هەڵوەشێنێتەوە • یا ئەگەر کابرا خۆیشیو ماڵەکەیشی ئەوەندەی دوو مەنزل ریگا یازیاتر دوور بوونو مەجالی ئەوە نەبوو کە ژنەکە نەفەقەی خۆی لێ بسێنێ ، یا ئەگەر کابرا بە لاتی رۆیشتبیو ماڵی نەبووبیو مەعلووم بێ کە ئێستەش لاتو بێدەسەڵاتە •

هەروەها ئەگەر کابرا بە دەوڵەمەندی رۆیشتبیو ئێستە ریوشوێنی نەزانرێ تا ئەو نەفەقەیە کە لەسەریەتی لێی وەربگیرێ ، ژنەکە ئەتوانێ نیکاحەکەی هەڵوەشێنێتەوە لەســـەر فەرموودەی (ابن الصـــلاح)و (زرکشی)[1] • هەروەها دروستە بۆ ژن نیکاحی خۆی هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر کابرا بە لاتی رۆیشتبیو ئێستا سەرو شوێنی دیار نەبیو نەزانین ئاخۆ دەوڵەمەندە یا هەژارە ، بەوشەرتە کە دوو شاهید شەهادەت بدەن

---

(١) زاناکانی شەرع قسەیان یەك نییە لەم مەسئەلەیەداو (تحفه) مەیلی بۆئەوەیە کە ژنەکە حەقی هەڵوەشاندنەوەی نیکاحەکەی نییە ، بەڵام (شیروانی) ئەڵێ فەرموودەی باوەرپێکراو ئەوەیە کە حەقی هەڵوەشاندنەوەی هەیە •

لەسەر ئەوە کە ئیساش لاتە هەرچەند شەهادەتەکەشیان لەسەر ئەساسی ئەوەبی کە شارەزای رەوشتینیو ئەزانن هەولنادا بو ئیشو هەر بە لاتی ئەمینیتەوە ، بەلام ئەبی لەکاتی شەهادەتەکەیاندا ئەوە نەلین کە لەسەر ئەو ئەساسە شەهادەت ئەدەن •

شەرتی هەلوەشاندنەوەی نیکاح بەهوی لاتیی میردەوە ئەوەیە ژنەکە موستەحەقی نەفەقە بیو مەسەلەکەش ببری بو لای قاضی ، وە ئەگەر قاضی نەبوو ببری بو لای حەکەمیکی دادپەروەر ، وە لاتیی کابرایش ثابت ببی بە پیلینانی خوی ئەگەر خوی لەویا بی یا بە شەهادەتی دوو شاهید ، ئەوکاتە واجبە کە قاضی یا حەکەمەکە مولەتی بدا تا سی روژ • جا ئەگەر هەر نەفەقەی دەس نەکەوت ئەوجارە لە سبەینیی روژی چوارەما ژنەکە ئەچیتەوە لای قاضی تا نیکاحەکە هەلوەشینیتەوە • بەلی ئەگەر لە سبەینیی روژی چوارەما نەفەقەی بو ئەو روژە دەس کەوت ، ژنەکە حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحی نامینی چونکە نەفەقەی روژەکانی پیشوو بووە بە قەرز لە ئەستوی کابرادا ، وە بەهوی نەفەقەی قەرزیشەوە حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاح نییە • وە ئەگەر دوو روژی بە بینەفەقە بردەسەرو روژی سیهەم نەفەقەی پیداو روژی چوارەم دیسان نەفەقەی نەبوو ، ئەوە ئەم روژە ئەخریتە سەر دوو روژە پیشووەکە ، وە لە روژی دواییدا حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەکەی بو پەیدا ئەبی • وە ئەگەر ئەو ولاتە نە قاضیو نە حەکەمی تیا نەبوو ، ئەوە ژنەکە ئەتوانی خوی نیکاحەکەی خوی هەلوەشینیتەوەو بلی : « وا نیکاحی خومم لە فلانکەس هەلوەشاندەوە » •

(بزانن) ژن حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحی نییە ئەگەر کابرا بتوانی نەفەقەی بداتی ، بەلام نەیداتی ، خوای خوی دەولەمەند بی یا لات بیو بتوانی بۆی وەربگریٚ لە خەلك یا مامناوەندی بی ، چونکە

ژنەکە ئەتوانی بەهوی قاضی‌یەوە نەفەقەی خوی وەربگری ، وە نەبوونی قاضی لە وڵاتیکا یا دەس‌نەرویشتنی بەسەر میردەکەدا شتیکی نایابەو لوی‌ی نادریتی • هەروەها ژن حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحی نی‌یە بەهوی نەفەقەی لەمەوپیشەوە کە میردەکەی نەیدابیتی‌و بووبی بە قەرز لەئەستویدا • هەروەها حەقی هەلوەشاندنەوەی نیکاحی نی‌یە ئەگەر میردەکەی ئەوەندەی کابرایەکی لات نەفەقەی بداتی ، هەرچەند لەوەپیش دەولەمەند یا مامناوەندی بووبی ، لەبەرئەوە کە مادەم واجبی ئەمروی ئەستوی ئەوەیە کە ئەیداتی ، ئەوە واجبی خوی جی‌بەجی کردووە •

هەروەها ژن بوی نی‌یە نیکاحی خوی هەلوەشینیتەوە ئەگەر میردەکەی رویشتبی بەلام دەولەمەند بی ، مادەم بە شاهید ئیسباتی ئەوە نەکری کە هەرچی داراییشی هەیە بو مەسافەی دوو مەنزل دووری خستوەتەوە •

(بزانن) هەلوەشاندنەوەی نیکاح جیایە لە تەلاق لە چوار رووەوە• یەکەم : بەهوی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەوە ژمارەی تەلاق کەم نابیتەوە ، هەرچەند زیاتر لە جاریکیش نیکاحەکە هەلوەشینریتەوە • دووەم : هەر هەلوەشاندنەوەیەکی نیکاح کە بەر لەوە بی پیاوەکە بچیتە لای ژنەکە نابی بەهوی ثابت بوونی مارەیی بەسەر میردەکەوە ، بەلام تەلاقی بەر لە چوونەلا ئەگەر سەبەبەکەی لە میردەکەوە بی ئەبی بەهوی ثابت بوونی نیوە مارەیی بەسەر پیاوەکەوە بو ژنەکە • سییەم : هەر هەلوەشاندنەوەیەکی نیکاح کە لەپاش چوونەلای ژنەکە بی بەهوی عەیبی کە لەپیش عەقدو چوونەلادا بی ، یا لەبەینیانا بی ، یا لەگەلیا بی ، ئەبی بەهوی ثابت بوونی (مهر المثل) ، هەرچەند ئەگەر بەهوی عەیبیکەوە بی کە پاش چوونەلاکە پەیدا بووبی ، ئەبی بەهوی ثابت بوونی ئەسلی مارەیی‌یەکە • بەلام تەلاقی پاش چوونەلای ئافرەتەکە ئەبی بەهوی ثابت‌بوونی مارەیی‌یەکە ئەگەر مارەیی‌یەکە خوی دروست بووبی•

چوارەم : هەر هەڵوەشاندنەوەیەکی نیکاح کە بەهوی عـەیبیــکەوە بی کەلەپیش عەقدەکە یا لەگەل عەقدەکەدا بووبی، نابی بەهوی حەقی نەفەقەو ژنەکە نەفەقەی ناکەوی هەرچەند دووگیانیش بی ، تەنها حەقی جیگەی دانیشتن نەبی • بەلام لە تەلاقدا حەقی جیگەی دانیشتنو نەفەقەی‌تریشی هــەیــە •

باسی ژنهینان بو باوكو باپیره

واجبە لەسەر ئەولادی هەرکەس ، لە کورو لە کچ ، وە لەســەر کورەزاو لەو خوارتر ، پاریزگاری‌ی شانی باوكو باپیرەی خویان بکەن ، چ باپیرەی باوکی‌و چ باپیرەی دایکی بەوە کە مارەیی ژنیان بدەنی یاخود پی‌یان‌بلین ژن بینن‌و ئیمە مارەیی‌یەکەتان بو ئەدەین • یاخود ژنیـان بو بهینن بە ئیذنی خویان‌و مارەیی‌یەکەیان بدەنی • ئــەم واجب‌بوونەیش چەند شەرتیکی هەیە :

یەکەم : ئەوەیە ئەولادەکە دەولــەمــەنــد بی ، بــەورەنــگە ئــەو مەسرەفەی ئەیکا بو مارەیی ژنەکە زیاد بی لە پیویستی ژیانی خــوی‌و خیزانی لە شەوو روژیکا • دووهەم : ئەوەیە ئەو باوکە یا ئــەو بــاپــیرە پیویستی بە ژن بی بو دەفعی ئارەزووی نــەفس یــا بو خزمــەت‌کردن‌و سەرپەرشتی کردنی کارو باری لەبەر نەخوشی یــا پیری‌و لی‌کەوتوویی ، لەبەرئەوە کە لایقی شانی نەبی خوی خزمەتی خوی بکا • ئەمەیش بــە قسەی کابرا خویدا دەرئەکەوی‌و پیویستی بە سویند خواردن نی‌یە ئەگەر موحتاجی‌یەکەی شتیکی دیاری بی ، یەعنی شتیکی وای پیوە دیار نەبی کە لەگەل داواکەی یەك نەکەوی ، هەروەها ئەگەر شتیکی‌وای پیوە دیاربوو کە لەگەل داواکەی یەك نەئەکەوت ، بەلام ئەیوت ژنم بو خزمەت کردنی

خوم ئەوی • ئەگینا ئەگەر ژنی بو خزمەتکردن نەئەویستو مەحرەمی هەبوو خزمەتی بکا ، بەلکو بو دەفعی ئارەزووی نەفسی ئەویستو لەگەل ئەوەشدا نەخوش‌و لی‌کەوتوو بوو ، ئەوە ئەبی سویند بخوا کە پیویستی بە ژنە بو دەفعی ئارەزوو ، ئەوجا پیویستە لەسەر کورو کورەزا ژنی بو بینن !

شەرتی سیهەم ئەوەیە ئەو باوکە یا ئەو باپیرەیە خوی دەولەمەند نەبی ، واتە نە دارایی هەبی‌و نە کاسبی‌یەکی‌وا بزانی کە لایقی پایەی بی تا پارەی پی‌پەیدا بکاو ژنی پی‌بینی •

جا پاش‌ئەوە کە کور ژنی هینا بو باوکی یا بو باپیری ، واجبە لەسەری مەسرەفی ئەو باوکە یا ئەو باپیرەو ژنەکەیشی بکا • وە ئەگەر ژنەکەی مرد یاخود نیکاحەکەی هەلوەشایەوە بەهوی عەیبیکەوە ، یا بەهوی پاشگەز بوونەوەی لە موسولمانەتی یاخود میردەکەی تەلاقی‌دا لەبەر بیانوویەکی بەجی ، واجب ئەبی لەسەر کورەکە یا کورەزاکە دیسانەوە ژنی بو بهینی • جا ئەگەر ئەولاد یەکیك بوو ئەوە دیارە ، وە ئەگەر زور بوون‌و تەنها کور بوون یا تەنها کچ بوون ئەوە وەکو یەك مەصرەف ئەکەن • هەروەها ئەگەر کورو کچیش بوون ، بەلام هەندی لە زانایانی شەرع فەرموویانە ئەگەر کوروکچ بوون لەسەر قیاسی میرات وەرگرتن مەسرەف ئەکەن بو باوك‌و باپیرە •

باسی مارەیی (صداق)

مارەیی بریتی‌یە لە مالیك کە واجب ئەبی لەسەر کەسیك بیدا بەهوی عەقدی نیکاحی ئافرەتیکەوە یا بەهوی بریاردانیەوە لەپاش عەقدەکە ، یا بەهوی چوونە لای ژنەکەوە بەشوبهە ، یا بەهوی ئەوەوە کە بووبی بەهوی حەرام بوونی ئافرەتیك لە میردەکەی •

سوننەتە ناوبردنی مارەیی لە عەقدی نیکاحدا ، وە سوننەتە لە دە درەمیش کەمتر نەبیو ، زیادە رەوی‌یش لە ئەندازەکەیا نەکری • وە ئەگەر هاتوو بەدزی‌یەوە ئافرەتەکە لەسەر مارەیی‌یەکی کەم مارە برا ، وە پاشان بەئاشکرا لەسەر ئەندازەیەکی زور مارە برا ، یا بەپیچەوانەوە، ئەوە ئەو مارەیەیان دائەمەزری کە لەپیشا کراوەو مارەیی ئەوەیان واجب ئەبی • وە ئەگەر عەقدی نیکاحی ئافرەتیك دووبارەکرایەوە بەهـوی حازربوونی کومەلیك خزمو دوستەوە ، یا لەبەر (احتیاط) مەسەلا جاری یەکەم بە باشی تەقلیدی تیا نەکرابی ، یا شاهیدەکان جیگای بروا نەبووبن، یا گومانی ئەوە بکری کە ماوەیەکی زور کەوتووەتە بەینی (ایجاب) و (قبول)ەوە ، یاخود لەبەرئەوە کە کابرا لەشکایە کە بە یەك تەلاقە تەلاقی خواردووە یا هیچ تەلاقی نەخواردووە ، وە ئەگەر خواردوویەتی کەوتووە یا نەکەوتووە ، یاخود عەقدەکە لەسەر مەذهەبی ئیمامیك کراوەو بە بی پەشیمان بوونەوە لە تەقلیدکردنی ئەو ئیمامە تەقلیدی ئیمامیکی‌تریش ئەکەنو مارەی ئافرەتەکە ئەبرنەوە نەوەك بە مەذهەبە پیشووەکە عەیبیك لە عەقدەکەدا بووبی ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا مارەیی هەر ئەو مارەیی‌یەیە کە لە عەقدە پیشووەکەدا دانـراوەو ئـەم عـەقـدەی دوایی دووبارەکردنەوەی عەقدی پیشووە • ئەو قسەیەش کە مەشهوورە ئەگەر لـەپـاش دووبارە کردنەوەی عەقد میردەکە ئیددیعای کرد کە عەقـدی دووهەم تازە کردنەوەی عەقدی یەکەم بووە ، لی‌ی وەرناگیری‌و عەقدەکە بە عەقدیکی سەربەخو دائەنری ، ئەوە راستە ، بەلام بو ئەمشوینە نی‌یـە کە شاهیدەکان ئاگایان لە تازەکردنەوەکە هەیە ، بـەلـکو بـو وەختیـکە مەعلووم نەبی ئاخو عەقدی دووهەم سەربەخوبووەو لەپاش جیابوونـەوە بووە ، یاخود تازە کردنەوەیەو کابرای میرد ئیددیعای تازە کردنەوە بکاو ژنەکە بلی وا نی‌یە •

بەلی لە چەند حالەتیکا واجبە ناوی مارەیی ببری • یەکەم لە حالەتیکا کە ئافرەتەکە نابالغ بی • دووهەم لە حالەتیکا کە بالغ بووبی بەلام نەفام بی • سیهەم لە حالەتیکا کە ئافرەتەکە شیت بی • چوارەم لە حالەتیکا کە ئافرەتەکە بالغ بووبیو خاوەن روشد بیو ئیذنی وەلی‌ئەمرەکەی دابی کە مارەی ببریو ئەو وەلی‌ئەمرە خوی یا وەکیلی مارەی ببری • لەم چوار حالەتەدا ئەگەر وەلی ئەمرەکەو ژن خوازەکە ریك‌کەوتن لەسەر زیاتر لە (مهر المثل) ئافرەتەکە مارە ببرن ، ئەوە واجبە لەسەر وەلی‌ئەمرەکە یا وەکیلەکە ناوی ئەو ئەندازە مارەیی‌یە ببا بوئەوەی عەینی ئەو ئەندازەیە ببی بە مال لەسەر کابرا ، وە ئەگەر لەم‌وەختەدا ناوی مارەیی‌یەکە نەبەن ، ئەوە هەرچەند نیکاحەکە دروستە بەلام ئەرواتە سەر (مهر المثل) ، وە ئەمە ئەبی بە زەرەری ژنەکە ، چونکە ئەو ئەندازەیەی بریاریان داوە لە (مهر المثل) زیاترە •

حالەتیکی‌تریش هەیە لەو حالەتەدا وەکو واجبە ناوی مارەیی‌یەکە ببری ، ئەگەر هاتو ناوی نەبرا نیکاحەکەیش دانامەزری • ئەوەش ئەوەتە کە ئافرەتیك ئیذنی (ولی غیر مجبر) بدا مارەی ببری بو کەسیك بەوشەرتە ئەوکەسە ئەندازەیەکی دیاری‌کراو مارەیی بگریتە ئەستوی خوی ، ئەوە مادەم ئیذن دانەکە بەوشەرتەیە ئەگەر وەلی‌ئەمرەکە ناوی مارەیی‌یەکەی نەبرد ، یا شتیکی‌تری ناوبرد غەیری ئەوەی کە ئافرەتەکە وتوویەتی ، یا ناوی کەمتری برد لەو ئەندازەیە کە ئافرەتەکە دیاری‌ی کردووە ، لە هەموو ئەم صوورەتانەدا ئەو نیکاحە بەتالە ، چونکە ئەو نیکاحە وەستاوە لەسەر ئیذنی ژنەکەو ئیذنی ژنەکەیش بەسراوە بەو ئەندازەوە کە ئافرەتەکە ناوی بردووە ، وە ئەگەر ناوی ئەو ئەندازەیە نەبرا ئیذن‌دانەکە بە بی‌کەلك دەرئەچیو نیکاحەکە دانامەزری •

(بزانن) هەرچی دروست‌بی ببی بە قیمەت بو مالیك کە بفروشری،

دروسته ببی به مارەیی بو ژن • ئەوەیش بریتی‌یە لە شتی کـە پـاك بی‌و پارە بکاو کەلکیکی شەرعی لی وەربگیری‌و مولکی کابرای ژن‌خواز بی‌و قابیل بی لەلایەنی ژنەکەوە وەربگیری •

ئەگەر عەقدەکە کرا لەسەر کومەلیك تەپالە ، یا لەسـەر دوو سی دەنکە گەنم ، یا لەسەر درندەیەکی پاك یا لەسەر مالیکی کابرای ژن‌خواز کە زوردار داگیری کردبی‌و ژنەکەش نەتوانی لی‌ی‌بسینیتەوە ، یا لەسەر مالیك کە هی کابرای ژن‌خواز نەبی ، وەکو عادەتە ئالتوون ئـەخوازن‌و مارەی ژنی لەسەر ئەبرن بو فروفیل ، یا باوکی کور ژن مارە ئەکا بـو کورەکەی لەسەر چەند سەر مەرو بزن بە بی‌ئەوە کە نەذریان بـکا لـە کورەکەی ، ئەوە لە هەموو ئەم حالەتانەدا نیکاحەکە دروستە، بەلام ئەرواتە سەر (مهر المثل)و ئەوەی ناویان بردووە بە هیچ دەرئەچی •

مارەیی ژن یا (عین)ە وەکو مەریك ، مانگایەك ، خانوویـەك ، باخیك ، دووکانیك ، پارچە مولکیك کە هەموو دیاری کرابن ، یاخـود قەرزە یەعنی شتیکە وا لەئەستوی کابراداو دیاری نەکراوە لە بەرچاودا وەکو شتیك کە وەصف‌کرابی لە ئەستوی کابرادا ، یاخود پارەیەك کـە قەرز بی بەسەریەوە خواە حازر بی یا وەعـدەی بو دانرابی • ئەوەش بزانین ئەگەر لە مارەیی‌یەکدا کە (عین) نەبی ناوی وەعدە نەبرا ئەوە بە حازر دائەنری ، خوای وتبیتیان حازر بی یا باسی هیچیان نەکردبی •

جا ئەگەر مارەیی‌یەکە (عین) بوو ، وە ژنەکە وەری‌گرت ئـەوە باشە ، وە ئەگەر هەر لای کابرا مایەوەو لای ئەو فەوتا ئەوە کابرا ئەبی بە ضامنی بە (ضمان العقد) نەك بە (ضمان الید) • (ضمان العقـد) بریتی‌یە لەوە کە کابرا ببی بە ضامنی بەدەلی شەرعی‌ی ئەو شـتە کـە عەقدەکەی لەسەر کراوە خواە ئەو بەدەلە قیمەتی ئـەوەنـدەی قیمەتی

عەینی مارەیی‌یەکە بی یا زیاتر بی یا کەمتر بی وەکو (مهر المثـــل)و (ثمن المثل) لە فروشتندا • (ضمان الید)یش بریتی‌یە لە ضامن بوونی خودی ئەوشتە کە موعامەلەکەی پی‌کراوە بە وینەی ئەو شتە کە مارەکەی لەسەر براوە ئەگەر وینەی هەبی ، وە بە قیمەتی ئەگەر وینەی نـەبی • لەسەر ئەم فەرموودەیە ئەگەر عەینەکە نە وینە نـە قیمەتی نـەئـەدرا ، مەسەلا کابرا مەریك لە مەرەکانی بکا بە مارەیی بو ژنیك ، پاشان هەموو مەرەکانی ئاو بی‌یان با ، ئەوە بە ناچاری دیتەوە سەر (مهر المثل) ، وە لیرەدا هەردوو جورە ضامن بوونەکە ئەبنەوە بە یەك •

جا ئەگەر مارەیی‌یە عەینەکە لای کابرا فەوتا بە بەلایەکی ئاسمانی، یاخود کابرا خوی فەوتاندی ، واجبە (مهر المثل) بدا بە ژنەکـە • وە ئەگەر کابرایەکی‌تر فەوتاندی ئەوە بە ئارەزووی ژنەکەیە ، ئەگەر رازی بوو بەو مارەیی‌یە فەوتاوە ئەی‌بژیری بە کابرا کە فەوتاندوویـەتی ، وە یا وینەی یا قیمەتەکەی لی‌ئەسینی ، وە ئەگەر مارەیی‌یەکەی هەلوەشاندەوە ئەوە (مهر المثل) ئەستینی لە میردەکـەی‌و میردەکـەشی ئـەو مارەیی‌یـە فەوتاوە ئەبژیری بە کابرا کە فەوتاندوویەتی • وە ئەگەر ژنەکە خـوی مارەیی‌یەکەی فەوتاند ئەوە حەقی خوی وەرگرتووە •

وە ئەگەر کابرا دوو سەر مەری دیاری کراوی دا بە مارەییدا ، وە لەپیش وەرگرتنیانا یەکیکیان فەوتا ، ئەوە ژنەکە حەقی هەلوەشاندنەوەی لە تەنها ئەو مەرەدا نی‌یە ، بەلکو حەقی هەلوەشاندنەوەی لە هەردوکیانـا هەیە • جا ئەگەر مارەیی‌یەکەی هەلوەشاندەوە ئەوە (مهر المثل) لـــە میردەکەی وەرئەگری ، وە ئەگەر رازی بوو پی‌ی ئەوە ئەو مەرەیان کە ماوە وەری‌ئەگری لەگەل بەشی مەرە فەوتاوەکە لە (مهر المثل)ەکەی ، واتە ئەگەر ئەو دوومەرە قیمەتیان وەکو یەك بوو نیوەی (مهر المثل) وە ئەگەر قیمەتی فەوتاوەکە دووقاتی قیمەتی ئـەویـان بوو ، دوو سی‌یەکی

(مهر المثل)ەکەی وەرئەگری • وە هەر بەمجورە •

وە ئەگەر عەینی مارەیی‌یەکە لەپیش وەرگرتنیا بە غەیری دەستی ژنەکە عەیبدار بوو ، ئەوە بە ئارەزووی ژنەکە خویەتی ، ئەگەر مارەیی‌یەکەی هەلوەشاندەوە (مهر المثل) وەرئەگری ، وە ئەگەر ریگای‌دا پیویستە ئەو عەینە بەوعەیبەوە وەربگری‌و قەناعەتی پی بکا • بەلی ئەگەر عەیبداری دەستی خاریج بوو ئەتوانی تولەی عەیبەکەی لەوکەسە خاریجی‌یە وەربگری •

بینا لەسەر ئەمە کە مارەیی‌یەکە ضەمانەت بکری بە (ضمان العقد) هەر زەرەرێکی ئەو عەینە لە دەستی کابرادا لەخویەوە بفەوتی یا کابرا بیفەوتینی ، ئەوە ئەو کابرا نابی بە ضامنی هەرچەند ژنەکە داوای عەینەکەی لی کردبی‌و کابرا نەیدابی پیی •

(بزانن) دروستە بو ژنی خاوەن روشدو فام بەرلەوەی میردەکەی بچیتە لای مەنعی نەفسی خوی بکا لە کابراو خوی نەدا بەدەستەوە تا مارەیی‌یە عەینی‌یەکەی یا مارەیی‌یە قەرزە وەعدە بو دانراوەکەی وەرئەگری ، خواه ئەو قەرزە پارەیەکی نەخت بی یاخود عەینیکی وەصف‌کراو بی لە ئەستوی کابرادا ، وە خواه وەصفەکە تەواو بی یا ناتەواو بی‌و مارەیی‌یەکە چووبیتە سەر (مهر المثل) • وە ئەگەر ئافرەتەکە خاوەن روشد نەبوو ، وەلی‌یەکەی ئەتوانی نەیەلی خوی بدا بەدەستەوە ، وە لەم‌کاتەیشدا هەر موستەحەقە بو نەفەقە لەبەرئەوە کە مادەم بیانوویەکی شەرعی‌ی هەیە نکوولی‌یەکی ناشەرعی‌ی نەکردووە لە خو بەدەستەوەدانو ، بە خو بەدەستەوەدەر دائەنری •

بەلی ئافرەت ناتوانی خوی نەدا بەدەستەوە بو وەرگرتنی مارەیی‌یەك کە قەرز بی‌و وەعدەیەکی بو دانرابی ، هەرچەند وەعدەکەشی هاتبی ،

چونکه وەختی خوی رازی بووە بەوە کە مارەییەکەی لە ئەستوی کابرادا بی • هەروەها ناتوانی لەپاش ئەوەی میردەکەی چووە لای، جاریکیتر خوی نەدا بەدەستەوە، چونکە مادەم یەکەمجار هیشتی کابرا بچیتە لای مارەییەکەی دائەمەزری‌و هەرکاتی بییەوی ئەتوانی لیی‌بستینی •

بەلام ئەگەر باوکیك وەختی خوی کچیکی بچووکی خوی مارە کردبوو بو کابرایەك بە مارەییەکی حازرو مارەییەکەی وەرنەگرتبوو، وە کچەکەیشی دابوو بە دەستی میردەکەیەوەو میردەکە چووبوە لای، ئەوە ئەو کچە پاش بالغ بوونی ئەتوانی نەهیلی کابرا بچیتە لای تا مارەییەکەی پی‌ئەدا، وە گوی نادریتە ئەوە کە لە منالیدا ریگای داوە بچیتە لای • هەروەها گوی نادریتە ئەوە کابرا بەزور برواتە لای یا بەوە کە کچەکە نەفام بی‌و ریگای کابرا بدا بچیتە لای • لەمصوورەتانەدا پاش ئەوەش کە ریگای میردەکەی بدا بچیتە لای، ئەتوانی لەوەپاش خوی نەدا بەدەستەوە تا مارەیی حازر وەرئەگری • بەلام لە صوورەتی ئافرەتی نەفامدا ئەبی خو بەدەستەوە نەدانەکە بە فەرمانی وەلی‌ئەمرەکەی بی •

وە لەمکاتەدا کە ژنەکە حەقی هەیە خوی نەدا بەدەستەوەو داوای مارەییەکەی ئەکا، ئەگەر میردەکەی وتی مارەییەکەت نادەمی تا خوتم نەدەی بەدەستەوە، وە ژنەکەیش وتی خومت نادەم بەدەستەوە تا مارەییەکەم نەدەیتی، ئەوە ئەبی هەردوکیان ناچار بکرین • ئەبی کابرا ناچار بکری کە مارەییەکە لای پیاویکی دادپەروەر دابنی، وە ئەبی ژنەکەیش ناچار بکری کە خوی بدا بەدەستەوە • جا کاتی کە ژنەکە خوی‌دا بەدەستەوە، کابرای دادپەروەر مارەییەکەی ئەداتە دەست •

وە ئەگەر پیش ئەوە کە کابرا مارەیی یەکە لای کابرای دادپەروەر دابنی ژنەکە پەلەی کردو خوی دا بەدەستەوە ئەوە هەرحەقی داواکردنی مارەیی یەکەی ئەمینی • جا ئەگەر کابرا مارەیی یەکەی نەدایە ، ئەوە ئەگەر لەم ماوەیەدا کابرا چووبوە لای ، ئەوە ئیتر ناتوانی جاریکی تر خوی نەدا بەدەستەوە • وە ئەگەر نەچووبوە لای ، ئەتوانی خوی نەدا بەدەستەوە تا مارەیی یەکەی وەرئەگری •

وە ئەگەر کابرا پەلەی کردو مارەیی یەکەی دا بە ژنەکە ، واجبە ئەویش خوی بدا بەدەستەوە • وە ئەگەر خوی نەدا بەدەستەوە ، کابرا حەقی نی یە مارەیی یەکە بستینیتەوە لە ژنەکەی لەبەرئەوە حەقیکی حازرو دامەزراوە لەسەری • بەلی ئەوەندە هەیە ژنەکەیش مەجبوور ئەکری کەوا خوی بدا بەدەستەوە •

وە ئەگەر ژنەکە بە خوی یا وەلی ئەمرەکەی داوای مولەتی کرد لە میردەکە بوئەوەی خوی پاك بکاتەوە یا بحەسیتەوە ، پیویستە قاضی سی روژ یا کەمتر لە سی روژ مولەتی بدا • بەلی ئەگەر مولەتەکەی لەبەر حەیز یا بو قەلەوبوون بوو ، پیویست ناکا مولەتی بدا ، چونکە ئەمانە ماوەیەکی زور ئەبەنو لەتوانادا هەیە کابرا بەوحالەشەوە لەزەتی لی وەربگری ، هەرچەند کە چوونەلای دروست نی یە •

وە ئەگەر ژنەکە یا وەلی ئەمرەکەی داوای مولەتیان کرد لە کابرا لەبەرئەوە کە ژنەکە منالەو قابیلی ئەوە نی یە بچیتەلای ، یا لەبەرئەوە کە نەخوشە ، واجبە مولەتی بدا • وە ئەگەر بەشوو دراوەکە ئەوەندە مندال بوو قابیل نەبوو پیاوەکە بچیتە لای ، ئەوە حەرامە وەلی ئەمرەکەی بیدا بەدەستەوە تا وای لی دی توانای چوونەلای ئەبی بە شەهادەتی چوار ژن •

(بزانن) ئەگەر مارەیی ئافرەتەکە قەرزی وەعدە بودانراو بوو ،

ئەوە مەجالی ئەم هەرای بەینی پیاوو ژنە نی‌یە کە تائیستا باسمان کرد ، بەلکو ئەبی لەپیشا ژنەکە خوی بدا بەدەستەوە •

مارەیی ژن دائەمەزری لەسەر میرد بەهوی ئەوەوە کە کابرا بچیتە لای ، هەرچەند چوونەلاکەیشی حەرام بی وەك ئەوە لەکاتی حەیزا بچیتە لای یا لەپاشەوە بچیتەلای ، وە ئەو چوونەلایەیش بە سەری ذەکەری بی یا بە ئەندازەی سەری ذەکەری ئەگەر سەری ذەکەری براِبی ، بیکا بە پاش یا پیشی ئافرەتەکەدا هەرچەند ئەگەر بەپیشیشیا کرد کچیتی‌ی لانەبا ، یاخود لەکاتی چوونەلاکەدا ذەکەری هەل‌نەسی !

هەروەها مارەیی دائەمەزری بەهوی مردنی یەکیکیانەوە • وە واجب نابی بەهوی ئەوەوە کە پیاوەکە لەگەل ژنەکە بەتەنها دانیشی لەشوینیکا • هەروەها واجب نابی بە (استمتاع) یەعنی لەزەت وەرگرتن لە ژنەکە بەهوی ئەوەوە کە ماچی بکا یا باوەشی پیا بکا • هەروەها مارەیی واجب نابی بە لابردنی کچیتی‌ی ئافرەتەکە بە پەنجە • وە لەم‌کاتەدا ئەگەر تەلاقی دا ئەوا نیوەی مارەیی ئەکەویتە سەر نەك تولەی کچیتی‌یەکە • وە ئەگەر نیکاحەکەی هەلوەشایەوە بەهوی شتیکەوە ، ئەوە هەر بژاردنەوەی کچیتی‌یەکەی ئەکەویتە سەر نەك نیوە مارەیی •

باسی مارەیی‌یەك کە ناوبرابی لە عەقدی نیکاحدا لە مارەیی دامەزراوو دانەمەزراو

•

(بزانن) ئەو شتانە کە ئەبن بەهوی دانەمەزرانی مارەیی‌و گەرانەوە بو سەر (مهر المثل) چەند شتن • یەکەم ئەوەیە ناو نەبرابی • دووهەم ئەوەیە ناوبرابی بەلام پیس بی • سیهەم ئەوەیە قوبولی مولکیەت نەکا • چوارەم ئەوەیە مولکی کابرا نەبی • پینجەم ئەوەیە سوودیکی شەرعی‌ی

لی وەرنەگیری • شەشەم ئەوەیە توانای نەبی کە بیدا بە دەستی ژنەکەوە• حەوتەم ئەوەیە نا مەعلووم بی • هەشتەم ئەوەیە بەسری بە قەیدیکیی‌واوە. کە وەکو نەناسراوی لی بکا ، وەکو ماوەیەکی دیاری نەکراو ، یا وەکو شەرتی لەپال مارەیی‌یەکەدا • نوهـــەم ناوبردنیەتی بەجوریـــك کـــە پیچەوانەی شەرع بی • ئیتر ئەم ئەسبابانە یەکە یەکە بن یا بەیەکەوە بن، وە هەموو مارەیی‌یەکە بگرنەوە یا هەندیکی بگرنـــەوە ، ئەبن بەهـــوی دانەمەزرانی مارەیی‌یەکە •

جا ئەگەر کەسیك ژنیکی مارە کرد لەسەر شتی کە مولـکی نەبوو خواه لە (اختصاصات) بی وەکو شەراب‌و تەپالە یاخـود مالی غـەیـری خوی بی‌و داگیری کردبی ئەوە (مهر المثل) واجب ئەبی • وە ئەگـەر مارەی بری لەسەر مالیکی مولکی خوی‌و زەوت‌کراو ، ئەوە مارەیی‌یەکە لە مالە زەوت‌کراوەکەدا بەتالەو لە مولکەکەدا دروستە ، وە لەم‌کاتـــەدا ژنەکە بە ئارەزووی خویـەتی ئەگەر مارەیی‌یەکەی هەلوەشاندەوە ئـەوە (مهر المثل)ی ئەکەوی،وە ئەگەر ریگەی دا بەشە مولکەکەی هەل بگری‌و بەئەندازەی بەشە زەوت‌کراوەکەیش لە (مهر المثل) وەربگری بەپی‌ی قیمەتی بازاری هەردوکیان • ئەگەر زەوت‌کراوەکە ئەوەندەی مولکەکە بوو نیوەی (مهر المثل) وەربگری ، وە ئەگەر نیوەی ئەو بوو سی‌یەکی (مهر المثل) وەربگری لەگەلیاو ، بەم‌جورە •

ئەگەر باوکی کە وەکیلی کچەکەی بوو لە فروشتنی مالیا ، وتی بە کەسیك وا ئەم‌کچەم لی مارە کردی‌و ئەو جلەیشم پی‌فروشتی بەوخانووە، وە کابرایش قوبوولی کردن ، ئەوە نیکاحەکە دروستە • هەروەهـــا مارەیی‌و فروشتنی جلەکەیش دائەمەزری‌و ، خانووەکەش بەش ئەکری بەسەر قیمەتی جلەکەو مارەیی کچەکەدا • مەسەلا ئەگەر (مهر المثل) دە دینار بوو ، وە جلەکەیش دوو دیناری ئەکرد ، ئەوە خـانووەکـــە

ئەکری بە شەش بەشەوە ، بەشیکی قیمەتی جلەکەیەو پینج بەشی حەقی مارەیی یەکەیە • وە ئەگەر لەم مەسئەلەیەدا جلەکە مالی وەلی ئەمرەکـــە بوو ، ئەوە هەرچەند نیکاحەکە دروستە ، بەلام مارەیی ژنەکە دانامەزری و ئەبی بە (مهر المثل) ، وە فروشتنی جلەکەیش دانامەزری • وەئەگـــەر ئەو بەشانەی خانووەکە (مهر المثل)ی دەرنەئەهینا ، ئەوە مارەیی لـــەو خانووە دەرناکری ، بەلکو (مهر المثل) واجب ئەبی لەسەر کـابـــراو خانووەکە هەر مالی خویەتی تەنها ئەو بەشەی نەبی کە ئەبی بە قیمەتی جلە کرراوەکە بەئەندازەی خوی •

وە ئەگەر مارەی بری لەسەر دە دیناری وەعـــدە بودانـــراو بـــە وەعدەیەکی نەزانراو ، ئەوە (مهر المثل) واجب ئەبی • وە ئـــەگـــەر مارەی بری لەسەر صەد دینار بەشەرتی ئەوە کـــە باوکی ژنـــەکـــە یـــا کەسیکی‌تر صەد دیناری بدریتی ، ئەوە نیکاحەکە دروستەو مارەیی یەکە دانامەزری ، بەلکو (مهر المثل) واجب ئەبی •

وە ئەگەر کەسیك دوو ژنی مارە کرد بـــە یـــەك مارەیی ، ئـــەوە مارەیی یەکە دانامەزری و ، هەرکام لە ژنەکان (مهر المثل)ی ئەکەوی• وە ئەگەر وەلی‌ئەمری ژنەکە تەصەروفیکی‌وای کرد کە مەســـــلەحەتی ژنەکەی تیا نەبوو وەکو ئەوە ژنیك مارە ببری بو کوریکی حیجر لەسەر دانراوی خوی بە زیاتر لە (مهر المثل) ، یا کچیکی حیجر لەســـــەر دانراوی خوی دا بە شوو بە کەمتر لە (مهر المثل) ، یا کچیکی خاوەن روشدو فامی خوی بە بی‌ئیذن مارە بری لە کەسیك بـــە کـــەمتر لـــە (مهر المثل) وە شەرتەکانی (ولی مجبر)ی تیا هاتبوەجی ، ئـــەوە لـــە هەموو ئەم حالەتانەدا مارەیی یەکە دانامەزری و (مهر المثـــل) واجب ئـــەبی •

وە ئەگەر ئافرەتەکە وتی بە وەلی ئەمرەکەی مارەم بکەو ئیتر هیچی نەوت ، ئەمیش مارەی کرد لەسەر کەمتر لە (مهر المثل) ، ئەوە نیکاحەکە دیتەوە سەر (مهر المثل) • وە ئەگەر پیی‌وت مارەم ببرە لەسەر هەزار درەم ، ئەویش مارەی کرد لەسەر نوصەد درەم ، ئەوە مارەیی‌یەکەی دانامەزری‌و ئەچیتەوە سەر (مهر المثل) • بەلی ئەگەر ئەو ژنە ئیعتیبار بە ئیذنی هەبوو ، یەعنی وەلی‌یەکەی (ولی مجبر) نەبوو ، وە ئەو ئەندازە مارەیی‌یەی کردبوو بە شەرت ، وە وەلی ئەمرەکەی بەپیچەوانەی ئەو شەرتە مارەی بریبوو ، ئەوە نیکاحەکە بەتالە وەکو لەمەوپیش باسمان‌کرد •

(بیداربن) لەم مەسئەلەیەدا ئەگەر وەلی‌ئەمرەکە مارەیی‌یەکی زیاتری دانا لەوەندەی کە ژنەکە دیاریی کردووە ، وە ئەو زیادەیە ئەیگەیاندە ئەندازەی (مهر المثل) یا زیاتر ئەوە ئەو عەقدە دائەمەزری بە عەینی ئەو مارەیی‌یە زیادە کە ناوی هیناوە •

باسی پی‌سپاردن (تفویض)

(تفویض) لە شەرعا دوو مەعنای هەیە • یەکەم ئەوەیە ژنەکە ئەندازەی مارەیی‌یەکەی بداتە دەستی وەلی‌ئەمرەکەی ، مەسەلا پیی‌بلی مارەم ببرە لەسەر هەرچەند خوت ئارەزووت لی‌یەتی • لەم‌وەختەدا دروست نی‌یە وەلی‌ئەمرەکە ناوی مارەیی نەهینی لە عەقدەکەدا • بەلی دروستە مارەی ببری لەسەر (مهر المثل)و کەمتر لە (مهر المثل) چونکە ژنەکە دیاری‌کردنی ئەندازەی مارەیی‌یەکەی داوەتە دەستی ئەم • وە ئەگەر ناوی مارەیی نەبرد نیکاحەکە لەسەر (مهر المثل) دائەمەزری •

مەعنای دووەم ئەوەیە عەقدی نیکاحەکە ناوی مارەیی تیا نەبری لەسەر بریاری ژنەکە بەوجورە کە لەمەولا باسی ئەکەین • جا ئەگەر

ژنەکە ژنێکی خاوەن روشدو فامی‌وا بوو ئیذنـــی ئیعتیبار بگری لـــە نیکاحدا ، خواه کچ بی یا بیوەژن بی ، یاخود ژنێکی نەفامی حیجر لەسەر دانەنراو بی‌و بلی بە وەلی ئەمرەکەی مارەم ببرە بە بی‌مارەیی ، یـــا مارەم ببرە لەسەر بریاری ئەوە کە مارەییم نەبی ، یا مارەم ببرە بە بی‌مـارەیی بو ئیستەش‌و بو لەمەولاش هەرچەند کابرایش بیتەلام ، یا مـــارەم ببرە لەسەر ئەو بریارە کە مارەیی‌و نەفەقەم نەبی‌و صەد دیناریشی بدەمی ، وە وەلی ئەمرەکەیش مارەی بری‌و ناوی مارەیی نەبرد یا لەسەر بریـــاری ئەوە کە مارەیی نەبی ، یا مارەی بری بە کەمتر لە (مهر المثل) ، یا بـــە غەیری نەختی ئەو ولاتە ، یا بە مارەیی وەعدە بو دانراو ، وە بنەمالەکەی لەوانە نەبوون عادەتیان غەیری نەختی ولاتەکە بی یا عادەتیـــان مارەیی وەعدە بو دانراو بی ، یا مارەی بری لەسەر ئەو بریارە کـــە مـــارەیی‌و نەفەقەی نەبی ، یا لەسەر ئەوە کە مارەیی‌و نەفەقەی نەبی‌و صەد دیناریش بدا بە کابرا ، ئەوە لە هەموو ئەم ماددانەدا نیکاحەکە دروستەو بە ماددەی سپاردن‌و دانەدەستی مارەیی دائەنرین • بەلی نەبوونی نەفەقەو دانی صەد دینارەکە بە کابرا قسەی بی‌سوودو پووچەو ژنەکە نەفەقەی ئەکـــەوی‌و صەد دیناری ناکەویتەسەر بیدا بە کابرا •

بەلی ئەگەر ژنەکە هەر ئەوەندەی وت بە وەلی‌یەکە (مارەم ببرە) ئەمە ناکەویتە بەر پی‌سپاردن‌و دانەدەست‌و مەعنای بەوە لی‌ئەدریتەوە کـــە ژنەکە ئیذنی مارە برینی داوە بەجوری کە مەسلەحەت بی بو ئەوژنە بە شەرع‌و بە عورف ، وە پیویستە لەسەر وەلی‌ئەمرەکە ئەو ژنە مارە بری بەئەندازەیەك کە کەمتر نەبی لە (مهر المثل) ، وە حـــازر بی‌و ، لـــە نەختی ولاتەکە بی • ئەگەر وای نەکرد گوناهی ئەگا ، بەلام نیکاحەکـــە دروستەو مارەیی‌یەکەی ئەرواتە سەر (مهر المثل)•

وە ئەگەر ئەو ژنە کە ئەو قسانەی وتووە بە وەلی‌ئەمرەکەی خاوەن

روشدو فام نەبی یەعنی مندال بی یا بالغ بی بەلام قاضی حیجری لەسەر دانابی ، ئەوەیش هەر پی‌سپاردن‌و دانەدەستە بەلام بوشەو دانامەزری‌و حوکمی پی‌سپاردنی دروست‌و دامەزراوی بەسەرا نایەت • بەلی بەهوی ئەو پی‌سپاردنەوە وەلی‌ئەمرەکە تەنها ئیذنی دەسگیر بووە بو مارەبرینی ژنەکە • جا هەرکاتی کە پێ‌سپاردنەکە راست‌و دروست بوو ، وە وەلی‌ئەمرەکە ژنەکەی مارە بری ، ئەوە بە نەفسی ئەو عەقدە هیچ واجب نابی لەسەر میردەکەی • بەلی ئەگەر کابرا چووە لای ژنەکە ئەوە (مهر المثل) واجب ئەبی لەسەری بە ئیعتیباری وەختی عەقدەکە ، لەبەرئەوە کە پارچە (بضع)ی ژن حەقی خوایەو بە حەلال‌کردنی خورایی حەلال نابی •

جا هەر لەبەرئەوە کە (پارچە) حەقی خوایەو بە حەڵاڵ کردنی حەڵاڵ نابێ ، دروستە بۆ ئەو ژنە کە (تفویض)ی کردووە ، لەپیش ئەوەدا کە میردەکەی بچیتەلای داوای فەرض‌کردنی مارەیی لی‌بکا ، وە ئەیش‌توانی مەنعی خوی لی‌بکاو نەیەلی بچیتە لای تا مارەیی‌یەکەی بو دائەنی ، هەروەها تا مارەیی‌یە دانراوەکەی ئەداتە دەستی • شەرتی ئەو مالە بە مارەیی دانراوەش ئەوەیە کە ژنەکە پیی‌رازی بی ، ئیتر پیویست ناکا بزانی (مهر المثل)ی خوی چەندیکە بوئەوەی بەراوردی بکا لەگەل ئەم مالەدا • وە مادەم دانانی ئەومالە لەسەر رەزامەندیی ژنەکە بوو دروستە کابرا عەینیك دابنی بو مارەیی یا قەرزیکی حازر یا وەعدەدار ، خوای ئەوەندەی (مهر المثل) بی یا کەمتر بی یا زیاتر •

جا ئەگەر کابرا مارەیی بو دانەنا ، یاخود دایناو ژنەکە رازی نەبوو پیی ، واجبە قاضی ئەندازەیەکی بو دانی کە ئەوەندەی (مهر المثل) بی‌و لە نەختی ولاتەکە بی ، وە پیویستە قاضی بزانی (مهر المثل)ی ژنەکە چەندە • بەلی ئەگەر بە بی‌ئەوەی بزانی (مهر المثل)ی ژنەکە چەندە

ئەندازەیەکی بو داناو ئەندازەکە بە ریکەوت ئەوەندەی (مهر المثل) بوو ، ئەوە دروستە لەبەرئەوە کە لە عەقددا تەماشای ئەوە ئەکری مەسەلەکە لە خویدا چونە ، بەلام قاضی گوناهبار ئەبی لەوەدا کە نەکولیوەتەوە بزانی (مهر المثل)ی ژنەکە چەندە •

دروست نی‌یە بیگانەیەك لە مالی خوی شتی دانی بو مارەیی ژنەکە بە ئیذنی میردەکەی ، بەلام بە رەزامەندیی ژنو میردەکە دروستە •

ئەگەر کەسیك بلی مادەم بە عەقدیك کە بە سپاردنی دروستو دامەزراوکرابی هیچ واجب نابی ، ئەی چون دروستە ژنەکە داوای مارەیی بو دانان بکا لە میردەکەیو خوی نەدا بەدەستەوە تا ئەو مارەیی‌یەی بو دائەنیو تا ئەیدا بەدەستیەوە ، ئیمەش لە وەلامدا ئەلین ئەم داواکردنو مەنعی خو بەدەستەوەدانە لە ئەصلی عەقدەکەوە نی‌یە ، بەلکو لەبەر بەجی‌هینانی واجبی حەقی خوایە لە پارچە (بضع)ەکەیدا ، یەعنی مادەم ژنەکە ئەیەوی پارچەی خوی بدا بەدەستەوەو ئەو پارچەیەیش حەقی خوای تیایەو بە حەلال کردن حەلال نابی بو کەس ، ئەتوانی بو ئەوە کە بەرچاوی رووناك بی‌و بزانی ئاخو چی دەس‌ئەکەوی بەرابەر بەو بەدەستەوەدانی پارچەیەی ، ئەو داوایە بکاو خوی نەدا بەدەستەوە وەکو باسمان‌کرد •

(بزانن) لەپاش پی‌سپاردنی راستو دروست هەر مارەیی دانانیکی دامەزراو ئەبی بەهوی واجب بوونی ئەوەی ناوی براوە ، وە هەر مارەیی دانانیکی نادروست ئەگەریتەوە بوسەر (مهر المثل) • بەلام ئەگەر پی‌سپاردنەکە دانەمەزراو بی ، ئەوە ئەصلی عەقدەکە ئەبی بەهوی واجب بوونی (مهر المثل) لەسەر میردەکە •

باسی (مهر المثل)

(مهر المثل) بو ژن بریتی‌یه له ئه‌ندازه‌یه‌ك مال كه خه‌لك ئاره‌زوویان لی‌یه صه‌رفی بكه‌ن بو ژنیكی وه‌ك ئه‌و ژنه كه ماره بڕراوه • ئه‌وشته‌یش كه زیاتر ئه‌ندازه‌ی (مهر المثل)ی پی دیاری ئه‌كری بن‌و بنه‌چه‌ی ئافره‌ته چ له‌ناو عه‌ره‌ب‌و چ له‌ناو غه‌یری عه‌ره‌بدا ، چونكه زورتر وایه خه‌لك ئاره‌زوویان له ژنی خاوه‌ن نه‌سه‌ب‌و بنه‌چه‌یه • جا ته‌ماشای نزیكترین ژنی ئه‌كری كه نیسبه‌ت بدری بو نزیكترین پیاوی كه ئه‌م ژنه نیسبه‌ت ئه‌دری به‌وپیاوه • له‌سه‌ر ئه‌م ئه‌ساسه دیاره نزیكترین ژن خوشكی باوكی‌و دایكی‌یه ، ئه‌مجار خوشكی باوكی ، ئه‌مجار كچی برای باوكی‌و دایكی ، ئه‌مجار كچی برای باوكی ، ئه‌مجار پوور واته خوشكی باوك له باوك‌و دایكه‌وه ، ئه‌مجار له باوكه‌وه •• وه هه‌ر به‌م جوره •

ئه‌گه‌ر ئه‌م ژنه كه‌س‌وكاری ئافره‌تی وای نه‌بوو كه له ئوسوولی میرات بردنا پی‌یان ئه‌وتری (عصبة) ، یا هه‌یبوو به‌لام شوویان نه‌كردبوو ، یا ئه‌ندازه‌ی ماره‌یی‌یان دیاری نه‌بوو ، ئه‌وه ته‌ماشای ژنی (أرحام) ئه‌كری یه‌عنی خزمی دایك له‌لای دایكیه‌وه یا له‌لای باوكیه‌وه • كه‌واته ئه‌م ئه‌رحامی ئیره له‌لایه‌كه‌وه ماوه‌ی فراوانتره له ئه‌رحامی میرات ، چونكه نه‌نكی میرات‌به‌ری به‌ر ئه‌كه‌وی وه‌كو دایكی دایك ، وه له‌لایه‌كی‌تره‌وه ماوه‌ی ته‌سك‌تره چونكه كچی پوورو كچی خوشكی به‌رناكه‌وی • وه غه‌یری ئه‌م دووجوره كه باسمان كرد وه‌كو كچی خوشك ئه‌وه وه‌ك ژنی بیگانه‌یه‌و له پله‌ی سیهه‌ما ته‌ماشای ئه‌كری • میسالی ژنی ئه‌رحام وه‌كو دایك جا خوشكی دایك جا نه‌نك تا بروا •

له‌گه‌ل ته‌ماشا كردنی بن‌و بنه‌چه‌دا بو (مهر المثل) ته‌ماشای ته‌مه‌ن‌و ده‌وله‌مه‌ندی‌و هه‌ژاری‌و جوانی‌و عه‌قل‌و فام‌و زانایی‌و فه‌صاحه‌ت‌و شه‌رم‌و حه‌یاو هه‌ر ئه‌خلاقیكی‌تری به‌رزو نزم‌و كچیتی‌و بیوه‌ژنی‌یش

ئەکری • کەواتە ئەگەر ئەم ژنە جیابوو لە ژنانی هاونەسەبی خوی بـــە یەکیك لەم صیفەتە بەرزانە ئەوە مارەیی‌یەکەی بە زیاتر دائەنـری • وە ئەگەر پیچەوانەی ئەم صیفەتانەی تیابوو ، وە صیفەتەکان خویان لە ژنانی هاونەسەبیا هەبوون ، ئەوە مارەیی‌یەکەی بە کەمتر دائەنری • ئەم زیادو کەمەیش وەستاوە لەسەر ئیجتیهادی قاضی • وە ئەگەر یەکیك لە ژنـانی هاونەسەبی چاوپوشی‌ی کردبوو ، وە مارەیی خوی بە کەمتر دانـابوو ، واجب نی‌یە لەسەر ئەمیش چاوپوشی بکا • وە ئەگەر ئوسوولی بنەمالەکەی وابوو بو خزمی خویان چاوپوشی‌یان ئەکردو بو بیگانە نەیان‌ئەکرد ، ئەوە لەمیشا لەسەر عەینی ئوسوول بەریوە ئەچین •

باسی یەك‌نەکەوتنی قسەی ژنو میرد لە مارەیی‌یا

ئەگەر ژنو میرد تیکچوون لـــە ئەنـــدازەی مارەیی‌دا ، وە ئـــەو ئەندازەیە کە میردەکە ئیدیعای ئەکرد کەمتر بوو لەوەی ژنەکـــە داوای ئەکرد ، یا تیکچوون لە صیفەتی مارەیی‌یەکەدا ئاخو ئالتوونە یـــا زیوە ، پاکە یا غەشدارە ، حازرە یا قەرزە ، وە هیچیان شاهیدیان نەبوو ، یاخود شاهیدیان هەبوو ، بەلام بەرابەری یەك وەســـتان ، ئەوە پیویســـتە هەردوولایان سویند بخون بە سوینیکی‌وا کە قسەی خویان بگریتـــەوەو بەرپەرچی قسەی ئەویان بداتەوە وەکو لە باسی فرۆشتندا باسمان کرد • بەلی لیرەدا لەپیشا میردەکە سویند ئەخوا ، هەرچەند لەجی‌ی کریاردایەو حەقی وابوو لە دواوە بی • هەروەهایە حوکمی ناکوکی‌یەکە ئـــەگـــەر لە بەینی میردەکەو باوکی ئافرەتیکی بچکولەی بەشوودراو ، یا بـــاوکی ژنیکی شیتا بی •

هەروەها ئەگەر میرات‌بەری هەردولایان بوو بە هەرایان ، یا ئەگەر میرات‌بەری یەکیکیان لەگەل ئەویان خویدا بوو بە هەرای ، بـــەلام ئـــەو

میرات‌بەرە کە سویند لەسەر نەبوون ئەخوا ئەبی سـویند لەسەر نەزانین بخوا • مەسەلا ئەلی (واللە) مارەیی کچەکەم صەد دینارەو ئاگام لی‌نی‌یە پەنجا دینار بی ، وە ژنەکە یا میردەکە خوی بو بوون‌و نەبوون سـویند بەقەطعی ئەخوا و ئەلی (واللە) ئەوەندەیە • بەلی کچی کە بـە منـدالی یا بە بالغي مارە کرابی‌و ئیذنی لی وەرنەگیرابی ئەویش بو نەبوون سوین لەسەر نەزانین ئەخوا • جا پاش سویند خواردنی هەردولایان ئەمجـار هەردولایان یا لایەکیان یا قاضی ئەو مارەیی‌یە هەل‌ئەوەشینیتەوەو (مهـر المثل) واجب ئەبی •

(بزانن) لە گەرانەوەی مارەیی‌یەوە بو سەر (مهر المثل) لەپـاش سویند خواردن ، ئەوە دەرئەکەوی کە ئەگەر میردەکە ئیدیعای ئـەوەی کرد کە مارەیی‌یەکە کەمترە لە (مهر المثل) ئەوە بە بی سویند خواردنی هەردولا ئەگەریتەوە سەر (مهر المثل) هەروەها ئەگەر ئەو ئەندازەیە کە پی‌ی لی‌ئەنی زیاتر بی لە (مهر المثل)و ژنەکەیش ئیدیعای زیاتر بکا ، لەویایشدا بە بی‌سویند خواردن قەناعەت ئەکری بەوە کە میردەکە ئـەیلی چونکە زیاترە لە (مهر المثل) • وە ئەگەر سویند بخون دیتەوە سـەر (مهر المثل) کە کەمترە لەوەندە کە ژنەکە پی‌ی‌لی‌ناوەو ئەبی بە زیانی ژنەکە • بەلی هەندی لە زانایانی شەرع فەرموویانە ئەبی سویند خواردنی هەردولا بیتە بەینەوە بەئومیدی ئەوە کە میردەکە سویند نەخواو ژنەکـە بیخواو ئەو ئەندازە مارەیی‌یە کە داوای ئەکاو زیاترە لەوەندە کـە میرد پی‌ی لی ناوە ـ ئیسبات ببی •

وە ئەگەر ژنەکە ئیدیعای کرد کە ناوی ئەندازەیەك مارەیی براوەو کابرایش لە بنچینەوە ئینکاری ناوبردنی مارەیی کرد ، لەویایشـــــدا هەردوکیان سویند ئەخون‌و ئەگەرینەوە بوسەر (مهر المثل) • وە ئەگەر ئیدیعای نیکاح‌و (مهر المثل)ی کرد لەبەرئەوە کە مارەیی‌یە ناوبراوەکە

دروست نەبوەو دانەمەزراوە ، وە میردەکەیش پیی‌لی‌نا بو نیکاحەکەو ئینکاری مارەیی‌یەکەی کرد یا هەر بی‌دەنگ بوو ئەوە داوای بەیان کردنی ئەو ئەندازەیەی لی‌ئەکری کە عەقدەکەی لەسەر کراوە • جا ئەگەر بەیانی ئەندازەیەکی کردو ژنەکەی داوای زیاتری کرد ، دیسانەوە هەردوکیان سویند ئەخون • وە ئەگەر کابرا هەر بەردەوام بوو لەسەر ئینکار کردنەکەی‌و ناوی ئەندازەکەی نەبرد ، ژنەکە سویند بخوا لەسەر داواکەی خوی‌و حوکمی پی‌ئەکری بوی •

ئەگەر ژنەکە وتی لە فلان روژا مارەت بریوم لەسەر چل دینار ، وە لە فلان روژیشا لەسەر سی دینارو هەردوو عەقدەکەیش ثابت‌بوون بە پیی‌لی‌نانی کابرا یا بە دوو شاهید ئەوە واجبە ئەو کابرایە هەردوو مارەیی‌یەکە بدا بە ژنەکە • وە ئەگەر کابرا وتی نەچوومەتە لای لە هیچ عەقدیکیانا یا لە یەکیکیانا ئەوە باوەری پی ئەکری بە سویند ، وە نیوەی مارەیی ئەویانە لائەچی • وە ئەگەر وتی عەقدی دووهەم تازە کردنەوەی عەقدی یەکەم بووە ئەوە لی‌ی قوبوول ناکری •

(بزانن) پی‌سپاردن یا دامەزراو ئەبی یا دانەمەزراو • ئەگەر دانەمەزراو بوو هەر بە عەقدەکە خوی (مهر المثل) واجب ئەبی ، هەتاوەکو ئەگەر پاش ئەو پی‌سپاردنە دانەمەزراوە کابرا مارەیی‌یەکی دروستی بو دابنی هەر کەلکی نی‌یەو ئەچینەوە سەر (مهر المثل)ەکە • کەواتە ئەگەر ژن‌و میردەکە جیا بوونەوە لە یەك بە مردن یا بە تەلاق لەپیش ئەوەدا کە بچیتە لای ، (مهر المثل) واجب ئەبی لەسەر کابرا بو ژنەکە • وە ئەگەر بە تەلاق لەیەك جیا بوونەوە لەپیش ئەوەدا کە بچیتە لای ، ئەوە نیوەی (مهر المثل) واجب ئەبی •

وە ئەگەر پی‌سپاردنەکە دامەزراو بوو ، ئەوە جیابوونەوەیان لە یەك یا لەپیش ئەوەدایە کە کابرا مارەیی بو دیاری بکا یاپاش ئەوەیە • ئەگەر

لەپێش ئەوەدا بوو ، وە بەهوی مردنەوە بو ، ئەوە (مهر المثـل) واجب ئەبی لەسەر کابرا چووبێتە لای یا نە • هەروەها ئەگەر بە تەلاق جیابوونەوە لە یەك لەپاش ئەوەدا کە بچێتە لای • وە ئەگەر جیابوونەوە لە یەك بە تەلاق لەپێش ئەوەدا کە بچێتە لای ئەوە هیچی لەسەر واجب نابی • هەروەها ئەگەر جیا بوونەوەکەیان لەپاش دانانی مارەیی‌یەکی دانەمەزراو بی •

وە ئەگەر جیابوونەوەکەیان لە یەك لەپاش پی‌سپاردنیکی دروستو مارەیی دانانیکی دامەزراو بوو ، ئەوە ئەو مارەیی‌یە دامەزرینراوە وەك ناوبراویکی دامەزراو وایە ، واتە ئەگەر بە مردن لە یەك جیا بوونەوە (مطلقا) یا بە تەلاق لەپاش ئەوە کە کابرا چوبووە لای ژنەکە ، ئەوە عەینی ئەوەی کە دامەزرینراوە واجب ئەبی لەسەر کابرا • وە ئەگەر بەهوی تەلاقەوە جیا بوونەوە لە یەك بەرلەوەی بچێتە لای ئەوە نیوەی واجب ئەبی لەسەری •

باسی مارەیی یا (مهر المثل) بەهوی چوونەلاوە بە شوبهە یا لە نیکاحی دانەمەزراودا

چوونەلای ئافرەت بە شوبهە ئەبی بەهوی واجب بوونی (مهر المثل) چ بەهوی شوبهەی (طریق) ریگاوە بی وەکو نیکاحیك کە بە مەذهەبی یەکیك لە ئیمامەکان دروست بی‌و بە مەذهەبی هی‌تریان دروست نەبی • ئەمە لای ئەو قاضی‌یەی کە نیکاحەکە بە دامەزراو دائەنی ئەبی بەهوی واجب بوونی مارەیی ناوبراو ، وە لای ئەو قاضی‌یە کە بە دانەمەزراوی دائەنی ئەبی بەهوی واجب بوونی (مهر المثل) وەکو نیکاحی بی وەلی‌ئەمر کە بە مەذهەبی شافیعی بەتالەو بە مەذهەبی حەنەفی دروستە ، یا نیکاحی بی‌شاهید کە بە مەذهەبی مالیکی دروستەو بە

مەذهەبەکانی‌تر بەتالە ، وە نیکاحی بی‌وەلی‌و بی شاهید کە بە مەذهەبی داوودی ظاهیری دروستەو بە مەذهەبەکانی‌تر بەتالە •

یاخود بەهوی شوبهەی (فاعل) ئیشکەرەوە بی وەکو ئەوە ژنیك لە (عدة)ی تەلاقی رجعیدا مارە بکری بو پیاویك ، وە خویندەواریکی نەزان پی‌یان‌بلی ئەم نیکاحە دروستە ، کەچی بە هەموو مەذهەبیك بەتالەو لای هیچ ئیمامیك قابیلی مارەکردن نی‌یە ، بەلام میردەکەی خوی وابزانی دروستە چونکە ئەو خویندەوارە نەزانە وای حالی کردوون • یاخود کابرا بڕواتە لای ژنیکی بیگانە بەگومانی ئەوە کە ژنی خویەتی‌و بە ژنی خوی بزانی •

یاخود بەهوی شوبهەی (محل) شوینەوە بی وەکو ئەوە پیاویك بڕواتە لای جاریەیەکی وەها کە شەریکی بی لە بەینی ئەو پیاوەو کەسیکی‌ترا •

پیاو کە چووە لای ژن لە هەموو ئەم حالەتانەدا کە باسمان کردن ئەبی بەهوی واجب بوونی (مهر المثل) بو ژنەکە لەسەر کابرا بە ئیعتیباری ئەوروژە کە چووەتە لای ، یەعنی لەو سەردەمەدا مارەیی ژنیکی لە چەشنی ئەو ژنە چەند بی ئەبی ئەوەندە بدا بەو ژنە ••

جا ئەگەر کابرا چەند جاریك ئەو چوونەلای بە شوبهەیەی دووبارە کردەوە ، ئەوە ئەگەر شوبهەیەکی وەکو ئەوە بی کە ژنیك سالیك بە نیکاحیکی دانەمەزراو لای میردەکەی بی ئەوە لای زووررووی (مهر المثل) واجب ئەبی[1] • وە ئەگەر جوری شوبهەکە زیاتر بوو لە یەك وەك ئەوە جاریك بچیتە لای لە نیکاحیکی دانەمەزراوا ، وە لەپاش جیابوونەوە

---

(١) واتە : ئەگەر چوونەلا زور بوو بە یەك شوبهە ، لە کام‌وەختا قیمەتی مارەیی گرانترە ، ئەو قیمەتە ئیعتیبار ئەکری •

جاریکی‌تر بچیته لای بەگومانی ئەوە کە بە ژنی خوی بزانی ، یاخـــود جاریك شوبهەیەکی کردو لەپاش ئەو چوونە لای بەشوبهەیـە (مهـــر المثل)ەکەی دایەو دیسانەوە بە هەمانجوری شوبهە چووە لای ، ئـەوە بەپی‌ی دووبارە بوونەوەی شوبهەکـــان ئەبی (مهر المثـــل)ی بداتی • هەروەها ئەگەر بە زور چەند جار زینا بکا لەگەل ژنیکا ئەوە ئەوەندەی ژمارەی چوونەلاکەی ئەبی (مهر المثل)ی بداتی •

باسی حوکمی جیابوونەوەی ژن لە پیاو

هەر جیابوونەوەیەك رووبدا لە بەینی پیاوو ژندا پیش‌ئەوەی پیاوەکە بچیتە لای ژنەکەی ، ئەوە ئەگەر جیابوونەوەکە لەلایەنی ژنەکەوە بوو ، وەکو هەلوەشاندنەوەی نیکاح بەهوی عەیبیکەوە لە پیاوەکەدا یا بەهـــوی لاتی‌ی کابراوە ، یاخود ژنەکە جیا نەبیتـــەوە بـــەلام ببی بـــەهـــوی جیابوونەوەکە وەکو ئەوە کابرا نیکاحەکە هەلوەشینیتەوە بەهوی عـــەیبی ژنەکەوە ، ئەوە ژنەکە حەقی داوای مارەیی نامینی ، چ ئەو مارەیی‌یەی کە لە نیکاحەکەدا ناوبراودو چ (مهر المثل)و چ مارەیی دانراو ، وە هەر زیادەیەك لەو مارەیی‌یەدا پەیدا بووبی لەبەینی عەقدەکەو جیابوونەوەکەدا ، هی میردەکەیە •

وە ئەگەر نە جیابوونەوەکە لەلایەنی ژنەکەوە بوو ، وە نە بەهوی ئەویشەوە بوو وەك تەلاقدانو خولعکردن (لعان)و پاشگەز بوونەوەی کابرا لە ئایینی ئیسلام ، یاوەکو ئەوە دایکی کابرا شیر بدا بە ژنەکە بـــە مندالی ، یا دایکی ژنەکە شیر بدا بە میردەکە بە مندالی ، ئـەوە مارەیی‌یە ناوبراوە دروستەکە ئەکا بە دووکەرتەوە ، یەعنی نیوەی ئەگەریتەوە بو میردەکەو نیوەی ئەمینیتەوە بو ژنەکـە • هـــەروەهـــا مارەیی دانراوی دامەزراوو (مهر المثل)ێك کە بەعەقدەکە دامەزرابی وەکو لەپی‌سپاردنی

دانەمەزراوا ، وە لە هەر حالەتێکی تردا کە بەهوی شــتێکەوە عەقــدی نیکاحەکە بگەرێتەوە بوسەر (مهر المثل) •

کەواتە هەر زیادەیەك لە مارەیی‌یەکەدا خوای پێ‌یەوە نووسابێ یا جیا بێ لێ‌ی ، وە لەپێش جیابوونەوە پەیدا بووبێ ئەوە هی ژنەکەیــە • وە هەرچی لەپاش جیا بوونەوە پەیدا بووبێ نیوەی بو مێردەکەو نیــوەی بو ژنەکەیە • وە هەرچی لەپاش جیا بونەوە پەیــدا بووبێ نیوەی بــو مێردەکەو نیوەی بو ژنەکەیە • وە هەر ناتەواوی‌یــەك کــە لــەپاش جیابوونەوە لێ‌ی پەیدا بووبێ ئەگەر لە دەستی ژنەکەدا بووبێ‌و کابــرا داوای عەینەکەی کردبێ‌و ژنەکە نەیدابێتەوە ، نیوەی ئــەو ناتەواوی‌یــە ئەبژێرێ بە ژنەکە • هەروەها ئەگەر لە دەســـتی کابــرادا بــووبێ‌و ناتەواوی‌یەکە بە دەستی ژنەکە پەیدا بووبێ • وە ئەگــەر بــەهــوی بێگانەیەکەوە پەیدا بووبێ ، بەو بێگانەیە ئەبژێرێ • وە ئەگەر بەدەستی کابرا خوی پەیدابووبێ ، ئەوە بەشی ژنەکە ئەبژێرێ‌و بەشەکەی خوی لە ئەستوی خویایەتی •

وە ئەگەر مارەیی‌یەکە فەوتابوو ، ئەوە نیوەی برێتی‌یــەکــەی پێ ئەبژێرێ بە هاوچەشنی خوی یا بە قیمەتەکەی • وە ئەگەر عەیبــدار بووبێ لای ژنەکە ئەوە نیوەی عەیبەکەی ئەگەرێتەوە ســەر ژنــەکــەو نیوەیشی بو کابرایە ئەگەر قەناعەت بکا پێ‌ی بەو عەیبەوە ، ئەگینا قیمەتی نیوەی مالەکەی ئەکەوێ لەسەر حیسابی دواروژی بێ‌عەیبی • وە ئەگەر لە دەستی کابرادا عەیبدار بووبوو ، ئەوە نیوەی بەو عــەیبــەوە عائیدی کابرایەو نیوەیشی عائیدی ژنەکەیە ئەگەر رازی بێ پێ‌ی • وە ئەگــەر مارەیی‌یەکەی هەلوەشاندەوە ئەوە نیوەی برێتی‌یەکەی وەربگرێ لــە کابراکە • وە ئەگەر بە دەستی بێگانەیەك عەیبدار بووبێ‌و ژنەکە تولەی

عەیبەکەی وەرگرت ، ئەوە نیوەی عەینەکە بەو نیوەی تولەکەوە ئەگەریتەوە بو کابرا •

وە ئەگەر بەهوی هەندی زیادەوە کە (متصل) بوو بە مارەیی‌یەکەوە ، ژنەکە دلی نەدەهات نیوەی عەینەکەی پی‌بداتەوە ، ئەوە واجبە قیمەتی نیوەی عەینەکەی بە بی‌زیادە بو حیساب بکاو بیداتی • وە ئەگەر عەینەکە زیادیشی کردبوو کەمیشی بەسەرا هاتبوو وەکو دار خورمایەك کە زور دریژ بووبی کە زیادەکەی بریتی‌یە لە لقەکانی‌و کەمی‌یەکەی ئەوەیە بەری کەم ئەبی ، ئەوە لەم‌کاتەدا ئەگەر ریکەوتن لەسەر نیوەی عەینەکە ئەوە باشە ، ئەگینا واجبە قیمەتی نیوەی دارەکەی بدریتی بە بی‌تەماشا کردنی زیادو کەم کردن • مەسەلا زەراعەت کردنی زەوی کەم‌کردنەو کیلانی زیادەیە • ئاوس‌بوونی حەیوان کەم‌کردنە چونکە پی‌ی لەر ئەبی‌و زیادکردنیشە لەبەر سکەکەی •

ئەگەر مارەیی ژنەکە باخیك بوو ، وە لەکاتیکا کە تەلاقی‌دا ئەو باخە میوەی دەرکەوتبوو ، واجب نی‌یە لەسەر ژنەکە ئەو میوەیە ببری لە دارەکان • وە ئەگەر میوەکەی بری نیوەی عەینی دارەکان هی کابرایە • وە ئەگەر کابرا رازی‌بوو بەوە کە میوەکان بە دارەکانەوە بن تا کاتی برینیان ، واجبە ژنەکە رازی بی بەمە چونکە قازانجی خویەتی • وە ئەگەر ژنەکە ئارەزووی بوو ئەوە کابرا ناچار ناکری بەلکو ئەتوانی داوای قیمەتی نیوەی دارەکان بکا •

(بزانن) هەرکاتیك حەقی (خیار) لە مارەیی‌دا هەبوو بو ژنو میردەکە هەردوکیان یا بو یەکیکیان ، ئەوە نیوە مارەیی‌یەکە نابی بە مولك تا خاوەن (خیار)ەکە هەلی‌نەگری • وە هەرکاتیك ئیعتیباری قیمەت بکری ئەوە ئیعتیبار بەو قیمەتەیە کە لای خوارووی قیمەتەکەیە لە روژی عەقدەکەوە تا ئەو روژە ژنەکە عەقدەکەی وەرگرتووە • لەبەرئەوە

ئەگەر لە روژی عەقدەکەدا کەم بوو ئەو زیادەی پاش ئەو روژە مولکی ژنەکەیە • وە ئەگەر لە روژی وەرگرتنیدا لەلایەن ژنەکەوە کەم بووە، ئەوە هەر قیمەتی کە لەوەبەر بووە لە ضەمانەتی کابرادا بووەو ژنەکە نابی بە ضامنی •

وە ئەگەر لەوکاتەدا کە تەلاقی دا عەینی مارەیی‌یەکە لـە مولکی ژنەکەدا نەمابوو ، ئەوە کابرا نیوەی بریتی‌یەکەی وەرئەگـری • بەلی ئەگەر زوو لەلای نەمابوو ، وە ئیستە کەوتبـووەوە لای ، ئـەوە نیوەی عەینەکەی ئەباتەوە • وە ئەگەر ژنەکە هەموو عەینی مارەیی‌یەکەی بەخشی بە کابرا ، وە پاش‌ئەوە کابرا تەلاقی‌دا ئەوە نیوەی بریتی‌ی عەینەکـەی ئەکەوی • وە ئەگەر نیوەی پی‌بەخشیبوو ئەوە نیوەی ئەوەی ماوەتـەوە لای لەگەل چواریەکی بریتی‌یەکەی هەمووی ئەکەویتەوە •

وە ئەگەر مارەیی‌یەکە لە ئەستوی کابرادا بوو ، وە ژنەکە ئازادی کرد ، ئەوە کابرا تازە ناتوانی نیوەی مارەیی‌یەکەی لە ژنەکە بسـینیتەوە چونکە هیچی لەو وەرنەگرتووە •

(بیداربن) وەلی‌ئەمری ئافرەت ، خوای ئافرەتەکە خاوەن روشـد بی یا بی روشد بی ، حەقی نی‌یە میردەکە عەفو بکا لەو مارەیی‌یەی کەوا بەسەریەوە • بەلی هەندی لە زانایانی شەرع فەرموویانە ئەگەر کابـرا رەوشتی لەگەل ژنەکەدا زور خراپ بوو ، وەلی‌ئەمری ژنەکە ئەتـوانی دەس‌بەرداری مارەیی کچەکە ببی بوی بوئەوە تەلاقی بداو رزگاری بکا ئەگەر ژنەکە خوی بی‌روشد بی • ئەگەر بریاروابوو کابرا قـورئـانی پیروزی یا زانستیکی فیر بکا لەجیاتی‌ی مارەیی‌یەکەی ، وە بەر لـەوەی فیری بکا تەلاقی‌دا ئەوە ئیتر ناتوانی نیوەکەی‌تری لـەوەپـاش فیر بکا • جا ئەگەر چووبوە لای واجبە لەسەری هەموو (مهر المثل) بدا بەوژنە ، وە ئەگەر نەچووبووە لای واجبە نیوەی (مهر المثل)ی پی‌بدا •

باسی حەقی (متعه)

(متعه) بریتی‌یە لە مالیك کە پیاوەکە ئەیدا بە ژنەکە لەپاش جیابوونەوەیان لە یەك • ئەم حەقە هەیە بو هەر ژنیك کە میردەکەی چووبیتە لای‌و پاشان بە غەیری مردن لی‌ی‌جیا بووبیتەوە ، وە خویشی سەبەبی ئەو جیابوونەوەیە بووبی ، ئیتر بەهوی پاشگەز بوونەوەیەوە لە ئایینی ئیسلام لی‌ی جیا بووبیتەوە یا بەهوی (لعان)ەوە یا بەهوی هەلوەشاندنەوەی نیکاحەوە یا بەهوی تەلاقەوە ، خوای تەلاقەکەی (بائن)ە بی یا (رجعي) بی ، وە (عدّە)ی تەلاقەکە بەسەر چووبی یا نە • هەروەها ئەم حەقە هەیە بو ئافرەتیکیش کە میردەکەی نەچووبیتە لای ، بەو شەرتانەی کە باسمان کردن‌و بەوشەرتەیش کە نیوە مارەیی نەبی وەکو ژنی کە مارەیی‌یەکەی سپاردبی بە میردەکەی‌و تەلاق بدری لەپیش ئەوەدا میردەکەی بچیتە لای‌و بەرلەوەش کە مارەیی بو دیاری بکا • ئەم ئەندازەی حەقی‌موتعەیە قاضی خوی دیاریی ئەکا بەپیی دەولەمەندی‌و فەقیریی کابرا •

حەقی موتعە نی‌یە بو ژنیك کە بە مردن جیا ببیتەوە لە میردەکەی ، یا بەهویەکی‌ترەوە بەلام خوی هوی جیابوونەوەکەی بی ، وەکو ئەوە کە نیکاحەکەی هەلوەشینیتەوە بەهوی عەیبیکی میردەکەیەوە ، خوای میردەکەی چووبیتە لای یا نەچووبیتە لای • هەروەها حەقی موتعە نی‌یە بو ئافرەتی کە میردەکەی نەچووبیتە لای‌و نیوە مارەیی ببی وەك ئەوەی کە مارەیی‌یەکەی خوی سپاردبی بە میردەکەی‌و ئەویش تەلاقی دابی یا نیکاحەکەی بەهوی عەیبیکەوە هەلوەشاندبیتەوە •

باسی دابەش‌کردنی وەختی میرد بەسەر ژنەکانیا (قسم)

(قسم) بریتی‌یە لەوە پیاو بە عەدالەت رەفتار بکا لەگەل ژنانی خویا لەکاتی حەسانەوەدا • ئەم رەفتاری بەعەدالەتە حەقی ئەو ژنانەیە کە مارەکراوی کابرا بن ، وە بو کەنیزەکیك نی‌یە کە مولکی خوی بی ! هەر میردیك شەو مایەوە لای هەندی لە ژنەکانی ، واجبە ئەوەندە لای ئەوانی‌تریشیان بمینیتەوە • وە ئەگەر کابرا گوی‌ی نەدا بە هیچیان ئەوە گوناهبار نابی ، بەلام سوننەتە ماتلیان نەکا لە چوونەلا بەجوری کە ناموسیان بپاریزی ، بەلکو ئەگەر ترسی ئەوەی بوو کە ژنەکانی لەبەر ئارەزووی نەفس تووشی گوناه ببن حەرامە ماتلیان بکاو واجبە یا بچیتە لایان یا تەلاقیان بدا •

دابەش‌کردنی وەخت بە هاوسانی واجبە ژنی نەخوش‌و خاوەن حەیزو زەیسان‌و ئەو ژنەش بگریتەوە کە ئیسکیك یا پارچە گوشتیك بەری عەورەتی گرتبیتەوە ، چونکە مەبەس لەم شەو لەلا نووستنە تەنها چوونەلا نی‌یە ، بەلکو لەبەر ئولفەت‌و رابواردنەو بو لەزەت لەیەك وەرگرتنە بە هەر جوریك کە خوا حەلالی کردبی •

بەلی ئافرەتیك کە لە فەرمانی میردەکەی یاخی بووبی حەقی شەو چوونەلای نی‌یە •

جا ئەگەر میردەکەیان شوینیکی تایبەتی‌ی هەبوو ، دروستە هەرکامیان لە نوبەی خویدا بانگ بکا بو لای خوی ، وە باشتر ئەوەیە کە ئەم بگەری بەسەریانا • وە حەرامە هەندیکیان بانگ بکا بو لای خوی‌و بروا بو لای هەندیکی‌تریان ، مەگەر لەبەر عوزریکی شەرعی وەکو ترسی ئەوە کە ژنەکە لە ریگەدا تووشی ئاشوویك ببی • هەروەها حەرامە

لە مالی یەکیکیانا دانیشیو ئەوانی‌تریان بانگ بکا بو ئەوی ، یاخـود دوو هەوی لە مالیکا گرد بکاتەوە ، مەگەر هەموو پیویستی‌یەکی مالو ریگای هاتوچویان جیابی لە یەك ، یاخود ژنەکان بە ئارەزووی خویان مەیلیـــان ببی کە بەیەکەوە بن •

دروستە تەرتیبی دابەش کردنی وەخت بدا لەبەینی ژنەکانیا لەسەر شەویك لەگەل روژی پیشوویدا یا روژی پاشەوەی • ئەصل لە دابەش کردنی وەختدا بەسەر ژناندا شەوە چونکە شەو کاتی حەسانەوەیەو روژ بەدوای شەوەوەیەو بە لقی ئەو دائەنری ، مەگەر بو کەسـیك کـــە کاسبی‌یەکەی بە شەو بی وەك ئیشکچی‌ی شەو • ئەمانە ئەبی روژ دابەش بکەن بەسەر ژنیاناو شەویان تابیعی روژیانە • حەرامە پیاو لە ســـەرەی ئەصلی‌ی ژنیکا برواتە لای ژنیکی‌تریان مەگەر لەبەر ناعیلاجی وەك ئەوە کە ژنە خاوەن سەرەکە نەخوشی‌یـەکی خـرابی پیـوە بی یـا لـەبـەر هویەکی‌تر •

جا ئەگەر زور مایەوە لای ئەم ژنە وەك تا سی‌یەکی شەو پیویستە قەزای ئەو شەوە بکاتەوە بو ژنەکەی‌تری • بەلام بوی هەیە لەروژا بروا بولای ژنیکیان کە سەرەی خوی نەبی بو دانانی کەلوپەلی ناومـال یـــا هینانە دەرەوەی یا بو بەخیرهاتنی میوان ، وە چاك وایە دریژە نەدا بـــە مانەوەی لای ئەم ژنە کە سەرەی نی‌یە • فەرموودەی راست وایە ئـەم رویشتنەی ئەگەر لەبەر پیویستی‌یەك بی ، پیویست ناکا قەزای بکاتـــەوە بو ژنەکانی‌تری ، وە بویشی دروستە لە غەیری چوونـەلا هـــەر جورە لەزەتیکی‌تر وەربگری لەوژنەی کە بە روژ ئەچیتە لای • وە ئەگەر بـــە بی پیویستی‌یەك چووە لای ژنیکیـان واجبـــە قـــەزای بکاتـــەوە بـــو ئەوانی‌تریشیان •

واجب نی‌یە هاوسانی بکا لە بەینی ژنەکانیا لە مانەوەی روژدا لایان

ئەگەر بە عەمدیو تایبەتی جیاوازی نەخا لە بەینیانا ، ئەگینا حەرامەو قەزا گیرانەوەی ئەو زیادەیە واجبە بو ژنەکانیتری وەکو (امام الحرمين) فەرموویەتی • بەلام واجبە هاوسانی کردن لە مانەوەی شەودا لایان هەتاوەکو ئەگەر بەتەنها لە نوبەی یەکیکیانا بروا بو نویژی جەماعەت ئەوە حەرامە ، بەلکو یا ئەبی لە نوبەی هەموویانا بروا یا لە نوبەی کەسیانا نەروا مەگەر بە ئیذنی ژنە خاوەن نوبەکە •

لای کەمی وەخت دابەش کردن لەبەینی ژنانا شەویکە و لای سەرووی سی شەوە ، وە زیاتر لە سی شەو حەرامە ، هەرچەند ژنەکان یەکی لە ولاتیکدا بن ، مەگەر بە رەزامەندیی هەموویان • باشترینی ماوەی نوبە یەك شەوە • وە ئەگەر لە یەك کاتا چەند ژنیکی کەوتنەیەك واجبە لەسەری دەویان لەبەینا بکا (قورعە رابکیشی) بو دامەزراندنی ریزی نوبە لیگرتنیان • جا دەوەکە بە ناوی هەرکەسەوە دەرچوو لەپیشا ئەرواتە لای ئەویانە • ئەمجار ئەگەر دوو ژنیتری یا زیاتری مابوو دەویش لە بەینی ئەوانا ئەکا تا یەکیکیان ئەمینیتەوە • ئیتر ئەم تەرتیبە بکا بە سەرمەشقو لەسەری بروا •

ئەگەر کچیکی تازەی هینا حەقی هەیە حەوت شەو لای بمینیتەوە • وە ئەگەر بیوەژنیکی هینا حەقی سی شەوی هەیە ، وە بوی هەیە ئەو بیوەژنە خاتر خو بکا لەبەینی سی شەودا بە بیقەزا کردنەوە یا حەوت شەو لەگەل قەزاکردنەوەیدا بو ژنەکانیتری • جا ئەگەر داوای زیادەی نەکرد یاخود زیادەکەی لە سی شەو زیاتر نەبوو ، یاخود کابرا بە ئارەزووی خوی چوار شەوی زیاد کرد ، ئەوە تەنها قەزای ئەو چەند شەوەی لەسەرە کە زیادە لەسەر حەقی شەرعیی ژنە تازەکە • وە ئەگەر ژنەکە خوی داوای چوار شەو زیادەی کرد ئەوە واجبە هەموو حەوت شەوەکە قەزا بکاتەوە بو یەکە یەکەی ژنەکانی تری ••

ئەم بە قەزا گێرانەوەیەش بەوجورە ئەبی کە دەو بکا لەنیوانیانا ، جا هەر وەختی نوبەی ژنە تازەکە هات نوبەکەی بدا بە یەکی لە ژنەکانی‌تری ، هەروەها لە دەوی دووهەمیشا ئەو نوبەی ژنە تازەیە بدا بە ژنیکی تریان ، وە لە دەوی سیهەمیشا نوبەکەی بدا بەو ژنەکەی‌تریان‌و لەوەپاش لەسەر شیوەی ئەم دەوە ئەروا تا قەزای هەر حەوت روژەکە تەواو ئەبی • ئەوەش بزانین کە ئەم ژنانە وەکو شەوە قەرزەکانیان ئەدریتەوە نوبەکەی خویشیان بە تەرتیبی دەوەکە وەرئەگرن ، وە بەم‌تەرتیبە ئەو حەوت روژە قەرزە لە ماوەی هەشتاو چوار روژا تەواو ئەبی بویان ئەگەر چوار ژن بن •

لەبەرئەوە لە هەموو چوار شەویکا ئەم ژنە تازەیە شەویکی هەیە بیداتەوە بە قەرزا ، وە لەماوەی دوازدە شەوا ژنە کونەکان ئەگەر سیان بن یەکی شەویکیان پی ئەدریتەوە • کەواتە بو ئەوەی کە یەکی حەوت شەو قەرزیان پی بدریتەوە پیویستمان بە حەوت دوازدە هەیەو حەوت کەرەت دوازدە ئەکاتە هەشتاو چوار ، وە لەم هەشتاو چوار شەوەدا ئەو ژنە تازەیە تاقە شەویکی بەرناکەوی •

هەر پیاوی بروا بو جیگایەك بە یەکجاری حەرامە هەندیك لە ژنەکانی لەگەل خوی بباو هەندیکیان بەجی بهیلی ، بەلکو ئەبی یا هەموویان ببا یا هەموویان بەجی بهیلی لەگەل مەسرەف‌و سەرپەرشتی‌کەردا • وە لە سەفەری بازرگانی‌و زیارەتا دروستە هەندیکیان بەری بەوشەرتە دەویان لەبەینا بکا یا بە بی‌دەو بەلام لەگەل رەزامەندی‌ی ئەوانی‌تریشیانا • لەم‌کاتەدا واجب نی‌یە لەسەری قەزای ماوەی سەفەرەکە بکاتەوە بو ئەوانی‌تریان مەگەر ئەو ماوەیە کە گەیشتووەتە ئەو شوینەی بوی چووەو تیا ماوەتەوە •

ئەگەر یەکیك لە ژنەکان نوبەکەی خوی بەخشی بە هاوری‌یەکی ،

واجب نی‌یه لەسەر میردەکەی قوبوولی بکا ، چونکە ری‌ی‌تی‌ئەچی ئـەم کابرا ئارەزووی لەو ژنەیان نەبی • وە ئەگەر قوبوولی کرد و ژنەکەیش نوبەکەی خوی دا بە ژنیکی دیاری لەناو ژنەکانا ، ئەوە واجبە لەســەر میردەکە لە نوبەی ئەو ژنەدا لای ئەم ژنە بمینیتەوە زیاد لە نوبەی ئەم ژنە خوی بەپی‌ی ریزی نوبەکان • وە ئەگەر ئەو ژنە نوبەکەی خوی بەخشی بە میردەکەی ئەوە بوی دروستە بیبەخشی بە یـەکیکی دیــاری لەنــاو ژنەکانــا !

باسی سەرپیچی‌کردنی ژن لە بەگوی‌کردنی پیــاو (نشــوز)

(نشوز) لەشەرعدا بریتی‌یە لەوە کە ژن لە فەرمانی میردەکــەی دەربچی بە بی عوزریکی شەرعی وەك ئەوە کە بە بی‌ریگادانی ئەو لــە مال دەربچی بە غەیری دەرچوونی عادەتی لە بەینی دەرو دراوســـیدا یاخود مەنعی میردەکەی بکا لەوە کە بچیتە لای‌و لەزەتی لی وەربگری یا دەرگای لەسەر دابخاو ریگای نەدا بیتە مالەوە ، یا بە درو داوای تەلاقی لی بــکا •

هەر ژنی بە بی‌میردەکەی بروا بو سەفەر بە بی‌ئەوە کە ئەو ریگای دابی ، ئەوە بە (ناشزە)و لە فەرمان دەرچوو دائەنری ، بەلام ئەگــەر بە ئیذنی کابرا بوو عەیبی نی‌یە • جا ئەگەر بو مەبەستیکی کابرا چووبوو بو سەفەر ئەوە قەزای بەشە شەوی ماوەی سەفەرەکەی بو ئەکریتەوە ، وە ئەگەر بو ئیشی خوی چووبوو بو سەفەر ئەوە قەزای نی‌یە •

هەروەختی نیشانەی لە فەرمان دەرچوونی ژن دەرکەوت ، ئـەبی میردەکەی ئاموژگاری‌ی بکاو شەو نەچیتە سەر جیگەکەی • ئەگەر لــە

فەرمان دەرچوونەکە هاتەدیو دووبارەی نەکردەوە ، ئەوە میردەکەی حەقی ئاموژگاری کردنو نەچوونە سەر جیگای هەیەو فەرموودەی دیاریتریش ئەوەیە ئەتوانی لییشیبدا ، بەلام باش نییە قسەی لەگەلدا نەکا مەگەر لەبەر مەسلەحەتیکی ئایینی کە بەو قسە نەکردنە چار بکری •

وە ئەگەر لە فەرمان دەرچوونەکەی دووبارە کردەوە ، ئەوە شوبهەی تیا نییە کە دروستە لیی بدا بەلام بە چەند شەرتیك • یەکەم : ئەویە بزانی لیدانەکەی سوودی هەیە • دووهەم : نەدا لە شوینی ناسکی وەکو چاوو لووتو گوییو نەدا لە جیگەی کوشندەیشی وەك سەرو سەردلو کەلەکەو مووسلدانی • سیهەم : دوژمنایەتییەکی کونیان لەبەیندا نەبی ، ئەگینا ئەبی بچیتە لای قاضی •

وە ئەگەر لە فەرمان دەرچوونی ژنەکە لەبەر ئەوە بوو کە میردەکەی حەقی شەرعیی ژنەکەی ئەفەوتاند ، ئەوە واجبە قاضی نەهیلی ئەو حەقەی بفەوتینیو ناچاری بکا کە سەر دانەوینی بو فەرمانی شەرع • وە ئەگەر کابرا کابرایەکی بەدخوو بوو واجبە قاضی مەنعی بکا ، وە ئەگەر کابرا موبالاتی نەکردو گوییی نەدایە واجبە لەبەرچاوی خەلك سووکی بکا بە هەرجوریك کە خوی بە مەسلەحەتی ئەزانی •

وە ئەگەر هەرکام لە ژنو پیاوەکە ئیدیعای بەدخوویی ئەویانیان کرد ، واجبە لەسەر قاضی کەسیکیان لەسەر دابنی کە سەرپەرشتیی ئەحوالیان بکا تا بزانی خەتای کامیانەو مەنعی خەتابارەکەیان بکا • وە ئەگەر پیاوەکە بیانووی هینایەوە بو قاضی لەسەر لیدانی ژنەکەی کەوا بویە لیی ئەدا چونکە بیگوییەو بە فەرمانی ناکا ، وە ژنەکەیش ئینکاری کرد ، ئەوە باوەر بە سویندی کابرا ئەکری مەگەر لە حالیکا کەناسرابی بە بەدخویی ، ئەوکاتە باوەر بە سویندی ژنەکە ئەکریو

مەنعی کابرا ئەکری لەوەی لی‌ی‌بدا • بەلی لەبارەی ئەوەوە کە ژنەکە موستەحەقی نەفەقە بی ئەوە هەمیشە باوەر بە سویندی ژنەکە ئەکری کەوا بی‌گوی‌یی نەکردووە ، وە واجبە لەسەر میردەکەی نەفەقەی بداتی تا ئیسباتی ئەکا بە شاهید کەوا لە فەرمانی دەرئەچی ••

جا ئەگەر هەرای بەینی پیاوو ژنەکە هەر دریژەی کیشاو چاری نەکرا ، ئەو وەختە واجبە لەسەر قاضی دوو حەکەمیان لەسەر دابنی بە رەزامەندی‌ی ژنەکەو پیاوەکە ، وە سوننەتە یەکیکیان خزمی پیاوەکەو ئەویان خزمی ژنەکە بی بوئەوە چاویان بە ژنو پیاوەکە بکەوی‌و باش لی‌یان حالی ببن • شەرتی ئەم دوو حەکەمە ئەمەیە موسولمانو ئازادو دادپەروەر بنو شارەزای وەزعی بەینی ژنو پیاوەکە بن بوئەوە باش لە وەزعیان حالی ببنو بزانن چی بکەنو سوننەتە پیاو بن • ئەم دووکەسە یەکیکیان وەکیلی پیاوەکەو ئەویان وەکیلی ژنەکەیە ، ئیتر حەکەمی بەمەعنا (حاکم) نین بەمەعنا ژنو پیاوەکە تەحکیمیان کردبن ، ئەگینا بە تەنها کەسی قەناعەت ئەکرا • وە حەکەمو جی‌نشینیشیان نین کە قاضی دایبنابن چونکە خویان خاوەن روشدو تەصەروفن لە ئیشی خویاناو قاضی حەقی نی‌یە دەس نجاتە ئیش‌و کاریانەوە • کەواتە ناوبردنیان بە حەکەم تەنها بو موافەقەتی قورئانی پیروزە ، ئەگینا لەراستیدا تەنها وەکیلکن لەجیاتی‌ی پیاوو ژنەکە وەکو لەپیشەوە باسمان‌کرد • کەوابی بەشەرت گرتنی ئەو مەرجانە لە حەکەمەکاندا تەنها لەبەرئەوەیە کە وەکیلی‌یەکەیان بەسراوە بە بیرو سرنجی قاضی‌یەوە ، وە وەك جی‌نشین‌و ئەمینداری قاضی بن وایە ، ئەگینا وەکیل ئەو شەرتانەی ناوی •

وە مادەم ئەمانە وەکیلی ئەم پیاوو ژنەن ، ئەگەر پیاوو ژنەکە هەردوکیان یاخود یەکیکیان لەپیش تەواوکردنی ئیشەکەدا لە هوشی

خویان چوون ، ئەمان لە وەکالەت عەزل نابن وەك وەکیلێك کە ئەوکەسەی کردوویە بە وەکیل لە هوشی خوی بچی •

ئەگەر ئەم دوو حەکەمەیش بە پیچەوانەی یەکتر رایان دا ، واجبە لەسەر قاضی دوو حەکەمی‌تریان بو دابنی • جا ئەگەر ئەمانیش رایـــان یەکی نەگرت ، یا لەئەساسدا ژنو میردەکە رازی نەبوون بە حەکەم بـو دانان ، ئەوە قاضی لەسەر مەعلووماتو قەناعەتی خوی ئیش بکاو هەرکامیانی بەتاوانبار زانی تەمی‌ی بکاو حەقی ستەم لی‌کراوەکەی لی بسینی •

جا کاتی هەردوولا رازی بوون بەم دوو حەکەمە ، ئەوە ئەگەر کابرا مەیلی بوو با حەکەمەکەی خوی بکا بە وەکیل بو تەلاق دانـی ژنەکەی‌و (خلع) لەگەل کردنی‌و بو وەرگرتنی عیوەزی خولعەکە لە ژنەکـــە • هەروەها ئەگەر ژنەکەیش ئارەزووی هەبوو حەکەمەکەی خوی بکا بـــە وەکیلی پیاوەکە ، وە بو صەرف کردنو تەسلیم کردنی عیوەزی خولعەکە بە وەکیلەکە • جا ئەگەر ژنو پیاوەکە کەوتنە یەك ئەوە باشە ، ئەگینـــا وەکیلی پیاوەکە تەلاقی ژنەکە بدا لەسەر ئەندازەیەك پارە بەپی‌ی ئەمـری کابرای وەکیل‌گر ، وە وەکیلی ژنەکەیش قوبوولی تەلاقەکە بکا لەســـەر رەزامەندی‌ی ژنەکە ، بو ئەوە کە بە رەزاو رەحمەت لە یەك جیا ببنەوە •

باسی (خلـــع)

(خلع) لەشەرعدا بریتی‌یە لە جیابوونەوەی ژنەکە لە پیاوەکە بەرابەر (عوض) یکی مەبەست کە بگەریتەوە بو میردەکە •

خولع لە خویدا کەراهەتی هەیەو هەندی جاریش مەباحە وەکـــو خولع کردن لەگەل ژنیکا کە بەدرەوشت بی‌و ئەم پیاوەیش تاقەتی نەبی لەگەلیا رابویری • هەروەها بو کەسی کە بە سی تەلاقە سویندی خواردبی

لەسەر نەکردنی شتی کە پیویست بی بیکا ، یا لەسەر کردنی شتی کە پیویست بی نەیکاو ئەگەر لەسەر سویندەکەی دەوام بکا تووشی زیان ببی ، وە ئەگەر سویندەکەی بخا سی تەلاقەی بکەوی • ئەمکەسە ناچارە خولع بکا لەگەل ژنەکەی بو ئەوە کە عەقدو عیصمەتەکەی پیشووی نەمینی ، وە لەپاش ئەو خولعە ئەو شتە کە وتوویەتی نایکەم بیکا ، یا ئەو شتە کە وتوویەتی ئەیکەم تەرکی بکا ، خوای لەپیش مارەکردنەوەی ژنەکەدا بی یا لەپاشی •

بەلام لیرەدا چەند شتیك هەیە ئەبی تەماشای بکری • یەکەم : لەپیش خولعەکەدا بزانری کابرا هەر سی تەلاقەی ماوە یا خود دوو تەلاقی ماوە ، چونکە ئەگەر یەك تەلاقی مابی بەو خولعە ئەکەوی ، وە پیویستی بە جاش کردنەوە (تحلیل)ی ژنەکە ئەبی • دووەم : بزانی ئەو نیکاحە لەپیشا بە مەذهەبی ئیمامی شافیعی کراوە چونکە ئەگەر بە مەذهەبی ئیمامی حەنەفی بووبی واجبە کابرا لەپاش خولعەکە صەبر بکا تا ژنەکەی (عدە)ی بەسەر ئەچی ، ئەوسا ئیشە سویند لەسەر خوراوەکە بکا ، ئەگینا ئەگەر لە ماوەی (عدە)کەدا بیکا هەر سی تەلاقی ئەکەوی چونکە لە مەذهەبی حەنەفیدا تەلاق ئەلکی بە ژنیکەوە کە لە (عدە)ی (بینونة) دا بی •

سیهەم : تا بوی بکری خولعەکە بە صوورەتی خولعی بیگانە لەگەل ئینسانیکی خاوەن روشدا بکا لەبەرئەوە کە حالی بەشی زوری ژنانی ئەمرو سەفاهەتەو خولع لەگەل ژنی سەفیەدا ئەبی بەهوی تەلاقی (رجعی)• وە ئەگەر لەپاش خولعەکەی ئیشە سویند لەسەر خوراوەکە بکا هەر سی تەلاقی ئەکەوی • بەلام ئەم ماددەی سیهەمە هەر بو پاریزگارییە ، ئەگینا لەگەل ژنەکەی خویشیا بیکا باشە چونکە بەپیی ظاهیری حوکم ناکری بە سەفاهەتی ئەم ژنە •

ئەرکانی خولع پینجن : میردو ، لەئەستوگر (ملتزم) واتە ئەوکەسە

که خولعه‌که قوبوول ئه‌کاو ماله‌که ئه‌گریته گه‌ردن • وه (عوض) واته ئه‌و شته‌ی ئه‌دری له بریتیی خولعه‌که‌دا ، وه (بضع) یه‌عنی پارچه‌ی ژنه‌که ، وه (صیغه) واته ئه‌و ئیجاب‌و قوبووله‌ی که له‌به‌ینا رائه‌بووری •

شه‌رتی میرده‌که ئه‌وه‌یه میردیك بی دروست بی ژن ته‌لاق بدا ، یه‌عنی ته‌کلیفی له‌سه‌ربی‌و به ئاره‌زووی خوی خولعه‌که بکا هه‌رچه‌ند سه‌فیهیش بی • که‌واته خولع دروست نی‌یه له‌لاینی میردیکه‌وه که مندال بی یا نزیك به بالغ بوونیش بی، وه له شیت‌و بی‌هوش‌و نووستوو له که‌سیکه‌وه به زور ئه‌و خولعه‌ی پی بکه‌ن • به‌لام دروسته له‌لاینی پیاویکه‌وه که به‌هوی سه‌فیهی‌یه‌وه حیجری له‌سه‌ر دانرابی ، چونکه ئه‌گه‌ر به‌خورایي ته‌لاقی ژنه‌که‌ی بدا دروسته ، که‌واته ئه‌گه‌ر به‌رابه‌ر به مال بیکا باشتر دروسته •

شه‌رتی له‌ئه‌ستوگر (ملتزم) یش ئه‌وه‌یه ، ژنه‌که بی یا غه‌یری ژنه‌که ، خاوه‌نی ته‌کلیف بی‌و به‌ئاره‌زووی خوی له‌ئه‌ستوی بگری ، وه ته‌صه‌ررووف کردنیشی له مالیدا به‌ره‌للابی • که‌واته دروست نی‌یه خولع قوبوول کردن له‌لایه‌نی مندال‌و شیت‌و بی‌هوش‌و که‌سیکه‌وه که به‌زور پی‌ی قوبوول بکه‌ن ، هه‌روه‌ها له‌لاینی که‌سیکه‌وه که حیجری له‌سه‌ر بی به حیجری ئه‌صلی وه‌ك که‌سیك که به سه‌فیهی بالغ بووبی یا به حیجری رووداو (عارض) وه‌ك که‌سیك به خاوه‌ن روشدی بالغ بووبی‌و پاش ئه‌وه سه‌فاهه‌ت بکاو قاضی حیجری له‌سه‌ر دابنی • به‌لی خولع له‌گه‌ل مندال‌و شیت‌و بی‌هوشا هه‌ر له بناغه‌دا دانامه‌زری‌و ته‌لاقه‌که‌ی پی‌ناکه‌وی با قوبوولیشی بکه‌ن •

هه‌روه‌ها خولع له‌گه‌ل زور لی‌کراوا دانامه‌زری ئه‌گه‌ر قوبوولی نه‌کا، وه ئه‌گه‌ر قوبوولی بکا ته‌لاقه‌که‌ی ئه‌که‌وی به ته‌لاقی رجعي‌و ماله‌که‌ی ناکه‌ویته سه‌ری • بویه ئه‌گه‌ر میرده‌که‌ی مه‌نعی نه‌فه‌قه‌ی لی کرد به‌نیازی ئه‌وه که قوبوولی خولع بکا ، جا ته‌لاقی دا له‌سه‌ر مال‌و ژنه‌که قوبوولی

کرد ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعی) و ماڵەکەیشی ناکەویتە سەر ، هەروەها ئەگەر بە لیدان مەجبووری بکا لەسەر قووبوول کردنی خولعەکە.

بەلام ئەگەر مەنعی نەفەقەی بەنیازی قوبوولی خولع نەبـــوو ، وە لەپاشا وا ریکەوت خولعی لەگەل کرد ئەوە خولعەکە دروستەو ژنەکـــە (بائنە) ئـەبیتـەوە بەو ماڵـە • دروســــتە ژن لـــە نەخوشـــی. مردنا قوبوولی خولع بکا ، وە هەرچی لە عیوەزی خولعەکە زیاد بی لـــە (مهر المثل) لە سی‌یەکی ماڵەکەی ئەژمیرری •

بەلام خولع لەگەل ژنیکا کە بالغو بی‌روشد بی ، ئەوە چەنـــد صوورەتی هەیە چونکە ئەو خولعە مادەم بە صوورەتی تەنجیز بی ئەگـــەر قوبوولی کرد ئەوە تەلاقەکەی بە بی‌ماڵ ئەکەوی بە تەلاقی (بائنە) لەپیش چوونەلا ، وە بە تەلاقی (رجعی) لەپاش چوونەلا • ئەمە دوو صوورتی• وە ئەگەر قوبوولی نەکرد ئەوە ئەگەر کابرا مەبەستی لە لەفظی خولـــع هەر خولع بوو یەعنی تەلاقی بەعیوەز ، خوای هیوای قوبوول کردنـــی ژنەکەی لەدلا بی‌یا نەبی ، وە یاخود بەو لەفظی خولعە هەر مەبەســـتی تەلاق بی‌و هیوای قوبوولی ژنەکەیشی ببی ئەوە تەلاقەکەی ناکـــەوی • ئەمەیش صوورەتیکی‌تر • وە ئەگەر بە لەفظی خولع نیازی تەلاقـــی هەبوو وە هیوای قوبوولی ژنەکەی لە دلا نەبوو ئەوە تەلاقەکەی ئەکـەوی بە تـــەلاقی (بائنە) لـەپیش چوونـەلا ، وە بـــە تەلاقـــی (رجعی) لەپاش چوونـــەلا • ئەمـــەیش دوو صوورەتـــی‌تر • وا بەکـــورتی صوورەتەکانی خولعی تەنجیزی لەگەل ئافرەتی بی‌روشددا بە لەفظـــی خولع ئەم حەوت صوورتەی هەبوو•لە دوو صوورەتا تەلاقەکەی ئەکەوی‌و (بائنە) یە بە بی‌ماڵ ، وە لە دوو صوورەتیانا تەلاقەکەی ئەکەوی بـــە (رجعی) وە لە سی صوورەتیشا تەلاقەکەی ناکەوی •

ئەگەر کابرایەك دوو ژنی بالغ بووی هەبوو یەکیان خاوەن روشدو ئەویان بی‌روشد بوو ، وە بە یەك لەفظ وتی وا خولعم لەگەل کردن لەسەر بیست دینار ، ئەوە ئەگەر هەردوکیان قوبوولیان کرد تەلاقیان ئەکەوی • تەلاقی خاوەن روشدوەکەیان (بائنە)یەو ئەرواتە سـەر (مهر المثل) وە تەلاقی بی‌روشدەکەیان (رجعی)یەو بی‌مالە • وە ئەگەر قوبوولیان نەکـرد تەلاقیان ناکەوی • هەروەها ئەگەر یەکیکیان قوبوولی نەکا ، لەبـەرئەوە مادەم بە یەك گفتوگو بووە نە مەعنادا کەوتنی تەلاقی گشتیان بەسراوە بـە قوبوولی هەردوکیانەوە •

شەرتی عیوەز ئەوەیە (مقصود) بی‌و بگەریتەوە بولای میردەکـە ، خوای دروست بی وەکو دە مثقال ئالتوون ، یا نادروستیکی (مقصود) بی وەکو کوویەیەك شەراب کە بەکاری جوولەکەیەك دیت ، وە لەسـەر حەیوانیکی مردارەوە بوو کە بو دەرخوارددانی سەگیکی راو ئـەشیت ، وە لەسەر دوو سەبەتە زبل کە بەکاری بیستانەوانیك دیت ، وە لەسـەر حوقەیەك تەپالە یا پشقل کە بەکاری ئەوە دین نانیان پی‌بکری یا چیشتیان پی لی‌بنری •

فەرقی نی‌یە ئەو عیوەزە عەین بی وەکو وتمان یاخود قەرز بی وەکو خولع لەسەر ئەو قەرزە کە ژنەکە هەیەتی بەسەر میردەکەیەوە ، یاوەکو خولع لەسەر دە دینار بەوادەی سالی بیدا بە میردەکەی ، یاخود مەنفەعەت بی وەکو خولع لەسەر مانەوەی لە دووکانی یا خانوویەکی ژنەکەیا • جـا ئەگەر ماوەی مانەوەکە دیاری بوو ئەوە دیاری‌یە ئەگینا نادیاری‌یە • وە وەکو خولع لەسەر حەقی خوین کە ژنەکە بیبی بەسەر کابراوە ، مەسەلا کابرا باوکی ژنەکەی کوشتبی ، یا وەکو خولع لەسەر حەقی ژنەکە لـە حەددی قەذفدا لەبەرئەوە کابرا قەذفی ژنەکەی کردووە ، یا حەقی ژنەکە لە (تعزیر)دا مەسەلا کابرا شتیکی‌وای لەگەل کردبی کە ژنەکـە بتوانـی

بروانه لای قاضیو قاضی کابرا بانگ بکاو بی بەسەریاو تەعزیری بکا ، وه خوای ئەو عیوەزە تەحقیقی بی یا تەقدیری بی وەکو ئەوه کابرا خولعی ژنەکە بکا لەسەر ئەوشتەی وا لەدەستیا ، لەگەل ئەوەشا کە هیچی لەدەستا نەبیو ژنەکە قوبوولی بکا ، هەرچەند هەردوکیشیان بزانن کە دەستی هیچی تیا نییە ، یاوەکو ئەوه کابرا بلیت وا خولعم لەگەل کردی لەسەر مارەیی‌یەکەت یا لەسەر ئەوەی ماوەتەوه لە مارەیی‌یەکەت لەسەرم ، کەچی هیچ مارەیی لەسەر نەمابی ، وه خوای ئەو عیوەزە مولکی کابرا بی کە لەئەستوی گرتووه یا زەوت کرابیو داگیر کرابی لی ی .

جا هەرچی خولع بی لەسەر نەزانراو یا لە سەر زانراوو نەزانراو ئەوه ئەرواتە سەر (مهر المثل) . هەروەها خولع لەسەر هەر عیوەزیك کە نادروستی مەقصوود بی ، وه یا لەسەر دروستو نادروست بەوشەرتە کە دروستەکە نەزانراو بی ، هەر ئەچیتەوه سەر (مهر المثل) . بەلام ئەگەر ئەو دروستە کە وا لەگەل نادروستە مەقصوودەکەدا زانراو بوو وەکو خولع لەسەر دە دینارو مەریکی مردارەوه بوو ئەوه ئەرواتە سەر عەینی زانراوەکەو بەشی نادروستەکەیش لە (مهر المثل) . مەسەلا ئەگەر یەکیك ئەو مەرە مردارەوه بووەی ئەکری بە نیو دینار بوئەوەی دەرخواردی سەگیکی راوی بدا ، ئەوا دەرئەکەوی ئەو حەیوانە بیستیەکی دە دینارەکەیە . کەوابوو عیوەزەکە دیتەوه سەر دە دینارەکەو بیستیەکی (مهر المثل) .

لە وەختی تەلاقدان لەسەر حەقی خویندا ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوەو خوینەکەیش لەسەر کابرا لائەچیو ئیتر هیچی ناکەوی چونکە ئەو حەقە عیوەزیکی مەقصودەو مەعلوومو زانراوه بە شەرع . بەلام لە خولع لەسەر حەددی قەذفو حەقی تەعزیردا ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوەو کابرایش عەفو ئەبیت لەو حەقانە ، لەگەل ئەوەشدا کە (مهر المثل) ئەکەویتە سەر ژنەکە

ببدا به کابرا چونکه ئه‌م دوو حه‌قه (مالية)یان نی‌یه یه‌عنی نه مالن‌و نه ئه‌گوڕرینه‌وه به مال به‌پی‌ی عاده‌ت وه‌کو له حاشیه‌ی (جمل)دا فه‌رموویه‌تی •

ته‌فصیلی ته‌لاق له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی له ده‌ستی ژنه‌که‌دایه ، مه‌سه‌لا ، ئه‌مه‌یه • ئه‌گه‌ر ژنه‌که هیچی له‌ده‌ستا نه‌بوو ته‌لاقه‌که ئه‌که‌وی له‌سه‌ر (مهر المثل) خوای کابرا بزانی به‌وه که ده‌ستی خالی‌یه یا نه‌زانی • هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر نادروستیکی مه‌قصوودی له‌ده‌ستا بوو هه‌ر ئه‌رواته سه‌ر (مهر المثل)، کابرا بزانی یا نه‌زانی • وه ئه‌گه‌ر نادروستیکی نامه‌قصوودی له‌ده‌ستا بوو وه‌کو پشقلیك ، ئه‌وه ئه‌گه‌ر بزانی پی‌ی ئه‌وه ته‌لاقه‌که‌ی به (رجعی) ئه‌که‌وی • هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر پی‌یشی نه‌زانی وه‌کو له حاشیه‌ی (جمل)دا فه‌رموویه‌تی • به‌لی ئه‌گه‌ر شتیکی زانراوی دروستی له‌ده‌ستا بوو وه‌کو دره‌میك ئه‌وه (بائنه) ئه‌بیته‌وه به‌و دره‌مه •

له لقه‌کانی ئیکتیفا کردنه به عیوه‌زی ته‌قدیری ئه‌مه که کابرا بلیت ته‌لاقت که‌وتبی له‌سه‌ر ماره‌یی‌یه‌که‌ت یا له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ماوته‌وه له ماره‌یی‌یه‌که‌ت ، وه ماره‌ییش له‌سه‌ر کابرا نه‌مابوو ، ئه‌وه ماده‌م ژنه‌که‌ی قوبوولی کرد ته‌لاقه‌که‌ی ئه‌که‌وی له‌سه‌ر (مهر المثل) • وه ئه‌گه‌ر له‌پیش چوونه‌لادا بلیت ئه‌گه‌ر ئازادت کردم له‌و ده **مثقاله ئالتوونه ماره‌یی‌یه‌ت** ته‌لاقت که‌وتبی‌و ، ژنه‌که‌یش ئازادی کرد ، ته‌لاقه‌که‌ی ئه‌که‌وی‌و (بائنه) ئه‌بیته‌وه‌و کابرایش ئازاد ئه‌بی له‌به‌رئه‌وه که له‌کاتی ته‌علیقه‌که‌دا ئه‌و ژنه خاوه‌نی ماره‌یی‌یه‌که بووه •

به‌لی ئه‌گه‌ر به‌صووره‌تی ته‌نجیز بلیت ته‌لاقت که‌وتبی له‌سه‌ر ئه‌و ده مثقاله ئالتوونه که ماره‌ت له‌سه‌ری براوه‌و ئه‌ویش قوبوولی بکا ، ئه‌وه ته‌لاقه‌که‌ی ئه‌که‌وی‌و ژنه‌که (بائنه) ئه‌بیته‌وه له‌سه‌ر نیوه‌ی ماره‌یی ناوبراوو

نیوەی (مهر المثل) ، بەلام کابرا هەر نیوەی (مهر المثل)ەکەی لی وەرئەگری • بەیانی ئەم مەسئەلەیە بەمجورەیە : مادەم کابرا لەسەر هەموو مارەیی‌یەکە تەلاقی داوە ، وە ئەم خولعە لەپیش چوونەلادا بووە ، وە لەوکاتەدا هەر نیوەی مارەیی‌یەکە دامەزراوە ، ئەوە نیوەی عیوەزەکە دروستەو نیوەی نادروستە • وە لە خولعی وەهادا ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە بە بەشە دروستەکەو بەشی نادروستەکەیش لە (مهر المثل) ، وەکو نیوەی (مهر المثل) بی لەم مەسئەلەدا • کەوابی ژنەکە بوو بە قەرزاری نیوەی مارەیی‌یە ناوبراوەکەو نیوەی (مهر المثل)ەکەی • جا لەبەرئەوە کە لەپاش کەوتنی تەلاق بە ئارەزووی کابرا لەپیش چوونەلادا مارەیی ئەبی بە دوو بەشەوە ، وە نیوەی ئەگەریتەوە بو میردەکە ، لەمەسئەلەیەدا نیوەی ناوبراوەکە ئەگەریتەوە بو کابرا • بەس نیوەی (مهر المثل)ەکە لەسەر ژنەکە ئەمینیتەوە کە واجبە لەسەری بیدا بە کابرا ، وەکو باسمان‌کرد • ئەمە بەیانی ئەوەیە کە شیخی (ابن حجر) لە (تحفە)دا لە سەرەتای خولعەوە فەرموویەتی •

وە لە باسی حوکمی پینجەمی مارەیی‌دا لە (انوار)دا فەرموویەتی ئەم حوکمە بەوشەرتەیە کابرا بزانی بەوە مارەیی لەپیش چوونەلادا هەر نیوەی دامەزراوە ، یا ئەمە نەزانی بەلام رازی بی بەوعیوەزە نادروستە کە لەم خولعەوە پەیدا بووە • ئەگینا ئەگەر نەزانی بەوە کە مارەیی لە پیش چوونەلادا نیوەی دامەزراوەو بە عیوەزی خولعەکەیش رازی نەبوو ، یەعنی ئەو عیوەزەی هەلوەشاندەوە ئەوە هەموو (مهر المثل)ی ئەکەویتە سەر ژنەکە ، وە هەمووی لی وەرئەگری وەکو ئەو شوینانە کە عیوەزیان تیا نادروستە •

وە ئەگەر خولع لەسەر مالی زەوت کراو بوو ، یا لەسەر مالیکی

زەوتکراو بوو لەگەل شتیکی نادروستی مەقصووددا وەکو ئـەوە کابرا خولعی ژنەکەی کردبوو لەسەر مەریکی داگیرکراو لەگـەل کووپەیەك شەرابدا ، ئەوە تەلاقەکە ئەکەوی بە (مهر المثل) • هـەروەها ئەگـەر ئەوەی وا لەگەل مالە زەوتکراوەکەدا مالیکی نادیاری بوو وەکو ئـەوە تەلاقی بدا لەسەر ئەو مەرە زەوتکراوە شتی لە دەستی ژنەکەدا کە نەزانی چەندیکە • وە ئەگەر ئەوەی وا لەگەل مالە زەوتکراوەکەدا مولکیکـی دیاری بی وەکو ئەوە کە تەلاقی بدا لەسەر دوو مەر کە یەکیکیان زەوت کراو بیو ئەویان مولك بیو بەدەستەوە بی ، ئەوە تەلاقەکە (بائنە) ئەبیتەوە بە حەیوانە مولکەکەیان لەگەل بەشی زەوت کراوەکەیان لە (مهر المثـل)، وەکو نیوەی (مهر المثل) بی لەممەسئەلەیەدا ئەگەر هەردوو مەرەکـە لە قیمەتا وەکو یەك وابن • بەلام ئەمە بەوشەرتەیە کابرا بزانی ئەو مەریانـە زەوت کراوە ، یا نەزانی زەوت کراوە بەلام رازی بی بەم عیوەزە تیکەل لە ساغو نادروستە ، ئەگینا (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) •

جیابوونەوەیەکیش کـە بە بیعیوەز بی وەکو ئـەوە کابرا بلیت بە ژنەکە تەلاقت کەوتبی ، یا لەسەر عیوەزیکی نادروستی نامەقصوود وەکو پشقلیك یا پارچەیەك تەپالـە ، یا لەسـەر عیوەزیکی مـەقصوود ، بەلام بگەریتەوە بو غەیری لای میردەکە وەکو ئەوە کە تەلاقی بدا لەسەر ئەوە کە ئەو ژنە فلانکەس ئازاد بکا لەو قەرزەی کە لەسەریـەتیو ئەویش ئازادی بکا ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانـەدا ، تەلاقەکـە ئەکەوی بـە (رجعي) •

(بزانن) ئەگەر پیاویکی کویر خولعی کرد لەگەل ژنەکەیدا لەسـەر عەینیكو ژنەکە قەبوولی کرد ، ئەوە (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) ، وە عەینەکە نابی بە مالی • کەوابی چاری ئەوەیە کابرای کویرە وەکیلیکـی چاوساغ بگری بوئەوە خولع بکا لەسەر ئەو عەینە •

هەروەها ئەگەر پیاویك خولع بكا لەگەل ژنەكەیدا لەسەر ئـەوە كە پاش تەلاقەكەی لە هودەكەی خویا نەمینی ، لەمصوورەتەیشدا هــەر (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) ، وە ئەو ژنە لە هودەكە دەرناچی تا (عدە)ی تەواو ئەبی ، لەبەرئەوە كە شتیك بە حوكـمی شـــەرع واجب بی قابیلی گوران نی‌یە •

لە (تحفە)دا ئەفەرمویت ئەگەر كەسیك خولعی تـەنجیزی كـرد لەسەر چەند درەمیك ئەوە ئەو درەمانە بەو درەمانە مەعنایان لی‌ئەدریتەوە كە زورتری پارەی نەختی ئەو ولاتەن • وە ئەگــەر (تعليق) بوو ، ئەوە بە درەمی زیوی ساغی ئیسلامی مەعنایان لی ئەدریتـەوەو ناراوتـە ســەر نەقدی ئەو ولاتە ئەگەر زیوەكەی تیكەل بی بە شتی‌تر وەكو (شیخین) تەصحیحیان فەرمووە ، بەلام هەرایان لەگەلدا كراوە لەم حوكمەدا • وە لە (نهایە) دا ئەفەرمویت مەگەر كابرا خوی بلی نیازم لەسەر ئەم درەمــە مەخشووشانە بووە ، وە (رشیدی) فەرموویەتی ئەی ئەگەر درەم لە ولاتەكەدا ئەبوو چی‌بكەین ؟ وە (شیروانی) ئەفــەرمویت ئارەزووی دل هــەر بو ئەوەیە بە درەمی نەقدی ولاتەكــە مەعنای لی بدریتـەوە چە زیوی ســاغ بی‌و چە زیوی ناساغ • ئەمە فەرموودەی ئەوان • بەلام لیكدانەوەی زانایانی شەرع لەسەر ئەوەیە ئەگەر كابرا لە خولعی تەنجیزی‌دا تەعلیقی دا نیازی شتیكی دیاری‌ی هەبوو ئەوە دیارە ئەوە ئیعتیبار ئەكری ، ئەگینا مەعنــای بەوە لی ئەدریتەوە كە زورتر موعامەلەی پی‌ئەكەن لە ولاتەكەدا ، هەرچەند ئەسكەناس‌و باقەنەوتیش بی ، وەكو لە فەرموودەی هەندی لە زانایانەوە دەركەوتووەو روون كراوەتەوە •

لەراستی‌دا ئەم درەمە مەخشووشانە لەخویانا مالن‌و خاوەن قیمەتیشن، وەكو (فلس) و شتی‌تر لەو نەختانەی كە مامەلەیان پی‌ئەكـــــری • وە كاغەزی دینارو باقەنەوت‌و ئەسكەناس‌و شتی‌وا لـــــە زاتی خویدا مالـەو

قیمەتیش ئەکا بەبێئەوە کە تەماشای ئەوە بکەین حوکوومەت نرخی بــو داناوە یا نە ، چونکە مەسەلا بو جوان کردنی بەرگی کتیبو شتیوا بەکار دیت ، وە بەهوی فەرمانی حوکومەتەوە وەکو عەینی ئالتوونو زیوی ساغ قیمەتی هەیە ، وە هەرکاتیك یەکیك بییەوی هەندیکی لی بگوریتەوە بــە نەقدی ئەم ولاتە ، لەپاش بەجی هینانی مامەلە رەسمـــییەکەی بـــوی ئەگورریتەوە ، بەتایبەتی لەکاتیکا کە حوکوومەت بییەوی جورە پارەیەکی کاغەز بگوریتەوە بە جوریکیترو ئەم لەجیاتیی ئەو بخاتــە بازارەوە •

کەوابو هەروەکو ئیمامی (بلقینی) فەرموویەتی دروستە فلسی ســـوور بدری بە زەکاتا هەرچەند نەقدیش نییە کەواتە حەق وایــە دروست بی درەمو دینار لە زەکاتا صەرف بکریو زەکاتیان تیا واجب بیو هەرجورە موعامەلەیەکیان پیبکری ، چونکە جیگری ئەو ئەندازە ئالتوونەن کـــە حوکوومەت لە بانقا دایناوە •

زیاد لەمە لەفظی (درەم) لە عورفی خەلکی ئەمروی لای ئیمــــەدا بریتییە لەم پەنجا فلسییە ، وە لەفظی (دینار) بریتییە لەم کاغـــەزە کە نرخیکی دیاریی هەیە ، وە لە وەختی بەکارهینانیانا غەیری ئـــــەم مەعنا لیدانەوەی (درەم) بە درەمی زیو ، وە مەعنا لیدانەوەی (دینار) بە دیناری زیر هیچ بەلگەیەکی نییەو ئەمرو وەك زەمانی پیشوو نیـــــە ، چونکە لەمەوبەر موعامەلە بە زیرو زیوی بیغـەش کراوەو مەخشووش کەم بووە •

(بزانن) زانایان فەرموویانە وەزنی (مثقال) نەگوراوە نە لـــــە (جاهلیت) داو نە لە ئیسلامدا ، وە بریتییە لە حەفتاو دوو دەنکە جوی نە گەورەو نە بچووك کە چزەکانی نەمبی • بەلام وەزنـــــی (درەم) گوراوە ، وە لەئەنجاما قەراری گرتووە لەسەر وەزنی پەنجا دەنکە جوو دوو پینجیەکی دەنکیك • کەواتە درەمیك سی حەوت یەکی لی زیـــاد

بكەی ئەبی بە مثقالیك ٠ وە ئەگەر مثقالیك سی دەیەكی لی زیاد بكەی ئەبی بە درەمیك ، لەبەر ئەوە سی حەوتیەكی درەمیك بریتییە لە بیست ویەك دەنكەجو لەگەل سی پینجیەكی دەنكیك ٠ وە ئەم ئەندازەیە بخریتە سەر پەنجا دانەو دوو پینجیەك ئەبی بە حەفتاو دوو دانە ، وە سی دەیەكی مثقالیش بریتییە لە بیستو یەك دەنكە جوو سی پینجیەك ، وە ئەم ئەندازەیە كەم بكریتەوە لە حەفتاودوو دەنكەكە دیتەوە سەر پەنجا دەنكو دوو پینجیەك ٠ وا دەركەوت هەر مثقالیك درەمیكە لەگەل سی حەوتیەكی درەمیك ، وە هەر درەمیك حەوتدەیەكی مثقالیكە ، وە لە زەمانی پیشوودا دە درهەمی زیوی ساغ دیناریكی ئالتوون بووە ، وە ئیستە بیست درهەمی تیكەل دیناریكی باقەنەونە ٠

شەرتی (بضع) پارچە ئەوەیە مولكی پیاوەكە بی ٠ كەواتە دروستە خولع لەگەل ژنی كە لەژیر نیكاحی خویا بی ، هەروەها لەگەل ژنیكیش كە تەلاقی دابی بە تەلاقی (رجعي) چونكە تەلاق دراوی (رجعي) وەكو ژن وایە لە تەلاقو لە میراثو لە (ظهار) و (ایلاء) و (لعان) دا ٠ بەلام تەلاق دراوی (بائنه) تەلاقی پیوە نالكیو خولع لەگەلیا بیسوودە ٠

هەر خولعی لەگەل ژنیكا كرابی كە پاشگەز بووبیتەوە (مرتد) ئەگەر لەپیش چوونەلادا بی تەئثیری نییە لەبەرئەوە كە هەر بە پاشگەز بوونەوەكە (بائنه) بووەتەوە ، وە ئەگەر لەپاش چوونەلادا بی یا پاش تیكردنی ئاوی مەنی بی ئەوە رائەگیری ، ئەگەر لە ماوەی (عدە) دا موسولمان بووەوە دەرئەكەوی خولعەكە دروست بووە ، ئەگینا بە ئەصلی پاشگەز بوونەوەكە جیا بووەتەوە ٠

دروستە بو پیاوو ژن وەكیل بگرن لە خولعو لە قوبوول كردنی خولعدا ٠ جا ئەگەر كابرا وتی بە وەكیلەكەی خولعی ژنەكەم بكە لەسەر صەد دینار ، دروست نییە بە كەمتر لەو صەد دینارە خولعی بكا ٠ هەروەها نابی بە غەیری جینسی دینار یا بە غەیری نەختی ولاتەكە یا خود

یە صەد دینـــاری وەعـــدەدار (مؤجل) خولعی بکا • ئەگینا تەلاقـــی ناکەوی •

وە ئەگەر هەر وتی پێی خولعی ژنەکەم بکە بە مالێكو دیاریی نەکرد کە مالەکە چی‌یە ، ئەوە واجبە خولعی بکا لەسەر ئەندازەی (مهر المثل) بە حازر وە لەنەقدی ولاتەکە • ئەگەر پێچەوانەی ئەمـــەی کـرد تەلاقەکەی ئەکەوی بە (مهر المثل) بینا لەسەر فەرموودەی پشـــت پی‌بەسراوی (تحفه) و (نهایه) و (مغنی) •

وە ئەگەر وتی وەکیلم بە ژنەکەم خولع بکە لەسەر صەد دینار ، وە ناوی ژمارەی تەلاقی نەبرد ، ئەویش وتی بە ژنی کابرا سی تەلاقـــەت کەوتبی لەسەر صەد دینارو ژنەکـــە قوبوولی کرد ، ئەوە هەر تەنهـــا تەلاقیکی ئەکەوی مادام کابرا خوی نەلی مەبەستم سی تەلاقە بـــووە ، چونکە وەکیل حەقی زیان گەیاندنی نی‌یە بە وەکیل‌گر بە بی‌ئیذنـــــی وەکیل‌گرەکە خوی ، وە ئەم وەکیلە لیرەدا کاریکی کردووە بەهوی سی تەلاقە دانی ژنی وەکیل‌گرەکەوە کە ئەو بەبی مارە بەجاش ژنەکەی بـو حەلال نەبیتەوە ، کەواتە هەر ئیعتیبار بە ئەصلی تەلاقەکە ئەکری کـە یەك تەلاقە •

وە ئەگەر وتی وەکیلی موطلەق بە خولعی ژنەکەم بکە لەسەر صەد دینار ، ئەویش سی تەلاقەی‌دا لەسەر صەد دینار ، ئەوە هەر سی تەلاقی ئەکەوی ، چونکە مەعنای ئاشکرای لەفظی (موطلەق) بەرەللا کردنـــە هەتاوەکو لە ژمارەی تەلاقەکانا •

وە ئەگەر وتی وەکیلم بە تەلاقی ژنەکەم بدە ، ئەویش خولعی کرد ئەوە تەلاقی ناکەوی ، چونکە حەقی (رجعه) ی لەسەر فەوتاندووە • بەلی ئەگەر وتی وەکیلی موطلەقم بە ژنەکەم تەلاق بدە ئەوە ئەتوانـــــی

بەخۆرایی وە بە عیوەز ، وە بە حازرو بە قەرز ، وە بە یەك تەلاقەو سی تەلاقە تەلاقی بدا • ئەگەر کابرا وتی نیازم لە (موطلەق) ژمارە نەبوەو بەس هەر بە پارە یا بەخۆرایی بووە ، ئەوە ئەگەر بەلگەو نیشانە بی لەسەر نیازەکەی وەکو ئەوە کە وتبیتی هەرگیز ئەم ژنە سی تەلاقە نادەم ئەوە لی ی قوبوول ئەکری و سویند ئەدری ، ئەگینا بەئاشکرا قوبوول ناکری ، بەلام کابرا حەوالەی دیانەتی خوی ئەکری ئەگەر ژنەکە باوەری پی بکا ئەتوانی لەپیش هینانەوەی بو ژیر نیکاحی خوی یا پاش عەقدیکی تازە برواتەوە لای •

وە ئەگەر ژنەکە وتی بە وەکیلەکەی خولعم بو قوبوول بکە بە دە دینار ، مەسەلا ، ئەویش بەوجورە بوی قوبوول کرد ، ئەوە دروستە ، وە ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە بەو ئەندازەیە لەسەر خوی • وە ئەگەر بە زیاتر لەو ئەندازەیە قوبوولی کرد ، لەموەختەدا ئەگەر مالەکەی بەست بە ژنەکەوە ، وە بەیانی وەکیلی خویشی کرد ، ئەوە ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) وە واجبە (مهر المثل) بدا بە شووەکەی •

وە ئەگەر مالەکەی بەست بە خویەوەو بەیانی وەکیلیشی نەکرد ، ئەوە هەموو مالەکە ئەکەویتە سەر خوی ، وە ئەم خولعە ئەبی بە خولعی بیگانە • جا ئەگەر نیازی ژنەکەی نەبوو ، ئەوە واجبە لەسەری هەموو مالەکە بدا بە میردی ژنەکەو ناگەریتەوە بو سەر ژنەکە بە هیچ • وە ئەگەر نیازی ژنەکەی هەبوو ئەوە لەپاش تەسلیم کردنی پارەکە ئەتوانی هەرچی ژنەکە ناوی بردووە بوی داوای لی بکاتەوەو وەری بگری لی ی •

وە ئەگەر نە ناوی خوی بردو نە ناوی ژنەکەی برد ، ئەوە ئەبی هەموو مالەکە بدا بە میردی ژنەکە ، بەلام هەرچی ژنەکە ناوی بردووە لی ی وەرئەگریتەوە •

(بیداری) لە هەر مەسئەلەیەکدا خولع ببی بە صوورەتی خولعی بیگانە ، خوای ئەم مەسئەلەیە وەکالەت بی یا هەر کابرا لەخویەوە قوبوولی خولعی ژنیك بکا ، ئەگەر وا ریکەوت ئەو کابرایە لە نەخوشینی مردنیا قوبوولی ئەو خولعەی کرد ، ئەوە هەرچی صەرف ئەکات لە سییەکی مالی ئەژمیرری • جا ئەگەر لە سییەك زیاد بوو ، وە میراثبەرەکانیش رازی نەبوون ، ئەوە ئەو عیوەزە ئەرواتە سەر (مهر المثل) • جا ئەگەر سییەکی مالەکەی (مهر المثل)ەکەی دەرئەهینا ئەوە باشە • ئەگینا هەرچی کەم بی لە (مهر المثل) لە دەستی میردی ژنەکە دەرئەچی •

وە دروستە بو میردی ژنەکە ئینسانیکی (ذمی) بکا بە وەکیلی خوی بو خولع‌کردنی ژنەکەی یا تەلاق دانی بەخورایی • هەروەها دروستە ژنیك بکا بە وەکیلی خوی ، وە بو ژنەکەیش دروستە یەکی لەمانە بکا بە وەکیلی خوی بو قوبوولی خولع لە میردەکەی •

دروستە بە وەکیل کردنی کەسیك کە لەبەر نەفامی حیجری لەسەر دانرابی بو خولع‌کردنی ژن • بەلام دروست نییە بە بی‌ئیذنی وەلی ئەمرەکەی بکری بە وەکیل بو وەرگرتنی عیوەزی خولعەکە • وە ئەگەر کەسیك کردی بە وەکیل ، ئەگەر بو وەرگرتنی مالیکی دیاری بوو ، وە وەری‌گرت ئەوە وەرگرتنەکەی دروستە • هەروەها ئەگەر بو وەرگرتنی مالیك بی کە لە ئەستودا بی بەوشەرتە تەعلیقی تەلاقەکە کرابی بەوەوە کە ئەم نەفامە لی‌وەربگری ، وەکو ئەوە میردی ژنەکە بلی پی‌ی وەکیلم بە بو تەلاقی ژنەکەم بە عیوەز ، بەلام تەعلیقی تەلاقەکەی بکە بەوەوە کە خوت ئەو عیوەزەی لی وەربگری • وە ئەگەر بو وەرگرتنی مالێ بوو لە ئەستوی ژنەکەدا لە غەیری ئەم صوورەتەدا ، وە وەری‌گرت، ئەوە ئەو وەرگرتنە بەتالەو ئەستوی ژنەکە ئازاد نابی ، هەرچەند وەختی خوی تەلاقەکە کەوتووەو ژنەکە (بائنە) بووەتەوە • وە ئەگەر هەردوکیان

یەکیکیان کرد بە وەکیل ، ئەوە هەر وەکالەتی لایـــەکی پی ئەکری‌و پیویستە ئەوی‌تر یا خوی حازر بی یاخود وەکیلی‌تر بگریت •

باسی صیغەی خولع

ئەو لەفظانەی کە لە قورئانی پیروزدا هاتوون بو بابەتی جیابوونەوەی پیاوو ژن لە یـەك ئەمانـەن (طلاق ، فراق ، سـراح ، افتداء) • لەفظی (طلاق)و (فراق)و (سراح) دەستئەدەن بو جیابوونەوە بە عیوەزو بـی عیوەز • بەلام (افتداء)و (مفاداة) بریتین لە جیابوونەوە بە عیوەز • بەپی‌ی ئەوەی کە (شیخ سلیمان الجمل) گیراویـــەتەوە خیلاف نی‌یـــە لـەوەدا کە (مفاداة) یش تەلاقە ، وە کەس نەی‌وتووە بە مەعنا هەلوەشـــاندنەوەی نیکاحە ، بەپیچەوانـــەی ئەوەی کە لـــە ظاهـیری فەرموودەی (تحفه) وەرئەگیری • بەلی خیلاف هەیە لەوەدا کە ئاخو صەریحە لە تەلاقی بـە عیوەزدا وەکو لە ظاهیرەکەیەوە دەرئەکەوی یا هەر لە تەلاقی رووتا •

لەفظی (خلع) لە قورئانا نەهاتووە • تەنهـــا لەبەرئـــەوە کە خوا فەرموویەتی (هن لباس لکم وانتم لباس لهن) وە بەهوی تەلاق‌دانەوە ئەو لیباسانە دائەپزرین لە خاوەنەکانیان ، ئـەم لەفظە بەکارهینراوە • لەفظی (خلع) وەرگیراوە لە (خلع) بەمـــەعنا دارنین • ئەهلی شـــەرع لەفظی (خلع)یان بەکارهیناوە بو جیابوونەوەی ژن‌و پیاو لە یەکتر بەرابەر بـە عیوەز •

بەلی ئیمامە گەورەکان خیلافیان هەیە لەوەدا ئاخو لەفظی خولـــع بەمەعنا هەلوەشاندنەوەی نیکاحەو ژمارەی تەلاقی پی کەم نابیتەوە یاخود بە مەعنا تەلاقەو ژمارەی تەلاق کەم ئەکـاتـەوە • جا ئیمامەکان جگە لـە ئیمامی شافیعی خوایان لی رازی بی لەســـەرئەوەن کـــە صەریحە لـە هەلوەشاندنەوەی نیکاحاو کینایەیە لە تەلاقا ، وە بە بی‌نیازی تەلاق نابی

بە تەلاق • وە لە فەرموودەیەکی ئیمامی شافیعیدا کە لە فەرموودەی تازەو کونیدا بەیانی کردووە صەریحە لە فەسخداو کینایەیە لە تەلاقداو بە بێ‌نیاز نابێ بە تەلاق • وە گەلێ لە زانا گەورەکانی مەذهەبی شافیعی ئەم فەرموودەیان هەلبژاردووە بەتایبەتی (بلقینی) گەلێ‌جار فتوای پێ‌داوە ، بەشەرتی ئەوکەسەی ئەم لەفظە بەکارئەهێنی مەبەستی پێی تەلاق نەبێ‌و تەنها مەبەستی تیکدانی نیکاحەکەو جیابوونەوەی پیاوو ژن بێ • بەپێی ئەم فەرموودەیە ئەگەر ئینسان چەند جاریکیش خولع بکا لەگەل ژنەکەیدا بە عیوەز ، یا لەگەل بیگانەدا ژمارەی تەلاقی کەم نابیتەوەو ئەتوانی ئەو ژنە مارە بکاتەوە •

بەلام بەهیزترین فەرموودەی ئیمامی شافیعی ئەوەیە کە لەفظی خولع صەریحە لە تەلاقیکا کە بەرابەر بە عیوەز بێ ، وە لە فەرموودەیەکی‌تریا کینایەیە • جا لەسەر ئەساسی ئەو فەرموودە بەهیزەیە ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی وا خولعم لەگەل کردی‌و ئەویش قوبوولی کرد ، ئەوە تەلاقەکە ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) هەرچەند ناوی مالیشی نەبردووە • لەبەرئەوە کە عورف لەناو ئەهلی شەرعدا لەسەرئەوە دامەزراوە کە لەفظی خولع لە تەلاقیکا بەکارئەهینری کە لەسەر عیوەز بێ • کەواتە لەفظی خولع ئەبێ بەهوی جیابوونەوەی ژن‌و پیاو بەرابەر بە عیوەزیك ، وە مادەم ناوی عیوەزەکە نەبراوە ئەرواتەوە سەر بریاری شەرع کە (مهر المثل)ە ، بەوشەرتە کابرا نیازی داوای قوبوول‌کردنی ژنەکەی بێ‌و ژنەکەیش ژنیکی خاوەن روشد بێ • بەلام لەکاتیکا کە باسی عیوەز نەکرابێ ، ئەگەر نیازی داوای قوبوولی ژنەکەی نەبوو ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعی) • هەروەها ئەگەر نیازی داوای ئەوەی هەبێ بەلام ژنەکە نەفام بێ ، یاخود بەکارهینانی ئەم خولعە بە بێ‌ناوبردنی عیوەز لەگەل بیگانەدابێ ، ئەوە هەرچەند

کابرا بەتەمای قوبوول بی‌و ئەویش قوبوولی بکا ، تەلاقەکەی بە (رجعی) ئەکەوی ، لەبەرئەوە دوورە ئەم لەفظە بە بی‌باسی عیوەز لەگەل بیگانەدا ببی بەهوی واجب‌بوونی مال • ئەمە فەرموودەی شیخە لە (تحفە)دا •

(بیداربن) مادەم شـیـخ بریاری دا لـەکاتی ناونەبردنی عیوەزدا پیویستە کابرا بەتەمای قوبوول بی لە ژنەکەیەوە ، دەرئەکەوی لە واقیعدا ناکوکی‌و جیاوازی نی‌یە لەبەینی فەرموودەی مەتنی (منهاج)و ئـەوەدا کە لە حاشیەی (جمل)دا ئەی‌فەرمویت‌و کورتەکەی ئەوەیە لەفظی خولع وەختی ئەبی بە صەریح لە تەلاقی بەرابەر بە عیوەزدا کە یەکی لە سی شت بیتەجی : یا ناوبردنی مال • مەسەلا بلی وا خولعم لەگەل کردی لەسەر دە دینار ، یا نیازی عیوەز ، یا نیازو تەمـای قوبوول لەلایـەنی ژنەکەوە • وە لە هەموو ئەم صوورەتانـەدا تەلاقەکە ئەکەوی‌و ژنەکـە (بائنە) ئەبیتەوە ئەگەر قوبوولی خولعەکە بکا •

وە لەوکاتەدا کە کابرا ناوی مالی بردووە ژنەکـە (بائنە) ئەبیتەوە بەو مالە ناوبراوە • هەروەها لـە کاتی نیازی کابرادا بو مالیش ئەگەر نیازی پیاوەکـەو ژنەکـە یەکی‌گرت ، مەسـەلا ژنەکـە بەنیازی کابرا بزانی وە نیازی قوبوولی خولعەکەی لەسەر ئەو مالە بی کـە ئەو نیازی کردووە یاخـود هـەر لەسـەر نیـازی کابـرا قوبوولی بکا • وە ئەگـەر نیـازی قوبوولی خولعـەکـەی لەسـەر نیـازی هەردوکیان جیا بوو لە یەك تەلاقەکـەی ئەکـەوی بە (مهر المثل) • وە لە صوورەتی سیهەما (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) • وە ئەگەر لەم سی صوورەتەدا ژنەکە قوبوولی نەکرد ئەوە تەلاقەکە ناکەوی •

وە ئەگەر کابرا خولعی کرد لەگەل ژنەکەیدا بە بی‌یەکی لـەو سی شتەی کە باسمان کردن هەرچەند نیازی ئەصلی تەلاقیشی نەبی ، بینا لەسەر ئەوە کە خولع صەریحە لە تەلاقدا ، یا لەگەل نیازی تـەلاقـدا بینا لەسەرئەوە کە کینایە بی ، تەلاقەکە بە (رجعی) ئەکەوی • هەروەکو

ئەگەر بە دەم نەفیی عیوەز بکاو بلیت وا بە بێ‌عیوەز خولعم لەگەل کردی، یا هەر بلی وا خولعم لەگەل کردی ، خوای ژنەکە قوبوولی بکا یا نە •

(بزانن) لەسەر ئەو فەرموودەیە کە خولع تەلاق بێ،لەفظی فەسخ واتە هەلوەشاندنەوە کینایە ئەبێ لە خولعدا یەعنی لە جیابوونەوەی ژنەکەدا لە پیاوەکە بەرابەر بە عیوەز ، هەروەکو کینایە ئەبێ لە ئەسلی تەلاقــدا • جا ئەگەر نیازی بە هەلوەشاندنەوە هەر تەلاق بوو ئەوە هــەر لەسـەر نیازی خویەتی‌و تەلاقی ژنەکە ئەکەوی بە تەلاقی (رجعی) • وە ئەگەر نیازی تەلاقی بەعیوەز بوو ئـەوە پیویستە لەگــەل ناوبردنی مالا نیازی تەلاقیشی ببێ •

(ئاگادارین) لەوشوینەدا کە لەفظی هەلوەشــاندنەوە لە مەعنــای تەلاقدا بەکار ئەهینری ، پیویستە مەیدانی هەلوەشاندنەوە بە مەعنای خوی نەبێ ، ئەگینا ئەگەر کابرا ئەم لەفظەی لەگەل ئافرەتیکدا بەکارهینا کــە عەیبیکی‌وای تیابوو ببێ بە مایەی هەلوەشاندنەوەی نیکاح ، ئــەوە مادەم صەریحە لە هەلوەشاندنەوەدا نابێ بە کینایەی تەلاق ، وەکو لـە شوینی خویدا بریار دراوە •

هەر لەفظیك صەریح بێ لە تەلاقدا ، ئەبێ بە صەریح لە خولعــدا مادەم لەگەل ناوبردنی عیوەزدا بێ • وە هەر لەفظیك کینایە بێ لە تەلاقدا ئەبێ بە کینایە لە خولعدا بەشەرتی ناوبردنی عیوەز • وە هــەر لەفظیك صەریح بێ لە خولعدا وەکو لەفظی خولع‌و (مفاداة) ئەوە ئەبێ بە صەریح لە تەلاقدا • وە هەرچی کینایە بێ لە خولعدا وەکو لەفظی هەلوەشاندنەوە ئەبێ بە کینایە لە تەلاقدا ئەگەر مەجالی مەعنا ئەصلی‌یەکەی خوی نــەبێ وەکو باسمان کرد •

لەفظی (فروشتن) کینایەیە لە خولعدا لەگەل عیوەزدا • کــەواتە ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی وا نەفسی خوتم پێ فروشتی بە مارەیی‌یەکەت وەك ئەوە وایە کە بلیت وا تەلاقەکەتم پێ فروشتی بە مارەیی‌یەکــەت

یا بە صەد دینار مەسەلاو ژنەکەیش گورج قوبوولی بکا •

هەروەها ئەگەر کابرا بەنیازی خولع بلی بە بیگانەیەك وا ژنەکەی خوم یا تەلاقی ژنەکەی خوم پی فروشتی بە صەد دینارو کابرایش قوبوولی بکا ئەوە تەلاقی ژنەکەی ئەکەوی‌و (بائنە) ئەبیتەوە بەو مالە • وە ئەگەر دووکەس بە نیازی خولع تەلاق بە تەلاقیان کردو ئەم وتی بەو وا تەلاقەکەی خومم پی فروشتی بە تەلاقی ژنەکەت‌و ئەویش قوبوولی کردو نیازی قوبوولی خولعی بوو ، ئەوە ژنی هەردوکیان تەلاقی ئەکەوی‌و (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) یەعنی واجبە هەرکام لەمانە ئەو (مهر المثل)ە بدا بە هاوری‌کەی ، وە هیچ لەو مالە ناکەویتە سەر ژنەکان ، وە ژنەکانیش لەپاش بەسەرچوونی (عدە)یان ئارەزووی خویانە شوو بە هەرکەس بکەن •

صیغەی خولع یا تەنجیزە واتە دەس‌بەجی‌یە ، یا تەعلیقە واتە بەسراوە بە شەرتیکەوە ، یا تیکەلە لە هەردوکیان • صیغەی خولعی تەنجیزی پیویستی بە ئیجاب‌و قوبوولە وەکو ئەوە کابرا بلی وا خولعم لەگەل کردی لەسەر ئەوەندە ، یا تەلاقم دای لەسەر ئەوەندە ، یا تەلاقەکەتم پی‌فروشتی بەوەندە ، وە ئەوکەسەیش کە خولعەکەی لەگەل ئەکری ئەگەر خاوەن قسە بی بە لەفظ قوبوولی بکا وەکو ئەوە کە بلی وا قوبوولم کرد ، یاخود ئیشارەتیکی‌وا بکا کە کەسیك لەوبەینەدا بی تی‌ی‌بگا ، ئەگەر قسەی پی‌نەئەکرا • وە هەروەکو چون صیغەی ئیجابەکە صەریح‌و کینایەی هەیە ، قوبوولەکەیش صەریح‌و کینایەی هەیە • صەریحەکەی وەکو ئەوەی کە وتمان • کینایەکەشی وەکو ئەوە بلیت (باشە) یا (جوانە) یا (مەمنوونم) یا (رازیم) یا (پیم‌خوشە) بەوشەرتە هەموو لەگەل نیازی مەعنای قوبوول‌کردنا بی •

پیویستە قوبوول بەینی نەکەوی لەگەل ئیجابەکەدا بە وتاریکی دریژی‌وا کە پەیوەندی بە خولعەکەوە نەبی نە بە وتارو نە بە بی‌دەنگی ،

چ لەلاینی ئەوکەسەوە قسەی لەگەلا ئەکری‌و چ لە لاینی غەیری ئەوەوە ، وەکو لە حاشیەی جەمەلدا باسی ئەکا • ئەندازەی وتاری دریژ ئەوەندەیە بکات بە حەوت کەلیمە قسەی عادەتی ، مەسەلا (سبحان اللە ، والحمد للە ، ولا الە الا اللە ، واللە اکبر) بە چوار کەلیمەی عادەتی دائەنری • بەم‌شیوەیە پیویستە بی‌دەنگی‌یەکەیش ئەوەندە بی جیگەی حەوت کەلیمەی عادەتی‌ی تیا ببیتەوە •

بەلام زیانی نی‌یە بەین‌کەوتن بە وتاریکی کورت یا بە بی‌دەنگی‌یەکی‌وا کە کەمتر بی لە حەوت کەلیمە ، بەوشەرتە شتیکی‌وا لەپیشەوە نەبی کە نارەزایی‌و دانەدواوە بگەیەنی وەکو ئەوە لەپاش ئەوەی کابرا وتی تەلاقت کەوتبی لەسەر ئەوەندە ، ژنەکە بلیت تەلاق وەرناگرم ، تەلاقم ناوی ، تەلاقم بو چی‌یە ، ناماقوولت کرد ، بیجات کرد ، بو خوتت وت • جا پش ئەوە کە یەکی لەمانەی وت ئەوسا قەبوولی بکا ، ئەو قەبوولە بی‌سوودە ، لەبەرئەوە کە دانەدواوەکەی پیشەوەی ئیجابی کابرای بەتال کردوەتەوە •

جا ئەگەر کابرا لەفظی خولعەکەی وا بە تەنجیز وت ئەوە (گورینەوە)یە لەگەل تیکەلی‌ی تەعلیقدا چونکە لەمەعندا ئەو ئیجابە بەسراوە بە قوبوولی خولع وەرگرەکەوە • کەوابوو هەتاوەکو ئەو قوبوولەکەی بە دەما دیت کابرا ئەتوانی پەشیمان ببیتەوە •

پیویستە ئیجاب‌و قوبوولەکە موافیقی یەکتر بن لە ئەندازەی ئەو مالەدا کە لە عەقدەکەدا دامەزراوە • کەواتە ئەگەر وتی بە ژنەکەی وا خولعم لەگەل کردی بە صەد دینارو ژنەکەیش وتی وا قوبوولم کرد بە دووصەد دینار ئەوە بەتالە • هەروەها پیچەوانەی ئەمەیش • یا ئەگەر کابرا وتی وا سی تەلاقەم دای بە صەد دینارو ژنەکەیش وتی وا تەلاقیکم

قوبوول کرد بەسی‌یەکی ئەو صەد دینارە ئەمەیش بەتالە • بەلی ئـــەگەر کابرا وتی وا سی تەلاقەم دای بە صەد دینار ، ژنەکەیش وتی وا تاقــە تەلاقیکم قوبوول‌کرد بە صەد دینار ئەوە دروستەو سی تەلاقەی ئەکەوی‌و صەد دینارەکەیش ئەکەویتە سەر ژنەکە •

ئەو لە فظانەی کە لە خولعی تەنجیزا گورینەوە ئەگەیەین ئەمانــەن یەکەم لەفظی (بە) مەسەلا کابرا ئەلیت وا تەلاقم دای (بە) دە دینـــار ، ژنەکەیش قوبوولی ئـــەکا • دووەم لەفظی (لەســـەر) • مەسەلا کابرا ئەلیت تەلاقت کەوتبی (لەسەر) دە دینـــارو ژنەکـەیش قوبوولی ئەکا • سیهەم لەفظی (بەشەرتی) لە مەیدانی هاویشتنە گەردندا ، مەسەلا کابرا ئەلیت تەلاقت کەوتبی (بەشەرتی) ئەوە هیچ لە مالت دەرنەکەی ، ئەویش قوبوولی ئەکا • ئەم لەفظی (بەشەرتی) لەگـەل ئەو وتارەدا وا لەدوایەوە پی‌ی‌ئەلین (شەرطی ئیلزامی) یەعنی شەرتیك کە بەکارئەهینری بوئـەوە شتی بخریتە گەردنی یەکیکەوە •

دریژەی باسی شەرت ئەمەیە • شەرت دوو بەشە • یەکەم شـەرتی ئیلزامی • دووەم شەرتی تەعلیقی • ئەم دوو بەشە فەرقیان هەیە لـــە لەفظو لە مەعنادا • فەرقی لەفظی‌یان ئەوەیە کـە یەکەم بەکارئەهینری بە لەفظی (بەشەرتی) یا بە لەفظی (لەسەر) یا بە لەفظی (بەم قەرارە) یا بە لەفظی (بەم بریارە) • وە دووەم بەکـــار ئەهینری بەهوی لەفظیکەوە کە هوی دوودلی بی وەکو (ئەگەر) یا (هەرکاتی) یا (هەرکەسی) •

فەرقیان لە مەعنایشدا ئەوەیـــە هەرچی وا لەپیش شەرتەکەوە لـە یەکەمدا بە قەرار وە بە بی‌دوودلی ئەوتری‌و شەرتەکەشی لەپالا زیـــاد ئەکری • مەسەلا کابرا ئەلیت تـەلاقت کـــەوتبی بەوشـــەرتە کورەکە بگریتە خوت یا بەشەرتی دوو سال شیری پی‌بـــدەی ، ئەویش قوبوولی

ئەکا • بەلام هەرچی وا لەپێش شەرتەکەوە لە بەشی دووەما بە دوودڵی‌یەوە ئەوتری یەعنی ئەگەرو نەگەرە • مەسەلا ئەلیت تەلاقت کەوتبی هەرکاتی دە دینارم بو بینی‌و بیژمیریتە دەستمەوە •

لەسەر ئەم ئەساسە ئەو کابرایە کە شەرتی یەکەمی بەدەما دیت کە لەفظەکەی تەواو کرد ، وائەزانی تەلاقەکەی کەوتووەو کورەکەیشی کەوتووەتە سەر ژنەکە بوی بەخیو بکا • وە ئەگەر وا ری‌بکەوی شەرتەکەی زیانی پی‌گەیشتبی ، مەسەلا نادیاری بی ، وە یەکیك پی‌ی‌بلیت کەوا (مهر المثل) لە ژنەکەی وەرئەگریّو کورەکەی ناکەویتە ئەستوی ژنەکە ، ئەلی بەخوا من لەسەر ئەو بریارە تەلاقم داوە کە کورەکەم بو بەخیو بکا ئەگینا ئەو ژنەم بوچی تەلاق ئەدا ؟

بەلام ئەو کابرا کە شەرتی جوری دووهەمی بەدەما دیت دلنیایە لەوە کە تا ژنەکەی پارەکەی بو نەهینی‌و نەیژمیریتە دەسیەوە تەلاقی ناکەوی ، وە ئەلی با بروا ماوەیەك بسووریتەوە • کەس فلسی بو نادا ، ئەوجا دیتەوە مل رائەکیشی •

ئەم فەرقە کە لەبەینی مەعنای ئەم دوو جورەدا هەیە هەرچەند زور ئاشکرایە ، بەلام بو خەلکی ساویلکە زور وردە • پیویستی سەرشانی مەلا ئەوەیە نەکەویتە پیشیانەوەو ئاموژگاری‌ی کەس نەکا بو کەوتنی تەلاقەکە یا نەکەوتنی ، وە باش پرسیاریان لی‌بکا کە چی‌یان مەبەست بووە • جا ئەگەر دەرکەوت کابرای تەلاق‌دەر نیازی مەعنای ئیلزامی‌ی هەیە ئەوە دیارە • وە ئەگەر ئیدیعای مەعنای تەعلیقی ئەکرد لە لەفظی (بەشەرتی) یەعنی تا شتەکە جی‌بەجی نەبی تەلاقەکەی نەکەوی ، ئەوە ئەگەر قەرینەو بەلگە هەبوو دیارە لی‌ی وەرئەگیری • هەروەها ئەگەر قەرینەو بەلگەیش نەبوو ، ئەوەندە هەیە ئەگەر ژنەکە باوەری پی‌نەکا

ئەتوانی سویندی بدا لەسەر ئەو نیازی خویە ، چونکە ئەم لەفظی (بەشەرتی)یە ئەگەر موشتەرەکی لەفظی بی لەبەینی ئەو دوو مەعنایەدا ، یەعنی لەبەینی ئیلزامو تەعلیقدا ، ئەوە لەسەر نیازی کابرا ئەروا با قەرینەو بەلگەیش نەبی • وە ئەگەر حەقیقەت بی لە مەعنای ئیلزامداو مەجاز بی لە تەعلیقدا ، ئەوە ئەگەر قەرینە هەبوو دروستە مەجازەکەی بگرین ، وە ئەگەر قەرینەیش نەبوو هەر لەبەرئەوە ئەم مەعنا مەجازی‌یە لەناو کوردانا ئەوەندە باوە ، ئەگەر کابرا ئیدیعای بکا ناتوانین بەدرویدا بخەینەوە •

بەلی ، ئەگەر نیازی کابرا مەعلووم نەبوو بومان ، مەسەلا کابرا مردبوو ، یاخود ئەیوت نازانم مەبەستم چی بووە ئەمە جیگەی قسەیە • خوا لی‌خوش‌بوو (مەلای نوتشەیی) لەسەرئەوەیە کە ئەبری بەسەر شەرتی ئیلزامیدا • ئەلبەتە ئەفەرمویت ئەم لەفظە حەقیقەتە لە ئیلزامداو مەجازە لە تەعلیقدا • وە گەلیکی‌تر لە زانایان ئەیبرن بەسەر مەعنای تەعلیقدا • ئەلبەتە ئەلین ئەم لەفظە موشتەرەکە لەبەینی هەردوو مەعناکەداو لە تەعلیقدا زورتر بەکار ئەهینری ، بەجوریك وەکو مەعنای عورفی خاصی لی‌هاتووە • یاخود ئەلین حەقیقەتە لە تەعلیقدا ، یاخود مەجازی مەشهوورە ، وە لەم‌لایشەوە ئەصلی بەقای عیصمەت هەیە لە ئارادا •

(بزانن) مادەم کابرا لەفظی (بەشەرتی)ی بەکارهینا لە مەعنای شەرتی ئیلزامی‌یا ، ئەوە ئەبی تەماشای ئەوشتە بکەین کەوا لەدوایەوە ، ئەگەر هەر صیفەتیکی رووتی‌وا بوو کە بەکاری عیوەز نەدەهات وەکو ئەوە کە بلی تەلاقت کەوتبی بەشەرتی برویتەوە بو مالی باوکت ، وە لەپاش تەلاقەکە بەم ناوەدا نەسووریتەوە ، یا بەشەرتی لەپاش تەلاقەکەت شوو نەکەی بە فلان‌کەس ، یا هەر ئامۆشۆمان بکەی ، ئەمە ئەم شەرتە

پووچو بی‌سوودەو تەلاقەکە بە (رجعی) ئەکەوی‌و قوبوولی ژنەکەیشی ناوی •

وە ئەگەر شتە بە شەرت گیراوەکە شتیکی‌وا بوو کە بو عیوەز ئەشیا وەکو ئەوە کە بلیت تەلاقت کەوتبی بەشەرتی کە کورەکەم بو بەخیو بکەیت تا لە خەم ئەرەخسی ، یا بە شەرتی دوو سال شیرم بو بدەی بە مندالەکەت یا بە شەرتی هیچ شتی لە کەل‌وپەلی خوت لە مالەکەم دەرنەکەی ، یا هیچ لە مالم دەرنەکەی‌و مەبەستی ئەو شتانە بی کە ژنەکە لە مالی باوکیەوە هیناویە ، ئەوە لەم‌صوورەتەدا قەبوولی دەس‌بەجی‌ی ژنەکەی ئەوی‌و بەتەنها قەبوولی ئەو تەلاقەکە ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنـە) ئەبیتەوە بە عەینی ناوبراو ئەگەر ساغ‌و مەعلووم بی وەکو مەسئەلەی دوو سال شیردان بە منالەکە • وە لەسەر (مهر المثل) ئەگەر ناوبراوەکە نادیاری بی وەکو بەخیوکردنی منالەکە تا لە خەم رزگاری ئەبی ، یاخود ئەگەر ناوبراوەکە شتیکی نادروست بی وەکو تەپالەو شەراب وەکو باسمان کرد ••

وە ئەگەر کابرا بلی تەلاقت کەوتبی‌و صەد دینارت لەسەر بی ، ئەوە ئەگەر ژنەکە لەپیشا داوای تەلاقی کردبی لە میردەکەی لەسەر مال‌و ئەویش بەم لەفظە وەرامی بداتەوە ، ئەوە ژنەکەی (بائنە) ئەبیتەوە بەو مالە هەرچەند لەفظی قوبوولی بەدەما نەیەت چونکە داواکردنەکەی لەپیشەوە لە جیگەی قوبوولدایە • وە ئەگەر بە بی داواکردنی ژنەکە ئەم لەفظەی وت ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعي) خواه ژنەکە قوبوولی بکا یا قوبوولی نەکا ، وە مال ناکەویتە سەر ژنەکە لەبەرئەوە لەگەل لەفظی تەلاقەکەدا لەفظیکی‌وا نەبووە کە ئیلزام‌و خستنە ئەستو بگەیەنی بەس‌ئەوەندە هەیە خەبەریکی بی‌ئەساسی داوە کە وتوویە (صەد دینارت لەسەرە) و ئەوەیش بی‌سوودە • بەلی ئەگەر ئەم جوملەیە لە عورفـدا

مەشهوور بووبێ بۆ مەعنـای ئیلزام گـەیاندنو کابرایش ئیددیعای ئـەوە بکا کە مەبەستی ئیلزام بووە ، ئەوە لێی قوبوول ئەکرێ هەرچەنـــد ژنەکەیش باوەڕی پێ نەکا • جا ئەگەر قوبوولی نەکردبوو ئەوە تەلاقەکـە ناکەوێ • وەگەر قوبوولی کردبوو ئەکەوێو ژنەکە (بائنە) ئـەبێتـەوە بەو صەد دینارە وەکو چون ئەگەر بڵێ تەلاقت کەوتبێ لەسەر صەد دینارو ئەویش قوبوولی بکا •

ئەگەر لەفظەکە لە عورفا مەشهوور نەبوو بۆ گەیاندنی مەعنـــای ئیلزام ، وە کابرایش ئیددیعای ئـــەوەی ئەکرد کـــە مەعنای ئیلزامـی مەبەست بووەو ژنەکەیش باوەڕی پێ‌ئەکرد ، ئەوە ئەگەر ژنەکە قوبوولی کردبوو تەلاقی ئەکەوێ و (بائنە) ئەبێتەوە بەو ماڵە ، وە ئەگەر قوبوولی نەکردبوو تەلاقی ناکەوێ•وە وە ئەگەر باوەڕی پێ نەکرد ، لەمصوورەتەدا ئەگەر قوبوولی بە دەما هاتبوو ئەوە ژنەکە (بائنە) ئەبێتەوە چونکە کابرا بەپێی ئیقراری خۆی ڕەفتاری لەگەڵ ئەکرێ • وە بۆ ماڵەکەیش ئەگەر ژنەکە سوێندی خوارد لەسەرئەوە کە نازانێ کابرا مەبەستی لەم لەفظە ئەوە بووە ماڵ بکەوێتە سەر ئەو ، ئەوە ماڵ ناکەوێتە سەری ، وە ئەگەر سوێندی نەخوارد کابرا ئەتوانێ سوێند بخوا لەسەر ئیددیعاکەی خۆیو ماڵەکە لە ژنەکە ئەستێنێ •

وە ئەگەر قوبوولی بە دەما نەهاتبوو ، ئەوە ئەگەر ژنەکە سوێنـدی خوارد لەسەرئەوە کە نازانێ بەوە مێردەکەی نیازی ئەوەی بووە مـــاڵ بکەوێتە ئەستۆی ئەم ، تەلاقەکەی بە (رجعی) ئەکەوێو ماڵیش ناکەوێتە سەر ژنەکە • ئەگەر ژنەکە سوێندی نەخوارد ، ئەمجـار کابرا ســـوێند ئەخوا لەسەر ئەوە کە مەبەستی ئیلزامی ماڵ بووە • ئیتر تەلاقەکـــەی ناکەوێ • وە ئەگەر نکوولی کرد لە سوێند خواردن ئەوە تەلاقەکـەی ئەکەوێ بە (رجعی) بەخۆرایی •

وە ئەگەر ژنەکە داوای تەلاقی کرد لە میردەکەی لە بەرابەری مالەوە ، مەسەلا وتی تەلاقم بدە لەسەر دە مثقالە ئالتوونە مارەیی‌یەکەمو کابرایش گورج وەلامی دایەوە وتی تەلاقت کەوتبی ، ئەوە گورینەوەیەو تەلاقەکە ئەکەوی لەسەر ئەو مالە خوای ژنەکە قوبوولی بکا یا نەیکا چونکە داواکردنەکەی لە شوینی قوبوولدایە • بەلی ئەم جورە گورینەوەیە تیکەلە لەگەل (جعالة) چونکە ئەو ژنە ئەو پارە بریار ئەدا بەرابەر بەوە کە میردەکەی ئەو (بضع) پارچەیەی وا لەلای پیی بداتەوە ، کەواتە هەتا کابرا وەرامی نەداتەوە ژنەکە ئەتوانی پەشیمان ببیتەوە •

وە ئەگەر ژنەکە داوای سی تەلاقەی کرد لەسەر صەد دینار ، ئەویش یەك تەلاقی دا لەسەر سی‌یەکی ئەو مالە ئەوە تەلاقیکی ئەکەوی • وە ئەگەر هەر یەك تەلاقی مابوو ئەوە لەم صوورەتەدا تەواوی صەد دینارەکەی ئەکەوی چونکە مەبەستی ژنەکە ئەوە بووە کە بە جیابوونەوەی تەواو (البينونة الكبرى) رزگاری ببی لە دەستی کابرا ، وە لەم صوورەتەدا مەبەستەکەی هاتوەتەجی • وە ئەگەر ژنەکە داوای تەلاقیکی لی کرد بە صەد دینار ، ئەمیش تەلاقەکەی دا بە دە دینار ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە دە دینارەکە • وە ئەگەر ژنەکە وتی سبەینی تەلاقم بدە بە صەد دینار ئەویش هەر ئیمرو تەلاقی دا بە صەد دینارەکە ، یا لە سبەینیدا ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) لەبەرئەوە ژنەکە صەد دینار ئەدا بەهوی ئەوەوە کە سبەینی تەلاق بدری نەك ئیمرو ، وە ئەو دواخستنە شەرتە لە عیوەزەکەدا ، وە شەرتی‌وا عیوەزەکە تیك‌ئەداو ئەیباتەوە سەر (مهر المثل) •

(بزانن) هەروەختی کابرا خولع بکا لەگەل ژنەکەیدا ، وە یا لە مەیدانی تەعلیق بە مالدا (بائنە) بووە ، ئەوە کابرا حەقی (رجعة)ی نامینی ، یەعنی ناتوانی خوبەخو ژنەکە بهینیتەوە بو ژیر عیصمەتی خوی ،

وه پیویسته سەرلەنوی مارەی بکاتەوە ئەگەر تەلاقی مابی • بەلی ئەگـەر تەلاقی ژنەکەیدا لەسەر مال بەوشەرتـە حەقی گیرانەوە (رجعه)ی ببیو ژنەکەیش قوبوولی تەلاقەکەی کرد ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعی)و مال ثابت نابی •

وه ئەگەر صیغەی خولعەکە بە تەعلیق بوو وەکو ئەوە بلیت هەروەختی دە دینارت بو هینام تەلاقت کەوتبی ، ئەوە هەر وەختی ژنەکە دە دیناری مالی خوی بو هینا تەلاقـەکـەی ئەکـەوی‌و (بائنه) ئەبیتەوە ، لەم‌صیغەی تەعلیقەدا قوبوولی ژنەکە پیویستـ(نیه)ـە و کابرایش لەپیش بـــەجی‌هاتنــی مەبەستەکەیدا حەقی پەشیمان بوونەوەی نی‌یە • جا ئەگەر ئەو تەعلیقە تەعلیق بوو بە شتیکەوە کە هوی کردن بە مولك بی وەکو پیدان ، ئەوە ئەگەر ئەو لەفظە کە تەعلیقەکە ئەگەیەنی کاتی تیا نەبوو وەکو (ئەگەر) یاخود کاتی ئەگەیاند بە بی‌عوموم وەکو (کاتێ) و (وەختێ) مەســەلا کابرا وتی بە ژنەکەی ئەگەر دە دینارت پێدام یا کاتێ دە دینارت پی‌دام تەلاقت کەوتبی ئەوە پیویستە دەس‌بەجی لـــەو مەجلیسی تەلاق‌دانەدا دە دینارەکـەی پی بدا بە بی‌ئەوە وتاریـکی دریژ یا بێدەنـگی‌یەکی دریژ بکەویتە بەینی قسەی کابراو تەسلیم کردنی دینارەکانەوە • هەتاوەکو ئەگەر دینارەکان لەناو سندووقا بوون‌و ژنەکە دەس‌بەجی هەستا بی‌یان‌هینـــی ، بەلام تا سندووقەکەی کردەوەو پارەکەی هیناو گەیاندی بە کابرا ماوەی وتنی حەوت کەلیمە تی‌پەر بوو ، ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی •

جا ئەگەر لەم صوورەتەدا ژنەکەی خوی دەس‌بەجی دە دینارەکەی دایە دەستی یا لە بەردەمیا داینا‌و ژنەکە خویشی حازر بوو لەوشوینـەدا ، ئەوە ئەو پارەیـە ئەبی بە مولـکی کابراو ژنەکەیش تەلاقی ئەکـــەوی‌و (بائنه) ئەبیتەوە •

(بزانن) پیویستە لەو بەدەستەوەدانی مالەدا یا لە دانانیا لە بەردەمی

کابرادا ، چ ژنەکە خوی داینیو چ وەکیلەکەی داینی ، مەبەستیان تەسلیم کردنو دانان بی بەهوی هاتنەدیی ئەو (معلق علیه) یەوە کە کابـرا وتوویەتی • کەواتە ئەگـەر ژنـەکە وتی مەبەستم ئەوە نـەبوو بیدەمی بەهوی تەعلیقەکـەوە ، بەلـکو مالی خوی بوو یاخود بردم بە ئەمانـەت هەلی بگری بوم ، مەسەلا ، ئەوە تەلاقی ناکەوی •

وە ئەگەر کابرا وتی ئەگەر دە دینارت دایە دەستم تەلاقت کەوتبی ، ئەمە وەکو تەعلیق بە صیفەتی غەیرە عیوەز وایە ، پیویستە ئەو ژنە خوی بە دەستی خوی لەگەل نیازو زانستو ئارەزووی نەفسدا بیداتە دەستـی کابرا ، هەرچەند کابرا بە زور پیی وەربگرن لەبەرئەوە ئەو تەعلیقە تەعلیق بوو بە ئیشی ژنەکەوە • کەواتە هەر عـــەمدو زانستو ئیختیاری ژنەکە شـــەرتـه نـــەك هی پیاوەکـــەیش • تەســلیم کـردنی مالـــەکـــە لەلایەن ژنەکەوە بە سەهو یا بە نەزاینن یا بە زور یا بە دانانی لە بەردەمی کابرادا ، یا خود تەسلیمی بەهوی وەکیلەوە بە هیچجوری سوودی نییەو تەلاقی پی ناکـەوی • هەروەها لـە صوورەتیکا کـە خوی تەسلیمی بکـا تەلاقەکە (رجعی) یە •

وە کابرا نابی بە خاوەنی پارەکە لەبەرئەوە کە نەیوتووە (بمداتی) بەلکو وتوویـەتی (بیداتە دەسـتم) وە دانـە دەست بو بە مولك کـردن نییە • بەلی ئەگەر کابرا ئیددیعای کرد کە مەبەستی بە مولك کـــردن بووەو قەرینەیشی هەبوو ، مەسەلا وتی دە دینارم بکەیتـە دەست بو ئەوە کە صەرفی بکەم لە پیویستی خوما ، ئەوە وەکو مەسئەلەی پیشوو وایەو کابرا ئە بی بە خاوەنی پارەکە •

وە ئەگەر کابرا وتی ئەگەر دەینارم لی وەرگرتی ئەوە پیویستە کابرا بە عەمدو زانستو ئارەزووی خوی ئـەو پارەیە لـە ژنەکـــە وەربگری

هەرچەند زور بکەن لە ژنەکە پێی‌بداو تەلاقەکەی بە (رجعی) ئەکەوی‌و کابرا نابی بە خاوەنی پارەکە • وە هەر وەختیکیش وەری‌بگری فەرقی نی‌یە • مەگەر کابرا ئیدیعا بکا مەبەستی لە وەرگرتن ئەوە بووە کە ببی بە مولکی‌و قەرینـەیشی هەبی ، ئـەوە ئەبی بە خاوەنی پارەکەو ژنەکـە (بائنە) ئەبیتەوە ، وە پیویستە ژنەکە دەس‌بەجی پارەکەی پی‌بدا چونکە بەشیوەیەکی گشتی لە هەر شوینیکا مەبەست کردن بە مولك بی (وصیغەی عوموومی نەبی) ئەوە پیویستە ژنەکەیش خاوەنی ئەو مالە بی کە ئـەیدا بە کابرا ، لە بەرئەوە ئەگەر خوی خاوەنی مالەکە نەبی ئەو مالە نابـی بە مولکی کابراو تەلاقەکە ناکەوی •

ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکـەی تەلاقی خوت بدە ئەگەر ئـەبی بـە ضامنی دە دینار بوم ، ئەویش وتی وا بووم بـە ضامنی دە دینار بو تـوو تەلاقی خویشـم دا ، یا خود وتی وا تـەلاقی خوم داو بووم بە ضامنی دە دیناریش بو تو ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی‌و (بائنە) ئەبیتەوەو کابرایش ئەبی بە خاوەنی ئەو ئەندازە پارەیـە لەسـەر ژنەکە • وە ئەگەر کابرا وتی ئەگـەر بووی بـە ضامني دە دینـار بوم تەلاقت کەوتبی‌و ، ئەویش دەس‌بەجی وتی وا بووم بە ضامنی دە دینار ، ئەوە تەلاقی ئـەکـەوی‌و (بائنە) ئەبیتەوەو دە دینارەکەی ئەبی بە مال بەسەر ژنەکەوە •

ئەگەر وتی ئەگەر بووی بە ضامنی دە دینار بوم تەلاقت کەوتبی ، ئەویش دەس‌بەجی وتی وابووم بە ضامنی بیست دینار ئەوە تەلاقـەکەی ئەکەوی بە دە دینارەکەو ضەمانەتی زیادەکەی ناچیتە سەر ، وە نایشبی بە کوسپ لەریی کەوتنی تەلاقەکەدا ، چونکە موخالەفە لە مالدا هەر لە صیغەی گورینەوەدا مانیعی کەوتنەو لە تەعلیقدا مانیع نی‌یەو زیانی نی‌یە • لەبەرئەوە صیغەی گورینەوە ئیجاب‌و قوبوولەو ئـەبی موافیق بن ، بەلام لیرەدا تەعلیقە بە بەجی‌هاتنی شتیکەوە • جا مادام ئەو شتە هاتەجی ئـەوە

تەلاقەکە ئەکەوی با چەند شتی تریشی لەگەلدا بی • بەلی ئەگەر بوو بە ضامنی کەمتر لەو مالە کە کابرا وتوویەتی ، ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی چونکە مەبەستی کابرا نەهاتوەتەجی •

ئەگەر وتی ئەگەر مەریکی وەهاو وەهات بو هینامو بەیانی صیفاتی سەلەمی تیدا کرد ، ئەویش مەریکی بو هینا بەو صیفەتانەوەو عەیبی تیدا نەبوو ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوەو کابرایش ئەبی بە خاوەنی مەرەکە • وە ئەگەر صیفەتەکانی تیابوو بەلام عەیبدار بوو ئەوە تەلاقەکە ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە ، بەلام کابرا لەسەر پەیرەوی (فەسادی عیوەز) ئەتوانی ئەو مەرە عەیبدارە بداتە دواوەو (مهر المثل) بسینی لە ژنەکە • وە ئەگەر ئەو صیفەتانەی تیا نەبوو تەلاقەکەی ناکەوی •

وە ئەگەر کابرا وتی ئەگەر مەریکت بو هینام تەلاقت کەوتبی ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە هینانی هەر مەریك کە مولکی ژنەکە بی (واتە دزینی‌و زەوت‌کراوو شتی‌وا نەبی) • بەلام نابی بە مولکی کابرا چونکە ئەم شوینە شوینی دەست کەوتنی عیوەزەو دروستیش نی‌یە عیوەز نامەعلووم بی • کەوابی ژنەکە قەرزاری (مهر المثل)ی خوی ئەبی بو کابرا •

وە ئەگەر وتی ئەگەر دوو سال ئەو کورەت بو بەخیو کردم تەلاقت کەوتبی ، ئەوە ئەگەر ماوەی ئەو دوو سالە بەخیوی کرد تەلاقەکەی ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە چونکە بەخیو کردنی مندال بە عیوەز ئەشی • وە ئەگەر وتی ئەگەر لە ئەستوی خوتت گرت دوو سال ئەو مندالەم بو بەخیو بکەی تەلاقت کەوتبی ، ئەوە تەلاقی بەوە ئەکەوی کە ئەو ژنە بە صوورەتیکی شەرعی بەخیو کردنی ئەو مندالە لەو دوو سالەدا بگریتە گەردنی خوی • مەسەلا لەو مەجلیسەدا دەس‌بەجی بلیت وا نەذرم کرد لەسەر خوم ئەو مندالە بەخیو بکەم تا دوو سال ، ئیتر بەوە تەلاقی

ناکەوی ژنەکە بلیت وا قوبوولم کرد یاخود لە گەردنی خوم گرت یـــا بووم بە ضامن ، چونکە لە ئەستوگرتنی شەرعی بەمانـــە نایـــەتـــەدی • جیاوازیی ئەم صوورەتە لەگەل صوورەتی پیشوودا ئەوەیە لە صوورەتی پیشوودا تەعلیق کرابوو بەوەوە کە بەخیوی بکا ، وە لەم صـــــوورەتەدا تەعلیق کراوە بە پەیمانداندو لە ئەستو گرتنەوە ، وە مادەم بـــە نـــەذری شەرعی پەیمانی دا دەس‌بەجی تەلاقەکەی ئەکەوی •

ئەگەر وتی بە ژنەکەی ئەگەر شیرت دا بە کورەکەم سالیك تەلاقت کەوتبی ، پیویستە سالیکی تەواو بەعادەت شیری بداتی ئەوسا تەلاقەکەی ئەکەوی‌و (بائنە) ئەبیتەوە • ئەمەش تەرجەمەی ئەوەیە کە بە عەرەبی بلی (ان أرضعت لى ولدي سنة فأنت طالق) •

شیخی (ابن حجر) لە (تحفە)دا ئەفەرمویت بەپیی ئەوە کە لـــە گورینەوەدا قوبوول بە دەم یا بە کردەوە پیویستە ، ئەبی لە میثالی شـــیر پیدانی یەك‌سالەدا کافی بی قوبوول بە دەم یا بە کردەوە • جا ئەگەر بـــە دەم بوو ئەوە دەس‌بەجی ژنەکە تەلاقی ئەکەوی ، وە ئەگەر بە کردەوە بوو لەپاش سالیك شیر پیدان تەلاقەکەی ئەکەوی • هەروەها فەرموویەتی جیاوازی هەیە لەبەینی ئەم میثالەو ئەوەدا کە بلی (ان دخلت الدار فأنت طالق بألف) چونکە لیرەدا پیویستە قوبوولی بەدەم دەس‌بەجی بیتـــەدی‌و چوونی ناومالەکە لە هەرکاتیکدا بی قەیدی نی‌یە ، بەلام لە میثالی شـــیر پی‌دانەکەدا بە یەکی لە دوو شت قەناعەت ئەکری ، چونکە تەنهـا یـەك شەرتی تیایە کە شیر پیدانە بەلام بونی مال ئەدا • جا جاری هیز بە شەرتە روتەکە ئەدەین‌و جاری هیز بە لای گورینەوە ئەدەین • بەلام لـــــە صوورەتی چوونەمالەکەدا دوو شەرتی جیاوازی تیایە ، پیویستی یەکیکیان کردەوەیەو پیویستی یەکیکی‌تریـــان قوبوولی دەس‌بەجی‌یەو ناچاریـــن هەردوکیان بینەدی •

دیسان شیخی (ابن حجر) فەرموویەتی هەندی لە زانایان لــــە صوورەتی میثالی شیر پیدانەکەدا تەفصیلیان داوە ، بەمجورە ئەگەر خاوەن منداڵەکە لات بیو مەسرەفی دایەنی لەسەر بی ئەوە گورینەوەیە ، وە بە قوبوولی دەس‌بەجی تەلاقی ئەکەویو (بائنە) ئەبیتەوە •

هەندی لە زانا گەورەکانی کوردستانیش ئــەم فــەرموودەیــەی (تحفه)یان بە (اشکال) داناوەو فەرموویانە ئەگەر لە صـــــوورەتی تەعلیقدا حوکمی گورینەوە ببی ئەبی لەســەر چ دەســتووریك بی ؟ وە لەئەنجاما بریاریان داوە ئەگەر ئەوەی کە ئەداتی تەعلیقەکەی چووەتــە سەر صیفەتی رووت بی وەکو چوونە ناو مال یاخــود کردەوەیــەك بی بەسرابی بە عیوەزەوە وەکو پیدانی پارە،ئەوە پیویستە صیفەتەکە بیتەجی،وە تەلاقەکە بە قوبوولکردن ناکەوی ، وە ئەگەر کردەوەیەك بی کە لــە خویدا بو عیوەز بشی وەکو شیردان بە منالو بــەخیــوکردنی منــالو لەئەستوگرتنی سك ، ئەوە ئەگەر دەس‌بەجی قوبوولی کرد تەلاقەکە بــە قوبوول کردنەکە ئەکەوی ، وە ئەگەر دەس‌بەجی قوبوولی نەکرد ئەوە پیویستە صیفەتەکە بیتەجی وەك لە هەر تەعلیقیــکیتردا • لیــکولینــەوەی وردو ساغ ئەوەیە کە ماموستای خوا لیخوش‌بوومـــان (ابن القرەداغی) کردوویەتی کە ئەفەرمویت شیخی (ابن حجر) لە (تحفه)دا لە فەصلی (انت طالق وعلیك كذا)دا بەئاشکرا فەرموویەتی کە شورەتو ناوبانگ صیغە ئەکا بەصەریح لە گورینەوەدا ، هەرچەند کینایەی تەلاق ناکا بــە صەریح • مادام وابوو بەیانی شیخ لە (ان ارضعت ولدي)دا لەســـەر ئەساسی ئەوەیە بەکارهینانی لە مەیدانی گورینــەوەدا بــەنــاوبانگ بی ، بەجوری کە مەعنای (ان ارضعت) ببی بە (ان التزمت ارضاع ولدی) کەوابوو چ (ان ارضعت)و چ (ان تعهدت الحمل) مادام مەشـــــهوور بوون لە عورفی ولاتەکەدا بو گورینەوە ، ئەوە لەکاتی بەکارهینانا ئەگەر

ژنه‌که دەس‌بەجی قوبوولی کرد ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە • وە ئەگەر قوبوولی نەکرد ، ئەوە لای مەعنای ئەصلی لەفظەکە وەکو تەعلیق تەماشای ئەکری ، چونکە ئەم لەفظە هەرچەند مەشــهوور بووبی بو گورینەوە ،بەلام لای تەعلیقەکەی هەر ماوەتەوە • ئەوەندە هەیە ئەبی کابرایش نیازی گورینەوەی پی ببی ، ئەگینا ناوبانگی رووت سوودی تیا نی‌یە •

(بزانن) لە صوورەتی خولعدا لەسەر شیر پی‌دان‌و لەئەستو گرتنی سك بەصوورەتی تەنجیز بی یا تەعلیق ، ئەگەر شیر پی‌دانەکە مــاوەی شەرعی‌ی خوی تەواو بوو کە دوو سالە یاخود پاشماوەی دوو ســالـەکە بوو بە مەعلوومی‌و دیاری کراوی ، ئەوە ئەو ژنە بەو شیر پی‌دانە (بائنە) ئەبیتەوە•وە ئەگەر ماوەکەی دیاری نەبوو مەسەلا وتی تا شیر ئەخوا ، ئەوە (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) • وە ئەگەر بەخیوکردنی منـدالـەکـە لەسەر ئەساسی بریاردانی مەسرەفیکی دیاری‌کراو بی ئــەوە (بــائنــە) ئەبیتەوە بەو بەخیو کردنە ، ئەگینا ئەویش هەر دیتەوە سەر (مهر المثل) •

(بیداربن) ئەگەر صیغەی تەعلیقەکە عوموومی کــات یــا شــوینی ئەگەیاند ، ئەوە (مطلقا) نە لە غەیری گورینەوەو نە لە گورینەوەو نــە لە تەسلیم‌کردنی عیوەزەکەدا دەس‌بەجی‌یی پیویست ناکــات وەکــو بلی هەروەختی دە دینارت پیدام یا لە هەر شوینیکا دە دینارت بو هینام تەلاقت کەوتبی • وە ئەگەر عوموومی تیــا نەبوو وەکــو (ئەگــەر ـ ان)و (کاتی ـ اذا) ئەوە لەگەل عیوەزدا وەکو ئەگەر دە دینــارم پی‌بـدەی تەلاقت کەوتبی ، پیویستی بە دەس‌بەجی‌یی‌یە ، وە بە بی‌عیوەز وەکــو چوونــە مــال دەس‌بـەجی‌یی نــاوی • ئــەم دەســتوورەی کــــە وتمــان بــو قســـەی ئیجــابی‌یە ، وە بو قســـەی ســەلبی هەمووی بو دەس‌بـەجی‌یـە تـەنهــا (ئــەگــەر) نــەبی ، ئــــەوە هــەتــا نائومید نەبین لە کردنی‌ئیشەکە هەر دەوامی هەیەو کار ئەکا ، تەنها لــە

تەعلیق بە (ئەگەر)و بەستنەوەی تەلاقەکەدا نەبی بە مەیـلو ئارەزووی ژنەکەوە ، لەکاتیکا بە گفتوگو لەگەل ژنەکە خویدا بەکاربیت وەکو ئەوە کابرا بلیت ئەگەر ئارەزووت هەیە تەلاقت کـــەوتبی ، ئەوە لەمحالـــەدا پیویستە ژنەکە دەس بەجی بلی ئارەزووم هەیە •

ئەو ضەمانەتە کە لەم فەصلەدا بەیانمان کرد ئەو ضەمانەتە نی یە کە پیویستی بە ئەصیلو ضامن بی ، وە ئەو ضەمانەتەیش نی یە کـــە بەهوی صیغەی نەذرو لەئەستو گرتنەوە بڕواتە ئەستوی کابراوە ، بەلکو تەنهـــا لەگەردن گرتنیکە کە بەهوی قوبوولی ژنەکەوە دیتەجی •

ئەگەر صیغەی تەلاقەکە تیکەل بوو لە تەنجیزو تەعلیق وەکو ئەوە کە بلیت ئەگەر قسەت کرد لەگەل فلانکەس تەلاقت کـــەوتبی لەسەر دە دینار ، ئەوە پیویستە ژنەکە دەس بەجی قوبوولی بکاو قسەیش لەگـــەل ئەوکەسەدا بکا ئەوسا تەلاقەکەی ئەکەوی • ئەمجورە صیغەیە پی ی ئەلین پیکهاتوو لە خولعو تەعلیق • بەلام ئەو صیغەی تەعلیقە کە خوی هویـــە بو جیابوونەوەی پیاوو ژنەکە لە یەك وەکو ئەوە کە بلیت ئەگەر دە دینارت پی دام تەلاقت کەوتبی ، ئەوە پی ی ئەلین خولعی موعەللەق •

باسی حوکمی هەندی لەفظ
کە کورد بەکاریان ئەهینن

ئەگەر کابرا وتی هەرچی شەرع ئەتدانی نەتبی ، یا نەتکەوی ، یا نەیبەی ، یا نەتدەمی ، یا بتدەمی ، ئەوە هەموو ئەم لەفظانە بو تەعلیقن • بەلام (نەتبی)و (نەتکەوی) بە ظاهیر تەعلیق بە مەحالە ، چونکە شتی کە شەرع بیداتی چون نایبی یا چون نایکەوی • وە تەعلیق بە مەحال لـــە نەفیا ئەبی بەهوی ئەوە کـــە تەلاقەکـــەی نەکەوی ، جا ئەگـــەر کابرا

بی‌مەبەست ئەو لەفظانەی وت ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی • وە ئەگەر وتی مەبەستم ئەوە بووە هەرچی شەرع ئەیداتی لە عەین یا لە قەرز نەذری بکا لیم بوئەوە کە حەقی نەمینی‌و هیچی نەکەویتە سەرم ئەمە ئەبی بە تەعلیق بە (ئەگەر) لە مەقامی ئیسبات‌و گورینەوەدا • (بناء علیه) ئەگەر ژنەکە دەس‌بەجی هەرچی هەیەتی لای کابرا لی‌ی نەذر کرد ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی‌و (بائنە) ئەبیتەوە ، ئەگینا تەلاقەکەی ناکەوی • وە لە صوورەتی (نەیبەی)و (نەتدەمی)دا هەتا کاتی نائومید بوون لە بردنەکەی یا لە پیدانەکەی تەلاقەکەی ناکەوی لەبەرئەوە کە تا ئەوکاتە قابیلە مالەکەی بداتی یا خوی بیبا •

وە لە صوورەتی (بتدەمی)دا هەرکاتی هەرچی حەقی هەیە بیداتی تەلاقەکەی ئەکەوی ، وە ئەگەر نەیداتی ناکەوی • ئەگەر وتی تەلاقت کەوتبی هەرچی شەرع ئەتداتی ناتبی یا ناتکەوی یا ناتدەمی یا نایبەی ئەوە ئەم لەفظانە یەکەیەکە وان لە شوینی جوملەیەکی خەبەریەدا وە مەعناکەیان خەبەردانە لەوە هەرچی شەرع ئەیدا بە ژنەکە نایبی یا نایکەوی یا نایداتی یا نایبا • جا ئەگەر ژنەکە لەپیشا داوای تەلاقی کردبوو لە کابرا لەسەر هەموو حەقی شەرعی‌ی خوی ، وە کابرایش بەم جوملانە لەگەل تەلاقەکەیا جوابی دابوەوە ، وە مەبەستی ئیلزام بوو ، یەعنی مەبەستی تەلاقدانی ژنەکە بوو لەسەر هەرچی حەقی شەرعی‌یەتی ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی‌و (بائنە) ئەبیتەوە لەسەر حەقی شەرعی‌ی ژنەکە بەوشەرتە ئاشکرا بی لایان حەقە شەرعی‌یەکە چی‌یە • وە لەسەر (مهر المثل) ئەگەر حەقە شەرعی‌یەکە مەعلووم نەبوو لایان • وە ئەگەر بە بی داواکردنی ژنەکە سەربەخو کابرا ئەم جوملانەی وتبوو ئەوە تەلاقەکەی بە (رجعي) ئەکەوی‌و هیچ شتی ناکەویتە سەر ژنەکە ، وە ئەم قەیدانە بە پووچ‌و بی‌سوود دەرئەچن •

وە ئەگەر کابرا ئیدیعای کرد کە مەبەستی لەم لەفظانە مەعنای شەرت‌و ئیلزام بووە ئەوە ئەو تەفصیلەی کە وتمان لە مەسئەلەی (تەلاقت کەوتبی‌و صەد دینارت لەسەرە)دا جاری ئەبی لەم شوینەشدا لەسەر باوەر کردنی ژنەکە بە کابراو باوەر نەکردنی‌و ، قوبوول کردنی تەلاقەکەو قوبوول نەکردنی •

وە ئەگەر وتی بە ژنەکە تەلاقت کەوتبی هیچی من‌و هیچی تو یا بەپیچەوانەی ئەمەوە ، ئەوە لەسەر مەعنای ئەصلی ئەم لەفظە خەبەردانە بەوە هیچ حەقی لەسەر ژنەکە نی‌یەو ئەویش هیچ حەقی لەسەر ئەم نی‌یە ، یەعنی تەلاقەکەی ئەکەوی‌و ئەم خەبەردانە بی‌سوودە • بەلام لە عورفی کوردانا ئەم لەفظە وەها بەکار ئەهینری کە تەلاقی داوە لەسەر هەموو حەقیکی شەرعی • جا ئەگەر کابرا ئیدیعای نیازی ئەم مەعنایە کردو ژنەکەیش تەلاقەکەی قوبوول کرد ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی‌و (بائنە) ئەبیتەوە لەسەر حەقە شەرعی‌یەکەی ئەگەر مەعلووم بی ، وە لەسەر (مهر المثل) ئەگەر نامەعلووم بی ، وە ئەگەر قوبوولی نەکرد ئەوە تەلاقی ناکەوی •

باسی (ابراء) ئازادکردن

لەم‌باسەدا چەند ماددەی (ابراء) ئەنووسین کە وەرگیراون لە نامیلکەی (التلخیص الاحری) کە شیخی (ابن حجر) رەحمەتی خوای لی بی نووسیویە • (یەکەم) ئەوەیە کابرا بلی بە ژنەکەی ئەگەر ئازادت کردم تەلاقت کەوتبی‌و ناوی مارەیی نەبردو نیازی مارەییشی نەبووبوو ، وە ژنەکەیش بلی وا ئازادم کردی یا وتی وا ئازادم کردی لە مارەیی‌یەکەم‌و نەیزانی مارەیی‌یەکەی چەندە ، ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی•

ئەگەر لەم صوورەتەدا ژنەکە وتی ئازادم کردی لە دە دینارە

مارەیی‌یەکەم ، وە لە دوو دینارە قەرزەکەیشم کــە لەسەرتە ، یـا وتی ئازادم کردی لە هەرچی قەرزم هەیە لەسەرت وە ئەیشی‌زانی چـەنـدی لەسەریەتی ، ئەوە ئەم ئازاد کردنانە دروستن‌و تەلاقی ژنەکە ئـەکـەوی چونکە ئەوەی کە (معلق علیه) بوو کە (ابرا) کەیە هاتوەتەجی ، بەلام تەلاقەکە (رجعی)یە چونکە کابرا ناوی هیچی نەبردووەو نیازیشـــی نەکردووە ، وە شەرتی تەلاقی (بائنە) لە تەعلیقدا ئەوەیە ئەو ژن‌و میردە هەردوکیان بزانن بەوشتانە کە کابرا ئەیەوی ئازاد ببی لی‌یان • بەلی لەم ماددەیەدا ئەگەر کابرا نیـازی ئازادکردنی لـە شتیکی تایبەتی کردبوو ، وە ژنەکەیش هەر نیازی ئەو شتەی کردبوو ، وە باوەریان کرد بە یەك لەسەر ئەم مەبەستە ئەوە تەلاقی ئەکەوی‌و ژنەکەی (بائنـە) ئەبیتـــەوە بەرابەر بە ئازادکردنی میردەکەی لەوەی کە مەبەستی بووە •

(دووەم) ئەوەیە کابرا بلی بە ژنەکەی ئەگەر ئازادت کردم لـــە مارەیی‌یەکەت تەلاقت کەوتبی ، وە ژنەکەیش ئازادی بکا لەو مارەیی‌یە خوای ناوی ببا یا نیازی بگریتە دل ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە چەنـد شەرت • یەکەم لە عەینی مەجلیسەکەدا زوری پی‌نەچی ئازادی بـکا • دووەم هەردوکیان بزانن مارەیی‌یەکە چەندە • سیهەم حەقی زەکاتی تیـا نەبی • چوارەم ژنەکە تەصەروفی لە مالیا دروست بی • ئەگــەر هاتــوو ماوەیەکی پی‌چوو ئەوجا ئازادی کرد بــەلام یــەکیکیـــان نەی‌ئـــەزانی مارەیی‌یەکە چەندە ، یاخود ئەیانزانی بەلام حەقی زەکاتی پیوەبوو ئەوە تەلاقەکە ناکەوی ، بەلی مەگەر تەنها ژنەکە بزانی مارەیی‌یەکە چەنـــدە ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعی) • هەروەها ئەگەر ژنەکە نەفام بی هەرچەند شەرتەکانی‌تر هەموو هاتبنەجی ئەوە تەلاقەکەی هەر (رجعی)یەو کابرایش ئازاد نابی ، بەلام لە صوورەتی ئەوەدا کە تەنها ژنەکــە بزانی مارەیی‌یەکە چەندە کابرا ئازاد نابی •

(سیهەم) ئەوەیە کابرا بلی ئەگەر ئازادت کردم تەلاقت کەوتبیو ژنەکەیش بلی وا ئازادم کردیو هیچیان ناونەبردو نیازی شـــــتیکی تایبەتییشیان نەبوو ، جا کابرا پاش ئەوە دیســــان گورج وتی تـــەلاقت کەوتبی ئەمە مەعلوومە تەلاقەکە موعەللەقەو نەکەوتووە • جا ئـەگـــەر کابرا ئەیزانی تەلاقە موعەللەقەکە نەکەوتووە ئەوە ئەم تـەلاقـە دواییە مونەججەزەی ئەکەوی بە (رجعی) ، وە ئەگەر نەی‌ئەزانی کـــە ئـەو تەلاقە موعەللەقەی نەکەوتووە ، ئەوە ئەم تەلاقەیش ناکەوی لەبەرئەوە کە کابرا ئەم تەلاقەی بە تەکراری تەلاقە پیشووەکە داناوە ، یەعنی مەبەستی هەر عەینی تەلاقی ئەوەلە نەك تەلاقیکی جیاواز •

(چوارەم) ئەوەیە کابرا بلی ئەگەر ئازادت کردم لـە دە دینـــارە مارەیی‌یەکەت تەلاقت کەوتبیو ، ژنەکەیش بلی خوا ئازادت بکا • ئەمـە بە نکری ئیمامی غەزالیو وەلی عیراقیو هەندی لە زانایانی شەرع کینایەیە لە ئازاد کردنا ، وە وەختیّ ســوودی هەیە کـــە نیـــازی ئـازادکردنی میردەکەی لەگەلدا بی ، بەلام فەرموودەی راستتر ئەوەیە صەریحە لـــە ئازاد کردنو تەلاقەکەی پی‌ئەکەوییو ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە بەو ئازاد کردنـە •

(پینجەم) ئەوەیە کابرا بلی ئەگەر ئازادت کردم تەلاقت کەوتبیو ژنەکەیش بلی ئازاد بە لە هەرچی حەقم هەیە لەسەرت ، بـەلام هــــەر ئاگای لە هەندی لەو حەقانە هەبوو نەك لە هەمووی ، ئەوە تەلاقەکـەی ئەکەوی لەبەرئەوە کە موعەللەق بووە بە ئازاد کردنەوە لە هەموو حەقیك هەرچی بیو هەرچون بی ، وە لە چوارچیوەی ئەم قسـەی ژنـەکـەدا ئازاد ئەبی لەو هەندە حەقە کە ئەو ژنە ئاگای لی‌بووە ، بەلام تـەلاقـەکە (رجعی)یە نەك (بـائن) چونکە وەختیّ (بـائن) ئـەبی کـە ببی بـە گورینەوە ، وە وەختیّ ئەبی بە گورینەوە کە هەردوکیـان بزانن بـــەو

ئەندازەیە کە ژنەکە کابرای لی ئازاد کردووە (مع العلم) لیرەدا کابــرا ئاگای لە هیچی نەبوە •

بەلام ئەگەر وتی ئەگەر ئازادت کردم لە مارەیی‌یەکــەت تــەلاقت کەوتبی ئەویش ئازادی کرد لە نیوەی مارەیی‌یەکەی یا ئازادی کرد لــە هەمووی ، بەلام هەر ئاگای لە نیوەی مارەیی‌یەکە بوو ، ئــەوە ئــەبــەدا تەلاقەکەی ناکەوی لەبەرئەوە کە (معلق علیه) لەمصــوورەتەدا ئــازاد کردنە لە هەموو مارەیی‌یەکەو ئەوەیش نەبوە •

(شەشەم) ئەوەیە کابرا بلی ئەگەر ئازادت کردم لە مارەیی‌یەکەت تەلاقت کەوتبی ئەویش ئازادي کرد وە لەپاشا ئیدديعای کرد کە لەکاتی ئازاد کردنەکەدا نەیزانیوە مارەیی‌یەکەی چەندی بووە ، ئەمە ئەگـــەر کابرا باوەری پی‌کرد دیارە تەلاقەکەی ناکەوی،وەئەگەر باوەری پی‌نەکرد، یەعنی وتی زانیوتە بە مارەیی‌یەکەت چەندی بووە ئەوە ژنەکە (بائنــە) ئەبیتەوە لەسەر قسەی کابرا ، چونکە کابرا ئیـــدديعای دامەزرانی ئــازاد کردنەکە ئەکا • ئەمە لەبارەی تەلاقەکەوە • لەبارەی مارەیی‌یەیەکەیشەوە ئەوە ئەگەر ژنەکە لە وەختی عەقدی نیکاحەکەدا زور لی‌کراو (مجبرة) بووبی‌و بەلگەیەکیش نەبی لەسەر ئەوە کە بە مارەیی‌یەکەی زانیبی ئەوە باوەر بە ژنەکە ئەکری‌و مارەیی‌یەکەی لە کابرا وەرئەگری • وە ئەگەر کابرا لە ئینکارەکەی خوی پەشیمان بووەوەو باوەری بە ژنەکە کردو وتی راست ئەکا نەیزانیوە مارەیی‌یەکەی چەندە ، ئەوە بە بی‌گومان کـــابــــرا (تديين) ئەکری یەعنی حەوالەی دینی خوی ئەکری ، بەلام لە قوبوول کردنی قسەکەیدا قسەیەك هەیەو جیگای لی ورد بوونەوەیە •

صوورەتی قوبوولی قسەی ژنەکە وەکو ئەوە وایــە ئــەگــەر کەسی کابرایەکی ئازاد کرد لەو قەرزەی کە باوکی بوویەتی لەسەری ، لەپاشا وتی نەمزانیوە ئەو قەرزە چەندە ئەوە قسەکەی قوبوول ئــەکــری‌و ئــازاد

کردنەکەی بەتالە ، چونکە دەلیلێك نی‌یە لەسەر ئەوە کە کابرا بە ئەندازەی قەرزەکەی زانیوە ، بەلام ئەگەر خوی موعامەلەی لەگەل کابرایەك کردو قەرزی کەوتە سەری جا ئازادی کرد لەو قەرزە ، وە لەپاشا ئیددیعای کرد کە نەی‌زانیوە قەرزەکە چەندە ئەوە لی‌ی قوبول ناکری •

(حەوتەم) ئەوەیە کابرا بلی ئەگەر فلان‌کەست ئازاد کرد لەو قەرزەت کە وا بەسەریەوە تەلاقت کەوتبی ، ژنەکەیش ئازادی بکا ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی ، بەلام بە (رجعی) چونکە ئەم صوورەتە نابی بە خولعی موعەللەق لەبەرئەوە کە لە خولعا پیویستە عیوەزەکە بگەریتەوە بو میردەکە ، وە لیرەدا بو بیگانەیەك بووە •

(هەشتەم) ئەوەیە کابرا بلی ئەگەر ژنەکەم ئازادی کردم لە مارەیی‌یەکەی تەلاقی کەوتبی • ئەمە ئەگەر ژنەکە لەو مەجلیسەدا حازر بوو کە کابرا قسەکەی تیا کردووە واجبە دەس‌بەجی ئازادی بکا • وە ئەگەر لەو مەجلیسەدا نەبوو ، وە کابرا ویستی خەبەری پی‌بدا یا کەسیکی نارد بولای ئاگاداری بکا لەم تەعلیقە ئەوە واجبە لەوکاتەدا کە خەبەرەکەی پی‌ئەگا دەس‌بەجی ئازادی بکا ، وە لەم‌صوورەتانەدا تەلاقەکەی ئەکەوی‌و(بائنە) ئەبیتەوە • وە ئەگەر کابرا نەیویست خەبەری پی‌بدا ، وە تەنها ئەوەندە بوو تەعلیقەکەی کردو بەس ، ئەوە لەپاش گەیشتنی خەبەرەکە بەو ژنە شەرت نی‌یە دەس‌بەجی ئازادی بکا •

(نوهەم) ئەوەیە کابرا بلی ئەگەر ئازادت کردم لە مارەیی‌یەکەت‌و لە نەفەقەی ماوەی (عدّە)ت‌و لە حەقی موتعەت تەلاقت کەوتبی ، ئەویش ئازادی بکا لە هەموویان ، ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی لەبەرئەوە کە نەفەقەی ماوەی (عدّە)و حەقی موتعە لەپاش تەلاق‌کەوتن واجب ئەبن (ئەگەر

واجب بن) وە ئیستە هیشتا واجب نەبوون ، وە ئازاد کردنیش لە حەقیك کە هیشتا واجب نەبووبی مەحالە •

جا مادام تەلاقەکە نەکەوت ، ئەگەر ژنەکە مەبەستی لە ئازاد کردنی کابرا ئەوە بوو بیکا بە عیوەزی تەلاقەکەی‌و تەلاقەکەی پی‌بکەوی ، ئەوە لەم‌صوورەتەدا کابرا لە مارەیی‌یەکەیش ئازاد نابی • وە ئەگەر مەبەستی ئەوە نەبوو ئەوە بەخورایی کابرا لە مارەیی‌یەکە ئازاد ئەبی •

(دەهەم) ئەوەیە کابرا بلی ئەگەر ئازادت کردم لە مارەیی‌یەکەت‌و ئەو قەرزەیش کە لەسەرمە دوات‌خست تا سالیك تەلاقت کەوتبی ، وە ژنەکەیش وتی وا ئازادم کردی لە مارەیی‌یەکەت وە قەرزەکەیشم دواخست تا سالیك ، ئەمە ئەگەر کابرا مەبەستی لە دواخستنی قەرزەکە ئەوەبی ئەو قەرزەی کە حازری‌یە (حالّ) ببی بە وەعدەدار (مؤجل) ئەوە مەحالەو تەلاقی ناکەوی • وە ئەگەر هەر مەبەستی ئەوەبی کە ژنەکە رازی ببی بە دواخستنی قەرزەکە ئەوە مادەم رازی بوو بە دواکەوتنەکەی ، (معلق علیه)یەکە دیتەجی‌و تەلاقەکەی ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە چونکە مارەیی‌یەکە عیوەزیکی دیاری‌یە •

(یازدەهەم) ئەوەیە کابرا بلی ئەگەر کچەکەت بو کەفالەت کردم تا دووسال تەلاقت کەوتبی ، ئەویش بلی وا بووم بە کەفیلی تا دووسال ، ئەوە ئەگەر کابرا مەبەستی ئەوەبی بەخیوکردنی ئەو کچە بکەویتە گەردنی ژنەکە ، بەتەنیا ئەو قسە تەلاقەکەی ناکەوی تا بەصوورەتیکی شەرعی نەیگریتە ئەستوی خوی ، مەسەلا بە نەذری (برّی) نەذر بکا لەسەر خوی کە ئەو کچەی تا دوو سال بو بەخیو بکا • جا ئەگەر ئەم نەذرەی کرد تەلاقەکەی ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە •

(دوازدەهەم) ئەوەیە کە ژنەکە ئەندازەیەك پارەی حازری مارەیی

بەسەر میردەکەیەوە بێ ، وە میردەکەی بلێ ئەگەر مارەیی‌یەکەت کرد بە دە بەش لەسەرم تا دە مانگ ، مەسەلا ، مانگی بەشێکی بدەمەوە ئەوە تەلاقت کەوتبێ ، وە ژنەکەیش بلێ وا کردم بە دە بەش ، ئەمە ئەگەر کابرا مەبەستی تەعلیق کردنی تەلاقی ژنەکەی بێ بەوەوە کە ژنەکە مارەیی‌یەکە بکا بە دە بەشەوەو دوای بخا تا دە مانگ بەش بەش مارەیی‌یەکەی پێ بداتەوە ، تەلاقەکەی ئەکەوێ بە (رجعی) لە ئاخری دە مانگەکەدا بەوشەرتە ژنەکە لەم بەینەدا داوای بەشی زیادی لێ نەکا • وە ئەگەر مەبەستی هەر ئەوەبوو ئێستە ئەو ژنە بەیانی رەزامەندیی خوی بکا بە دواکەوتن و بەش بەش کردنی مارەیی‌یەکە تا ئەو ماوەیە ئەوە هەر لەوکاتەدا کە ئەلێ وا بەش بەشم کرد تەلاقەکەی ئەکەوێ بە (رجعی) ، بەلام بەم قسەیە بەش بەش نابێ • وە ئەگەر مەبەستی ئەوە بێ کە ئەم مارەیی‌یە حازرە بێ بە وەعدەدارو ژنەکە حەقی داوا کردنی نەبێ مەگەر بەپێی ریزی بەشەکان ، ئەوە تەلاقەکەی ناکەوێ چونکە گورینی قەرزی وەعدەدار مەحالەو تەعلیق بە مەحال لە ئیسباتا مانیعی کەوتنی تەلاقە •

بەلێ ئەگەر مەبەستی هەر ئەمە بوو حەقی داواکردنی نەبێ بەوجورە نەبێ ، وە ژنەکە نەذری کرد لەسەر خوی ئەو قەرزەی بەو تەرتیبە لێ وەربگریتەوەو یارمەتیی میردەکەی بدا ، ئەوە بەو نەذرە تەلاقەکەی ئەکەوێ بە تەلاقی (رجعی) • ئەمە حوکمی صوورەتی تەعلیق بوو ، وە ئەگەر کابرا بە تەنجیز بلێ وا خولعم لەگەل کردی لەسەر بەش بەش کردنی مارەیی‌یەکەت بە دە بەش تا دە مانگ و ژنەکە قوبوولی کرد ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوێ و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) بەلام ئەو بەش بەش کردنە واجب نی‌یە بیتەجی چونکە مادەم عیوەزەکە نادروست بوو ، وە رویشتەوە سەر (مهر المثل) ئیتر ئیعتیبار بەو شتە نامینی کە

بەیان کراوە لە خولعەکەدا ، بەلام ئەگەر لە تەعلیقدا شەرت نەهاتــەجی ئەوە هەر تەلاقەکە ناکەوی •

(سیازدەهەم) ئەوەیە کە پیاوەکە بلی ئەگەر ئازادت کردم لـــە مارەیی یەکەت تەلاقت کەوتبی‌و ، ئەویش بلی وا ئازادم کردی لە هەموو مارەیی یەکەم ، وە لەوکاتەیشدا مارەیی لەسەر نەمابی ، ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی چونکە ئازاد کردنی شەرعی لەلاینی ژنەکەوە نــەهـاتوەتەجی ، مەگەر هەر مەبەست ئەوەبی بە دەم بلی ئازادم کردی •

(چواردەهەم) ئەوەیە پیاوەکە بلی ئــەگــەر ئــازادت کردم لـــە مارەیی یەکەت تەلاقت کەوتبی‌و ژنەکەیش ئازادی بکا ، بەلام لەپیش ئەم ئازاد کردنەدا پیی لەوە نابی کە مارەیی یەکــەی نــەذر کردووە لـــە فلان کەس، ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی چونکە پیی‌لی‌نانی ژنەکە بە نەذرکردنی مارەیی یەکەی لەوکەسە نایەلی ئازادکردنەکە دروست‌و دامــەزراو بی • ئەوەیش کە لە (انوار)دا وتراوە گوایە تەلاقەکە ئەکەوی‌و ژنــەکـــە (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) پشتی پیی‌نابەسری •

(بزانن) تەعلیق کردنی تەلاق بە ئازادکردنەوە خولعە لە بەرابەری عیوەزدا • ئەگەر ژن‌و میردەکە هەردوکیان بزانن ئەندازەی ئەو مالە کە ژنەکە گەردنی پیاوەکەی لی ئازاد ئەکا چەندە ، وە ئازاد کردنەکە لـــە ژنیکی خاوەن فامەوە بی لە مەجلیسیکا کە پیاوو ژنەکە بەرەورووی یەك دانیشتبن وەکو زوو باسمان کرد • ئەگــەر وانــەبوو ئــەوە تەعلیق بــە صیفەتە • جا ئەگەر هەردوکیان یا هەر ژنەکە ئەندازەی مالەکەی نەزانی کە میردەکەی لی ئازاد ئەکا ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی • وە ئەگەر هــــەر میردەکە نەی‌ئەزانی ئەوە تەلاقەکە ئەکەوی بــە (رجعی) بینـا لەســەر فەرموودەی پشت پیی‌بەستراو ، وە بەپیچەوانەی فەرموودەی (انوار) •

(پازدەھەم) ئەوەیە ژنەکە پیاویك حەوالە کا بوسەر میردەکەی مارەیی یەکەی لی وەربگری ، وە میردەکەیشی بلی ئەگەر ئازادت کردم لە مارەیی یەکەت تەلاقت کەوتبی ، ئەویش بلی ؤا ئازادم کردی ، لەپاشا کابرای حەوالەکراو داوای مارەیی یەکە بکا لە میردی ژنەکەو شاھید بینی لەسەر حەوالەکە ، ئەوە ئەگەر میردی ژنەکە باوەری کرد یا ھەر بی دەنك بوو ئەوە تەلاقی ژنەکەی ناکەوی لەبەرئەوە کە مەعلووم بووە ئەو مارەیی یە لای ژنەکە نەماوە تا گەردنی میردەکەی لی ئازاد بکا • وە ئەگەر باوەری نەکرد بە شاھیدەکانو مارەیی یەکەی ھەر بە مالی ژنەکەی زانی ئەوە ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە بە پی‌لی‌نانی کابرا ، لەملایشەوە مارەیی یەکەی لی وەرئەگیری بو ئەوکەسە کە حەوالەکراوە چونکە بە شاھید ئیسباتی حەوالەکەی کردووە • وە ئەگەر کابرا شاھیدی نەبوو لەسەر حەوالەکەو ژنەکە ئینکاری حەوالەکەی ئەکرد ئەوە ئەگەر میردەکەی ھاودەنگی بوو لە ئینکار کردنی حەوالەکەدا لەمکاتەدا گومان نی یە لە کەوتنی تەلاقەکەیدا • وە ئەگەر ژنەکە ئینکاری حەوالەکەی کرد ، بەلام میردەکەی باوەری پی کرد ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی ، وە واجبە لەسەری مادام پی‌ی لی‌ناوە بو حەوالەکە ئەو مارەیی یەش بدا بە شەخصی حەوالە کراو • بەلی ئەگەر ژنەکە باوەری کرد بە کابرای حەوالەکراو،وە میردەکەی باوەری پی‌نەکرد ئەوە باوەر بە قسەی‌میردەکەی ئەکری لەبەرئەوە کە ئیدیعای دامەزرانی ئازادکردنەکە ئەکا •

(شازدەھەم) ئەوەیە پیاوەکە بلی ئەگەر ئازادت کردم لە مارەیی یەکەت تەلاقت کەوتبی ، ئەویش ئازادی بکا ، بەلام ھەندیکی نەذر کردبوو لە کەسیك ، ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی ، لەبەرئەوە کە ئەو تەلاقە تەعلیق کراوە بە ئازادکردنەوە لە ھەموو مارەیی یەکە ، کەچی لە ھەمووی ئازاد نەکراوە ، جا لەمەوە وەرئەگیری ھەر مارەیی یەك کە

زەکاتی تیا واجب بێ ئازادکردن لە هەمووی قابیل نی‌یە ، وە هەرکاتی بێ بە (معلق علیه) بۆ کەوتنی تەلاق ئەو تەلاقە ناکەوێ هەرچەند ژنەکە بەدیمەن بلێ ئازادم کرد لە هەموو مارەیی‌یەکەم ، چونکە ئەندازەی زەکاتەکە مالی فەقیرو هەژارانەو ئازادبوون لەو ئەندازەیە مەحالە •

(حەڤدەهەم) ئەوەیە ژنەکە داوای تەلاق بکاو بلێ بە میردەکەی ئەگەر تەلاقت دام ئازاد بێ لە مارەیی‌یەکەم ، ئەویش بلێ تەلاقت کەوتبێ • ئەم حالەتە سێ فەرموودەی تیا هەیە • یەکەم ئەوەیە تەلاقەکەی بە (رجعی) ئەکەوێ‌و کابرایش ئازاد نابێ چونکە تەعلیق کردنی ئازاد کردنەکە بەتال ئەکاتەوە • ئەمە لەسەر فتوای (شیخین)و (ابن المقری) لە (ارشاد)و (روض)دا جەزمی پیا نراوە •

دووهەم ئەوەیە کە ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) وە (سبکی) فەرموویەتی ئەم فەرموودەیە پشتی پێ‌ئەبەستری‌و (اذرعی) فەرموویەتی فەرموودەی هەلبژاردەیە •

سیهەم ئەوەیە (بائنە) ئەبیتەوە بە ئازادکردن لە مارەیی‌یەکەو تەعلیقی ئازاد کردنەکە زیانی نی‌یە بۆ دروست بوونی ئەو ئازاد بوونە •

(هەژدەهەم) ئەوەیە ژنەکە بلێ ئازادم کردی لە مارەیی‌یەکەم بە شەرتی تەلاقم بدەی ، ئەویش گورج بلێ تەلاقت کەوتبێ • ئەوە لەم صوورەتەدا ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوەو کابرایش ئازاد ئەبێ لە مارەیی‌یەکە • هەروەها ئەگەر کابرا لەجیاتیی تەلاقدانەکە بلێ قوبوولم کرد • چونکە مادام ئازادکردنی ژنەکە بەرابەر بە تەلاقەکەیە قوبوولی کابرا بۆ ئەم ئازاد بوونە ئەبێ بە ئیلتیزامی تەلاقەکە بەوشەرتە مەبەستی لەم لەفظە کە ئەلێ قوبوولم کرد ئەوەبێ کەوا تەلاقم دای لەسەر ئەو ئازادکردنەم لە مارەیی‌یەکە •

(نوزدەهەم) ئەوەیە ژنەکە ئەلیت ئازادم کردی لە مارەیی‌یەکەم ، دەی تەلاقم بدە • ئەویش ئەلی تەلاقت کەوتبی •ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعی)و کابرایش ئازاد ئەبی لەبەر ئەوە کە ئازاد کردنەکە نەبەسراوە بە تەلاقەکەوەو تەلاقەکەیش نەبەسراوە بە ئازادکردنەکەوە ، بەلکو ئەو ئازاد کردنە جوملەییکی سەربەخویە • بەلی ئەگەر ژنەکە بلیت مەبەستم ئازادکردن بووە لە بەرابەری کەوتنی تەلاقەکەمەوە بوئەوە ئەو کابرایە حەقی گەرانەوەی نەمینیو ، کابرایش باوەری پی‌کرد ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە •

(بیستەهەم) ئەوەیە کابرا بلی بە ژنەکە تەلاقت کەوتبی دەی تویش ئازادم بکە لە مارەیی‌یەکەت ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعی)و ژنەکە ئارەزووی خویەتی وەکو ئەتوانی ئازادی بکا ئەشتوانی ئازادی نەکا • بەلی ئەگەر ژن‌و پیاوەکە یەك‌کەوتن لەسەر ئەوە کە کابرا نیازی تەلاق بووە لە بەرابەری ئازاد کردنەکەوەو ژنەکەیش مەبەستی ئازاد کردن بووە لە بەرابەری تەلاقەکەوە ، وە هەردوو باوەریان کرد بە یەك‌و ژنەکەیش ئازادی کرد ، ئەوە گومان نامینی لەوەدا کە ئەو ژنە (بائنە) ئەبیتەوە • وە ئەگەر کابرا ئیددیعای ئەو بەرابەرکی‌یەی کردو ژنەکە باوەری پی‌نەکردو ئازادیشی نەکردبوو ئەوە وادیارە تەلاقەکە بە (رجعی) ئەکەوی چونکە بەئاشکرا کابرا بە بی قەیدو شەرت تەلاقی داوە •

(بیست‌ویەکەم) ئەوەیە کابرا بلی بە ژنەکەی ئازادم بکە لە مارەیی‌یەکەت تەلاقت ئەدەم ، ژنەکەیش ئازادی بکاو کابرایش بلی تەلاقت کەوتبی ، یا کابرا بلی تەلاقت بە دامەزرانی ئازادکردنەکەت یا بەئازادکردنەکەت ، یا ئەگەر ئازاد کردنەکەت دروست بیت تەلاقت کەوتبی ، ئەمە مەعنا دیاری‌یەکەی ئەوەیە کابرا وەعدەی داوە بە ژنەکە

ئەگەر ئازادی بکا ، ئەمیش تەلاقی بداو ژنەکەیش کابرای بە سافی ئازاد کردووە بە بێ‌ئەوە موقابەلەی بکا بە تەلاقەکەوە • کەوابی ئەو ئازادکردنەی دروست بووەو لەملایشەوە کابرا تەلاقەکەی داوە •

جا لەوصوورەتەدا کە کابرا ئەلیت ئەگەر ئەو ئازاد کردنەت دروست بیت تەلاقت کەوتبی ، ئەگەر لەراستیدا ئەو ئازاد کردنەی دروست بوو ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی ئەگینا ناکەوی • وە لە صوورەتی تەلاقت بە دامەزرانی ئازاد کردنت ، یا تەلاقت بە ئازادکردنت ـ دا ، (بلقینی) فەرموویەتی ئەگەر کابرا مەبەستی تەعلیق کردنی تەلاقەکەی بی بە دامەزرانی ئازاد کردنەکەیەوە ، ئەوە مادەم ئازادکردنەکە دروست بووبی تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعی) • وە ئەگەر دروست نەبووبی تەلاقەکەی ناکەوی • وە ئەگەر مەبەستی تەنجیزی تەلاقەکەی بی بەرابەر بەو ئازاد کردنە بە بی تەماشا کردنی مەعنای تەعلیق ئەوە تەلاقەکەی بە (رجعی) ئەکەوی خوای ئازاد کردنەکە دروست بووبی یا نە ؟

وە ئەگەر موطلەق بوو ، وە بەیانی هیچ مەبەستیکی تایبەتیی نەکرد ، ئەوە وا دیارە ئەبڕری بەسەر تەعلیقدا • کەوابوو ئەگەر ئازاد کردنەکە دروست بووبی تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعی) ئەگینا ناکەوی • وە ئەگەر ژنەکە وتی مەبەستم لەو ئازادکردنە ئەوەبوو کە لە بەرابەری تەلاقەکەوە بی‌و ویستم بیبەستم بە تەلاقەکەمەوەو ، میردەکەشی موافقەی بکا لەسەر ئەم نیازەی ، وە خویشی هەم مەبەستی جوابی ژنەکەی بووبی لەسەر ئەساسی بەرابەر کردنی تەلاق بە ئازادی ، ئەوە ئەبی بە خولعو ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە ، وە لەسەر ئەم صوورەتە حەمل ئەکری ئەوەی کە (طبری) بە موطلەقی فەرموویەتی ئەو صوورەتە خولعەو ژنەکەی تیادا (بائنە) ئەبیتەوە •

(بیداربن) ئەو تەعلیقە کە (بلقینی) باسی کردووە لە صوورەتی تەلاقت بە ئازاد کردنت ــ دا ، مەعنایێکە عورفی ، ئەگینا لەسەر ئەساسی ئەصلی مەعنای لەفظەکە نی‌یە ٠

(بزانن) ئەگەر کابرا وتی من کە وتم بە ژنەکەم تەلاقت بــــە دامەزرانی ئازاد کردنەکەت مەبەستم جواب دانەوەی ژنەکەم نەبوو بەلکو هەر قسەیەکی سەربەخو بوو ، ئەوە لەمصوورەتەدا ئەگەر ئازادکـــردن لەلایەنی ژنەکەوە دروست بووبی ئەم وەزعە ئەبی بە خولع ، لەبەرئەوە کە گەردنی کابرا بەری بووە لە مارەیی‌یەکە ، بەلام خولعە لەســــەر عیوەزی نادروست لەبەرئەوە لەپیش لەفظی کابرادا مارەیی‌یەکەی لەسەر لاچووە ، وەکو ئەوە کە تەلاقی بدا لەسەر ئەو مارەیی‌یە کە وا لەئەستویدا کەچی زووتر لە مارەیی‌یەکە ئازاد بووبی ، وە (مهر المثل)ی ئەکەویتە سەر ژنەکە ٠

وە ئەگەر ئازاد کردنە پیشووەکەی دروست نەبووبی ، ئەوە ئەگەر ژنەکە جوابی قسەی کابرای دابیتەوە بە ئازادکردنیکی ساغ ئەوە (بائنە) ئەبیتەوە بەم ئازادکردنە ، وە ئەگەر جوابی نەدابیتەوە لە مەجلیسەکـەدا تەلاقی ناکەوی ٠

(بیستو دووهەم) ئەوەیە کابرا بلی بە ژنەکەی ئەگەر مارەیی‌یەکەت پی‌بەخشیم تەلاقت ئـەدەم ئـەویش بلی خــوا پیت ببەخشی یــا خــوا پی‌ی‌بەخشیوی ، ئەمیش بلی تەلاقت کەوتبی ، ئەوە ئەگەر ژنەکە مەبەستی لەو لەفظە ئازاد کردنی میردەکەی بووبی لە مارەیی‌یەکەی کـابرا ئـازاد ئەبی‌و تەلاقەکەی بە (رجعی) ئەکەوی ٠ وە ئەگەر مەبەستی ئازادکردنی نەبووبی کابرا ئازاد نابی ٠ ئەمجا ئەگەر کابرا مەبەستی ئەوە نەبووبی کە تەلاقەکەی ببەستی بە ئازاد کردنەکەوە ، بەلکو هەر سەربەخو تــەلاقی دابی ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعی) ٠ وە ئەگەر ئەمیش هــەر

مەبەستی بەستنی تەلاقەکە بی بە ئازاد کردنەکەوە ، ئـەوە مادەم ئـازاد نەبوە تەلاقەکەیش ناکەوی •

وە ئەگەر ژنەکە مەبەستی بەولەفظە ئەوە بووبی ئازادت ئەکـەم ئەگەر تەلاقم بدەی ، ئەوە عەینی ئـەو خیلافـە کە رابوورد لە تەعلیقی ئازادکردندا بە تەلاقەوە ، لیرەیشا رووئەدا • وە فەرموودەی راسـتر ئەوەیە ئەبی بە تەعلیق(١) و کابرا ئازاد نابی لە مارەیییەکە بەهوی ئـەو لەفظەوە کە لە مەعنای تەعلیقی بەخشـینی مارەییەکـەیەتی بـە تەلاقدانیەوە • وە ئەگەر مەبەستی ژنەکە بەو لەفظە ئازاد کردنی کابرا نەبوو ، یا مەبەستی ئازادکردنی بوو لە غەیری ئەوە کە میردەکەی ئەیەوی لی‌ی ئازاد بی ئەوە ئازاد نابی • جا ئەمجار تەماشای تەلاقەکە ئەکـەین ئەگەر کابرا بەخورایی خستویەتی ئەوە ئەکەوی ، وە ئەگەر بەرابەر بە شتیك خستویەتی کە ژنەکە مەبەستی نەبوە ئەوە ناکەوی لەبـەرئەوە کە ژنەکە قوبوولی نەکردووە •

(بیست‌و سیهەم) ئەوەیە کابرا بلی بە ژنەکەی تەلاقت کـەوتبی لەسەر تەواوی ئازاد بوونی خوم لە مارەی‌یەکەت ، ئەگەر ژنەکە لـەو مەجلیسەدا دەس‌بەجی ئازادی کرد یا هەر وتی وا قوبوولم کرد ئـەوە ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە ، وە ئەگەر لە هەمان مەجلیسدا نە بە بی‌ئەوەی زوری پی‌بچی قوبوولی کرد ، وە نە ئازادی کرد ، ئەوە تەلاقی ناکەوی •

---

(١) لەسەر ئەو فەرموودەیە کە (ابن حجر) پشتی پی‌بەسـتووە کە ئەلی تەعلیق کردنی ئازاد کردن ، ئازادکردنەکە بەتال ئـەکاتـەوەو بەخشینیش وەکو ئازاد کردن وایە • بەلام لەلای هەندی لـە زانـایـانی شەرع دروستەو ئەبی بە خولع •

باسی قوبوول کردنی خولع لەلایەن بیگانەوە

مەبەس لە قوبوول کردنی خولع لەلایەن بیگانەوە ئەوەیە ئەوکەسەی کە قوبوولی خولعەکە ئەکا نە ژنەکەی بیو نە وەکیلی ژنەکە ، ئیتر هەرچەند باوکی ژنەکە یا برای ژنەکە بی هەر بە بیگانە ئەناسری •

دروستە بیگانە قوبوولی خولع بکا هەرچەند ژنەکە پیی ناخوش بی ، چونکە تەلاق وا لە دەستی پیاودا و مال لە ئەستو گرتنیش بە دەست خاوەن مالەکەیە • مەبەست لەم دروست بوونەیش ئەوەیە خولعەکە دائەمەرزیو ژنەکە لە کابرا جیا ئەبیتەوە ، وە مەبەست ئەوە نییە مەباحەو بوونو نەبوونی وەك یەك وایە ، چونکە ئەگەر کابرا بیگانەکە بە نیازیکی خراپ ئەوە بکا ، مەسەلا بییەوی مالی کابرا تیكبچی یا منالەکانی بفەوتین ئەوە حەرامە • وە ئەگەر میردی ژنەکە کردەوەی لەگەل ژنەکەدا خراپ بیو ژنەکە بەدەستیەوە پەریشان بی ئەوە خیرەو سوننەتە، بەلکو ئەگەر باوکی ژنەکە باوەری وابی کچەکە بەهوی هاورییەتیی میردەکەیەوە تووشی ناشەرعی ئەبی ئەوە زورتر خیرە •

خولع وەرگرتنی بیگانە وەکو خولع وەرگرتنی ژنەکە وایە لە حوکمدا • کەواتە ئەگەر میردەکە دەستی کرد بە لەفظی گورینەوە ئەوە تیکەلی تەعلیقە لە مەعنادا ، هەتا بیگانەکە قوبوولی ئەکا حەقی هەیە پەشیمان بیتەوە • وە ئەگەر بە لەفظی تەعلیق هینای ئەوە حەقی پەشیمانیی نییە • وە ئەگەر لەلاینی بیگانەکەوە دەست کرا بە گورینەوە ئەوە گورینەوەیە بە تیکەلی لەگەل (جعالە)دا • کەواتە ئەو بیگانەیە ئەتوانی لەپیش وەرامی کابرادا پەشیمان بیتەوە •

بەلی ، لە چەند صوورەتیکدا ئەم جورە خولعە فەرقی هەیە لە خولع لەگەل ژنەکە خویدا • یەکەم : ئەوە کە کابرا دوو ژنی ببی ، وە کابرای

بیگانە بەجارێك قوبوولی خولعی هەردوکیان بکا بە صەد دینار مەسەلا ، ئەوە هەردوو ژنەکە (بائنە) ئەبنەوە بەو صەد دینارە • بەلام ئەگەر ژنەکان خویان قوبوولی خولعەکە بکەن بەو صەد دینارە ئەوە هەردوکیان (بائنە) ئەبنەوە هەریەکی بە (مهر المثل)ی خویان •

دووهەم : ئەگەر ژنی لە نەخوشیی مردنیا قوبوولی خولع بکا بە زیاد لەسەر (مهر المثل) ئەوە ئەو زیادەیە لە سییەکی مالەکەی حیساب ئەکری ، بەلام ئەگەر بیگانە لە نەخوشیی مردنیا قوبوولی بکا ئەوە هەموو مالەکە لە سییەك حسیب ئەکری وەکو لەمەوپیش باسمان کرد •

سیهەم : ئەگەر بیگانەیەك وتی بە میردی ژنەکە تەلاقی بدە لەسەر ئەم مالە زەوت کراوە ، ئەویش تەلاقی دا ، تەلاقەکەی ئەکەوی بە (رجعی) ، بەلام ئەگەر ژنەکە خوی قوبوولی بکا ئەوە (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) •

چوارەم : ئەگەر کابرا خولع بکا لەگەل بیگانەیەکدا بەوەی وا لەدەستیاو هیچ لە دەستیا نەبی ئەوە تەلاقەکەی بە (رجعی) ئەکەوی • بەلام ئەگەر ئەمە لەگەل ژنەکەدا بی تەلاقەکەی ئەکەوی بە (مهر المثل)•

پینجەم : ئەگەر ژنەکە لە وەختی حەیزدا داوای خولع بکا لە میردەکەی حەرام نییە تەلاقی بدا ، بەلام ئەگەر بیگانە داوای خولع بکا لەوکاتەدا ئەوە حەرامە کابرا تەلاقی بدا •

(بزانن) بە خولعی بیگانە دائەنری ئەمە کە دایکی یا باوکی ژنەکە بلی بە کابرا تەلاقی کچەکەم بدە لەسەر ئەو بەشە مارەییە دواکەوتووەی کە لاتە ، لەئەستوی مندا ، واتە من ئەتدەمی ، ئەویش تەلاقی بدا ، ئەوە (بائنە) ئەبیتەوە بە (مهر المثل) لە ئەستوی ئەوانا • وە ئەگەر نەلی لە ئەستوی مندا ئەوە تەلاقەکەی بە (رجعی) ئەکەوی

چونکه مادەم نەی‌وت لە ئەستوی منداو بەلگەیش نی‌یە لەسەرئەوە کە مەبەست لە مارەیی دواکەوتوو وینەی ئەو مارەیی‌یەیە ، ئەوە وای لی‌دیتەوە کە بەخورایی تەلاقی دابی • هەروەها ئەگەر لەگەل ئەو مارەیی‌یە دواکەوتووەدا مالیکی بی‌قابیلەتیش هەبی وەکو درەمیك هەر حوکمەکە ناگوری‌و تەلاقەکە هەر (رجعی)یە ، وە ئەمە نابی بە خولع لەسەر مەعلووم‌و مەجهوول تا بلیین درەمەکە ئەکەویتە سەریان ، وە مارەیی‌یە دواکەوتووەکەیش ئەکەویتە سەر ژنەکە لەبەرئەوە کە ئەو ژنە مالی لە ئەستوی خوی نەگرتووە ، وە نایش‌کەویتە سەر بیگانەکە چونکە ئەم بیگانەیە شتیکی نەناسراوی ناو نەبردووە بەلکو ناوی شتیکی بردووە کە لای هەردوکیان ئاشکرایە ، کەچی کابرا نایشتوانی داوای هەموو ئەو مالە مەعلوومەی لی بکا چونکە هەمووی نەگرتووەتە ئەستوی خوی ، وە کابرایش لەسەر تەنها درەمەکە تەلاقی ژنەکەی نەداوە •

وە ئەگەر میردی ژنەکە بلیت ئەگەر فلانکەس ئازادی کردم لەو قەرزەی کەزا لەسەرم تەلاقت کەوتبی ، ئەویش ئازادی کرد ، ئەو ژنە (بائنە) ئەبیتەوە • هەروەها ئەگەر بلیت ئەگەر فلانکەس دە دیناری پیدام تەلاقت کەوتبی ، کابرایش دە دینارەکەی پیدا ئەوە ژنەکەی (بائنە) ئەبیتەوە ، هەروەها ئەگەر بلیت وا خولعی ژنەکەی خومم کرد لەسەر صەد دینار لەئەستوی فلانکەسداو ئەوکەسە دیار نەبوو ، وە لەوکاتەدا کە خەبەری پی‌گەیشت گورج قوبوولی کرد ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی‌و ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە •

(بزانن) بیگانە ئەتوانی نەفسی ژنەکە بکا بە وەکیلی خوی بوئەوە کە قوبوولی خولعی بکا لە میردەکەی بە مالی ئەم بیگانەیە • جا ژنەکە بە ئارەزووی خویەتی ئەتوانی بە مالی ئەم کابرایەو بە وەکالەتی ئەم قوبوولی خولعەکە بکاو ئەیش‌توانی خوی بە مالی خوی قوبوولی خولعەکە بکا •

جا ئەگەر لەم صوورەتەدا ژنەکە ناوی کەسی نەبرد نە خوی‌و نە بیگانــە ئەوە وادیارە خولعەکە لەسەر خوی بی لەبەرئەوە کە سوودی خولعەکە بو خویەتی •

ئەگەر بیگانە هەرچەند باوکی ژنەکەیش بی قوبوولی خولعەکــەی کرد ، بەلام بە درو ناوی وەکالەتی ژنەکەی هینا ، ئەوە تەلاقەکە ناکەوی چونکە کابرا لەسەر مال تەلاقی داوە ، وە نە ژنەکەو نە بیگانەکە کەسیان نەیان گرتووەتە ئەستوی خویان • بەلی ئەگەر لەم کاتەدا میردی ژنەکــە پی‌لی‌بنی بە وەکالەتی کابرا ، یاخود ئیددیعای وەکالەتی ئەوی کـــرد ، ئەوە ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوەو کابرا پارەیشی ناکەوی • وە ئەگەر بـــە عەینی مالی ژنەکە قوبوولی خولعەکەی کردو بە درو ناوی وەکـالــەتی ژنەکەی برد ، یا باوکەکەی بە درو باسی ویلایەتی خوی کرد لەســـەر ژنەکە ئەوە تەلاقەکە ناکەوی لەبەر دەلیلی پیشوو • وە ئەگەر بــەیــانی سەربەخویی خویانیان کرد ئەوە ئەبی بە خولع لەســـەر زەوت‌کــراوو تەلاقەکە ئەکەوی بە (بائن) لەسەر (مهر المثل)و ئەکەویتە ســـەر ئەم کەسە بیگانەیە هەرچەند میردی ژنەکەیش بزانی بەوە کە ئەو مالە مــالی ژنــەکــەیە •

وە ئەگەر نە ناوی وەکالەت‌و نە ناوی سەربەخویی‌یان نەبرد ، ئەوە ئەگەر نەیوت ئەم مالە مالی ژنەکەیە تەلاقەکە ئەکەوی بە (مهــر المثــل) لەسەر ئەم بیگانەیە • وە ئەگەر وتی ئەم مالە مالی ژنەکەیە ئەوە تەلاقەکە ئەکەوی بە (رجعي) •

وە ئەگەر باوکی ژنەکە یا کەسیکی‌تر قوبوولی تەلاقی ژنەکــەی کرد بە مارەیی ژنەکە یا لەسەرئەوە کە میردەکــەی ئــازاد ببی لــە مارەیی‌یەکەی ، یا وتی تەلاقی ژنەکەت بدەو تو ئازادی لە مارەیی‌یەکەی یا لەسەر ئەوە کە تو ئازادیت لە مارەیی‌یەکەی ئــەوە لــە هــەموو ئــەم

صووره‌تانه‌دا ته‌لاقه‌كه‌ی ئه‌كه‌وی به (رجعي) وه كابرایش ئازاد نابی له ماره‌یی‌یه‌كه ، له‌به‌رئه‌وه كه خوی قوصووری كردووه نه‌ی‌پرسیوه چون بیگانه له‌خویه‌وه ئه‌توانی ته‌صه‌روف بكا له ماره‌یی ژندا • به‌لی ئه‌گه‌ر ئه‌و بیگانه‌یه یا باوكی ژنه‌كه بوو به ضامنی ماره‌یی‌یه‌كه بو میردی‌ژنه‌كه، مه‌سه‌لا وتی‌من ضامنی‌ئه‌وه‌م‌كه تو ئازاد ببی‌له‌ماره‌یی‌یه‌كه،ئه‌وه ته‌لاقه‌كه ئه‌كه‌وی به (مهر المثل) له‌سه‌ر ئه‌م شه‌خصه ضامنه خوای باوكی ژنه‌كه بی یا كه‌سیكی‌تر • هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر نه‌بی به ضامن به‌لام به‌لگه‌یه‌ك ببی له‌سه‌ر ئه‌وه كه مه‌به‌ستی له ماره‌یی وینه‌ی ماره‌یی‌یه‌كه‌یه ، وه‌كو ئه‌وه كه میردی‌ژنه‌كه ژنه‌كه‌ی‌حه‌واله بكا بوسه‌رئه‌م بیگانه‌یه بوئه‌وه ماره‌یی‌یه‌كه‌ی‌لی وه‌ربگری‌و ژنه‌كه خاوه‌ن روشد بی یاخود نه‌فام بی‌و كابرا هه‌ر باوكی ژنه‌كه له‌سه‌ر ویلایه‌تی ذاتی خوی له‌باتی‌ی كچه‌كه‌ی حه‌واله بكا بوسه‌ر ئه‌م بیگانه‌یه كه غه‌یری باوكه‌كه‌یه یا هه‌ر باوكه‌كه‌ی بی • جا له‌م‌وه‌خته‌دا باوكی ژنه‌كه ئه‌بی به حه‌واله‌كراوو حه‌واله له‌سه‌ر كراویش ، وه وای‌لی‌دیته‌وه كه میرده‌كه پی‌ی‌وتبی وا حه‌واله‌م كردی له‌باتی‌ی كچه‌كه‌ت بوسه‌ر خوت له‌باتی‌ی خوت چونكه خوت قوبوولی خولعه‌كه‌ت كردووه • ئه‌وه له‌م‌كاته‌یشدا ژنه‌كه (بائنه) ئه‌بیته‌وه به (مهر المثل) له‌سه‌ر ئه‌م بیگانه‌یه هه‌ركه‌س بی •

هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر ته‌لاقی ژنه‌كه‌ی دا له‌سه‌رئه‌وه كه حه‌قی به‌خیوكردن (حضانت)ی منداله‌كه‌ی نه‌مینی ، ئه‌وه ژنه‌كه (بائنه) ئه‌بیته‌وه به (مهر المثل) له‌سه‌ر خوی ، به‌لام حه‌قی به‌خیوكردنه‌كه‌ی هه‌ر ئه‌مینی‌و ئه‌توانی كری‌ی شه‌رعی‌ی خویشی له میرده‌كه‌ی وه‌ربگری• هه‌روه‌ها ژنه‌كه (بائنه) ئه‌بیته‌وه به (مهر المثل) ئه‌گه‌ر بیگانه ، باوكی ژنه‌كه بی یا یه‌كیكی‌تر ، بلیت به میرده‌كه‌ی ته‌لاقی ژنه‌كه‌ت بده ، وه

لەسەر من بی رازیت بکەم ، ئەویش وەرامی بداتەوە ، وە پیویستە ئـەم بیگانەیە (مهر المثل)ی ژنەکە بدا بەو میردە •

(بزانن) ئەگەر کابرایەك ژنەکەی خولع کرد لەسەرئەوە کە دوو سال شیر بدا بە منداڵەکەی ، ئەویش قوبوولی کرد وە لەپیش تەواوبوونی دوو ساڵەکەدا ژنەکە یا منداڵەکە مرد ، ئەوە بەشی ئەو ماوەیە کـــــە ماوەتەوە لە دوو ساڵەکە واجب ئەبی لەسەر ژنەکە بو میردەکەی ، بەلام ئەو بەشە لە (مهر المثل)ی ژنەکەیە نەك لەکریی دایەنیکی وەك ژنەکە خوی ، چونکە ئەو ماوەیە کە ماوەتەوە هەرچەنـد بزانـری چەندیکە ، بەلام چونکە عورفی شەرع لەسەر دوو ساڵە بو ماوەی شیردان بە منداڵ ئەوەی ماوەتەوە بە نەزانراو حیساب ئەکریو نـــەزانراویش هــــەر (مهر المثل)ە خوای هەمووی بی لە سەرەتاوە یـا بەشی خوی بی لـــەم جورە شوینانەدا •

باسی یەكنەکەوتنی ژنو میرد

لە خولع یا لە عیوەزی خولعدا

ئەگەر ژنەکە ئیددیعای کرد کەوا خولعی لەگـــەل کراوەو بـــە میردەکەی وت تەلاقت داوم لەسەر ئەوەندەو منیش دەسبەجی قوبوولـم کردووە ، وە کابرایش وتی هەر تەلاقم نەداوی یا تەلاقم دای لەســـەر ئەو ئەندازەیە بەلام تو قوبوولت نەکرد ، یا قوبوولت کرد بەلام بەینیـان زور بوو ، وە ژنەکەیش شاهیدی نەبوو لەســەر ئیـددیعـاکەی خوی • (مع العلم) شاهیدی تەلاقیش هەر ئەبی دوو پیاو بی ، ئەوە لە هـەموو ئەم صوورەتانەدا باوەر بە کابرا ئەکری بە سویند •

هەروەها ئەگەر ژنەکە وتی داوای تەلاقم کرد لیت بە دە دینـــارو

تویش گورج جوابت دامەوە ، کەواتە من (بائنە) بوومەتەوە ، ئەویش وتی هەر جوابم نەداویتەوەو تەلاقم نەکەوتووە ، یا زوری پیچوو ئەوجا جوابم دایتەوەو تەلاقم بە (رجعی) کەوتووە ، ئەوە هەر بـاوەر بـە سویندی کابرا ئەکری • وە لە صورەتی یەکەمدا تەلاقی ناکەویو لـە صوورەتی دووهەما تەلاقی ئەکەوی بەلام تەلاقەکـەی (رجعي)یـە • هەروەها ئەگەر ژنەکە وتی داوای تەلاقم لیکردی بە دە دینارو گـورج جوابت دامەوەو (بائنە) بوومەتەوە ، وە کـابرایش وتی زور درەنگ قسەم کرد بە جوری کە قسەکەم نەئەبوو بە جواب بو داواکەی تو ، وە تویش جوابت نەدامەوە کەواتە تەلاقم ناکەوی ، لیرەیشدا هەر باوەر بە سویندی کابرا ئەکری •

وە ئەگەر کابرا ئیددیعای خولعی کردو ژنەکە ئینکاری کرد ، کابرا وتی تەلاقم داوی لەسەر صـەد دینـارو گورجیش قوبوولت کرد ، وە ژنەکەیش وتی هەر تەلاقت نەداوم یا تەلاقت داوم بەخورایی ، یاخـود زوری پیچووە لە بەینی ئیجابو قوبوولەکەدا ، ئەوە ژنەکە لەسـەر ئیعتیرافی کابرا تەلاقی ئەکەویو (بائنە) ئەبیتـەوە ، بـەلام بو عیوەزی خولعەکە ئەگەر کابرا بە شەهادەتی دوو پیاو یا پیاویكو دوو ژن یـا بـە شەهادەتی پیاویك لەگەل سویندی خویا مالەکەی ثابت کرد ئەوە مالەکە ئەکەویتە سەر ژنەکە • هەروەها ئەگەر شاهیدی نەبوو ، بەلام ژنەکەیش سویندی نەخواردو سویندەکەی رەدکردەوە بوکابراوکابرا سویندیخوارد• بەلام ئەگەر کابرا شاهیدی نەبوو ، وە ژنەکە سویندی خوارد ئەوە مالەکە ثابت نابی ، وە لەموەختەدا ژنەکە مەسرەفو حەقی جیگای دانیشـتنو جلو بەرگی ئەکەویتە سەر کابرا ، وە ئەگەر بمری کـابـرا میراتی لی وەرناگری ، وە ئەگەر کابرا بمری ژنەکە میراتی لی وەرئەگری •

وە ئەگەر ژنو پیاوەکە خویان یا وەکیلیان یـا یەکیکیان خـویو

وەکیلی ئەویان قسەیان یەك نەکەوت لە جینسی عیوەزەکەدا یا لە جوریا یا لە صیفەتیا یا لە وادەی عیوەزیکا کە دواخرابی یا لە ژمارەی تەلاقـدا ، مەسەلا ژنەکە ئەیوت داوای سی تەلاقم لی‌کردووی بە صەد دینـار ، وە تویش جوابت داومەتەوە ، وە کابرایش وتی داوای یەك تەلاقت کردووەو من جوابم داویتەوە ، وە کەسیان شاهیدیان نەبوو ، بـەلام بەرامبـەری یەکیان گرت ، ئەوە پیویستە لەمصوورەتانەدا هەردوولایان سویند بخون بە سویندیکی‌وا ئیسباتی ئیددیعاکەی خویان‌و نەفیی ئیددیعاکەی ئەویـانی تیابی ، جا هەردوکیان یا یەکیکیان یا قاضی مارەیی‌یەکە هەل‌ئەوەشینیتەوە ، ئەمجار (مهر المثل) واجب ئەبی هەرچەند زیاتر بی لەو ئەندازەیە کـە کابرا ئەیدا بە ژنەکە •

بەلی لە مەسئەلەی یەك نەکەوتنی قسەیاندا لە ژمارەی تەلاقدا باوەر بە کابرا ئەکری لە ژمارەدا • دەی هەرکاتی پاش سـویندی یـەکتری دانەکە سویندی‌تری خوارد لەسەرئەوە کە یەك تەلاقی داوە ئەوە یـەك تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر کابرا خولعی ژنەکەی کرد لەسەر هەزار ، وە دیاری‌ی نەکرد ئەو هەزارە چی‌یە ، بەلام هەردوکیان یەك جوریـان نیاز کردبوو ، مەسەلا هەردوکیان نیازیان هەزار دینار بوو ئەوە واجب ئەبی لەسەر ژنەکە چونکە شتی لە دلا بی وەکو ئەوە وایە بە دەم وترابی• وە ئەگەر کەسیان نیازی هیچیان نەبوو ئەوە (مهر المثل) ئەکەویتە سەر ژنەکە • وە ئەگەر کابرا وتی مەبەستمان دینـار بووە ، ژنـەکـە وتی مەبەستمان پەنجایی بووە ، ئەوە بینا لەسەر ئەوە کە ئەوەی لـە دلا بی وەك بە دەم وترابی وایە ، ئەبی بە جیایی لە عیوەزدا ، وە پیویسـتە هەردوولایان سویند بخون وەکو زوو بەیانمان کرد ، ئەمجار (مهر المثل) ثابت ئەبی •

وە ئەگەر نیازیان جیا بوو مەسەلا کابرا وتی مەبەستم هەزار دینار

بووه ، وه ژنەکەیش وتی مەبەستم هەزار پەنجـــایی بووه ، ئـەوه پینج ئیحتیمال هەڵئەگری • یەکەم : هەردوکیان (متصادق) بن واته بکەونه یەك لەسەر نیازەکەیان ، مەسەلا کابرا بلی من نیازم دینار بووه ، وه تویش راست ئەکەی کە نیازت پەنجایی بووه، وه ژنەکەیش بلی من نیازم پەنجایی بووەو تویش راست ئەکەی کە ئەلی‌ی نیازت دینار بووه ، ئەوه لەم‌حالەدا تەلاقەکە ناکەوی •

دووەم : کەسیان نه باوەر بەویان بکاو نه بەدرویدا بخاتەوه ، لـەم صوورەتەیشدا به بی سویندی یەکتری دان ژنەکه (بائنه) ئەبیتەوه بـــه (مهر المثل) • سیهەم : ئەوەیه هەردوکیان یەکتری به درودا بخەنەوه • مەسەلا کابرا ئەلیت من نیازم دینار بووەو تویش نیازت هەر دینار بووەو بەدرو ئەلییت نیازم پەنجایی بووه ، وه ژنەکه ئەلیت من نیازم پەنجـــایی بووەو تویش هەر نیازت پەنجایی بووەو بەدرو ئەلییت نیازم دینار بووه • لەم صوورەتەیشدا (مهر المثل) ئەکەویته سەر ژنەکه ، بەلام لـــەپاش سویند خواردنی هەردولایان بو یەکتری ، لەبەرئەوه کە هاودەنگن لەسەر دامەزرانی خولعەکەو جیابوونەوەیان لەیەکتری ، وەکو (رشـــیدی) فەرموویەتی ، وه عیوەزیش لەسەر نیازی هەرکامیـــان جیایه له عیـــوەز لەسەر نیازی ئەویان •

چوارەم : کابرا باوەر ئەکا به ژنەکه ، بەلام ژنەکه باوەر ناکا بـه کابرا • مەسەلا کابرا ئەلیت من نیازم دینار بووەو تویش راست ئەکەی کە ئەلی‌ی نیازم پەنجایی بووه ، ژنەکەیش ئەلیت من نیازم پەنجایی بووەو تو درو ئەکەی کە ئەلی‌ی نیازم دینار بووه • لەم‌حالەدا ژنەکه (بائنـه) ئەبیتەوه به ظاهیر لەبەرئەوه کە صیغەی خولعەکە ریکه ، بەلام کابرا مالی ناکەویته سەر ژنەکه چونکه لەسەر بەیانی خوی ئینکاری جیابوونەوەکـه ئەکا • مەگەر ژنەکه پەشیمان ببیتەوه بلی من نیازم دینـــار بووەو تویش

راست ئەکەی کە ئەلییت نیازم دینار بووە ، ئەوجارە عەینی دینارەکان ئەکەویتە سەر ژنەکە •

پینجەم : ژنەکە باوەر ئەکا بە کابرا ، بەلام کابرا باوەر ناکا بە ژنەکە • مەسەلا ژنەکە ئەلێت من نیازم پەنجایی بووەو تویش راست ئەکەی کە ئەلییت نیازم دینار بووە • کابرایش ئەلی من نیازم دینار بووەو تو درو ئەکەیت کە ئەلییت نیازم پەنجایی بووە • لەمحالەیشدا هەر ژنەکە (بائنە) ئەبیتەوە چونکە بە ظاهیر صیغەی خولعەکە دامەزراو بووە ، بەلام مال ناکەویتە سەر ژنەکە لەبەرئەوە کە ژنەکە ئینکاری جیابوونەوە ئەکا ، مەگەر کابرا لیرەدا پەشیمان ببیتەوەو بلیت من نیازم پەنجایی بووەو تویش راست ئەکەی هەر نیازت پەنجایی بووە ، ئەوە عەینی پەنجایی‌یەکان ئەکەونە سەر ژنەکە •

(بزانن) یەكنەکەوتنی پیاوو ژن لە نیازدا هەر ئەوە نی‌یە وەکو ئەم صوورەتە شتیکی (مطلق) بی وەکو (هەزار) وە خیلافیان لەوەدا بی کە مەبەستیان لە هەزارەکە چی بووە ، بەلکو صوورەتی‌تری زورە • مەسەلا وەکو ئەوە کابرا ژنەکەی تەلاق بدا لەسەر صەد دینارو ژنەکە قوبوولی بکا دەس بەجی ، وە لەپاش ئەوە بلیت بە خوا من پەنجا دینارم گوی لی‌بووەو هەر پەنجا دینارم قوبوول کردووە • ئەم حالەتەیش ئەو صوورەتانەی تیا تی‌ئەپەری کە باسمان کردن •

(بیداربن) ضەبط کردنی باسی خولع بەمجورەیە : تەلاق یا (بائن)ە بە عەینی مالی ناوبراو ئەگەر صیغەکەو عیوەزەکە هەردوکیان ساغ بن ، یا (بائن)ە بە (مهر المثل) ئەگەر هەر عیوەزەکە ناساغو دانەمەزراو بی ، یا بە (رجعي) ئەکەوی ئەگەر صیغەکە ناساغ بی‌و کابرایش خولعەکەی بە تەنجیز کردبی ، یا هەر تەلاقەکە ناکەوی ئەگەر بەسرابی بە شتیکەوەو ئەوشتە نەهاتبیتەجی •

ضەبط کردنی باسی تەلاقیش بەمجورەیە : هەر تـەلاقی سی بـەسی بکەوی ئەوە (بائن)ی یەکەم پلەیەو بە بی مارە بەجاش (تحلیل) ژنەکە حەلال نابیتەوە بو میردەکەی • وە ئەگەر کەمتر بی لەسی تەلاقـە ئـەوە ئەگەر لەپیش چوونەلادا بی (مطلق) (بائن)ەو پیویستە ژنەکـە بـە عەقدیکی تازە مارە بکریتەوە لە کابرا ، وە ئەگەر لەپاش چوونەلا بـوو ئەگەر لە بەرابەری عیوەزەوە تەلاقی دابی ئەوەیش هـەر (بـائن)ەو پیویستە بە عەقدی تازە ، وە ئەگەر بە بیعیوەز بی ئەوە (رجعي)یـەو تـا (عدە)ی ژنەکە تەواو ئەبی کابرا سەربەخو ئەبی ئەتوانی بیهینیتەوە ژیر عیصمەتی خوی ••

باسی تـەلاق

تەلاق لەشەرعا بریتیە لە کردنەوەی گریی نیکاحو ژنو میردی بەو لەفظانەی لەمەولا باسیان ئەکەین • تەلاق یا واجبە وەکـو تەلاقی کەسی کە سویندی خواردبی نەرواتە لای ژنەکەی لەماوەیەکدا کە زیاتر بی لە چوار مانگ بەوشەرتە لە سویندەکەی پەشیمان نەبیتەوە ، یا حەرامە وەکو تەلاقی ژنی کە لە حەیزا بیو عیوەزیش نەدا بە میردەکەی بەرابەر بە تەلاقەکە ، یا سوننەتە وەکو تەلاقی ژنی کـە کابرا نەتوانی بیژیینیو ژنەکەیش چاوپوشی نەکا لە کـەمو کوورییی گوزەرانەکـەی ، یـا مەکرووهە وەکو تەلاقی ژنی کە خالی بی لە ئەسبابی حوکمەکانی پیشوو ، یا مەباحە وەکو تەلاقی ژنی کە کابرا زور ئارەزووی لی نەبیو لەزەتی لی وەرنەگرییو نەفسیشی مەجالی نەدا بە بیلەزەت لی وەرگرتن رای بگری •

تەلاق لەسەر مەعنای شەرع تیکەلە لەبەینی دوو مەعنادا • یەکەم : بەرەللا بوون لە عیصمەتی میرد ، وە ئەمە صیفەتی ژنە • دووەم : بەرەللا کردنی ژنەکەیە کە ئەمە صیفەتی پیاوە • جا ئەگەر تەلاق بـەسرا بـە

ژنەکەوەو کابرا وتی تەلاقت کەوتبی ئەوە لەسەر مەعنای یەکەمە ، وە ئەگەر بەستی بەخویەوەو وتی تەلاقم کەوتبی ئەوە لەسەر مەعنای دووهەمە، وە لەسەر هەردوو وەزعەکە صەریحەو تەلاقی پی‌ئەکەوی •

روکنەکانی تەلاق پینجن ، میرد ، نیاز ، صیغە ، شوین ، ویلایەت بەسەر شوینەکەدا • شەرتی میرد بوئەوەی قسەی بڕواو تەلاقەکەی رەوا بی ئەوەتە تەکلیفی لەسەر بی واتە بالغو عاقلو زانا بیو بە عەمدی تەلاقەکە بدا واتە نیازی تەلاقی هەبی ، وە بە ئارەزووی خوی تەلاق بدا • کەواتە تەلاق بە تەنجیز یا بە تەعلیق دانامەزری لە نابالغو شیتو بی هوشو سەرخوشەوە ، وە لە کەسیکەوە کە مەعنای ئەو لەفظە نەزانی کە تەلاقەکەی پی‌ئەکەوی ، وە لەلاینی کەسیکەوە بە زورو بە بی‌ئارەزووی خوی تەلاقی ژنەکەی پی بدری ، وە لە کەسیکەوە کە زمانی هەلکەوی •

باسی تەلاقی مندالو شیتو سەرخوش

ئەگەر کەسیك ئیددیعای کرد کەوا لەو وەختەدا کە ژنەکەی تەلاق داوە مندال بووە ، ئەوە باوەری پی‌ئەکری بە سویند مادام قسەکەی ری‌ی تی‌بچی • هەروەها ئەگەر بلی لەوکاتەدا نووستوو بووەو بە دەم خەوەوە ئەو لەفظەی بە دەما هاتووە ، یاخود شیت بووەو شیتی‌یەکەشی خەلك پی‌ی بزانن ، یاخود نەخوشی‌یەکی‌وای بووە کە هوشی بەخویەوە نەبوە وەکو پەتاکەم‌دار یا گرانەتی‌دار ، مادەم دەلیلی لەسەر بوونی ئەو نەخوشی‌یەی هەبی ، بەلام بە بی‌دەلیل لی‌ی قوبوول ناکری بەئاشکرا ، وە لە نهینی‌یشدا حەوالەی ئایینی خوی‌و خوی‌و خوای ئەکری ، وە دروست نی‌یە بو کەسیك کە باوەر بە ئیددیعاکەی بکا شەهادەت بدا لەسەر تەلاقەکەی • هەروەها باوەر بە سویندی کەسیك ئەکری کە ئیددیعای ئەوە بکا کە سەرخوش بووە بەجوریکی‌وا کە خوی دەستی

لەسەر خوشی‌یەکەیدا نەبوە وەکو ئەوە کە ئیسبات ببی کەسیك پیالەیەك شەرابی داوەتی بە ناوی ئاو یا دەرمانەوەو پی‌ی سەرخوش بووە • بەلام کەسیك لەخویەوە شەرابی خواردبیتەوەو سەرخوش بووبی‌و تەلاقی بەدەما هاتبی ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە نیازی لومەو سەرزەنشت کردن تا نەکا جاریکی‌تر شەراب بخواتەوە • بەلام رقهەستان لە مەذهەبی ئیمەدا نابی بە مانیعی کەوتنی تەلاق هەرچەند زوریش رقی هەستابی •

باسی پیویستی‌ی نیاز

تەلاق ناکەوی بە لەفظی کەسی کە زمانی هەلکەوی ، یاخود لەفظی تەلاقەکە بو تەلاقدانی ژنەکەی بەکار نەهینی ، بەورەنگە قسەی کەسیك بگیریتەوە ، یاخود مەلا بی‌و کەسیك فیر بکات • بەلی ئەگەر لەپاش وتنی لەفظەکەی ئیددیعای کردکەوا زمانی هەلکەوتووە ئەوە بەئاشکرا لی‌ی قوبوول ناکری مادەم قەرینەیەکی لەگەل نەبی ، بەلام حەوالەی خوی‌و خوای خوی ئەکری ، وە دروستە بو ژنەکەی ئەگەر باوەری پی‌بکا بچیتەوە لای • قەرینە وەکو ئەوە کابرا بلی بە ژنەکەی (تو حەرامی لەسەر من) وە بەهوی ئەم لەفظەوە وابزانی تەلاقی کەوتووە ، ئەمجا بەشیوەی خەبەردان بلی ژنەکەمم تەلاقداوەو مەبەستی ئەوە نەبی بەولەفظە تەلاقی بدا ، بەلکو مەبەستی گیرانەوەی قسە رابوردووەکەی بی ، ئەوە تەلاقی ناکەوی • بەلام ئەگەر مەبەستی تەلاقدانیکی تازە بی ئەوە تەلاقی ئەکەوی • بەلی ئەگەر مەبەستەکەی لەسەر ئەم ئەساسە بوو کە وای‌ئەزانی بە قسە پیشووەکەی تەلاقی کەوتووەو ئیتر هەرچەند لەفظی تەلاقی بەدەما بیت تەلاقی ناکەوی ، ئەوە لە کەوتنی ئەم تەلاقەدا لە راستیدا ، قسەی زانایان جیاجیایەو هەندیکیان فەرموویانە تەلاقی ناکەوی •

هەروەها ئەگەر ژنەکە لە شـوینیکی تاریکا بوو ، وە میردەکـەی نەیناسی‌یەوە ، یا لەرووناکیدا قسەی لەگەل ئەکرد بەلام بە ژنیکی بیگانەی ئەزانی چونکە باوکی بە مندالی لی‌ی مارە کردبوو ، یا قسەی لـەگـەل کومەلە ژنیك ئەکردو ژنەکەی خویشی لەناویانا بوو وە پی‌ی‌نەزانی‌و وتی تەلاقتان کەوتبی ، ئەوە هەرچەند بەئاشـکرا تـەلاقی ئـەکـەوی بـەلام لەراستیدا تەلاقی ناکەوی •

زانینی مەعنای لەفظی تەلاق پیویستە

ئەگەر کەسیك لەفظي تەلاقی بەدەما هات‌و مەعنـاکەی نـەئـەزانی تەلاقی ناکەوی هەرچەند نیازیشی کەوتنی تەلاقەکە بی، چونکە نیازکردنی شتی نەزانراو گوی‌ی نادریتی‌و ئیعتیباری نی‌یە • بەلی ئەگەر لەپاش بەدەما هاتنی لەفظەکە وتی مەعنای ئەو لەفظەم نـەزانیـوە ، ئـەوە ئەگــەر نەخویندەواریکی دوور لە خویندەوارانی دین بی ، یاخود لەفظەکە لــە زمانی خویدا نەبی‌و لەناو خەلکیشا مەشهوورو بلاو نەبی بو مــەعنـای تەلاقدان ئەوە باوەری پی‌ئەکری بە سویند ، ئەگینا بەئاشکرا لی‌ی قوبوول ناکری‌و حەوالەی خوی‌و خوا ئەکری ، یەعنی لە قاضی بەولاوە کـەس حەقی نی‌یە بەسەریەوە ، وە ژنەکەیشی مادەم باوەری پی بکا دروستـە لای بمینیتەوە •

ئەگەر کەسیك بە گالتە بە ژنەکەی وت تەلاقت کەوتبی ، یەعنی هەر نیازی بەکارهینانی لەفظەکە بی‌و مەعنای مەبەسـت نەبی ئەوە تـەلاقی ئەکەوی • هەروەها لە هەموو موعامەلەیەکی تریشدا •

(بیداربن) لە هەموو وەختیکدا نیاز کردنی لەفظو مەعنا پیویستە ئیتر لەفظەکە صەریح بی یا کینایە بی ، بەلام لە کینایەدا وەکو نیـاز کردنی

لەفظو مەعنا پیویستە ، نیاز کردنی بەکارهینانی ئەو لەفظەیش بو تەلاق کەوتنی ژنەکە پیویستە •

باسی تەلاقی کەسیکی زور لی‌کراو

هەرکەس زوری لی‌کرا بوئەوەی ژنەکەی تەلاق بداو تەلاقی دا ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی بە چەند شەرت • یەکەم : زور کردنەکە بە ناحەق بی ، ئەگینا ئەگەر لەسەر حەق بی وەکو ئەوە کە کابرایەك پی‌ی بلی ژنەکەت تەلاق بدە ئەگینا ئەتکوژم لە خوینی باوکماو ئەویش تەلاقی بدا ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی •

دووەم : زوردارەکە بیترسینی کە شتیکی‌وای بەسەرا دینی کە ئینسانی عاقل تەلاق‌دانی ژنەکەی پی باشتر بی لەو کارەساتە وەکو ترساندنی بە کوشتنی خوی یا باوکی یا ئەولادی یا برای یا برادەری یا خزمی یا خزمەتکاری یا بە بریندار کردنیان ، یا بە ئازار دانو لیدانیان هەرچەند بە شەقازلەیەك بی لەناو خەلکا بو پیاویکی خاوەن پایەو ری‌و شوین ، یا بە حەپس کردنی یا بە هەلساندنی لە مەجلیسی پیاو ماقوولانا ، یا بە فەوتاندنی مالیکی‌وای کە بەنیسبەت خویەوە ئەهمیەتی هەبی •

سیهەم : ئەوەیە ترساندنەکەی بە شتیکی‌وا بی کە ئیستا لەگەلی بکا ، نەك بلی ئەگەر تەلاقی نەدەی سبەی واو وات لی‌ئەکەم •
چوارەم : ئەوەیە کابرای زوردار بتوانی ئەو ئیشە خرایەی لەگەل بکا •
پینجەم : ئەوەیە کابرای زور لی‌کراو نەتوانی خوی رزگار بکا لە دەستی ئەوکەسە بە راکردن یا بە پەنا بردن بو شوینیك ، یا بەهوی دەسەلاتەوە•
شەشەم : ئەوەیە باوەری وابی ئەگەر تەلاقی ژنەکەی نەدا زوردارەکە ئەو ئیشەی بەسەرا دینی • حەوتەم : ئەوەیە کابرا هیچ ئەندازە ئارەزووەکی نەبی لە تەلاق‌دانی ژنەکەی‌و هیچ بەلگەیەك نەبی لەسەر شتی‌وا •

ئەگەر تەلاق‌دانەکەی نیشانەی ئەوەی تیا بوو کە کابرای تەلاق‌دەر خویشی شتیکی بەدەستە ، وەکو ئەوە کە زوری لی‌بکەن بە سی تەلاقە تەلاقی‌بدا کەچی ئەو بەیەك تەلاق تەلاقی‌بدا،یا زوری لی‌بکەن بەصەراحەت تەلاقی بدا کەچی ئەو بە کینایە تەلاقی بدا ، یا بە تەعلیق تەلاقی بدا کەچی ئەو بە تەنجیز تەلاقی بدا ، یا لەفظیکی تایبەتی بەکاربینی کەچی ئەو لەفظیکی‌تر بەکاربینی ، ئەوە لەم‌حالەتانەدا تەلاقی ئەکەوی •

وە مادەم شەرتی زورداری هاتەجی پیویست نی‌یە ئەم کەسە (توریە) بکا یەعنی لەفظیکی‌وا بەکاربینی دوو مەعنای ببی‌و ئەو مەعنایانە بگریتە دل کە زیان بە تەلاقەکەی ناگەیەنن • ئەوەندە هەیە پیویستە کابرا لە دلی خویا مەبەستی تەلاق‌دان‌و تەلاق کەوتنی ژنەکەی نەبی •

زورلی‌کردن بو کەسیك نابی بەهوی تەلاق‌کەوتن کە زور لە خوی بکری تەلاقی ژنەکەی بدا ، ئەگینا ئەگەر زورداریك یەکیکی بە زور کرد بە وەکیل کە تەلاقی ژنەکەی ئەو بداو وەکیلەکەیش تەلاقی دا ، ئەوە تەلاقی ئەکەوی چونکە ئەم وەزعە نیشانەی ئەوەیە کابرا خوی مەیل‌و ئارەزووی هەیە لە تەلاق‌دانی ژنەکەی •

(بزانن) زور لی‌کردن تەنها ئەوە نی‌یە کەسیک زور لە کەسیك بکا وەکو باسمان کرد ، بەلکو ئەگەر وەزعیکی‌وا هاتە پیشەوە کە ئیشیك بە شەرع مەحال بوو بکری یا بە عەقل مەحال بوو بکری ، ئەوەیش نایەلی تەلاق بکەوی بەوشەرتە کابرا بەتایبەتی ئەو وەزعە نەخاتە پشت‌گوی • کەواتە ئەگەر کەسیك تەلاقی خوارد قەرزی فلان‌کەس نادەمەوە ، یاخود ئیمرو قومار ئەکەم ، وە حاکمی شەرع ئاگادار بوو لی‌ی ، وە بە زور قەرزەکەی پی‌دایەوە ، یا مەنعی قوماری لی‌کرد ئەوە تەلاقی ناکەوی • وە ئەگەر کەسیك تەلاقی خوارد لە ژنەکەی کە ئەبی

تویژی ئەم نیوەرویە بکەی ، کەچی ژنەکەی لە ئەوەلی نیوەرودا کەوتە حەیزەوە ئەوە تەلاقی ناکەوی چونکە بە شەرعمەحالە یەعنی حەرامە قەرزەکە نەداتەوە یا قومار بکا ، یا ئەو ژنە نویژ بکا تا پاك ئەبیتەوە لە حەیز •

وە ئەگەر کەسیك تەلاقی خوارد کەوا لە سەری فلان مانگا قەرزی فلانکەس ئەداتەوە یا قەرزەکەی لە فلانکەس ئەسینیتەوە ، کەچی لەوکاتەدا خوی یا ئەو کابرا لاتکەوتن ئەوە تەلاقی ناکەوی • یاخود تەلاقی خوارد لە فلان سەعاتا ئەو نانە ئەخوم ، وە لەپیش ئەوەدا کە مەجالی خواردنی نانەکەی ببی نانەکە فەوتا ئەوە تەلاقی ناکەوی •

یا کەسیك وایئەزانی قەرزارەکەی دەولەمەندەو تەلاقی خوارد لیی جیا نابیتەوە تا قەرزەکەی لیئەسینیتەوە ، کەچی کابرا لات بوو ، یا دەولەمەند بوو بەلام خوی شاردەوە یا رای کرد یا زورداریك پەیدا بوو ، وە لە ترسی ئەو نەیتوانی داوای قەرزەکەی لی بکاتەوە ، ئەوە تەلاقی ناکەوی •

وە ئەگەر کەسیك تەلاقی خوارد وتی شوانییی ئەو دییە ناکەم ، یا جووتیاری یا سەپانی ناکەم بو فلانکەس یا جلی بو نادرووم ، یا خانووی بو دروست ناکەم ، وە ئەو شوینە زورداریکی تیابوو ئەو شتانەی بە زور پیکرد ئەوە تەلاقی ناکەوی • یاخود تەلاقی خوارد لەو دییە بار ناکەم کەچی بە زور دەریانکرد یاخود بارانو لافاو شوینەکەی ویران کرد و ئەویش ناچار بوو باری کرد ئەوە تەلاقی ناکەوی •

بنچینەی ئەمانە ئەوەیە هەر کرداریك کە (معلق علیە) بی بو کەوتنی تەلاق ئەبی ئەو کردارە ئیختیاریو بەئارەزوو بی ، وە ئیشی بە زور بکری سوودی نییەو بیئیعتیبارەو نابی بەهوی کەوتنی تەلاقەکە خوای ئەو زورکردنە لەسەر بەتال بی یا لەسەر حەق •

ئەگەر کەسی بلی بوچی زورکردن بە حەق لەسەر تەلاق تەلاقی پی ئەکەوی ، کەچی ئیشی(معلق‌علیه) ئەگەر بە زور بی کەلکی نی‌یە هەرچەند زورەکەیش لەسەر حەق‌بی،ئەلیین فەرق‌زورە لەبەینی‌ئەم دوو مەسئەلەیەدا. لەویادا زور لەسەر تەلاقەکەیە ، جا ئەگەر بە حەق بی ئیعتیباری پی‌ئەکری ، بەلام لیرەدا زور لەسەر ئەو ئیشەیە کە بووە بە (معلق علیه) ، وە لە عورفی عامدا کرداریك کە بە ئارەزووی ئینسان خوی نەبی ئیعتیباری نی‌یە هەرچەند زورکردن لەسەر ئیشەکەیش حەق بی • بویە ئەگەر کابرا بەتایبەتی تەلاقی خوارد وتی ئەو ئیشە ناکەم چە بە زورو چە بە ئارەزوو ، یا ئەبی ئەو ئیشە بکەی چە حەلال بی‌و چە حەرام ، ئەوە بە هەر جوریك بی بە موخالەفەی سویندەکەی تەلاقی ئەکەوی •

(بزانن) لەم مەسئەلەی زورەدا کە زوردار زور بکا بو ئیشیکی دنیایی ، ئەوە هیچ سوودی نی‌یە کەسیك بە ئارەزووی خوی بروا داوینی زورداریك بگری بلی زورم لی بکە فلانە ئیش بکەم یا نەیکەم ، چونکە مادەم ئەو زوردارە لەسەر ئارەزووی کابرا بروا ئەوە لەراستیدا زوری لی نەکردووەو ئەم جورە زورە بە ساختە دائەنری • بەلام لە زوری شەرعدا هەرچون بی سوودی هەیە چونکە حوکمی شەرع بە ئارەزووی کەس ناگوری‌و هەل‌ناسووری‌و ئوسوولی تایبەتی‌ی خوی هەیە •

کەوابی ئەگەر کەسیك تەلاقی خوارد وتی قسە لەگەل باوکمدا یا لەگەل فلان موسولمانا ناکەم‌و خەبەری دا بە قازی ئەویش زوری لی‌کرد کە قسە بکاو ئەمیش قسەی کرد تەلاقەکەی ناکەوی‌و پیویست نی‌یە قازی دەسەلاتی زور لی‌کردنەکەی ببی ، وە تەنها ئەوەندە بەسە کە شەرع فەرمان بدا • بەلی ئەم زورە ئەوەندە بەسوودە کە کابرا جاریك قسە لەگەل ئەوکەسەدا بکا کە سویندی خواردووە قسەی لەگەلدا نەکا ، ئیتر بو جاری دووەم مەسەلا پیویستە قازی فەرمانیکی تازەی بو دەرکا ، مەگەر

لەحالیکا کە قازی زوردار بیو بتوانی کابرا بترسینی ئەوە بە یەك فەرمان بو ماوەیەك کە خوی بەیانی ئەکا قەناعەت ئەکری •

(بزانن) فەرمانداری شەرعی تەنها لەسەر کردنی واجب و نەکردنی حەرام حەقی زور کردنی هەیە ، ئیتر لە شتی مەکرووە یا سوننەت یا مەباحدا حەقی زورکردنی نی‌یە • بەلام زورداریك کە دەسەلاتی هەبی لە هەموو شتیکا فەرمانرەوایە ، وە ئەتوانی لە هەر شتیکدا زور بکا چونکە ئەو نەبەسراوە بە شەرعەوە •

کەوابوو ئەگەر کەسیك باری کرد لە شـــوینیك‌و تـەلاقی خوارد نەگەریتەوە بو ئـەو شـــوینەو ، زورداریکیش نەبوو زوری لی بکاو ، قازی‌یش لەویادا دەسەلاتی زوری نەبوو ، چارەی ئەو کابرا هەر ئەوەیە بە نەذری شەرعی نەذری بکا لەسەر خوی کە بچی بە دراوسیی پیاویکی چاك لەو دی‌یەدا ، وە ئەم نەذرە دائەمەزری چونکە هەر نەذریك کـــە چاکەو حەسەناتی تیابی ئیعتیباری هەیەو دراوسی‌یـەتیی پیـــاوچـاکـان سوننەتە • جا کاتی کە نەذرەکەی کرد واجب ئەبی لەسەری برواتـەوە بو ئەو دی‌یە کە باری لی کردووە • لەمصوورەتەدا قازی ئەتوانی زوری لی‌بکا کە نەذرەکەی بەجی‌بینی‌و مالی بەریتەوە بو ئەو دی‌یە • ئـەگـەر قازی لە ولاتەکەدا نەبوو یا گویی نەئەدا بەمجورە شتانە،ئەوە ئەوکەسەکە سویندەکەی خواردووەو ئەوکەسەکە سویندەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە بە هەردوکیان ئەتوانن پیاویکی دادپەروەر بکەن بە حەکەم تا حوکم بکا لـە کابرای تەلاق خور ئەو ئیشە بکا کە وتوویەتی نایکا •

(بیداری) لە زوری زوردارا پیویستە زورەکەی لەسەر یەك شت بی‌و مەجالی هەلبژاردنی یەکی لە دوو شت یا لە چەند شت نەدا بە کابرا ، مەسەلا نەلیت یا ئەبی ئەو شتەم پی‌بلییت یـا تەلاق بخوی‌کە ئـاگـات لی

نی‌یه • کەوابێ ئەگەر زوردار پیاویکی گرت‌و پی‌ی‌وت ئەبێ یا راستم پی‌بلییت ئەو بارە قاچاخی‌یە لەکوی‌یە یا تەلاقم بو بخەی کە ئاگات لی نی‌یە ، ئەویش تەلاقی خوارد کە ئاگای لی نی‌یەو لە راستی‌یشدا ئاگای لی بوو ، ئەوە تەلاقی ئەکەوی چونکە زوردارەکە دوو ریگەی بو داناوە هەرچەند لەکاتی ناوبردنی مالەکەیشدا کابرای خاوەن‌مال زیانی پی بگاو ئەم خەبەردەرەیش تاوانبار ببی • بەلی (توریە) بو ئەم صوورەتە کەلکی هەیەو مەنعی زیان پی‌گەیشتنی کابرای خاوەن‌مال‌و کەوتنی تەلاقەکەی خویشی ئەکا مادەم ئەو زوردارە بەشیوەیەکی ناشەرعی ئەم داوایە بکا •

وە ئەگەر چەتە کەسیکیان گرت‌و وتیان بەرەللات ناکەین تا سویند نەخوی یا تەلاق نەخوی کە باسمان نەکەی ، ئەویش سویند یا تەلاقی خوارد کە باسیان ناکاو پاش بەرەللا بوون باسی کردن ئەوە سویندەکەی یا تەلاقەکەی ناکەوی چونکە ئەو کردارە کە لە بەرابەری تەلاقەکەیەوەیە وەك ئەو ئیشە خراپەیە کە پی‌ی‌ترسینراوە وەکو بەرەللا نەکردنەکەی بی•

(بزانن) زور لی‌کردن لەسەر دوو بەشە • زور لی‌کردن بە بەتال‌و زور لی‌کردن بە حەق • زور لی‌کردن بە حەق دروستەو هەر تەصەروفیکی لیوە پەیدا ببی رەوایە • زور لی‌کردن بە بەتالیش لەسەر هەر کرداریك بی لەکردارەکانی ئینسانی کە تەکلیفی لەسەر بی چ رەفتار بی‌و چ گوفتار بی ، وە چ کردن بی‌و چ نەکردن ، ئەوە لە هەر بابەتیکەوە بی لەشەرعدا وەکو نەبوون وایە • کەواتە بە زور دروست نی‌یە نە فروشتن‌و نە بەکری‌دان‌و نە رەهن کردن‌و نە وەقف کردن‌و نە نەذرو بەخشین‌و نە مارەکردن‌و نە تەلاق‌دان‌و نە غەیری ئەمانە • بەلی هەر رەفتارو گوفتاریك کە ببی بەهوی زیانی نەفسی یا ناموسی یا دارایی بو غەیری ئەوکەسە ئەوە بە قەطعی کابرا نابی بیکا ، وە ئەگەر بیکا بەپی‌ی شەرع تاوانبار ئەبی • بەلی زور لی‌کردن لەسەر هەرشتی کە لەو خوصووصەوە مەبەست نەبی کە کرداری ئینسانی تەکلیف لی‌کراوە ، ئەوە ئیعتیباری هەیە

لەشەرعداو حوکمی لەسەر دائەمەزری • مەسەلا لەو خوصووصەوە تەماشای ئەو ئیشە بکری کە سەبەبە یا مەرجە بو شتیك یا مانیعە لە شتیك، وەکو چوونەلای ئافرەت بە شوبهە کە سەبەبە بو زاواو خەزووریو مانیعی نیکاحە بو هەندیکەس ، یاوەکو شیر پیدان کە ئەبی بە مانیعی نیکاحو سەبەبی حەرام بوون بەپیی ئەسوولی خوی ، یا وەکو پیس‌بوونی جلو بەرگ کە ریگای نویژ ئەگری ، یا دەس‌نویژ شکاندن کە ئەویش ریگای نویژ ئەگری • ئەمانە هەروەکو چون ئەگەر بە ئارەزووی ئینسان خوی بن بەکاردین بە زوریش بن هەمان حوکمیان هەیە •

دەلیل لەسەر ئەمە کە لە وینەی ئەمانەدا تەماشای ئەوە ناکری کە کرداری ئینسانی تەکلیف لیکراون ئەوەیە ژنیك بەخوی نەزانی تا مندالیك شیرەکەی ئەمژی یا پیاویك ئاگای لە خوی نەبی ژنیك بە شوبهە ئالەتەکەی بخاتە خویەوە ، یا یەکیك ئاگای لە خوی نەبی جلەکەی پیس ببی یا دەس‌نویژی بشکی ، عەینی حوکمی کاتی ئیختیاریان تیا دیتەجی ، بەلام هەر کرداریك کە (معلق علیه) بی واجبە بە ئیختیار بکری مەگەر کابرا خوی بەتایبەتی بەصوورەتیکی تیکرایی ئیعتیباری بکا •

(بزانن) لە بەشی زور لیکردنی شەرعیدا هەر ئیشی کە دەخلی ئیختیارو ئارەزووی تیا نەبی وەکو حەیزی ژنو لات‌کەوتنی قەرزار حوکمی حاکمی شەرع پیویست نییە تیایا ، بەلکو لەوئیشانەدا پیویستە کە لە مەجالی ئیختیاردا بن وەکو قسە نەکردن لەگەل کەسیکدا مەسەلا •

باسی صیغەی تەلاق

صیغەی تەلاق لەسەر دوو بەشە • یەکەم صەریحو بی‌پیچو پەنایە کە ئەوەیە مەعنا ظاهیرەکەی غەیری تەلاق هیچی‌تر نەگەیەنی وەکو ئەو لەفظانە کە لە قورئانی پیروزا هاتوون وەکو (طلاق)و (فراق)و (سراح)و

مەعنای ئەم لەفظانە لەناو غەیری عەرەبدا کە کراون بە تەرجەمە بویـــان. وەکو (تەلاقت کەوتبی ، تەلاقم کەوتبی ، تەلاقم دای ، تەلاقم خستـی ، تەلاقت نەمینی) لەکوردیدا • بەلی تەرجەمەی کوردیی (فراق) کــە (جیاّ کردنەوە) یا (جیا بوونەوە)یە ، وە تەرجـەمــەیی کوردیی (سراح) کە (بەرەللا کردن) یا (بەرەللا بوون)ە بە صەریح دانانرین چونکە وەك تەرجەمەی تەلاق مەشهوورو بلاو نین •

لە بەشی صەریحدا نیازی لەفظو نیازی بەکارهینانی لەفظەکە لـــە مەعنای تەلاقدا پیویستن ، ئیتر پیویست نییە نیازی ئەوەیشی پیبکا کـــە تەلاقەکەی پیبکەوی چونکە مادەم لەفظو مەعناکەیان مەبەســـت بوون تەلاق پیکەوتنیان شتیکی طەبیعییەو پیویستیەتی • لەبەرئەوە کـــە بـە بەکارهینانی ساغو دروست ئەم لەفظە صەریحانە هەر بو تەلاق خستـن بەکار ئەهینرین •

لەفظی (تەلاقم کەوتبی) ئەگەر لە مەیدانی سویند خواردنا نـەبی ئەوە بە تەنها خوی دەسبەجی تەلاقی پی ئەکەوی • وە ئەگەر لە مەیدانی سویند خواردنا بی بەورەنگە کە لە بەکارهینانا بیبەستی بە شتیکەوە کـە سویندی لەسەر بخوری وەکو ئەوە کە بلیت تەلاقم کەوتبی ئەو ئیشـــە ناکەم یا ئەیکەم ، یاخود لە نیازدا ئەمەی لە دلا بی ، ئەوە لە حالی ئیثباتدا لەپاش نائومید بوون لە کردنی ئیشەکە ، وە لە حالی نەفیدا لەکاتی کردنی ئیشەکەدا تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر لـەمکـاتـەدا کە مەبەســتیەتی بیبەستی بە شتیکی سویند لەســـەر خوراوەوە ، لـەپیش تـەواو کردنی قسەکەیدا لە سویندەکە پەشیمان بووەوە ئەوە بە لەفظی (تەلاقم کەوتبی) بە تەنها تەلاقی ناکەوی چونکە لە مەیدانی سویندا تا ســـویند لەســـەر خوراوەکە نەوتری ئەو جوملەی قەسەمە ناتەواوەو تەلاقی پیناکـەوی ، بەلام ئەم حوکمە بو (نفس الامر)ەو لە ظاهیردا ئەگەر ژنەکە ئیدیعای کرد کە مەبەستی لەم لەفظە سویند نەبوەو هەر سەربەخو تەلاقیداوە ، ئـەوە

ئەگەر بەلگەیەك لەگەل كابرادا ببی ئەوە باوەری پی ئەكری بە سویند لەسەر نیازی خوی • ئەگینا باوەر بە ژنەكە ئەكری بە سویند لەسەر ئەوە كە ئاگای لە نیازی سویندی میردەكەی نی‌یەو تەلاقیكی ئەكەوی •

ئەگەر كەسیك سویندی خوارد بە تەلاق بەم‌شیوەیە : وتی بە تەلاقم ئەو شتە ئەكەم ئەوە نابی بە صەریح چونكە تەلاق بەم‌شیوەیە سویندی پی‌ناخوری‌و ئەبی بە كینایە ئەگەر نیازی تەلاق كەوتنی خوی ببی مادەم شتەكە نەكا تەلاقی ئەكەوی ، وە ئەگەر ئەو نیازەی نەبوو پووچەو قسەیەكی بوشە •

(بزانن) هەندی‌كەس وتوویانە (تەلاقم كەوتبی) كینایەیەو بە بی‌نیازی تەلاق تەلاقی پی ناكەوی یا لەبەر بەكارهینانی (تی) لەجیاتی (ط)، یا لەبەر بەكارهینانی لامی قەلەو (ڵ) لەجیاتی‌ی لامی لاواز (ل) یا لەبەر ئیضافە كردن بو لای غەیری شوینی خوی كە ژنەكەیە ، یا لەبەرئەوە كە لەفظی (كەوتبی) وەكو هەل‌ئەگری بە مەعنای (واقع)و (هاتووەجی) بی. هەلیش‌ئەگری بە مەعنای (ساقط) بی‌و ئیعتیباری پی نەكری !

بەلام لەئەنجامی لیكولینەوەی زاناكانی كوردستاندا دەركەوتووە ئەم لەفظە لە زمانی كوردیدا صەریحە بو گەیاندنی مەعنای جیابوونەوەی ژن‌و پیاو لە یەك ، وە بەكار هینانی (تی) لەجیاتی‌ی (ط) لەبەرئەوەیە كە زمانی گەلی كورد وا راهاتووە هەمیشە (تی) بەكاردینی‌و لە زمانی خویدا (ط)ی نی‌یە مەگەر لەكاتیكا كە شتیكی عەرەبی بخوینیتەوەو فیر بووبی كە (ط) وەكو خوی بەكاربینی ، وە كورد باوەری وایە كە (تەلاق) بەكوردی تەرجەمەی (طلاق)ی عەرەبی‌یەو لەناو كوردانا مەشهوور بووە بو برینی عیصمەتی نیكاح ، وە هەر لەفظیكیش تەرجەمەی صەریح بی‌و مەشهوور بووبی بو تەلاقدانی ژن ئەوە صەریحو بی‌پیچ‌وپەنایە ، وەكو شیخی (ابن حجر) لە (تحفه) داو (رملی) لە (نهایه)دا فەرموویانە •

هەتاوەکو خوا لی‌خوش‌بوو (مەلا ابو بکری مصنف) لە کتیبی (وضوح)ی شەرحی (محرّر)دا پاش‌ئەوە کە باسی جیاوازیی قسەی زانایان ئەگیریتەوە لەبارەی لەفظی (تەلاك)ەوە بە (تی)و (لامی قەلەو)و (کاف)، ئەفەرمویت هیز بەو قسەیەیە کە ئەلی ئەم لەفظە صەریحە لە تەلاقدا چونکە تەرجەمەیەو مەشهوور بووە لە زمانی کوردانا • جا مادام (تەلاك) بە (تی)و (لامی قەلەو)و (کاف)ەوە صەریح بی ، دیارە (تەلاق)یش بە (تی)و (لامی قەلەو)و (قاف)ەوە صەریحە •

لە فەرضیکدا بلیین (تەلاق) تەرجەمەی (طلاق) نی‌یەو سووك کراوەیەتی ، هەر ئەبی بە صەریح چونکە شیخ لە (تحفە)دا فەرموویەتی گورینی (ط) بە (تی) زیانی نی‌یە بەنیسبەت ئەوکەسانەوە کە زمانیان وابی ، وە ئەم لەفظی (تەلاقم کەوتبی)یە لەچەشنی (حلال اللە عليّ حرام) نی‌یە تا بلیین مەشهوور بوونی بەکارهینان کینایە ناکا بە صەریح چونکە ئەو ئوسوولە بو جوملەییکە ماددەی تەلاقی تیا نەبی وەکو لە (تحفە)و (فتاوی)دا باسی ئەکا • هەروەها گورینەوەی لامی لاوازیش بە لامی قەلەو زیانی نی‌یە بە عەینی دەلیلە پیشووەکان •

مەسەلەی ئیضافەیش بو غەیری شوینی خوی ئەویش لەسەر حەقیقەت نی‌یە لەبەرئەوە کە (تەلاق) موشتەرەكو تیکەلی‌یە لەبەینی مەعنای بەرەللاکردندا کە صیفەتی پیاوەو بەرەللا بووندا کە صیفەتی ژنە ، وە ئیضافە بو لای (میم)ی گویندە قەرینەو نیشانەیە لەسەر ئەوە کە مەبەست لە تەلاق بەرەللاکردنە ، هەروەکو ئیضافەی بو لای (تی)ی قسە لەگەل کراودا قەرینەو نیشانەیە بو ئەوە کە بەمەعنا بەرەللا بوونە ، وە لە هەردو بارا صەریحە لە تەلاقداو ئیضافەیە بو شوینی خوی ، ئەویان شوینی دەرکردنو ئەمیان شوینی بەسەرا چوونە ، وە بەر دەستووری صەریح

ئەکەون کە ئەوەیە ظاهیرەکەی غەیری تـەلاقدانی ژن مـەعنـایـەکی‌تر هەڵنەگری •

وە ئەگەر بەستنی تەلاق بە پیاوەکەوە مانیع بووایە لـە صەراحەتی تەلاق ئەبوو (عليّ الطلاق)و (أوقعت عليك الطلاق) صەریح نەبوونایە• لەگەڵ ئەوەشدا کە شیخی (ابن حجر) ئەفەرمویت صەریحن • ئەگەر بلێن لە میسالی دووەما لەفظی (عليك) هەیەو ژنەکە ناو براوە ، ئەڵێین لە میسالی یەکەما ناوی ژن نەبراوە • بێجگە لەوە شیخ ئەفەرمویت مەشهوور بوونی بەکارهێنانی (عليّ الطلاق) لە تەلاقدانی ژنەکەدا دانیشتووە لـە شوێنی ناوبردنی ژنەکەدا ، وە لەفظی(کەوتبی) هەرچەند مەعنای(ساقط)و بێ ئیعتیبار هەڵبگری بەلام ظاهـیرە لـە مەعنای (واقع)و بەجی‌هاتندا ، وە کەس لەکاتی وتنی ئەم جوملەیەدا خەیاڵی بۆ مەعنای (بی‌ئیعتیبار) ناروا بە قەرینەی ئەوە لە هەر کوردیك بپرسی کە ئەم جوملەیە بەکاربێنی کەوا مەبەستی چییە ، ئەڵێ ژنەکەم تەلاق ئەدەمو بەرەڵلای ئەکەم وەکو خوا لێ‌خۆش‌بوو (مەلای نوتشە) لێکی‌داوەتەوەو مفتی‌ی مەککەی موکەررەمە لە وەڵامی پرسیاری زانایانی کوردستانا فەرموویەتی کە ئەم لەفظە ئەگەر مەشهوور بوو بۆ تەلاقدانی ژن ئەوە تەماشای ئەو خەیالاتە ناکری •

بەتایبەتی (احمد بن حيدر) ئەفەرمویت جوملەی وەکو (تـەلاقم کەوتبی)و (تەلاقت کەوتبی) لە عورفی کوردانـا دانـراون بۆ بـڕینی ڕشتەی عیصمەتی ژن ، ئیتر تەماشای حەرفو موفرەداتی لـــەفظەکـان ناکری • وە لەکاتی پرسیاردا لە کوردان غەیری ئەم مەعنایە شتێکی‌تریان نایەت بە دڵدا ، وە هەر نەتەوەیەك خۆی باشتر مەعنـــای لەفظی خـۆی ئەزانی • کەواتە واجبە لەسەر زانایانی شەرع بەسەر ئەم شـاریگەیەدا برون بەریداو مەجالی ئەوە نەدەن بەهۆی ئەوهامو خەیالاتی پڕوپووچەوە ئایینی خەڵك لەکەدار بکری ، چونکە لە پلەی یەکەمدا ئەوان لێ‌پرسراون

له دانانی حوکمی شەرع (والله يهدي الى الحق وسواء السبيل) •

بەشی دووەم : لە صیغەی تەلاق کینایەیە کە بریتی‌یە لەوە بە ظاهیر ئیحتیمالی تەلاق‌و غەیری تەلاقیش ببی ، ئەگەرچی لە هەندیکیانا ئاشکراتر بی لەوانی‌تریان • یەعنی صەریح ئەوەیە هەر لە مەعنای تەلاقدا ظاهیر بی ، وە لە غەیری مەعنای تەلاقدا ظاهیر نەبی • بەلام کینایە ئەوەیە لە هەردوو مەعناکەدا ظاهیر بی ، ئەگەرچی بو تەلاق یا بو غەیری تەلاق روشنتر بی •

لەم بەشی کینایەیەدا سی نیاز پیویستە : نیازی لەفظەکان‌و ، نیازی بەکارهینان لە مەعنای تەلاقداو ، نیازی تەلاق پی‌خستن • بەنیازی یەکەم قسەی نەخوش‌و نووستوو ورینەکەر دەرئەچی • وە بە نیازی دووهەم وینەی (ئەی تەلاق دراو) دەرئەچی کە کەسیك بیلی کە ژنەکەی ناوی (تەلاق دراو) بی‌و مەبەستی بانگ کردنی بی ! ئەم دوو نیازە لە تەلاقی صەریحیشدا پیویستن • وە بە نیازی سیهەم ئەوە دەرئەچی کە کابرا بە ژنەکەی بلی (خوات لەگەل بی)و مەبەستی تەلاق‌دان نەبی بەلکو مەبەستی دوعای خیر بی ، وە ئەم‌نیازە سیهەمە لە تەلاقی صەریحدا پیویست نی‌یە وەکو باسمان‌کرد •

کینایە وەکو ئەوە بلیت « حەقم نی‌یە بەسەرتەوە » یا « حەقت نی‌یە بەسەرمەوە » یا « ون‌بە لە بەرچاوم » یا « برورەوە بو مالی باوکت » یا « من کەلکی توم پیوە نی‌یە » یا « تو بەکەلکی من نایەیت » یا « مەسرەفت لەسەرم نی‌یە » یا « هاوری‌یەتی‌ی تو بو من حەرامە» یا «تو بو هاوسەری‌ی من ناشییت » یا « خوا حافیظت بی » یا « برو بەرەللا بە » • هەر جوملەیەك کە لەناوماننا مەشهوور بووبی بو تەلاق‌و تەرجەمەی صەریح نەبی ئەوە کینایەیە وەکو حەلالی خوام پی حەرام بی • هەروەها ئەگەر تەرجەمەی

صەریح بێ بەڵام لە بەکارهێنانا مەشهوور نەبێ وەکو تەرجەمەی لەفظێك کە لە (فراق)و (سراح)و شتیوا دەرهێنرابێ وەکو (جیا ببەرەوە لیم) یـا (تو مەرەخەسیت) •

تێکرا هەر لەفظێك کە لەمەیدانی خویدا صەریح بێ ئەوە مـادەم لەکاتی بەکارهێنانیا مەجال ببێ بو ئەصلی مەعناکەی خوی نابێ بە کینایـە لە بابێکی‌ترا • وە ئەگەر مەجال نەبوو بو ئەوە ، وە قابیل بوو لەم شوێنی بیگانەیەدا بەکار بهێنریت ئەوە ئەبێ بە کینایە • کەواتە ئازاد کردن ئەبێ بە کینایەی تەلاقو بە پیچەوانەیشەوە ، بەلام تەلاق نابێ بە کینـایـەی (ظهار)و بەپیچەوانەیشەوە •

ئەگەر کەسێك جوملەیەکی‌وای بەکارهێنا کە دەستی ئەدا بو تەلاقو بو (ظهار) مەسەلا وتی (تو حەرامی لەسەر من) یا وتی (وا حـەرامم کردی) یا (تو بو من وەکو بەراز وای) یا (وەکو سـەگ وای) یـا (وەکو مردارەوەبوو وای) یا (وەکو خوینی مردارەوەبوو وای) یا وتی (دەستی تو حەرامە لە من) یـا (لەشی تو حەرامە لە من) یـا (باوەشی تو حەرامە لە من) ئەوە ئەگەر هەر مەبەستی تەلاق بێ یا هەر مەبەستی (ظهار) بێ ئەوە مەبەستەکەی دیتەجی ، وە ئەگەر مەبەستی هەردوکیان بێ ئەوە کابرا خاترخویە هەرکامیانی هەلبژارد ئەوە دائەمەزریو ناتوانی لەوەیش پەشیمان ببیتەوە • وە ئەگەر نیازی ئەوەبوو عەینی ژنەکە حەرام بکا یا چوونەلای لە خوی حەرام بکا یا فەرجی حەرام بکا ئەوە حـەرام نابێو پیویستە لەسەر ئەم نیازە نابارە دەس‌بەجی کەفارەتیك بدا بە هەژاران وەکو کەفارەتی سویند ، هەرچەند نەیشچووبیتە لای ژنەکە • هەروەها ئەگەر هەر بە بی‌نیازو مەبەست ئەمانە بێن بە دەمیا هـەر کەفـارەتی پیویستە لەسەری بیدا بە هەژاران •

ئەگەر كەسیك وتی ئەم جلەم لە خوم حەرام كرد ، یا ئەم نانە یا ئەم چایە یا ئەم چیشتە یا ئەم گوشتەم لە خوم حەرام كرد ئەوە حەرام نابی‌و قسەكەی ئیعتیباری نی‌یەو كەفارەتیشی ناوی •

(بزانن) ئیشارەت كردنی زماندار بو تەلاق بی ئیعتیبارە • بەلی ئیشارەتی لال ئیعتیباری هەیە • جا ئەگەر ئەوەندە روشن بوو هەموو كەسی لی‌ی حالی ئەبوو ئەوە بە صەریح دائەنری • وە ئەگەر هەر ئینسانی زیر لی‌ی حالی ئەبوو ئەوە كینایەیە •

ئەگەر كەسیك صیغەی تەلاقی نووسی‌و لەكاتی نووسینەكەیدا نیازی تەلاقی نەبوو ، ئەوە بی‌ئیعتیبارە • وە ئەگەر نووسی‌و لەكاتی نووسینەكەدا نیازی تەلاق‌دانی پی‌هینا ئەوە ئیعتیباری هەیەو بەكاردیت • هەروەها لە هەموو عەقدو حەللیكدا تەنها لە نیكاحا نەبی چونكە لە نیكاحدا نووسین‌و كینایە ئیعتیباری نی‌یە • وە ئەگەر كەسی نووسراوی خوی خویندەوە كە صیغەی تەلاق بوو ، وە وتی هەر خویندنەوەی لەفظەكەم مەبەست بوو ، ئیتر نیازی تەلاقم پی نەكردووە ئەوە باوەری پی ئەكری بە سویند •

وە ئەگەر كەسیك فەرمانی دا بە كەسیك صیغەی تەلاقەكە بنووسی ، وە لەگەل نووسینی ئەوكەسەدا خوی نیازی كرد ئەوە بی‌ئیعتیبارە چونكە پیویستە نووسینەكەو نیازەكەیش لە یەك‌كەسەوە بن • كەواتە ئەگەر فەرمانی دا بە كەسیك صیغەكە بنووسی‌و نیازی تەلاقیشی لی بهینی لە وەكالەتی ئەمەوە ، وە كابرایش نووسی‌و نیازی ئەوەی لی‌كرد ئەوە دائەمەرزی‌و تەلاقی پی ئەكەوی • هەروەها ئەگەر پی‌ی‌بلیت ئەو لەفظە كینایەیە بلی‌و نیازی تەلاقی لی‌بهینە ، ئەویش وتی‌ونیازی تەلاقی لی هینا ئەوەیش هەر ئیعتیباری هەیەو تەلاقی ئەكەوی مادەم نیازی تەلاقی هینابی لەو لەفظە كینایەیە •

ئەگەر کەسێك نووسی بۆ ژنەکەی هەرکاتێك ئەم نامەتە خویندەوە تەلاقت کەوتبێ ئەوە ئەگەر ژنەکەی خوێندەوار بوو وە نامەکەی خوێندەوە یا تەماشای کردو تێی گەیشت تەلاقی ئەکەوێ ، وە ئەگەر بۆی خوێنرایەوە تەلاقی ناکەوێ • وە ئەگەر خوێندەوار نەبوو وە بۆی خوێنرایەوە هەر تەلاقی ئەکەوێ ، ئەگەر کابرای مێردی بزانی بەوە کە نەخوێندەوارە • وە ئەگەر وابزانی خوێندەوارە تەلاقی ناکەوێ تا ئەو ژنە فێری خوێندنەوە ئەبێ‌و نامەکە ئەخوێنێتەوە •

(بزانن) لەوصوورەتەدا کە کەسێك نامە ئەنووسێ بۆ ژنەکەی‌و نیازی تەلاقی لێ ئەهێنێ ، پێویستە بۆ قوبوول‌کردنی ئیددیعاکەی بە ظاهیری شەرع ، دوو شاهید بگرێ لەسەر ئەوە کە نیازی تەلاقی بووە بەو نووسراوە ، ئەگینا بە ظاهیری شەرع بۆ ئێمە دروست نی‌یە حوکم بدەین بە کەوتنی تەلاقەکە لەبەرئەوە کە رێی تێ‌ئەچێ کابرا نیازی تەلاقی نەبووبێ • بەڵێ لە (نفس الامر)دا ئەگەر نیازی تەلاقی بووبێ ئەوە تەلاقەکە کەوتووەو لەپاش بەسەرچوونی (عدّە)ی ژنەکە دروستە ژنەکە شوو بکا بە کەسێک کە باوەری ببێ بە کەوتنی تەلاقەکەی ، چونکە لەم ئیشانەدا (نفس الامر) ئیعتیباری پێ‌ئەکرێ •

(بزانن) نیازی کابرا پێویستە لە کینایەدا لە سەرەتای لەفظەکەوە یا نووسینەکەوە ببێ • وە ئەگەر لەگەڵ هەموویا بوو ئەوە باشترە • ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی نیوەت یا چواریەکت یا صەدیەکت تەلاقی کەوتبێ ئەوە تەلاقی ئەکەوێ چونکە تەلاقەکەی لە بەشێکەوە تەشەنە ئەکا بۆ هەمووی • هەروەها ئەگەر وتی دڵت یا جگەرت یا دانت یا مووت یا سەرت یا گوێت چاوت تەلاقی کەوتبێ هەر تەلاقی ئەکەوێ • هەروەها ئەگەر بڵێت گیانت یا روحت یا خوێنت تەلاقی کەوتبێ ! بەلام تەلاقی ناکەوێ ئەگەر ببەستێ بە شتێکەوە کە زیادە بێ لە ئینسان خوی

وەکو ئەوە کە بلی عارەقت یا تفت یا بەلغەمت تەلاقی کەوتبی • هەروەها ئەگەر بیبەستی بە صیفەتیکەوە لە ژنەکەدا وەکو ئەوە کە بلیت چەوریت یا قەلەویت یا بیستنت یا بینینت یا تی گەیشتنت یا ژیانت تەلاقی کەوتبی ، چونکە ئەمانە صیفەتیکن پەیوەندی یان نی یە بە حەلالی و حەرامی یەوە •

هەروەها ئەگەر تەلاقەکەی بەست بە بەشیکیەوە کە لی ی جیابووبوەوە وەکو ئەوە بلیت تەلاقی دەستە بڕاوەکەت کەوتبی ، ئەوە تەلاقی ناکەوی •

وە ئەگەر ژنەکەی دیار نەبوو ، وە کابرا بە شیوەی گفتوگو وتی تەلاقت کەوتبی ، یاخود حازر بوو ، وە بە شیوەی قسە لەگەل کەسیکی نادیارا وتی تەلاقی کەوتبی ، ئەوە لە هەردوو صوورەتەکەدا ئەبی بە کینایە • ئەگەر نیازی تەلاقی ژنەکە بوو تەلاقی ئەکەوی ، ئەگینا تەلاقی ناکەوی • بەلی ئەگەر باسی ژنەکەی کرا مەسەلا کەسیك وتی ژنەکەت داوای تەلاق ئەکا ، ئەویش وتی تەلاقی کەوتبی،ئەمە صەریحە چونکە باسی ژنەکەی ئەبی بە بەلگە لەسەرئەوە کە تەلاقەکەی بەستووە بە ژنەکەوە •

هەروەها بە صەریح ئەزانری لە تەلاقدا ئەمە کە بە کەسیك بلی کورە تەلاقت کەوتبی ئەو قسەتە نەکرد یا ئەو قسەمە نەکرد یا ئەو شتە وا بوو یا ئەو شتە وا نەبوو ، ئەویش بلی بەلی • ئەوە ئەبی بە تەلاق خواردن لەلایەن ئەوکەسەوە کە (بەلیٚ)کەی کردووە لەسەر کردن یا نەکردنی ئەو ئیشە • هەروەها ئەگەر کەسیك وتی تەلاقم کەوتبی ، تویش بلی ی سیٚ جار ، ئەویش بلی سی جارو نیازی وابی ئەم ژمارەیە ببەستی بە تەلاقەکەوەو ماوەیەکی زوریش نەکەویتە بەینی قسەکانیانەوە ، ئەوە سی تەلاقەی ئەکەوی •

باسی تەلاق دانە دەستی ژن (تفویض)

دروستە بو پیاو تەلاق بداتە دەستی ژن بەوشەرتە کە خاوەن روشد بی ، یەعنی تەلاقەکەی بداتە دەستی بوئەوەی کە تـەلاقی خوی بـــدا ، مەسەلا پیی‌بلی تەلاقی خوت بدە ، یا تەلاقی خوت بدە بە دە دینار ، یـا تەلاقی خوت بدە ئەگەر ئارەزووت هەیە •

ئەم تەلاق دانە دەستی ژنە ، لەسەر فـەرمـوودەی تازەی ئیمـامی شافیعی ، کردنی تەلاقە بە مولکی ژنەکە • کەواتە پیویستە بو کـەوتنی تەلاقەکە ئەمە کە ژنەکە دەس‌بەجی تەلاقی خوی بـــدا ، چونکە ئـــەو تەلاق‌دانە لەجیی قوبوول کردنایە ، هەروەکو قوبوول ئەگــەر بـەینی کەوت لەگەل تەلاق دانەکەدا کەلکی نامینی ، ئەمیش هەروەهـایـــە • هەتاوەکو ئەگەر کابرا بەجوریك قسە بکا کە عومومیەتی وەختو شوین بگەیەنی یەعنی پیی‌بلی هەروەختی ئارەزووت پی‌بوو تەلاقی خوت بدە ، هەر پیویستە دەس‌بەجی تەلاقی خوی بدا ، بەپیی ئەوەی کە شـــــیخ فەرموویەتی لە (تحفە)دا • بەلام خاوەنی (نهایە)و (مغنی) ئەفەرموون لەمصوورەتەدا هەروەختیك ژنەکە تەلاقی خوی بدا دروستە •

لە فەرموودەیەکی‌تری ئیمامی شـــافیعیدا پی‌ســپاردنی تـــەلاق وەکیل‌گرتنە • کەواتە شەرت نی‌یە گورج تەلاقی خوی بداو هەرکاتی تەلاقی خوی‌بدا دروستە ، هەروەکو ئەگەر بلی بە ژنەکەی وەکیـلم بـە تەلاقی خوت بدە ، هەرکاتی تەلاقی خوی بدا دروستە • وە لەســــــەر هەردوو فەرموودەکە دروستە بو کابرا پەشیمان بیتەوە لەپیش ئەوەدا کە ژنەکە تەلاقی خوی بدا •

جا ئەگەر لەم تەلاق‌دانە دەستو پی‌سپاردنەدا کابرا ناوی عیوەزی نەبردو هەر ئەوەندە بوو وتی خوت تەلاق بدە ، ئەویش وتی وا خـوم

تەلاق دا ئەوە تەلاقیکی بەخورایی ئەکەوی • وە ئەگەر ناوی عیوەزی برد مەسەلا وتی تەلاقی خوت بدە بە دە دینارو ئەویش وتی وا تەلاقی خوم دا بە دە دینار ، یا هەر وتی وا تەلاقی خوم داو ناوی عیوەزی نەبرد ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە دە دینارەکە چونکە ئەگەر ناوی عیوەزیش نەبا لە جوابی قسەی کابرادا بووەو ئەبەسری پی‌یەوە •

وە ئەگەر لەم صورەتەدا ژنەکە وتی وا تەلاقی خوم دا بە نو دینار یا بە یازدە دینار ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی چونکە لەگەل قسەی کابرادا یەك‌ناکەوی • وە ئەگەر کابرا ناوی مالی نەبردو ژنەکە ناوی برد ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی‌و باسی مالەکەیش لەلایەن ژنەکەوە بی سوود ئەمینیتەوە •

وە ئەگەر کابرا وتی هەرکاتیك جەژنی رەمەزان هات خوت تەلاق بدە ، ئەوە لەسەر هەردوو فەرموودەکە پی‌سپاردنەکەی بەتالە چونکە نە بە مولك‌کردن‌و نە وەکیل‌گرتن بە تەعلیق دروست نی‌یە • بەلام لەسەر وەکیل‌گرتن کە ژنەکە تەلاقی خوی دا تەلاقی ئەکەوی چونکە هەرچەند وەکیل‌گرتنەکە خوی بەتال بی بەلام ئیذن‌دانە گشتی‌یەکە ئەمینیتەوە • ئەم قسەیە قسەی باوەر پی‌کراوی شیخی (ابن حجر)ە لە (تحفه)دا •

ئەگەر کابرا بە کینایە تەلاقەکەی سپارد بە ژنەکەی ، مەسەلا وتی خوت جیا بکەرەوە لیم‌و نیازی تەلاقی هیناو ژنەکەیش وتی وا خوم جیا کردەوەو نیازی تەلاقی هینا ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی • هەروەها ئەگەر ژنەکە بە صەریح خوی تەلاق دا ، یا کابرا بە صەریح تەلاقەکەی پی‌سپاردو ژنەکە بە کینایە وەرامی دایەوە لەگەل نیازی تەلاقدا هەر تەلاقی ئەکەوی • بەلام ئەگەر لە کینایەدا شەخصی خاوەن کینایە نیازی تەلاقی نەبوو ئەوە تەلاقەکە ناکەوی •

ئەگەر لە سپاردنی تەلاقدا کابرا ناوی ژمارەی تەلاقەکەی بردو ژنەکەیش هەر ناوی ئەوەی برد ، یا ناوی ژمارەی نەبرد ئەوە تەلاقەکەی لەسەر ئەو ژمارەیە ئەکەوی چونکە ئەگەر ناوی ژمارەیش نەبا هەر ئەبەسری بە قسەی کابراوە • وە ئەگەر ناوی ژمارەیەکی غەیری ئەوەی برد کە کابرا ناوی بردووە ئەوە کامیان کەمتر بی ئەو ژمارەیەیان ئەکەوی ، چونکە ئەگەر ژمارەی ناوبراوی کەمتر بوو ئەوە هەر لەوژمارەیەدا فەرمانەکەی بەجێ‌هیناوە ، وە ئەگەر ژمارەی کابرا کەمتر بوو،ئەوە هەر بو ئەو ئەندازەیە ئیذنی ژنەکەی داوەو لە زیاتردا ئیذنی نی‌یەو تەصەروفی ژنەکەیش بە بی‌ئیذنی کابرا بی‌سوودە• بویە ئەگەر یەکیك وتی بە وەکیلەکەی تەلاقی ژنەکەم بدە ، ئەویش هەر سی تەلاقەی دا ، هەر تەلاقیکی ئەکەوی چونکە ئیذن لە تەلاقدانا بەس ئیذنە لە یەك تەلاقدا •

وە ئەگەر کابرا ناوی ژمارەی نەبردو نیازیشی نەبوو ، وە ژنەکەیش تەلاقی خوی دا بە بی نیازی ژمارە یا بە نیازی ژمارەیەك ئەوە هەر یەك تەلاقی ئەکەوی چونکە ئیذن لە ماهیەتی تەلاقدا ئیذنە لە یەك تەلاقداو بەس • وە ئەگەر کابرا نیازی ژمارەیەکی هەبوو ، وە ژنەکەیش هەر ئەو نیازەی بوو ئەوە ئەو ژمارەیە ئەکەوی کە لە نیازیانا بووە • وە ئەگەر نیازی ژنەکە لەگەل نیازی کابراکەدا یەك نەبوو ، ئەوە ئەرواتە سەر نیازی ئەویانە کە نیازی کەمتری هیناوە •

شوینی تەلاقو دەسەلات بەسەریا

شوینی تەلاق بریتیـیە لە ژن ، وە دەسەلاتیش بەسەریا بەوە ئەبی ژنەکە لە عیصمەتی کابرادا بی یا لە (عدّە)ی تەلاقی (رجعی)دا بیو خاوەن ژنەکەیش تەصەروفی دروست بی لە تەلاقدا یەعنی مندالو شیتو بیهوش نەبی • کەواتە تەلاقی مندالو شیتو بیهوش دانامـــەزری ، هەروەها دروست نیـیە بو پیاوی بالغو عاقلو هوشیار تەلاقی ژنی بیگانە بدەن هەرچەند تەعلیقی بکەن بەکاتیکەوە کە ئەو ژنە ببی بە ژنیانو بیتـە ژیر عیصمەتیانەوە • دروستیش نیـیە کەسیك تەلاقی ژنی تەلاق دراوی (بائنە)ی خوی بدا چونکە (بائنە) تەلاقی پیوە نالکی •

جا لەسەر ئەم ئەساسە ئەگەر کەسیك سی تەلاقەی خوارد لەســەر ئیشیك ، وە لەپاشا بە ریکەوت ژنەکەی (بائنە) بووەوە بە تەلاق یـا بە هەلوەشاندنەوەی نیکاح مەسەلا وە کابرا ئیشەکەی کرد ، ئـەوە ئەو سی تەلاقەیە کە زوو خواردوویەتی ناکەوی چونکە لەمکاتەدا ژنـــەکـــەی (بائنە)یە • هەروەها ئەگەر لەپاش مارە کردنەوەی ژنەکە ئیشەکە بکـا هەر ناکەوی چونکە ئەو عیصمەتە کەوا تەلاقەکەی تیا خواردووە نەماوە، وە ئەم نیکاحە عیصمەتیکی تازەی جیاوازە وە لەموەختەدا کە ژنەکـــە دیتەوە ژیر نیکاحی بەوژمارە تەلاقانەوە دیتەوە ژیر نیکاحی کـــە پاش (بائنە) بوونەوەکە ماویەتی ، وە بە سی تەلاقەوە نایەتەوە هەرچەند لەپاش (بائنە) بووەنەوەکەیشی شووی کردبی بە پیاویکیتر مەگـــەر وەختی خوی سی تەلاقەی دابیو ئەو شووە کە کردوویەتی ببی بە مارەبەجاش بوی وەکو لەپیشەوە باسمانکرد •

(بزانن) لـەپـاش ئـەوە کـە کابرا سی تەلاقەی خوارد لەســەر ئیشیٚ ، ئەتوانی بەتایبەتی بو رزگاربوون لە کەوتنی سی تەلاقەکەی خولعی

ژنەکەی بکا ، وە لەپاش خولعەکە لـەمـــاوەی جیـــایی‌یا یـا لـەپـاش مارەکردنەوەی ژنەکەی ئەو ئیشە بکا • وە ئەم خولعە سوودی هـەیـــە خوای وەختی خوی سویندی لەسەر ئیثبات خواردبی یا لەسەر نەفی ، وە ئیثبات‌و نەفیەکە (مطلق) بن یا (مقید) بن ، وە تەلاقەکە زەمانی گەیاندبی یەعنی لەفظیکی لەگەلا بووبی زەمان بگەیەنی یا نە ، وە ئەمە لەســـــەر باوەری گەلی لە پیشەوایانی مەذهەبی شافیعی مەذهەبە وەکـــو (بلقینی)و (زرکشی)و (ابن الرفعه) • وە (خطیبی شـــربینی) ئەفەرمویت ئـــەم فەرموودەیە جیی باوەرو پشت پی بەستنە ، چونکە ظاهیری فەرموودەی هاوری‌یانی ئیمامی شافیعی لەسەر ئـەمـەیـە • (علي الشبراملسی)یش ئەفەرمویت باوەری شیخی (زیادی)یش بەم‌جورەیە • لە حاشـــــیەی (شیروانی)یشدا ئەفەرمویت مەیل‌و ئارەزووی (ابن القاســـم) بولای قسەی ئەم زاتانەیە • (بناء علیه) ئینسان ئەتوانی تەقلیدی فـەرموودەی ئەو ئیمامانە بکا کە فەرموویانە خولع پیاو رزگار ئەکا لە کەوتنی سی تەلاقە بە هەر صیغەیەك‌و بە هەر شیوەیەك تەلاقەکەی خواردبی ، وە پیویستە ئینسان تەماشای ئەو شتانەیش بکا کە لە سەرەتای خولعەکەوە باســـــم کردن •

ئاشکرایە کە ژمارەی تەلاقی ئینسانی ئازاد سی تەلاقە • جا هەرکەس بە کەمتر لە سی تەلاق ژنی تەلاق دا ، وە لەپاشا مـارەی کردەوە ئـەوە هەر پاشماوەی سی تەلاقەکەی بو دیتەوە ، هەرچەند لەوبەینەدا ژنـەکـە شووی کردبی بە کەسیکی‌تر ، وە تەلاق هەروەکو لە ساغی‌دا ئەکـەوی لە نەخوشی‌یشدا ئەکەوی مادەم کابرا هوشی بە خویەوە بی ، هەرچەنـد کابرا بەو نەخوشی‌یەشەوە بمری ، وە لەپاش مردنیش میرات بردن لـــە بەینی ژن‌و میردا هەیە ، هەرکامیان بمرن ، هەر ئەوەنـــدە تەلاقەکـــە (رجعی) بی ، بەلام لە تەلاقی (بائن)دا میرات بردن نی‌یە • بەلی زور

گوناهە ئینسان ژنی خوی لە نەخوشیدا (بائنە) بکاتەوە بوئەوە کە میراتی لی وەرنەگری ، هەتاوەکو حەزرەتی (عثمان) خوای لی رازی بی میراتی داوە بە ژنی (بائنە) • فەرموودەی کۆنی ئیمامی شافیعی‌یش لەسەر میرات بردنیەتی •

باسی کەوتنی ژمارەیەك لە تەلاق بەهوی نیازی ژمارەوە

ئەگەر کابرایەك وتی بە ژنەکەی تەلاقت کەوتبی‌و نیازی ژمارەی نەبوو ، تەلاقیکی ئەکەوی • ئەگەر نیازی ژمارەیەکی تایبەتی‌ی بوو ئەو ژمارەیە ئەکەوی • هەروەها ئەگەر بە لەفظی کینایە بی وەکو ئەوە کە بلیت لیم جیا ببەرەوەو مەبەستی تەلاق بی ئەوەیش ئەگەر نیازی ژمارەی نەبوو تەلاقیکی ئەکەوی ، وە ئەگەر مەبەستی ژمارەیەك بوو ئەو ژمارەیە ئەکەوی •

ئەگەر بە بی‌ئەوە کە ژنەکە داوای تەلاق بکا کابرا سی بەردی نایە مشتی ژنەکە ئەوە تەلاقی ناکەوی خوای نیازی تەلاقی ببی یا نە • وە ئەگەر ژنەکە داوای تەلاقی کردو ئەمیش سی بەردی نایە مشتی‌و هیچ باسی تەلاقی نەکرد هەر تەلاقی ناکەوی ، تەلاقی خاوەن زوبان بە بی‌لەفظ ناکەوی مەگەر لەکاتی نووسیناوەکو باسمان کرد •

ئەگەر لەوکاتەدا کە بەردەکانی نایە مشتی وتی ئەمە تەلاقەکانت وا پیم‌دایتەوە ئەوە هەر سی تەلاقی ئەکەوی بەوشەرتە نیازی لەو قسەیە تەلاقدان بی چونکە ئەو قسەیە کینایەیەو پیویستی بەوەیە کە نیازی تەلاقدانی ژنەکەی ببی • وە ئەگەر نیازی تەلاقدانی نەبوو تەلاقی ناکەوی •

هەروەها ئەگەر بەردەکانی یەکەیەکە نایە مشتی ژنەکەوەو وتی ئەمە لەسەر دە دینار ، ئەمەیش لەسەر گەردانەکەت ، ئەمەیش لەسەر مارەیی‌یەکەت‌و نیازی تەلاق دانی ببی ، جا ئەگەر لەپاش لەفظی یەکەم ژنەکە قوبوولی کرد ئەوە تەلاقیکی ئەکەوی‌و (بائنە) ئەبیتەوە ، ئیتر تەلاقی دووهەم‌و سیهەمی ناکەوی . وە ئەگەر لەپاش لەفظی دووهەم قوبوولی کرد دوو تەلاقی ئەکەوی . وە ئەگەر لەپاش لەفظی سیهەم قوبوولی کرد هەر سی تەلاقەی ئەکەوی .

ئەگەر ژنەکە داوای تەلاقی لە میردەکەی کرد ، ئەمیش وتی وەرە هەر سی بەردەکە بنیمە مشتت،جا ژنەکە هات‌و کابرا سی بەردی نایە مشتی، ئەمە ئەگەر مەبەستی لە سی بەردە سی تەلاقە بوو ، وە لەوکاتەیشدا بەردەکانی نایە مشتی لەفظیکی‌وای وت کە ئیشارە بی بو بەردەکان وەکو ئەوە کە بلیت فەرموو ئەمە بەردەکانت ئەوە هەر سی تەلاقی ئەکەوی . وە ئەگەر مەبەستی لە بەردەکان تەلاق نەبی یاخود مەبەستی تەلاق بی ، بەلام لەوکاتەدا بەردەکان ئەنیتە مشتی هیچ قسەیەکی‌وا نەکا ئەوە تەلاقی ناکەوی چونکە شتیك نی‌یە ئەم بەرد خستنە مشتە ببەستی بە تەلاق‌دانەوە.

ئەگەر کابرا وتی تەلاقت کەوتبی بە هەموو مەذهەبیك ، ئەوە ئەگەر مەبەستی موبالەغە بی لە کەوتنی تەلاقدا تەلاقیکی ئەکەوی . وە ئەگەر مەبەستی تەعلیق کردن بی بە کاتی رەوابوونی تەلاقەکەیەوە لە هەموو مەذهەبیکدا ئەوە پیویستە کە هەموو مەذهەبیکی خاوەن ئیعتیبار ئەو تەلاقە بخا .

وە ئەگەر وتی سی تەلاقت کەوتبی بە هەموو مەذهەبیك ، ئەمیش ئەگەر هەر نیازی موبالەغە بوو هەر سی تەلاقەی ئەکەوی . وە ئەگەر مەبەستی تەعلیق کردن بوو بە کاتی بە حەلال زانینی سی تەلاقەوە لەو مەذهەبانەدا ئەوە تەلاقی ناکەوی چونکە لە مەذهەبی هەندیك لە

ئیمامەکاندا سی تەلاقە حەرامە • وە ئەگەر مەبەستی تەعلیق کردن بی بە کاتی ئەوەوە کە هەموو مەذهەبەکان بلین تەلاقەکان کەوتوون هەرچەنـد بە حەرامیشی بزانن ، ئەوە هەر سی تەلاقی ئەکەوی چونکە لەســـەر هەموو مەذهەبە خاوەن ئیعتیبارەکان سی تەلاقە بە یەکجار ئـــەکـــەوی هەرچەند تەلاقدانەکەیش حەرام بی • وە لە وەختی بی‌نیازیدا حوکـم ئەکری بە کەوتنی هەر سی تەلاقەکەی چونکە لەفظەکە ئاشکرایـە لــەو مەعنایەدا •

ئەگەر کابرایەك دوو ژنی هەبوو ، وە وتی پی‌یان سی تەلاقەتـــان کەوتبی ئەوە سی تەلاقەی هەردوکیان ئەکەوی • هەروەها ئەگەر وتی سی تەلاقتان کەوتبی‌و نیازی ئەوە بی یەکی سی تەلاقیان بکەوی • وە ئەگەر مەبەستی دابەش کردنی سی تەلاق بی بەسەریانا ، ئەوە یەکی دوو تەلاقیان ئەکەوی چونکە یەکی تەلاق‌و نیویکیان بـە لـەفظەکـە ئـــەکـــەوی‌و نیوەکەی‌تریشی بە تەئثیری نیوە کەوتووەکە ئەکەوی •

ئەگەر کابرا ویستی بلی تەلاقت کەوتبی سی‌بەسی ، وە لەپیش وتنی لەفظی سی‌بەسی‌کەدا مرد یاخود کەسیك دەستی دانا لەســــــەر دەمی‌و نەیهیشت قسەکەی تەواو بکا هەر سی تەلاقی ئەکەوی چونکە لەوکاتـەدا کە وتوویەتی تەلاقت کەوتبی مەبەستی سی تەلاقە بووە • بەلام ئەگـــەر لەپیش تەواوکردنی جوملەی تەلاقەکەدا مرد یا نەهیلرا قسەکەی تـەواو بکا ئەوە تەلاقی ناکەوی چونکە نیازی رووت بە بی‌لەفظی خاوەن سوود بەتالە • ئەگەر وتی دوو تەلاقت کەوتبی‌و مەبەستی سی تەلاق بوو ئـەوە هەر دوو تەلاقی ئەکەوی •

وە ئەگەر وتی بە ژنەکـــەی تو سی تـەلاق دراوی ، سی تـەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر وتی تو وەکو سی تەلاق دراوی ئەوە یەك تـەلاقی

ئەکەوی • هەروەها ئەگەر بلیت یەك تەلاقت کەوتبی هەزار جار هەر تەلاقیکی ئەکەوی •

وە ئەگەر وتی پر بەدنیا یا پر بە زەوی یا پر بە ئاسمان تەلاقت کەوتبی هەر تەلاقیکی ئەکەوی • هەروەها ئەگەر وتی تەلاقیکی زور گەورەت کەوتبی یا زور دریژ یا زور نابار یا زور ناشیرین هەر تەلاقیکی ئەکەوی • ئەگەر بیشلیت پر بەو سی خانووە تەلاقت کەوتبی هەر تەلاقیکی ئەکەوی • بەلی لە کتیبی (عباب)دا ئەفەرمویت لەم صوورەتە ئاخرەدا سی تەلاقەی ئەکەوی چونکە مادەم خانووەکان سی خانوون ئەوەی پری هەر خانوویەك بیت ئیعتیبار ئەکری بە تەلاقیك کەواتە بە سی خانووەکە سی تەلاقی ئەکەوی •

ئەگەر وتی تەلاقت کەوتبی ، تەلاقت کەوتبی ، تەلاقت کەوتبی ، وە ماوە زور بوو لەبەینی تەلاقەکانا ، سی تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر ماوە زور نەبوو ئەمجار ئەگەر مەبەستی بەو دووبارە کردنەوەیە تەئکید کردنەوە بی تەلاقیکی ئەکەوی • وە ئەگەر مەبەستی دووبارە کردنەوەی قسەکەی بی بەشیوەیەکی سەربەخو کە پەیوەندی بەوی پیشووەوە نەبی، یا هیچ مەبەستی نەبی سی تەلاقی ئەکەوی •

وە ئەگەر وتی تەلاقت کەوتبی ئەوەندەی (گڵ) هەر یەك تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر بلی ئەوەندەی (لم) سی تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر بلی ئەوەندەی گەلای دار یا ئەوەندەی داری کیو یا ئەوەندەی گیای دەشت سی تەلاقی ئەکەوی • هەروەها ئەگەر وتی ئەوەندەی مووی فلان کەس و مەعلووم نەبوو ئەوکەسە لەشی چونە ، چونکە بەعادەت قابیل نی یە ئەوکەسە سی موو بە لەشیەوە نەبی •

ئەگەر وتی تەلاقت کەوتبی ئەوەندەی ماسی ی ناو ئەو حەوزە ، وە دیار نەبوو چەند ماسی ی تیایە ئەوە هەر تەلاقیکی ئەکەوی • وە ئەگەر

ژنەکەی شەری لەگەلدا کرد ئەویش گوچانیکی بەدەستەوە بوو ، وە وتی سی تەلاقی کەوتبی ئەوە وادیارە هەر سی تەلاقەی ئەکەوی، بەلام حەوالەی ئایینی خوی ئەکری • ئەگەر لە بەینی خوی‌و خوادا مەبەستی گوچانەکە بووبی تەلاقی ناکەوی • وەك ئەوە کە ژنەکەی ناوی پەروین بی مەسەلاو بلی پەروین تەلاقی کەوتبی‌و مەبەستی پەروین ناویکی‌تر بی ، ئەویش وادیارە تەلاقی ژنەکەی ئەکەوی ، بەلام حەوالەی دینی خویشی ئەکری• جا ئەتوانی داوا لە ژنەکەی بکا کە لەگەلی بمینیتەوە ، ئەگەر ژنەکە باوەری وابوو راست ئەکا مەبەستی لە پەروین ئەو نەبوە ، دروستە لەگەلیا بمینیتەوە • وە ئەگەر باوەری پی‌ی نەبوو دروست نی‌یە بوی لەگەلی بمینیتەوە •

ئەگەر ژنەکەی وتی سی تەلاقەم بدە ، ئەویش وتی تەلاقت کەوتبی‌و نیازی ژمارەیەکی تایبەتی‌ی نەبوو هەر تەلاقیکی ئەکەوی • ئەگەر یەك تەلاقی ژنەکەی داو لەپاشا وتی وا کردم بە سی تەلاق ئەوە هەر ئەو یەك تەلاقەی ئەکەوی چونکە مەحالە یەك تەلاق ببی بە سی تەلاق •

ئەگەر وتی تەلاقت کەوتبی‌و ، تەلاقت کەوتبی‌و ، تەلاقت کەوتبی ، وە ماوە لەبەینیانا زور بوو سی تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر ماوە زور نەبوو ئەوە بە یەکەم‌و بە دووهەم دوو تەلاقی ئەکەوی • جا ئەگەر بە جاری سیهەم مەبەستی تەئکید کردنەوەی جاری دووهەم بوو ئەوە هەر دوو تەلاقەکەی کەوتووە • وە ئەگەر مەبەستی تەئکید کردنەوەی تەلاقی یەکەم بوو یاخود مەبەستی عەطف بوو تەلاقیکی‌تری پی‌ئەکەوی • بەلام ئەم تەفصیلاتە بو ژنیکە کابرا چووبیتە لای ، چونکە ئەگەر ئەم قسانە لەگەل ژنیکدا رووبدا کە نەچووبیتەلای ئەوە هەر لە سەرەتاوە تەلاقیکی ئەکەوی‌و ئیتر (بائنە) ئەبیتەوەو تەلاقی‌تری پیوە نالکی • بەلی ئەگەر کابرا وتی بە ژنیکی کە نەچووبوە لای هەرکاتی چووی بو مالی باوکت

تەلاقت کەوتبیو تەلاقت کەوتبی ، ئەوە لەوکاتەدا کە ئەچیتە مالی باوکی، دوو تەلاقی ئەکەوی چونکە ئەم دوو تەلاقە پیکەوە بوون بە جەزای شەرتەکەو خویشیان لەبەرئەوە کە بەهوی واوی عەطفەوە وان بەیەکەوە. بەجاری هەردوکیان ئەکەون • کەواتە ئەگەر وتی بە ژنیکی کە نەچووبیتە لای هەروەختی چوویتە مالی باوکت تەلاقیکت کەوتبی جا تەلاقیکی تریشت کەوتبی ئەوە کە چووە مالی باوکی هەر تەلاقیکی ئەکەوی چونکە لەفظی (جا) دواکەوتن ئەگەیەنیو ئافرەتی کە نەچووبیتە لای تەلاقی دوایی ناکەوی •

ئەگەر وتی بە ژنەکەی تەلاقیکت کەوتبی لەپیش تەلاقیکا یا لەپاش تەلاقیك یا لەگەل تەلاقیکا ، ئەوە ئەگەر چووبووە لای ژنەکەی دوو تەلاقی ئەکەوی ، ئەگینا هەر تەلاقیکی ئەکەوی • ئەگەر وتی نیو تەلاقت لە نیو تەلاقا ، یا نیو تەلاقت لە تەلاقیکا ، یا تەلاقیکت لە تەلاقیکا کەوتبی ئەوە هەر یەك تەلاقی ئەکەوی • هەروەها ئەگەر وتی هەندیکی تەلاقیکت کەوتبی یا دوو نیوە تەلاقت کەوتبی هەر تەلاقیکی ئەکەوی ، مەگەر لەم لەفظە دوایییە مەبەستی دوو نیوە بی لە دوو تەلاق ئەوە دوو تەلاقی ئەکەوی • هەروەها ئەگەر وتی نیوەو سییەكو شەشیەکی تەلاقیکت کەوتبی هەر تەلاقیکی ئەکەوی • وە ئەگەر وتی نیوەی دوو تەلاق یا سی نیوە تەلاق یا نیوە تەلاقیكو سییەکی تەلاقیکیترت کەوتبی ئەوە دوو تەلاقی ئەکەوی • بەلام ئەگەر وتی نیوەو سییەکی تەلاقیکت کەوتبی ئەوە تەلاقیکی ئەکەوی •

ئەگەر کابرا چوار ژنی هەبوو ، وە وتی تەلاقیکم خستن ، ئەوە یەکی تەلاقیکیان ئەکەوی • وە ئەگەر وتی دوو تەلاقم خستن ئەوە ئەگەر مەبەستی بەشکردن بی یەکی تەلاقیکیان ئەکەوی • وە ئەگەر مەبەستی یەکی دوو تەلاق بی یەکی دوو تەلاقیان ئەکەوی • وە ئەگەر وتی سی

تەلاقم خستن ئەوە ئەگەر مەبەستی بەش‌کردنی تیکرای بی یەکی تەلاقیکیان ئەکەوی • وە ئەگەر مەبەستی ئەوە بی هەموو تەلاقیکیان بەش بکاتەوە بەسەریانا ئەوە یەکی سی تەلاقیان ئەکەوی • وە ئەگەر وتی چوار تەلاقتان کەوتبی ، ئەوە ئەگەر مەبەستی بەش‌کردنی تیکرای بی یەکی دوو تەلاقیان ئەکەوی • وە ئەگەر مەبەستی بەش‌کردنی هەموو تەلاقیٚ بی ئەوە بە دابەش‌کردنی سی تەلاق یەکی سی تەلاقەیان ئەکەوی‌و تەلاقی چوارەم بە زیاد دەرئەچی •

ئەگەر وتی سی تەلاقم خست لەبەینتانا ، وە لەپاشا وتی مەبەستم هەر تەلاقی ژنیکیان یا دوانیان یا سیانیان بووە ئەوە بەئاشکرا لی‌ی قوبوول نکری بەلام کابرا حەوالەی ئایینی خوی ئەکری • جا لەسەر ئەو نیازەی لەبەینی خوی‌و خوادا هەرکامیان دەربکا دەرئەچی • وە بو ئەوانەیش کە ماونەتەوە ئەگەر مەبەستی ئەوە بی هەمووی بەش‌بکاتەوە بەسەریانا یا یەکە یەکەی تەلاقەکان بەش بکاتەوە ئەوە دیارە • وە ئەگەر بی مەبەست بوو ئەوە هەریەکی سی تەلاقیان ئەکەوی • وە ئەگەر ژنیکی تەلاق دا ، جا وتی بە ژنیکی‌تری تویشم کرد بە هاوبەشی ئەو ، ئەمە ئەگەر نیازی تەلاق نەبی بەتالە ، وە ئەگەر مەبەستی هاوبەشی بی لە ئەصلی تەلاق‌کەوتنا ئەمیش تەلاقیکی ئەکەوی ، مەسەلا لە یەك تەلاقا وە لە دوو تەلاقا تەلاقیکی ئەکەوی ، وە لە سی تەلاقا دوو تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر مەبەستی لە هاوبەشی ئەوەبوو ئەمیش وەك ئەو بی‌ئەوە ئەوەندەی ئەو تەلاقی ئەکەوی • هەروەها ئەگەر کەسیك ژنی خوی تەلاق بداو پیاویکی‌تر بە ژنەکەی خوی بلی وا منیش توم کرد بە هاوبەش لەگەل ژنەکەی فلانکەسدا •

باسی جیاکردنەوەی یەکیك یا زیاتر لەوەی کە وتراوە (استثناء)

جیاکردنەوە دوو جورە • یەکەمیان ژمارە هەلئەگری وەکو ئەوە بلیت سی‌بەسی تەلاقت کەوتبی ، یەك تەلاق یا دوو تەلاقی نەبی • دووەمیان ئەصلی تەلاقەکە هەلئەگری وەکو ئەوە کە بلی تەلاقت کەوتبی (ان شاء الله) ئەگەر خوا مەیلی ببی ، یا (ان لم یشأ الله) ئەگەر خوا مەیلی نەبی • لەم دوو صوورەتەی دواییدا تەلاقەکەی ناکەوی چونکە نە مەیلی خوا لە صوورەتی یەکەمدا ، وە نە بی‌مەیلی‌ی خوا لە صوورەتی دووهەمدا بو ئیمە مەعلووم نی‌یە • هەروەها ئەگەر بلی تەلاقت کەوتبی مەگەر خوا مەیلی ببی یا مەگەر خوا مەیلی نەبی ، ئەوە هەر تەلاقەکەی ناکەوی ، چونکە مەعنای صوورەتی یەکەم ئەوەیە تەلاقت کەوتبی مەگەر کاتی کە خوا مەیلی هەبی لەسەر کەوتنی ، وە مەعنای صوورەتی دووهەم ئەوەیە تەلاقت کەوتبی مەگەر کاتیك کە خوا مەیلی نەبی لەسەر کەوتن وەکو لە شەرحی (محلّی)و (خطیب)دا نووسراوە • وە بوونو نەبوونی مەیلی خوا لای ئیمە دیار نی‌یە • وە مادەم (معلق علیە) مەعلووم نەبی (معلق) نایەتەجی • بیجگە لەمانە مەعنای ئەم تەعلیق بە مەیلو بی‌مەیلی‌یە ئەگەر دیتەسەر تەعلیقی کەوتنی تەلاق لەسەر مەیل ئەو مەیلە دیار نی‌یە• وە ئەگەر دیتە سەر تەعلیقی کەوتنی تەلاق بە نەبوونی مەیلەوە ئەوە تەلاق‌کەوتن بە بی‌مەیلی خودا مەحالە ، کەوابوو بە هەرحال تەلاقەکە ناکەوی •

وە هەروەکو تەعلیق بە مەیلو بی‌مەیلی‌ی خوداوە مانیعی کەوتنی تەلاقە ، هەروەها مانیعیشە بو بەجی‌هاتنی هەموو عەقدو حەللیك وەکو

فروشتن‌و بەکری‌دان‌و وەقف‌و نەذرو بەخشین‌و نیکاح‌و سویندو غەیری ئەمانەیش •

تەعلیق کردنیش بە صیفەتی غەیری خواستی خواوە وەکو ئارەزوو کردن‌و نەکردنی فلان‌کەس یا وەکو چوون بو مالی فلان مەسەلا ئەوە نە ژمارە هەل‌ئەگری‌و نە ئەصلی تەلاق هەل‌ئەگری بەلکو تەلاقەکە ئەبەستی بە هەندیك وەزع‌و حالەوە ، چونکە بەجی‌هاتن‌و بەجی‌نەهاتنی ئـــەو صیفەتە دەرئەکەوی بومان ، وە ئەمانە حوکمیان جیایە لە جیاکردنەوە •

(بزانن) جیاکردنەوە بە (الا ّ)ی عەرەبی ، وە بەهوی بەســتن بە مەیلی خواوە چەند شەرتیکیان هەیە • یەکەم ئەوەیە کابرا نیـــازی ئەو جیاکردنەوەیە ببی لەپیش تەواوکردنی جوملەی تەلاقەکەدا مەسەلا • دووهەم ئەوەیە لکابی بە جوملەکەوە لەکاتی قسەکردنەکەدا بەجوری کە لە عورفدا بە یەك قسە بژمیررین • بەلی زیانی نی‌یە ماتل بوونی ئینسـان بو هەناسەدان‌و زمان‌گرتن‌و کوکەو دەنگ‌گیران‌و بیرکردنەوە لە وەزعی جیاکردنەوەکەدا •

سیهەم ئەوەیە بە زمان بیلیت بەجوری کە خوی بیبیسی لـەکـــاتی ئارامی‌ی شوینەکەدا ئەگینا بی‌سوودە • کەواتە ئەگەر کابرا ئیدیعـای ئەوەی ئەکرد کە ئەو جیاکردنەوەیە لە دلیـــا بووە یاخـــود بە زمـــان وتوویەتی بەلام خوی نەی‌بیستووە ئەوە بە قەطعی لی‌ی قوبوول ناکـــری بەلکو حەوالەی دیانەتی خویشی ناکری چونکە جیاکردنەوەی ژمارە یـا جیاکردنەوە بە ئارەزووی خوا (مشیئة الله) زور قورسن یەکەمیان ژمارە هەل‌ئەگری‌و دووهەمیان ئەصلی تەلاقەکە هەل‌ئەگری ، نیازی شتیکیش کە ژمارە لابەری یا ئەصلی تەلاقەکە لابەری دوورە لە عورف‌و بەکارهینانەوە• بەلام لە تەعلیق بە صیفەتدا وەکو رویشتنەوە بو مالی باوکی مەسەلا ئەگەر کابرا ئیدیعای نیازی کرد ، ئەوە ئەگەر بەلگە هەبوو لەسەری ، ئـــەوە

بەئاشکرا قوبوول ئەکری ، ئەگینا قوبوول ناکری ، بەلام حەوالەی دیانەتی خوی ئەکری ، وە لە واقیعدا ئەو نیازە سوودی هەیە بوی ، چونکە ئەم قەیدە شتیکیوا نییە کە ژمارە هەلبگری یا ئەصلی تەلاقەکە هەلبگری ، بەلکو تەلاقەکە ئەبەستی بە هەندی حالەوە •

چوارەم ئەوەیە وای بلی کە غەیری خویشی بیبیسی ، ئەگینا ئەگەر کابرا ئیدیعای کرد کە وتوویەتی بە ژنەکەی تەلاقت کەوتبی مەگەر خودا مەیلی ببی ، بەلام ژنەکە نەیبیستووە ، وە ژنەکەیش وتی نەخەیر نەیوتووەو کابرایش شاهیدی نەبوو ، ئەوە ژنەکە سویند ئەدری لەسەر نەبوونی ئەو قەیدەو تەلاقەکەی ئەکەوی ، بەلام لە غەیری ئەم قەیدەدا وەکو تەعلیق بە صیفەتیکیتر بیستنی غەیر شەرت نییە • وە ئەگەر کابرا ئیدیعای کرد وتی وتوومە تەلاقت کەوتبی ئەگەر برویتەوە بو مالی باوکت یا ئەگەر منالەکەم بو بەخیو بکەی یا ئەگەر شتی لە مالم دەرنەکەی، وە ژنەکەیش وتی نەتوتووەو کابرا شاهیدی نەبوو ئەوە کابرا باوەری پی ئەکری بە سویندو بە بی ئەو صیفەتە تەلاقەکەی ناکەوی وەکو لە حاشیەکانی (تحفە)و (نهایە)و غەیری ئەوانیشدا هەیە • وە گوی بەوە نادری کە لە (بغیە)دا ئەلی ژنەکە باوەری پیئەکری بە سویند چونکە باوەر پیکرانی ژن لە مەسئەلەی تەعلیق کردنایە بە ئارەزووی خواوە وەکو باسمانکرد •

(بزانن) ئەگەر ژنەکە ئینکاری وتنی قەیدەکەی نەکرد ، بەلکو ئینکاری بیستنی خوی کرد ئەوە لەمصوورەتەدا کابرا باوەری پیئەکری بە سویند لەسەر وتنی قەیدەکە ، هەرچەند تەعلیق بە (مشیئة اللە) بی ، چونکە لازمناکا لە نەبیستنەوە نەبوونی قەیدەکە•هەروەها ئەگەر دووشاهید لەویادا بنو بلین ئەو قەیدەمان نەبیستووە ، ئەوە هەر کابرا باوەری پیئەکری لەسەر وتنی قەیدەکە • بەلی ئەگەر شەهادەتی شاهیدەکان لەسەر

نەبزواندنەوەی لیوی کابرا بوو لەکاتیکی تایبەتی‌یا ئەوە شەهادەتەکەیان قوبوول ئەکری چونکە ئەم نەفی کردنە مەحدوودە •

پینجەم ئەوەیە کابرا مەعنای ئەو جیا کردنەوەیە بزانی ، یەعنی تی‌بگا کەچی لی پەیدا ئەبی • ئەگینا ئەگەر مەلایەك لەفظی جیاکردنەوەکەی پیشان بداو ئەویش خوی نەیزانی‌و بە زمان بیلی‌و لە مەعناکەی حالی نەبی ئەوە هیچ سوودی نی‌یەو بە هیچ دائەنری •

شەشەم ئەوەیە جیاکردنەوە هەموو لی‌جیاکراوەکە نەگریتەوە ، یەعنی ئەوەندەی ژمارەی ئەو نەبی • کەواتە ئەگەر وتی سی تەلاقت کەوتبی سی تەلاق نەبی ئەوە سوودی نی‌یەو هەر سی تەلاقەکەی ئەکەوی• هەروەها ئەگەر بلی تەلاقیکت کەوتبی یەك تەلاق نەبی ، یا دوو تەلاقت کەوتبی دوو تەلاق نەبی ، هەر بی‌سوودە • کەواتە ئەبی بلی سی تەلاقت کەوتبی یەك تەلاقی نەبی یا دوو تەلاقی نەبی ، ئەوە لە صوورەتی یەکەمدا دوو تەلاق‌و لە صوورەتی دووهەمدا یەك تەلاقی ئەکەوی •

وە ئەگەر چەند جیاکراوەیەك کەوتنە دوای‌یەك‌و یەکەمیان هەموو لی‌جیاکراوەکەی ئەگرتەوە ، ئەوە ئەگەر پاش جیاکردنەوەی ئەوانی‌تر لە پیشووەکەیان راست بووەوە ، باشە • کەواتە ئەگەر وتی سی تەلاقت کەوتبی تەنها سی تەلاق ، تەنها دوو تەلاق ، تەنها تەلاقیك نەبی ، ئەوە تەلاقیکی ئەکەوی چونکە یەك لە دوو دەرکەین یەکیکی ئەمینیتەوە ، وە ئەم یەکە لە سی دەرکەین دووی ئەمینیتەوە ، وە ئەم دووە لە سی دەرکەین یەك تەلاقی ئەمینیتەوە کە ئەوەیە ئەکەوی •

وە ئەگەر وتی سی تەلاقت کەوتبی تەنها سی تەلاقی نەبی ، تەنها دوو تەلاقی نەبی ئەوە دوو تەلاقی ئەکەوی چونکە دوو لە سی دەرکەین یەکی ئەمینیتەوە ، وە ئەم یەکە لە سی دەرکەین دووی ئەمینیتەوەو ئەم

دووه ئەکەوی • وه ئەگەر وتی پینج تەلاقت کەوتبی سی تەلاقی نەبی دوو تەلاقی ئەکەوی • وه ئەگەر وتی سی تەلاقت کەوتبی نیوه تەلاقیك نەبی ئەوه هەر سی تەلاقەی ئەکەوی چونکه لەپاش جیاکردنەوەی نیوه تەلاقەکه ئەو نیوه تەلاقه که ئەکەوی ئەبی بەهوی کـەوتنی نیوەکـــەیتریشی • کەواته وای لیدیت وەکو ئـەوه هیچی جیـــا نەکردبیتەوەو هـــەر سی تەلاقەکەی ئەکەوی •

(بزانن) جیاکردنەوه له نەفی ئیثباته ، وه جیاکردنەوه له ئیثبـات نەفیه • وه له صوورەتی یەك کەوتنی چەند جیاکردنەوەیەکدا چـەنـــد دەستووریك هەیه بوئەوەی بزانین لەئەنجاما چەند تەلاقی ئـەکـەوی • ئاسانتریان ئەوەیه جیاکراوەی دوایی دەربکەی لەوەی وا لەپیشیەوه ، وه هەروەها تا ئەگەی بەوەی له سەرەتاوه جیاکراوەتەوه •

باسی شكو گومان له تەلاقدا

گومان لەم شوینەدا سی بەشه • یەکەم گومانه له ئەسلی تەلاقـدا • دووەم گومانه له ژمارەیدا • سیهەم گومانه له تەلاقدراوەکەدا • جـــا ئەگەر کابرا گومانی لەوەدابوو که تەلاقی ژنەکەی داوه به تەنجیز یا به تەعلیق ئەوه هەموو زانایانی شەرع لەسەر ئەوەن که تەلاقەکه ناکەوی • وه ئەگەر ئەیزانی تەلاقی کەوتووه به یەقین ، وه گومانی لەوەدا بوو که ژمارەی تەلاقەکه چەندە ، ئەوه لای کەمی ئەکەوی ، بەلام سوننەته کابرا (ورع) پاریز بکا ، یەعنی له صوورەتی یەکەمدا ژنـەکـەی (رجعـه) بکاتەوه ئەگەر گومانی له تەلاقی (رجعی)دا بوو ، وه عەقدی نیکاحەکەی تازه بکاتەوه ئەگەر گومانیلە تەلاقی (بائنه)دا بوو ، یاخود ساف تەلاقی بدا بوئەوەی لەپاش بەســـەرچوونی (عدّه) بـه یەقین حـــەلال بی بو ئەوکەسەی که شووی پیئەکا •

وه له صووره‌تی دووهه‌مدا ئیعتیباری لای زووررووی ژماره‌که بکا ، یه‌عنی ئه‌گه‌ر گومانی له یه‌ك‌و دوودا بوو ئیعتیباری دوو بکا • وه ئـه‌گه‌ر گومانی له دوو سی‌دا بوو ئیعتیباری سی بکاو ماره‌ی نه‌کاته‌وه تا شوو نه‌کا به یه‌کیکی‌تر • جا ئه‌گه‌ر ویستی له‌پاشا ماره‌ی بکاته‌وه ، وه به سی ته‌لاقه بیته‌وه بولای سی ته‌لاقه‌ی بدا بوئه‌وه‌ی له‌پاش ماره‌به‌جاش (تحليل) به سی ته‌لاقه‌وه بیته‌وه بو لای •

باسی گومان له ژنه ته‌لاق‌دراوه‌که‌دا

له صووره‌تی سیهه‌میشدا ئه‌گه‌ر کابرا وتی به ژنه‌که‌ی ئه‌گه‌ر ئـه‌و په‌له‌وه‌ره کوتر بوو ته‌لاقت که‌وتبی ، وه یه‌کیکی‌تریش وتی به ژنه‌که‌ی خوی ئه‌گه‌ر ئه‌و په‌له‌وه‌ره کوتر نه‌بوو ته‌لاقت که‌وتبی ، وه نـه‌زانـرا په‌له‌وه‌ره‌که کوتره یا نه ئه‌وه حوکم ناکری به که‌وتنی ته‌لاقی هیچیـان چونکه هه‌رچه‌ند ئه‌بی لایه‌کیان راست بی‌و دروست نی‌یه هیچ‌لایه‌کیـان راست نه‌بی ، به‌لام ماده‌م ته‌علیقه‌کان هه‌ریه‌کی له که‌سیکه‌وه‌یه‌و هه‌رکه‌سی له‌وان ته‌علیقه‌که‌ی به ته‌نها مایه‌ی که‌وتنی ته‌لاقه‌که‌ی نی‌یه ، تـه‌علیقی ئه‌وی‌تر نابی به‌هوی که‌وتنی ته‌لاقه‌که‌ی •

به‌لی ئه‌گه‌ر که‌سیك ئه‌م دوو ته‌علیقه‌ی به‌رابه‌ر به ژنی خوی کرد ، ئه‌وه ته‌لاقی ژنیکیان به‌راستی ئه‌که‌وی چونکه هه‌ردوو ژنه‌کـه لـه‌ژیـر عیصمه‌تی ئه‌ودان‌و ته‌لاقی هه‌ر کامیان بکه‌وی له‌سه‌ر ئه‌م کابرا حـه‌رام ئه‌بی ، وه پیویسته له‌م‌کاته‌دا له وه‌زعی په‌له‌وه‌ره‌که‌یش بکولیته‌وه ئه‌گه‌ر ته‌لاقه‌که‌(بائن)بی‌و قابیل بی په‌له‌وه‌ره‌که بدوزریته‌وه به نیشانه‌و عه‌لامه‌تدا، جا پاش ئه‌وه که ته‌لاقی هه‌رکامیان که‌وت واجبه کابرا ده‌ری‌بری‌و به‌یانی بکا • وه ئه‌گه‌ر دوزینه‌وه‌ی قابیل نه‌بوو لیکولینـه‌وه‌ی واجب نی‌یـه •

هەروەها ئەگەر تەلاقەکە (رجعی) بی • جا ئەگەر تەلاقەکە (بائن) بوو ، وە قابیلی چاك کردنەوە بوو وەکو ئافرەتیك کە نەچوویتە لای ، ئەوە با هەردوو ژنەکە مارە بکاتەوە • وە ئەگەر تەلاقەکە (رجعی) بوو با هەردوکیان بگیریتەوە ، یا بلیت هەرکامیان تەلاقی کەوتووە هینامەوە ژیر نیکاحی خوم •

وە ئەگەر کابرا دوو ژنی هەبوو وە ژنیکیانی تەلاق داو پاشان لەبیری چووەوە کامیانی تەلاق داوە واجبە خوی رابگری‌و نزیکی هیچ‌کام لەو دوو ژنە نەکەوی تا ئەکەویتەوە بیری کام ژنی تەلاق داوە ، وە داوای بەیانیشی لی ناکری ئەگەر ژنەکان باوەر بکەن بەوە کە لەبیری نەماوە ، چونکە حەق هەر حەقی خویانە • وە ئەگەر وتیان باوەرمان نی‌یە پیت کە لەبیرت چووەتەوە ، وە بە عەمدی قسە ناکەی ، ئەوە ئەگەر هەردوکیان بی‌دەنگ بوون ئەوە باشە • وە ئەگەر یەکیکیان پیش دەستی‌ی کردو ئیدیعای کرد کە خوی تەلاق دراوەکەیە ، ئەوە کابرا داوای سویندیکی جەزمی لی ئەکری کە تەلاقی ئەو ژنەی نەداوە ، وە قەناعەت ناکری بەوە کە بلی لەبیرم چووەتەوە • جا ئەگەر نکوولی‌ی کرد لە سویند ئەوە ژنەکە سویند ئەخوا کە تەلاق دراو خویەتی‌و حوکمی بو ئەکری بە جیابوونەوەی لە کابرا •

وە ئەگەر لەپاش ئەم ژنە ژنەکەی‌تریش ئەو ئیدیعایەی کرد ئەوە تەرتیب جی‌بەجی ئەکری • ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی لەگەل بیگانەیەکدا یەکیکتان تەلاقی کەوتبی وە ئیدیعای کرد کەوا نیازی ژنە بیگانەکە بووە ئەوە باوەری پی‌ئەکری بە سویند • وە ئەگەر ئەم ئیدیعایەی نەکرد ئەوە ژنەکەی خوی تەلاقی ئەکەوی •

وە ئەگەر ئەم قسەیە کرد بەرابەر بە ژنەکەی خوی لەگەل ولاخیکا یا لەگەل داریکا ، ئەوە حەملی قسەکەی ئەکری لەسەر ژنەکەی چونکە

ولاخ یا بەردو دار نابن بە جیگەی تەلاق ، وە ئیدیعای نیـازکردنی ئەوانەی لی قوبوول ناکری نە بە ئاشکراو نە بە نهینی • بەلام شیروانی گیراویەتەوە کە هەندی لە زانایانی شەرع لەسەرئەوەن کە بە نهینی لی ی قوبوول ئەکری یەعنی کابرا حەوالەی دیـانـەتی خوی ئەکری وەکـو مەسئەلەی دارەکە •

وە ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکانی ئەگەر حەجم کرد یەکیکتان تەلاقی کەوتبی ، وە لەپاشا ژنیکیان مرد یا تەلاقدرا بە تەلاقی (بائن) ئەوسـا رویشت حەجەکەی کرد ، ئەوە ئەو ژنیانە کە ماوەتەوە تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر وتی بە دایکی ژنەکەی تەلاقی کچەکەت کەوتبی ، وە ئیدیعای کرد کە نیازم ئەو کچەی بووە کە ژنی من نی یە ئەوە باوەر بە قسـەکەی ئەکری • وە ئەگەر وتی تەلاقی ژنی عالەم کەوتبی ئەوە تەلاقی ژنەکـەی خوی ناکەوی مادەم بەتایبەتی نیازی لە ژنەکەی خوی نەبی ، چـونـکە خاوەن قسە بەر عومومی قسەکەی خوی ناکەوی •

وە ئەگەر وتی تەلاقی زینەب کەوتبی ، وە زینەب ناوی ژنەکـەی خویو ژنیکیتر بوو ، وە وتی نیازم زینەبە بیگانەکە بووە ، ئەوە بەئاشکرا قوبوول ناکری ، بەلام حەوالەی ئایینی خوی ئەکری • وە ئەگـەر وتی فاطمەی کچی حەمەی ژنم تەلاقی کەوتبی کەچی ژنەکەی ناوی ئامینـەی کچی حەمە بوو یا ناوی فاطمەی کچی ئەحمەد بوو ، ئـەوە تـەلاقی ژنەکەی ئەکەوی ، وە ئەو هەلەیە کە لە ناوەکەدا هەیە تەئثیری نی یە •

وە ئەگەر وتی بە دوو ژنی خوی یەکیکتـان تـەلاقی کـەوتبیو مەبەستی یەکیکی دیاری یان بوو ئەوە تەلاقی ئەکەوی ، وە ئەگەر نیـازی ژنیکی نامەعلوومی کرد یا نیازی هەردوکیانی کرد ، یاخـود نیـازی کەسیانی نەکرد ئەوە تەلاقی یەکیکی نامەعلوومیان ئەکـەوی • جـا لەوصوورەتەدا کە مەبەستی یەکیکی دیاری بووە ، واجبە بەیـانی بکـاو

ناوی دەربری • وە لە صوورەتەکانی تردا واجبە یەکیکیان دیاری بکا بو تەلاق کەوتن • وە دروست نی‌یە نزیکی کەسیان بکەویتـــەوە تا بەیانی تەلاق‌دراوەکە ئەکا یا یەکیکیان دیاری ئەکا • هەروەها واجبە لەســـەری پەلەپەل بکا بو ئەم بەیان کردنو دیاری کردنە ئەگەر هەردوو ژنەکــە یا یەکیکیان داوایان کرد بوئەوە کە تەلاق کەوتووەکە جیا بیتەوە لـــە تەلاق نەکەوتووەکە کە لە بەندی کابرادا ئەمینیتەوە • هەروەها واجبـە لەسەری نەفەقەو مەسرەفی هەردوکیان بدا تا وەزع مەعلووم ئەبی • جـا پـاش دەرکەوتنی تەلاق کەوتووەکە ئەگـەر ســـکی هەبوو ئـەوە تـا سکەکەی لی ئەبیتەوە نەفەقەیشی ئەداتی • وە ئەو ژنەیـان کە بە تەلاق کەوتوو دائەنری هەر لەکاتی لەفظی تەلاقەکەوە بـــە تەلاق کـــەوتوو ئەناسری نەك لەکاتی بەیان کردنو دیاری کردنەوە •

(بزانن) ئەگەر تەلاقەکە (رجعی) بوو ئەوە بەیان کردنو دیاری کردن واجب نی‌یە چونکە تەنها گەرانەوە لەو تەلاقە بە دەم بەســــەو بەیان کردنو دیاری کردن بە چوونە لای ژنەکە پەیدا نابن •

ئەگەر کابرا لەکاتی بەیان کردندا وتی ئەمەیە تەلاق دراوەکـە یـا ئەمەیە ژنەکەم ئەوە ئەبی بە بەیان کردنو دیاری کردن • وە ئەگەر وتی مەبەستم ئەمەیانو ئەوەیان بوو ، یا مەبەستم ئەمە بوو بەلکو ئەوە بوو ، یا مەبەستم ئەمە بوو لەگەل ئەوەدا ، ئەوە بەئاشـــــکرا حوکم ئەکری بـە کەوتنی تەلاقی هەردوکیان ، بەلام لەراستیدا تەنها تەلاقی ئەویانە ئەکەوی کە مەبەستی بووە • وە ئەگەر مەبەستی هەردوکیان بووبوو ئەوە تەلاقی هەردوکیان ناکەوی چونکە بە لەفظیك کە بو تاقەکەسیك دەس بدا تەلاقی دووکەس ناکەویو هەر تەلاقی یەکیکیان ئەکەوی • وە ئەگەر لـەپیش بەیان کردنو دیاری کردنا هەردوو ژنەکە مردن یاخود یەکیکیان مرد ، ئەوە هەر داوای بەیان کردنو دیاری کردنی لی ئـەکـری بو ئـەوەی حوکمی میراتەکەیان دیاری ببی •

وه ئەگەر لەپێش بەیان کردنو دیاری کردندا کابرا مرد ئەوە فەرموودەی دیارتر ئەوەیە لە بەیان کردنا قسەی میراتگر قوبوول ئەکری نەك لە دیاری کردنا ، چونکە بەیان کردن خەبەردانەو گێرانەوەی ناوی ئەو ژنەیە کە زوو تەلاقی کەوتووە ، وە قابیلە ئەم میراتگرە زوو ئەوەی زانیبی • بەلام دیاری کردن هەلبژاردنی ژنێکە لەناو چەند ژنێدا بو جیایی، وە ئەمە بەپێی ئارەزووی نەفسەو پەیوەندی بە خاوەن ژنەکەوەیەو دەخلی میراتگری تیا نییە • وە ئەگەر میراتگرەکە دواکەوت لە بەیانکردنەکە ئەوە میراتی ژنێك هەلئەگیری تا ژنەکان لەناوخویانا ری ئەکەون •

ئەگەر کەسێك سوێندی خوارد بە سێ تەلاقەو سوێندەکەی کەوت، چەند ژنێکیشی هەبوو ئەوە یەکێ لەو ژنانە بە سێ تەلاقە تەلاقی ئەکەوێ، کابرا ناتوانی ئەو سێ تەلاقە بەش بکاتەوە بەسەریانا بوئەوە کە یەکێ تەلاقیکیان بکەوێ ، یاخود تەلاقێك بدا بەسەر یەکێکیاناو دوو تەلاقیش بدا بەسەر ژنێکیتریا ، لەبەرئەوە کە ئەو سوێندە ئەبێ بەهوی (بینونەی کبری) بەلام ئەگەر ژنێ لەو ژنانە یەك تەلاقی مابوو ئەوە کابرا ئەتوانی ئەو ژنە دیاری بکا بو ئەو سێ تەلاقەیە کە خواردوویەتی چونکە مەبەست لە سێ تەلاقە (بینونەی کبری)یە و ئەوەیش لەم ژنەدا بە تەلاقێك دیتەجێ • کەوابوو ئەو تەلاقەی کە ماوە ئەکەوێو دوو تەلاقەکەی کە ماوەتەوە لە سوێندەکەی بە پووچ دەرئەچێو زیان بە ژنیتر ناگەیەنێ •

وه ئەگەر یەکێ لەو ژنانە لەپێش دیاری کردنیا بو تەلاقەکان مرد یا تەلاقی کەوتو (بائنە) بووەوە ، ئەوە کابرا ئەتوانی ئەو سێ تەلاقە کەوتووە بدا بەسەریا • وە ئەگەر بە تەعلیق وتی ئەگەر فلانکەس هات یەکێ لە ژنەکانم سێ تەلاقەی کەوتبێ ، وە کابرا هاتەوە ، جا یەکێ لە

ژنەکانی مرد یا بە تەلاق (بائنە) بوو ، ئەوە کابـرا ئـەتوانی ئـەو سی تەلاقە بدا بەسەر ئەو ژنە مردووە یا ئەو ژنە تەلاقدراوەدا •

وە ئەگەر سویندی خوارد بە دوو تەلاق لەسەر ئیشیكو سویندەکەی کەوت وە دوو ژنیشی بوو کە یەکی دوو تەلاقیان مابوو ، ئەوە ئـەتوانی ئەو دوو تەلاقە بەش بکاتەوە بەسەریانا یەکی تەلاقیك ، وە واجب نی‌یـە ئەو دوو تەلاقە هەر بدا بەسەر یەکیکیانا ، چونکە دوو تەلاقە لـــە ذاتی خویا نابی بەهوی جیابوونەوەی یەکجاری،هەرچەند لەم صوورەتەی ئیمەدا وا ری کەوتووە کە بووە بەهوی • وە ئەیشتوانی لەپیش سویند کەوتنـدا یەکی لە ژنەکان بریار بدا بو تەلاقەکان ، بەلام واجبە لەدواییدا دیاری‌ی بکا ، وە ناتوانی لەوە پەشیمان ببیتەوە •

وە ئەگەر سویندی خواردو سویندەکەی کەوت ، بەلام گومـــانی پەیدا کرد لەوەدا کە ئەو سویندە تەلاق بووە یا نە ، ئـــەوە حوکم بـە کەوتنی تەلاقی ناکری ، هەرچەند واجبە لەسەری دوور بکەویتەوە لـــە ژنەکەی تا سویندەکەی بو روشن ئەبیتەوە • یاخود ئەگەر تەلاقـەکـەی (رجعی) بوو (رجعە)ی بکاتەوە • وە ئەگەر (بائنە) بوو ، وە مەجالی تازە کردنەوەی نیکاحی هەبوو نیکاحەکەی تازە بکاتەوە •

ئەگەر وتی ئەگەر ئەو پەلەوەرە کوتر بوو تەلاقی ژنەکەم کەوتبی،ئەگینا بەندەکەم ئازاد بی ، وە نەزانرا پەلەوەرەکە چی‌یە ، ئەوە مەنع ئـەکری لە نزیك کەوتنەوەی ژنەکەی‌و ئیش کردنیش بە بەندەکەی • وە ئەگەر لەپیش بەیان کردنا مرد بەیان کردنی میراتگرەکەی قوبوول ناکـری ، بەلکو قورعە ئەخری لەبەینی ژنەکەیدا بو تەلاق کەوتن‌و بەندەکەی بـو ئازاد بوون • جا ئەگەر قورعەکە بە ناوی بەندەکەوە دەرچوو ئازاد ئەبی، وە ئەگەر بە ناوی ژنەکەوە دەرچوو تەلاقی ناکەوی ، وە لـەم کاتـــەدا هەروەکو ژنەکەی تەلاقی ناکەوی بەندەکەیش بە بەنـــدەیی نامینیتەوەو ئیشکالەکە هەروەکو خوی بەردەوام ئەبی •

باسی تەلاقی (سنّی)و (بدعی)

تەلاق ، هەرچەند پێنج حوکمەکەی بەسەرا ئەروا وەکو لەپێشەوە بەیانمان کرد ، بەلام بەکورتی بەپێی ئیصطیلاحی مەشهوور سێ جۆرە (سنّی)و (بدعی)و نە (سنّی)و نە (بدعی) • وە لەسەر ئیصطیلاحی (منهاج) دوو جۆرە (سنّی)و (بدعی) •

بەپێی ئیصطیلاحەکەی (منهاج) تەلاقی (سنّی) ئەوەیە دروست بێ یەعنی حەرام نەبێ ، وە تەلاقی (بدعی) ئەوەیە حەرام بێ • تەلاقی (سنّی) بەم ئیصطیلاحە ئەوەیە چوار شەرتی تیا بێتەجێ • یەکەم : ئەوەیە ژنەکەمێردەکەی چووبێتەلای• دووەم : ئەوەیە (عدّە)ی بە ئەقراء بێ ، یەعنی بە حەیزو پاکی بێ • سێهەم:ئەوەیە لەپاش تەلاقدانەکەی دەس بکا بە (عدّە)ی (اقراء) بەم رەنگە دووگیان نەبێ یا دووگیان بێ لە زینا یا لە شوبهە ، وە لە هەردوو حالەتەکەدا حەیزی پیابێ ، وە مێردەکەیشی تەلاقی دابێ لەگەل ئاخری حەیزەکەیا ، یا لەکاتی پاکیدا لەپێش تەواوبوونی ماوەی پاکییەکەیدا یاخود تەعلیقی تەلاقەکەی کردبێ بە رابووردنی هەندێ لە ماوەی پاکییەکەیەوە یا تەعلیقی کردبێ بە ئاخری حەیزەکەیەوە •

چوارەم : ئەوەیە نەچووبێتە لای لەو پاکییەدا کە تەلاقەکەی تیا داوە یا تەعلیقی تەلاقەکەی کردووە بە رابووردنی هەندێکیەوە • هەروەها نەچووبێتە لای لەو حەیزەدا کە لەپێش ئەو پاکییەوە بووە ، وە لەو حەیزەدا کە تەلاقی داوە لە ئاخریەوە ، یا تەعلیقی تەلاقەکەی کردووە بە ئاخریەوە • جا لەسەر ئیصطیلاحی (منهاج) ئەگەر ئەم چوار شەرتە هاتنەجێ ئەوە تەلاقەکە (سنّی)یە ئەگینا (بدعی)یە ، وە لەسەر ئیصطیلاحە سێ لقەکە ئەگەر هەر چوار شەرتەکە هاتنەجێ ئەوە (سنّی)یە

وه ئەگەر دوو شەرتە ئاخری‌یەکە فەوتا ئەوە (بدعي)یە • وە ئەگەر دوو شەرتە پێشووەکە یا یەکێکیان فەوتا ئەوە ئەکەوێتە بەر بەشە ناونجی‌یەکە کە نە (سنّي)یەو نە (بدعي)یە •

(بزانن) لەسەر ئیصطیلاحی (منهاج) کە تەلاق تەنها (سنّي)و (بدعي)یە ، تەلاقی (سنّي) بەکورتی هەشت حالەتە • یەکەم : تەلاقی ژنی کە دووگیان نەبی‌و تەلاق درابی لەکاتی ئاخری حەیزەکەیدا • دووهەم : تەلاقی ژنی کە دووگیان بی‌و ژنی کە تەلاق درابی لەکاتی پاکیدا لەپێش ئەوەدا کە ئەو پاکی‌یە تەواو ببی • سێهەم : تەلاقی ژنێکە کە دوو گیان نەبی‌و تەعلیقی تەلاقەکەی کرابی بە رابووردنی هەندی لە ماوەی پاکی‌یەکەوە • چوارەم : تەلاقی ژنێکە کە دووگیان نەبی‌و تەعلیقی تەلاقەکەی کرابی بە ئاخری حەیزەکەیەوەو حەیزی پیادا بی • پێنجەم : تەلاقی ژنێکە دووگیان بی لە زینا یا لە شوبهەو حەیزی ببی‌و تەلاق درابی لە ئاخری حەیزەکەیەوە •

شەشەم : تەلاقی ژنێکە کە دووگیان بی لە زینا یا لە شوبهەو تەلاق درابی لە پاکیدا لەپێش تەواوبوونی پاکی‌یەکەیدا • حەوتەم : تەلاقی ژنێکە کە دووگیان بی لە زینا یا لە شوبهە ، وە تەعلیقی تەلاقی کرابی بە رابووردنی هەندێك لە ماوەی پاکی‌یەکەوە • هەشتەم : تەلاقی ژنێکە دووگیان بی لە زینا یا لە شوبهەو تەعلیقی تەلاقەکەی کرابی بە ئاخری حەیزەکەیەوە • لە هەموو ئەم صوورەتانەدا شەرتە مێردەکە نەچووبێتە لای ئەو ژنە نە لەو پاکی‌یەدا کە تەلاقی داوە تیایا یا کە تەعلیقی تەلاقەکە کراوە بە رابووردنی هەندێکیەوە ، وە نە لەو حەیزەدا کە وا لەپێش ئەو پاکی‌یەوە ، وە نە لەو حەیزەدا کە تەلاقی ژنەکە دراوە لە ئاخریەوە یا تەعلیقی تەلاقەکە کراوە بە ئاخریەوە •

تەلاقی (بدعی)یش بیست‌و دوو حاڵەتە • یەکەم : تەلاقی ژنیـکە کە دووگیان بێ لە چوونەلای بە شوبهەو حەیزی پیادا نەیەت • دووەم : تەلاقی ژنیکە کە دووگیان بێ لە چوونەلای بە زیناو حەیزی پیا نەیەت • سێیهەم : تەلاقی ژنیکە کە دووگیان نەبێ‌و حەیزی پیا بیت‌و تەلاق درابێ لە ئاخری پاکی‌یەکەیدا • چوارەم : تەلاقی ژنیکە کە دووگیـــان نەبێ‌و حەیزی پیا بیت‌و تەلاق‌درابێ لە حەیزدا لەپێش دوایی هاتنیەوە • پێنجەم : تەلاقی ژنیکە کە دووگیان نەبێ‌و خاوەنی حەیز بێ‌و تەعلیقی تەلاقەکەی کرابێ بە رابووردنی هەندێ لە ماوەی حەیزەکەیەوە • شەشەم : تەلاقی ژنیکە کە دووگیان نەبێ‌و حەیزی پیا بیت‌و تەعلیقی تەلاقی کرابێ بـــە دوایی پاك بوونەوەیەوە • حەوتەم : تەلاقی ژنیکە کە حەیزی پیا بیت‌و دووگیان بێ لە زینا یا لە چوونەلای بە شوبهەو تەلاق درابێ لە دوایی پاك بوونەوەیدا •

هەشتەم : تەلاقی ژنیکە کە حەیزی پیا بیت‌و دووگیان بێ لە زینا یا لە چوونەلای بە شوبهەو تەلاق درابێ لە حەیزدا لەپێش تەواو بوونیـا •

نوهەم : تەلاقی ژنیکە کە حەیزی پیا بیت‌و دووگیان بیت لە زینـــا یا لە چوونەلای بەشوبهەو ، تەعلیقی تەلاقەکەی کرابێ بـە رابووردنی هەندیك لە حەیزەکەیەوە • دەهەم : تەلاقی ژنیکە کـە دووگیان بێ لە زینا یا لەچوونەلای بە شوبهە، وە تەعلیقی تەلاقەکەی کرابێ بە دوایی پاك بوونەوەیەوە • یازدەهەم : تەلاقی ژنیکە کە دووگیان نەبێ‌و حەیـــزی پیا بیت ، بەلام میردەکەی چووبیتە لای لەو پاکی‌یەیدا کـە تـەلاق دراوە تیایا • دوازدەهەم : تەلاقی ژنیکە کە دووگیان نەبێ‌و حەیزی پیـا بیت ، بەلام میردەکەی چووبیتەلای لەو پاکی‌یەیدا کە تەعلیقی تەلاقەکەی کراوە بە رابووردنی هەندیکیەوە • سیانزەهەم : تەلاقی ژنیکە کە حەیزی پیـا بیت‌و دووگیان نەبێ‌و میردەکەی چووبیتە لای لەو حەیزەدا کەوا لەپێش

ئەو پاکی‌یەوە کە تەلاق دراوە تیایا • چواردەهەم : تەلاقیکی ژنیکە کە حەیزی پیا بیتو دووگیان نەبی ، وە میردەکەی چووبیتە لای لەو حەیزەدا کەوا لەپیش ئەو پاکی‌یەوە کە تەعلیقی تەلاقەکەی کراوە بە رابووردنی هەندیکیەوە •

پانزەهەم : تەلاقی ژنیکە کە حەیزی پیا بیتو دووگیان نەبی ، بەلام میردەکەی نەچووبیتە لای لەو حەیزەدا کە تەلاق‌دراوە لەپیش تەواو بوونیا • شانزەهەم : تەلاقی ژنیکی خاوەن حەیزە کە دووگیان نەبی ، بەلام میردەکەی چووبیتە لای لەو حەیزەدا کە تەعلیقی تەلاقەکەی کراوە بە ئاخرەکەیەوە • حەفدەهەم : تەلاقی ژنیکە کە حەیزی پیا بیتو دووگیان بی لە زینا یا لە چوونەلای بە شوبهە ، بەلام میردەکەی چووبیتەلای لەو پاکی‌یەدا کە تەلاق دراوە تیایا • هەژدەهەم : تەلاقی ژنیکە کە حەیزی پیا بیتو دووگیان بی لە زینا یا لە شوبهەو میردەکەی نەچووبیتە لای لەو پاکی‌یەدا کە تەعلیقی تەلاقەکەی کراوە بە رابووردنی هەندیکیەوە •

نوزدەهەم : تەلاقی ژنیکە کە حەیزی پیا بیتو دووگیان بی لە زینا یا لە چوونە لای بەشوبهە ، وە میردەکەی چووبیتە لای لەو حەیزەدا کەوا لەپیش ئەو پاکی‌یەوە کە تەلاق دراوە تیایا • بیستەم : تەلاقی ژنیکە کە حەیزی پیا بیتو دووگیان بی لە زینا یا لە چوونەلای بەشوبهە ، وە میردەکەی چووبیتە لای لەو حەیزەدا کە تەلاق دراوە لەپیش تەواو بوونیا • بیستو یەکەم : تەلاقی ژنیکە کە حەیزی پیا بیتو دووگیان بی لە زینا یا لە چوونەلای بە شوبهە ، وە میردەکەی چووبیتەلای لەو حەیزەدا کە تەعلیقی تەلاقەکەی کراوە بە رابووردنی هەندیکیەوە • بیستو دووهەم : تەلاقی ژنیکە کە دووگیان بی لە زینا یا لە چوونەلای بەشوبهە ، وە میردەکەی چووبیتە لای لە پاکی‌یەکدا کەوا لەپیش ئەو حەیزەوە کە تەعلیقی تەلاقەکە کراوە بە رابووردنی هەندیکیەوە •

لەسەر ئەو ئیصطیلاحە کە ئەلی تەلاق سی جورە ، تەلاقی ژنی کە نەچووبنە لای‌و تەلاقی ژنی کە سەرسام بی‌و نە حەیزی دیـار بی‌و نـە پاکیی دیار بی ، وە تەلاقی ژنی کە تەعلیقی تەلاقی کرابی بە صیفەتیکەوە کە بە ریکەوت لەماوەی حەیزدا بیتـەجی ، وە تـەلاقی ژنی کـە سکی دەرکەوتبی لە نیکاحی دروست یا لە چوونەلای بەشوبهە ، وە تەلاقیك کە حەکەمی پیاوو ژنەکە بیدا لەسەر مەسلەحەت ، وە تەلاقی ژنی نابالغ ، وە تەلاقی ژنی کە نائومید بووبی لە حەیز ، لە بەشی ناونجی دائەنری کە نە (سنّی)یەو نە (بدعی) • لەبەرئەوە کە لە ئافرەتی نەچوەلادا قەیدی یەکەم فەوتاوە ، وە لە حالەتەکانی‌تردا لەپاش تەلاق‌دانەکە ژنەکە دەس‌ناکا بە (عدّی محققەی ئەقراء) چونکە یا هەر (عدّەی ئەقراء) نی‌یە وەکو لە حالەتی ئافرەتی نابالغو نائومیددا ، یا (ئەقرای محققە) نی‌یە وەکو لە حالەتی ئافرەتی سەرسامو لە تەلاقی پیاوی (مولي)دا • وە لە تەلاقی دوو حەکەمی پیاوو ژنەکەدا لەراستیدا خاوەن ژنەکە ئیختیاری بەدەست نی‌یەو تەلاقەکە زورکاری‌یە ، وە ئەو ژنەیش کە تەعلیقی تەلاقەکەی کـراوە بە صیفەتیکەوە کە بە ریکەوت لە حەیزدا دیتەجی ئەوە تەلاقەکەی (سنّی) نی‌یە چونکە پاش تەلاقەکە دەس‌ناکا بە ئەقراء ، وە (بدعی)یش نی‌یـە نیسبەت بە کابرا چونکە نیازی ئەوەی نەبوە صیفەتەکە لەوکاتەدا بیتەجی، بەلکو بە هەلکەوت وا هاتوەتەجی •

(بزانن) تەلاقی (بدعی) حەرامە ، وە لەگەل ئەوەشدا کە صوورەتی زورە ، بەلام بەکورتی دوو بەشە • یەکەم : تەلاقی کە بە تەنجیز بی یـا بە تەعلیق کە بە صوورەتی قەصدو عەمد بکەویتە ماوەی حەیزی ژنیکەوە کە میردەکەی چووبیتەلای ، بەوشەرتە ژنەکـە خوی قوبوولی خـولعی نەکردبی لە پیاوەکە ، ئەگینا نابی بە (بدعی) چونکە ژنەکـە خـوی ئارەزووی هەیە لەو تەلاقە ، بویە پارە صەرف ئەکاو خوی رزگار ئەکا •

وه لەمشوینەدا دەرئەکەوی کە ئەگەر بیگانەیەك قوبوولی خولع بکا لە کابرا بە بی‌زانستو ئارەزووی ژنەکە ئەوە ئەو تەلاقە هەر بە (بدعی) ئەناسری‌و حەرامە •

دووهەم : تەلاقیکە لە پاکیدا بەوشەرتە ژنەکە میردەکەی چوو بیتەلای لەوپاکی‌یەدا یا لە حەیزی پاش ئەو پاکی‌یەدا ، وە ژنەکەیش لە سلئوزا نەکەوتبی‌و سکیشی دەرنەکەوتبی • کەواتە ئەگەر ژنیکی خاوەن حەیز لە ماوەی حەیزدا میردەکەی چووەلای ، وە ژنەکە پاك بوەوە جا کابرا تەلاقی دا ئەوە ئەو تەلاقە (بدعی)یە چونکە ریی‌تی‌ئەچی لەو چوونەلاوەوە سکی پر بووبی • بەلی حەلالە خولع‌کردن لەگەل ئەم ژنە وەطء کراوەدا ، هەروەها حەلالە تەلاق‌دانی ژنی کە سکی دەرکەوتبی •

ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی تەلاقت کەوتبی هەر کە لە حەیزەکەت پاك بوویتەوە ، ئەوە ئەو تەلاقە (سنّی)یە • وە ئەگەر وتی تەلاقت کەوتبی لە ئاخری پاك‌بوونەوەکەتدا ئەوە (بدعی)یە خوای لەوپاکی‌یەدا چووبیتە لای یا نە ؟ وە ئەگەر وتی بە ژنەکەی لەکاتی حەیزدا تەلاقیکی (بدعی)ت کەوتبی ، ئەوە لەوکاتەدا تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر وتی تەلاقیکی (سنّی)ت کەوتبی ئەوە لەپاش پاك‌بوونەوە لە حەیزەکەی تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر وتی بە ژنەکەی لەکاتی پاکی‌دا تەلاقت کەوتبی بە (سنّی) ئەمە ئەگەر لەو پاکی‌یەو لە حەیزی پیش ئەو پاکی‌یەدا میردەکەی نەچووبوەلای لە هەمان‌کاتدا تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر لە یەکی لەو دوو کاتەدا چووبوە لای ئەوە تەلاقی ناکەوی ، تا ئەگاتە کاتی پاکی‌یەکی‌وا کە باسمان کرد جا لەوکاتەدا تەلاقی ئەکەوی •

وە ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی تەلاقیکی (بدعی)ت کەوتبی ئەوە هەر لەوکاتەدا تەلاقەکەی ئەکەوی ئەگەر چووبیتە لای ژنەکەی لەوکاتەدا یا لە حەیزیکا کە لەپیش ئەو پاکی‌یەوە بی • وە ئەگەر وتی تەلاقیکی

جوان یا زور جوانت کەوتبی ئەوە وەکو ئەوە وایــە بلی تــەلاقیــکی (سنّی)ت کەوتبی • وە ئەگەر وتی تەلاقیکی ناشیرین یا زور ناشیرینت کەوتبی ئەوە وەکو ئەوە وایە بلی تەلاقیکی (بدعی)ت کـــەوتبی • وە ئەگەر وتی تەلاقیکی (سنّی)و (بدعی)ت کەوتبی یا تەلاقیکی جوان‌و ناشیرینت کەوتبی ئەوە لە عەینی ئەوکاتەدا کە ئەم لەفظە ئەلیت تەلاقەکەی ئەکەوی ، چونکە مادەم ئەم دوو قەیدە ضدّی یەکن هەردوکیان بەتـاڵ ئەبنەوەو ئەسلی تەلاقەکەی ئەمینیتەوە •

وە هەرکەسی تەلاقی (بدعی) بداو ژمارەی تەلاقی تەواو نەکردبی ئەوە ئەگەر تەلاقەکەی (بائن) بی سوننەتە نیکاحەکەی تازە بکاتەوە • وە ئەگەر تەلاقەکەی (رجعی) بی سوننەتە بیهینیتەوە ژیر نیکاحی خوی • جا ئەگەر لە حەیزدا تەلاقی دابی ئەم سوننەتە دەوام ئەکا تا ئەو حـەیزە تەواو ئەبی • وە ئەگەر لە پاکیدا تەلاقی دابوو دەوام ئەکا تا ئەو پاکی‌یەو حەیزی پاش ئەو پاکی‌یەش تەواو ئەبی •

(بزانن) کوکردنەوەی سی تەلاقە لە مەذهەبی ئیمامی شـــافیعیدا حەرام نی‌یە ، یەعنی ئەگەر کەسیك لەکاتی تەلاقی (سنّی)دا بە یــەك صیغە بلیت بە ژنەکەی سی تــەلاقــەت کـــەوتبی یاخـــود بـــە نیـــازی دووبارەکردنەوە (استئناف) بلیت تەلاقت کەوتبی •• تەلاقت کەوتبی •• تەلاقت کەوتبی ، ئەوە ئەو تەلاق‌دانە حەرام نی‌یەو تەلاقەکانیش ئەکەون بە چەند دەلیل :

یەکەم : ئەوەیە کە بە ظاهیری مەعنای ئایەتی (أو يعفو الذي بيده عقدة النكاح)و ئایەتی (يا أيها النبي اذا طلقتم النساء)و چەند ئایەتی‌تریش گری‌ی عیصمەتی ژن وا بەدەستی میردەوەو مولکی میردەو هەرشتی کـە لە دەستی ئەودا بی ئەتوانی هەموو جورە تەصەروفیکی تیا بکا مادەم شەرع مەنعی نەکاو ئەصلیش مەنع نەکردنە •

دووەم : ئەوەیە کە (عمیر العجلانی) پاش (لعان) کردن لەگەل ژنەکەیدا بەجاری سی تەلاقەی دا پیش‌ئەوە کە حەزرەت صلی الله علیه وسلم خەبەری پی‌بدا کە بەهوی (لعان)ەکەوە حەرام بووە لەسەری • لەگەل ئەوەشدا کە حەزرەت مەنعی نەکرد لە خستنی ئەو سی تەلاقەیە • وە ئەگەر ئەمە حەرام بوایە مەنعی ئەکرد چونکە (عمیر) بویە تەلاقی ژنەکەی دا چونکە وای ئەزانی کە هیشتا ژنیەتی وە ئەوکەسانەی لایان وایە سی تەلاقە ناکەوی کوکردنەوەی سی تەلاقەیان بەجاری بەلاوە حەرامەو ، ئینکاری حەرام واجبە لەلاینی ئەوانەوە کە ئەو حەرامە بە حەرام ئەزانن ، وە واجبە نەزانیان فیر بکەن ، کەچی نە ئینکار کردنی ئەو حەرامەو نە فیرکردنی نەزان نەبیسراوە لە پیغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم •

سیهەم : گەلی لە ئەصحابەی پیغەمبەر ژنی خویان بە سی تەلاقە تەلاق داوەو کەس لی‌ی‌نەگرتوون •

چوارەم : لە (بخاری)دا ئەگیریتەوە لە حەزرەتی عائشەوە خوای لی رازی بی کەوا ژنی (رفاعة القرظی) هات بو خزمەتی پیغەمبەر صلی الله علیه وسلمو عەرزی کرد کەوا رفاعەی میردم تەلاقی داوم بە تەلاقی (بتّ) یەعنی قەطعی واتە سی تەلاقەو شووم کردووە بە عبدالرحمن کوری زبیرو ئەویش شتیکی پی‌یە وەکو ریشەی جل وایە (واتە ناتوانی بچیتە لای) • پیغەمبەریش فەرمووی ئەتەوی بروبتەوە بو لای (رفاعە) ؟ ئەمە نابی تا تو لەزەت لە عبدالرحمن وەرنەگری‌و ئەویش لەزەت لە تو وەرنەگری • لەم حەدیثەوە دەرئەکەوی کە تەلاقی سی تەلاقە ئەکەوی ، ئەگینا ئەم تەحلیل کردنەوەیە پیویست نە ئەبوو • ئەوەش کە بلیین لەوانەیە میردەکەی بە جیاجیا لە سی مەجلیسدا تەلاقی ژنەکەی دابی تا

دوا تەلاق ، ئەوە خیلافی ظاهیری حەدیثەکەیەو ئەگەر وابوایە ئەگیرایەوە بومان •

پینجەم : ئەوەیە حەزرەتی (عمری کوری خطاب) لە زەمانی خەلافەتی خویدا حوکمی کردووە بە کەوتنی سی تەلاقە وە ئەصحابەکانیش لی یان نەگرتووە • کەواتە ئەو حوکمە بووە بە جیگەی(اجماعی سکوتی)•

شەشەم : ئەوەیە ئیمامە موجتەهیدەکان قسەیان یەکە لەسەر کەوتنی سی تەلاقە ، وە خیلافیان نەبوە لە کەوتنیا • بەلی لای هەندیکیان وەکو ابو حنیفەو مالكو احمد ـ لە فەرموودەیەکیا ـ سی تەلاقە حەرامە • وە لای شافعیو احمد ـ لە فەرموودەیەکیا ـ حەرام نی یە ، وە لەپاش ئەوان لە شارانی ئیسلامدا بەپیی بیروڕای ئەوان رەفتار کراوە ، تەنها هەندی زانایانی تاكو تەرا نەبی کەس پیچەوانەی ئەوەی نەوتووە • لەپاش دامەزرانی ئیجماعیش موخالەفە کردن زیان ناگەیەنی •

ئەمەی کە وتمان هەموو بەلگەن لەسەر ئەوە کە سی تەلاقە بەجاری ئەکەوی ، وە باوەری بەهیز ئەدەن بە ئینسان ، وە لە ئەحکامی فەرعیدا ئەم جورە باوەرە کافی یەو لادان لی ی لادانە لە باوەری ئەهلی سوننەتو جەماعەت •

ئەوانەش کە باوەریان بە پیچەوانەی ئەم باوەرەوەیەو لایانوایە سی تەلاقە بە یەك تەلاق ئەژمیری ، ئەم دەلیلانەی خوارەوە ئەهیننەوە :

یەکەم : ئەوەیە کە خوا فەرموویەتی (الطلاق مرتان ، فامساك بمعروف أو تسریح باحسان) یەعنی ئەو تەلاقەی کە ئەکەوی بەجار لەپاش جارە • کەواتە ئەگەر کابرا بەجاری هەر سی تەلاقەکەی خست ئەوە هەر بەجاریك حیساب ئەکری • ئەم دەلیلەیان بەکارنایەت لەبەر چەند شت یەکەم ـ ئەوەیە ئەم ئایەتە هاتوەتە خوارەوە لە باسی تەلاقی

(رجعی)دا • (حاکم)و (ترمذی) گیراویانەتەوە لە (عائشه)وە خوای لێ رازی بێ فەرموویەتی : پیاو ژنی خوی تەلاق ئەداو لەماوەی (عدّە)دا ئەیهێنایەوە ، تا پیاوێك وتی بە ژنەکەی والله تەلاقت نادەم تا جیا ببیتەوە لیم بەتەواوی‌و رایشت‌ناگرم لای خوم • ژنەکەیش وتی چون وائەبێ ؟ ئەویش وتی تەلاقت ئەدەم‌و وازت لێ دینم تا کاتی تەواو بوونی (عدّە)کەت نزیك ئەبیتەوە • ئەمجار ئەتهێنمەوە بو لای خوم‌و هەر بەم‌جورە رەفتارت لەگەل ئەکەم • ژنەکەیش هاتە خزمەتی پیغەمبەر صلی الله علیه وسلم‌و ئەم قسانەی بو گیرایەوە • ئەویش بێ‌دەنگ بوو تا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لەسەر باسی تەلاقی (رجعی) یەعنی ئەو تەلاقەی کە گیرانەوەی لەپاشەوە دروستە دووجارە ، ئیتر پاش ئەو دووجارە حوکمی خودا یا راگرتنی ژنەکەیە بە یاسای شەرع یا بەرەللاکردنیەتی بە چاکەو پیاوەتی لەگەلیا بەجوری کە حەقی نەفەوتی •

کەواتە ئەم ئایەتە پەیوەندی نی‌یە بە تەلاقی (بائنه)وەو باسی ئەوە نی‌یە ئاخو سی تەلاقە چون ئەکەوی •

دووهەم ـ ئەگەر فەرض بکەین‌و بلیین ئەم ئایەتە باسی هەموو جورە تەلاقیکە ، هەر نابی بە دەلیل لەسەر نەکەوتنی سی تەلاقە بە یەك‌جار ، چونکە ئەم ئایەتە خەبەرەو خەبەر لە حوکمدا وا لە جی‌ی ئەمردا ئەگەر خەبەری ئیجابی بی • ئەمریش بە هەر شتیك مەعنای نەهیە لە پیچەوانەی ئەو شتە • کەواتە ئەوپەری ئەم ئایەتە ئەوەیە ئەمر بی بە خستنی تەلاق جار لەدوای جار ، وە نەهی بی لە خستنی سی تەلاقە بە یەك‌جار ، وە خستنی تەلاق بە جار لەدوای جار واجب بی‌و خستنی سی تەلاقە بە جاریك حەرام بی ، وە هەرگیز ئەوە ناگەیەنی ئەگەر بەتەنها جاریك سی تەلاقی خست هەر نەکەوی یا بەجاریك‌و بە تەلاقیك بژمیری • تەماشا ناکەی خوای گەورە لە ئایەتی (واذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن)دا فەرمانی داوە بەوە کە ئینسان وا

تەلاقی ژنەکەی بدا کە ئەو تەلاقە بەسەری بە زەمانی دەس کردنەوە بەـ(عدّە) ، لەگەل ئەوەیش هەموو زانایانی شەرع لەسەر ئەوەن کە تەلاقی موخالیفی ئەمەیش وەکو تەلاقی ژن لە حەیزدا با حەرامیش بی هەـر ئەکەوی •

کەواتە سی تەلاقە بەجاریك ئەکەوی هەرچەند تەلاقدانی وا حەرامیش بی ، وە ئەم ئایەتە هەر ئەبی بە دەلیل بو ئەو پیشەوایانە کەلایان وایە حەرامە بەجاریك پیاو هەر سی تەلاقەی ژنەکەی بدا •

سیهەم ـ بەپێی لیکدانەوەی عیلمی (الف لام) لە لەفظی (الطلاق مرتان)دا نابی بو جینس و ماهیّت و طەبیعەت بی ، چونکە ماهیّتی تەلاق نە جاریکەو نە دووجارە • وە نابی بو ئیستیغراقیش بی بەم مەعنا کە بلییت هەموو ئەفرادی تەلاق بە جار لەدوای جار ئەبی ، چونکە یەك تەلاقە بە ئیتیفاقی هەموو زانایانی شەرع ئەکەوی ، وە دوو تەلاقە بە بی هیچ ناکوکی یەك لەنیوانیانا ئەکەوی • وە نابی بو عەهدی خاریجی یش بی بەم مەعنا ئەو تەلاقە مەعهوودە کە ئەکەوی جار لەدوای جارە بە وینەی دەلیلی پیشوو • کەواتە پیویستە بو عەهد بی بەومەعنایە ئەو تەلاقە کە سوننەتە ئەبی جار لەدوای جار بی ، یا ئەو تەلاقە کە گیرانەوە (رجعە)ی لەپاشەوە هەبی جار لەدوای جارە ، وە ئەم مەعنایە مەعقوولەو مەقبوول چونکە گیرانەوەی سەبەبی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە بەلگەیە لەسەری • ئیتر بە هیچ جوری دەخلی بە کەوتن و نەکەوتنی سی تەلاقەوە نی یەو دەلیل هینانەوە بەم ئایەتە لەسەر ئەو مەبەستە شتیکی دانەمەزراوو نارەوایە •

بەلگەی دووهەمی ئەوانەی کە ئەلین سی تەلاقە بەجاریک ناکەوی ئەوەیە کە لە (رکانە)ی کوری عبدالعزیز یا عبد یزید رووی‌دا کە ئەوەبوو ژنەکەی لە یەك مەجلیسدا بە سی تەلاقە تەلاق دابوو ، وە زور زویریش بوو لەو ئیشە ، تا حەزرەت صلی الله علیه وسلم پرسیاری لی کرد

چونت تەلاق داوە؟ ئەویش عەرزی کرد سی تەلاقـم داوە لـە یـەك مەجلیسدا، ئەویش فەرمووی ئەمە بە یەك تەلاق دائەنری • جا ئەگەر ئارەزووت لی‌یە ژنەکەت بهینەرەوە • ئەویش ژنەکەی هینایەوە •

ئەمەیش نابی بە دەلیل لەبەر دوو شت • یەکەم ـ ئەوەیە کە لەفظی (لە یەك مەجلیسدا) ظاهیرە لەوەدا کە تەلاقەکەی وا داوە وتوویـەتی (انت طالق •• انت طالق •• انت طالق) ئەگینا ئەگەر بە (انت طالق ثلاثا) بوایە مەعنای یەك مەجلیس و دوو مەجلیس نەئەبوو • کـەواتـە حەزرەت صلی الله علیه وسلم جوملەی دووهـەم و سـیهەمی بە تەئکیـد کردنەوەی جوملەی یەکەم داناوە و یەك تەلاقی پی‌خسـتووە وەکـو ئیستەیش شەرع لەسەر ئەوە ئەروا کە ئەگەر کەسیك نیازی تەئکیـد کردنەوەی هەبی بە جوملەی دووهەم و سیهەم تەلاقیـکی ئەکـەوی • هەروەها ئەگەر موطلەق بی‌و کابرا مەبەستی هیچی نەبی، فەرموودەیەك هەیە ئەلی تەلاقیکی پی‌ئەکەوی‌و ئیتر عەلاقەی نی‌یە بـە وتنی جومـلەی (انت طالق ثلاثا)ەوەو نابی بە دەلیل بویان •

دووەم ـ ئەوەیە ئەم گیرانەوەی رووداوەی (رکانە) خیلافی تیایەو بو ئەوە ناشی بکری بـە بەلگە، چونـکە (ابـو داود)و (تـرمـذی)و (ابن ماجە) لە ریوایەتیکی‌ترا ئەلین (رکانە) ژنەکەی بە (بتّی) تەلاق دا یەعنی پی‌ی‌وت (انت طالق البتة)و حـەزرەت پرسـیاری لی‌کـرد مەبەستت لەم (بتّ)ە چی‌بووە؟ ئەویش عەرزی کرد هیچ مەبەسـتم نەبوە تەنها یەك جار نەبی، وە حەزرەت سویندی داوە لەسـەر ئـەو مەبەستەی‌و حوکمی کردووە کە تەنها تەلاقیکی ئەکەوی • لە واقیعیشدا تەلاقی (بتّی) وەکو هەل‌ئەگری کابرا مەبەستی سی تـەلاقـەی پی‌بـکا هەروەها هەلیش‌ئەگری نیازی یەك تەلاقی پی‌بکری، وە بریار وایـە

(اذا ثبت الاحتمال سقط الاستدلال) کەواتە ئەم ڕووداوەی (رکانە) نابی بە دەلیل بویان •

بەلگەی سیهەمی ئەوانەی کە لایانوایە سی تەلاقە یەك تەلاقی پی‌ئەکەوی ئەوەیە ریوایەتی (ابن عباس ـ رضی الله عنهما) ئەکەن بە دەلیل کە سی تەلاقەی بە تەلاقیك داناوە • ئەمەیش بو دەلیل ناشی چونکە (ابو داود) گیراویەتەوە لە (مجاهد)ەوە ئەلی لای (ابن عباس) دانیشتبووم ، پیاویك هاتە خزمەتی عەرزی کرد ژنەکەم تەلاق داوە بە سی تەلاقە ، خوایش فەرموویەتی (ومن یتق الله یجعل له مخرجا) منیش ئەمەوی مەخرەجیکم بو بدوزیتەوە • (ابن عباس) بی‌دەنگ بوو تا باوەرم وای‌لی‌هات کە ژنەکەی پی‌ئەداتەوە • لەپاشا فەرمووی یەکی لە ئیوە ئەروا سواری حەماقەت ئەبی جا دی بولام و ئەلی (ومن یتق الله ••• الآیة) • تو تەقوای خوات نەکردووەو من هیچ مەخرەجیك نابینمەوە بوت• تو بی‌گوی‌یی خوات کردووەو ژنەکەت (بائنە) بووەتەوە• ئەم ریوایەتە دەلیلە لەسەر ئەوە کە یەکی بەجاریك سی تەلاقەی ژنەکەی بدا تەلاقەکانی ئەکەوی‌و ئەوەندەیە گوناهی ئەگا •

بەلگەی چوارەمیشیان ئەوەیە کە (مسلم) ئەگیریتەوە لە (ابن عباس)ەوە کەوا (سی تەلاقە لە زەمانی پیغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ و دوو سالی خەلافەتی ابو بکردا یەك تەلاق بوو ، جا عمر فەرمووی خەلکی پەلەپەل ئەکەن لەوەدا کە مولەتیان هەیە تیایدا ، چاکوایە بەگویرەی پەلە پەلەکەی خویان حوکم بدەین بەسەریانا) یەعنی سی تەلاقە لەمەوپیش یەك تەلاقی پی‌ئەکەوت ، وە عمر کردی بەوە کە سی تەلاقی پی‌بکەوی •

ئەم ریوایەتەیش بو دەلیل ناشی چونکە ئەگەر مەعنای ئایەت وابی سی تەلاقە هەر یەك تەلاقی پی‌بکەوی‌و حەزرەتیش (صلی الله علیه وسلم) وای رەفتارکردبی‌و ، ابو بکریش لەسەر ئەوە رویشتبی ، چون عمر

ئەتوانی ئەو ئوسووله بەتال بکاتەوە ، وە ئەصحابەی حەزرەت صلی الله علیه وسلم چون بەرابەر بە وەزعیوا بیدەنگ ئەبن ؟

بەلکو مەعنای قسەکە وایە وەختی خوی موسولمانان بە مولەتو جیاجیا بە یەك تەلاقە ژنی خویانیان تەلاق ئەداو هیرشیان نەئەکردە سەر سی تەلاقە • بەلام ئیستە ئەو ریگە ئارامەی قەدیمیان بەجیهیشتووە ، وە بەجاری سی تەلاقە ئەخەن • مادەم وایە با ئیمەیش لەسەر وەزعی ئەوان حوکم بدەین بەسەریانا بە کەوتنی سی تەلاقەکەیان چونکە ئیشەکە وا لە دەستی خویانا ئەگەر بە مولەت رەفتار بکەنو یەکەیەکە تەلاقی ژنیان بدەن ، یاخود پەلەپەل بکەنو بەجاری هەر سی تەلاقەکەیان بدەن • زیاد لەوە (ابن عباس) لەگەلی ماددەدا خوی حوکمی کردووە بە کەوتنی سی تەلاقە بە یەك لەفظ وەکو لە کتیبە گەورەکانا بەیان کراوە • ئیتر مەجال نامینی بوئەوە کە بلیین باوەری (ابن عباس) لەسەر ئەوە بووە کە سی تەلاقە بە لەفظیك هەر یەك تەلاقی پیئەکەوی ، وە ئەویش هەر لەسەر باوەری ئیمامەکانە •

(ئاگادار بن) هەندی لە خویندەواران وایان گومان ئەبرد کەوا بە یەك لەفظ قابیل نییە سی تەلاق بکەوی ، وەکو قابیل نییە بە تاقە داریك بلییت ئەمە سی دارە ، وە بە قەطعی بە سی لەفظ نەبی سی تەلاقە ناکەوی • وە ئەم گومانە ئەوەندە پووچە بو ئەوە ناشی ئینسان وەرامی بداتەوە • ئەم خویندەوارانە قیاسی حەلو عەقدی شەرعیان کردووە لەسەر شتی عەین ، وە نازانن ئەحکام حوکمیکیان هەیەو ئەعیان حوکمیکیان هەیە • سەیرە • بوچی تەماشای ئەوەیان نەکردووە کە ئینسان بە یەك صیغەی فروشتن ئەتوانی دە مولکی جیاجیا بفروشی ، وە بەتەنها لەفظیك ئەتوانی دە جورە مال نەذر بکا لە کەسیك یاخود بییان بەخشی ، وە بە یەك لەفظ ئەتوانی چوار ژن تەلاق بدا ، وە بە یەك صیغە ئەتوانی چەند خیرات نەذر بکا

لەسەر خوی • وە مادەم بە شەرع ژمارەی تەلاق سی بیو لـــە دەســـتی پیاودا بی ئەتوانی هەمووجورە تەصەروفیکیان تیا بکا بە تەنجیزو تەعلیق ، وە ئەتوانی تەصەروف لە یەك تەلاقا بکا یا لە دوو تەلاقا یا لە سی تەلاقا • وە ئەگەر بە گومانی ئەوجورە کەسانە بوایە ئەبوو کەسیك نەتوانی بە یەك لەفظی تەلاق تەلاقی دوو ژن بدا هەرچەند کەس خیلافی لەوەدا نی یە •

مەبەست لەم تەفصیلاتە ئەوە بوو پیویستە ئینسان بە بیدەلیلیـــکی خاوەن ئیعتیبار لە ظاهیری قورئانو حەدیث لانەدا ، وە پیویستە لەســـەر ئینسان بیروباوەری خولەفای راشیدینو ئیمامە موجتەهیدەکان بـــکا بـــە سەرمەشق بو رەفتاری دینی خوی ، وە بە ئادابی کومەلی ئەهلی سوننەتو جەماعەت رەفتار بکا •

★ ★ ★

ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی سی تەلاقــەت کــەوتبی بەشـــیوەی سوننەت ، وە لەپاشا ئیددیعای کرد کە نیازی وابووە ئەو تەلاقانە بەش‌بەش بکرینەوە بەسەر سی قورءدا ، وە لە هەر قورئیکدا تەلاقیکی بکەوی ، ئەمە ئەگەر کابرا لەوکەسانە بوو کە بە بـاوەری ئـەوان کوکردنـەوەی سی تەلاقە حەرام بی وەکو (مالکی) ئەوە ئەو ئیددیعایەی لی قوبوول ئەکری• ئەگینا بە ظاهیر لیی قوبوول ناکری ، بەلام حەوالەی دینی خوی ئەکریو ئەتوانی لەبەینی خویو خوای خویدا وا رەفتار بکا •

وە ئەگەر وتی بە ژنەکەی تەلاقت کەوتبی ، وە ئیددیعای کرد کە نیازی ئەوە بووە ئەگەر بروات مالی فلان‌کەس ، ئەمە ئەگەر بەلـگەیەك هەبوو لەسەر ئەم نیازەی ئەوە لیی قوبوول ئەکریو باوەری پی‌ئەکری ، ئەگینا قوبوول ناکری ، بەلام (تدیین) ئـەکری یەعنی حەوالـەی دینی خوی ئەکری • هەروەها ئەگەر وتی ژنەکانم هەموویان تەلاقیان کەوتبیو ئیددیعای ئەوە بکا کە مەبەستی‌هەندیکیان بووە،ئەوە ئەگەر بەلگەیەك هەبی

لەسەر نیازی ئەوەی کە مەبەستی بووە بە قسەی خوی وەکو ئەوە کە ژنەکەی شەری لەگەل بکاو بلیت ژنت هیناوە بەسەرم ، ئەویش بلیت هەر ژنیکم هیناوە تەلاقی کەوتبی‌و ئیددیعا بکا کە مەبەستی ئەوە بووە غەیری ئەو ژنەی کە شەری لەگەل کردووە ئەوە قسەکەی لی قوبوول ئەکری چونکە بەلگەی هەیە ، وە ئەگەر بەلگەیەك نەبوو لەسەر راستی‌ی ئیددیعاکەی حەوالەی خوی‌و خوای ئەکری •

هەروەها ئەگەر ژنەکەی ویستی بڕواتە دەرەوە بو شوینیکی دیاری‌و ، کابرا وتی ئەگەر ئیمشەو بڕویتە دەرەوە تەلاقت کەوتبی ، وە ژنەکەی شەو دەرچوو بو غەیری ئەو شوینە وە کابرا وتی نیازم هەر ئەوەبوو کە مەنعی بکەم لەو شوینە تایبەتی‌یە ئەوە بە ظاهیر لی‌ی قەبوول ئەکری • وە ئەگەر وتیان بە کەسیك ئەمرو قسەت کردووە لەگەل فلان کەسدا ، ئەویش وتی تەلاقم کەوتبی قسەم لەگەل نەکردووە ، وە ئیددیعا بکا کە مەبەستی ئەو روژە بووە ئەوەی لی‌ی قوبوول ئەکری •

وە ئەگەر وتی بە ژنەکەی ئەگەر شتیکت بە خوشکەکەمەوە بینی‌و خەبەرت نەدامی تەلاقت کەوتبی ، وە لەپاشا وتی مەبەستم ئەو شتانە بووە کە عەیب‌و عارن ئەوە لی‌ی قوبوول ئەکری چونکە بەلگە لەسەر مەبەستەکەی هەیە • بەلام شیخی (ابن حجر) ئەفەرمویت ئەو بەلگەیە ئەبی بەلگەی لەفظی بی‌و بەلگەی حال‌و مەقام سوودی نی‌یە • کەواتە ئەگەر یەکی رویشتە لای برادەریکی کە لەوکاتەدا قاوەلتی‌ی ئەکرد ، وە برادەرەکەی وتی ئەگەر قاوەلتیم لەگەلدا نەکەی تەلاقم کەوتبی ئەوە حەمل ناکری لەسەر قاوەلتی‌ی ئەو روژە بەهوی ئەوەوە کە حالەتەکە وائەگەیەنی ، بەلکو حەمل ئەکریتە سەر موطلەقی قاوەلتی ، وە هەتا زەمانی نائومید بوون لە قاوەلتی کردن لەگەلیا تەلاقی ناکەوی ، هەرچەند قەرینەی حال وائەگەیەنی مەبەست ئەو قاوەلتی‌یە بی کە تەلاقەکەی لادا

خوراوه وه‌كو (قـاضی) بـه‌یـانی كردووه • بـه‌لام ئیمامی (بغـوی) موخالەفەی قاضی‌ی كردووه‌و بریویه‌تی به‌سه‌ر شتیكا كه عورف‌و عـاده‌ت پیویستی ئه‌كا ، وه ئه‌م بیره زورتر نزیكه له‌گه‌ل ئوسوولی شه‌رعدا • وه له‌سه‌ر موافه‌قه‌تی (بغوی) شیخی (رملی) ئیعتیباری كردووه به قه‌رینه‌ی حال‌و مه‌قام • كه‌واته ئه‌گه‌ر داوا كرا له یه‌كیك كه ریگای ژنه‌كه‌ی بدا بروا بو ناو تاقمیكی بیگانه بو شایی ، مه‌سه‌لا ، كابرایش سی تـه‌لاقـه‌ی خوارد وتی ئه‌م ژنی منه نابی خوی ده‌ربخا بو ئه‌و تاقمه‌و بو غه‌یری ئه‌و تاقمه‌یش ، وه ژنه‌كه له هه‌مان شه‌ودا چوو بو ناو كومه‌لیك ژن ، وه كابرا ئیددیعای كرد كه مه‌به‌ستی له غه‌یری ئه‌و تاقمه تاقمه پیاویكی بیگانه‌ی‌تر بووه ، ئه‌وه لی‌ی قوبوول ئه‌كری‌و باوه‌ر به سـویندی ئـه‌كری چونـكه قه‌رینه‌ی حال‌و مه‌قام وائه‌گه‌یه‌نی كه غیره‌تی كابرا هـه‌ل‌نـاگری پیـاوی بیگانه ته‌ماشای ژنه‌كه‌ی بكا •

وه ئه‌گه‌ر كابرا وتی به ژنه‌كه‌ی ته‌لاقت كه‌وتبی‌و ئیددیعای كرد كه مه‌به‌ستی ئه‌وه بووه ئه‌گه‌ر خوا مه‌یلی لی بی (ان شاء الله) ، ئـه‌وه نـه به‌ئاشكرا لی‌ی قوبوول ئه‌كری‌و نـه حه‌والـه‌ی بـه‌ینی خوی‌و خـوایش ئه‌كری ، چونكه به‌ستن به مه‌یلی خواوه ته‌لاقه‌كه له‌ئه‌ساسدا لائه‌با •

به‌كورتی ضه‌بطی به‌یانی مه‌به‌ست وا ئه‌كری ئه‌گه‌ر كابرا ته‌فسیری ته‌لاقه موطله‌قه‌كه‌ی به شتیكی‌وا كرده‌وه كه له‌ئه‌ساسدا ته‌لاقـه‌كـه لابـا وه‌كو ئه‌وه كه بلی مه‌به‌ستم ته‌لاقیك بووه كه نه‌كه‌وی ، یا مه‌به‌ستم ئه‌وه بووه ئه‌گه‌ر خوا ئاره‌زووی لی ببی ، یا مه‌به‌ستم ئه‌وه بووه ته‌نها یه‌ك ته‌لاق نه‌بی پاش ئه‌وه‌ی كه وتی هه‌ر سی ته‌لاقم كه‌وتبی ، یا مه‌به‌ستم ئه‌وه بووه ته‌نها سه‌لما نه‌بی پاش ئه‌وه‌ی كه بلی هه‌ر چوار ژنه‌كه‌م ته‌لاقیان كه‌وتبی ، ئه‌وه نه قوبوول ئه‌كری‌و نه حه‌واله‌ی خوی‌و خوای ئه‌كری • هـــه‌ر

لەمبابەتەیە ئیدیعای روودانی بەینوونەت لەوەپیش ، لەلایەن کەسیکەوە. کە ئیستا سی تەلاقەی کەوتبی •

وە ئەگەر مەعنای لی‌بداتەوە بە شتی کە بیبەستیتەوە بە صیفەتیکەوە. وەکو رویشتن بو مالی باوکی ، یا لای بدا بو مەعنـــایەکی‌تر ، وەکـــو مەعنا لی‌دانەوەی (طلاق) لە زمانی عەرەبیدا بە رزگاربوون لە بەند ، یا وەکو تەخصیص کردنی شتیکی گشتی لە میسالە پیشووەکانا ، ئەگـــەر بەلگە هەبوو ، چ لەفظی لای هەموو زانایانو چ قەرینەی حالو مەقـــام لای (بغوی)و (رملی) ، ئەوە قوبوول ئەکری ، وە ئەگەر بەلگە نەبوو حەوالەی خوی‌و خوای خوی ئەکری • بـەلام لـــە هـەموو حـالیـــکا نیازلەکاتیکا سوودی هەیە کە کابرا بەر لە تەواوبوونی قسەکەی لە دلی گرتبی ، ئەگینا لەوەلا سوودی نی‌یە •

(بزانن) لە هەر شوینیکا کە مەجالی تەدیین بی ، فاسقی‌ی کابراکە نابی بە کوسپ لە ری‌ی ئەو تەدینەدا ، هەرچـەنـد کـابرا لەرادەبەدەر فاسقیش بی ، چونکە مەعنای تەدیین ئەوەیە ئیمە حەقمان بەسەرەوە نی‌یەو حەوالەی خوای ئەکەین ، وە حەقیقەتی حەوالەی خوا کردن لە شەرعدا ئەوەیە بلین بە ژنەکە تو بە ظاهیر حەرام بوویت لەسەر ئەم کـابرا ، وە حەقی‌فەرمان بەرداری‌ی میردەکەتت نی‌یە، مەگەر باوەرت وابی کابرا راست ئەکا ، لەبەرئەوە کە بەلگەیەکت هەبی بیکەی بە دەلیل لەســەر راستی‌ی کابرا • جا ئەگەر بەلگەیەکی‌وای لا بوو واجبە لەسەری بەگوی‌ی کابرا بکا ، ئەگەرچی قاضی هەرکاتی پی‌یانبزانی لە یەکیان جوی ئەکاتەوە • وە ئەگەر ژنەکە لای وابی کابرا درو ئەکا ئەوە حەرامە بەگوی‌ی بکا • وە ئەگەر شکی ببی لە راستو درویا کەراهەتی هەیە بکەویتە دوای •

(بیدار بن) ئەگەر کابرا ئیقراری کرد بـە تەلاق وە لـەپـاشـــا نینکاری کرد یاخود ئیقراری کرد بە سی تەلاقە وە لەپاشـــا وتی هـــەر

تەلاقیك بووە ، ئەوە ئەگەر عوزریکی پەسەندی نەبی بو ئەم پەشیمان بوونەوەیە قوبوول ناکری • وە ئەگەر عوزریکی پەسەندی هەبوو ، مەسەلا وتی وامزانی وەکیلەکەم تەلاقی داوە کەچی تەلاقی نەدابوو ، یاخود لەفظیکم وت وامزانی بەو لەفظە سی تەلاقەم ئەکەوی کەچی ئیستا فتوایان داوە بوم هەر تەلاقیکم ئەکەوی ، ئەوە ئەو پەشیمانی یەی لی قوبوول ئەکری •

باسی تەعلیقی تەلاق

تەعلیق بریتی یە لە بەستنی مەعنای جوملەیەك بە مەعنای جوملەیەکی ترەوە ، بەجوری کە تا (معلق علیه) نەیەتەجی (معلق) نەیەتەجی • وە لەم مەقامەدا قسەمان لە تەعلیقی تەلاقە کە بریتی یە لە بەستنی تەلاقی ژنەکە بە هاتنە جیگەی مەعنای جوملەیەکەوە خوای بەهوی حەرفی تەعلیقەوە بی وەکو ئەوە بلیت ئەگەر لەم خانووە دەرچوویت تەلاقت کەوتبی یا بەهوی رەبطکردنی تەلاقەکەوە بی بە کاتیکەوە وەکو ئەوە بلیت لە روژی یەکەمی مانگدا تەلاقت کەوتبی یا بە شوینیکەوە وەکو ئەوە بلیت لە مالی باوکتا تەلاقت کەوتبی ، یا بەهوی بەستنی تەلاقەکەوە بە صیغەی ئەمرەوە وەکو ئەوە کە بلیت لە مارەیی یەکەت ئازادم بکەو تەلاقت کەوتبی ، یا کچەکەم بو بەخیو بکە دوو سال‌و تەلاقت کەوتبی ، یا دە دینار پارەم بدەری‌و تەلاقت کەوتبی •••

جا هەرکاتی تەعلیقی تەلاق کرا بە شتیکەوە هەتا ئەوشتە نەیەتەجی تەلاقەکە ناکەوی خوای ئەو صیفەتە لەوانەبی واجب بی بیتەجی وەکو ئەوە کە بلیت هەروەختی فلان کەس مرد تەلاقت کەوتبی یاخود بوون‌و نەبوونی وەك یەك بی وەکو ئەوە کە بلیت هەروەختی رویشتیتەوە بو مالی باوکت تەلاقت کەوتبی •

وە هەر تەلاقێك تەعلیق کرا بە شتێکەوە ، ئەوە لەپاش ماوەیەك قابیل نییە تەعلیق بکری بە شتێکی تریشەوە ، مەسەلا پاش ئەوە کە وتی ئەگەر رویشتیتەوە بو مالی باوکت تەلاقت کەوتبی ، ئیتر مەحالە لەسەر ئەم شەرتە شەرتێکی تریش قەرار بدری بە (معلق علیە) لەپاش ئەوە کە تەعلیقەکە تەواو بوو • بەلی لە ئەوەلەوە قابیلە کابرا ئەو تەلاقە تەعلیق بکا بە چەند شتێکەوە وەکو ئەوە کە بلیت هەروەختی رویشتی بو شایی و لە شاییەکەدا لەگەل فلان کەسا دەستت گرت بو هەلپەرکیی و دەسروکەکەت گرت بە دەستەوە تەلاقت کەوتبی ، لەم کاتەدا هەموو ئەو شتانە ئەبن بە (معلق علیە)و تا هەموویان نەیەنەجی تەلاقەکە ناکەوی •

لەپاش تەعلیق پەشیمان بوونەوە مەحالە • هەروەها بەرو دوا خستنی (معلق علیە) مەحالە • وە تا (معلق علیە) دیتەجی ئەتوانی هەموو لەزەتێکی شەرعی لە ژنەکەی وەربگریی و ، هەر نەفەقەو حەقیکی شەرعی هەبی واجبە بەتەواوی جیبەجیی بکا ••

جا ئەگەر (معلق علیە) یەك شت بوو ئەوە دیارە • وە ئەگەر چەند شت بوو بە بیتەماشا کردنی تەرتیب ئەبی ئەوشتانە هەموو بینەجی ، وە بە هەرجوری بینەجی بە تەرتیب یا بە بیتەرتیب کافییەو تەلاقەکەی ئەکەوی • وە ئەگەر لەگەل تەرتیبدا بوو وەکو ئەوە کە بلیت ئەگەر جلەکانت کردەبەر جا رویشتی بو حەمام جا رویشتی بو مالی فلان کەس تەلاقت کەوتبی ، ئەوە وەکو واجبە جوزئەکانی (معلق علیە)یەکە هەموو بینەجی واجبە بەپیی تەرتیبەکەیش بینەجی • کەواتە ئەگەر لەپاش ئەو تەعلیقە ژنەکە رویشت بو مالی ئەوکەسە ، جا هاتەوەو رویشت بو حەمام ، ئەمجار جلەکانی کردەبەر ئەوە تەلاقی ناکەوی •

وە ئەگەر تەلاقێك بەسرا بە دوو شەرتەوە وەکو ئەوە کە بلیت تەلاقت کەوتبی ئەگەر برویتە مالەوە ئەگەر قسە لەگەل فلان کەسدا

بکەی ، ئەوە هەروەکو واجبە هەردوو شەرتەکە بێتەجێ واجبـە ئـەو شەرتەیان کە لەپێشەوە وتراوە لەپێشا بێتەجێ ، یەعنی ئەگەر لەپێشا قسەی کرد لەگەل شەخصەکەداو جا رۆیشتە مالەوە ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوێ ، وە ئەگەر بەم تەرتیبە نەبوو تەلاقی ناکەوێ • وە ئەگەر دوو شەرتەکە بە دوودلی‌یەوە وترابوون وەکو ئەوە کە بلێ ئەگەر بڕوی بۆ مالی فلانکەس یا قسە لەگەل فلانکەسدا بکەی تەلاقت کەوتبێ ئەوە هەرکامیان بکا تەلاقی ئەکەوێ • وە ئەگەر هەردوانیشیان بەجێ‌بێنێ هـەروایـە بـە (طریق الاولی) ••

بەلام ئەگەر شەرتەکەی بەست بە شەرتێکەوە لە مەقامی ئیلزامـدا یەعنی شتەکە بخاتە گەردنی ژنەکە ، وە ئەو شەرتە مەعنای گۆڕینەوەی تیابوو ، ئەوە باشەو تەلاقەکە ئەبەستری بەوشتەوە وەکو ئەوە کـە بلێت تەلاقت کەوتبێ ئەگەر کوڕەکەم بۆ بەخێو بکەی ، یا دوو سال شـیری پێ‌بدەی ، یا لە مارەیی‌یەکەت گەردنم ئازاد بکەی ، یا هیچ لە مالی خۆت نەبەیتە دەرەوە وەکو لەمەوپێش باسمان کرد • وە ئەگەر ئەو شەرتە کـە کابرا ئەیخاتە گەردنی ژنەکەوە مەعنای گۆڕینەوەی تیا نەبوو وەکو ئەوە کە بلێت تەلاقت کەوتبێ ئەگەر لەپاش من شوو نەکەی بە فلان کـەس ، یا رووی خۆت لە من دانەپۆشی ، یا هەروەختێ ویستم بێیت بۆ لام ، یـا هیچ لە مال‌و مولکی من نەبەی ئـەوە تـەلاقـەکـە بەخۆرایی دەس‌بەجێ ئەکەوێ‌و ئەو شەرتەیش بە بەتال‌و بۆش دەرئەچێ •

بۆ ئیعتیبار کردن بەوشەرتە کە تەلاقەکەی پێوە ئەبەستری چەنـد شتێك پێویستە • یەکەم : ئەوە کە لەپێش تەواوکردنی جوملەی تەلاقەکەدا لە دلیا بی‌و نیازی وتنی هەبێ • دووەم : ئەوەیە وای بلێت کە بلکێ بـە جوملەی تەلاقەکەوە یەعنی زیاد لە راوەستانی هەناسەدان‌و زمـان گرتن‌و پشوودان بەینی نەکەوێ • سی‌هەم ئەوەیە وای بلێت کـە خۆی بیبیسێ •

ئەگەر بە زمان نەیوت یا بە زمان وتیو خوی نەیبیست ئەوە تەئثیری نییە • وە ئەگەر لە صوورەتی یەکەمدا ئیدیعای نیازی کرد ، وە لە دووەمدا ئیدیعای وتنی کرد لەگەل نیازدا ، ئەوە ئەگەر بەلگەی بوو قوبوول ئەکری ، وە ئەگەر نەیبوو قوبوول ناکری ، بەلام حەوالەی بەینی خویو خوای خوی ئەکری بەو شەرتە تەعلیقی نەکردبی بە (ئەگەر خوا مەیل بکا)و شتیواوە ، ئەگینا نە قوبوول ئەکرییو نە حەوالەی خوییو خوایش ئەکری • ئیتر بیستنی غەیری خوی پیویست نییە تەنها لە جیاکردنەوەی وینەی (ئەگەر خوا مەیل بکا)دا نەبی •

چوارەم : ئەوەیە کابرا خوی مەعنای شەرتەکە بزانی • ئەگەر کابرا جاریك وتی بە ژنەکەی هەرکاتی تەلاقت بدەم ئەوە تەلاقەکەت تەعلیق کراوە بە فلان شەرتەوە ، وە پاش ئەوە تەلاقی ژنەکەی دا بە بی باسی (معلق علیه) ئەوە بەتەنها ئەو قسە پیشووە ئەم تەلاقی ئیستەیە تەعلیق نابی بەو قەیدەوە کە زوو وتوویەتی ، بەلکو پیویستە ئیستە نیازی بکاو بە زمان بیلیتو خوی بیبیسی • بەلی ئەگەر ئیدیعای کرد ئەو قەیدەم لە دلدا بووە ئەوە قوبوول ئەکری چونکە قسە پیشووەکەی ئەبی بە قەرینە لەسەر نیازی ئیستای •

(بزانن) ئەو لەفظانەی کە لە کوردیدا بو تەعلیق بەکار ئەهینرین هەندیکیان هەر تەعلیقەکە ئەگەیەنن وەکو (ئەگەر) ، وە هەندیکیان زەمانیش ئەگەیەنن بە بیعوموم وەکو (کاتێ) • هەندیکیشیان عومومی زەمانیشیان تیایە وەکو (هەرکاتێ) • هەندیکیتریان عومومی شوینیش ئەگەیەنن وەکو (هەرشوێنێ) • هەندیکیشان عومومی شەخصی عاقل ئەگەیەنن وەکو (هەرکەسی) • هەندیکیان عومومی شەخص ناعاقل ئەگەیەنن وەکو(هەرشتێ)•هەندیکیان عومومی شەخص ئەگەیەنن لەعاقلو ناعاقل وەکو (هەرکام)و (هەریەکێ) ، وە بەهوی بەستن بە

لەفظیکیترەوە بو ئینسان روون ئەبیتەوە • کەواتە ئەتوانین بلیین لەفظی تەعلیق لە کوردیدا ئەمانەن : (ئەگەر ، کاتێ ، هەرکاتێ ، هەرشوێنێ ، هەرکەسێ ، هەرشتێ ، هەرکام ، هەریەکێ) • وایش ئەبی بەهوی ناوبردنی حالو ئەجزای زەمانو غەیری ئەمانیش تەعلیق دەرئەکەوی وەکو (تەلاقت کەوتبی لە پاکیدا) یا (تەلاقت کەوتبی لە روژی یەکی مانگا) وە ئەیشتوانین مەعنای دووبارە کردنەوەی تەعلیق بگەیەنین بەهوی ئەوەوە کە بلیین ، مەسەلا ، هەرچەند جار برویتەوە مالی باوکت تەلاقت کەوتبی •

جا لەفظەکانی تەعلیق یا لە نەفیدا بەکار ئەهینرین وەکو ئەوە کە بلیت (ئەگەر نەیەیتەوە بو مالەوە تەلاقت کەوتبی) یا (کاتی کە نەیەیتەوە تەلاقت کەوتبی) یا (هەر ژنیك نەیەتەوە لەگەلما تەلاقی کەوتبی) ، یاخود لە ئیثباتا بەکار ئەهینرین وەکو (ئەگەر برویتەوە بو مالی باوکت تەلاقت کەوتبی) یا (کاتی برویتەوە بو مالی باوکت تەلاقت کەوتبی) یا (هەر ژنی بڕواتەوە تەلاقی کەوتبی) •

ئەگەر لە نەفیدا بەکار هینران هەموویان پیویستی دەسبەجیی نەکەن تەنها (ئەگەر) نەبی • تەعلیق کردن بە (ئەگەر) تا کاتی نائومید بوون لە ئیشە (معلق علیه) یەکە ناکەوی • کەواتە ئەگەر وتی (کاتی نەیەیتەوە بو مالەوە تەلاقت کەوتبی) ، ئەوە مادەم زەمانیك رابووری کە قابیل بی لەو زەمانەدا ئەو ژنە بیتەوە بو مالو نەهاتەوە تەلاقی ئەکەوی مەگەر مانیعیکی بەهیز مەنعی بکا • بەلام ئەگەر بلیت (ئەگەر نەیەیتەوە بو مالەوە تەلاقت کەوتبی) ئەوە تەلاقی ناکەوی تا لەحظەیەك پیش مردنی ژنەکە یا پیش ویران بوونی مالەکە •

وە ئەگەر لە مەقامی ئیسباتدا بەکار هینران ، ئەوە هیچیان پیویستی دەسبەجیی ناکەنو ، هەرکاتێ (معلق علیه) یەکە بیتەجی باشە ، مەگەر

ئەو لەفظی تەعلیقە عوموومی زەمانی تیا نەبی ، وە لە گورینەوەدا بەکار بهینری وەکو (ئەگەر دە دینارت پیدام) یا (ئەگەر فلانکەس دە دیناری پیدام) یا (ئەگەر بووی بە ضامنی دە دینار بوم) یا (ئەگەر فلانکەس بوو بە ضامنی دە دینار بوم تەلاقت کەوتبی) ئەوە لەم صوورەتانەدا واجبە دەس بەجی ئەوکەسە پارەکەی پیبدا یاخود ببی بە ضامن یەعنی پارەکە بگریتە گەردنی خوی، وە بلی وا بووم بە ضامنی ئەو دە دینارە یا نەذرم کرد لەسەر خوم بتدەمی ٠

هەروەها دەس بەجی یی پیویستە ئەگەر حەرفی تەعلیقەکە چووە سەر صیغەی مەشیئەتو ئارەزووی ژنەکە بە شیوەی گفتوگو لەگەلیا،مەسەلا بلی بە ژنەکە (ئەگەر ئارەزووت هەیە تەلاقت کەوتبی) ئەوە پیویستە ژنەکە دەس بەجی بلی (ئارەزووم هەیە) ٠ وە ئەگەر هات بەینی کەوت تەلاقی ناکەوی ٠ بەلام ئەگەر تەعلیقی کرد بە ئارەزووی ژنەکەیەوە بە بی گفتوگو ، یاخود تەعلیقی کرد بە ئارەزووی غەیری ژنەکەیەوە خوای بە گفتوگو بی یا بە بی گفتوگو ئەوە دەس بەجی یی پیویست ناکا ٠ کەواتە ئەگەر بلی (ئەگەر ژنەکەم ئارەزووی هەبوو) یا بلی بە کەسیکی تر (ئەگەر تو ئارەزووت هەبوو) ، یا بلی (ئەگەر ئارەزووی هەبوو تەلاقی ژنەکەم کەوتبی) ئەوە هەروەختی ئارەزووی هەبوو تەلاقی ئەکەوی ٠

(بیداری) لە کاتی تەعلیق کردندا بە ئارەزووەوە ئەگەر ئەوکەسە بە دەم وتی (ئارەزووم هەیە)و لە دلا حەزی نەبوو ئەوە تەلاقەکە ئەکەوی چونکە بەسراوە بە بەیان کردنی ئارەزووەکەوە (بە دەم) ٠ بەلام ئەگەر تەعلیق بە حەزو خوشی کەسیکەوە بوو مەسەلا وتی ئەگەر حەز ئەکەی یا شادمانی بە تەلاق یا ئارەزووت هەیە لە تەلاق ، تەلاقت کەوتبی ، ئەوە

بو کەوتنی ئەو تەلاقە پیویستە ژنەکە لە دلا حەز بکاو ئارەزووی ببی لە کەوتنی تەلاقەکە ، ئەگەر هاتوو وا نەبوو تەلاقەکە ناکەوی •

باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە وەختیکەوە

ئەگەر وتی تەلاقت کەوتبی لە مانگی رەمەزاندا یا لە یەکەم روژی رەمەزاندا یا لە سەرەتایدا ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە یەکەم وەختی دەس پی‌کردنی ئەو مانگە • وە ئەگەر وتی لە یەکەم روژی رەمەزاندا یا لە روژی فلان مانگدا تەلاقت کەوتبی ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوی بە دەرکەوتنی بەرەبەیانی یەکەم روژی مانگەکە • وە ئەگەر وتی تەلاقت کەوتبی لە ئاخری مانگدا ئەوە تەلاقی ئەکەوی لە دوا چرکە (ثانیە)ی ئاخری مانگەکەدا • وە ئەگەر لە شەودا وتی کاتێ روژێ بەسەرچوو تەلاقت کەوتبی ئەوە تەلاقی ئەکەوی بە ئاوابوونی خوری سبەینی • وە ئەگەر لە روژدا ئەمەی وت ئەوە تەلاقی ئەکەوی بە هاتنی وینەی ئەوکاتە لە روژی دواییدا • وە ئەگەر وتی کاتی ئەمرو رویشت تەلاقت کەوتبی ، ئەوە ئەگەر لە روژدا ئەو قسەیە کرد تەلاقی ئەکەوی بە ئاوا بوونی روژی ئەو روژە ، وە ئەگەر لە شەودا قسەکەی کردبوو ئەوە بەتالەو تەلاقی پی‌ناکەوی ، نە لەپاش تەواوبوونی شەوەکە چونکە ئەو روژی وتووە ، وە نە لەپاش تەواوبوونی روژی سبەینی چونکە ئەوکەسە ئیشارەی بو ئەوکاتە کردووە کە شەو بووەو روژ نەبوە • بەلی ئەگەر کابرا مەبەستی لە ئەمرو ئیمشەو بوو بە مەجاز ئەوە کاتی کە ئەو شەوە تەواو بوو تەلاقی ئەکەوی •

ئەگەر وتی تەلاقت کەوتبی‌ئیمرو یا ئەم مانگە یا ئەم‌سالە ئەوە دەس‌بەجی تەلاقی ئەکەوی با لەکاتی شەویشا ئەو قسەیە بکا ، چونکە کابرا تەلاقەکەی بە دەس‌بەجی‌یی داوە ، ئەوەندە هەیە لە صوورەتیکیانا بە هەلە ناوی شەوی بە روژ بردووەو ئەوەیش زیان نابەخشی •

ئەگەر وتی هەروەختێ مانگ تەواو بوو ، یا ساڵ تـەواو بوو ، یـا ئەم مانگە یا ئەم ساڵە تەواو بوو تەلاقت کەوتبێ،ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوێ بە تەواوبوونی ئەو مانگە یا ئەو ساڵە کە وا تیایا • وە ئەگەر وتی هەرکاتێ مانگێ یا ساڵێ تەواو بوو تەلاقت کەوتبێ ئەوە ئەگەر تەواوبوونی قسەکەی ریکەوتی ئەوەڵی مانگ یا ئەوەڵی ساڵی کرد ، ئەوە تەلاقەکەی ئەکەوێ بە تەواوبوونی ئەو مانگە یا ئەو ساڵە • وە ئەگەر لەناو مانگ یا لەناو ساڵدا بوو پاش تەواوکردنی مانگ بە مانگی دوایی یا ساڵ بە ساڵی دوایی تەلاقی ئەکەوێ • مانگی رووت بە مانگی قەمەریو ساڵی رووت بە ساڵی عەرەبی مەعنای لێ ئەدرێتەوە کە لە موحەررەمەوە دەس پێئەکا • بەڵێ ئەگەر وتی مەبەستم مانگ یا ساڵی رومی یا فارسی بووە ئەوە لێی قوبوول ئەکرێ • هەروەها ئەگەر لە عورفی ئەو شوێنەدا هەر مانگو ساڵی رومی یا فارسی بەکار ئەهێنرا دوور نییە بەوجورە مەعنای لێ بدرێتەوە •

ئەگەر لە مانگی رەمەزاندا ، مەسەلا ، وتی تەلاقت کەوتبێ لە مانگی رەمەزاندا ، ئەوە دەس‌بەجێ تەلاقی ئەکەوێ • وە ئەگەر وتی لە جەژنی رەمەزاندا تەلاقت کەوتبێ ئەوە تەلاقی ئەکەوێ لـە جەژنی رەمـــەزانی ئەوساڵەدا • وە ئەگەر وتی لە ئەوەڵی رەمەزانا تەلاقت کەوتبێ ئـەوە لـە ئەوەڵی رەمەزانی داهاتوودا تەلاقی ئەکەوێ •

ئەگەر وتی لەپێش مردنی خومدا بە چوار مانگو دە شـەو تەلاقت کەوتبێ ، ئەوە ئەگەر لەپێش تەواو بوونی ئـەو مـاوەیـەدا مرد تـەلاقی ناکەوێو ژنەکە لەمحاڵەتەدا (عدّە)ی وەفات بەسەر ئەبا • وە ئـەگـەر لەگەڵ تەواو بوونی ئەو ماوەیەدا مرد یا لەپاش تەواو بوونی ئەو ماوەیـە مرد ، ئەوە لە یەکەمیانا دیارە تەلاقەکەی ئەکەوێ لەو دەقیقەوە کە تا کاتی مردنی کابرا چوار مانگو دە روژەکە تەواو ئەکا • جا ئەگەر (عدّە)ی تەلاقەکە تەواو بووبێ ، بەو رەنگە (عدّە)ی بە مانگ بووبێ یا بە حەیزو

پاکیو ، حەیزو پاکی‌یەکە رابووردبن ئەوە ناکەویتە بەر (عدّە)ی مردنو میراتیش لە کابرا وەرناگری • وە ئەگەر (عدّە)ی بە حەیزو پاکی بووبیو هیشتا حەیزو پاکی‌یەکە رانەبووردبن ، ئەوە ئەگەر تەلاقەکە (بائن) بی (عدّە)کە تەواو ئەکاو میرات وەرناگری • وە ئەگەر تەلاقەکە (رجعی) بووبی لائەدا لە (عدّە)ی تەلاقەوە بو (عدّە)ی مردنو میراتیش وەرئەگری ، چونکە ئەو ژنەی کە بە تەلاقی (رجعی) تەلاق درابی حوکمی ژنی مارە براوی هەیە لە میراتدا •

ئەگەر وتی دوینی تەلاقت کەوتووە ، ئەمە بەپی‌ی مەعنا دیاری‌یەکەی خەبەردانە • جا ئەگەر نیازی گیرانەوەی خەبەر بوو ، وە راستیشی ئەکرد ئەوە دیارە • وە ئەگەر دروی ئەکرد ئەوە بەتالەو تەلاقی ناکەوی ، بەلام لای قاضی مەسئوولە لەم ئیقرار کردنەی • وە ئەگەر مەبەستی دانانی تەلاقی ئیستە بی ئەوە ئیستە تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر وتی مەبەستم تەلاقێ بوو کە دوینی کەوتووەو پاشان ژنەکەم مارە کردوەتەوە ، ئەوە ئەگەر تەلاق‌دانو مارە برینەوەکە زانرابوو باوەر بە سوینی کابرا ئەکری ، ئەگینا باوەری پی‌ناکریو حوکم ئەکری بە کەوتنی تەلاقەکەی لە ئیستەوە •

باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە شتی مەحالەوە

ئەگەر کەسیك تەعلیقی تەلاقیکی کرد بە شتیکی مەحالەوە ، ئەوە ئەگەر لە ئیثباتدا بوو وەکو ئەوە کە بلیت ئەگەر سەرکەوتی بو ئاسمان یاخود بە بال فریت یا دوو شتی (ضدّ)ت لەشوینیکا کوکردەوە ئەوە بەقەطعی تەلاقی ناکەوی • هەروەها ئەگەر تەلاقەکە ببەستی بەکاتیکەوە کە تەلاق لەوکاتەدا نەمینی وەکو ئەوە کە بلیت تەلاقت کەوتبی لەگەل مردنتا یا پاش مردنت یا لەگەل مردنما یا پاش مردنم • وە ئەگەر لە نەفی‌دا بوو

وەکو ئەوە کە بلێت ئەگەر بە باڵ نەفریت بۆ ئاسمان یا دوو شتی (ضدّ) یکو نەکەیتەوە ، ئەوە دەس بەجێ تەلاقی ئەکەوێ •

باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە تەلاقەوە

کابرا وتی هەرکاتێ تەلاقم دای تەلاقت کەوتبێ ، وە لەپاشا تەلاقێکی دا ئەوە دوو تەلاقی ئەکەوێ ، ئـەوەی (معلق علیـه)و بـەشوێن ئـەوا (معلق)ەکەیش • هەروەها ئەگەر پاش ئەو قسـەیە تـەعلیقی تـەلاقی ژنەکەی بکا بە صیفەتێکەوەو ئەو صـیفەتە بێتەجێ ، ئـەوە دوو تـەلاقی ئەکەوێ ، تەلاقە دوایی‌یەکە بەهۆی بوونی صـیفەتەکەوەو ، تـەلاقـە پێشووەکەیش بەهۆی کەوتنی ئەم تەلاقە دوایی (معلق)ەوە • بەلام لەم دوو صوورەتەدا ئەگەر تەلاقە دوایی‌یەکەی لەگەل عیوەزدا بوو ، یاخود نەچووبوە لای ژنەکەی ئەوە هەر ئەم تەلاقە دوایی‌یـە ئـەکـەوێ ، ئیتر تەلاقە پێشووەکەی ناکەوێ چونکە ئافرەتی (بائنه) تەلاقی پێوە نالکێ • ئەگەر وتی هەر کاتێ تەلاقی (منجّز) دەس بـەجێت کـەوت تـەلاقت کەوتبێ ، ئەوە ئەو تەلاقە ناکەوێ بە تەعلیقی تەلاق و بەجێ‌هاتنی صیفەتی (معلق علیه) • ئەگەر وتی هەرکاتێ تەلاقت کـەوت دووبـارە تـەلاقت کەوتبێ ، ئەوە ئەگەر تـەلاقێـکی (رجعی)ی کـەوت و چـووە لای ژنەکەی ، تەلاقی دووهەم و تەلاقی سێهەمیشی ئەکەوێ • وە ئەگەر ئـەم تەلاقەی (رجعی) نەبوو هـەر تەلاقێـکی ئەکـەوێ ، ئیتر تـەلاقی‌تری ناکـەوێ •

باسی (دەور)و ئیعتیبار نەبوونی دەور

کابرا وتی هەرکاتێ تەلاقت کەوت یا تەلاقم دای ، لەپێش ئەوەدا سێ تەلاقەت کەوتبێ ، وە بۆ ئەوەیش ئـەمەی وت کـە هـەرگیز تـەلاقی

نەکەوی ، یەعنی وای ئەزانی هەرکاتی تەلاقی کەوت لەپیش ئـەوەدا سی تەلاقەی ئەکەوی ، وە مادەم لەپیشا سی تەلاقەی کەوت ئیتر ئیستە تـەلاقی ناکەوی چونکە تەلاق نەماوە تا بکەوی ، کەواتە هـەروەختی تـەلاقی دا تەلاقی ناکەوی ، ئەوە ئـەم فیـلە هیچ قیمەتو ئیعتیباری نی‌یـە ، چونکە جەزای شەرت ئەگەر بە زەمان دوا نەکەوی لە شەرتەکەی پیشەوەی ، بە روتبە یەعنی بە ذات دوا ئەکەوی • مادەم وابوو ئەو تەلاقەی کە ئیستـە ئەیدا هیچ مانیعێك لە کەوتنی نی‌یە ، وە لەبەرئەوە کە ئیعتیباری بەجی‌هاتنی جەزاکە ئەبی بەهوی تیك‌چوونی ئەم تەصەروفە راستە ، بەلکو ئەبی بەهوی فەسادی خویشی ، کەواتە لە بنچینەوە بە پووچو بی‌ئیعتیبار دائەنری •

هەروەها ئەگەر وتی ئەگەر بە چوونەلایەکی حەلال چوومـــە لای ژنەکەم ، لەپیش ئەوەدا سی تەلاقەی کەوتبی‌و ، چووە لای ئەوە تەلاقی ناکەوی بە ئوسوولی پیشوو ، کەواتە چوونەلاکە بە حەلال دائەنین‌و گوی نادەین بە جەزاکە • بەلی ئەگەر وتی ئەگەر چوومە لای بە چوونەلایەکی حەلال تەلاقی کەوتبی ، واجبە لەپاش چوونە لای‌و چوونـە ژوورەوەی سەری ذەکەری گورج بگەریتە دواوە ، چونکە بەو کردەوەیە تەلاقەکەی کەوتووە •

باسی (تعدد)ی تەلاق لە چەند صیغەیەکدا بەهوی چەند تەعلیقیکەوە

پیاویك چوار ژنی بوو ، وە ژنەکانی نویژ نەکەرو بەدخوو بوون ، ئەویش وتی ئەگەر خوا بوی ریك‌خستم ژنیکم تەلاق دا مەریکم نەذر بی لە فلانە هەژار ، وە ئەگەر دوو ژنـم تەلاق دا دوو مـەرم نەذر بی ، وە ئەگەر سی ژنم تەلاق دا سی مەرم نەذر بی ، وە ئەگەر چوار ژنم تەلاق دا چوار مەرم نەذر بی ، جا هات ژنیـکی تـەلاق دا ، مـەریکی نەذر ئـەبی

لەوکەسە ، وە کە دووەم ژنی تەلاق دا دوو مەری نەذر ئەبی ، وە کە سیهەم ژنی تەلاق دا سی مەری نەذر ئەبی ، وە کە چوارەم ژنی تەلاق دا چوار مەری نەذر ئەبی ، واتە تیکرا دە مەری نەذر ئەبی •

وە ئەگەر تەعلیقەکەی بەهوی کەلیمەی (هەرچەند)ەوە بوو کە تەرجەمەی (کلما)یە ، مەسەلا وتی هەرچەند ژنیکم تەلاق دا مەریکم نەذر بی هەروا تا ئاخری میسالەکەی پیشوو ، وە ئەم چوار ژنەی تەلاق دا وەکو بەیانمان کرد ئەوە پازدە مەری نەذر ئەبی چونکە لە یەکەم ژندا مەریکی نەذر ئەبی ، وە بەهوی ئەوەوە کە صیفەتی یەك ژن لەپاشەوە سی جار دووبارە کراوەتەوە سی مەری تری نەذر ئەبی • ئەمە چوار • وە کە ژنی دووهەمی تەلاق دا دوو مەری نەذر ئەبی ، وە بەهوی ئەوەوە کە صیفەتی دوویش یەكجار دووبارە ئەبیتەوە لەکاتی تەلاقی ژنی چوارەمدا دوو مەری تری نەذر ئەبی • ئەمە چوار • وە لەگەل چوارە پیشووەکەدا ئەکاتە هەشت • وە لەکاتی تەلاقی ژنی سیهەمدا سی مەری نەذر ئەبی ، وە لەکاتی تەلاقی ژنی چوارەمدا چوار مەری نەذر ئەبی ، ئەمەیش حەوت ، وە گشتی ئەکاتە پازدە • ئیتر صیفەتی سیو چوار مەجال نی‌یە بو دووبارە بوونەوەیان •

باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە سكبوونو منال‌بوونو حەیزو شتی‌واوە

وتی بە ژنەکەی ئەگەر سکت هەبی تەلاقت کەوتبی ، ئەوە ئەگەر لەوکاتەدا سکی هەبوو بەوجورە کە ژنەکە ئیدیعای سکی ئەکردو کابرایش باوەری پی‌ئەکرد ، یا دوو پیاو شاهیدی‌یان ئەدا بەوە کە سکی هەیە ، ئەوە تەلاقی ئەکەوی • بەلام سكبوون بە شەهادەتدانی ژن ثابت نابی هەرچەند چوار ژنیش بن ، هەروەکو منال بوون لە شوینیکا کە

(معلق عليه) بی بو تەلاق بە شاهیدیی ژنان ثابت نابی چونکە تەلاق بە شاهیدیی ژن ناکەوی • بەلی ئەگەر بو غەیری مەسئەلەی تەلاق بە شەهادەتی ژنان سك‌بوون‌و منال لی‌بوون ثابت بوو ، جا کابرایش لەولاوە تەعلیقی تەلاقەکەی کردبوو بە یەکی لەوانەوە ، ئەوە تەلاقەکە ئەکەوی ، چونکە لەولاوە سك بوون‌و منال لی‌بوونەکە ثابت بووە •

وە ئەگەر سکەکەی دەرنەکەوت ئەوە ئیستە حوکم نادری بە کەوتنی تەلاقەکە ، لەگەل ئەوەیشدا کە پاریز ئەوەیە کابرا نزیکی ژنەکە نەکەوی تا مەسەلەی سکەکەی بو روشن ئەبیتەوە • جا ئەگەر ئەو ژنە منالی لی‌بوو لە کەمتر لە ماوەی شەش مانگ لە روژی تەعلیق کردنەکەوە ، ئەوە دەرئەکەوی لەکاتی تەعلیقەکەدا سکی بووەو لەوکاتەوە تەلاقی کەوتووە • وە ئەگەر لە ماوەی زیاتر لە چوار سالدا لەکاتی تەعلیق کردنەکەوە منالی لی بوو،یاخود لە مابەینی شەش مانگ‌و چوار سالا منالی لی بوو ، وە لەوبەینەدا چووبوونە لای ژنەکەو قابیل بوو منالەکە لەو چوونەلاوە پەیدا بووبی ئەوە تەلاقی ناکەوی • وە ئەگەر لەوماوەیەدا نەچووبنە لای ، یاخود چووبنە لای بەلام قابیل نەبوو منالەکە لەو چوونەلاوەوە پەیدا بووبی، بەورەنگە کە لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا لە چوونەلاکەوە منالەکەی لی بووبوو ئەوە تەلاقی ئەکەوی •

ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی ئەگەر سکەکەت کور بوو یەك تەلاقت کەوتبی ، وە ئەگەر کچ بوو دوو تەلاقت کەوتبی ، کەچی بە سکێ کوریك‌و کچیکی بوو ، ئەوە هەر سی تەلاقەی ئەکەوی لەبەرئەوە کە لەم‌کاتەدا (معلق علیه) بو یەك تەلاق‌و دوو تەلاق هاتووەتەدی • چونکە سکی بووە بە کوریش‌و بە کچیش • وە ئەگەر وتی ئەگەر ئەوەی وا لە سکتا نیرینە بو تەلاقیکت کەوتبی وە ئەگەر مییینە بوو دوو تەلاقت کەوتبی ، وە بە سکی کورو کچیکی لی‌بوو ، ئەوە تەلاقی تاکەوی چونکە

ئەوەی لە سکی ژنەکەدا بووە نە تەنیا نێرینە بووەو نە تەنیا مێینە بووە •

ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی ئەگەر منالت لێبوو تەلاقت کەوتبێ ، وە لەپاش ئەم قسەیە ژنەکە بەرودوا دوو منالی لێ بوو ئەوە بە داکەوتنی منالی یەکەم تەلاقێکی ئەکەوێ ، وە بە جیابوونەوەی منالی دووهەم (عدە)ی تەواو ئەبێ • وە ئەگەر هەردوو منالەکەی بە جارێ لێبوو ئەوە هەر یەك تەلاقی ئەکەوێ ، وە لەوکاتەوە ئەکەوێتە (عدّە)وە • وە ئەگـــەر وتی هەرچەند منالت لێ بوو تەلاقت کەوتبێ ، وە ژنەکە بەرودوا سێ منالی لێ بوو ، ئەوە بە دوو منالی یەکەمو دووهەم دوو تەلاقی ئەکەوێ وە بە منالی سێهەم (عدّە)ی تەواو ئەبێ • وە ئەگەر بە جاری سێ منالی لێ جیا بووەوە ئەوە هەر سێ تەلاقی ئەکەوێ جا دەس ئەکا بە (عدّە) • وە ئەگەر بەرودوا چوار منالی لێبوو ، ئەوە بە سێ منالیان سێ تەلاقی ئەکەوێ ، وە بە منالی چوارەم (عدّە)ی بەسەرئەچێ •

ئەگەر کابرا چوار ژنی دووگیانی هەبوو ، وە پێی وتن هەرچەنـد هەریەکێکتان منالی لێبوو ئەوە رەفیقەکانی تەلاقیان کەوتبێ ، ئەوە ئەگەر هەر چواریان بە جاری منالیان لێبوو هەموویان سێ تەلاقەیان ئەکـــەوێ چونکە بۆ هەموویەکێکیان (معلق علیه) بۆ سێ تەلاقە پـەیـدا بووە • وە ئەگەر بەرودوا منالیان لێبوو ئەوە چوارەمیان سێ تەلاقەی ئەکەوێ ، هەروا یەکەمیشیان سێ تەلاقەی ئەکەوێ ئـەگەر تـا منـالبوونی ژنی چـوارەم (عدّە)ی تەواو نەبووبێ وە ژنی دووهەم تەلاقێکی ئەکەوێ بە منالبوونی ژنی یەکەم وە بە منال بوونی خۆی (عدّە)ی تەواو ئەبێ ، وە ژنی سێهەم دوو تەلاقی ئەکەوێ بە مندالبوونی ژنی یەکەمو دووهەم ، وە بە منالبوونی خۆیشی (عدّە)ی بەسەرئەچێ • وە ئەگەر دوانیان بەیەکەوە منالیانبوو ، جا دووی تریشیان بەیەکەوە منالیان بوو ، وە (عدّە)ی دوانە ئەوەلەکەیش لەکاتی منالبوونی ئەمانا مابوو ، ئەوە دوانە ئەوەلەکە سێ تەلاقیان ئەکەوێو

دوانە ئاخرەکەیش یەکی دوو تەلاقیان ئەکەوی بەهوی منال‌بوونی دوانە ئەوەلەکەوە ، وە بە منال‌بوونی خویان (عدّە)یان بەسەرئەچی •

ئەگەر تەعلیقی تەلاقی ژنیك کرا بە حەیزی خویەوەو جا ئەویش ئیددیعای حەیزی کردو کابرا باوەری کرد،ئەوە باشە•وە ئەگەر ئینکاری کرد ژنەکە باوەری پی‌ئەکری بە سویند ، مادەم عومری نەگەیشتبی بە سال‌و تەمەنی نائومید بوون لە حەیز کە شەصت‌و سی ساله ، بەلام باوەری پی‌ناکری لە حەیزی خوی‌دا ئەگەر ئەو حەیزە (معلق علیه) بی بو تەلاقی ژنیکی‌تر ، بەلکو پیویستە ئیسبات بکری بە شاهیدی‌ی دوو پیاو • هەروەها باوەری پی‌ناکری بە سویند لە منال‌بوونی خویا چی (معلق علیه) بی بو تەلاقی خوی‌و چی (معلق علیه) بی بو تەلاقی ژنیکی‌تر ، وەکو ئیسبات ناکری بە شەهادەتی چوار ژن یا بە شەهادەتی پیاویك‌و دوو ژن ، بەلکو پیویستە ئیسبات بکری بە شەهادەتی دوو پیاو لەبەرئەوە کە منال لی‌بوون ئاسانە شەهادەتی لەسەر تیپەر ببی ، وە وەکو حەیزی ژن نی‌یە ، وە تەلاقیش بە شاهیدی‌ی ژن ئیسبات نابی ، بەلکو ئەبی شاهیدەکەی هەر پیاو بی •

ئەگەر کابرا دوو ژنی هەبوو وە وتی ئەگەر هەردوانتان کەوتنە حەیزەوە تەلاقتان کەوتبی ، لەپاشا هەرکامیان ئیددیعای حەیزی خوی‌و ئەویانی کرد ، ئەوە ئەگەر کابرا باوەری پی‌کردن تەلاقی هەردوکیان ئەکەوی • وە ئەگەر باوەری بە هیچیان نەکرد ، ئەمجار ئەگەر بە شەهادەتی دوو پیاو ئیسباتی حەیزەکەیان کرد ، هەردوکیان تەلاقیان ئەکەوی • وە ئەگەر بویان ئیسبات نەکرا باوەر بە سویندی کابرا ئەکری لەسەر نەبوونی حەیزەکەیان‌و تەلاقیان ناکەوی ، چونکە تەلاقی هەریەکیکیان بەسراوە بە حەیزی خوی‌و هاوری‌کەیەوە ، وە ئەم دوو حەیزە بە قسەی هیچ‌کامیان ثابت نابی ، چونکە ئەگەر قسەی بو حەیزی

خوی سوودی هەبی بو حەیزی هاوریکەی سوودی نی‌یە ، وە ئەسلیش نەبوونی حەیزو مانەوەی عیصمەتە •

وە ئەگەر کابرا باوەری کرد بە یەکیکیانو باوەری نەکرد بەویان ، ئەوە ئەو ژنە باوەر پی‌نەکراوە تەلاقی ئەکەوی ئەگەر سویند بخوا لەسەر حەیزی خوی چونکە کابرا باوەری هەیە بە حەیزی ئەو ژنە ، وە ژنەکە خۆیشی سویند ئەدری بو حەیزی خوی • وا (معلق علیه)ی تەلاقەکەی هاتەجی •

باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە هەندی شتی جیاجیاوە

کابرا تەعلیقی تەلاقی ژنەکەی کرد بە خواردنی نانیکەوە یا خواردنی هەناریکەوە ئەویش نانەکە یا هەنارەکەی خوارد ، بەلام لە نانەکە پارچەیەك یا لە هەنارەکە دەنکیك مایەوە تەلاقەکە ناکەوی • بەلی قەیدی نی‌یە مانەوەی وردە نانیکی‌وا کە چاو بە ئاستەم بیبینی • ئەگەر کابراو ژنەکەی پیکەوە خورمایان ئەخوارد ، لەپاشا وتی بە ژنەکەی ئەگەر ناوکی خورماکەی خوت جیا نەکەیتەوە لە ناوکی خورماکانی من تەلاقت کەوتبی ، ئەوە ئەگەر نیازی ئەوەبی بەتایبەتی ناوکە خورماکانی ژنەکە دیاری بکاو جیایان بکاتەوە لە ناوکە خورماکانی کابرا ، ئەوە تەلاقەکەی دەس‌بەجی ئەکەوی چونکە ئەمە بەعادەت مەحالەو تەعلیق بە مەحالیش لە نەفیا ئەبی بەهوی ئەوە کە تەلاقەکە دەس‌بەجی بکەوی ، وە ئەگەر نیازی ئەوەی نەبی لەمەوزعەدا رزگار ئەبی بەوە کە ژنەکە هەموو دەنکەکان جیا بکاتەوە لە یەك ••

ئەگەر کابرا ژنەکەی دانا بە (دز)و وتی ئەگەر راستم پی‌نەلیت

تەلاقت کەوتبی ، ئەوە ئەگەر مەبەستی دەربرینی باری راستی بی بەتایبەتی ، واجبە ئەو باری راستی‌یەی بو دیاری بکا ، بەلام ئەگەر گورج بوی دیاری نەکرد ئەوە تەلاقی ناکەوی تا کابرا نائومید ئەبی لە دەربرینی ئەو راستی‌یە لەلایەن ژنەکەوە • ئەگەر مەبەستی کردنی قسەی راست بوو ، ئەوە رزگار ئەبیت لە تەلاق بەوە کە بلی (دزیومە) ، (نەمدزیوە) چونکە حال لەم دوو حالە بەدەر نی‌یە •

وە ئەگەر وتی ئەگەر خەبەرم نەدەیتی ئەم هەنارە چەند دەنکی تیایە تەلاقت کەوتبی ئەوە رزگار ئەبی بەوە بیت یەکەم ژمارەیەك بەیان بکا کە دەنکە هەنارەکان لەوە کەمتر نەبی ، جا لەسەر ئەو ژمارەوە سەرکەوی تا ئەگاتە ژمارەیەك کە هەنارەکە ری‌ی تی‌نەچی لەوەندە زیاتری تیابی • بەلام ئەگەر مەبەستی ئەوەبی کە بەتایبەتی ژمارەیەکی‌وا بلیت کە عەینی ژمارەی دەنکە هەنارەکان بیت ، ئەوە ظاهیر وایە کە دەس‌بەجی تەلاقی بکەوی چونکە ئەمە بە عادەت مەحالەو هەر خوا خوی غەیب ئەزانی‌و ، تەعلیق بە مەحالیش لە نەفیدا دەس‌بەجی تەلاقی پی‌ئەکەوی •

ئەگەر کابرا سی ژنی هەبوو ، وە پی‌ی‌وتن هەرکامتان پیم نەلی ژمارەی رکاتی نویژی فەرز لە شەوو روژا چەندە تەلاقی کەوتبی ، جا یەکیکیان وتی حەڤدەیە ، یەکیکی‌تریان وتی پانزەیە ، ئەوی‌تریشیان وتی سیازدەیە ، ئەوە تەلاقی هیچیان ناکەوی ، وە یەکەمیان مەعنای قسەکەی لی‌ئەدریتەوە بە رکاتی عادەتی‌ی غەیری روژی جومعە ، وە دووهەمیان مەعنای قسەکەی لی‌ئەدریتەوە بە روژی جومعە ، وە سیهەمیان مەعنای قسەکەی لی‌ئەدریتەوە بە کاتی سەفەر ! بەلی ئەگەر کابرا هەر مەبەستی ژمارەیەکی دیاری بی ، ئەوە ئەو ژنە کە ناوی ئەو ژمارەیەی هیناوە رزگاری ئەبی‌و ئەوانی‌تریش تەلاقیان ناکەوی تا کاتی نائومیدبوون لە

جواب دانەوەیان ، چونکە تەعلیقەکە تەعلیق بە نەفیە بە بێ بەستن بە زەمانێکی تایبەتی‌یەوە ، وە ئەوانیش ئەتوانن بەیانی ئەو ژمارە مەبەستە بکەن ..

ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی تەلاقت کەوتبی پاش کاتێك یا زەمانێك، ئەوە پاش تاوێك تەلاقی ئەکەوێ . وە ئەگەر وتی ئەگەر فلان کەست چو پی‌کەوت یا دەستت پیوەدا یا جنوت پی‌دا تەلاقت کەوتبی ، ئەوە تەلاقی ئەکەوێ بەم‌ئیشانە لەکاتی ژیانی ئەوکەسەدا یا پاش مردنی ..

ئەگەر وتی بە ژنەکەی ئەگەر لە فلان کەست دا تەلاقت کەوتبی ، ئەوە تەلاقی ئەکەوێ بە لیدانی لەکاتی ژیانیا نەك لەپاش مردنی ، چونکە مەبەست لە لیدان ئازار گەیاندنە بە عادەت ، وە مردوو ئازاری پی‌ناکا .

ئەگەر ژنەکە قسەیەکی ناشیرینی[1] وت بە میردەکەی ، کابرایش وتی ئەگەر وەهابم تەلاقت کەوتبی ، ئەوە ئەگەر کابرا نیازی ئازاردانی ژنەکە بی بە تەلاق‌دانی لە تولەی ئەو قسە ناشیرینەدا دەس‌بەجی تەلاقی ئەکەوێ ، وە ئەگەر نیازی تەعلیق بی ئەوە تا ئەو صیفەتە ئیسبات نەبی لەو کابرایەدا تەلاقی ناکەوێ . هەروەها ئەگەر نیازی هیچی نەبی .

(بزانن) تیکرا هەرکاتی پیاو تەعلیقی تەلاقی ژنەکەی کرد بە بوونی صیفەتیکەوە کە قابیل بی بە عادەت شاهیدی لەسەر بگیری‌و ژنەکە

---

(١) لیرەدا موناسبە مەعنای هەندی لەو قسە ناشیرینانە لی‌بدەینەوە بوئەوە بزانین ئاخو ئەو صیفەتە ناشیرینانە لە میردەکەدا هەن یا نە . سەفیە : کەسیکە صیفەتیکی‌وای تیابی نەهیلی کابرا بەپی‌ی شەرع بە ئارەزووی خوی تەصەروف بکا لە مالیا . خەسیس : کەسیکە دینی خوی بفروشی بە دنیا ، یا لەبەر رژدی کاری‌وا بکا لایقی شانی نابی . پەست‌و نامەردو ناپیاو بە کەسیك ئەلین بە ئوسوولی شەرع دوور بی لە رەوشتی بەرز وەکو شەرم‌و راستی‌و وەفاو بەخشش‌و شتی‌وا . بەدرەسەنیش کەسیکە باوك‌و باپیرەی تاوانبارو دزو دروزن بووبن ..

ئیدیعای بوونی ئەو صیفەتەی کردو شـــــاهیدی نـەبوو ، وە کابرایش ئینکاری کرد ئەوە باوەر بە کابرا ئەکری بە سویند • وە ئەگەر تەعلیقی تەلاقەکەی بە نەبوونی ئەو صیفەتەوە کردو کابرا ئیدیعای بوونی ئەکردو ژنەکە ئینکاری ئەکرد، ئەوە ئەگەر نەبەسرابوو بە ئیشی ژنەکە یا کابراکەوە وەکو ئەوە کابرا بلیت ئەگەر فلانکەس نەرویشـــتەوە بو ولاتی خـوی تەلاقت کـەوتبی ، ئەوە هەر باوەر بە کابرا ئەکری بە سویند لەبەر ئەصلی مانەوەی عیصمەت ، هەرچەند ئەصل نەبوونی ئەو شتەیە • وە ئەگەر ئەو شتە بەسرابوو بە یەکیکیانەوە ئەوە ئەگەر زیاتر نەئەزانرا تەنها لەلایەنی خاوەنەکەیەوە نەبی وەکو خوشەویستیو نیازو شتیوا ، ئەوە لە بوونیا یا لە نەبوونیا هەر باوەر بە خاوەنەکەی ئەکری بە سویند • وە ئەگەر لـــە دەرەوەیشەوە ئەزانرا وەکو مەسرەف کردن بو ژنەکە لەو صوورەتەدا کە کابرا بلیت ئەگەر مەسرەفم بو نەکردی تـەلاقت کـەوتبی یـا ئـەگـــەر نەمبردیتەوە بو مالی باوکت تەلاقت کەوتبی ، ئەوە هەرکـەس ئیدیعـای کرد ئەگەر شاهیدی راستەوە کرد بو ئیسباتکردنی ئەوە باشە ، ئەگینـا باوەر بە ئینکارکەرەکەی ئەکری بە سویند • کەواتە ئەگـەر کـابرا وتی مەسرەفم بو کردوویو ژنەکە وتی نەتکردووە ، وە کابرا شـــــاهیدی نەبوو ، ئەوە ژنەکە سویند ئەدریو حوکم ئەکری بە کەوتنی تەلاقەکەی• جا لەم شوینەدا قابیل نییە چوونەلای ژن بە شاهید ئیســــــبات بکری ، هەروەها سەرەتای حەیز پیاهاتنی ژنیش ، بەلام شاهیدگرتن لەســــــەر دەوامکردنی حەیزەکەی دروستە لەبەر ناچاری ••

باسی سویند خواردن بە تەلاق (حلف)

سویند خواردن بە تەلاق بریتییە لەوە تەلاقی ژنەکەی ببەستی بـە شتیکەوە بەنیازی هاندان لەسەر کردنی یا نەکردنی شــتیك لـەلایـەنی

خویەوە یا لەلایەنی کەسیکیترەوە یا لەلایەنی هەردوکیانەوە ، یـا بـو ئیسبات کردنو لێکولینەوەی هەوالیك یـا بو پی ناخوش بوونو بـاوەر پی نـەکـردنی ئـەو هـەوالـە ، چ بـە صـــوورەتی تـەعلیق بی بـە ظـاهـیر ، وەکـو ئـەوە کـــە بلیت ئـەگـــەر خزمـــەتی میـوانـم نـەکـرد تـەلاقـم کـــەوتبی ، یـا ئـەگـــەر خزمەتی پیـاوی دروزنم کرد تەلاقم کەوتبی ، یا ئەگەر ئەو قسەیە راست نەبوو کە ئەلین فلانکەس ئیمرو وای کردووە یا ئەگەر راست بوو کـــە ئەلین جنیوی داوە تـەلاقم کەوتبی ، یاخود بە صوورەتی تەنجیز بی بە ظاهیر وەکو ئەوە کـە بلیت تەلاقم کەوتبی خزمەتی میوان ئەکەم یا تەلاقم کـەوتبی خزمـەتی پیـاوی دروزن ناکەم یا تەلاقم کەوتبی ئەو قسەیە راستە یا تەلاقم کـەوتبی ئـەو قسەیە درویە •

تیکرا سویند لەسەر هەر شتی خورا ، ئەگـەر شەرع عورفی هەبوو لەوشتەدا وەکو نویژو فروشتنو کرینو بەکریدانو شتیوا ، ئەوە بـە مەعنا شەرعییە راستەکە مەعنای لیئەدریتەوە ، ئەگینا بە مەعنـای عورفی زمان مەعنای لیئەدریتەوە ، مەگەر عورفی عام ئەوەندە بلاو بی خـەیـال نەروا بو مەعنای عورفی زمان بە عادەت ، تەنها لە حالەتیکا نەبی کە کابرا خوی ئیدديعای غەیری ئەم مەعنایانە بکاو زیانیشی ببی بوی ، یا قازانجی ببی بوی ، بەلام قەرینەی لەسەر نیازەکەی هەبی •

(بزانن) هەر سویندی لەسەر ئیسبات بی ئەوە مەعنای لیئەدریتەوە بە تەعلیق بە نەفی • وە هەر سویندی لەسەر نەفی بی مەعنای لیئەدریتەوە بە تەعلیق بە ئیسبات • کەواتە ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی زیـارەتی ئـەو برادەرەم ئەکەم ، ئەوە وەکو ئەوە وایە وتبیتی ئەگـەر زیـارەتم نـەکرد تەلاقم کەوتبی • کەوابوو تەلاقی ناکەوی تا نائومید نەبی لەو زیـــارەت کردنە • وە ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی قسە لەگەل فلانکەسا ناکەم ئەوە

وەکو ئەوە وایە وتبیتی ئەگەر قسەم لەگەلدا کرد تەلاقم کــەوتبی ، وە مادەم کاتی دیاری نەکردووە هەروەختی قســەی لەگــەلــدا بکا تــەلاقی ئەکەوی[1] .

ئەم حوکمەی بەیانمانکرد ئەوەش ئەگریتەوە کە سویندەکە لەسەر (قضیەی حملیە) بی یا لەسەر (قضیەی شرطیە) بی وەکو ئەوە کە بلیت تەلاقم کەوتبی قسە لەگەل فلان کەسدا بکەی لیت ئەدەم، ئەمە تەفسیرەکەی وایە ئەگەر قسەت لەگەل فلان کەسدا کردو لیمنەدای تەلاقم کــەوتبی . کەواتە کاتێ قسەی لەگەل ئەوکەسەدا کردو ســویـنـدخورەکە لیینــەدا تەلاقی ناکەوی تا نائومید نەبی لە لیدانی بەهــوی مردنی یەکیکیانـــەوە . هەروەها ئەگەر بلیت تەلاقم کەوتبی گا بڕواتە ناو زەراعەتەکەم شـــاخی ئەشکینم ، یەعنی ئەگەر گا رویشتە ناو زەراعەتەکەمو شاخم نەشـــکاند تەلاقم کەوتبی . جا ئەگەر گا رویشتە ناو زەراعەتەکەیو شاخی نەشکاند تەلاقی ناکەوی تا نائومید ئەبێ لەوە کە شاخی گا بشکینی بەوجورە کــــە گا نەمینی لەوشوینەدا یا کابرا بمری ، وە ئەمە لەسەر ئەساسی فەرموودەی (شیخ ابن حجر)ە لە (تحفە)داو فەرموودەی (رملی)یە لە (نهایە)دا . بەلام هەندی لەوانەی کە حاشیەی ئەو دوو کتیبەیان نووسیوە لەســـــەر ئەوەن کە سویند لەسەر (قضیەی شرطیة) مەعنای ئەوەیە هــەر کــــە شەرطەکە هاتەجی ئەبی دەسبــەجی جەزاکــەیش بیتــەجی ، ئــەگینـــا سویندەکە ئەکەوی . کەواتە پیویستە پاش رویشتنی گا بو ناو زەراعەتەکە

---

(١) لەمبارەیەوە شاعیر وتوویەتی :

هەر ســویندی لەســەر ئیسبات جی بگری
بە تەعلیق بە نەفی تەفســـیری ئەکری
سویندیش لە نەفیــا لەســەر مەعنای خوی
تەعلیق بــە ئیســبات تەفســیرە لــەبوی

گورج شاخی بشکینی مادەم زوردار ری ی لی نەگری ، بەلام ئەم قسەیە پشتی پی نابەستری ••

جا ئەگەر کابرا تەعلیقی تەلاقی کرد بە کرداری خویەوە لە مەیدانی سویند خواردنا وەکو ئەوە کە بلیت تەلاقم کەوتبی ناروم بو مالی فلان کەس ، ئەوە لەکاتیکا تەلاقەکەی ئەکەوی کە بە زانین و ئارەزووی خوی بروا بو مالی ئەوکەسە ، وە ئەگەر رویشتە مالی ئەوکەسە لەکاتیکا کە تەعلیقەکەی لەبیر چووبووەوە ، یا تەعلیقەکەی لەبیر بوو ، بەلام نەی ئەزانی ئەو خانووە مالی کابرایە ، یا ئەی زانی ، بەلام بە زور بردیان یا ناردیان بوی ، خوای زورەکە بە حەق بی وەکو ئەوە کە وەختی خوی نەذری کردبی بروا بو مالی باوکی بو ئەحوال پرسینی نەخوش و ئیستا قاضی بە زور بینیری ، یاخود زورەکە لەسەر بەتال بی یەعنی بە بی هویەکی شەرعی گەورەی ئەوشوینە بە زور ناردی بو ئەو مالە ، ئەوە تەلاقی ناکەوی ، چونکە ئیشیك کە (معلق علیه) بی بو تەلاق بەپی ی شەرع ئەبی کرداریك بی کە بە زانین و عەمدو ئارەزوو بی ، وە ئەمە وەکو مەسئەلەی تەلاق بە زور نی یە کە ئەگەر زورەکە بە حەق بی تەلاقەکە بکەوی ، وە ئەگەر بە ناحەق بی تەلاقەکە نەکەوی ، چونکە فەرق زورە لە بەینی زور لەسەر تەلاق و زور لەسەر ئیشیکدا کە (معلق علیه) بی بو تەلاق ، وەکو لە شوینی خویدا بەیان کراوە •

ئەگەر کابرای سویندخور لەپاش ئەوە کە ئیشە (معلق علیه)یەکەی کرد ئیدیعای کرد کە تەعلیقەکەی لەبیر نەمابوو یا نەیزانیوە ئەو ئیشە (معلق علیه)یە ، ئەوە باوەری پی ئەکری بە سویند • بەلام ئەگەر ئیدیعای کرد کە بە زور پی یان کردووە پیویستە ئیسباتی ئەو زورە بکا بە دوو شاهیدی وا کە بە تەفصیل بەیانی زورەکەو ریگای زورەکە بکەن ، ئەگینا کابرا تەلاقی ئەکەوی •

ئەگەر کابرا لەم کاتی تەعلیقەدا مەبەستی هاندانو ریگا گرتن نەبوو ، ئەوە بە هەرچونی ئەو ئیشە بکا یا تەرکی بکا تەلاقی ئەکەوی چونکە لەم‌کاتەدا تەعلیقەکەی سویند خواردن نی‌یەو تەعلیقی رووتە •

وە ئەگەر تەعلیقی تەلاقی کرد بە کرداری کەسیکی‌ترەوە ، ئەوە ئەگەر ئەوکەسە لەوانە نەبی کە گوی بدا بە سویندی ئەم کەسە وەکو زورداریکی بی‌عەلاقە بەم کەسەوە ، یا بیگانەیەکی نەدیوو نەناسیو مەسەلا ، ئەوە بە هەر جوری ئەو ئیشە بکا ئەم کابرایە تەلاقی ئەکەوی چونکە ئەم تەعلیقە لەم‌کاتەدا شیوەی سویندی نی‌یەو تەعلیقیکی رووتە •

وە ئەگەر ئەوکەسە کەسیکی‌وا بوو موبالاتی ئەکرد بە سویندی ئەم سویندخورە لەبەر دوستی یا خزمایەتی یا دل راگرتن یا شەرم یا هەر هویەکی‌تر ، وە کابرای سویندخوریش مەبەستی بوو ئەوکەسە لەم‌سویندە ئاگادار بکاو بزانی بەم سویندە ، خوای (فعلا) پی‌ی بزانی یا نە ، ئەوە لەم‌صوورەتەدا وەکو سویندی لەسەر کرداری خوی خواردبی وایە ، یەعنی ئەگەر ئەوکەسە ئیشەکەی‌کرد لەکاتیکا کە ئەیزانی بە تەعلیقەکەو بە (معلق علیه)و ئیشەکە بە ئارەزوو بوو ، ئەوە ئەم سویندخورە تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر ئیشەکەی کرد بەلام بە تەعلیقەکەی نەزانیبوو یاخود پی‌ی زانیبوو بەلام لەبیری نەمابوو ، یاخود لە بیری بوو بەلام نەی‌ئەزانی ئەو ئیشە (معلق علیه)یە بو تەلاقی کابرا ، یاخود ئەیزانی بەوە کە (معلق علیه)یە بو تەلاقی کابرا بەلام کەسیك بە زور ئیشەکەی پی‌کرد ئەوە لەم صوورەتانەدا تەلاقی کابرای سویندخور ناکەوی •

میسالیکی نەزانینی سویندخورەکە بە (معلق علیه) ئەوەیە کە کابرا سویند بخوا بە تەلاق کە قسە لەگەل فلانکەسا ناکات ، وە کابرایەکی باوەر پی‌کراو خەبەری بو هینا کەوا ژنەکەی مردووە ، ئەویش لەسەر

ئەو بڕیارە قسەی کرد لەگەڵ ئەوکەسەدا ، لەپاشا دەرکەوت کە ژنەکەی نەمردووە ، ئەوە تەلاقی ناکەوێ • یاخود سوێندی خوارد کە قسە لەگەڵ فلان کەسدا ناکا ، وە جارێ بە زۆر ناچاریان کرد قسەی لەگـەڵدا بکا ، پاشان مەلایەك وتی مادەم جارێك قسەت لەگەڵدا کردووە ئیتر قسە بکەی قەیدی نی‌یە ، ئەویش دیسان قسەی کرد لەگەڵ کابرادا لەســەر ئـەو قەرارە کە زیانی نی‌یە ، ئەوجا مەلایەکی گەورەتر پێی‌وت ئەوجارە بـە زۆر قسەت لەگەڵ کابرا کردووە تەلاقت نەکەوتووە ، بـەڵام پـاش ئەو جارێ زۆرە نابێ جارێکی‌تر قسەی لەگەڵدا بکەی چونکە سوێند بە زۆر بەتاڵ نابێتەوەو ناکرێتەوە ، ئەوە لەم صوورەتەیشدا کابرا هـەر تـەلاقی نەکەوتووە ، چونکە ئەو قسەیە کە کردوویەتی لەسەر گومانی بێ‌زیانی بووە لەسەر فتوای مەلاکە •

هەروەها ئەگەر کەسێك سوێندی خوارد لەســـــەر ئیشـــێك ، وە یەکێکی‌تر وتی (ان شاء اللە •• ان شاء اللە) وە ئەم ســـوێند خورەیش باوەڕی وابوو کە (ان شاء اللە)ی کەسێکی‌تر ســـوودی هـەیـە بـۆ سوێندخورەکە وەکو چۆن خۆی (ان شاء اللە) بکا لەسەر ئەساسی ئەوە کە مەشهوورە لەناو خەڵکدا ، وە کابرای سوێندخور ئیشەکەی کرد ئەوە سوێندی ناکەوێ ، چونکە ئەم‌کەسە لەسەر نـاوبـانگ متمانـەی پەیـــدا کردووە بەوە کە (ان شاء اللە) هەرچەند کەسێکی‌تریش بیکا ســوودی هەیە • هەروەها ئەگەر شێوەی ژنەکەیان گۆڕی بەجۆرێ کە ئەم کابرایە لای‌وابوو هەرگیز ژنەکەی خۆی نی‌یە ، وە هەرچەند وتیان ئەمە ژنەکەی تۆیە باوەڕی نەکرد ، هەتاوەکو وتی ئەگەر ئەمە ژنەکەی من بێ تەلاقی کەوتبێ ، ئەوە هەر تەلاقی ناکەوێ چونکە هەرچەند بە صوورەتی تەعلیق قسەکەی کردووە ، بەڵام لەسەر گومانی ئەوە بووە کە ژنی خۆی نی‌یەو

ئەگەر بیزانیایە ژنی خویەتی تەلاقی نەئەدا[1] ..

باوەرو گومان دەوریان زورە لە حوکمدا . بویە ئەگەر کەسێك سویند بخوا بە خوا یا سویند بخوا بە تەلاق کە فلانە شتی کردووە یا نەی کردووە یا فلانە شت وەهایە یا وەها نی یە ، ئەوە ئەگەر مەبەستی ئەوەبی کە بە گومانی ئەو وایە یا وا نی یە بە قەطعی تەلاقی ناکەوی . هەرچەند ئەوشتە بەپیچەوانەی گومانی کابرایش بی . هەروەها ئەگەر کابرا بە ئیعتیباری باوەرو گومانیش سویند بخوا هەر سویندی ناکەوی لەبەرئەوە کە مەعنای (قضية) زانینو باوەرو گومانی خاوەنەکەیەتی بەو نیسبەتدانە کە لە قسەکەوە دەرئەکەوی . کەواتە مەعنای ئەوە کە کەسێك بلی (سەرکەوتن بەسراوە بە هەولدانەوە) ئەوەیە من باوەرم وایە گەیشتن بە مەرام وەستاوە لەسەر هەولدانو تیکوشین ..

بەلی ئەگەر بەتایبەتی بریاریدا کە لە (نفس الامر)دا وایەو تەلاقی خوارد فلانەشت لە حەقیقەتو واقیعدا وایە بە بیپەیوەندی گومانو باوەری خوی ، کەچی بەپیچەوانەی ئەوە دەرچوو ، ئەوە تەلاقی ئەکەوی ، چونکە خوی ریگای لە خوی بریوەتەوە ، هەروەکو ئەگەر تەلاق بخوا کە فلانەشت ناکا نە بە زانینو نە بە نەزانین ، وە نە بە دەسەنقەستو نە بە هەلە ، وە نە بە ئارەزوو نە بە زور ، ئەوە لەمصوورەتەدا بە هەرجوری بیکا تەلاقەکەی ئەکەوی چونکە هەموو ریگایەکی پەرژین کردووە لە خوی .

میسالیکی نەزانینی کەسیکیتر بە (معلق عليه) وەکو ئەوە کابرایەك سویند بخوا بە تەلاق لە ژنەکەی کە نابی کەلوپەلی ناومال بە خواستەمەنی

---

(١) بروانە لاپەرە (١٢١) بەرگی هەشتی شیروانی ، لە شەرحی (تحفه)دا بەسەر فەرموودەی (منهاج)ەوە کە ئەفەرمویت (ففعله ناسيا للتعليق أو مكرها) .

بدەی بە کەس بە بێ ئیذنی خوم پاشان کەسیك بروا بلی بە ژنەکە کەوا میردەکەت وتی فلانە شتم بدەیتی ، ئەویش باوەری پی کردو شتەکەی پی دا ، لەپاشا دەرکەوت دروی کردووە ، ئەوە تەلاقی کابرا ناکەوی • یا کابرا سویند بخوا بە تەلاق لە ژنەکەی کە نابی بروی بو فلانە شوین بە بی ئیذنی خوم،لەپاشا ژنی بیت پی ی بلی میردەکەت ئیذنی داوی پیکەوە بروین بو ئەو شوینەو ئەمیش باوەری پی بکاو پیکەوە برون ، کەچی دەربکەوی ئیذنی نەداوە ، ئەوە لەمصوورەتەیشدا هەر تەلاقی ناکەوی •

یاخود مەلایەك فتوا بدا بو ژنەکە کە ئەم جورە رویشتنە ئیذنی میردی پی ناوی ، وە بە بی ئیذن بروی تەلاقت ناکەوی ، ژنەکەیش باوەری پی بکاو بروا ، ئەوەیش هەر تەلاقی ناکەوی ، مادەم کە باوەری بە مەلا کردووە ، هەرچەند مەلایەکی گەورەی بەناوبانگیش نەبی •

بەلی هەر گومانیك کە لەسەر ئەساسیك نەبی و شەخصەکە هەر لەخویەوە باوەری وابی زیانی نی یە ئەوە بە بی سوود دەرئەچی • وە ئەگەر ئیشی (معلق علیه) بکا تەلاقی ئەکەوی • هەروەکو ئەگەر کابرا حوکمی شەرع نەزانی یا ئیددیعای ئەوە بکا کە حوکمی شەرع نازانی ، مەسەلا بلیت ئەمزانی سویندم خواردووە نەروم بو فلانە شوین ، بەلام عەقلم نەشکا بەوە کە ئەگەر بروم تەلاقم ئەکەوی ئەوە بەقطعی سوودی نی یەو تەلاقی ئەکەوی ، چونکە ئەوە هەر لەسەر قوصوورەو ئەیتوانی پرسیار بکا لە کەسیك ئایا لەوصوورەتەدا چی بکا باشەو چی بکا خراپە ، وە مادام گوی ی نەداوەتی ئەوە حوکم ئەدری بەسەریا بەپی ی ئەوەی کە صیغەی سویندەکەی پیویستی ئەکا •

(بزانن) هەروەختی ئینسان ئیشە (معلق علیه)یەکەی کرد لەگەل زانین و بە دەسەنقەستو بە ئارەزووی خوی ، ئەوە سویندەکەی ئەکەوی و ئیتر ئەو سویندە (منحل) ئەبی یەعنی ئەکریتەوە ، وە ئەگەر جاریکی تر

ئەو ئیشە بکا تەلاقیکی‌تر یا سوێنیکی‌تری ناکەوی مەگەر صیغەی سوێنەکە ذووبارە بوونەوەی پێویست کردبی وەکو ئەوە کە کەلیمەی (هەرچەند ـ کلما)ی تیابی یا (هەمیشە)و (هەرکاتی)و شتی‌وا ، ئەوە لەوحالەدا تا مەجال ببی سوێنەکەی ئەکەوی یەعنی تا سی تەلاقەی تەواو ئەبی تەلاقی ئەکەوی •

وە ئەگەر بە نەزانین یا بە زور کردی بە حەق بی یا بە بەتال ئەوە ئەوجارە سوێنەکەی ناکەوی ، بەلام سوێنەکەیش هەلناوەشیتەوەو پەکی ناکەوی • وە ئەگەر کابرا جاریکی‌تر بە ئارەزووی خوی‌و لەگەل زانیندا ئیشەکەی کردەوە تەلاقی ئەکەوی ، مەگەر مەجال نەمینی بو کەوتنی تەلاقەکەی وەکو ئەوە کابرا سوێند بخوا بە تەلاق کە لەم مانگی رەمەزانەدا قسە لەگەل فلان نویژنەکەردا ناکا بەلکو تەمی بگری‌و دەس بکا بە نویژ کردن ، وە لەومانگەدا بە زور قسەیان پی‌کرد لەگەل کابرادا ، پاشان مانگی رەمەزانەکە تەواو ببی ، ئەوە ئیتر هەرچەند قسە بکا لەگەل کابرادا قەیدی نی‌یە چونکە ئەو رمەزانە تەواو بووەو مەجالی سوێند کەوتن نەماوە •

(بزانن) ئەگەر کەسیك تەعلیقی تەلاقی کرد بە کرداری کومەلیکەوە کە هەندیکیان گوی‌یان ئەدا بە کابراو هەندیکیان گوی‌یان نەئەدایە ، ئەوە بو هەر تاقمیك لەم دوو تاقمە حوکمیکی تایبەتی هەیە ، یەعنی تاقمە گوی‌نەدەرەکە بە هەر جوریك ئیشەکە بکەن تەلاقی کابرا ئەکەوی ، بەلام تاقمی گوی‌دەر پێویستە ئەو ئیشە کە ئەیکەن بە زانین بیکەن‌و بە دەسەنقەست‌و بە ئارەزووی خویان ، ئەگینا تەلاقی کابرا ناکەوی •

ئەگەر کەسیك ویستی سوێند بخوا لەسەر شتیك ، وە پاش ئەوە کە وتی تەلاقم کەوتبی پەشیمان بووەوەو سوێند لەسەر خوراوەکەی نەوت ،

وه ئیددیعای کرد که مەبەستی سویند خواردن بووه لەسەر فلانە شتو پەشیمان بووەتەوه ، ئەوه بە ئاشکرا لێی قوبوول ناکرێو حوکم ئەدرێ بە کەوتنی تەلاقەکەی ، بەڵام حەوالەی دینی خۆی ئەکرێ ، یەعنی ئەگەر مەبەستی سویند بووبێ لەسەر شتێك وه پەشیمان بێتەوه بەولەفظە تەلاقی ناکەوێ ، چونکە جوملەی قەسەم هەتا جوابەکەی نەڵێت سوودی نییەو مەعنا ناگەیەنێ •

وه ئەگەر کەسێك ویستی سویند بخوا لەسەر شتێك ، وه لەوکاتەدا که وتی تەلاقم کەوتبێ یەکێك دەستی نا بەسەردەمیاو نەیهێشت سویندەکە تەواو بکا ، ئەوه بەو ئەندازە لەفظە تەلاقی ناکەوێ ، چونکە خۆی بە تەنها مەبەست نەبوه ، بەڵکو مەبەست ئەوه بووه بەستری بە سویند لەسەر خوراوەکەوه ، بەڵام مانیعێك ڕێی لێ گرتووەو نەیهێشتووه تەواوی بکا •

ئەگەر کەسێك چەند سویندێکی خوارد لەسەر یەك شت ، ئەوه هەموو بە یەك سویند دائەنرێن مادام کابرا نیازی سویندی سەربەخۆی نەبێ لە هەموو سویندەکان • وه ئەگەر سویندی خوارد لەسەر چەند شتێك بە چەند جوملەی جیاواز وەکو تەلاقم کەوتبێ نانووسم ، تەلاقم کەوتبێ قسە ناکەم ، ئەوه سویندەکان ئەوەندەی جوملەکان زۆر ئەبن • هەروەها ئەگەر لە یەك جوملەدا عەطف بەکار هێنرابێ وەکو تەلاقم کەوتبێ قسە لەگەل فلانکەسدا ناکەمو نانیش لەگەل فلانکەسدا ناخۆم ، ئەوەیش بە چەند سویندێك دائەنرێ مادەم کابرا نەڵێت مەبەستم ئەوه بووه که سویند لەسەر هەمووی بخۆم • هەروەها ئەگەر حەرفی نەفی لە ناودا بوو ، مەسەلا وتی تەلاقم کەوتبێ نە قسە لەگەل فلانکەسدا ئەکەمو نە نان لەگەل فلانکەسدا ئەخۆم ، ئەوه ئەوەندەی سویند لەسەر خوراوەکان سویندەکەی زۆر ئەبێ • وه ئەگەر هەندێکی کرد بە قەیدی هەندێك مەسەلا وتی تەلاقم کەوتبێ نان ناخۆم لە ماڵی فلان کەسدا لەگەل

فلان کەسداو فلان کەسی‌تر حازر بی لەوشوینەداو خوم پارەی نانەکەم نەدابی ، ئەمە هەمووی یەك سویندە تەواو ئەبی بەهوی هاتنەجیی هەموو قەیدەکانەوە ، وە ئەگەر هەندیکیان نەهاتنەجی تەلاقی ناکەوی • وە بە هەرحال ئینسان تەلاقی لەسەر شتیك خواردبی یاخود چەند تەلاقی لەسەر چەند شتیك خواردبی بەرودوا یا بەیەکەوە ئەوە کە هات خولعی ژنەکەی کردو لەپاشا مارەی کردەوە رزگار ئەبی لە کەوتنی تەلاقەکانی وەکو لەپیشەوە وتمان •

(بیداری) شیخ لە (تحفه)دا ئەفەرمویت ئەگەر وتی بە تەلاقم ئەو شتە ناکەمو لەپاشا شتەکەی کرد ئەوە تەلاقەکەی ناکەوی چونکە عادەت نی‌یە سویند بە تەلاق بخوری مەگەر نیازی تەلاق بی •

لە (انوار)یشدا ئەفەرمویت ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی ئەگەر رویشتیتەوە مالەوە یا قسەت لەگەل فلان کەسدا کرد تەلاقت کەوتبی ئەوە هەرکام لەم دوو شتە بیتەجی تەلاقەکەشی پی‌ئەکەوی‌و سویندەکەیشی پی ئەکریتەوە ، ئیتر تەلاقیکی‌تر ناکەوی بە صیفەتەکەی‌تریان •

وە ئەگەر وتی ئەگەر رویشتیتەوە مالەوەو ، ئەگەر قسەت کرد لەگەل فلان کەسدا تەلاقت کەوتبی ، ئەوە لەم شوینەدا لەبەرئەوە کە حەرفی شەرت دووبارە بووەتەوە ئەبی بەهوی ئەوە کە جەزایش دووبارە بیتەوە کەوابی تەلاقەکە ئەکەوی بە هەرکام لەو دوو صیفەتە بیتەجی • وە ئەگەر هەردوکیان هاتنەجی دوو تەلاقی ئەکەوی •

وە ئەگەر وتی ئەگەر لە مال رویشتیتە دەرەوەو ، شتێ بدەی بە کەسێ تەلاقت کەوتبی ئەوە تەلاقی ناکەوی بە هەردوو صیفەتەکە نەبی • وە ئەگەر وتی تەلاقت کەوتبی ئەگەر لە مال برویتە دەرەوە ، وە ئەگەر لە مالی من شتی بدەی بە کەسیك ، وە ئەگەر برویتە مالی دایکت ، ئەوە

بە هەر صیفەتیك لەم صیفەتانە بیتەجی تـەلاقی ئـەکـــەوی • وە من ئەلیم ئەگەر هەر سی صیفەتەکە هاتەجی هەر سی تەلاقەی ئەکەوی بەوشەرتـە تەفرەی دواکەوتووەکەیان نەکەوی تا ژنەکە (عدّە)ی تەواو ئەبی لەپاش تەلاقی یەکەم یا پاش تەلاقی دووەم •

وە ئەگەر وتی ئەگەر من لەوە بکەمەبەر کە تـو ریسابیتت یـا تـو تەنیبیت (یەعنی ئەو بەرگەی کە تو دروستی ئەکەی) تەلاقت کەوتبی ، ئەوە تەلاقی ئەکەوی ئەگەر لە ریسراو یا لە تەنراوی ئەو ژنە بکاتە بـەر هەرچەند لە صوورەتی یەکەمدا ژنەکە نەیتەنیبی وە لە صوورەتی دووهەمدا ژنەکە نەی‌ریسابی • وە ئەگەر وتی ئـەگـەر من لـــە ریس‌و تەنینی تو بکەمەبەر تەلاقت کەوتبی ، وە لەپاشا بەرگیکی کردەبەر کە ئەو ریسابووی بەلام نەی‌تەنیبوو ، یاخـود تەنیبووی بـەلام نەی‌ریســـابوو ئەوە تـەلاقی ناکەوی ، چونکە تەلاقەکە بەسراوە بە هەردوو صیفەتەکەوە کەوابوو بـە یەکیکیان ناکەوی •

ئەگەر وتی ئەگەر رویشتیتە مال‌و قسەت کرد لەگەل فلان‌کەســـدا تەلاقت کەوتبی ، ئەوە پیویستە هەردو صیفەتەکە بینەجی ، وە شـــەرت نی‌یە رویشتنی مالەکەیش پیش بکەوی لەسەر قسەکردنەکەی ، وە بـــە هاتنەدی‌ی ئەو دوو صیفەتە یەك تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر وتی ئەگـەر رویشتیتە مالەوە جا قسەیشت کرد ، یا لەپاشا قسەت کرد لەگـەل فـلان کەسدا تەلاقت کەوتبی ، ئەوە پیویستـە هـەردوو صـیفەتەکە بینەجی‌و رویشتنی مالەکەیش پیش قسە کردنەکە بی بە بی ماوە کەوتنە بەین ئەگەر کەلیمەی (جـا)ی بـەکـارهینـابوو ، وە لەگـەل ماوەکـەوتنە بەینـدا ئەگـەر کەلیمەی (لەپاشا)ی بـەکـارهینـــابوو • وە ئـەگـــەر وتی تەلاقت کەوتبی ئەگەر رویشتیتە مالەوە ئەگەر قســەت کرد لەگـەل فلان کەسدا ، ئەوە پیویستە هەردوو صیفەتەکە بینەجی ، وە پیویستە ئەوەیـان

وا لەدواوە لەپێش ئەوەیاندا بیتەجێ کەوا لەپێشەوە ..

ئەگەر کابرا وتی ئەگەر شتم پێدایت ، ئەگەر وەعـــدەم پێدایت ، ئەگەر داوای شتێکت کرد لێم تەلاقت کەوتبێ ، ئەوە پێویستە بو کەوتنی تەلاقەکە لەپێشا داواکردنی کابرای قسە لەگـــەل کراو بیتەجێ ئەمجـــا وەعدەی کابراو ئەمجا بەخشینەکەی ، چونکی پوختەی مەعناکە ئـەوەیـە ئەگەر تو داوای شتێکت لێ کردمو من وەعدەم دایتیو ئەمجا پێم بەخشـیت ئەو وەختە تەلاقت کەوتبێ .

ئەگەر وتی ئەگەر رویشتیتە مالەوە تەلاقت کەوتبێ ئەگەر قســـەت کرد لەگەل فلان کەسدا ، ئەمە وائەبێ مەبەستی ئەوە ئەبێ هـەروەختێ رویشتیتە مالەوە تەلاقەکەت (معلق) بێ بـــە قســـەکردنەوە لـەگـــەل فلان کەسدا . وە هەلیش ئەگری ئارەزووی ئەوەی کردبێ کاتێ قسـەت کرد لەگەل فلان کەسدا تەلاقەکەت (معلق) بێ بە رویشتنە مـالـەوە . کەواتە پێویستە بگەرینەوە سەر ئەوکەسەو لێی بپرســـــین مەبەسـتی چی بووە ، وە بەوجورە بجوولینەوە کە ئەو ویستوویەتیو بـەپێی ئەوە حوکم بدەین لە مەسئەلەکەدا .

وە ئەگەر وتی ئەگەر قسەت کرد لەگەل ئەحمەددا یا لەگەل محمددا یا لەگەل حامددا لەگەل محمد تەلاقت کەوتبێ ، ئەوە کە قسەی لەگـەل هەرکام لەو سێ کەسەدا کرد تەلاقی ئەکەوێ ، ئەوەندە هەیە پێویســـتە لەوکاتەدا کە قسە ئەکا لەگەل حامددا ، حامد لەگەل محمددا بێ . ئەگەر وتی ئەگەر قسەت کرد لەگەل پیاوێکدا تەلاقت کەوتبێ ، وە ئەگەر قسەت کرد لەگەل رەشێکدا تەلاقت کەوتبێ ، وە ئەگەر قسەت کرد لـەگـــەل درێژێکدا تەلاقت کەوتبێ ، وە رێکەوت لەگەل پیـاوێکی رەشی درێـژدا قسەی کرد ، ئەوە هەر سێ تەلاقەی ئـەکـەوێ . برایـەوە بـە کورتی فەرموودەی ئەنوار . وە لە هەموو صوورەتی ئەم تەعلیقانەدا ئەگەر کابرا

خولعی ژنەکەی بکا ئەوە رزگار ئەبی لە کەوتنی تەلاق پاش بوونی. (معلق علیه) خوای لەپیش تازە کردنەوەی نیکاحەکەدا صیفەتەکان بینەجی یا لەپاشان •

ئەگەر وتی ئەگەر قسەت کرد لەگەل فلان کەسدا تەلاقت کەوتبی ، وە قسەی لەگەلدا کرد لە حالی حەیاتدا تەلاقی ئەکەوی ، هەرچەند ژنەکە یاخود شەخصە قسە لەگەل کراوەکە لەوکاتەدا سەرخوش بی ، مەگەر گەیشتبیتە حالەتیك کە هوشی هیچ بەخویەوە نەمابی ، بەلام تەلاقی ناکەوی بەوە کە قسەی لەگەلدا بکا پاش مردنی یا لەکاتی شیتی یا بیهوشی یا نووستنیا هەرچەند بە دەنگەکەی ئەم ژنە بیدار بیتەوە • ئەگەر ماوەی بەینیان ئەوەندە زور بوو کە بە عادەت قسەی ئەم ژنەی نەدەبیستو بە ریکەوت یا لەبەر بەرزیی دەنگ قسەکەی بیست تەلاقی ئەکەوی • ئەگەر با دەنگەکەی پی گەیاند ئەگینا بەعادەت نەیئەبیست تەلاقی ناکەوی• بەلی ئەگەر بەهوی تەلەفونەوە قسەی لەگەلدا کرد ئەوە تەلاقی ئەکەوی چونکە تەلەفون بووە بەهوی قسە لەگەل کردنی عادەتی • وە ئەگەر لەمکاتەدا کە نیوانیان زورەو لە یەك دوورن ژنەکە توزی قسەی خوی نزم کردەوەو کابرا نەیبیست ئەوە تەلاقی ناکەوی • هەروەها ئەگەر لە نزیکیشەوە دەنگی ئەوەندە نزم کردەوە کابرا نەیبیست هەر تەلاقی ناکەوی •

وە ئەگەر ماوە لەنیوانیانا کەم بوو ، وە ژنەکە بە عادەت قسەی لەگەلدا کرد ، بەلام کابرا نەیبیست لەبەرئەوە کە بیئاگا بوو یا دەمی گیرابوو بە قسەیەکیترەوە ئەوە تەلاقی ئەکەوی • هەروەها ئەگەر پاش ئەو سویندە کابرای دەرکردو وتی دە برو دەرەوە ، یا جنیوی پیدا ، یا لومەو سەرزەنشتی کرد هەر تەلاقی ئەکەوی بەلام ئەگەر بە نووسین تیی گەیاند یا بە ئیشارەتی چاو یا بە دەست یا بە زەردە خەنە یا بە

راسپیری شەخسێك بولای ئەوە تەلاقی ناکەوی • هەروەها تەلاقی ناکەوی ئەگەر بە غەیری زوبانی خوی قسەی لەگەلدا بکا ، وە ئەوکەسەیش لی ی حالی نەبی ، هەرچەند یەکی حازر ببی تەرجەمەی ئەم زوبانـەی بو بکاو تی ی بگەیەنی چونکە ئەم قسەی لەگەلدا نەکردووە •

وە ئەگەر سەلامی لی کرد ئەوە تەلاقی ئەکەوی • هەروەها ئەگـەر سەلامی کرد لە کومەلیك کە ئەوکەسەیان لەناودا بوو ، وە قەصدی ئەو کابرایشەی بوو یا هیچی مەبەست نەبوو • بەلام ئەگەر بە دل یا بە زوبان ئەوکەسەی جیا کردەوە ، ئەوە تەلاقی ناکەوی •

باسی تەعلیق کردن بە چاو پیّ کەوتنەوە

وتی ئەگەر فلان کەست چاو پیّ کەوت تەلاقت کەوتبی ، ئەوە تەلاقی ئەکەوی بە چاوپی کەوتنی بە زیندوویی و بە مردوویی ، هەرچەند ژنەکە یا ئەوکەسە لەم کاتەدا شیت یا بیهوش یا سەرخوش یا نووسـتوو بی ، وە کافی یە بەشیك لە لەشی ببینی بە رووتی هەرچەند کەمیش بی بەوشـەرتە هەموو قەوارەکەی دیار بی • ئیتر واجب نی یە روخساری ببینی • ئەگەر چاوی پی کەوت لەحالیکدا هەموو لەشی داپوشرابوو بـە جلیـك یاخـود لەودیوی دیوارەوە بوو ، بەلام دەستی یا پی ی لە تاقیکەوە دەرکردبوو ، وە ئەمانەی دی ئەوە تەلاقی ناکەوی • وە ئەگەر کەسەکە لەناو ئاویـکی روشنا بوو یا لەودیوی شووشەوە بوو ، وە ژنەکە چاوی پی کەوت تەلاقی ئەکەوی • بەلام تەلاقی ناکەوی بە چاوپی کەوتنی وینەی لەناو ئاوینەدا یا لەناو ئاودا • هەروەها تەلاقی ناکەوی بە دیتنی وینەکەی یا نەخشـەکەی لەسەر تەختەیەك یا لەسەر دیواریك یا بەسەر بەردیکەوە ، لەبەر ئەوە کە ئەمانە عەین نین بەلکو وینەو خەیالن ، بەلام لەناو ئاوی سافدا یا لەودیوی شووشەوە یا لە دووربیندا یا بەهوی عەینەکەوە هەمان کـەس ئەبینریت •

بەلی ئەگەر وتی بە ژنەکە ئەگەر روخساری خوت ببینی تـەلاقت کەوتبی، ئەویش روخساری خوی دی لە ئاوینەدا ، تـەلاقی ئـەکـەوی ، چونـکە بەگویرەی عورف ئەو وەزعە بە دیتن دائەنری‌و غەیری ئەوە قابیل نی‌یە بو ژنەکە •

باسی تەعلیق‌کردن بە دەرچوونی ژنەکەوە بــە بی ئیذنی کابرا

ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی ئەگەر بــە بی ئیـذنی من دەرچووی، تەلاقت کەوتبی ، ئەوە کە جـاریـك دەرچـوو تەلاقیــکی ئەکـــەوی‌و سویندەکەی بەتال ئەبیتەوە • ئیتر ئەگەر جـاریـکی‌تر دەربچی تـەلاقی ناکەوی مەگەر تەعلیقەکەی بە کەلیمەی وەکو (هەرچەند) کردبی کـە مەعنای هەمیشەو هەموو جاریٚ ئەگـەیەنی ، ئەوە تـا تـەلاقی مـابی بـە دەرچوونی بی‌ئیذن ئەکەوی ، مەگەر بە خولع مەسەلا چاری بکا ••

وە ئەگەر لەپاش تەعلیقەکە ئیذنی ژنەکـەی دا بچیتـە دەرەوەو ، ژنەکەش رویشتە دەرەوە ئـەوە تـەلاقی ناکـــەوی‌و ســـویندەکـەیش ئەکریتەوە • جا ئەگەر لەپاشا ژنەکە بچیتە دەرەوە تەلاقی ناکـــەوی •• مەگەر صیغەی تەعلیقەکە بو دووبـارە و سی‌بـارە بوونـەوە بی وەکـــو (هەرچەند)و شتی‌وا ، مەسەلا بلیت بە ژنەکە هەرچەند چوویتە دەرەوە بە بی ئیذنی من تەلاقت کەوتبی ، ئەوە هەرچەند جاری یەکەم ئیـــذنی ژنەکەی دابی‌و بە ئیذن چوویتە دەرەوە ، سویندەکەی بو جارەکـانی‌تر بەتال نابیتەوەو پیویستە هەرکاتی ئەچیتە دەرەوە ئیـذنی لـە میردەکـــەی وەرگرتبی ، یاخود کابرا بە یەکجار بلیت وا ئیذنم دای هەرکاتی ئەرویتە دەرەوە برو ، ئەوە ئیتر بو هەموو جاری بەسەو زیانی نی‌یە ئـەگـــەر بڕواتە دەرەوە • ئەگەر کابرا بە لەفظ ئیذنی دا ، بەلام ژنەکە نەی‌بیستو

ئەیزانیو رویشتە دەرەوە تەلاقی ناکەوی • بەلام کافی نییە هەر بە دل ئیذنی بداو بە لەفظ ئیذنی نەدا ، چونکە ئیذن ئەوەیە بەدەرەوە بی • بەلی ئەگەر بە نووسین ئیذنەکەی نووسی بویو ژنەکەیش پیی زانی ، بەمنەوعە کە خوی کاغەزەکەی خویندەوە ، یاخود بویان خویندەوە ، ئەوە کــــە رویشتە دەرەوە تەلاقی ئەکەوی ••

ئەگەر تەلاق بخوا بلی دە مانگ لەو دییەدا دانانیشم ئەوە تـەلاقی ئەکەوی بە دانیشتنی دە مانگی جیاجیا ، مەگەر بلیت نیازم ئەوە بووە کە دە مانگەکە پیکەوە بی• ئەگەر بلی تەلاقم کەوتبی ئیمسال لەمدییەدا دانانیشم ، ئەوە ئەگەر بە بی مەبەست بوو یا بە مەبەستی ئەوە بوو تەواوی ئەوسالە لەو دییەدا نەبی رزگار ئەبی بەوە کە لەپیش تەواو بوونی سالەکەدا بار بکا لەو دییە بو دییەکیتر • وە ئەگەر نیازی ئەوە بوو کە بە هیچجوری لەوکاتەوە لەو دییەدا نەمینی پیویستە دەسبەجی لـەو دییە دەرچی ، بەلام قەیدی نییە ئەگەر ماوەیەك خەریکی پیچـانەوەی کـەلوپـەل بییو خوی ئامادە بکا بو دەرچوون • سالیش کە (مطلق) بی مەعنای لیئەدریتەوە بە سالی عەرەبی مەگەر لە ولاتیکدا کە حیسابی رومی یا فارسیی تیا بـاو بی ، ئەوە لەوکاتەدا بەپیی عورف مەعنای سال لی ئەدریتەوە • وە ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی لەمسالەدا لەم شوینەدا نابم ، ئەوە واجبە گورج بروا بو شوینیکیتر ، وە هەتـا ئەو سالە تـەواو ئەبی نابی کـەمو زور لـەو شوینەدا بی ••

ئەگەر بلیت ئەم سالە یا ئەم مانگە لەگەل فلانکەسدا دانانیشم ، ئەوە تەلاقی ناکەوی بەوە نەبی کە تەواوی ئەوسالە یا ئەو مانگە بە عــادەت لەگەل ئەو شەخصەدا دابنیشی • ئیتر تەلاقی ناکەوی بەوە کە روژی یـا دوو روژ یا کەمتر یا زیاتر لەگەلیا دابنیشی مادەم نەگا بە مانگیك لە حالی یەکەمدا وە نەگا بە سالیك لە حالی دووهەمدا • وە ئەگەر بلیت ئەم مانگە

یا ئەم ساڵە قسە لەگەل فلان کەسدا ناکەم ، ئەوە تـەلاقی ئەکـەوی بـە یەکجار قسەکردن لەگەلیا لەبەر تەماشـا کردنی عورف • ئـەگـەر وتی تەلاقم کەوتبی نارومە خانووی فلان کەس یا مالی فلان کـەس ئەوە تەلاقی ئەکەوی بەوە کە برواتە خانوویەکەوە کە مولـکی ئەوکەسە بی نەك بـە کری یا بە پیاوەتی تیا دانیشتبی ، مەگەر کابرا خوی بلی مەبەستم خانوویەك بووە کە تیا دانیشتبی • بەلی ئەگەر عورف وابوو کە مەبەست لـە خانوو خانوویەك بی تیا دانیشتبی ، ئەوە تەلاقی ئەکەوی بە چوونـە نـاو هەموو خانوویەکیوا کە ئەو کەسە تیایا دانیشی •

ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی نارومە خانووی فلان کەس ، ئەوە تەلاقی ئەکەوی بە چوونی ناو ئەو خانووە ، هەتا بو دالانی خانووەکـەیش بی ، یا هەرچەند پاش سویندەکەی کابرا ئەو خانووە دیوارو هودەو شـیوەی بگوری بە جوریکیتر یا برووخی ، هەتاوەکو ئەگەر زەوی‌ی خانوەکەیش مابیتەوە • بەلی ئەگەر کرا بە حەمام یا بە دووکان یا بە مزگەوت یا بـە بازار یا بە شتیکیتریوا ، ئەوجا رویشـــتە ناوی ئـەوە قـەیـدی نی‌یەو سویندی ناکەوی مەگەر کـابـرا وەختی خوی وتبیتی نارومـە خـانووی فلان کەس کە ئەو ئەرزو شوینەیە ، ئەوە بە هەر شـیوەیەك پی‌ی تی‌بنی تەلاقی ئەکەوی •

ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی لەگەل فلان کەسدا لە دی‌یەکا دانانیشم ، ئەوە پیویستە هەر دی‌یەك ئەوکەسەی تیا بی ئەم نەیکا بە نیشتمانی خوی• وە ئەگەر بە هاتوچوو پیا رابووری قەیدی نی‌یە • وە ئەگەر بلیت لەگەل فلان کەسدا دانانیشم لەودی‌یەدا ئەوە ئەگەر خانووی جیابوو لـە خانووی ئەوکەسە قەیدی نی‌یە •

وە ئەگەر وتی بەیەکەوە لەگەل فلانکەسدا دانانیشم ئەوە قەیـــدی

نی‌یە لە یەك خانوودا دابنیشن بەوشەرتە دیواریکی‌وای لەبەیندا بکەن کە لەیەکیان جیابکاتەوە •

ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی لەم دی‌یە بار ئەکەم تەلاقی ناکەوی تا ئەوروژەی کە نائومید ئەبی لە بارکردن • وە ئەگەر بلیت لەم‌دی‌یەدا دانانیشم ئەوە پیویستە چونی پی‌بکری پەلە بکا بو بارکردن‌و بار بکا ، وە پاش ئەوەیش نەیەتەوە بو دانیشتن‌و نیشتەجی بوون لەو دی‌یەدا • وە ئەگەر وتی بار ئەکەم لەم دی‌یەو باری کرد ، ئەوە قەیدی نی‌یە پاشان مالی بیتەوە بو ئەو دی‌یە • وە ئەگەر وتی لەگەل فلانکەسدا دانانیشم جا رویشت بو شوینی کە ئەوکەسەی تیابوو تەلاقی ئەکەوی • هەروەها ئەگەر لە شوینیکا دانیشت وە ئەوکەسەیش هات بو ئەو شوینەو لەگەلیا دانیشت• بەلی ئەگەر ئەو هات‌و ئەم بە بی تەفرە هەستا رویشت ئەوە قەیدی نی‌یە چونکە ئەم جورە ئیشانە کە بە ئارەزووی ئادەمیزاد خوینی وەکو دانیشتن‌و راوەستان‌و نووسین‌و سواری ، فەرقی دەس‌پی‌کردن‌و دەوام لەسەر کردنیان نی‌یە ، مەگەر لەفظەکەی مەعنای پەیداکردنی نوی بگەیەنی وەکو خو بون‌خوش کردن‌و جل‌وبەرگ لەبەر کردن‌و شتی‌وا • ئەمانە بەردەوام بوونیان وەکو ئەوەلیان نی‌یە • بەلی ئەگەر کابرا وتی لەگەل فلان‌کەسدا دانانیشم زیانی نی‌یە ئەگەر لە مزگەوت یا لە حەمام یا لە چاخانەدا یەك‌بگرنەوە • هەروەها زیانی نی‌یە ئەگەر هەردوکیان یا یەکیکیان کارەبەدەستی حوکوومەت بن‌و لە یەك شویندا یەك‌بگرنەوە •

وە ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی نابی لەگەل فلان‌کەسدا بروی بو حەمام یا بو مزگەوت ، ئەوە ئەگەر (مطلق) بی یاخود مەبەستی هاوری‌یی ریگە بی ئەوەندە پیویستە کە لەریگەدا بەیەکەوە نەرون • ئیتر قەیدی نی‌یە لە حەمامەکەدا یا لە مزگەوتەکەدا بکەونە یەك • بەلی ئەگەر نیازی

مەنعی کوبوونەوەی بێ لەگەڵ ئەوکەسەدا لەو شوێنانەدا ، ئەوە بە کوبوونەوەی عەمدیو بەئارەزوو تەلاقی ئەکەوێ •

ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبێ لەگەڵ فلانکەسدا ئیش ناکەم ئەوە مەعنای بە هاوڕێیەتییەك لێئەدرێتەوە کە عورف داینناوە • جا ئەگەر عورفو عادەت وابوو کە بەردەستیی نەکا یا وەستاییی بو نەکا ئەبێ نەیکاەوە ئەگەر عورف وابووکە مەشغوولی ئەو ئیشە نەبێلەو کارخانەیدا کە ئەو کابرا ئیشی تیا ئەکا مادەم ئەوکەسەی تیا بێ ، ئەبێ نەیکا •

باسی تەعلیق کردن بە جل لەبەرکردنەوە

ئەگەر وتی ئەو مێزەرە نابەستم بەسەرمەوە یا ئەو کراسە لەبەر ناکەم یا ئەو دەرپێیە ناکەمە پێ یا ئەو کەوا یا ئەو عابا ناکەمەبەر ، ئەوە هەرکامیان ئەوەندەی پەنجەیەکی لێ کەمکاتەوە یا بیخاتە سەرێو ئەوجا بیکاتە بەر تەلاقی ناکەوێ • مەسئەلەی بەرگ وەکو مەسئەلەی چوونە ناو خانوو نییە چونکە عورف لەوا جیاوازە • بەڵێ ئەگەر وتی دەرپێ لە پێ ناکەم یا مێزەرە نابەستم بە سەرمەوە ، ئەوە هەر جورە مێزەرەیەك بنێتە سەرێ یا هەر جورە دەرپێیەك لە پێ بکا کە لەعورفدا پێیان بووترێ دەرپێو مێزەرە تەلاقی ئەکەوێ •

باسی تەعلیق کردن بەوشتانەوە کە عورفی شەرعیان تیا هەیە

تەلاقی خوارد ئەو شتە نافروشم ، یا ئەو خانووە نادەم بە کرێ ، یا ئەو ژنە مارە ناکەم ، یا ئەو خانووە ناخەمە رەهنەوە ، ئەوە تەلاقی ناکەوێ بە هەر ئیشێ لەمانە کە موافقی شەرع نەبێ مەگەر خوی بەتایبەتی بڵێ

مەبەستم تیکرایی بووە لە دروستو نادروستی • وە ئەگەر بلیت ئەو شتە نافروشم یا ئەو کچەم نادەم بە شوو یا ئەو ژنەم تەلاق نادەم ئەوە تـەلاقی ناکەوی ئەگەر بە وەکیل ئەمانە بکا • وە ئەگەر بلی تـەلاقم کـەوتبی ژن مارە ناکەم بو خوم ئەوە خوی مارەی بکا یا وەکیل بگری هەر تـــەلاقی ئەکەوی چونکە وەکیل لە ژن هینانا حوکمی ئەصیلی هەیەو بە فروسـتادە دائەنری •

باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە تەلاقەوە

وتی تەلاقم کەوتبی تەلاق ناخوم ئەوە هەروەختی تـەعلیقی تـەلاق بکا بە شتیکەوە لە صوورەتی سویندا یا بە تەنجیز بلی تەلاقم کەوتبی ئەو شتە ناکەم تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر وتی تەلاق بەدەمما نایـەت ئـەوە بەهەر جوریك صیغەی تەلاق بەدەمیا بیت تەلاقی ئەکەوی • بەلی ئەگـەر ئەم تەلاقە کە ئیستە خواردی (بائن) بوو ئەوە تەلاقە پیشـــــووەکەی ناکەوی •

ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی نابی تەلاقم بکەوی یاخود تەلاق ناخـــەم ئەوە تەلاقی ناکەوی بەوە کە سویند بخوا بەراستی‌یەك وەکو ئەوە کـــە بلی تەلاقم وابی حەج فەرزە یا کەعبە پیروزە • هەروەها ناکەوی بەوە کە تەعلیقی تەلاق بکا بە شتیکەوە بەر لە بوونی (معلق علیه) چونکە تەعلیق تەلاق خستن نی‌یە • بەلی ئەگەر لەپاش تەعلیقەکە (معلق علیه) هاتەجیو ئەم تەلاقە کەوت ، ئەوە ئەگەر ئەم تەلاقە (رجعی) بی تەلاقە پیشووەکەیش ئەکەوی • بەلام ئەگەر (بائن) بی ئەوە تەلاقە پیشووەکە ناکەوی •

ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی تەلاقی ئەم ژنە نادەم ، ئەوە ئەگەر خوی تەلاقی بداو تەلاقەکەیش (رجعی) بی ، تەلاقە پیشووەکەی ئەکـەوی •

وه ئەگەر وەکیل تەلاقی بدا یا خوی تەلاقی بداو تەلاقەکەی (بائن) بی ئەوە تەلاقە پیشووەکەی ناکەوی •

باسی هەندی جورە تەعلیق کردنی جیاجیا

وتی تەلاقم کەوتبی ئەو کچمە نادەم بە فلان کەس ، ئەوە ئەگەر ئەوکەسە هات خوازبینیی کردو ئەمیش کچەکەی دایە تەلاقەکەی ئەکەوی ، چونکە جواب نەکردنی خوازبینی کەر لە عورفدا بە ژن پیدانی دائەنری •

ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی کچەکەم نادەم بە شوو ئەوە بە بەلین دان بە خوازبینی کەر تەلاقی ناکەوی تا مارەی نەکا لی ی • جا هەرکاتی لی ی مارە کرد تەلاقی ئەکەوی ، چ خوی مارەی بکاو چ کەسیك بکا بە وەکیل مارەی بکا ، چونکە لە هەردوو حالەتەکەدا راستە کچی داوە بە شوو • ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی ئەو کچەی لی مارە ناکەم ، ئەوە ئەگەر خوی مارەی بکا تەلاقی ئەکەوی ، وە ئەگەر وەکیل مارەی بکا تەلاقی ناکەوی • وە ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی نایەلم فلان کەس ئەو ئیشە بکا ئەوە تەلاقی ناکەوی بەوە کە ئەم سویندخورە نەزانی بەوکەسە لەوکاتەدا ئەو ئیشە بکا ، یا بزانی بەلام نەتوانی ری ی لی بگری • بەلی ئەگەر پیی زانیو ری ی لی نەگرتو ئەیشیتوانی ری ی لی بگری ئەوە تەلاقی ئەکەوی •

ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی سبەینی ئەو چیشتە ئەخومو پیش داهاتنی سبەینی بە بیدەخلی ئەم کەسە چیشتەکە فەوتا ، تەلاقی ناکەوی • وە ئەگەر سبەینی هاتو ئەیتوانی چیشتەکە بخواتو نەیخوارد تا فەوتا ، ئەوە تەلاقی ئەکەوی • وە ئەگەر وتی هەر سی تەلاقم کەوتبی ئەو ئیشە بکەی تەلاقت کەوتبی ، ئەوە ئەگەر ئیشەکەی کرد تەلاقیکی ئەکەویو سویند خواردن

بە سی تەلاقەکەی هەر بو تەئکید کردنەوەیەو بەس •

ئەگەر تەلاقی خوارد کە سەفەر ناکا بو فلانە شوین ، ئەوە ئەگەر کەوتەری‌و لە ریدا گەرایەوە تەلاقی ناکەوی ، مەگەر بلی مەبەستی ئەوە بووە لە سوینەکەی کە بەنیازی سەفەر ناکەویتەری • وە ئەگەر وتی بەو مەذهەبانە کە تەلاقیان پی‌ئەکەوی ئەو شتە ناکەم‌و شتەکەیشی کرد ، تەلاقی ناکەوی چونکە ئەم لەفظە سویندە بە مەذهەبی ئیمامەکان‌و باسی صیغەی تەلاقی تیادا نی‌یە • وە ئەگەر وتی بە کەسیك تەلاقت کەوتبی ئەو قسەتە نەکرد ، ئەویش وتی بەلی ، وە لەراستیدا دروی کرد ئەوە تەلاقی ئەکەوی چونکە قسەکەی لە حوکمی ئەوەدایە کە وتبیتی تەلاقم کەوتبی ئەو قسەمە کردووە ، وە دیارە ئەگەر لەم صوورەتەدا درو بکا تەلاقی ئەکەوی •

ئەگەر وتی تەلاقم کەوتبی ناروم بو دیدەنی فلان‌کەس ، یەکیکیش لەویادا بوو ، گورج وتی : سی‌بەسی ؟ ئەویش وتی : سی‌بەسی ، ئەوە ئەگەر رویشت بو دیدەنی ئەوکەسە سی تەلاقەی ئەکەوی چونکە کابرای‌تر ئەو لەفظەی پیشان داوەو ئەمیش وەری‌گرتووەو بووە بە بەشیك لە صیغەی تەلاقەکەی ، وە وەکو ئەوە نی‌یە لەپیشا یەك تەلاقی ژنەکەی بداو لەپاشا بلیت وا کردم بە سی تەلاق • ئەم لەفظە قیمەتی نی‌یە چونکە یەك تەلاق نابی بە سی •

ئەگەر کەسیك بە کەسیکی وت ژنەکەت تەلاق دا ؟ ئەویش وتی بەلی ، ئەمە ئەگەر کابرا نیازی پرسیار کردن بووبی‌و ئەویش وەرامی دابیتەوە ، ئەگەر راست بکا ئەوە تەلاقی داوە ، وە ئەگەر بە درو بلی (بەلی) قیمەتی نی‌یە • وە ئەگەر ئەم پرسیارە لە شوینی فەرماندانا بی بە تەلاقدان ، ئەوە کە وتی بەلی یەعنی تەلاقی کەوتبی‌و ، تەلاقیکی ئەکەوی •

ئەگەر کابرا بانگی کرد لە سەلمای ژنی ، کەچی عەینا جوابی دایەوە ، ئەمیش وتی تەلاقت کەوتبی ، وە باوەری وابوو کە سەلمایە ، ئەوە عەینا تەلاقی ئەکەوی ، هەرچەند پیچەوانەی ئارەزووی کابرا بی • وە ئەگەر قسەی کرد لەگەل ژنیکدا کە نەیزانی ژنی خویەتی ، بەوورەنگە کە نەی ئەناسی ، یاخود لە تاریکیدا بوو ، وە پیی وت تەلاقت کەوتبی ، ئەوە تەلاقی ئەکەوی ، وە نەزانینو نەناسینی کابرا یا گومانی بیگانەیی پیبردنی کەلکی نی یە بو نەکەوتنی تەلاقەکە •

(بزانن) تەعلیق کردنی تەلاق چ لە مەیدانی سویندو چ لە مەیدانی تەعلیق کردن بە صیفەتی رووتا ، بە وەکیل ناکری • یەعنی وەکیلی تەلاق هەر حەقی تەنجیزی هەیەو حەقی تەعلیقی نی یە •

(بزانن) ئەوەی کە (تحفه) فەرموویەتی کەوا سویند بە تەلاق ناخوری جیایە لە تەعلیقی تەلاق کە لە مەقامی هاندانو ریگە نەداندا بی ، هەرچەند ناویشی سویندە ، چونکە قسەکەی (تحفه) لەسەر ئەوەیە کابرا بلیت بە تەلاق یا بە سویند ئەو شتە ناکەم ، وە ئەم سویندە ئەوەیە بلیت تەلاقم کەوتبی ئەو شتە ناکەم ، مەسەلا ، وە ئەمە دیتەوە سەر تەعلیق کردنی تەلاق بە کردنی شتی ، بەلام لە مەقامی مەنع کردنی نەفسدا یا لە هاندان بو کردن یا نەکردنی شتەکەدا •

(بزانن) فەرقی سویند بە تەلاق لە سویند بە ذاتو صیفاتی خوا ئەوەیە لە مەیدانی سویند بە تەلاقدا مەعنای زوبان (لغة) پیش مەعنای عورفو عادەتی ئەخری ، وە لە سویندی عادەتیدا مەعنای عورفو عادەتی پیش مەعنای زوبان ئەخری ، وە هەردوولا هاوبەشن لەوەدا کە ئەگەر شەرع لەو مەقامەدا عورفیکی هەبوو مەعنای شەرعی ئیعتیبار ئەکری • وە ئەگەر مەعنای عورفی باو بوو لە هەردوکیانا هەر مەعنا عورفی یەکە

ئەگیری • هەروەهایە (مجازی راجح)یش ئەگەر مەعنـــای (حقیقی) پشت گوی خرابوو بەتەواوی ، وەکو ئەوە کە بلیت تـەلاقم کـەوتبی یـا قەسەم بەخوا ئەو هەنارە ئەخوم ، ئیستە لیرەدا مەعنای هەنار بە دەنکەکانی لیئەدریتەوە نەك بە تویکلەکەی‌و گوشتەکەی •

باسی گیرانەوە (رجعە)

(رجعە) لە شەرعدا بریتی‌یە لە هینانەوەی ژنی تەلاقدراو بو ژیـر عیصمەت بە بی عەقدی تازە بەوشەرتانە کە باس ئـەکرین • ئـەرکـانی (رجعە) سیانە : پیاوەکە کە ژنەکە ئەگیریتەوە بو ژیر عیصمەتی خوی‌و پیی‌ئەلین (مرتجع) ، وە ژنەکە ، وە صیغەی گیرانەوەکە •

شەرتی پیاوەکە ئەوەیە تیکرا لایق بی بو ژن مارە برین • کەواتـە (رجعە) دروست نی‌یە لەلاینی منال‌و شیت‌و زور لی‌کراوو پاشگەز بوەوە (مرتد)ەوە • بەلام دروستە لە سەرخوشی تاوانبارەوە مـادەم هوشـی بەخویەوە بی ، وە لە پیاویکەوە کە لە ئیحرامی حەجدا بی ، یا ژنەکەیش هەر لە ئیحرامدا بی ، چونکە مەبەست لە (رجعە) هەر بو چوونەلا نی‌یە ، بەلکو بو ئولفەت‌و لەزەت لی‌وەرگرتنی حـــەلال‌و ئیش‌وکاری ناومـــال‌و شتی‌وایشە •

ئەگەر کەسیك ژنەکەی خوی تەلاقدا ، پاشــــان شـــیت بوو ، وەلی‌ئەمرەکەی ئەتوانی ئەو ژنەی بو (رجعە) بکاتەوە ، مـــادەم بتوانی لەوکاتەدا ژنی بو بینی ، بینا لەسەر ئەوە کە وەکیل گرتن لە (رجعـە)دا دروستە ، یەعنی هەرشتی دروست بی وەکیلی بو بگیری دروستە لەکاتی ناچاریدا وەلی‌ئەمری ئەوکەسەیش جی‌بەجی‌ی بکا • شەرتی ژنەکـەیش ئەوەیە تەلاقدراو بی بە بی‌عیوەز ، وە میردەکەی چووبیتە لای هەرچەند

لەبەر قوولی کچێتی‌یەکەی لانەچووبی یا لەپاشەوە چووبیتەلای ، هەروەها ژنیکیش ئاوی (بەحورمەتی) میردەکەی کردبیتە خویەوە لەپیشەوە یـــا لەپاشەوە • مەبەست لە ئاوی بەحورمەت ئاویکە بە حەرامی دەرنەچووبی نە بە باوەری کابراو نە لە راستی (نفس الامر)دا • شەرتیشە ژمـارەی تەلاقی تەواو نەبووبی ، وە ماوەی (عدّە)ی تەواو نەبووبی ، وە دیـــاری (معیّنە)یش بی‌و ، قابیلی حەلال بوونیش بی •

کەواتە ژنی کە نیکاحی هەلوەشینرابیتەوە ، یـا لـەپیش چوونەلادا تەلاق درابی ، یاخود بە عیوەز تەلاق درابی ، ئەمانە پیویستە سـەرلەنوی مارە ببرینەوە • هەروەها ژنی کە بە سی تەلاقە تەلاق درابی ئەبی شـوو بکا بە کابرایەکی‌تر ، ئەوسا پاش مردنی ئەوکەسە یا پاش تـەلاق درانی مارە بکریتەوە لەم میردەی • وە دروست نی‌یە گیرانەوەی ژنی نادیاری ، وەکو ئەوە یەکی لە ژنەکانی تەلاقی کەوتبی ، ئەمیش بلی هەرکامیان تەلاقی کەوتووە وا هینامەوە ژیر نیکاحی خوم ، بەلکو یا ئەبی بلیت وا ئـەم دوو ژنەم هینایەوە ژیر نیکاحی حوم ، یاخود بە ناوی خویانەوە ناویـان بیات مەسەلا بلیت (عەینا)م هینایەوە ژیر نیکاحی خومو (مینا)م هینایەوە ژیر نیکاحی خوم ، ئەو کاتە دروستەو هەرکامیان تەلاقی کەوتبی لـە واقیـعو راستیدا ، ئەبیتەوە بە ژنی کابرا •

دروست نی‌یە گیرانەوەی تەلاق دراویک کە (عدّە)ی تەواو بووبی، یا لەگەل تەواو بوونی (عدّە)کەیدا ، بەلکو پیویستە بە عەقدیکی تـــازە عەقدی بکاتەوە • هەروەها دروست نی‌یە گیرانەوەی ژنیکی تەلاق‌دراو کە پاشگەز بووبیتەوە لە ئایینی ئیسلام ، بەلکو ئەبی کابرا چاوەروانی ئـەوە بی ئەگەر لە (عدّە)دا موسولمان بووەوە ئـەوە بیگیریتـەوە ژیر نیکاحی خوی ، وە ئەگەر لەپاش (عدّە) موسولمان بووەوە پیویستە بە عەقـدیکی تازە مارەی بکاتەوە •

(بزانن) کاتێ کە کابرا بە شوبهە چووە لای ژنی تەلاق دراوی (رجعی)ی خوی لەماوەی (عدّە)دا ، وە ژنەکە سکی پر بوو ، ئەوە تا سکەکەی لێ ئەبێتەوە دروستە بیگێریتەوە ژێر نیکاحی خوی • وە ئەگەر کەسێکی‌تر بچێتە لای‌و سکی پر ببی ئەوە لە ماوەی دوو گیانی‌یەکەیداو پاش دانانی سکەکەیشی تا (عدّە)ی تەلاقەکە تەواو ئەبی ، گێرانەوەی دروستە • هەروەها ئەگەر بیگانەیەك بچیتەلای بە شوبهە ئەوسا خاوەنەکەی تەلاقی بدا ، یا پاش تەلاق دان ئەوکەسە بچیتە لای‌و سکی پر ببی ، ئەوە تا سکەکەی دائەنی‌و پاش ئەویش تا (عدّە)ی تەلاقی کابرا تەواو ئەبی حەقی گیرانەوەی هەیە •

بەلی تەلاق دراوی (رجعی) ئەگەر میردەکەی لەگەلیا بی ئەوە هەرگیز (عدّە)ی تەواو نابی ، لەگەل ئەوەشدا تا ماوەی (عدە)ی عادەتی ، کابرا حەقی گیرانەوەی هەیە • هەروەها ئەگەر خاوەنەکەی لە ماوەی (عدّە)دا بچیتە لای‌و سکی پر نەبی ئەوە ئەبی دەس بکا بە (عدّە)یەکی تازەو پاشماوەی (عدّە)ی پیشوویش ئەکەویتە ناو ئەم (عدّە)یەوە ، هەرچەند لە ماوەی (عدّە)ی یەکەمدا حەقی گیرانەوەی هەیە •

صیغەی گیرانەوە (رجعە)

صیغەی گیرانەوە لەفظیکە مەعنای ئەوە بگەیەنی کە کابرا ژنە تەلاق دراوەکەی بینیتەوە ژیر عیصمەتی خوی ، وە بو ئەمە چەند شەرتیك هەیە • شەرتی یەکەم‌و دووهەم ئەوەیە بە تەعلیق‌و تەوقیت نەبی ، یەعنی هینانەوەکەی نەبەستی بە شتیك یا وەختیکەوە • کەواتە ئەگەر وتی هەرکاتی نزیك بوویتەوە لە تەواو بوونی (عدّە) توم هینایەوە ژیر نیکاحی خوم ئەوە بەتالە • هەروەها ئەگەر بلیت توم هینایەوە ژیر نیکاحی خوم تا سالی یا دە سال • بەلی دروستە وەخت بو دانان بە ماوەی ژیانەوە ،

چونکە لە مەعنادا وەکو وتنی شتیکی واجب وایە ، وەکو لە حاشـــیەی (جمل)دا ئەیفەرمویت •

شەرتی سیھەم ئەوەیە صیغەکە ببەستی بە ناو یا بە (ضەمیر) یـا بـە ئیشارەوە بولای ژنەکەی وەکو ئەوە کە بلیت مینام ھینایـــەوە بو ژیـــر عیصمەتی خوم لەکاتی ئیشارەتدا بولای ژنەکەی • بەلی ئەگەر یەکی ناوی ژنەکەی برد لە پرسیاریکا مەسەلا وتی مینای ژنت ھینایەوە ژیر نیـکاحی خوت ؟ ئەویش وتی بەلی ، ئەمە ھیچی ناوی ، لەبەرئەوە کە پرسیارەکەی ئەو دائەنیشی لەجیی ناوبردنی ئەم کابرادا بو ژنەکەی •

صیغەی گیرانەوە ئاشکراو بیپیچوپەنای ھەیە وەکو ئەوە کە کابرا بلی وا فلانم ھینایەوە ژیر نیکاحی خوم ، یا گیرامەوە بو نیکاحی خوم ، یـا رام گرتەوە لای خوم • وە (کنایە)شی ھەیە وەکـو ئەوە کـــە بلیت وا ھاوری یەتی ی فلان کەسم پەسەند کرد ، یا گیرانەوەیم پەسەند کرد • لـە گیرانەوەدا شەرت نی یە پیاوەکە (اضافە) بکا بولای خوی ، ھەروەھـــا شەرت نی یە ژنەکە یا خاوەن کارەکەی رازی بن • شەرتیش نی یە شاھید لەویادا حازر بی ، بەلکو ئەمانە ھەموو سوننەتن •

ھەروەکو چون دروستە پیاو خوی ژنەکەی بگیریتەوە ژیر نیکاحی خوی ، دروستیشە وەکیل بگری ژنەکەی بو بگیریتەوە ژیر نیکاحی وەکو شیخی (ابن حجر) فەرمویەتی • ئیشارەتی ئینسانی لالیش وەکو قسەی زمان ساغ وایە • جا ئەگەر ھەموکەس لی ی حالی ئەبوو ئەوە صەریحە ئەگینا کینایەیەو پیویستە بەلگە ھەبی لەسەر ئەوە کە ئەو کابرا لالە نیازی گیرانەوەی ژنەکەیە بو ژیر نیکاحی خوی •

گیرانەوەی ژن بو ژیر نیکاح نایەتەدی بە کردەوە وەکو چوونـەلاو ماچ کردنو ھەر کرداریکی تر کە پیاو لەگـەل ژنـدا ئەیکا • بـەلی بـە

ئیشارەتی زماندار ئەکری لە حالی ناچاریدا ، وە بە نووسینی زمانداریش ئەبی لەبەرئەوە کە نووسین لە عورفی خەلکدا ئیعتیباری هەیە • بەلام ئەو نووسینە کینایەیەو پیویستە لەپال نووسینەکەدا بنووسی کە مەبەستی لـــەو نووسینە هینانەوەی ژنەکەیە بو ژیر عیصمەتی خوی ، یـــا بـــە زوبـــان لەوکاتەدا بلیت مەبەستی لەو نووسینە گیرانەوەی ژنەکەیە بەراستی بو ژیر نیکاحی خوی •

(بزانن) حەرامە لەزەت وەرگرتنی پیـــاوی تـــەلاقدەر لـــە ژنی تەلاقدراو بە تەلاقی (رجعی) هەتا بە تەماشا کردنو بەتەنها لەگەلیـــــا دانیشتنو ماچکردنو ، بە چوونە لای بە (طریق الأولی) • بەلام ئەگەر چووە لایو لەو باوەرەیشدا بوو کە ئەو چوونە لایە حەرامە ئەوە حەددی لی نادری لەبەر شوبهە ، چونکە هەندی لە ئیمامەکـــان چوونـــە لای ژنی تەلاق دراوی (رجعی)یان بـــە گیرانەوە دانـــاوە • هەروەهـــا لومەو سەرزەنشت (تعزیر)یش ناکری لەسەر هیچ جورە لەزەت لیوەرگرتنیك تەنها لەکاتیکا نەبی کە باوەری وابی ئەو لەزەت وەرگرتنە حەرامە ئەوسا لومەو سەرزەنشتی ئەکری • بەلام ئەگەر چووە لای واجب ئەبی لەسەری (مهر المثل) بدا بە ژنەکە خوای بیگیریتەوە ژیر نیکاحی خوی یا نە •

وە ئەگەر کابرا چووە لای ژنەکەی ، ئەوە ئەگەر بەو چوونە لایە سکی پر بوو (عدّە)ی ئەچیتە سەر جیابوونەوەی سکەکەی لیی ، وە تا سکەکەی لی ئەبیتەوە ئەتوانی بیهینیتەوە ژیر نیکاحی خوی وەکـــو وتمان • وە (ایلاء)و (ظهار)و (لعان) لەگـــەل ژنی تـــەلاق دراوی (رجعی)دا دائەمەزری • هەروەها تەلاقیشی پیوە ئەلکی خوای بەخورایی بی یا بـــە عیوەز بەشیوەی خولع کردن • وە ئەگەر پیاوو ژنەکە یەکیکیان لە ماوەی (عدّە)ی تەلاقە (رجعی)یەکەدا مرد ، ئەوە میرات لە یەك ئەبەن •

ئەگەر ژنی تەلاقدراو بە تەلاقی (رجعی) ئیدیعای تـەواوبوونی (عدّە)ی کرد لەپیش ئەوەدا کە مومکین بی (عدّە)کە بەسەرچووبی ئەوە ئیدیعاکەی قوبوول ناکری تا ئەوکاتەی کە مومکین ئەبی (عدّە)کە بەسەرچووبی ، هەرچەند ژنەکە بەردەوام بی لەسەر ئیدیعاکەی خوی •
وە ئەگەر لەپاش ئەوە کە مومکین بی (عدّە)کە بەسەرچووبی ئیدیعای بەسەرچوونی (عدّە)کەی کرد ، وە بالغو عاقلیش بوو ، ئەوە ئەگـــەر (عدّە)ی بە مانگ بوو لەبەرئەوە کە هیشتا حەیزی پیا نەهاتبوو ، یاخود گەیشتبوە کاتی نائومید بوون لە حەیز ، وە کابرا ئینکاری نـەکرد ئـەوە دیارە•وە ئەگەر ئینکاری کردو ژنەکە شاهیدی هەبوو ئەوەیش ئاشکرایە ، وە ئەگەر شاهیدی نەبوو ئەوە باوەر بە سویندی کابرا ئەکری لەســـەر تەواو نەبوونی ماوەی(عدّە)کەی، چونکە ئەم جیاوازی‌یە ئەگەریتەوە سەر جیاوازی لە کاتی تەلاقدانا ، وە مادەم کابرا لە ئەصلی تەلاقدانـــەکـــەدا باوەری پی‌ئەکری ، لە وەختەکەیشیا هەر باوەری پی‌ئەکری بە سویند •

بەلی لە غەیری قسە یەك‌نەکەوتن لەم بەسەرچوونی (عـــدّە)یەدا ئەگەر کابرا وتی لە مانگی رەمەزاندا تەلاقم داوی‌و ژنەکە وتی لە شەشەلانا تەلاقت داوم‌و نەفەقەی ئەو ماوەیەم لەسەرتە ئەوە باوەر بە ژنەکە ئەکری بە نیسبەت دامەزرانی نەفەقەی ئەو مـاوەیـەوە بوی چونکە لەلایەکـــەوە زەرەری لەخوی داوە کە قوبوولی دریژی‌ی زەمانی (عدّە)ی کردووە ، وە لە لایەکی‌تریشەوە مادەم ئەم ژنە ژنی کابرا بووەو نەفەقەی ثابت بووە لەسەری ئەصل ئەوەیە نەفەقەکەی بەردەوام بی تا بە روشنی مانیعیك پەیدا ئەبی لە بەردەوامی‌ی ئەو نەفەقەیە •

وە کابرا باوەری پی‌ئەکری نیسبەت بە وەزعی خوی ، وەکو ئەوە پاش تەواوبوونی ماوەی (عدّە)ی ژنەکە لەسەر ئیدیعای کـابرا ، ئـەو

کابرا ئەتوانی خوشکی ئەو ژنە مارە بکا ، یا ئەگەر سی ژنی تری بو ئەتوانی ژنیکی چوارەمیش مارە بکا •

ئەگەر میردی ژنی تەلاق دراو بە (رجعی) مردو ژنەکە ئیددیعای کرد کە لەکاتی ژیانی کابرادا (عدّە)ی تەواو بووە بو ئەوە لەو (عدە)ی تەلاقەوە نەگویزیتەوە بو (عدّە)ی وەفات ئەوە نیسبەت بەمووەزعە قوبوول ناکری‌و پیویستە (عدّە)ی وەفات تەواو بکا ، بـەلام قوبوول ئـەکـری نیسبەت بە وەرگرتنی میرات لە مالی کابرا چونکە ئـەم صوورەتە زەرەرە بـوی •

بەلام ئەگەر ژنەکە تەلاق دراوی (بائن) بوو ئەوە لـــە دەعوای تەواوبوونی (عدّە)کەیدا لـە ژیانی کابرادا باوەری پی‌ئەکری ، چونکە نە میرات بەرەو نە (عدّە)کەیشی ئەگوری بو (عدّە)ی وەفات •

ئەگەر تەلاق‌دراوە (رجعی)یەکە مردو میرات‌بەرەکەی ئیددیعای کرد کە لە ژیانی خویدا (عـدّە)ی تـەواو بووە ، وە میردەکەیشی وتی (عدّە)ی تەواو نەبووبوو ، ئەوە میردەکەی باوەری پی ئەکری بە سویند لە (عدە)یەکدا کە بـە سی مانگ بی ، وە میرات‌بەری ژنەکـە باوەری پی‌ئەکری لە (عدّە)ی غەیری مانگدا وەکو شـــیخی (ابـن حجر) فەرموویەتی •

ئەگەر ژنەکە ئیددیعای تەواو بوونی (عدّە)ی کرد بەوە کـــە سکەکەی لی‌بوەتەوەو ، ماوەکەیش بەشی ئەوەی ئەکرد کە سکەکەی تیا لی جیا ببیتەوەو ، ژنەکەش لەوانە بی کە حەیزی پیا بیت‌و نەگـەیشـتبیتە تەمەنی نائومیدی ، ئەوە ژنەکە باوەری پی‌ئەکری بە سویند نیسبەت بـە تەواو بوونی (عدّە) • بەلام ژنی کە نائومید بووبی لە حەیز یا بچووك بی‌و نەگەیشتبیتە تەمەنی حەیز پیا هاتن ئەوانە هەر سك ناکەن ، کەواتـە

باوەر بە کابرا ئەکری ، هەروەها ژنیکیش کە حەیزی پیا نەهاتبی ئەوە هەرچەند مومکینیش بی بی سك بکا ، لەکاتی یەکنەکەوتنی قسەیدا لەگەل قسەی میردەکەی لەبارەی (عدّە)ی منال بوونەوە ، باوەر بە قسەی میردەکەی ئەکری •

جا ئەگەر ژن ئیددیعای دانانی سکی بەتەواوی کرد ، ئەوە کەمترین ماوەیەك کە بگونجی سکەکەی لی جیا ببیتەوە تیایا شەش مانگ‌و دوو چاو تروکاندنە لەوکاتەوە کە قابیل بی لەگەل پیاوەکەدا یەکی گرتبی لەپاش مارە برینیەوە ، وە ئەو ماوەیە چاو تروکاندنیکی بو گرتنی ژنەکەو چاو تروکاندنیکی بو دانانی منالەکەیە ، شەش مانگەکەشی بو ئەصلی منالەکەیە کە پی بگا •

وە ئەگەر ئیددیعای دانانی پارچە گوشتیکی کرد کە وینەی هیچی نەگرتبوو ، ئەوە کەمترین ماوەی هەشتا روژو دوو چاو تروکاندنە ، وە لەمحالەدا پیویستە مامان شەهادەت بدا بەوە کە ئەو پارچە گوشتە بنیادەمە • جا بو شەهادەت لای قاضی پیویستە چوارکەس بن ، بەلام بو قەناعەتی ژنەکە بە یەك ژنی مامان قەناعەت ئەکری •

وە ئەگەر ئیددیعای تەواوبوونی (عدّە)ی بە حەیزو پاکی کرد ، ئەوە ئەگەر لە پاکیدا تەلاق درابوو ، وە لەپیش ئەو پاکی‌یەدا حەیزی پیا هاتبوو ، ماوەی لای کەمی سی‌و دوو روژو دوو چاو تروکاندنە • مەسەلا ئەلین لەپیش ماوەی چاوتروکاندنیك لە پاکی تەلاق دراوە ، ئەمجار شەوو روژیك بو حەیز ، ئەمجار پانزە شەوو روژ بو پاکی‌ی دووەم ، ئەمجار شەوو روژێ بو حەیز ، ئەمجار پانزە شەوو روژ بو پاکی‌ی سیهەم ، ئەمجار ماوەی چاو تروکاندنی دووهەم بو حەیز تا مەعلووم ببی کە پاکی‌یەکە تەواو بووە • وە لەم چاو تروکاندنەدا گەرانەوە دروست نی‌یە ، وە بەس بو تەواو بوونی پاکی‌ی سیهەم ئیعتیبار ئەکری •

وه ئه‌گه‌ر له‌مه‌وبه‌ر حه‌یزی نه‌بووبوو ئه‌وه لای که‌می ماوه‌ی (عدّه)که‌ی بریتی‌یه له چل‌و هه‌شت‌رۆژو یه‌ك چاو تروو کاندن ، چونکه له‌م صووره‌ته‌دا پیویسته به حه‌یزی له شه‌وو روژیکا بو ئه‌وه که ئیعتیبار بکری به پاکی‌ی ژنه‌که‌و له (عدّه) بژمیرری له‌به‌رئه‌وه که لای شه‌فعی خوای لی رازی بی (قرء) بریتی‌یه له پاکی‌یه‌ك که له هه‌ردوولایه‌وه حه‌یز هه‌بی ، وه پاش ئه‌و حه‌یزه پانزه شه‌وو روژ بو پاکی‌ی یه‌که‌م ، ئه‌مجار شه‌وو روژی بو حه‌یز ، ئه‌مجار پانزه شه‌وو روژ بو پاکی‌ی دووهه‌م ، ئه‌مجار شه‌وو روژی بو حه‌یز ، جا پانزه شه‌وو روژ بو پاکی‌ی سیهه‌م ، ئه‌مه چل‌و هه‌شت روژ • جا ئه‌وه‌نده‌ی چاو تروو کاندنیکیش پیویسته بو حه‌یزی پاش ئه‌و پاکی‌ی سیهه‌مه ، بوئه‌وه که بزانین ئه‌و پاکی‌یه ته‌واو بووه •

وه ئه‌گه‌ر له حه‌یزدا ته‌لاق درابوو ، ئه‌وه که‌مترین ماوه‌ی توانای ته‌واوبوونی ئه‌و (عدّه)یه چل‌وحه‌وت روژو یه‌ك چاو تروو کاندنه ، به‌م‌ره‌نگه له دواتاوی حه‌یزدا ته‌لاق درابی • ده‌ی سی پاکی به چل‌و پینج روژو دوو حه‌یز له‌به‌ینا ، ئه‌مه چل‌و حه‌وت روژ ، وه ئه‌وه‌نده‌ی چاو تروو کاندنیکیش پاش پاکی‌ی سیهه‌م ، وه له‌م چاو تروو کاندنه‌یشا گیرانه‌وه‌ی ژنه‌که دروست نی‌یه وه‌کو وتمان •

هه‌رکاتی ژنه‌که ئیدیعای حه‌یزی کرد باوه‌ری پی ئه‌کری به سویند ، خوای یه‌که‌م جاری بی ، یا خاوه‌ن عاده‌ت بی ، وه له‌م صووره‌تی دووهه‌مه‌دا له‌سه‌ر عاده‌تی زووی بروا یا به‌پیچه‌وانه‌ی ئه‌و عاده‌ته‌ی بروا • جا ئه‌گه‌ر کابرا باوه‌ری نه‌کرد ئه‌توانی سویندی ژنه‌که بدا • ئه‌گه‌ر سویندی خوارد باشه ، وه ئه‌گه‌ر نکوولی کرد کابرا سویند ئه‌خواو ئه‌یگیریته‌وه ژیر نیکاحی خوی •

شیخی (ابن حجر) ئه‌فه‌رمویت (شیخین) گیراویانه‌ته‌وه له

(روویانی)یەوە کەوا هەرکاتی ژن ئیدیعای حەیزی کرد واجبە پرسیاری لێ بکری لە وەزعی حەیزو پاکی‌یەکانی • وە ئەگـــەر گومـــانی درۆی پێ‌ئەبرا واجبە سویند بدری لەبەرئەوە کــە درۆو دەلەســـەو بەدخوویی زۆر بووە •

ئەگەر کابرا لەپێش تەواوبوونی (عدّە)ی ژنەکــەدا ئیدیعـــای گێڕانەوەی ژنەکەی کرد ئەوە باوەڕی پێ‌ئەکری بێ سویند بەپێی ظاهیری فەرموودەی (منهاج) ، وە بە سویند لەســـــەر فەرموودەی ئیمام ، وە (نهایە)و (مغنی)و (اسنی) قسەی ئیمامیان پەسەند کردووە •

وە ئەگەر کابرا لەپاش بەسەرچوونی (عدّە)ی ژنەکە ئیدیعـــای گێڕانەوەی ژنەکەی کرد لەپێش تەواو بوونی (عدّە)کەدا ، وە ژنــەکــە ئینکاری کرد ، ئەمە ئەگەر هاودەنگ بوون لەســـەر کاتی تــەواوبوونی (عدّە)کە وەکو رۆژی جومعە ، مەسەلا ، وە کابرا ئەیوت لــە رۆژی پێنجشەممەدا گێڕاومەتەوە ، وە ژنەکە ئەیوت لە رۆژی شەممەدا ، ئــەوە ژنەکە سویند ئەدری • وە ئەگەر تەنها لەسەر کاتی گێڕانەوەکە هاودەنگ بوون وە ژنەکە ئەیوت لەپێشا (عدّە)م بەسەرچووەو کابرا ئەیوت لەپاش ئەوکاتە بووە ، ئەوە کابرا سویند ئەدری •

وە ئەگەر هەر هەرایان لە پێشکەوتنی تەواو بوونی (عدّە)دا بوو لەسەر گێڕانەوە ، بەبێ‌ئەوەی ڕێکەون لەسەر یەکێ لە کاتی تەواوبوونی (عدّە)و گێڕانەوە ، ئەوە هەرکامیان پێش‌کەوتن لە ئیدیعای خۆیـــانـدا ئەویانە باوەڕی پێ‌ئەکری بە سویند ، یەعنی ئەگەر ژنەکە لەپێش کابرادا هات ئیدیعای تەواو بوونی (عدّە)کەی کرد ، وە پاش ئەو کابرا هــات ئیدیعای گێڕانەوەی ژنەکەی کرد ، ئەوە باوەڕ بە ژنەکــە ئــەکری بــە ســـویند • وە ئەگــەر کابرا لەپێشـــا هـــات ئیـدیعـای گێڕانـەوەی

ژنەکەی کرد ، جا پاش ئەو ژنەکە هات ئیدیعای تەواوبوونی (عدّە)ی کرد ئەوە کابرا باوەڕی پێ ئەکرێ بە سوێند کە ژنەکەی گێراوەتەوە لەپێش بەسەرچوونی (عدّە)کەیدا •

وە ئەگەر بەیەکەوە ئیدیعایان کرد ئەوە باوەڕ بە سوێندی ژنەکە ئەکرێ • وە ئەگەر ئەیانوت ئاگامان لە پێشکەوتن و پاشکەوتنی هیچ کام لەم دوانە نی یە ، ئەوە ئەصل مانەوەی ماوەی (عدە)کەیەو کابرا باوەڕی پێ‌ئەکرێ • هەروەها ئەگەر بزانرێ یەکێکیان لەپێشدا بووە ، بەلام نەزانرێ پێشووەکەیان کامیانە ، ئەوە کابرا باوەڕی پێ‌ئەکرێ بە سوێند •

(بزانن) ئەم تەفصیلی یەك‌نەکەوتنی قسەی ژن و مێردە لەپاش بەسەرچوونی (عدّە) بۆ شوێنێکە کە ژنەکە لەپاش ئەو تەلاقە شووی نەکردبێ بە مێردێکی‌تر • وە ئەگەرپاش شووکردن بوو بە هەرایان ، ئەوە ئەگەر کابرا دوو شاهیدی بوو لەسەر گێرانەوەی ژنەکە لەپێش تەواو بوونی (عدّە)دا ، ئەوە ژنەکە بە ژنی ئەو ئەناسرێ‌و لە شووی دووهەمی ئەسەنرێتەوە • وە ئەگەر چووبێتە لای (مهر المثل)ی لێ وەرئەگیرێ بۆی • وە ئەگەر شاهیدی نەبوو ئەوە هەر بۆی هەیە ژنەکە سوێند بدا لەسەر ئەوە کە (عدّە)کەی لەپێش گێرانەوەیدا تەواو بووە ، جا ئەگەر سوێندی خوارد ئەوە باشە ، وە ئەگەر نکوولی کرد لە سوێندو کابرا سوێندی خوارد لەسەر پێشکەوتنی گێرانەوە لە بەسەرچوونی (عدّە) ، یاخود ژنەکە پێی‌لێ‌نا بەوە کە گێرانەوەکە لەپێش تەواوبوونی (عدە)دا بووە ، ئەوە هەر (مهر المثل) واجب ئەبێ لەسەر ئەم ژنە بۆ مێردی یەکەم • ئیتر ژنەکە لە مێردی دووهەم ناسەنرێتەوە • لەبەرئەوە بەهۆی ئیذن‌دانی ژنەکەوە بە مارە بڕینی بۆ ئەم کابرای دووهەمەو مەیدان‌دانی بۆی کە بچێتە لای ، بڕیار دراوە بەوە کە ژنی مێردی دووهەمەو قابیل نی یە جیا بکرێنەوە لە یەك • بەڵێ ئەگەر ئەم ژنە بە بێ‌ئیذن مارە کرابێ

له کابرای دووهەم ، یەعنی باوکی مارەی کردبی‌و خویشی مەیدانی کابرای نەدابی بچیتە لای ، ئەوە ئەم ژنە (مهر المثل) نابژیری بو میردی یەکەم • بە هەرحال لەو صـــوورەتەدا کــە کابرا شــاهیدی نـەبی ئـەو ژنەی دەس‌ناکەویتەوە ، بەلام جاریك (مهر المثل) لـە ژنــەکـە وەرئـەگری‌و جاریکیش وەری‌ناگری •

(بیداری) صوورەتی مارە برینی ئەم ژنــە بە بی‌ئیـــذن بو میردی دووهەم ئەوەیە ئەو ژنە کە شووی‌کردووە بە میردی پیشووکچ بووەو کابرا نەچوەتە لای ، بەلام ژنــەکــە ئـاوی کـابرای هـەل‌گرتووە ، یـاخـود رویشتووەتە لای لەپیشەوە بەلام کچیتی‌ی لانـەبردووە ، ئـەوە لەپـاش تەلاق‌دان بە تەلاقی (رجعی) هەر حوکمی کچی هەیـەو (ولی مجبر) ئەتوانی بە بی‌ئیذنی خوی مارەی بکا •

(بزانن) شیخ لە (تحفه)دا ئەفەرمویت میردی یەکـەم حــەقی دەعوای نی‌یە لە میردی دووهەم • بەلی خـاوەنی (مغنی)و (نهایـــه) ئەفەرموون حەقی دەعوای هەیە لی‌ی ، هەروەکو حەقی دەعوای هەیە لـە ژنەکە ، وە فەرموویانە لەم صوورەتەدا ئەتوانی لەپیشا دەعوا لە ژنەکە بکا یـا لە کابرا ، وە پاش بەیانی دەس‌پی‌کردن بە دەعوا لە ژنەکە ئەفەرموون: وە ئەگەر لەپیشا دەعوای لە میردی دووهەم کردو ئەویش ئینکاری کـرد ئەوە ئەم میردی دووهەمە باوەری پی‌ئەکری بە سـویند • وە ئــەگـــەر پی‌ی‌لی‌نا بو میردی یەکەم یاخود نکوولی کرد لە سویندو میردە یەکەمەکە سویندە رەدکراوەکەی خوارد ئەوە نیکاحی کابرای دووهـەم بـەتـــال ئەبیتەوەو ، میردی یەکەمیش نابی بە خاوەنی ئەم ژنە ، تەنها لـە حالیـکا نەبی کە ئەم ژنە ئیقرار بکا بوی یاخود پاش نکوولی ئەم ژنە لە سویند ئەو سویند بخوات کە گیرانەوەی لەپیش تەواو بوونی (عدّه)دا بووەو ئـەم

ژنه ژنی خویەتی • وە ئەگەر میردی یەکەم بوو بە خاوەن ژنەکەو میردی دووهەمیش چووبوە لای (مهر المثل)ی ئەکەویتە سەر ئەم میردە دووهەمە • وە ئەگەر نەبوو بە خاوەنی ژنەکە بەمڕەنگە کە نیکاحی دووهەم بەتال بووەوە ، بەلام ژنەکە پیی‌لی‌نەنا بو میردی یەکەمو سویندی خوارد ، یاخود ژنەکە سویندی نەخوارد بەلام کابرای یەکەمیش سوینە رەدکراوەکەی نەخوارد ، ئەوە ژنەکە عەینی مارەیی ناوبراو ئەستینی لە کابرای دووهەم ئەگەر چووبیتە لای‌و ، نیوەی لی ئەسینی ئەگەر نەچووبیتەلای •

(بزانن) هەرکاتی ژنەکە ئینکاری گیرانەوەی کرد لەپیش تەواوبوونی (عدّە)داو باوەری پی‌کراو ، لەدواییدا لەم ئینکارە پەشیمان بووەوەو پیی‌لی‌نا کە گیرراوەتەوە لەپیش تەواوبوونی (عدە)کەیدا ئەوە ئەم پیی‌لی‌نانەی لی قوبوول ئەکری‌و ئەدریتەوە بە میردەکەی مادەم شووی نەکردبی‌و لەژیر عیصمەتی میردیکی‌ترا نەبی • وینەی قوبوولی ئەم پیی‌لی‌نان‌و پەشیمان بوونەوەیە زورە •

یەکەم : ئەوە کە ژنەکە ئیدیعا بکا میردەکەی سی تەلاقەی داوەو ، لەپاشا پەشیمان بیتەوەو بچیتە پال قسەی میردەکەی کەوا تەلاقی نەداوە یا کەمتر لە سی تەلاقی داوە ، ئەوە لی‌ی قوبوول ئەکری •

دووەم : ئەوەیە کە پیی‌لی‌بنی لەگەل کەسیکدا شیری یەکتری‌یان خواردووەو لەپاشا پەشیمان بیتەوەو بلی ئەو شیر خواردنە لە پینج‌جار کەمتر بووە ، یا لەپاش تەواو بوونی دووسال بووەو ، من لەسەر ئەو ئەساسە پیم‌لی‌نا بە شیر خواردن وام‌ئەزانی کەمتر لە پینج‌جار یا پاش دوو سالیش ئەبی بەهوی مەحرەم بوونی شیر خواردووەکە ، ئەوە ئەم پەشیمانی‌یەی لی قوبوول ئەکری •

سیهەم : ئەوەیە پیاویك ژنیك مارە بكا بە ویلایەتی باوكی ژنەكەو شەهادەتی دوو پیاوو ئیذنی ئەو ژنە ، كەچی ژنەكە لەپاشا ئینكاری ئەوە بكا كە ئیذنی داوەو ئیذنەكەشی پیویست بی • جا كابرا لای قاضی ئیسپاتی نیكاحەكە بكاو قاضی فەرمان بدا كە ژنەكە ریگای میردەكەی بدا بچیتە لای و ژنەكە فەرمانەكەی قاضی جیبەجی نەكا ، وە لەپاشا بمری ، ئەوجا ژنەكە پەشیمان بیتەوەو پیی‌لی‌بنی بەوە كە ئیذنی داوە بو عەقدەكە • ئەمە قوبوول ئەكری‌و ژنەكە بوی هەیە داوای مارەیی‌و میرات لە مالی میردەكەی بكا •

چوارەم : ئەوەیە كابرا بلی ژنەكەم بە یەك تەلاقی (رجعی) تەلاق داوەو ، ژنەكە بلی نەخەیر بە سی تەلاقە تەلاقی داوم ، وە لەدوایيدا پەشیمان بیتەوەو بچیتە پال قسەی میردەكەی‌و خوی بخاتەوە بەدرودا ، ئەوە لی‌ی قوبوول ئەكری • وە ئەگەر میردەكەیشی مرد میراتی لی وەرئەگری •

پینجەم : ئەوەیە كابرا خولع لەگەل ژنەكەیدا بكاو ژنەكەی ئیدیعا بكا ئەم خولعە تەلاقی سیهەم بووە ، وە لەپاشا پەشیمان بیتەوەو پیی‌لی‌بنی كە ئەو خولعە تەلاقی یەكەم یا دووەم بووە ، ئەوە قوبوول ئەكری‌و ئەتوانی بە بی مارە بەجاش شووی پی‌بكاتەوە ، وە لەم كاتەدا ژن‌و میردایەتی ثابت ئەبی‌و ، لەپاش مردنی ژنەكە یا میردەكەی میرات لە یەك وەرئەگرن •

شەشەم: ئەوەیە كابرا ئیدیعا بكا بلی ئەم ژنە ژنی‌منەو، چوومەتەلای‌و ژنەكەیش ئینكار بكا ، ئەوە باوەر بە سویندی ژنەكە ئەكری لەسەرئەوە كە كابرا نەچووەتەلای ، ئیتر حەقی گیرانەوەی نامینی • وە لەم صوورەتەدا ئەوكەسە چونكە ئیقراری كردووە بەوە كە چووەتە لای

ژنەکە ئیقراری بە مارەیی ژنەکە کردووە •• جا ئەگەر ژنەکە ئەو مارەیی‌یەی وەرگرتبی کابرا ناتوانی لی‌ی بسێنیتەوە ، وە ئەگەر وەری‌نەگرتبی ژنەکە ناتوانی داوای زیاتر لە نیوە مارەیی لی بکا • وە ئەگەر نیوەکەی وەرگرتو جا پی‌ی‌لی‌نا بەوە کە کابرا چووەتە لای ، ناتوانی نیوەکەی‌تری لی وەربگری تا کابرا ئیقراریکی‌تر نەکا بەوە کە چووەتە لای • ئەمە بو مارەیی‌یەکە کە قەرز بی ، بەلام ئەگەر عەین بوو کابرا لەپاش تەلاق نیوە عەینەکەی خوی نەئەبردەوە لەبەرئەوە کە ئەیوت چوومەتە لای‌و هەمووی ئەکەوی ، ئەوە یا ناچار ئەکری بەوە کە ئەو نیوە عەینە وەربگریتەوە بو خوی ، یا ئەبی نەذری بکا لە ژنەکەی تا بە هەموو ئیحتیمالیك ببی بە مولکی ژنەکە ••

(بزانن) ئەگەر ژنی تەلاق‌دراو وتی (عــدّە)م تەواو نەبووە دروست نی‌یە مارەم ببرن ، وە لەپاشا خوی خستەوە بەدروداو وتی (عدە)م بەسەرچووە ، ئەوە دروستە دەس‌بەجی مارە بکری بو ئەوکەسەی ئەیەوی بیخوازی •

باسی سویند خواردن لەسەر نەچوونەلای ژن

(ایلاء)

(ایلاء) لە شەرعدا بریتی‌یە لە سویند خواردنی میردیکی‌وا کە دروست بی ژن تەلاق بدا لەسەر ئەوە کە ناچیتە لای ژنەکەی هەرگیز یا زیاتر لە چوار مانگ ، هەرچەند ژنەکەی تەلاق دراوی (رجعی) یا (متحیرە) یا لە ئیحرامدا بی ، وە ئەم سویندە وەنەبی هەر سویند بی بە ذاتی خواو صیفەتەکانی خوا ، بەلکو ئەگەر تەعلیقی تەلاقیش بکا بە چوونەلاوە مەسەلا ، ئەوە هەر بە (ایلاء) دائەنری • کەواتە ئەگەر وتی

ئەگەر هاتمەلات نەذر بی لەسەرم نویژیك بكەم یا روژیك بەروژوو بم ، یا حەجی مالی خوا بكەم یا بەندەیەك ئازاد بكەم هەر بە (مولی) یەعنی سویندخوری نەچوونەلای ژن ئەناسری •

ئەگەر پیاویكی بیگانە سویند بخوا لە چوونەلای ژنیك ئەوە هـەر سویندیكی رووتەو (ایلاء) نی‌یە • وە ئەگەر پاش ئەو سویندە ژنەكەیش ماره بكا هەر نابی بە (ایلاء) • وە ئەگەر سویندی خوارد لە چوونەلای ژنیك كە بو ئەوە نەشی ئینسان بچیتەلای وەكو ئافرەتیك كـــە پـارچـە گوشتیك یا ئیسقانیك بەری فەرجی گرتبی ، ئەوە ئەو (ایلاء)ە دانامەزری لەبەرئەوە كە ئەوسویندە قیمەتی نی‌یە ، چونكە ئەگەر سویندیش نەخوا ئەو ژنە قابیلی ئەوە نی‌یە كەس بچیتەلای •

ئەگەر كابرا وتی بە ژنەكەی قەسەم بە خوا چوار مانگ نایـەمـە لات ، كە ئەو چوار مانگەیش رویشت قەسەم بە خوا چوار مانگی‌تر نایەمە لات ، ئەوە هیچیان نابن بە (ایلاء)و بەیەكیشەوە یەك (ایـلاء)یـان لی پەیدا نابی ، بەلام كابرا بە گوناهبارو تاوانبار دائەنری چونكە دلی ژنەكەی ئازار داوە • وە ئەگەر وتی قەسەم بە خوا پینج مانگ نایەمە لات ، وە كە ئەو پینج مانگەیش رویشت قەسەم بە خوا پینج مانگی‌تر نایەمە لات ئـەوە ئەبی بە دوو (ایلاء) وە هەركامیان حوكمی خوی لەسەر دائەمەزری • وە ئەگەر تەعلیقی چوونە لای كرد بە شتیكی‌واوە كـــە جی‌بەجی‌بوونی دوور بی وەكو هاتنەخواری حەزرەتی عیسا (علی نبینا وعلیه السلام) ئەوە بە (ایلاء) ئەژمیرری هەرچەند كابرا وابزانی كە لەپیش ماوەی (ایلاء)دا دیتە خوارەوە ، هەروەها ئەگەر شكیشی ببی لە دابەزینیا بە فـەرموودەی راست‌تر •

(ایلاء) لەفظی صەریحو كینایەی هەیە • لە لەفظە صەریحەكانیەتی ((چوونە لا ، وطء ، جماع ، دخولی ذەكەر ، لابردنی كچیتی‌ی كچ) وە

لەسەر فەرموودەی تازەی ئیمام (پیوە لکان ، سوار بوون ، داگیرکردن ، نزیك کەوتنەوە ، پیست لە پیست دان) ئەمانە کینایەن •

ئەگەر کابرا وتی ئەگەر وەطئت بکەم ئەو بەندەمە ئازاد بیو لەپیش تەواو بوونی ماوەکەدا بەندەکەی نەما ئەوە ئەو (ایلاء)ەیش لا ئەچی • وە ئەگەر وتی ئەگەر وەطئت بکەم ئەو بەندەمە ئازاد بی لەجیاتیی (ظهار)ەکەم ، وە لەوەوبەر (ظهار)یشی کردبوو ئەوە بە (ایلاء) دائەنری • ئەگینا بە ظاهیر حوکم ئەکری بە (ظهار) وە لە باطیندا نە (ایلاء) هەیەو نە (ظهار) •

ئەگەر وتی ئەگەر وەطئت بکەم ئەو بەندەمە ئازاد بی لەجیاتیی (ظهار) ئەگەر (ظهار)م کرد ئەوە بە (ایلاء) ناژمیرری تا (ظهار)ەکە ئەکا ، بەلام کاتی کە (ظهار)ەکەی کرد ئەم سویندەیش ئەبی بە (ایلاء) ••

ئەگەر وتی بە ژنەکەی ئەگەر وەطئت بکەم هەویکەت تەلاقی کەوتبی ، ئەوە (ایلا)یە • جا ئەگەر وەطئی ئەم ژنەی کرد ئەوە تەلاقی هەویی ژنەکە ئەکەویو (ئیلا)کەیش ئەکریتەوەو نامینی • فەرموودەی دیارتر ئەوەیە ئەگەر بەجاری وتی بە هەر چوار ژنەکەی واللە جیماعتان لەگەل ناکەم ، ئەوە ئیستە (ئیلاء) نییە تا جیماع ئەکا لەگەل سی لەو ژنانە ، ئەوسا بەرابەر بە چوارەم (ئیلاء) دیتەجی ، لەبەرئەوە لەمصوورەتەدا سویند لەسەر خوراو بریتییە لە وەطئی هەموویان نەك یەکەیەکەیان • کەواتە ئەگەر هەندی لەو ژنانە مردن ئەم (ئیلا)یە بەتال ئەبیتەوە • وە ئەگەر وتی جیماع لەگەل هیچتان ناکەم ئەوە بەرابەر بە هەر یەکیکیان (ئیلاء) دیتەجی • وە ئەگەر وتی بە ژنەکەی واللە جیماعت لەگەل ناکەم لە سالیکدا تەنها یەکجار نەبی ئەوە ئیستە (ئیلاء) نایەتەجی.

تا جاریك جیماعی لەگەل ئەکا ، جا کە جیماعی لەگەل کرد ، ئەگەر لـەو سالە ماوەی چوار مانگ یا کەمتر لە چوار مانگ مابوو ئەوە (ئیـــلاء) نامینی • وە ئەگەر زیاتر لە چوار مانگ مابووەوە ئەوە (ئیلاء) دیتەجی •

باسی مولەتدانی کابرا کە (ئیلا)ی کردووە

ئەم کەسە کە (ئیلا)ی کردووە ئەگەر (ئیلا)کەی لەگەل ژنیـکا کردبی کە لەژیر نیکاحیا بی ، ئەوە لـە سـەرەتای (ئیلا)کەیەوە چوار مانگ مولەت ئەدری ، وە ئەگەر لەگەل ژنی تـەلاق دراوی (رجعی)دا کردبیتی ئەوە لەوکاتەوە کە ژنەکەی گیراوەتەوە ژیر نیکاحی‌خوی، چوار مانگ مولەت ئەدری • جا لەپاش ماوەی چوار مانگەکە ژنەکەی ئەتوانی شکاتی لی بکا لە دادگای شەرعدا •کە شکاتی‌کرد قاضی کابرا بانگ ئەکا ، ئەگەر ئیقراری کرد بە سویندەکەی خوی یاخود بە شاهید لەســــەری نیسبات بوو ، ئەوە قاضی فەرمانی پی‌ئەدا یا بیتەوە بولای ژنەکـــەی بـــە ئوسوولی عادەتی یا تەلاقی بدا • ئەگەر قوبوولی یەکی لەمانەی کرد ئەوە باشە ، وە ئەگەر هیچ‌یەکی لەمانەی نەکرد ، ئەمجار لەسەر داوا کـردنی ژنەکە واجبە قاضی یەك تەلاقی ئەو ژنە بداو بلی وا ئـەم ژنـەم تـەلاقدا لەجیاتی‌ی میردەکەی بە یەك تەلاق ، وە ئەو تەلاقەی ئەکەوی ، هەرچەند ژنەکە پی‌ی (بائنە) بیتەوە ، لەبەرئەوە کە تا ئیستا کابرا نەچوەتە لای ، یاخود ئاخر تەلاق بی بەوردنگە زووتر دوو تەلاقی کەوتبی •

وە ئەگەر یەکیك لە ژنو پیاوەکە لە دین هـەلـگەرایەوە لـەپـاش چوونەلا لە ماوەی (ئیلا)کەدا ئەوە ماوەکە ئەپچری ، وە هـــەروەختی موسولمان بووەوە ماوەکە دەس پی‌ئەکاتەوە لە سەرەتاوە • وە هەر شتی کە مەنعی وەطء بکاو زیان بە نیکاح نەگەیەنی وەکو پاشگەز (مرتد) بوونەوە، ئەگەر لە کابرادا بیتەجی ئەوە مەنعی حیساب کردنی (مدّە) ناکا وەکو

ڕوژوو ئیحرامو نەخوشیو شیتی • وە ئەگەر لە ژنەکەدا بیتەجیو ئەو مانیعە (حسّی) بی وەکو منالیو نەخوشی ئەوە ئەبی بە مانیع لە ژماردنی موددەکە • وە ئەگەر لەناو موددەکەدا بی موددەکە ئەبری ، جا ئەگەر ئەو مانیعە نەما ئەوە حیسابی موددە دەس پی ئەکاتەوە • وە ئەگەر مانیعەکە شەرعی بیو شتەکە فەرز بی وەکو حەجو ڕوژوو نویژی فەرز ئەوە مەنعی موددەکە ئەکا ، وە ئەگەر سوننەت بی مەنعی ناکا ••

جا ئەگەر کابرا لە ماوەی مولەتەکەدا وەطئی ژنەکەی کرد ئەوە سویندەکەی ئەکریتەوەو (ئیلا)کە ئەفەوتی ، وە ئەگەر سویندی بە خواو صیفاتی خوا خواردبی کەفارەتی سویندی ئەکەویتە سەر • وە ئەگەر سویندەکەی تەعلیقی تەلاق بووبی بە وەطئەوە تەلاقەکە ئەکەوی ، وە ئەگەر تەعلیقی تەلاق بووبی بە لەئەستو گرتنی چاکەیەکەوە وەکو ڕوژوو مەسەلا ئەوە کابرا بە ئارەزووی خویەتی یا ئەو ئیشە بکا کە لەئەستوی گرتووە یا کەفارەتی سوێندیك بدا ، وە ئەگەر وەطئی نەکرد ئەوە لەپاش تەواوبوونی چوار مانگەکە ژنەکە ئەتوانی داوای گەرانەوە بولای یاخود تەلاقدانی لی بکا • وە ئەگەر ماوەیەك دەس بەرداری حەقەکەی بوو ئەتوانی لەپاشا داوای بکاتەوە • گەرانەوەی کابرایش دیتەجی بەوە کە بچیتە لای ژنەکە لەپیشەوە بەئەندازەی سەری ذەکەری • وە مادەم وەطئی کرد ئەوە ئیتر مەجالی داواکردنی ژنەکە نامینی هەرچەند ئەو وەطئەیش حەرام بی وەکو چوونەلا لە ئیحرامدا یا لە حەیزو زەیسانیی ژنەکەدا •

وە ئەگەر کابرا لەپاش موددەتی مولەتەکە مانیعیکی شەرعیی پیوەبوو وەکو ئیحرام ، ژنەکە هەر ئەتوانی داوای تەلاقی لی بکا • وە ئەگەر مانیعیکی حسّی پیوەبوو وەکو نەخوشی داوای ئەوەی لی ئەکری بلی هەرکاتی توانیم بیمەلات ئەگەریمەوە بولات • بەلی ئەگەر ژنەکە مانیعی

وەطئی پیوە پەیدا بوو ئەوە نـاتوانی داوای تـەلاق یا وەطئی لی‌بکا تا ئەو مانیعە لائەچی •

باسی (ظهار)

(ظهار) لەشەرعدا بریتی‌یە لەوە میردیك ژنەکەی بشـــوبهینی بـە ژنیکی مەحرەمی • ئەم وەزعە پی‌ی‌ئەوتری (ظهار) ، وە ئەم ناوە لەوەوە هاتووە کە صوورەتە ئەسلی‌یەکە وابووە کابرا ژنەکەی بشوبهینی بە پشتی دایکی‌و بلی (تو بو من وەکو پشتی دایکم وای) واتـە هـەروەك چـون حەرامە بوم سواری پشتی دایکی خوم ببم ، حەرامیشە بوم سواری پشتی تو ببم •• ئیتر لەمەوە بە هەموو صوورەتەکانی‌تریش وتراوە (ظهار) • ئەم (ظهار)ە لە سەردەمی نەزانی (پیش هاتنی ئایینی ئیسلام)دا لەجی‌ی تەلاق بووە ، بەلام ئایینی ئیسلام گوریویەو کردوویەتی بـــە مـــایـــەی حەرامبوونی ئافرەت‌و کەفارەتیکی لەسەر واجب کردووە، بوئەوەی خەلك بە دەمیانا نەیەت •

ئەرکانی (ظهار) چوارن • ئەو میردە کە صیغەی (ظهار)ەکـەی بەدەما دیت کە پی‌ی‌ئەلین (مظاهر) ، وە ژنەکە کە (ظهار)ەکەی لەگەل ئەکری کە پی‌ی‌ئەلین (مظاهر منها) ، وە ئەو ژنە کە کابرا ژنەکەی خویی پی‌ئەشوبهینی کە پی‌ی‌ئەلین (مشبه بها) ، وە ئەو لەفظی شوبهاندنە کـــە کابرا بەکاری‌دینی •

شەرتی (مظاهر) ئەوەیە میردیك بی تەکلیفی شەرعی‌ی لەسەر بی‌و بە ئارەزووی خوی (ظهار)ەکە بکا ، هەرچەند خەسینراو بی یا ذەکەری براو بی یا شلەپەتکە بی یا (ذمّی) بی • (ظهار)ی سەرخوش وەکـــو تەلاقی وایە ئەگەر بە گوناه سەرخوش بووبی لەسەری ئەنووسری ، ئەگینا

بەتالە • کەواتە (ظهار)ی بیگانەو میردێ کە منال بی یا شیت بی یـا زور لی کراو بی بەتالە •

شەرتی (مظاهر منها)کەیش ئەوەیە ژنێ بی تەلاقی پیـوە بلکی • کەواتە دروستە لەگەل ژنیکدا کـە لەژیر عیصـمەتی کـابـرادا بی یـا تەلاقدراوی (رجعی) بی ، هەرچەند منال بی یا شـیت بی یا پـارچـە گوشتیك یا پارچە ئیسکیك بەری عەورەتی گرتبی یا لـە حەیزدا بی یـا زەیسانی بی یا لە (عدّە)ی شوبهەدا بی • بەلام دروست نی‌یە لەگـەل ژنی بیگانەدا ، هەرچەند تەعلیق کرابی بەوکاتەوە کە مـارە ئەکـریو لەپاشا مارەیش بکری • هەروەها دروست نی‌یە لەگـەل تـەلاق دراوی (بائنە)دا •

شەرتی (مشبە بها)یش ئەوەیە ژنیك بی بە نەسـب حەرام بی لەسەر ئەم کەسە وەکو دایكو نەنكو خوشكو خوشکەزاو کچو کچەزاو پوور ، یا بەهوی شیر یا بەهوی ژنو ژنخوازەوە حەرام بووبی لەسەری لەوکاتەدا کە لەدایك‌بووە وەکو ئەو ژنەی کە شیری داوە بە باوکی یا بە دایکی ، وە ئەو ژنەی کە باوكو باپیرەی مارەیان کردبی لەپیش ئەوەدا کە ئەم لەدایك بووە ، نەك ئەو ژنە کە شیری داوە بە خوی یا باوکی مارەی کردووە لەپاش ئەوە کە ئەم لەدایك بووە یا وەکو بووکی ئەم کەسە یـا ژن خوشکی ، ئەوە شوبهاندنە بەمانەو نابی بە (ظهار) •

هەروەها نابی بە (ظهار) ئەمە کە ژنەکەی بشوبهینی بە ژنی بیگانە یا بە خیزانەکانی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) یا شوبهاندن بە نیرینە هەرچەند مەحرەمیش بن وەکو باوكو باپیرە •

شەرتی صیغەکەیش ئەوەیە دەلالەت بکا لەسەر شوبهاندنی ژنەکەی خوی بە یەکی لەم ژنانە کە بەیانمان کردن ، بەوشەرتە تەشبیهی دیار بی

به دیار نەك هی نهینی بی بە نهینی وەك ئەوە کە بلیت جگەرت بو مـــن.
وەکو جگەری دایکم وایە یا تەشبیهی نهینی بی بە دیار وەکو ئەوە کـــە
بلیت دلت وەکو پشتی دایکم وایە ، یا تەشبیهی دیار بی بـە نهینی وەکو
ئەوە کە بلیت پشتی تو لەسەر من وەکو دلی دایکم وایە ، ئەمانە هیچیان
نابن بە (ظهار) •

جا ئەو شوبهاندنی دیار بە دیارە چوار جورە • یەکەم : شوبهاندنی
هەموو بە هەموو وەکو ئەوە کە بلی تو بـو من وەکو دایـکم وەهـــای •
دووەم:شوبهاندنی هەندیکە بە هەندیك وەکو ئەوە کە بلیت پشتی تو بو من
وەکو پشتی دایکم وەهایە • سیهەم : شوبهاندنی هەمووە بە هەندیك وەکو
ئەوە کە بلیت تو بو من وەکو پشتی دایکم وای • چوارەم : شـــوبهاندنی
هەندیکە بە هەموو وەکو ئەوە کە بلیت پشتی تو بو من وەکو دایکم وایە•
ئەمانە هەموو صەریحن لە (ظهار)دا تەنهـا تەشـــــبیهێ نەبی کـە بـو
قەدرگرتن یا خوشەویستی بەکار بهینری وەکو ئەوە کە بلی چاوی تو بو
من وەکو چاوی دایکم وایە یا سەری تو بو من وەکو سەری دایکم وایــە
یا گیانی تو بو من وەکو گیانی دایکم وایە ، یا وەکو ئەوە کە بلی تو بو من
وەکو دایکم وەهای یا نەفسی تو بو من وەکو نەفسی دایکم وایە ، یا چاوی
تو بو من وەکو دایکم وایە ، یا تو بو من وەکو چاوی دایکم وەهـــای •
ئەمجورە شوبهاندنانە کە هەل‌ئەگرن بو قەدرگرتن یا بو خوشەویستی بن،و
هەلیش‌ئەگری مەبەست لی‌یان حەرام بوون بی هەموو بە کینایە دائەنرین •
ئەگەر مەبەستی حەرام بوون بی ئەوە (ظهار)ە ، وە ئەگەر مەبەســـــتی
قەدرگرتن یا خوشەویستی بی یاخود هیچ مەبەستی نەبی ئەوە نابن بـــە
(ظهار) • هەروەها ئەگەر بلیت تـو دایـکی منی وەکو لـــە (انوار)دا
فەرموویەتی کینایەیە • هەتاوەکو ئەگەر بلیت تو حەرامی لەسەر من وەکو
دایکم هەر کینایەیە لەبەرئەوە کە ری‌ی تی‌ئەچی مەبەستی حەرام کردنی.

عەینەکەی بی نەك حەرام کردنی لەزەت لی وەرگرتنی • بەکورتی هەر لەفظیك بە ظاهیر بو حەرام بوون بی ئەوە صەریحە ، وە هەر لەفظیك هەل‌بگری بو حەرام بوون بیو هەل‌بگری بو قەدرگرتن یا خوشەویستی بی ئەوە کینایەیە •

(بزانن) ظهار بە تەعلیقیش دروستە وەکو ئەوە کە بلیت هەروەختی (ظهار)م کرد لەگەل فلانە ژنمدا ئەوکاتە تویش بو من وەکو پشتی دایکم وەهای ، ئەوە هەرکاتی (ظهار)ی کرد لەگەل ئەو ژنەدا ئەبی بە (مظاهِر) لەگەل ئەمیشدا •

ئەگەر کابرا وتی ئەگەر (ظهار)م کرد لەگەل ئەو ژنەدا ئەوە تویش وەکو پشتی دایکم وەهای ، وە لەوکاتەدا ئەو ژنە بیگانە بوو ، وە لەپاشا (ظهار) ی کرد لەگەل ئەو ژنە بیگانەیەدا ، ئەوە نابی بە هیچ ، وە (ظهار)یش لەگەل ئەم ژنی خویەدا نایەتەجی چونکە (معلق علیە) بو (ظهار) لەگەل ژنەکەیدا ئەبی بە (ظهار) لەگەل ئەو ژنە بیگانەیە ، وە (ظهار) لەگەل بیگانەیشدا هەرگیز نایەتەجی • بەلی ئەگەر هەر مەبەستی بەکارهینانی لەفظی (ظهار) بوو لەگەل ئەو ژنەدا هەرچەند بیسوودیش بی ، یاخود ئەو ژنە بیگانەیەی مارە کرد ، وە (ظهار)ی لەگەلا کرد ئەوە ئەبی بە (مظاهر) لەگەل ژنەکەی خویشیا • هەروەها ئەگەر بلیت هەرکاتی (ظهار)م کرد لەگەل ئەو ژنە بیگانەیەدا ، ئەوە تویش بو من وەکو پشتی دایکم وەهای •

وە ئەگەر وتی هەرکاتی (ظهار)م کرد لەگەل ئەو ژنەدا لەکاتی بیگانەییدا ، تویش بو من وەکو پشتی دایکم وەهای ، ئەوە ئەم لەفظە پووچو بەتالە چونکە مەحالە (ظهار) لەگەل بیگانەدا بیتەجی • ئەگەر کابرا وتی بە ژنەکەی تەلاقت کەوتبی وەکو پشتی دایکم ، وە هیچ مەبەستی

نەبوو یاخود هەر مەبەستی تەلاق بوو ، یا هەر مەبەستی (ظهـار) بوو. یا مەبەستی تەلاق‌و (ظهار) بوو ، یا بە تەلاقەکەی مەبەستی (ظهار) بوو. وە بە (ظهار)ەکەیش مەبەستی تەلاق بوو ، ئەوە لەم‌صوورەتانا هەر تەلاقی ئەکەوی‌و (ظهار) نایەتەجی ، وە ئەگەر مەبەستی بە تەلاقەکە تەلاق بوو ، وە مەبەستی بە (ظهار)ەکەیش (ظهار) بوو ئەوە تەلاقی ئەکەوی • جا ئەگەر تەلاقەکە (رجعی) بوو ئەوە (ظهـار)ەکەیش دیتەجی • وە ئەگەر تەلاقەکە (بائنە) بوو بەم‌رەنگە ژنەکە میردەکەی نەچووبوە لای یاخود ئەو تەلاقە دوا تەلاقی بوو ، ئەوە هەر تەلاقەکە ئەکەوی‌و بەس ••

باسی چونیەتی‌ی گەرانەوەی ئەوکەسە کە(ظهار) ئەکا وە چی واجب ئەبی لەسەری

ئەوکەسەی کە لەفظی (ظهار)ی بە دەمدا بی ، ئەگەر دەس‌بەجی مرد یا شیت بوو ، یا نیکاحی ژنەکەی هەلوەشاندەوە لەبەرئەوە کە هوی هەلوەشاندنەوەکە هەبوو ، یا دەس‌بەجی تەلاقیکی (بائنە)ی ژنەکەی دا ، یا تەلاقیکی (رجعی)ی خست‌و نەیگیرایەوە ، ئەوە لەم صوورەتانەدا کابرا نابی بە گەراوە (عائد)و کەفارەتی ناکەویتە سەر • وە ئەگەر وەزعیك لەوانەی بەسەرا نەهات‌و ژنەکەیشی تەلاق نەدا ، یاخود تەلاقیکی (رجعی)ی خست‌و گیرایەوە ، ئەوە بە گەراوە ئەناسریت ، واتە پەشیمان بووەتەوە ، چونکە لەفظی (ظهار) مەعنای ئەوەیە لە ژنەکە دوور بکەویتەوەو هاوری‌یەتی‌ی نەکا ، وە مادەم ژنەکەی راگرت‌و تەلاقی نەدا ئەوە بە پەشیمان ئەناسری ، وە بەرابەر بەم حالە ژنەکەی لی حەرام ئەبی تا کەفارەتی ئەو (ظهار)ە ئەدا • وە لەپاش ئەوە کە بە گەراوە ناسراو کەفارەت کەوتەسەری ، ئەو کەفارەتە لاناچی لەسەری هەرچەند لەپاشا

تەلاقی بدا ، وە هەتا ئەو کەفارەتە جی‌بەجی ئەکا حەرامە لەسەری بچیتە لای ئەو ژنەو لەذەت لە بەینی ناوکو ئەژنوی وەربگری ، بەلام حەرام نی‌یە بە غەیری بەینی ئەو دوو شوینە هەر لەزەتیکی شەرعی لەو ژنە وەربگری ، وەکو لە (تحفە)دا ئەفەرمویت •

هەروەکو (ظهار)ی بەدەوام دائەمەزری (ظهار)ی مووەقەتیش دائەمەزری ، وەکو ئەوە کە بلیت ئەم مانگی رەمەزانە تو بو من وەکو پشتی دایکم وەهای • وە لە (ظهار)ی مووەقەتدا بە راگرتنی ژنەکە نابی بە گەراوەو کەفارەتی ناکەویتەسەر لەبەرئەوە کە کابرا نەیویستوە لەو ژنە دوور بکەویتەوە بەدەوام • جا ئەگەر وەطئی ژنەکەی کرد لەو ماوەیەدا ، ئەوە هەر بە چوونەلای ژنەکە ئەبی بە گەراوەو واجبە خوی بکیشیتە دواوە چونکە ئەو ژنە لەسەری حەرام بووەو کەفارەتیش واجب ئەبی لەسەری • جا ئەگەر کەفارەتەکەی بەجی‌هینا ئەوە بوی دروستە لەو مانگەدا هەرچەند ئارەزووی لی‌بی بروانە لای ژنەکەی • وە ئەگەر کەفارەتەکەی نەدا ئەوە تا ئەو مانگە ئەروا حەرامە لەسەری بروانە لای ، بەلام پاش ئەو مانگە قەیدی نی‌یە بروانە لای چونکە (ظهار)ەکەی هەر بو مانگیك بووەو کەفارەتەکەیش لەئەستویدا ئەمینیتەوە تا ئەیدا •

ئەگەر کابرا چوار ژنی هەبوو ، وە بە یەك صیغە وتی ئیوە بو من وەکو پشتی دایکم وەهان ، ئەوە (ظهار)ی کردووە لەگەل هەر چواریاندا مادەم دەقیقەیەك رایان‌بگری‌و تەلاقیان نەدا • وە ئەگەر بە چوار صیغە یەك لە شوینی یەك (ظهار)ی لەگەلدا کردن ئەوە بە (ظهار) لەگەل ژنی دووەم ئەبی بە گەراوە لە ژنی یەکەم ، وە بە (ظهار) لەگەل سیهەم ئەبی بە گەراوە لە دووەم ، وە بە (ظهار) لەگەل چوارەم ئەبی بە گەراوە لە سیهەم ، وە بە راگرتنی چوارەم ئەبی بە گەراوە لەویش ، وە چوار کەفارەتی لەسەر واجب ئەبی •

وه ئەگەر بەرابەر بە ژنیك چەند جار صیغەی (ظهار)ی وتو بەینی وتنی صیغەکانی خست ئەوه ئەوەندەی خویان (ظهار)ەکە زور ئەبی ، وه ئەگەر بە بی بەین کەوتن بوو ، لەمصوورەتەدا ئەگەر مەبەستی تەئکید کردنەوه بوو بە یەك (ظهار)دائەنری ، ئەگینا ئەوەندەی صیغەکان (ظهار)ەکە زور ئەبیو بە جاری دووهەم ئەبی بە گەراوه لە ژنەکەی •

باسی کەفارەتی (ظهار)

بەشەرت گیراوه لە کەفارەتدا کابرا نیازی کەفارەتی هەبی ، بەلام شەرت نییە دیاری کردنی بە ناوی کەفارەتی (ظهار) • کەفارەتی (ظهار) بە یەکی لە سی شت ئەبی بە تەرتیب بەمرەنگە کە ئەگەر یەکەمیان دەسگیر نەبوو بچیتە سەر دووهەمیانو ئەگەر دووهەمیشی پی نەکرا ئەوجا بچیتە سەر سیهەم • یەکەم : ئازادکردنی بەندەیەکی موسولمانی وایە کە هیچ عەیبیکیوای پیوه نەبی کە زیان بە کارو کاسبیی بگەیەنی وەکو کویریو ئیفلیجیو بیدەستی •

جا ئەگەر ئەوەی بو دەسگیر نەبوو لەبەرئەوه کە هەر بەندە دەسگیر نەئەبوو وەکو لەم زەمانی ئیمەدا یاخود بەندە هەبوو بەلام ئەو دەسی نەئەرویشت بیکری ، واجبە دوو مانگ لەسەریەك بەروژوو بی • جا ئەگەر لە ئەوەلی مانگەوه بەروژوو بوو ئەوه ئەبی دوو مانگەکە مانگی (قەمەری) بن • وه ئەگەر لەناو مانگدا نییەتی روژووی هینا ئەوه مانگە دواییەکە بە حیسابی قەمەریو ، مانگە ناتەواوەکەیش بە حیسابی سی روژ تەواو ئەکا •

لەم روژووەیشدا نییەتی کەفارەت پیویستە بەلام نییەتی یەك لەشوین یەکی (تتابع) پیویست نییە ، وه ئەم یەك لە شوین یەکییە ئەفەوتی بە تەرك کردنی روژووی یەك روژ بە بیعوزر • هەروەها بەهوی

نەخوشی‌یەوە لەسەر فەرموودەی تازەی ئیمام • بەلام نافەوتی بەهوی روژوو نەگرتنی ژنیکەوە کە بکەویتە حەیزەوە • یەعنی ئەگەر ژنیك بەهوی قەتلی خەتاوە، مەسەلا، روژووی دوو مانگی کەوتەسەرو دەسی کرد بە روژوو گرتن ، وە لەو ماوەیەدا کەوتە حەیزەوە ، ئەوە روژوو شکاندنەکەی زیان بە یەك لە شوین یەکیتی‌ی روژووەکەی ناگەیەنی ، چونکە زیاتر وایە ژن لە ماوەی دوو مانگدا خالی نابی لە حەیز • کەواتە ئەگەر ئەو روژوو شکاندنەی ببی بەهوی تیکچوونی یەك لەشوین یەکیتی‌یەکەی ، ئەبی بەهوی ئەوە کە هەرگیز یا تا ماوەیەکی زور ئەو کەفارەتەی بو جی‌بەجی نەکری •

جا ئەگەر نەیتوانی بەروژوو بی بەهوی پیری‌یەوە یا بەهوی نەخوشی‌یەکی‌واوە کە ئومیدی رزگاربوونی لی نەکری ، یاخود بەهوی ئەو روژووەوە تووشی زەحمەتیکی زور ئەبوو ، یاخود ترسی زیادبوونی ئەو نەخوشی‌یەی بوو ، ئەوە کەفارەت بدا بە خوراك پیدانی شەصت کەسی کەم دەسەلات یا لات‌و نەدارا ، وە هەریەکی (مدّ)یك دانەویلەیان بداتی کە بو سەرفیطرە بشی ، بەلام ئەبی ئەو خوراك پی‌دراوانە کەسیان نە لە ئەهلی (ذمّە)و نە لە (بنی هاشم)و (بنی مطلب) نەبن •

باسی (عدّە)ی ئافرەت

(عدّە) لە شەرعدا بریتی‌یە لە خوراگرتنی ژن بە بی‌میرد بوئەوە بزانری منالدانی خالی‌یە لە مندال یا هەر لەبەر (تعبّد)و خواپەرستی ، یا لەبەر دەربرینی عاجزی بەهوی مردنی میردەکەیەوە • ئەم (عدّە)یە بەکورتی سی بەشە • یەکەم (عدّە)یەك کە لە وەطئی شوبهەوە پەیدا ئەبی ، چ شوبهەی بکەر (فاعل) وە چە شوبهەی ریگا (طریق) وە چ شوبهەی شوین (محلّ) وەکو بەیانمان کرد لە نیکاحدا • دووهەم

(عدّه)یەك كە پەیدا ئەبێ لە جیابوونەوەوە لە میردیكی زیندوو بەهـوی تەلاقەوە یا بەهوی هەلوەشاندنەوەی نیكاحەوە لەبەر عەیب ولاتیو شتیوا ، یا بەهوی هەلوەشانەوەی نیكاحەوە لەبەر شتیكی وەك شـیر خواردن ، بەوشەرتە ئەو میردە چووبیتە لای ژنەكە لەپیشەوە یا لەپاشەوە ، هەرچەند میردەكە منال بێ یا ئالەتی شلەپەتكە بێ ، یاخود بەهوی ئەوەوە كە ئـاوی بەحورمەتی ئەو میردە بكریتە ناو فەرجی ژنەكەوە لەپیشەوە یا لە پاشەوە ، یا ئەم ژنە ئاوی كەسیك بكاتە خویەوە كە بە میردی خوی بزانی !!

سیهەم (عدّه)یكە پەیدا ئەبێ بەهوی مردنی میردەوە خوای ئـەو ژنە لەوكاتەدا لەژیر عیصمەتی كابرادا بێ یاخود تەلاقدراو بێ بە تەلاقی (رجعی) بەلام هیشتا (عدّه)ی تەلاقەكەی تەواو نەبووبێ ، ئەمەیش لە (عدّه)ی تەلاقەوە ئەگویزیتەوە بو (عدّه)ی وەفات •

(بزانن) لە (تحفه)و (مغنی)دا ئەلیت ئاوی بەحورمەت ئاویكە لەكاتی داپەرینو هەلگرتنیدا حورمەتی بێ • كـەوابێ ئەگـەر كابرا لەكاتی تەماشا كردنی ژنەكەیدا ئاوی هاتەوەو ژنەكە ئاوەكـەی كردە خویەوە ، بەلام بە ئاوی بیگانەی ئەزانی ئەبێ ئەم ئاوە حورمەتی نەبێ ، كەچی حورمەتی هەیە ، وە لەپاش تەلاق ژنەكە (عدّه)ی ئەكـەویتە سەر ! وە گەلی لە زانایان وەكو خاوەنی (نهایه)و غەیری ئەویش ئەلین حورمەتی ئاو هەر بە ئیعتیباری كاتی داپەرینەو بەس • كەواتە ئەگەر كابرا رویشتە لای ژنی خویو ئاوی هاتەوە ، وە ژنیكی بیگانە خوی سـاوی بەو ژنەداو لەو ئاوەی وەرگرت ، ئەویش (عدّه)ی لەسەر واجب ئەبێ • وە ئەگەر مندالی بوو نەسەبی ئەرواتە سەر ئەو كابرای خاوەن ئاوە ••

(بیداری) بەمشەرتە ئیعتیبار ئەكری بەوە كە ژنەكە ئاوی كابـرا بكاتە خوی كە كابراو ژنەكە كەوتبنەیەك ، وە تەنهـا بە ریتیچوونی

کەوتنەیەکەکە قەناعەت ناکری •• هەروا بە تەنها ئەوە ئیعتیبار ناکری کە پیکەوە لە شوینیکا بووبن ، وە بە بی وەطئی ژنەکە یا تی‌کردنی ئاوی نابی بە سەبەبی (عدّە) ، هەرچەند ئەو کابرایشە ئینسانیکی ساغو خاوەن هیز بی •

(بزانن) (عدّە) چوار جورە • یەکەم : بە رابووردنی سی پاکی‌ی وایە کە لەپیش‌و پاشیانەوە خوینی حەیز بی • ئەمەیش بو ژنیکە کە (فعلاً) خاوەن حەیز بی • جا ئەگەر لەکاتی پاکیدا ژنەکە تەلاق‌درا ، هەرچەند دەقیقەیەك لەو پاکی‌یە مابی ، (عدّە)کەی تەواو ئەبی بە دەست‌کردن بە حەیزی سیهەم • وە ئەگەر لەکاتی حەیزدا تەلاق درابی (عدّە)ی تەواو ئەبی بە دەست‌کردن بە حەیزی چوارەم • وە ئەگەر ئەم پاکی‌ی سیهەمە نەبرایەوەو ژنەکە نەکەوتە حەیزەوە ، ئەوە (عدّە)کەی تەواو نابی • کەوابی ئەم حەیزە دوایی‌یە داخلی ماوەی (عدّە)کە نی‌یەو گیرانەوەی ژنەکەی تیا دروست نی‌یە ، تەنها بوئەوەیە بزانری پاکی‌یەکان تەواو بوون ، وە لەکاتی ئەم حەیزە دوایی‌یەدا دروستە ژنەکە شوو بکا ، ئەوەندە هەیە تا پاك نەبیتەوە لە حەیزەکە دروست نی‌یە کابرا لەزەت وەربگری لە مابەینی ناوكو ئەژنوی بە وەطء یا بە هەر جوریکی‌تر ••

لە ئیددیعای حەیز یا پاکیدا ئیعتیبار ئەکری بە قسەی ژنەکە • هەروەها باوەری پی‌ئەکری لە ئیددیعای تەواو بوونی (عدە)کەیدا ئەگەر قسەکەی ری‌ی‌تی‌بچی • وە ئەگەر ری‌ی‌تی‌نەئەچوو ئیددیعاکەی بی‌سوودو بی‌ئیعتیبارە • وە ئەگەر گومانی خراپی پی‌برا واجبە داوای بەیانی وەزعی حەیزو پاکی‌یەکی لی‌بکری‌و سویندیش بدری • وە هەر ژنی کە لە حەیزدابی مادەم سەری لی‌نەشیوابی ئەوە لە حەیزو پاکیدا ئەگەریتەوە بوسەر ئەو ماوەیە کە بە حەیز یا بە پاکی دائەنری بوی وەکو

زوو بەیان کراوە، خوای تازە دەستی کردبی بە کەوتنە حەیزەوە یا خووی پیوە گرتبی ، بەلام ئافرەتی سەرلی‌شیواو (عدّە)ی بە مانگە ، وە لەمەولا باسی ئەکری •

ئەگەر ژنیك لەمەوپیش حەیزی بووبوو ، وە ئیستە ئەو حەیزەی نەمابوو لەبەر نەخوشی‌یەك یا لەبەر شیردان بە منال مەسەلا ، ئەوە واجبە لەسەری خوی رابگری تا ئەکەویتە حەیزەوە ، ئەوجا بە سی پاکی (عدّە)ی تەواو ئەبی ، یا تا ئەگاتە کاتی نائومید بوون لە حەیز پیاهاتن ، ئەوجا بە سی مانگ (عدّە)ی تەواو ئەبی • هەروەها ئەگەر بە بی نەخوشی‌یش لە حەیز چووبیتەوە • وە دروستە بو ئەم ژنەو بو هەر ژنیکی‌تریش لەوانەی کە پیویستیان بە کەوتنەحەیزەوەیە ، بەهوی دەرمانیکی تاقی‌کراوەوە حەیز پەیدا بکەن • وە ئەگەر ئەم ژنە کە هەرگیز نەکەوتووەتە حەیزەوە تەلاق‌دراوی (رجعی) بوو ، دروستە بو میردەکەی بیگیریتەوە تا ئەگاتە سالی ناهومید بوونو بە مانگ (عدە)ی تەواو ئەبی • هەروەها ئەگەر سی تەلاقە درابی ئەوە تا ئەوکاتە قابیل نی‌یە جاش بکریتەوە ، وە لەو ماوە دوورو دریژەیشدا جیگای دانیشتنو نەفەقەی ژیانی لەسەر میردەکەیەتی ، وە چاری کابرا بو لابردنی ئەم نەفەقەیە لەسەر خوی ئەوەیە یا تەلاقیکی بائنی بدا ، یا بەخورایی هەرچی تەلاقی ماوە هەمووی بخا (مع العلم) حەقی جیگای دانیشتنی ژنەکەی لەسەر لاناچی ، چونکە جیگای دانیشتنی ژنی کە لە (عدّە)دا بی واجبە، هەرچەند مەسرەفو نەفەقەیشی واجب نەبی •

وە ئەگەر ئەم ژنە گەیشتە سالی نائومید بوونو (عدّە)ی بە سی مانگ تەواو کرد ، ئەوە ئەوسا ئەتوانی شوو بکا • وە ئەگەر لەپاش تەواو بوونی (عدّە)ی بە سی مانگ حەیزی پیاهاتەوە ، ئەمە ئەگەر لەپاش شووکردنی بی ئیعتیباری نی‌یە • وە ئەگەر لەپیش شووکردنیا بی

ئەوە ئەو (عدّە) بە مانگ رابوردووە بەتاڵ ئەبێتەوەو دێتەوە سەر (عدّە) بە (اقراء) • وە ئەگەر لەپاش قورئێك یا دوو قورء حەیزەكەی برایەوە ئەوە دیسان دێتەوە سەر (عدّە) بە مانگ ، وە ئەبێ سەرلەنوێ مانگ تەواو بكاتەوە ، وە بۆ گەیشتن بە تەمەنی نائومید بوون لە حەیز پیاهاتن نائومید بوونی ژنانی جیهان تەماشا ئەكەین كە دانراوە بە شەصتو دوو ساڵ •

جۆری دووهەم (عدّە)یە بە رابووردنی سێ مانگ ، ئەمەیش بۆ ژنێكی وایە كە بچووك بێ ، یا باڵغ بووبێ بەڵام هێشتا حەیزی پیا نەهاتبێ ، یا ژنێكی (مستحاضە)ی سەرلێشێواو (متحیرة) بێ بەمەعنا ئەندازەو كاتی حەیزەكەی لەبیر نەمابێ ، یا بۆ ژنێكە گەیشتبێتە تەمەنی نائومید بوون •

جۆری سێهەم (عدّە)یە بە رابووردنی چوار مانگو دە رۆژ بە شەوەكانەوە • ئەمەیش بۆ ژنێكە مێردی مردبێ ، خواە لەوكاتەدا لەژێر نیكاحی ئەودا بێ یاخود تەڵاق دراوی (رجعی) بێ ، بەڵام هێشتا (عدّە)ی تەڵاقەكەی تەواو نەبووبێ مێردەكەی بمرێ ، ئەوە هەم دێتەوە بۆ (عدە)ی وەفاتو ئەبێ چوار مانگو دە رۆژەكە تەواو بكا • بەڵام ژنێك كە لە (عدّە)ی تەڵاقی (بائن)دا بێ ئەوە نایەتەوە سەر (عدّە)ی وەفات ، وە لەسەر حیسابی خۆی (عدّە) تەواو ئەكات •

ئەگەر كەسێك دوو ژنی هەبوو ، وە یەكێكیانی تەڵاق داو خۆی لەپێش دیاركردنی ژنە تەڵاق دراوەكەیدا مرد ، ئەوە ئەگەر نەچووبوە لای هیچیان هەردوكیان (عدّە)ی وەفات تەواو ئەكەن • هەروەها ئەگەر چووبێتە لایانو ژنەكان لەوانە بن كە (عدّە)یان بە مانگ بێ ، یاخود (عدّە)یان بە (اقراء) بێ ، بەڵام تەڵاقەكە (رجعی) بێ • وە ئەگەر

(عدّه)یان به (اقراء) بی‌و تەلاقەکەیشیان (بائن) بی پیویسته هەردوکیان (عدّە) تەواو بکەن بە رابووردنی ئەو ماوەیە کە زورتر بی لە (عدە)ی وەفاتو (عدّە)ی (اقراء) ، وە لەم مەسئەلەیەدا (عدە)ی وەفات ئەژمیرری لە مردنی کابراوە ، وە (عدّە)ی تەلاقەکە بە (اقراء) یا بە مانگ ئەژمیرری لەوکاتەوە کە ژنەکەی تەلاق داوە ، هەرچەند لە صوورەتی دیاری‌کردنی ژنی تەلاق دراوی نامەعلوومدا لەکاتی دیاری کردنەکەوە تەلاقی ئەکەوی •

(بزانن) ئەگەر یەکی ون بوو بەهوی سەفەرەوە ، مەسەلا ، وە دەنگ‌وباسی نەما ، ئەوە دروست نی‌یە ژنەکەی شوو بکا تا کاتی کە مەعلووم بووە مردووە یا ئەو ژنەی تەلاق داوە ، وە پاش ئەوەیش (عدە) تەواو ئەکا • جا ئەگەر مردنەکەی لەکاتیکەوە بوو کە لەوکاتەوە تا ئیستا ماوەی (عدّە)ی مردن بەسەرچووبی یا زیاتر لەوماوەیە بەسەرچووبی ، ئەوە ئیستا بە بی ماتل‌بوون ئەتوانی شوو بکا • ئەگینا ئەبی لەکاتی وەفاتەکەوە ماوەی (عدّە) بەسەربەری ، ئەوسا ئەتوانی شوو بکا •

وە لە فەرموودەی کونی ئیمامی شافیعیدا ، خوای لی رازی بی ، ئەو ژنە ئەتوانی لەپاش خەبەر نەمانی کابرا بروا بو لای قاضی‌و قاضی‌یش ماوەی چوار سالی بو دابنی • جا کاتی لەوسەعاتەوە چوار سال رابووردو کابرا هەر دەنگ‌و باسی نەبوو ئەمجار (عدّە)ی وەفات تەواو بکا ، ئەمجار ئەتوانی شوو بکا •• وە هەرچەند لە (منهاج)دا ئەفەرمویت ئەگەر قاضی‌یەکی غەیرە شافیعی حوکمی کرد بەم فەرموودەی کۆنی ئیمامی شافیعی‌یە حوکمەکەی هەل‌ئەوەشینریتەوە (في الاصح) ، بەلام شیخ لە (تحفه)دا ئەفەرمویت ئەم حوکمە رووی تیک نەچوونو هەلنەوەشانەوەکەی لای من روشن‌ترە ، لەبەرئەوە کە ئەو ژنە ئەگەر بی‌خاوەن بمینیتەوە لەوانەیە تووشی زیانی دنیایی‌و دینی ببی •

جا لەپاش شووکردنی ژنەکە ئەگەر دەرکەوت میردەکەی لـــەو تەئریخەدا یا پیش ئەوە مردووە ، ئەوە نیکاحی ژنەکە بە فەرمـــوودەی تازەی ئیمامیش دامەزراوە چونکە لە (نفس الامر)دا ژنەکە لەو وەختەدا میردی نەبوە • وە ئەگەر میردەکەی هاتەوە ژنەکەی پیئەدریتەوە ، بەلام نابی ئەم میردی یەکەمە برواتە لای تا ئــەم (عدّە)ی شـــوبهەیە تــەواو ئــەکری •

(بزانن) لە (منهاج)و لە (تحفە)دا ئەفەرمویت لــە فەرموودەی کونی ئیمامی شافیعیدا ، بە موافیقی مەذهەبی ئیمامی مالیـكو ئەحمەدی کوری حەنبەل ، ئەو ژنەی کە حەیزی براوە ، لەپاش تەلاقدانـەکـەی ماوەی نو مانگ خوی رابگری ، جا (عدّە) تەواو بکا بــە سی مانـگو شوو بکا • وە ئیمامی شافیعی ئەم فەرموودەیەی بەهیز کردووە بەوە کـە حەزرەتی (عمر) خوای لی رازی بی حوکمی پیکردووە لەناو کومەلی ئەصحابەی (مهاجرین)و (انصار)داو کەس لیی نەگرتووە • بویـــە ئیمامی (بلقینی) ئەم فەرموودە کونەی شـافیعیی هـــەلبژاردووە ، وە (بارزی)یش ئەفەرمویت بە سی مانگی دوایی لەو نو مانگە (عـــدە)ی ژنەکە تەواو ئەبی ، وە تەقلید کردنی ئەم فەرموودەیە دروستە •

جوری چوارەم لەجورەکانی (عدّە) بە (وضعی حمل) دانـانی سکە بە چەند شەرت • یەکەم : ئەو سکە نیسبەت بدری لەو پیاوەکـــە خاوەنی (عدّە)کەیە هەرچەند بەتەنها ریتیچوونیش بی وەکو مندالیك کە باوکی نەیگریتە خویو بلی مندالی من نییە ، بەلام قابیل بی لەو بی• کەواتە ئەگەر ئەو ژنە دووگیانە ژنی مندالی بوو کە قابیل نەبی بچیتە لای ژن ، یا ژنی پیاویکی (ممسوح الذکر) بوو کە قابیل نەبی ئاوی بچیتـــە فەرجی ژنەکەوە ، یا لەکاتی مارەبرینی ئەو ژنەوە بە کەمتر لـــە شەش مانگ ئەم مندالە لەدایكبوو ، ئەوە بە دانانی ئــەم سکە (عـــدّە) تەواو

نابی ، بەلکو مادام میردەکەی وەفاتی کردبوو ئەبی چوار مانگ‌و دە رۆژ (عدّە)کەی تەواو بکا ، ئەگینا بە سێ (قورء) یا بە سێ مانگ (عدّە)ی بەسەرئەچێ •

شەرتی دووەم ئەوەیە هەموو سکەکەی لێ جیا ببێتەوە ، هەتا منـالی دووەمی دوانەشی لێ جیا ببێتەوە • وە ئەگەر لە بەینی دوو مندالا کەمتر لە ماوەی شەش مانگ هەبوو ئەوە ئەو دوو مناله بە دوانە دائەنرێن ، وە بـە جیابوونەوەی هەردوکیان نەبێ (عدّە)ی ژنەکە تەواو نابێ •

(بزانن) (عدّە) تەواو ئەبێ بە جیابوونەوەی منالی مردوو ، وە بە جیابوونەوەی گۆشت پارە (مضغە)یەک کە شێوەی ئادەمیزادی پێوەیی بە پەنهانی یاخود شێوەی هیچی پێوە نەبێ ، بەلام مامانێکی باوەر پێکراو بلێ ئەم پارچە گۆشتە لەشی ئادەمی‌زادە • جا بولای قاضی چوار مامان پێویستە کە شەهادەت بدەن ، بەلام بو ژنەکە خوی ئەتوانێ بە قسـەی تـاقـە مامانێکیش متمانە بکات ، هەروەها بو کەسێکیش کە باوەری پێ‌بکا •

وە ئەگەر لە (عدّەی اقراء) یا (عدّە)ی مانگدا سك پەیدا بوو لە میردەکەوە ئەوە ئەو (عدّە)یە دێتەوە سەر دانانی ئەو سکە •

ئەگەر ژنەکە لە (عدّەی اقراء) یا (عدّە)ی مانگدا کەوتە شکەوە لە خوی کە سکی هەیە دروست نی‌یە شوو بکا تا ئەو شکەی لائەچێ بـە باری دەرکەوتنی سك یا بە باری پاکی لە سك‌و تەواو بوونی(عدّە)کەیدا • وە ئەگەر لەپاش ماوەی (عدّە) کەوتە شکەوە لە سکدا ، ئەوە ئەگـەر شووی نەکردبوو واجبە خوی رابگری تا ئەو شکەی نامێنێ • وە ئەگـەر هەر لەگەل ئەو حالەتەدا شووی کرد ئەوە حوکم ناکـری بە بەتـالی نیکاحەکە تا ئەسبابی بەتالی نەیەتەجێ • وە ئەگـەر ئـەم شکە لەپـاش شووکردن پەیدابوو ئەوە نیکاحەکە هەر دەوام ئەکا مەگەر لە کەمتردا لە

شەش مانگ لە شووکردنەکەوە ئەو مندالەی لی جیا ببیتەوە •

ئەگەر کەسیك ژنەکەی (بائنە) کردەوە ، وە لەپاش چوار سال مندالیکی لیبوو ، ئەوە ئەو مندالە ئەلکی بەوکەسەوە • وە ئەگەر پاش چوار سال بوو نالکی پییەوە ، وە ئەم ماوەی چوار سالە حیساب ئەکری لەکاتی تەلاق دانەکەیەوە•هەروەهایە حوکمی تەلاق دراوی (رجعی)یش•
وە ئەگەر ژنیکی تەلاقدراو لەپاش (عدّە) شووی کرد ، کەچی لە کەمتر لە ماوەی شەش مانگدا لە نیکاحەکەیەوە مندالیکی بوو ، ئەوە ئەو نیکاحە بەتالەو وەك شووی نەکردبی وایە ، وە مندالەکەی بە مندالی میردی پیشوو دائەنری • وە ئەگەر لە شەش مانگ یا زیاتر لە شەش مانگەوە بوو ئەوە نیکاحەکەی دروست بووەو مندالەکەیشی مندالی میردی دووهەمە ••

وە ئەگەر ژنی لە ماوەی (عدّە)دا شووی کرد ، وە ئەم میردی دووهەمە نەیئەزانی کەوا (عدّە) واجبە یا کەوا ئەم عەقدە بەتالە ، یاخود شەخصیك بە وەطئی شوبهە چووە لای ژنیکی میرددارو مندالیکی لیبوو کە هەر بو میردی یەکەم قابیل بوو ئەوە منالی ئەوە • وە ئەگەر هەر بو میردی دووەم قابیل بوو بەمەرەنگە لە عەقدی میردی یەکەمەوە تا دانانی سکەکە لە چوار سال زیاتر بوو ، ئەوە هەر بو میردی دووەمە • وە ئەگەر بو هەردوانیان قابیل بوو ئەوە نیشانی قیافە شوناس ئەدری ، جا بە هەرکامیانی دا ئەوە وەکو حەصرکردنی ئیمکانە لەوکەسەدا • وە ئەگەر دای بە هەردوکیان یا نەیزانی هی کامیانە یاخود قیافە شوناس هەر نەبوو لە ولاتدا ، لەم صوورەتانەدا چاوەروانی بالغ بوونی منالەکە ئەکەین ، کە بالغ بوو خوی کرد بە کوری هەرکامیان ئەدری بەوکەسە • وە ئەگەر بو کەسیان دەسی نەئەدا بەمەرەنگە ماوەی چوار سال زیاتر بوو لە میردی یەکەمەوەو شەش مانگ کەمتر بوو لە عەقدی میردی دووهەمەوە ، ئەوە دانانری بو هیچ کامیان • وە لەمکاتەدا ئەم وەزعە نابری بەسەر ئەوەدا کە

نیکاحەکە دانەمەزراوەو ئەو ژنە دووگیان بووە لەکاتی عەقدەکەدا لە وەطئی شوبهە ، بەلکو حەمل ئەکریتە سەر ئەوە کە ئەو حەملە لە زینایە بوئەوە کە ئەم عەقدە دروست بی ، چونکە ئەصل لە عەقددا دامەزرانە ، وە بەئیحتیمال بەتال ناکریتەوە ، ئەگەرچی لە واقیعدا حوکم بە زینای ژنەکەیش ناکری‌و حەددی لی‌نادری •

(علی الشبراملسی) ئەفەرمویت لەمەوە وەلامی پرسیاریك وەرئەگیری : ئەگەر کچیك دووگیان بوو ، وە لەسەر کەشفی مامانەکان دەرکەوت هیشتا کچە ، ئایا دروستە باوکەکەی بە (اجبار) مارەی بکا یا نە ؟ وەلامەکە ئەمەیە : بەلی دروستە ، چونکە ری‌ی تی‌ئەچی پیاوێ لەگەلیا راکشابی‌و ئاوی کابرا هاتبیتەوەو فەرجی ئەم کچە وەری‌گرتبی‌و سکی پر بووبی • دیارە ئەو ئاوە حورمەتی نی‌یەو ئەو سکە ریگا لە مارەبرینی ناگری بو ئەوکەسەی داوای ئەکا ، ئیتر ئەو سکە نابری بەسەر ئەوەدا کە ئەو کچە زینای کردبی‌و فەرجی گیرسابیتەوە ، چونکە دروست نی‌یە بەگومانی خراپ ئەو کچە خاوەن عیصمەتە بی‌عیصمەت بکری ••

ئەگەر ژنیك لە (عدّە)ی تەلاقدا سکی پر بوو لە زینا ، ئەوە (عدّە)کەی هەر لەسەر حالی پیشوو بە (اقراء) یا بە مانگە ، وە دروستە لەپاش تەواوبوونی ئەو (عدّە)یە مارە بکری هەرچەند هیشتا سکەکەی لی جیا نەبوبیتەوە،وە دروستە میردەکەی بروات لای‌و لەزەتی لی‌وەربگری بە هەمووجورە لەزەتیك ، هەرچەند کەراهەتی هەیە تا سکەکەی لی جیا ئەبیتەوە •• هەروەها ئەگەر کچیك سکی پر بوو لە زینا ، دروستە بەرلەوەی سکەکەی لی جیا ببیتەوە مارە بکری بو کەسیك کە داوای بکا ، وە ئەوکەسەیش ئەتوانی لەزەتی لی وەربگری •

وە ئەگەر ژنیك لە (عدّە)ی وەفاتدا چوونەلای بە شوبهەو سکی پر

بوو ، وه قابیل بوو ئەو سکە حەمل بکریتەسەر ئەوکەسە کە بە شـــوبهە چووەتە لای ، وە سەر میردە مردووەکەیشی ، ئەوە ئەگەر ئەم منالە درا بە مردووەکە (عدّه)ی ئەو بە دانانی سکەکەی ئەبی ، وە لەپاش دانـــانی سکەکەیش (عدّه)ی وەطئە شوبهەکە تەواو ئەکا خواه بە (اقراء) بی یا بە مانگ • بەلام پاش پاکبوونەوەی ژنەکە لە زەیسانی • وە ئەگەر درا بەم کابرایە ئەوە (عدّه)ی ئەم بە دانانی سکەکەیەتی ، وە پاش ئـەوەو پاش ماوەی زەیسانی پاشماوەی (عدّه)ی وەفاتەکەیش تەواو ئەکا • وە ئەگەر نەدرا بە کەسیان ئەوە بە دانانی سکەکەی (عدّه)ی یەکیکیان تەواو ئەبی ، ئەمجار ماوەی سی (قورء)و پاشماوەی (عدّه)ی وەفاتەکـە بـە مانگ ، هەرکامیان وەختی زورتر بوی ئەبی ئەوەیش تەواو بکا •

باسی (تداخل) واتە بەیەکا چوونی دوو (عدّه)

ئەگەر ژنیك دوو (عدّه)ی کەوتەسەر لە یەك کەســـوە ، ئـەوە ئەگەر ئەم دوو (عدّه)یە لە یەك جور بن بەمرەنگە کابرایەك ژنەکـــەی تەلاق دا بە تەلاقی (رجعی) یا (بائن)و وەطئی ژنەکەی کرد لە ماوەی (عدّه)ی غەیری سکدا ، وە نەیزانی ئەم وەطئی ژنە لەمکاتەدا حەرامە ، یا ئەیزانیو تەلاقەکەی (رجعی) بوو ئەوە ئەو دوو (عـدّه)یە ئەچن بەیەکدا ، وە لەپاش وەطئەکە دەس‌ئەکا بە (عدّه)ی ئـــەم وەطئە ، وە پاشماوەی (عدّه)ی تەلاقەکەیشی تی‌ئەچی ، وە لە پاشماوەی (عدە)ی تەلاقەکەدا حەقی گیرانەوەی ژنەکەی هەیە •

وە ئەگەر دوو (عدّه) کە لە دوو جور بوون بەمرەنگە یەکیکیان بە سكو ئەویان بە (قورء) یا بە مانگ بوو ، مەسەلا ژنەکەی تەلاقدا بـە دووگیانی ، وە لە (عدّه)یشدا چووە لای لەپیش ئەوەدا کە ســـکەکەی دابنی ، وە ژنەکە حەیزی هەبوو ، یاخود حەیزی نەبوو وە (عدّه)ی بە

مانگ بو دائەنرا ، ئەمە لیرەیشدا هەردوو (عدە)کە ئەچن بە یەکدا ، وە (عدەی اقراء) یا مانگ ئەچیتە ناو (عدە)ی سکەکە ، وە بە دانانی سکەکە (عدە)ی تەواو ئەبی هەرچەند ژمارەی (اقراء) یا ماوەی سی مانگەکە تەواو نەبووبی ، بەپیی فەرموودەی پشت پی بەستراو ، وە تا دانانی سکەکەیش حەقی گیرانەوەی ژنەکەی هەیە •

وە ئەگەر (عدە)ی دووکەسی کەوتە سەر ، بەمرەنگە لە ماوەی (عدە)ی تەلاقدا ، چ تەلاقی (رجعی) بی و چ تەلاقی (بائن) ، ئەو ژنە لەلایەن کەسیکی ترەوە بە شوبهە یا بە نیکاحی دانەمەزراو وەطئی کراو لەیەك جوی کرانەوە ، ئەوە ئەم دوو (عدە)یە ناچن بەیەکدا لەبەرئەوە کە خاوەن (عدە)کان دووکەسن • جا ئەگەر لە یەکیکیانەوە ژنەکە سکی بوو ئەوە (عدە)ی سکەکە پیش ئەخری ، وە بە دانانی سکەکە تەواو ئەبی ، وە لەپاش ماوەی زەیسانی دەس ئەکا بە (عدە)ی دووهەمو ئەویش تەواو ئەکا • جا ئەگەر سکەکە لە میردەکەیەوە بوو ئەوە تا سکەکەی لی ئەبیتەوە حەقی گیرانەوەی هەیە ، وە پاش ئەوە حەقی نامینی ، وە ئەگەر لە غەیری میردەکەیەوە بوو ئەوە ئەو میردە لە ماوەی (عدە)ی سکەکەداو لە ماوەی (عدە)کەی خویشیا هەر حەقی گیرانەوەی هەیە ، بەس ئەوەندە هەیە لەکاتیکدا کە ئەو ژنە تەلاقدراوە بە تەلاقی (رجعی) لە باخەلی کابرای خاوەن شوبهەدا بی ، ناتوانی بیگیریتەوە تا کابرا لەو ژنە جیا ئەبیتەوە ، وە هەر بەوە کە کابرا نیازی جیابوونەوەی کرد حوکمی جیابوونەوەکە ثابت ئەبی و حەقی گیرانەوەی ژنەکە بو ئەم دیتەجی ••

(بزانن) ئەگەر تەلاقەکە (بائن) بوو ، وە سکەکەیش لە غەیری میردەکەیەوە بوو ، ئەوە تا سکەکە دائەنی ئەو میردە ناتوانی نیکاحەکەی تازە بکاتەوە چونکە سکی کە لە وەطئی شوبهەوە پەیدا بووبی حورمەتی هەیەو وەك سکی زینا نی یە • بەلی لەپاش دانانی سکەکە دروستە بوی.

نیکاحەکە تازە بکاتەوە هەرچەند هیشتا ژنەکە لە زەیسانی دەرنەچووبی •

وە ئەگەر ژنەکە سکی نەبوو ئەوە (عدّە)ی تەلاقەکە ئەخریتە پیش (عدّە)ی شوبهەکەوە بە نیکاحی دانەمەزراو بی یا نـە ، وە تەلاقەکەیش لەپیش وەطئە شوبهەکەدا بی یا لەپاشی ئەوە ، لەبەرئەوە کە تەلاق هیزو ئیعتیباری زورترە لە (عدّە)ی شـوبهە ، چونکە تـەلاق تابیعی نیکاحی دامەزراوە • جا لەپاش ئەوە کە (عدّە)ی تەلاقەکە تەواو بوو دەسـت ئەکا بە (عدّە)ی وەطئە شوبهەکەیش ، وە ئەویش تەواو ئەکا ، وە لـە ماوەی (عدّە)ی تەلاقەکەدا کابرای میردی حەقی گیرانەوەی هەیە ئەگەر تەلاقەکە (رجعی) بی ، وە حەقی تازە کردنەوەی نیکاحەکەی هەیە ئەگەر (بائن) بی • جا کاتی کە گیرایەوە یا نیکاحەکەی تـازە کردەوە ئـەوە (عدّە)ی تەلاقەکە ئەبریتەوەو ژنەکە دەست ئەکا بە (عدّە)ی وەطئـە شوبهەکە ، وە لە ماوەی ئەو (عدّە)ی شوبهەیەدا بەقەطعی دروست نییە بو میردەکەی لەزەت لەو ژنە وەربگری تا (عدّە)کەی تەواو ئەبی •

هەروەها لە غەیری ئەم ماددەیشەدا ئەگەر ژنی کابرایەك وەطء کرا بە شوبهە ، ئەوە ئەو ژنە (عدّە)ی شوبهەی ئەکەویتە سەر ، وە لـەو (عدّە)یەدا بو میردەکەی دروست نییە لەزەتی لی وەربگری خوای لەو شوبهەوە سکی پر بووبی یا نە • ئەگەر ژنیك لەلایەن دووکەسـەوە بە شوبهە وەطء کرا بە نیکاحی دانەمەزراو یا بە غەیری نیکاحی دانەمەزراو، ئەوە ئەگەر بەهوی یەکیکیانەوە سك پەیدا بووبوو لە ژنەکەدا ، (عدە)ی ئەو سکە ئەخریتە پیشەوە • وە ئەگەر سك پەیدا نەبووبوو ئەوە هەرکامیان لەپیشا شوبهەکەی بووە (عدّە)کەی پیش ئەخری ، وە هەرکـامیـان ئارەزووی هەبی ئەتوانی لە (عدّە)کەی خویدا بە عەقدی دامەزراو ئەو ژنە نیکاح بکا ، وە ناتوانی لە (عدّە)ی ئـەویانـدا مارەی ببری چونـکە (عدّە)ی غەیر مانیعی دامەزرانی عەقدی نیکاحە •

ئەگەر کەسێك بە عەقدێکی دانەمەزراو ژنێکی مارە کردو وەطئی کرد ، وە کەسێکی تریش بە شوبهە ئەو ژنەی وەطء کرد یا لەپێش وەطئی کابرای خاوەن عەقددا یا لەپاش وەطئی ئەودا بەلام لەپێش ئەوەدا کە ژنەکە جیا بکرێتەوە لێی ، ئەوە لە هەردوو صوورەتەکەدا عدەّی ئەو کابرایە پێش ئەخری کە بەتەنها شوبهە بە بێ عەقد وەطئی ژنەکەی کردووە ، چونکە عدەی خاوەن عەقدەکە دەس پێ ناکا تا لەگەل ژنەکەدا لە یەك جیا نەبنەوە ، بەلام (عدّە)ی وەطئی شوبهەی رووت لەکاتی تەواو بوونی وەطئەکەدا دەس پێ ئەکا• بەلی ئەگەر کابرای خاوەنی عەقدی دانەمەزراو وەطئی کردو لە ژنەکە جیاکرایەوە ، وە لەپاشا یەکێکی تر بە شوبهە ئەو ژنەی وەطء کرد ئەوە (عدّە)ی خاوەن عەقدەکە پێش ئەخرێت ••

(بزانن) ئەگەر ژنێکی تەلاقدراو دوو قورئی تەواو کرد ئەوجار بە عەقدێکی دانەمەزراو مارە کرا بو یەکێ وە لە یەك جیا نەکرانەوە تا سالی نائومید بوونی ژنەکە لە حەیز ، ئەوە مانگێك تەواو ئەکا بو تەواو کردنی (عدّە)ی تەلاقەکەی ، ئەوجار سێ مانگیش تەواو ئەکا بو (عدّە)ی نیکاحە دانەمەزراوەکە ••

باسی رەفاقەتی پیاو بو ژنی خاوەن (عدّە)

ئەگەر مێردی ژنی تەلاق دراو رەفاقەتی ژنەکەی کرد وەکو مێردی ژن ، بەلام وەطئی نەکرد ، وە (عدّە)ی ژنەکەیش بە حەیزو پاکی بوو یا بە مانگ بوو ، ئەوە ئەگەر تەلاقەکە (بائن) بێ (عدّە)ی ژنەکە بەسەر ئەچێ و ئەو رەفاقەتە نابێ بە مانیع • وە ئەگەر تەلاقەکە (رجعی) بێ ئەوە بە قەطعی تا کابرا رەفیقی بێ (عدّە)ی تەواو نابێ هەرچەند دە سالیش پێکەوە بمێننەوە ، وە لە هەموو ماوەی رەفاقەتیانا ئەگەر تەلاقی بدا تەلاقی

پیوە ئەنووسی ، لەگەل ئەوەشدا هەر لە ماوەی تـەواو کردنی سی حەیزو پاکیدا ئەگەر خازەن حەیز بی ، وە لە ماوەی سی مانگدا ئەگەر بیحەیـز بی ئەو میردەی حەقی گیرانەوەی هەیە ، وە لەوە زیاتر حەقی نی‌یە •

وە ئەگەر وەطئی کرد ، وە لە وەطئەکەوە سکی نەبوو ، ئەوە هـەر حوکمەکەی پیشوو ئەمینیتەوە • ئەگەر سکی بوو ئەوە تا سکەکەی لی جیا ئەبیتەوە حەقی گیرانەوەی هەیە ، وە کە سکەکەی دانا (عـــدّە)کـــەی تەواو ئەبی هەرچەند لەپاشانیشدا هەر پیکەوە بن •

وە ئەگەر پیاویکی بیگانە لە ماوەی (عدّە)دا رەفاقەتی ئەو ژنــەی ئەکرد ، ئەوە نابی بە مانیعی بەسەرچوونی (عدّە)کەی و (عـدّە)کەی بەسەرئەچی ، هەروەها تـا (عـدّە)کـەیشی تـەواو ئەبی تەلاقی پیـوە ئەنووسی •

وە ئەگەر کەسیک ژنیـکی مـارەکرد کـە (عدّە)ی کەسیکی‌تری بەسەرەوە بوو ، ئەوە لەکاتی وەطء کردنیەوە (عدە)ی کابرای پیشـوو ئەبریتەوە تا ئەم کابرا جیا ئەکریتەوە لە ژنەکەی ، وە کە جیا کرایـــەوە ئەگەر ژنەکە بەموەطئە سکی بووبوو ، ئەوە لەپیشا (عـــدّە)ی سکەکە تەواو ئەکا • ئەگینا پاشماوەی (عدّە) پیشووەکە تەواو ئەکا ، وە لەپاش ئەو (عدە)ی وطئی ئەم نیکاحە دانەمەزراوەیش تەواو ئەکا •

ئەگەر کەسیک تەلاق‌دراویکی (رجعی)ی هینایـەوە ژیر نیـکاحی خوی‌و دووبارە تەلاقی دایەوە ، ئەوە ئەگەر ئـەو ژنە دووگیـــان بووبی (عدّە)ی بە دانانی سکەکەیەتی • وە ئەگەر دووگیان نەبووبی پیویستـە (عدّە)یەکی‌تر لەسەرەوە بژمیری • وە ئەگەر لەپاش دانانی سکەکـەی مارەی کردەوەو دووبارە تەلاقی دایەوە ، پیویستە (عدّە)یەکی‌تر تـەواو بکا ، هەرچەند کابرا ئەمجارە وەطئی نەکردبی •

وە ئەگەر کابرایەك خولعی کرد لەگەل ژنیکا کـــە چووبووەلای‌و لەپاشا مارەی کردەوەو رویشتەلای‌و ئەمجار تەلاقی دایەوە ، پیویســـتە (عدّە)یەکی‌تر تەواو بکا ، وە ئـەگـەر نەرویشتەوە لای یـەعنی وەطئی نەکردبوو (عدە)ی ناوی ، وە ئەتوانی لەپاش ئەم تەلاقە دەس‌بەجی شوو بکات ، وە فەرقی بەینی ئەم صوورەتەو صوورەتی تەلاقی ژنە دووگیانەکە لەپاش جیابوونەوەی سکەکەی کە وتمان ئەگـەر وەطئیشی نەکردبی هەر (عدّە)ی ئەوی ، ئەوەیە ژنی تەلاق دراوی (رجعی) وا لە حـوکمی ژنی ئینسانەدا ، وە مادەم ئەو ژنە زووتر وەطء کرابوو ، ئەوە وەك ئـەوە وایە لە هەمان‌کاتدا تەلاق درابی ، لەبەرئەوە (عدّە)ی ئەوی • بەلام ژنی کە خولعی لەگەلدا کرابی پەیوەندی بە میردەکەیەوە نامینی ، کەواتە ئەگەر لەپاشا مارەی کردەوە ، وە پیش چوونەلای تەلاقی دا ، ئەوە بەشــەرع حوکمی تەلاقی ژنی وەطء نەکراوی هەیەو (عدّە)ی ناوی •

باسی نەکردنی هەندیك ئیش بەهوی مردنی کەسیکەوە (احداد)

(احداد) لە زمانی عەرەبیدا واتە بەکارنەهینانی تیغی تیژ بو لابردنی موو ، وە لە عورفی شەرعدا بریتی‌یە لە نەکردنی ئەوشتانە کـە باسـیان ئەکەین • ئەم (احداد)ە واجبە لەسەر ژنیك کە لە (عدّە)ی وەفـاتدا بی ، وە سوننەتە بو ژنیك کە لە (عدّە)ی تەلاقی (بائن)دا بی • واجبە لەسەر ژنیك کە لە (عدّە)ی وەفاتدا بی دەس هەل‌بگری لە پوشینی هەر جل‌و بەرگیك کە رەنگ کرابی بو جوانی هەرچەند زبریش بی ، بـەلام حەلالە لەبەرکردنی بەرگی‌سادەو رەنگ نەکراوی لوکەو خوری‌و کەتان‌و ئاوریشم • هەروەها بەرگیك کە رەنـگ کرابی بـەلام بو جوانی رەنگ نەکرابی وەکو بەرگی رەش‌و تیرو توخ لە سەوزو شین‌و نیلی‌و سورمەیی•

هەروەها واجبە دەس هەڵگرتن لە بەکارهێنانی خشڵی ئاڵتوونو زیوو هەر گەوهەرێکی‌تر ، وە حەرامە بە بێ‌عوزر بونی خوش بەکاربینی بو لەش‌و خواردنو خواردنەوە ، وە حەرامە چاوی بریژی بە کلە مەگەر لە ترسی چاوئیشەو تیکچوونی چاوی • هەروەها حەرامە بەکارهێنانی خەنەو وسمەو زافەران ، لەبەر پیویستی‌ی لەش نەبی ، وە حەرامە سووراوو سپیاو کردنو باریك کردنەوەی برو • بەلی حەلالە جوان کردنی فەرش‌و نوین‌و کەل‌وپەلی ناومال‌و قاپ‌و قاچاخ‌و خو بە پاك راگرتن لە لەش‌و جل‌و بەرگ‌و پوشاکا بە خوشوردنو نینوك کردنو چلك‌و موو لابردنو چوونە حەمام ، مادەم بەشیوەیەکی حەرام نەرواتە دەرەوە ، ئەگینا حەرامە مەگەر لەبەر ناچاری •

ئەگەر ژنیك کە لە (عدّە)ی وەفاتدا بێ تەرکی (احداد)ی کرد ئەوە گوناهبار ئەبی بەلام زیانی نی‌یە بو بەسەرچوونی (عدّە)کەی • وە ئەگەر ژنیك نەی‌زانیبوو کە میردەکەی مردووەو بە هەلکەوت لە ماوەی ئەو چوار مانگ‌و دە روژەدا (احداد)ی کرد ، ئەوجار خەبەری مردنی میردەکەی بیست لە پیش ئەو موددەیەدا ، ئەوە (عدە)کەی بەسەرچووەو (احداد)ەکەشی جی‌بەجی کردووە •

دروستە بو ژن (احداد) بو غەیری میردیشی بکا وەکو خزم‌و دوست‌و ئاشنا بەلام نابی لە سی روژ زیاتر بی ، وە حەرامە (احداد) لەسەر پیاو بو هیچ کەسیکی ، بەلام (امام) فەرموویەتی دروستە بوی تا سی روژ خوی زویر بکا ••

باسی جیگای دانیشتن بو ژنیك کە لە (عدّە)دا بێ

واجبە ئامادەکردنی جیگای دانیشتن بو ژنیك کە لە (عدّە)دا بێ مادام (ناشزە) نەبی ، خوای لە (عدّە)ی تەلاقی (رجعی) یا (بائن)دا

بێ • هەروەها واجبە بۆ ژنێك كە لە (عدّە)ی وەفـاتـدا بێ ، یـا لـە (عدّە)ی هەڵوەشاندنەوەی نیكاحدا بێ ، بەپێی ئەوەی كە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا هەیە •

واجبە لەسەر ژن كە بمێنێتەوە لەوماڵەدا كە لەكاتی جیابوونەوەكەدا تیایا بووە ، وە دروست نی‌یە كەس دەری بكا لەو شوێنە نە مێردەكەی‌و نە میراتبەرەكانی ، وە دروست نی‌یە خۆیشی برواتـە دەرەوە • بـەڵێ دروستە بە رۆژ دەربچێ بۆ كڕینی پێویستی خۆی وەك خواردەمـەنی‌و هەرشتێ كە ژن ئیحتیاجی پێ ببێ وەك سابوون‌و دەرزی‌و دەزوو شتی‌وا ، وە بە شەویش دەربچێ بۆ ماڵە دراوسێ بۆ قسەی حەلال‌و خەبەر پرسی‌ی نەخۆش‌و دڵخۆشی دانەوەی كەسێك كە تووشی خەم‌و خەفەت بووبێ • هەروەها دروستە بڕوا بۆ خەریك بوون بە جل دوورین‌و تەشی ڕستن‌و هەر ئیشێكی‌تر كە بە عادەتی ئەو شـوێنە ئەو ژنـانـە ئەیكەن ، چونكە ئینسان لەگەڵ هاوڕێدا ئیشی باشتر پێ‌ئەكرێ • بەڵام واجبە لەسەری بۆ نووستن بێتەوە بۆ خانووەكەی خۆی •

هەروەها دروستە بەڵكو واجبە خانووەكەی خۆی بەجێ‌بهێڵێ لـــە ترسی ڕووخان‌و سووتان‌و ئاوبردن ، وە لـە ترسی دزو درۆزن‌و هێرشی ئینسانی بێ‌ئەخلاق • هەروەهـا ئـەگـــەر تووشی ئـــازار بووبێ لـــە دراوسێكانیەوە ، یاخـود دراوسـێكانی تووشی ئـازار ببن لـە نزیكی‌ی ئـەوەوە •

هەر ئافرەتێك كە لە (عدّە)دا بێ‌و نەفەقەی واجب نەبێ لەســـەر مێردەكەی ئەتوانێ بڕواتە دەرەوە بۆ كاسبی كردن‌و پەیداكردنی شـــتێ كـە گـوزەرانی پێ بـكا بـەپێی عـــادەت ، وە لـەســـــەر عـادەت بێتەوە بۆ ماڵەكەی خۆی‌و شەو لەوێ بنوێ • وە ئەگـــەر بـــە ئیذنی

میردەکەی گواستیەوە بو مالێکو لەپێش گەیشتنیا بو ئەو مالە میردەکـەی تەلاقی دا یاخود مرد ئەوە ژنەکە ئەتوانی لەو مالەدا بمینیتەوە تا (عدە)ی تەواو ئەبێ ئەگەر مەجالی هەبێ ، وە ئەگەر بە بێ‌ئیذنی میردەکەی چوو بو ئەو مالە واجبە لەسەری بگەرێتەوە بو شوینەکەی خوی • هەروەهـا ئەگەر ئیذنی دابوو بچێ بەلام لەپێش چوونەکەیدا (عدّە)ی تەلاق یـا (عدّە)ی وەفاتی کەوتە سەر •

وە ئەگەر بە ئیذنی میردەکەی رویشت بو حەج یا بو بازرگانی وە لەرێکەدا (عدّە)ی کەوتەسەر ئەتوانی بروا بو ئەو شـــوینەو لـــەوی ئیشەکەی جی‌بەجی بکا • جا ئەگەر هیچی لە ماوەی (عدّە)کەی مابوو بیتەوە بو ولاتەکەی خوی‌و لەوی (عدّە)کەی تەواو بکا • وە ئەیشتوانی هەر لەوشوینەدا کە خەبەرەکەی تیا بیستووە بگەرێتەوە بو شـوینەکەی خوی‌و لەوی ماوەی (عدّە)کەی بەسەر ببا •

ئەگەر ژنەکە دەرچوو بو شوینێکو لەوی کابرا تـەلاقی دا ، جـا کابرا وتی ئیذنم نەداوە بروا بو ئەو شوینە ، وە ژنەکەیش ئیددیعای کرد کە ئیذنی داوە ، ئەوە باوەر بە سویندی کابرا ئەکری • هەروەها ئەگەر ژنەکە ئیددیعای کرد کە میردەکەی کوچی پی کردووە بو ئەو شـوینە تا لەوی بمینیتەوەو کابرایش ئەی‌وت هەر بو ماوەی جی‌بەجی کـــردنی ئیشی خوی ئیذنم داوە ، ئەوە هەر باوەر بە سویندی کابرا ئەکری •

(بزانن) کەپرو دەواری کوچەری‌یش وەکو خانووی نیشـــتەنی وایە لە حوکمدا ، یەعنی ئەو ژنە لە هەر دەواریکا (عدّە)ی کەوتەسەر واجبە لەوی دەرنەچی تا (عدّە)کەی ئەباتە سەر ، مەگەر ئەو هـــوزە لەو هەوارە بگویزنەوە ، ئەوە لەوکاتەدا لەگەلیانا ئەگویزیتەوە •

ئەگەر ئەو هودە ژنەکەی تیایە مولکی میردەکـەی بوو ، وە لایق

بوو بو ژنەکە ، واجبە هەر لەوی بمینیتەوەو دروست نی‌یە کابرا خوی یا میرات‌بەرەکانی بیفروشن ، مەگەر لە (عدّە)یەکدا کە بە مانگ بی ، ئەوە لەم‌صوورەتەدا فروشتنەکەی دروستە ، بەلام واجبە ژنەکە لەویادا بمینیتەوە تا (عدە)کەی تەواو ئەبی • وە ئەگەر ئەو هودەیە زور نایاب‌و بەقیمەت بوو دروستە ژنەکە بگویزیتەوە بو شوینیکی‌وا کە لایق بی بە شانی ژنەکە • وە ئەگەر شوینیکی سووك‌و بی‌قابیلەت بوو ژنەکە ئەتوانی دانەنیشی تیایاو واجبە بگویزریتەوە بو شوینیکی باش‌و شایان •

وە ئەگەر هودەکە خواستەمەنی بوو هەر واجبە ژنەکە تیایا دانیشی مەگەر خاوەن مالەکەی پەشیمان بیتەوەو بەکری‌یش رازی نەبی ، ئەوە لەوکاتەدا پیویستە بگویزریتەوە • هەروەهایە هودەی کری‌چی ئەگەر ماوەی بەکری‌دانەکەی تەواو بووبی • وە ئەگەر هودەکە مالی ژنەکە بوو ئەوە واجبە تیا بمینیتەوە ، بەلام ئەتوانی داوای کری بکا لە کابرا یا لە میرات بەرەکانی •

(بزانن) دروست نی‌یە لە ماوەی (عدّە)دا کابرا لەگەل ئەو ژنەدا لە یەك مالدا دابنیشی • هەروەها دروست نی‌یە هات‌وچویش بکا بو لای • بەلی ئەگەر لەو خانووەدا نیرینەیەکی مەحرەمی ژنەکە هەبوو کە خاوەن تەمیزو فام بوو ، یا مەحرەمیکی کابرا هەبوو هەرچەند ژنیش بی ، یا ژنیکی بیگانەی لەگەلدا بوو ، ئەوە دروستە کابرا هاتوچو بکا بولای هەرچەند کەراهەتی هەیە • هەروەها ئەیشتوانی لەم صورەتەدا هاومەنزلی لەگەلدا بکا بەوشەرتە کە ئەوکەسانە شەرمیان لی بکری‌و شوینەکەیش ئەوەندە گەورە بی کەسیان دەخلیان بەسەر کەسیانەوە نەبی •

وە ئەگەر لە یەك خانوودا دوو هودە هەبوو ژنەکە لە یەکیکیاناو

کابرا لەویاندا دائەنیشتن ، ئەوە ئەگەر هەردوو هودەکە پیویستی‌یان جیاواز نەبوو لە یەك وەکو چیشت‌خانەو ئاودەس‌خانەو بیرو بەلووعەو حەوزو دەس‌شورو پلەکانەو سەربان ، ئەوە وەکو یەك خانووی گەورە وایەو بە بی‌مەحرەمیکی شەرم لی‌کراو یا بیگانەیەکی‌وا دروست نی‌یە دابنیشی لەو هودەیەدا • وە ئەگەر ئەم پیویستی‌یانەیان جیا بوو ئەوە دروستە هەریەکی لە هودەی خویدا دانیشی ، هەرچەند مەحرەمیش نەبی لەگەل ژنەکەدا ، بەم شەرتە ریگای هات‌وچو لە هودەی ژنەکەوە بو هودەکەی کابرا بەسرابی‌و قایم کرابی • دوو هودەی سەرخانو ژیرخانیش وەکو ئەم دوو هودەیە وەهان لە حوکمدا •

باسی ئەو مەسرەفانەی واجبن لەسەر ئینسان (نفقة)

نەفەقە واجبە لەسەر ئینسان بو خوی‌و بو ژنو منالو باوكو دایكو غەیری ئەمانەیش بەپی‌ی ئەو ئوسوولەی کە لەمەوپاش بەیان ئەکرین •

واجبە لەسەر میرد مەسرەف بکا بو ژنی خوی لە چەند لایەکەوە • یەکەم : خواردەمەنی کە قووت بی بەگویرەی حالی کابرا لە دەولەمەندی‌و گەدایی‌و مام‌ناوەندی‌یەتی • ئیتر پەیوەندی نی‌یە بە بەرزی‌و پەستی‌ی ژنەکەوە • جا واجبە لەسەر پیاوی دەولەمەند هەموو روژی بە هەلاتنی بەرەبەیانی ئەو روژە دوو (مدّ) وە لەسەر گەدا یەك (مدّ) وە لەسەر مام‌ناوەندی (مدّ)و نیویك لە قووتی ساغی زیاتر بەکارهاتووی ئەو شوینە کە ژنەکەی تیا ئەژی ـ بدا بە دەستی ئەو ژنەوە • وە ئەگەر عادەت هەر خواردنی خورما یا گوشت یا شتیکی‌وا بوو هەر ئەوە واجبە •

(بزانن) گەدا لیرەدا ئەو (مسکین)ەیە کە زەکاتی پی‌ئەشی • وە

هەرکەس لەوانە کە (مد)و نیویك ئەدا ئەگەر هەمیشە دوو (مد)ی لێ بستێنرێ بێ بە گەدا ئەوە بە مامناوەندی دائەنرێ ، ئەگینا دەولەمەندە. وە (مد) بریتی یە لە وەزنی صەدو حەفتاو یەك درەمو سێ حەوت یەکە درەمیك ..

دووەم : پێخور بو ئەو خواردەمەنی یە کە ئەبێ لەوجورە پێخورە بێ کە زوربەی خەلکی ولاتی ژنەکە ئەیخونو بە گورانی فەصلەکانی سال ئەگوری ، وەکو شیرو ماستو دوو رونو پەنیرو بامیەو تەماتەو باینجانو کوولەکەو پەتاتەو گوشتو غەیری ئەمانەیش . هەروەها واجبە لەسەری میوەیش بکری بوی لەسەر عادەت ، وە ئەمانە ئەندازەیەکی دیاری کراویان نی یە ، بەلکو قاضی بە ئیجتیهادی خوی تەقدیری ئەکاو فەرق دائەنی لەبەینی دەولەمەندو فەقیرو مام ناوەندی دا . هەروەها واجبە لەسەری چایی و قاوەو جگەرەیش بکری بو ژنیك کە فیری خواردنی ئەمانە بێ . هەروەها ئەو حەلواو نوقلو شیرینی یەیش کە لە جەژنەکانا عادەتە ئەکری ..

سێهەم : قاپو قاچاخ بو چیشتو نانو ئاوو پێخور بەگویرەی پیویست . هەروەها قوری و پیالە بو چاو فنجانو جزوە بو قاوە .

چوارەم : بەرگو پوشاکەو ئەمیش ئەگوری بەپێی ولات لەبارەی گەرماو سەرماو فینکی یەوە ، وە بەپێی دەولەمەندی و فەقیری ی کابرا . مەسەلا لە کتیبە شەرعەکاندا هەیە کەوا واجبە بو کاتی هاوین کراسو دەرپی و سولو سەرپوش ، وە بو زستان کولەنجەیەکی گەرمیشی ئەخریتەسەر . بەلام ئەمانە تەنها نموونەن ، وە ئەوەی لەراستیدا واجبە بریتی یە لە جلوبەرگی ئەو فەصلە بەپێی عادەتی ژنی ئەو ولاتە وە بەگویرەی دەسەلاتو دەس رویشتنی کابرا ..

پینجەم : فەرشیکە کە لەسەری دابنیشی یا لەســـەری بنوی ، وە شتیکە کە بیدا بەخویا ، وەکو لیفەو بەتانیو ئەمەیش دووبارە بەگویرەی فەصلو بەگویرەی دەولەمەندیو فەقیریی کابرا ئەگــوری • هــەروا سەرینیك یا پشتییەکیش بو ژیرسەری پیویستە •

شەشەم : شوینیکە کە ژنەکە تیا دانیشیو بەجوریکیوا بی کە لایق بی بو شانو پایەی کابرا • حەوتەم : کریی ئـامـادە کردنی خوراکی ژنەکەیە وەکو گەنم هارینو نانکردنو چیشت لینانو شتیوا • هەشتەم: دارو خەلووزو نەوتو سووتەمەنیی ترە بو دەفعی ســەرماو بو ئـامـادە کردنی نانو چیشتو چا •• هەروەها چراو نەوتو پارەی ئاوو کارەبـا بەگویرەی حالی کابرا • نوهەم : ئەسبابی خو پاك‌کردنەوەو خو شورین وەکو شانەو مەقەستو سابوونو عەتری بون خوش کردنو پارەی حەمام بو خو شوردن لەبەر لەش‌پیسیيەك کە بەهوی کابراوە پەیدا بووبی یـا لەبەر زەیسانی • بەلام پارەی حەمام بو خوشوردن لەبەر شەیتانی بوون یا لەبەر دوایی هاتنی حەیز ئەوە لەسەر کابرا واجب نییە •

دەهەم : ژنیك کە خزمەتی ژنەکە بکا ئەگەر ئەم ژنە لە مالی خویا کارەکەری بووبی • جا ئەگەر ئەم کارەکەرە بەکری گیرابوو ئەوە هەر کریکەی واجبە لەسەر کابرا ، ئەگینا هەموو مەسرەفیکی لەسەر کابرایە وەك چون بو ژنەکەی خوی مەسرەف ئەکا ، بەلام فەرق ئەخری لەجوری مەسرەفەکەدا لەبارەی هەرزانیو گرانییەوە • هــەرچی پیویســـتە بو ژنەکە لەمشتانە کە کابرا بوی ئەکڕی هەمووی ئەبی بە مولـکی خوی و لە مولکی کابرا دەرئەچی ، چ خــواردەمەنیو چ قــاپو قــاچـاخو چ بەرگو پوشاکو فەرشو نوینو غەیری ئەمانە ، تەنها جیگای دانیشـتن نەبی ئەوە تەنها بو بەسەربردنی وەختە تیایداو نابی بە مولکی ژن بەوە کە کابرا بیخاتە ژیردەستی • بەلکو دروستە کابرا بەدریژایی تەمەنی لـــە

ماڵی کرێدا دابنیشی یا لە ماڵی خواستەمەنیداو ژنەکەی لە ماڵیوادا دابنێ ••

(بزانن) ئەو دەستەجلە گرانبەهایە کە لەکاتی گویزانەوەی ژندا ئەکری بوی ، ئەبی بە مولکی ژنەکە ، چونکە عادەتی گشتی وایە جلی وەختی گواستنەوە ئەبی جوانو بەقیمەت بی ئەوەندەی حالی کابرا • بەلام ئەو جلە جوانە کە پاش ئەوکاتە دروست ئەکری بو هەندی وەخت وەکو شاییو دیدەنیی دوستان ئەوە هەر مولکی کابرا خویەتیو نابی بە هی ژنەکە • هەروەها ئەو پارچە زیرو زیوە کە کابرا ئەیکا بو ژنەکەی ، یا ئەو گەوهەرو مووروو کارەباو بازنو غەیری ئەمانە هەر مولکی کابرانو ئەگەر نەیاندا بە ژنەکەی ، نابن بە مولکی •

هەر شتی ببی بە مولکی ژنەکە لە خواردەمەنیو بەرگو فەرشو نوینو قاپوقاچاخ واجب نییە کابرا بیکاتە مولکیەوە ، بەلکو کافییە کابرا بە بیوتنی لەفظ بیدا بە ژنەکە بە نیازی تەسلیم کردنی ئەوەی واجبە لەسەری • بەلام شیخ لە (تحفە)دا ئەفەرمویت ئەو نیازەیش پیویست نییە ، بەلکو هەر ئەوەندە شتی نەبی کە مانیع بی لە نیازی بەموڵك کردن ، ئەوە ئەبی بە مولکی هەرچەند کابرا نیازی بەموڵك کردنیش نەکا • جا ئەگەر کابرا وەختی خوی فەرشو نوینی ئەوەندەی حالی ژنەکە پیدا ئەوە ئەبی بە مولکی ژنەکە • بەلام ئەگەر فەرشیکی گەورەیوای پیدا کە جیگەی کومەلە خەلکیکی لەسەر ئەبوەوە ، یا لیفەیەکی خیزانیی گەورەی پیدا ئەوە مادەم بە لەفظ هەمووی نەکا بە مولکی ژنەکە ، ئەو ژنە ئەبی بە شەریك لەو فەرشو نوینەدا ئەوەندەی پیویستی خوی • وە ئەگەر کابرا مرد یا تەلاقی دا هەموو ئەو فەرشو نوینە گەورەیە نابات ، بەلکو بەئەندازەی بەشی خوی لەوانە ئەکەوی •

جا یا پارەی پی‌ئەدەن لەجیاتی‌ی بەشەکەی خوی ، یاخود ژنەکە پارە ئەداتەوە لە قیمەتی باقیماندەی فەرش‌و نوینەکەدا •

(بزانن) ئەگەر ژنەکە بەرگ‌و پوشاك‌و فەرش‌و نەفەقەی خوی فەوتاند ئەوە بوی نابژیرری‌و لەسەر خویەتی • بەلام ئەگەر کابرا فەوتاندی ئەبی بوی بژیری • یا ئەگەر بیگانەیەك فەوتاندی واجبە ئەو بیگانەیە بیبژیری •

(بزانن) بەرگ سالی دوو جار تازە ئەکریتەوە بە ئیعتیباری بەرگی کاتی گەرماو کاتی سەرماوە فەرش تازە ناکریتەوە تا لە کەلك نەکەوی • هەروەها قاپ‌و قاچاخیش • جا ئەگەر ژنەکە خواردەمەنی‌ی شەش مانگ یاخود بەرگی ئەوەندەی وەرگرت‌و لەپاشا بوو بە (ناشزە)و لە فەرمانی میردەکەی دەرچوو یا تەلاقی دا ، ئەوە ئەو نەفەقەو بەرگەی وا بەلایەوە لی‌ی ئەسەنریتەوە •

ئەگەر لە ماوەیەکدا ژنەکە لەگەل میردەکەیدا نان‌و چیشت‌و میوەی خوارد ، ئەوە نەفەقەی ناکەوی بو ئەوماوەیە ، مەگەر ئەو ژنە نەفام بی‌و وەلی‌یەکەشی ئیذنی نەدابی بو ئەو خواردنە ، ئەوە نەفەقەی قەرزە لەسەر کابرا • هەروەها ئەگەر کابرا لە ماوەیەکدا بەرگی بو نەکرد ئەوە حەقی ئەو بەرگەی نافەوتی‌و قەرزە لەسەر کابرا •

(بزانن) واجبە لەسەر میرد تەسلیم کردنی دەرمان بو نەهیشتنی چلك‌و بونی بن‌بال‌و بونی دەم بە ژنەکە ئەگەر پیویستی پی‌بوو • بەلام واجب نی‌یە لەسەری ئەو شتانەی پی‌بدا کە خوی پی جوان ئەکا وەك مت‌و موورووو سووراوو سپیاو ، هەروەها واجب نی‌یە لەسەر میرد ئەگەر ژنەکەی نەخوش کەوت حەقی دوکتوری بو بدا ، بەلام چونکە لەکاتی نەخوشی‌یشدا هەموو نەفەقەیەکی خواردەمەنی‌ی لەسەر میردەو ئەوەی

که ئەیکەوی صەرفی ناکا ، قابیلە میرد لەجیاتیی ئەو نەفەقەیە پارەی تیمارکردنو دەرمانی بو بدا ••

نەفەقە بە چی واجب ئەبی ؟

نەفەقە واجب ئەبی بو ژن لەسەر میردەکەی بەوە کە خوی بدا بەدەستەوە ، یەعنی ئەگەر خاوەن فام بوو بلی وا حازرم بونەوەی میردەکەم بیتەلام ، وە ئەگەر نەفام بوو وەلی ئەمرەکەی بلی کچەکەمم ئامادە کردووەو مانیعمان نی یە میردەکەی بیگویزیتەوە • بەلی ئافرەتیکی بچوکیی وا کە قابیلی ئەوە نەبی میرد بچیتەلای ، نەفەقەی واجب نابی هەرچەند وەلی یەکەشی بیدا بە دەستەوە • بەلکو ئەو بەدەستەوە دانەیەش حەرامە چونکە لەوانەیە ئەو ئافرەتە بچوکە بکەویتە مەترسی یەوە • بەلام ئەگەر ژنەکە گەورەو میردەکەی مندالو نابالغ بوو یا شیتو نەفام بوو یا نەخوش بوو ، ئەوە هەر بەوە کە ژنەکە خوی بدا بە دەستەوە نەفەقەی واجب ئەبی چونکە مانیع لای میردەکەوەیە • وە بە تەنها عەقدی نیکاحو بی خوبەدەستەوەدانی ژن نەفەقەی بو واجب نابی بە هیچ جوری•

ئەگەر ژنەکە پیشانی دا کەوا خوی ئەدا بەدەستەوە ئەوە نەفەقەی واجب ئەبی بە گەیشتنی خەبەری ئەوە بە میردەکەیو رابووردنی ماوەیەکیی وا کە لەوماوەیەدا بە عادەت کابرا بگا بە ژنەکە • وە ئەگەر کابرا ویستی ژنەکەی لە شارەوە ببا بو لادی واجبە لەسەر ژنەکە ملپیچی نەکا • ئەگەر ملپیچیی کرد نەفەقەی ئەفەوتی • بەلام ئەگەر ماوەیەك لەبەر عوزریکی شەرعی وەك نەخوشی یا وەك پیهەلنەگیرانی ئالەتی میردەکەی خوی نەدا بەدەستەوە ، ئەوە نەفەقەی نافەوتی •

ئەگەر پیاوو ژنەکە قسەیان یەکی نەگرتەوە لەبارەی خوبەدەستەوە

دانەوە ، مەسەلا ژنەکە وتی خومم داوە بە دەستەوەو کابرا ئینکاری کردو شاهیدیش لەبەیندا نەبوو ئەوە باوەر بە سویندی کـــابـــرا ئەکری • وە ئەگەر قسەیان لەبارەی ملپیچی‌کردنی ژنەوە لـــە فـــەرمـــانی مـیرد یەك نەکەوت ، ئەوە باوەر بە سویندی ژنەکە ئەکری کـــەوا ملپیچی‌ی نەکردووە لە فەرمانی میردەکەی •

واجبە لەسەر ژنەکە بەعادەت لە شوینی دانیشتنی خویا بمینیتەوەو بەجی‌ی‌نەهیلی مەگەر لەبەر عوزریکی شەرعی وەکـو ترسی رووخـــانی مالەکە یا ترسی ئاوو ئاگر یا دزو دروزنو پیاو خراپ • بەلام ئەگەر بـە عادەت بروات‌ە دەرەوە بو مالە دراوسی‌و بو دیدەنی خزمو دوســـت یا بو قسە کردن ئەوە بە ملپیچی‌کردوو دانانری ، مەگەر کابـــرا بە لەفظی صەریح مەنعی بکا ، ئەوکاتە بە بی‌عوزریکی وەکـو عوزرەپیشـووەکـان دروست نی‌یە مالەکەی خوی بەجی‌بهیلی ، وە ئـەگـەر بەجی‌ی‌هیشـــت نەفەقەی ئەفەوتی تا دیتەوە بو ژیر فەرمانی میردەکەی •

ئەگەر ژنەکە لەگەل کابرا چوو بو سەفەر ئەوە نەفەقەی نافەوتی • هەروەها ئەگەر بروا بو سەفەر لەبەر مەسلەحەتی کابرا بـە ئیذنی ئـەو خوی • بەلام ئەگەر بو مەسلەحەتی خوی سەفەری کرد هـەرچـەنـد سەفەری حەج یا عەمرە بی‌و کابرا ئیذنی دابی ، یاخود بە بی‌ئیذنی کابرا سەفەری کرد ئەوە لە ماوەی سەفەرەکەیدا نەفەقەی‌ناکەوی •

فەرموودەی راستتر ئەوەیە کابرا ناتوانی مەنعی ژنەکەی بکا لـــە کردنی نویژی فەرزو (رواتبی مؤکدە) لە ئەوەلی وەختـەوە ، بـــەلام ئەتوانی مەنعی بکا لە کردنی نویژی سونەتی غەیرە (رواتب)و قەرزی کە بە عوزر فەوتابی ، هەروەها لەروژووی سونەتیش •

(بزانن) ژنی کە لە (عدّە)دا بی بە هەموو حالی حەقی جیــگای

دانیشتنی هەیە • بو نەفەقەیش ئەوە ئەگەر لە (عدّە)ی وەفاتدا بوو بە هەموو حالی نەفەقەی نی‌یە دووگیان بی یا نە • هەروەها ژنی کە لە (عدّە)ی تەلاقی (بائن)دا بی ئەگەر دووگیان نەبی • بەلام ژنی کە لە (عدّە)ی تەلاقی (بائن)دا بی‌و دووگیان بی ، وە ژنی کە لە (عدّە)ی تەلاقی (رجعی)دا بی دووگیان بی یا نە ، ئەوە نەفەقەیان هەیە ، مەگەر ئەو ژنەی کە لە (عدّە)ی تەلاقی (رجعی)دا بی لەماوەی (عدّە)کەیدا میردەکەی بمری‌و بچیتە (عدّە)ی وەفاتەوە ، ئەوە لەوکاتەوە نەفەقەی نامینی ••

وە ئەگەر کابرا نەفەقەی دا بە ژنی تەلاق دراوی (بائن)ی خوی بەگومانی ئەوە کە دووگیانە ، کەچی دەرکەوت کە دووگیان نی‌یە ، ئەوە ئەتوانی ئەو نەفەقەیەی لی بستینیتەوە ••

باسی نەفەقەی (اصول)و (فروع)

واجبە لەسەر ئینسان نەفەقەی (اصول) وەکو باوکو دایکو بەرەوژوورتر ، وە نەفەقەی (فروع) وەکو کورو کچو بەرەوخوارتر بە چەند شەرت • یەکەم : ئەوکەسە زیاد لە نەفەقەی خوی‌و خیزانی شتیکی ببی لەوروژی صەرفی نەفەقەیەدا • دووهەم : ئەو (أصول)و (فروع)ە خویان مالیان نەبی • سیهەم : نەتوانن کاسبی بکەن بو ژیانی خویان ، یاخود ئەو کاسبی‌یە لایقی شانیان نەبی وەکو کاسبی‌ی سووکو پەست بو ئینسانی خاوەن پایەو شەرەف • بەلام تەکلیفی کاسبی کردن ناکری لە (اصول) هەرچەند بیشتوانن بیکەن‌و لایقیشیان بی ، لەبەر موراعات کردنی حورمەتیان • هەروەها تەکلیفی کاسبی لە فەرعیکیش ناکری کە خەریکی خویندنی عولوومی دینی بی‌و قازانجیکی باش لەو خویندنەی بکا •

ئەندازەی نەفەقە دیاری ناکری ، بەلکو ئەوەندە پیویستە کە بەشی ئینسان بکا • وە ئەگەر فەوتا نابی بە قەرز مەگەر قاضی قەرزی بو کردبی یا ئیذنی دابی قەرزی بو بکەن •

واجبە لەسەر دایکی منال کە مندالەکەی لی داکەوت گوشی بکا یەعنی شیری کاتی مندالبوونی بداتی بەعادەت • هەندیك ئەلین تا سی روژو هەندیکی‌تر ئەلین تا حەوت روژ • جا پاش ئەوە ئەگەر هەر دایکی هەبوو شیری بداتی ئەبی بیداتی وە ئەگەر دایکی مردو تەنها ژنیکی بیگانە هەبوو شیری بداتی واجبە شیری بداتی ، بەلام دروستە داوای کری بکا • وە ئەگەر غەیری دایکەکە ژنیکی‌تر هەبوو شیر بدا بە منالەکە ئەوە زور لە دایکەکەی ناکری • جا ئەگەر خوی ئارەزووی هەبوو شیری پی‌بداو لەژیر نیکاحی باوکی مندالەکەدا مابوو یاخود لەژیر نیکاحی کەسیکدا بوو کە حەقی سەرپەرشتی کردنی مندالەکەی هەبی وەکو برای میردەکەی یا مامی ، یاخود لەژیر نیکاحی کەسدا نەبوو ، ئەوە باوکەکەی ناتوانی مەنعی ئەو ژنە بکا لە شیردان بە منالەکە ، هەرچەند داوای کریی دایەنی‌یش بکا ، مەگەر لەو شوینەدا ژنیك هەبی بەخورایی یا بە کەمتر لە کریی دایکەکەی شیری بداتی •

وە ئەگەر داوای زیاتر لە کریی عادەتی‌ی کرد ئەوە باوکەکەی ئەتوانی مندالەکە بدا بە ژنیکی‌تر شیری بداتی ، بەوشەرتە ئەو مندالە بە شیری ئەو ژنە باش بژی‌و پی‌بگا • ئەگینا دروست نی‌یە لە دایکەکەی وەربگریتەوە • هەروەکو لەمکاتەدا قاضی ئەتوانی مەنعی دایکەکە بکا لەوە کە زیاد لە کریی عادەتی وەربگری ، لەبەر خاتری مەسلەحەتی مندالەکە •

ئەگەر کەسیکی موحتاج دوو لقی لی بووبووەوە کە لە نزیکی‌و دووری‌و میرات بردن‌و نەبردندا وەکو یەك وابوون ، ئەوە ئەبی

هەردوانیان نەفەقەی پێ بدەن • جا ئەگەر هیچیان میرات گر نەبوون ئەوە وەکو یەك نەفەقەی پێ ئەدەن • وە ئەگەر هەردوو میرات گر بوون لەسەر نیسبەتی میرات نەفەقەی ئەدەن • کەوابێ بەشی واجب لەسەر کور دوو قاتی ئەوەیە کە واجبە لەسەر کچ • وە ئەگەر لەنزیکیدا جیابوون ئەوە نەفەقەی لەسەر ئەویانەیە کە نزیکترە • وە ئەگەر لە میرات بردنا جیا بوون ئەوە نەفەقەی لەسەر ئەویانەیە کە میراتی لێ ئەبا • میسالی یەکەم دوو کور یا دوو کچ یا کورو کچێك یا دوو کچی کور • میسالی دووەم کوڕێكو کورەزایەك یا کچێكو کچی کوری یا کوری کچێك لەگەل کوری کوری کوریکا • میسالی سێهەم کوری کچێك لەگەل کوری کوریکا • ئەگەر کەسێکی موحتاج چەند ئەصلێکی هەبوو ، ئەوە ئەگەر ئەصلەکانی نێرو مێ بوون نەفەقەی لەسەر نێرینەکەیانە هەرچەند دوورتر بێ لە مێینەکەیان وەکو باوكو دایك ، یا باپیرەو دایك • ئەگەر هەموویان نێرینە بوون وەکو چەند باپیرەیەك یا هەر مێینە بوون وەکو چەند نەنکێك ئەوە نەفەقەی لەسەر ئەویانەیە کە میرات گرە • وە ئەگەر لە میرات بردنو نەبردندا وەکو یەك وابوون ئەوە نەفەقەی لەسەر هەردوکیانە وەك یەك •

وە ئەگەر ئەوکەسە موحتاجە ئەصلو فەرعیشی هەبوو ئەوە نەفەقەی لەسەر فەرعەکەیەتی • ئەگەر کەسێك چەند کەسێکی موحتاجی هەبوو ئەوە لەپێشا نەفەقەی خۆی واجبە لەسەری ، ئەمجا نەفەقەی ژنەکەی ، ئەمجا نەفەقەی منالی بچووکی ، ئەمجا دایکی ، ئەمجا باوکی ، ئەمجا منالی گەورەی ، ئەمجا نەنکی ، ئەمجا باپیرەیو هەر بەمجورە •

باسی پەروەردە کردنی کەسی
کە نەتوانی خوی پەروەردە بکا (حضانة)

بو پەروەردەکردنی منال ژن باشترە لە پیاو ، وە چاکتریان **دایکە ،** جا ئەو نەنکانە کە بەهوی ژنەوە ئەگەنەوە بەو منداڵە ، پاش ئەوان **دایکی** باوك ، ئەوجا دایکی دایکی باوك ، ئەوجا دایکی باوکی باوك ، **ئەوجا** دایکی دایکی باوکی باوكو بەمجورە • وە خوشك پیش پووری **خوشکی** دایکەو ئەمیش پیش کچی براو کچی خوشك ئەکەوی ، وە ئەمانە **هەموو** پیش پووری خوشکی باوکن ، وە خوشکی باوکیو دایکی **ئەکەویتە** پیش خوشکی باوکی یا دایکی ، وە خوشکی باوکی **ئەکەویتە پیش** خوشکی دایکی • هەروەهاشە تەرتیب لە پووری خوشکی دایكو **خوشکی** باوکدا • وە هەر نەنکیك کە میرات نەبا حەقی پەروەردە کردنی **منداڵی** نییە • بەڵی کچی پووری خوشکی دایكو پووری خوشکی **باوك ، وە** کچی مامی باوکیو دایکی یا مامی باوکی حەقیان هەیە •

حەقی پەروەردەکردن هەیە بو هەموو نیرینەیەکی **مەحرەم کە** میراتگر بی لەسەر تەرتیبی میرات بردن • هەروەها **ئەگەر مەحرەمیش** نەبی وەکو کوری مام • بەلام کچێ کە گەیشتبیتە رادەی **ئارەزوو** لیکران نادریتە دەستی ، بەلکو ئەدریتە دەستی ژنیکی باوەر **پیکراو •** وە ئەگەر نە مەحرەمو نە میراتبەر نەبوو وەکو کوری مامی **دایکی یا** هەر میراتگر نەبوو وەکو مامی دایکی ئەوە حەقی **پەروەردەکردنی** منالی نییە •

ئەگەر نیرو می کوبوونەوە ئەوە حەقی پەروەردەکردن بو **دایکە ،** پاش ئەو بو دایکی دایك ئەوجا بو باوك ، وە (اصل) پیش **(حاشیە)** ئەکەوی • ئەگەر ئەصل نەبوو ئەدری بە نزیکتر لە (حاشیە)دا **وەکو برا**

پیش لە برازا ، وە مام پیش لە ئاموزا • ئەگەر ئەو نیرو می‌یە لە نزیکی‌دا وەکو یەك وابوون وەکو براو خوشك ئەدری بە خوشکەکە • ئەگەر هەموو برا یا هەر خوشك بوون قورعە ئەخری لەبەینیانا •

حەقی پەروەردەکردن نی‌یە بو فاسق • بەلام ئەگەر توبەی کرد گورج حەقەکەی بو ئەگەریتەوە • هەروەها حەقی پەروەردە کردن نی‌یە بو دایکی منال ئەگەر ژنی غەیری باوکی مندالەکە بی ، مەگەر ژنی پیاویك بی کە حەقی پەروەردەکردنی منالەکەی هەبی وەکو مام یا ئاموزای مندالەکە • وە ئەگەر ئەو مندالە شیرەخورە بوو ، ئەوە حەقی پەروەردەکردنی بەسراوە بەوەوە کە بەخیوکەرەکەی شیریشی پی‌بدا چونکە زەحمەتە ئەو مندالە شیری ژنیك بخواو ژنیکی‌تر بەخیوی بکا •

ئەگەر دایکیك کە لە نیکاحی غەیری باوکی مندالەکەدا بی تەلاق درا ، ئەوە گورج حەقی پەروەردەکردنی مندالەکەی بو ئەگەریتەوە •

ئەم تەفصیلاتە کە باسمان کرد بو مندالێ بوو کە هیشتا خوی نەناسیبی • بەلام مندالیك کە خوی ناسیبی ئەوە بە ئارەزووی خویەتی لای هەرکەس دابنیشی • جا ئەگەر باوك و دایکی لەیەك جوی بوون ئەوە ئارەزووی خویەتی لای کامیان دائەنیشی • وە ئەگەر باوکی نەبوو ئەوە بەئارەزووی خویەتی لای دایکی دائەنیشی یا لای باپیری • هەروەها بە ئارەزووی خویەتی لە بەینی براو خوشكو مامو باوكو پووردا کامیان هەل‌ئەبژیری • وە کە یەکیکیانی هەلبژارد ئەتوانی لای بگویزیتەوە بو لای یەکیکی‌تریان •

جا ئەگەر منالی نیرینەی خوناسیو لای باوکی دانیشت ، باوکی بوی نی‌یە نەیەلی هات‌وچوی دایکی بکا ، بەلام ئەتوانی مەنعی کچ بکا لە

دەرچوون بولای دایکی ، هەرچەند ناتوانی مەنعی دایکەکەی بکا کە بیت بولای • سەر لیدانیش بەعادەت بە هەرچەند روژی جاریکە •

وە ئەگەر منالی خوناسیو نەخوش کەوت دایکی باشترە بو خزمەت کردنی • جا ئەگەر باوکی هیشتی با دایکی بیت بولای ، ئەگینا منالەکە ببا بو لای دایکی تا خزمەتی بکا • ئەگەر کوریکی خوناسیو ویستی لای دایکی بمینیتەوە ، ئەوە بە شەو لای ئەو ئەبیو بە روژ لای باوکی ، بو ئەوە فیری کاسبیو پیشە ببی لای • وە ئەگەر کچ ویستی لای دایکی بمینیتەوە ، ئەوە بە شەوو روژ لای دایکی ئەبیو باوکیشی ئەتوانی بروا بولای بەعادەت • وە ئەگەر مندالی خوناسیو ویستی لای هەردوکیان بمینیتەوە ، ئەبی دەو بکەن لەبەینی خویانا • وە ئەگەر کەسیانی هەلناویرد باشتر ئەوەیە لای دایکی بمینیتەوە •

ئەگەر ئەوەیان کە منالەکەی لایە سەفەریکی پیویستی هاتە ری وەك سەفەری بازرگانی ، ئەوە هەتا ئەو دیتەوە منالەکە لای ئەمیان ئەبی • وە ئەگەر کوچی کرد بو شوینیکیتر ئەوە لای باوکی بی باشترە هەرچەند کوچ کردوەکەش باوکی بی بەوشەرتە ریگا ئەمین بیو ئەو شوینە کە کوچی بو ئەکا ئارام بی ، وە هەر مەحرەمیکیش کە (عەصەبە) بی وەکو باوك وایە لەم تەفصیلەدا • هەروەها ئاموزایش بو مندالی نیرینە ، بەلام کچ نادریتە دەستی مەگەر کچەکە متمانەی پی بکری کە ئاگای لە خوی ئەبی ، ئەوە لەم کاتەدا ئەدریتە دەستی ئاموزای کچی •

(بزانن) حەقی پەروەردە کردن دریژە ئەکیشی تا کاتی بالغ بوونی مندالو چاك بوونەوەی شیت ، بەلام تا کاتی خوناسینی منال ناچاری یەو لەپاش خوناسینی بە ئارەزووی منالەکەیە وەکو بەیانمان کرد • وە کری ی پەروەردە کردنەکەو نەفەقەی منالەکە لە مالی منالەکە خوی

ئەدری ئەگەر مالی هەبوو • ئەگینا لەسەر ئەوکەسەیە کە نەفەقەی منالەکە واجبە لەسەری وەك باوكو باپیرەو دایكو دایكی دایك • ئەگەر ئەمانە نەبوون لەسەر (بیت المال)ی موسولمانانە ، وە ئەگەر (بیت المال) نەبوو لەسەر دەسەلاتداری موسولمانی ئەو شوینەو ئەگینا لەسەر موسولمانانی ئەوشوینەیە •

* * *

لەسایەی خواوە لی بوومەوە لە دانانی بەرگی سیهەمی کتیبی (شەریعەتی ئیسلام) لە سەعات هەشتی عەرەبی ی
روژی پینجشەممەی شانزدەی مانگی (ذی القعدە)ی
سالی ١٣٧٩ بەرابەری پانزەی مایسی ١٩٦٠ لە
ژووری دەرس وتنەوەی خوم لە تەکیەی
تالەبانی لە کەرکووك • خوا یارمەتیم
بدا بو تەواوکردنی بەرگی
چوارەمیشی • سبحان ربك
رب العزة عما یصفون ،
وسلام علی المرسلین،
والحمد لله رب
العالمین

بابەتەکانی ئەم بەرگە

لاپەرە	بابەت
٥	باسی وەصیەت
١٧	لەبارەی ئەندازەی وەصیەتەوە
٢٢	صیغەی وەصیەت
٢٥	باسی پەشیمان بوونەوە لە وەصیەت
٢٩	باسی (وصایة) یەعنی (وصی) گرتن
٣٣	باسی دابەش‌کردنی میرات(الفرائض) لەبەینی میرات‌بەرەکانا
٤٣	(عەصەبە)و خاوەن بەشی دیاری‌کراو
٤٥	باسی تەرتیبی عەصەبەکان
٤٧	باسی (مخارج الفروض) یەعنی ئەو ژمارانەی کە بەشە دیاری کراوەکانیان بە ساغی لی دەرئەچی
٤٧	ئەصلی مەسئەلە
٤٨	باسی نیسبەت لەبەینی مەخرەجی چەند فەرزیکدا کە بکەونە یەك
٥١	باسی (حجب) یەعنی مەنع‌کردنی میرات‌بەر لە میرات‌بردن
٥٨	باسی میراتی ئەولادو ئەولادی ئەولاد
٦٠	باسی میراتی باوكو دایكو باپیرە
٦٢	باسی میراتی دەورو‌پشت (حواشی)
٦٤	باسی میراتی باپیرە لەگەل براو خوشکدا
٧٨	باسی کوبوونەوەی جیهەتی فەرض‌و تەعصیب ، وە دوو جیهەتی فەرض ، وە دوو عەصەبە کە یەکیکیان جیهەتی فەرضیشی ببی
٨١	میرات وەرگرتن لە ون‌بوو (مفقود) وە میرات وەرگرتنی ئەو
٨٣	باسی میراتی (حمل) سکی ژن
٨٦	میراتی نیرو می (خنثی)
٨٨	میرات وەرنەگرتن لەبەر نەبوونی شەرتی میرات

لاپەرە	بابەت
٨٩	باسی (عول) یەعنی زیادکردنی ژمارەی مەسئەلە
٩٢	رەدکردنەوە بو سەر خاوەن فەرض
٩٨	میراتی (ذوی الارحام)
١٠٢	باسی دروستکردنی مەسئەلەکان
١٠٧	باسی (مناسخات) واتە مردنی هەندی لە میرات بەرەکان بەر لە دابەشکردنی میراتەکە
١١١	باسی ژن مارەکردن (نکاح)
١١٢	ئەحوالی ئەو ژنەی کە مارە ئەکری
١١٤	تەماشاکردنی ژنو پیاو بو یەکتر
١١٨	خوازبینی
١١٩	ئەرکانی نیکاح
١٣٤	دەرکەوتنی ئەوشتانە کە مانیعی دامەزرانی نیکاحن
١٣٨	باسی صیفەتەکانی هاوکووفی (کفاءة)
١٤٢	ئەو ئافرەتانەی کە مارەیان نایەت
١٤٦	باسی شیردان (رضاع)
١٥١	باسی پی‌نان لە شیر پی‌دان
١٥٣	باسی ئەوە کە باوکو دایك کورو کچەکە بە مەحرەم دابنین
١٥٥	باسی هاتنی شیر بەسەر نیکاحدا
١٦٧	باسی ئەوانەی کە بە شوودانی ژنیان بەدەستە
١٦٩	باسی ویلایەتی قاضی بەدریژی
١٧٣	باسی بە وەلی‌ئەمر کردن (تولیة)و بە حەکەم کردن (تحکیم)
١٧٥	باسی ئەوانەی حەقی مارە برینیان هەیە (ولی نکاح)
١٧٦	باسی ئەو وەلی‌یەی کە حەقی زورکردنی هەیە لە کورو لە کچ (ولی مجبر)
١٨٤	بیوەژنو کچ
١٨٥	باسی ژنهینانی کەسیك کە حیجری لەسەر دانرابی بەهوی سەفیهی‌یەوە
١٨٧	باسی پی‌لی‌نانی ژن یا میرد یا وەلی ئەمر بە نیکاح

لاپەرە	بابەت
١٨٩	باسی ئەو وەلی ئەمرانەی کە حەقی زورکردنیان نی یە
١٩٦	باسی وەکیل گرتنی وەلی لەکاتی عەقددا
٢٠٢	باسی نیکاحی کافرێ کە موسولمان بووبی
٢٠٦	باسی ئەوە کە کافر موسولمان ببیو زیاتر لە چوار ژنی ببی
٢٠٩	باسی نەفەقەی ئافرەتی کافر لەپاش موسولمان بوون
٢١٠	باسی حەقی پەشیمان بوونەوەی پیاو یا ژن لە نیکاح
٢١٨	باسی بەشەرت گرتنی هەندی صیفەت لە عەقددا ، لەگەل هەلوەشاندنەوەی نیکاح لە هەندی حالەتیا
٢٢٠	هەلوەشاندنەوەی نیکاح بەهوی دەس نەرویشتنی کابراوە بەسەر مارەییدا
٢٢٢	باسی هەلوەشاندنەوەی نیکاح بەهوی بیدەسەلاتیی میردەوە لەسەر نەفەقە پیدانی ژنەکە
٢٢٥	باسی ژنهینان بو باوکو باپیرە
٢٢٦	باسی مارەیی
٢٣٤	باسی مارەیی یەك کە ناوبرابی لە عەقدی نیکاحدا لە مارەیی دامەزراوو دانەمەزراو
٢٣٧	باسی پیسپاردن (تفویض)
٢٤١	باسی (مهر المثل)
٢٤٢	باسی یەك نەكەوتنی قسەی ژنو میرد لە مارەییدا
٢٤٥	باسی مارەیی یا (مهر المثل) بەهوی چوونەلاوە بەشوبهە یا لە نیکاحی دانەمەزراودا
٢٤٧	باسی حوکمی جیابوونەوەی ژن لە پیاو
٢٥١	باسی حەقی (متعە)
٢٥٢	باسی دابەش کردنی وەختی میرد بەسەر ژنەکانیا (قسم)
٢٥٦	باسی سەرپیچی کردنی ژن لە بەگوی کردنی پیاو (نشوز)
٢٥٩	باسی (خلع)
٢٧٤	باسی صیغەی خولع
٢٩٣	باسی حوکمی هەندی لەفظ کە کورد بەکاریان ئەهینن

لاپەرە	بابەت
٢٩٥	باسی (ابراء) ئازادکردن
٣٠٩	باسی قوبوولکردنی خولع لەلایەن بیگانەوە
٣١٤	باسی یەکنەکەوتنی ژنو میرد لە خولع یا لە عیوەزی خولعدا
٣١٩	باسی تەلاق
٣٢٠	باسی تەلاقی مندالو شیتو سەرخوش
٣٢١	باسی پیویستیی نیاز
٣٢٢	زانینی مەعنای لەفظی تەلاق پیویستە
٣٢٣	باسی تەلاقی کەسیکی زور لی کراو
٣٢٩	باسی صیغەی تەلاق
٣٣٩	باسی تەلاقدانە دەستی ژن (تفویض)
٣٤٢	شوینی تەلاقو دەسەلات بەسەریا
٣٤٤	باسی کەوتنی ژمارەیەك لە تەلاق بەهوی نیازی ژمارەوە
٣٥١	باسی جیاکردنەوەی یەکیك یا زیاتر لەوەی کە وتراوە (استثناء)
٣٥٥	باسی شكو گومان لە تەلاقدا
٣٥٦	باسی گومان لە ژنە تەلاق دراوەکەدا
٣٦٢	باسی تەلاقی (سنی)و (بدعی)
٣٨٠	باسی تەعلیقی تەلاق
٣٨٦	باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە وەختیکەوە
٣٨٨	باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە شتی مەحالەوە
٣٨٩	باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە تەلاقەوە
٣٨٩	باسی دەورو ئیعتیبار نەبوونی دەور
٣٩٠	باسی (تعدد)ی تەلاق لە چەند صیغەیەکدا بەهوی چەند تەعلیقیکەوە
٣٩١	باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە سكبوونو منالبوونو حەیزو شتیواوە
٣٩٥	باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە هەندی شتی جیاجیاوە
٣٩٨	باسی سوێند خواردن بە تەلاق (حلف)

لاپەرە	بابەت

٤١٢	باسی تەعلیق کردن بە چاو پی کەوتنەوە
٤١٣	باسی تەعلیق کردن بە دەرچوونی ژنەکەوە بە بی ئیذنی کابرا
٤١٧	باسی تەعلیق کردن بە جل لەبەرکردنەوە
٤١٧	باسی تەعلیق کردن بەوشتانەوە کە عورفی شەرعیان تیا هەیە
٤١٨	باسی تەعلیق کردنی تەلاق بە تەلاقەوە
٤١٩	باسی هەندی جورە تەعلیق کردنی جیاجیا
٤٢٢	باسی گیرانەوە (رجعە)
٤٢٤	صیغەی گیرانەوە (رجعە)
٤٣٦	باسی سویند خواردن لەسەر نەچوونە لای ژن (ایلاء)
٤٣٩	باسی مولەتدانی کابرا کە (ئیلا)ی کردووە
٤٤١	باسی (ظهار)
٤٤٥	باسی چونیەتیی گەرانەوەی ئەوکەسە کە (ظهار) ئەکا وە چی واجب ئەبی لەسەری
٤٤٧	باسی کەفارەتی (ظهار)
٤٤٨	باسی (عدە)ی ئافرەت
٤٥٨	باسی (تداخل) واتە بەیەکاچوونی دوو (عدە)
٤٦١	باسی رەفاقەتی پیاو بو ژنی خاوەن (عدە)
٤٦٣	باسی نەکردنی هەندیك ئیش بەهوی مردنی کەسیکەوە (احداد)
٤٦٤	باسی جیگای دانیشتن بو ژنیك کە لە (عدە)دا بی
٤٦٨	باسی ئەو مەسرەفانەی واجبن لەسەر ئینسان (نفقە)
٤٧٣	نەفەقە بە چی واجب ئەبی
٤٧٥	باسی نەفەقەی (اصول)و (فروع)
٤٧٨	باسی پەروەردە کردنی کەسێ کە نەتوانی خوی پەروەردە بکا (حضانة)

لیستەی هەڵەکانی ئەم بەرگەو ڕاستکردنەوەیان

لاپەرە	دێر	چەوت	ڕاست
١٧	١٤	پـا	بـا
٦٥	٢٢	خوشکەکە	چوار خوشکەکە
٧٩	١٤	بی ، مەسەلا یەکیك بەشوبهە برواتە	ـــــ
٨١	١٦	مردووە	نەمردووە . وە هەرکەس بەهوی مردنی ئەوەوە بەشی کەم ببیتەوە وایدائەنیین مردووە .
٨٢	٥	برایەکی	برایەکی باوکیی
٩٣	٢٤	شەش یەکی	شەشی
٩٤	١	میرددا	ژندا
٩٤	٢	شەش بو میردەکە	سی بو ژنەکە
٩٤	٢	دوو	پینج
٩٤	٤	بەشەکان	بەشەکەیان
٩٤	٤	دوویش	پینجیش
٩٤	٦	میردەکە بیستو چوار	ژنەکە دوانزە
٩٤	٦	حەفتاو دوو	هەشتاو چوار
٩٤	٧	هەژدەیە	بیستویەکە
٩٤	٧	پەنجاو چوار	شەصتو سی
١٢٤	١١	بین	کە موسولمان بووبن بین
١٣٨	٢	صیفەتای	صیفەتانەی
١٩٥	١٥	لەسەی	لەسەری
١٩٧	٣	وەلی	وەکیل

لاپەرە	دێر	چەوت	ڕاست
٢٤٨	٦	ژنەکەیە . وە هەرچی لەپاش جیـابوونـەوە پەیدا بووبی نیوەی بو	ـــــ
٢٦٧	٥	کراوە	کراوەو
٢٦٨	١٧	تەنجیزیدا	تەنجیزیو
٢٦٩	١٦	ئەم	ئـەم مەعنـایـە مـەقسوود نی‌یە ، وە
٢٧٠	١	زیـاد	کـەم
٣٢٠	١٨	پەاکەمدار	پەرکەمدار
٣٦٣	٧	دووگیان بیو ژنیکە	دووگیان نەبیو
٣٦٥	٣	نەچووبیتە	چووبیتە
٣٦٥	٦	نەچووبیتە	چووبیتە
٤٠٤	٧	بەئیعتیباری	بە بیئیعتیباری

ئەم هەلانەی خوارەوە کەوتوونەتە بەرگی دووەم
تکایە ڕاستیان بکەنەوە

لاپەڕە	دێر	چەوت	ڕاست
١٧	٣	ئەو ئەو	ئـەو
٧٣	٢١	اە	وە
٧٦	[illegible]	ـەلام دادەرەکە	سەلەم دادەرەکە
٨٤	٣	ـەهن گەر	ڕەهن‌وەرگر
٨٤	١٣	هەروەء	هەروەها بەتالە
١٠١	١٦	پیش	پاش
١١١	٨	کە کە	کـە
١١١	١٨	زال ببی	زال نەبی
١١٣	٤	وە بەتەنها	وە تەنها بە
١٢٠	٩	مدعی علیە	مدعی
١٣١	٩	ئەو هاوبەشەکە	ئەوە ئەو هاوبەشەکەی‌تر
١٣٤	٢٠	ئـەوە	ئەوە حەوالە بوسەرکراوەکە
١٤٠	٢٠	پیویستە	پیویست نی‌یە
١٤٤	٩	خاوەن قەرزەکە	قەرزارەکە
١٥٢	١٣	تەصەروفیکا	فروشتنیکدا
١٥٥	٧	وەگرتنی	وەرگرتنی
١٦١	٢	کریـار	فروشیار
١٦١	٨	کەفیـل	ئەصیل

لاپەڕە	دێر	چەوت	ڕاست
١٦٥	٨و٩	ئەمە ئەگەر کەسێك هات و وتی بەتەنها من میراث گری فلان کەسم، وە هاتووم بو ئەو قەرزەی لەسەرتە ،	——
١٩٥	١٩	زەت کەر	زەوت کەر
٢٢٢	٢	بە مولکی ئەو کردنە	بە مولك کردنەی
٢٣٦	١٥	ئیشکەرە	ئیشکەرەکە
٢٤١	١٣	خاوەن باخەکە ، ئیشکەرەکە	باخەکە ، میوەکە
٢٥٢	١٠	بە(وەخت)و	——
٢٥٢	١٢	لە ماوەی دە روژدا یاخود بو سواربوونی	——
٢٦٨	١٣	سەرپەشتی کەری	سەرپەرشتی کەری
٢٦٩	١٥	کەچی	کریچی
٢٧١	١٥	بە ئارەزووی	بە نەفسی
٢٧٢	٢٠	باس کرابی	باس نەکرابی
٢٧٣	٢٠	مەسەلا	مەسەلا٠ بەلام لە بەکریدراوی نادیاردا پیویستە وەصفی وەها باس بکری کە جیا ببیتەوە لە هی تر مەسەلا
٢٧٣	٢١	عەیندا	غەیرە عەیندا
٢٩٥	١٢	مانگیك	هەفتەیەك
٣٠٤	١٨	بوو	بۆ

لاپەرە	دێر	چەوت	ڕاست
٣٠٦	٩	باوکی	خوی
٣١٤	٢٢	بکەن	بکەن . پینجەم بو سەفەرکەرە بەشەرتی ئیسلامەتی‌و فەقیری
٣٢٠	١٢	بریتی	بریتی‌یە
٣٢٧	٨	بکا	بکا بە
٣٣٠	٦	ئەولادیشی	ئەولادی ئەولادیشی
٣٣٦	٦	هەروەها هەر قەبرستانیکیش کە دیاری نەبی ئاخو وەقفە یا مولکە	خەلك بەخورایی ، وە باشتر ئەوەیە بو مەسەلەحەتی قەبرستانەکە سەرف
٣٦٢	١٢	ئەوە ئارەزووی بن ، ئەوە ئارەزووی‌خویەتی چون ئەو	ئەوە بە ئارەزووی خویەتی چون بن
٣٦٤	١	رووژی	روژووی
٣٧٢	٢٦	المصرية	الحضرمية

سەرچاوەکانی ئەم کتیبە

١ ـ تحفة المحتاج ، في شرح المنهاج ، لابن حجر الهيتمى .

٢ ـ فتح الوهاب ، في شرح منهج الطلاب ، للقاضي زكريا الانصاري .

٣ ـ حاشية الشيخ سليمان الجمل على شرح المنهج .

٤ ـ اعانة الطالبين ، للشيخ أبي بكر شطا البكري .

٥ ـ بغية الطالبين ، لمفتي الديار الحضرمية عبدالرحمن بن محمد المشهور بباعلوى .

هەرکەس شوبهە لە بابەتیکی ئەم کتیبە ئەکا ، با بگەریتەوە سەر ئەم‌کتیبانەی کە ناومان نووسیون ٠وە ئەگەر هەلەیەکی ئیمەی بو دەرکەوت ئاگادارمان بکاو لیمان ببووری ، چونکە کەس خالی نی‌یە لە سەهو ، وە پیشەکی سوپاسی ئەکەین .